# پەیماننامەی نێودەولەتی
# بۆ قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو سزادانی ئەنجامدەرانی

بەبریاری کۆمەڵەی گشتی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ٢٦٠ –ئەلیف( د-٣) کەلەساڵی ١٩٤٨ دەرچووەو متمانەی پێدراوە،و بۆ واژۆکردنو باوەرپەیداکردن یان پابوون پێیەوە خرایە روو، میژووی سەرەتایی جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە :

١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥١ ە بەپێی بەندی یازدەهەمین.

لایەنە رێککەوتوەکان :

کە دەبینین کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەبریارێکی خۆی ٩٦ (د١-) کە لە ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦دا دەرچووە، رایگەیاندووە کە جینۆساید تاوانێکە بەپێی یاسای نێودەڵەتی لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ناتەباوناکۆکەو دنیای شارستانی مەحکومی دەکات.

کە دانە بەوەدا دەنین کەوا جینۆساید لەهەموو سەردەمێکی مێژوودا زەرەرو زیانی گەورەی بەمرۆڤایەتی گەیاندووە. هەروەها باوەریشیان بەوە هێناوە کەوا رزگارکدنی مرۆڤایەتی لە مەترسی ئەو تاوانە هاوکاری نیودەولەتی پێویستە.

رێکەوتنی نیودەولەتی لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە بوو:

بەندی یەکەم :

لایەنە پەیمان بەستووەکان، بروایان بەوە هێناوە کە جینۆساید چ لەکاتی ئاشتیدا ئەنجام بدرێت یان لەکاتی شەروپشێویدا تاوانێکە بەپێی یاسای نێودەولەتیو پەیماننامەی قەدەغەکردنی، ئەنجامدەرانی دەبێت سزابدرێن.

بەندووی دووەم:

لەم پەیماننامەیەدا تاوانی جینۆساید هەریەکێك لەو کردەوانە دەگرێتەوە کە بەمەبەستی وێرانکردنی گشت یان بەشێکی گروپێکی دیاریکراو" نەتەوەیی، ئاینی، رەگەزیی، ئەتنی" ئەنجامبدرێت. کەلەم خەسڵەتانەی خوارەوەدا خۆیان دەنوێنن.

١/ کۆشتنی ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو ( نەتەوەیی ئەتنی، ئاینی، رەگەزی )

٢/ زیان گەیاندن بە جەستەو شیواندنی بیر یان دەرونی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە .

٣/ دانانی ئەوکۆمەڵە بە ئەنقەست لەژێر بارودۆخێکی سەختو دژواردا کەببێتە هۆی فەوتاندنی گشت یان بەشێکی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٤/ تەگەرەخستنە بەرمنداڵ بوون لەنێو ئەوکۆمەڵەدا.

٥/ بە زۆر راگواستنی منداڵ لەوکۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

بەندی سێهەم:

سزادانی ئەنجامدەرانیان بەم شێوەیە دیاریکردووە:

١ – جینۆساید

ب- پیلانگێران بەمەبەستی جینۆساید.

ج- هاندانی راستەوخۆو ئاشکرای جینۆساید.

د- هەوڵدان بۆئەنجامدانی جینۆساید.

هـ- بەشداری کردن لە جینۆساید.

بەندی چوارەم:

ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید یان هەر یەکێك لەو رەفتارانەی تر کەلەبەندی سێهەمدا هاتوون، سزادەدرێن ئەگەر دەسەڵاتدارانی دەوڵەت" دەستوری" یان کارمەندی گ"تی، یاخود تاکە کەس بووبن.

بەندی پێنجەم :

لایەنە پەیماندارەکان هەریەکەو بەپێی دەستوری خۆی پەیماندەدەن کە چەند رێوشوێنێکی یاسایی پێویست بگرنەبەر بۆ دەستەبەرکردنو پەیرەوکردنی ئەحکامەکانی ئەو رێکەوتنامەیە، بەتایبەتیی دەقنوسکردنی چەند سزایەکی سوودمەند وگونجاو کەبەسەر ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆسایدیدا بسەپێنن.

بەندی شەشەم:

کەسانی ئەنجامدەری تاوانی جینۆساید، یان هەریەکێك لەو رەفتارانەی تر کە لەبەندی سێهەمدا هاتوون، دادگایی دەکرێن لە دادگایەکی تایبەتمەند لەدادگایەکی ئەو وڵاتەی تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، یان لەدادگایەکی سزایی نیودەوڵەتیدا، کەتایبەتمەندی ئەوەی هەبێت بەوپێیەی لەلایەن وڵاتە پەیمان بەستووەکانەوە دان بەدەسەڵاتیدا نراوە.

بەندی حەوتەم :

جینۆسایدو رەفتارە جینۆسایدیەکان کە لەبەندی سێهەمدا دیاریکراون، لەکاتی بەدەستەوەدانی تۆمەتباران‌و تاوانبارانیدا بەتاوانی سیاسی ناژمێردرێن، هەروەها لایەنە پەیوەستەکان" ئەو ولاتەی واژۆی قەدەغەکردنی کردووە" لەحاڵێکی وادا پەیمان دەدەن کە بەپێی یاساکانیان پەیماننامەکارپێکراوەکان داواکاری بەدەستەوەدانی گومانلێکراوان جێبەجێدەکەن.

بەندی هەشتەم:

هەریەکێك لەلایەنە پەیوەندیدار "وڵاتە واژۆ" کەرەکان، بۆی هەیە کە داوا لەدام‌ودەزگا تایبەتیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بکات،کە بەپێی بروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەوەی پێی باشە لەراو تەکبیر پێ"کەشی بکات، بۆ قەدەغەکردن‌و لەنێوبردن‌وبەربەستکردنی رەفتارەکانی جینۆساید، یان هەریەکێك لەو کاروکردەوانەی تر لەبەندی سێهەمدا دیاریکراون.

بەندی نۆهەم:

ئەوناکۆکیانەی لەنێوان لایەنە ڕێکەوتووەکان پێکدێت سەبارەت بە لێکدانەوە یان پیادەکردن، یاخود جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیەوە، بەو ناکۆکیانەشەوە کە بەندن بەبەرپرسیارێتی دەولەتێك لەبەرانبەر تاوانی جینۆساید یا هەریەکێك لەو رەفتارانەی لەبەندی سێهەمدا دیاریکراون، لەلایەن هەریەکێك لەلایەنە ناکۆکەکانی پەیماننامەکە بۆدادگای عەدلی نێودەولەتی دەخرێنە ڕوو.

بەندی دەیەم:

ئەو ڕێکەوتننامەیە کە لە بەڵگەوهێزدا دەقە ئیسپانیو ئینگلیزیو فەرەنسیو ڕووسیو چینیەکەی وەکو یەکن. بەرواری ٩ی کانونی یەکەمی ساڵی ( ١٩٤٨ )ە

بەندی یانزەهەم:

ئەم ڕێکەوتنامەیە تاکو ٣١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٩ بۆ واژۆکردن والآیە، لەلایەن هەردەوڵەتێك لەدەولەتەکانی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتووەکانو هەر دەوڵەتێکیش کەئەندام نەبێت، وکۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بانگهێشتی کردبێت ، ئەم ڕێکەوتنامەیەش پێویستە بروایی پێبدرێتو دەقە بروا پێدراوەکانیش بەئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەسپێردرێت، لەدوای یەکەمین ڕۆژی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٥٠یشدا هەر دەولەتێکی ئەندام لەنەتەوەیەکگرتووەکانوهەردەولەتی ˝کیش کە ئەندام نەبێت، بانگهێشت کرابێت، کەلەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، دەکرێت لایەنگری ئەم پەیماننامەیە بێت، دەقەکانی چونە ریزی پەیماننامەکەش بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت.

بەندی دوازدەهەم :

هەرلایەنێکی ڕێککەوتوو لەگەڵ پەیماننامەکەدا لەهەر کاتێکدا مافی ئەوەی هەیە کەوا داوا بکات، پەیرەوکردنی ئەم پەیماننامەیە، هەموو ئەو ئیقلیمانە بگرێتەوە کەلایەنی ڕێکەوتووی نابراو لە بەرێوەبردنی پەیوەندیە دەرەکییەکانیدا لێی بەرپرسیاربێت، یاخود هەرکام لەو ئیقلیمانە بگرێتەوە، ئەوەیش لەبەهۆی پێراگەیاندن یان ئاگادارکردنەوەیەکەوە کە ڕووبەرووی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکاتەوە.

بەندی سێزدەهەم:

لەورۆژەی کە تیایدا سپاردنی بیست دەقی یەکەمی متمانە پێکراو یان پەیوەست بوون تەواو دەبێت، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەو مەبەستە کۆنوسێك " محچر)ێك ئامادەدەکاو وێنە بۆ هەموو دەولەتێکی ئەندام لەنەتەوەیەکگرتووەکانو بۆهەر ئەندامێکی نا ئەندامی ئاماژە بۆکراو لە بەندی (یانزەهەم) دەنێرێت، جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتن نامەیەش لە نەوەد ڕۆژی دوای بەرواری پێسپێردراوی دەقی بیست هەمین لەدەقەکانی متمانە پێبەخ"ین و پەیوەستبوونیەوە دەست پێدەکات، هەرمتمانە پێکردنو چوونە ڕێزێکیش کەلە دوای ڕۆژی ناوبراودا دەکرێ لەنەوەدهەمین ڕۆژی دوای پێسپاردنی دەقی متمانە پێکراوو پەیوەست بوونەوە کارپێدەکرێت.

بەندی چواردەهەم:

ئەم ڕێکەوتن نامەیە بۆماوەی ١٠ ساڵ کاری پێدەکرێت، کە لەبەرواری سەرەتای کارپێکردنیەوە دەست پێدەکات، پاش ئەوەش بۆماوەیەکی یەك بەدوای یەکدا کە هەرماوەیەکی ٥ساڵ دەخایەنێت، بەکارپێکراوی دەمێنێتەوەو بەپێی لایەنە ڕێککەوتووەکان پێش تەواو بوونی ماوەکەی بە(٦) مانگ بەلای کەمەوە لێی نەک"اونەتەوە، دەستکێ"انەوەش تەنها لە ڕێگەی ڕاگەیاندنێکی دەستنوسەوە دەبێت، کە ئاراستەی ئەمینداری گ"تی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێتەوە.

بەندی پانزە هەم:

وەکو بەرئەنجامی دەستکێ"انەوە ئەگەرهاتوو ئەمە ڕووبداو ژمارەی لایەنە دەستکێ"اوەکان لەم ڕێکەوتننامەیدا دابەزی بۆ ئاستی کەمتر لە شانزە لایەن، کارپێکردن بەو ڕێکەوتننامەیە لەبەرواری سەرەتای کارکردن بەدواهەمین ئەو خۆکێ"انەوانەشەوە، نامێنێت.

بەندی شانزەهەم:

هەرلایەنێکی پەیوەست بوو مافی ئەوەی هەیە لەهەرکاتێکدا داوایەك بۆ بژاردەکردنی پەیماننامەکە پێ"کەش بکات، ئەمەش بە ڕاگەیاندنێکی نوسراو دەبێتو ئاراستەی ئەمینداری گ"تی نەتەوەیەکگرتووەکانی دەکاتو کۆمەڵەی گ"تی یەکلایی کردنەوەی ئەو هەنگاوانەی بۆ ئەو جۆرە داوایانە پێویستن لەئەستۆ دەگرێت.

بەندی حەڤدەهەم:

ئەمینداری گ"تی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی هەموو دەولەتە ئەندامونائەندامەکان، کەلەبەندی یانزەهەمدا بەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە :

١ - واژۆکردنو متمانەبەخ"ین یان چوونە ریزەوە کە بەپێی بەندی یانزەهەم هاتوون.

ب- ڕێکەوتی سەرەتای کارکردن بەپەیماننامەکە وەکو لەبەندی سیانزەهەمدا هاتووە.

د- دەستکێ"انەوە بەو پێیەی لەبەندی چواردەدا هاتووە.

هـ- پوچەڵکردنەوەی ناوەرۆکی پەیماننامەکە بە پێی بەندی پانزەهەم.

و- ئاگادارکردنەوە بەپێی بەندی شانزە هەم.

بەندی هەژدەهەم:

بنەمای ئەم ڕێکەوتنامەیە بە ئەرشیفی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت،و وێنەی باوەردار(مصدق) لە ڕێکەوتنامەکە بۆ هەریەك لە دەولەتانی ئەندام لەنەتەوەیەکگرتووەکانو بۆهەر یەکێك لەدەولەتە نائەندامەکانیش دەنێردرێت، وەکو لەبەندی یانزەهەمدا ئاماژەیان بۆکراوە.

بەندی نۆزدە هەم :

ئەمینداری گ"تی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵدەستێت، بە تۆمارکردنی پەیماننامەکە، لەو بەروارەوە کە دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت.

# دەستپێکی ئەنفال

دەقی بڕیاری ١٦٠

بەناوی خوای گەورەو بەخشندە

بەناوی گەل

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ژمارەی بریار: ١٦٠

بەرواری بریار: ٣،٢٩. ١٩٨٧

## بریار

پشت بەستوو بەئەحکامی برگە(١) لەمادەی چل ودوو ، وە برگەی (٢) لەمادەی چلوسێی دەستور، جێبەجێکرا. هەروەك بڕیاریدا لەکۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و سەرۆکی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی، بەستڕا لە ١٨،٣،١٩٨٧ .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاریدا لە بەرواری ٢٩ی ئازاری ١٩٨٧ بەم شێوەی کە هاتووە:

یەکەم: عەلی حەسەن مەجید ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی، هەڵدەستێت بەنوێنەرایەتی کردنی پێشەوایەتی هەرێمی حزب‌وئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان، لە هەموو ناوچەکانی باکورو لەمیانیدا، ناوچەی کوردستان‌و ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەمەبەستی پارێزگاری ئاسایش‌و ونیزام‌و دەستەبەرکردنی‌وچەسپاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەوناوچانەدا.

دووەم: هاوڕێ ئەندامی پێشەوای هەرێمایەتی سەرپەرشتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو بریارە دەکات، هەموو دەسەڵاتێکی هەیە کە پەیوەستن بەم بریارەوەولەسەر هەموو دەزگامەدەنی‌وسەرازی‌وئەمنیەکانی دەوڵەتی هەیە، تایبەتی ئەوەی کەتایبەتە بەکاروباری ئەمنی نەتەوەیی‌و لیژنەی کاروباری باکورەوە.

سێهەم : لەناوچەی باکور هەموو ئەولایەنانە پەیوەندیداردەبن بەهاوڕێ ئەندامی پیشەوایەتی هەریم‌و ئیلتزام بەبریارو راسپاردەکانیەوە دەکەن‌و ئەرکەکانیان جێبەجێدەکەن، هەروەکو لەبریارەکەدا هاتووە.

١. ئەنجومەنی جێبەجیکردن لەناوچەی کوردستان بۆ ئۆتۆنۆمی.
٢. پارێزگاری شارەکان، سەرۆکی یەکە ئیداریەکان، کەسەربە وەزارەت‌و ئیدارەی خۆجێیەتین.
٣. دەزگاکانی هەواڵگری، وەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، وە هەواڵگری سەربازی.
٤. سەرکردایەتی سوپای میللی ( قيادات الجيش الشعبي)

چوارەم: هەموو پیشەوا سەربازیەکانی ناوچەکە پەیوەست دەبن بەفەرمانداری هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی هەرێم، بۆهەموو ئەومەسەلانەی پەیوەندیان هەیە بە(یەکەم) لەم بریارەدا.

پێنجەم : کاربەم بریارە دەکرێت لە بەرواری دەرچوونیەوە هەتا " ئەشعار" ی کۆتایی، و وەستانی کارەکە بەحوکمێکی یاسایی کە ناکۆك بێت بەم بریارە.

صدام حسێن
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش




جـ- اجهزة المخابرات وقوى الامن الداخلي والاستخبارات العسكرية .
د- قيادات الجيش الشعبي .
رابعا - تلتزم القيادات العسكرية في المنطقة باوامر الرفيق عضو القيادة القطرية بكل ما يتصل بـ ( اولا ) من هذا القرار .
خامسا - يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره وحتى اشعار آخر، ويوقف العمل بالاحكام القانونية التي تتعارض واحكام هذا القرار .
صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

# بڕیاری ٤٠٠٨ بەڵگەی جینۆسایدکردنی کورد

سەرکردایەتی نوسینگەی باکور ژمارە ٤٠٠٨/٢٨

بەرواری٢٠ /٦/ ١٩٨٧

لە سەرکردایەتی‌نوسینگەی سکرتارییەتی بڕێکخستنی باکورەوە

بۆ/قیادەی فەیلەقی یەك، قیادەی فەیلەقی دوو، قیادەی فەیلەقی پێنج.

بابەت/ مامەڵەکردن لەگەڵ گوندی قەدەغەکراو لەباری ئەمنییەوە.

لەبەرئەوەی ماوەی رەسمی بۆ کۆکردنەوەی ئەو گوندانە لە بەرواری ٢١ی حوزەیران/١٩٨٧ کۆتایهاتووە بریارماندا لە رۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەسبەکاربین بەم شێوەیەی خوارەوە:

١/ هەموو گوندەکان لەمەودوا بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن لە رووی ئەمنیەوە، کە هەتا ئێستا شوێنی بەکرێگیراوی ئێران‌وتێکدەران خائینزادەو نمونەکانیانن کەخیانەتکارانی عێراقن.

٢/ بەتەواوی قەدەغەیە خەڵك‌وئاژەڵی تیادا بمێنێت، ئەم ناوچانە بەناوچەی کردەی قەدەغەکراو دادەنرێن‌و تەقەکردن تیایدا ئازادە بێ‌ مەرج (غیر قیدا)وبێ تەعلیمات مەگەرتەعلیماتی تردەرچێت لەوبارەیەوە لەلایەن بارەگاکەمانەوە.

٣/ هاتوچۆ لەوێوە بۆئێرەولێرەوە بۆئەوێ یان کشتوکاڵو تۆوکردن‌و پیشەسازی‌و ئاژەڵداری قەدەغەن‌ولەسەردەزگا پەیوەندی دارەکان پێویستە بەدواداچونی جدیان لەبارەیەوە هەبێت‌و هەریەکەو بەپێی تایبەتمەندیتی خۆی.

٤/ سەرۆکایەتی فەیلەقەکان لێدانی تایبەت ئامادەبکەن، ناوبەناو بەتۆپ‌وفرۆکەوسەمتی‌وکۆپتەر لەهەموو کاتێکدا بەشەو بەرۆژ بخەنەکار بۆ کوشتنی گەورەترین ژمارە لەو کەسانەی کە لەشوێنە قەدەغەکراوەکاندان‌و ئاگادارمان بکەنەوە.

٥/ حجزکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە دەستگیر دەکرێن لە گوندەکانی ئەو ناوچانە، لێکولینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوەو حوکمی ئیعدامیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، ئەوانەی کەتەمەنیان لە ١٥ سال زیاترە هەتا ٧٠ ساڵ دوای سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی پێیەتی وە ئاگادارمان بکەنەوە.

٦/ دەزگا پەیوەندی دارەکان هەلدەستن بە لێکۆلینەوە لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بەدەستەوە دەدەن لەدەزگا حکومیەکان‌و حزبیەکاندا بۆماوەیەك ئەو پەری ٣ رۆژ هەتا ١٠ بێت، دەبێت لەو حالەتانە ئاگاداربکرێینەوە، ئەگەر ماوەکە پێویستی کرد لەو ماوەیە زیادبکرێت ئەوا دەبێت بە تەلەفۆن یان بە بروسکە رەزامەندی ئێمە وەربگرن، لەرێی هەڤاڵ (تاهر ئەلعانی)یەوە

٧/ هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی دیفاع وەتەنی وجەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت تەنها چەکە قورسەکان‌و چەکی ئەسنادو چەکی مام ناوەندی نەبێت چەکە سوکەکان بۆخۆیان دەبێت، ئێمەی لێ ئاگاداربکەنەوەو تەنها ژمارەکانیان تۆماربکەن. پێوەیستە لەسەر فەرماندەی جەحافلەکان چالاك بن بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو موستەشارەکان‌و فەرماندەی سرییەکانیان‌و مەفرەزەکانیان، وە بە وردی( بالتفصیل) ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لەچالاکییەکانی فەوجەکانی دیفاع وەتەنی(٠) سەرۆکایەتی مەجلیسی تەشریعی (٠) سەرۆکایەتی مەجلسی (تنفیذ)ی جێبەجێکردن (٠) دەزگای زانیاری (٠) سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا(٠) پارێزگارەکان(٠ ) سەرۆکەکانی لێژنە ئەمنییەکان( نینوی، تامیم، دیالی، صلاح الدین، سلیمانیە، اربیل، دهۆك(٠)رازگری لقەکانی ئەوپارێزگایانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە(٠) بەرێوە بەرایەتی هەواڵگری گشتی سەربازی گشتی(٠) بەرێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی(٠) بەرێوەبەری ئەمنی ناوچەی حوکمی زاتی بەرێوەبەری ئەمنی پارێزگاکانی – نینوی، تامیم، دیالی، صلاح الدین، سلیمانیە، اربیل، دهۆك (٠) تکایە بۆ تێروانین‌وجێبەجێکردن هەرکەسەوبەپێی تایبەتمەندێتی خۆی(٠) ئاگادارمان بکەنەوە

ئیمزا

عەلی حەسەن مجید

ئەندامی سەرکردایەتی هەریمایەتی-

سەرکردایەتی نوسینگەی رێکخستنی باکور



حجزکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە دەستگیر دەکرێن لە گوندەکانی ئەو ناوچانە، لێکولینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوەو حوکمی ئیعدامیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، ئەوانەی کەتەمەنیان لە ١٥ سال زیاترە هەتا ٧٠ ساڵ دوای سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی پێیەتی وە ئاگادارمان بکەنەوە.



هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی دیفاع وەتەنی وجەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت تەنها چەکە قورسەکانو چەکی ئەسنادو چەکی مام ناوەندی نەبێت چەکە سوکەکان بۆخۆیان دەبێت، ئێمەی لێ ئاگاداربکەنەوەو تەنها ژمارەکانیان تۆماربکەن

# دادگایی تیابەت بەدۆسیەی ئەنفال

## سەرجەمی کاتەکانی

## لە bbc عەرەبیەوە لەڕۆژنامەی (الافق الجدید)ەوە ژ:٢٠٥(٢٦/٦/٢٠٠٧)ل٣

و: حسێن محمود هەڵەبجەیی

لە (BBc) عەرەبی

*سێ شەممە (٢٢) ئاب:

سەدام هەروەك دادگاییەکانی دوجێل ڕەتی ئەو تۆمەتانەی کردەوە کە ئاڕاستەی کرابوون، بەبیانووی گومان لەسەر شەرعیەتی دادگاییەکە.

وە هەروەها کوڕی مامی صەدام (علی حسن مجید) ناسراو بە (علی کیمیایی) ڕەتی تۆمەتەکانی دایەوە سەرۆکی دادگاش فەرمانیدا بە تۆمارکردنی ڕەت دانەوەکانی صەدام و عەلی کیمیایی.

دوای ئەوەی داواکاری گشتی باسی دۆسیەی ئەنفالی کرد کە تیایدا (١٨٢،٠٠٠) سەدو هەشتاو دوو هەزار کەس لەکاتی ئەوهەڵمەتانەدا گیانیان لەدەستدا کەڕژێمی عێراقی ئەوکاتە ناوی نابوو (ئەنفال) داواکاری گشتی ووتی: هەموولادێکان سەراپا تەختی زەوی بوونوچەند جارێك گازە ژەهراویەکانی تیادا بەکار هێنرا، تیایدا بەساڵاچوان وئافرەتان ومنداڵ تووشی بارودۆخێکی مەترسیدار و ترسناك بوون لەگرتوخانەکاندا، وە ئەو کارانەی ناوبرد بە (بەربەری) صەدام بەتوڕەییەوە بەرپەرچی ووتەکانی داواکاری گشتی دایەوە سەبارەت بە دەستدرێژیی کردنە سەر ئافرەتان لەگرتووخانەکاندا...

*سێ شەممە (٢٢) ئاب

بەکورتی: دادگا گوێی لە دووشایەتحاڵ گرت کە باسیان لەهێرشەکان دەکرد بەچەکی کیمیایی بۆسەر لادێکانیان.

دووشایەتەکە بەزمانی کوردی دەدوان و ئاماژەیان بەوەدا کەئەو گازە بۆن ناخۆشە بووە هۆی کوێر بوون و ڕشانەوەی دانیشتوان، یەکێکیان ووتی: زۆرێکی لەوکەسانە بینی کەبەهۆی ئەوهێرشەوە مردبوون.

بەڵام دوان لەتاوانباران کەبەرپرسی باڵا بوون کاتی خۆی، ووتیان: شالاوی ئەنفال مەبەست لێی هێزەکانی ئێرانی و ئەوچەکدارە کوردانە بوون کەیارمەتی ئێرانیان داوە.

یەکێکیان کە وەزیری بەرگری پێشوو بوو، "سوڵتان هاشم" ووتی: لەپێش هەڵمەتەکەدا، دانیشتوان گوازراونەتەوە بۆشوێنە ئاسایشەکان.

*چوار شەممە: (٢٣) ئاب

بەکورتی: دادگا گوێی لەشایەتیدانی کۆمەڵێ شایەتحاڵی ترگرت دەربارەی هێرشەکان بە گازە ژەهراویەکان لەکۆتایی هەشتاکاندا... دادگاییەکە دواخرا بۆ ١١ سێپتەمبەر/ئەیلول.

گرنگترین بەڵگەکان: شایەتحاڵێکی ئافرەت کەناوی (ئەدیبە عەولا بایز) بوو ژنی شایەتێکی پێشووتر بوو بەناوی (عەلی مصگفی حمە) ووتی: فڕۆکەکان موشەکیان نابەلادێکەمانەوە، (بالیسان) ئەمە لە ١٦/ئەبریل/نیسان/١٩٨٧ز، کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی دوکەڵێك بۆنەکەی لەبۆنی (سێوی گەنیو)ی دەکرد..

شایەتحاڵەکە ووتی: ئێمە هەستمان کرد کەدووکەڵەکە ژەهراویە دوای ئەوەی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەمان نیشانەی نەخۆشیان تێدا دەرکەوت و بۆچەند ڕۆژێکیش دوای هێرشەکە کوێر بوو بوون.. ووتی: بە دادگا: لە ڕۆژی پێنجەمدا توانیم کەمێك چاوم بکەمەوە، دیمەنێکی ترسناکم بینی، پێستی لەشی خۆم و منداڵەکانم ڕەش داگیرسابوون..

ووتی: یەکێك لەمنداڵەکانم مردن و خۆشم دوای ئەوە دووجار منداڵم لەبار چوو.. شایەتحاڵێکی تر کە ئافرەت بوو خەڵکی گوندی (بالیسان) بوو ناوی (بەدریە سەعید خدر) بوو ووتی: حەوت لەکەسوکارم لەو هێرشەدا مردن، لەناویاندا مێردەکەم و کوڕێکم و باوکم..

وە ئێستاش حاڵەتی تەندروستیم تەواو نیە بەهۆی ئاسەواری ئەو هێرشەوە..

پێشمەرگەیەکیش کەناوی (موسا عبدالله موسا) بوو ووتی: چەندین هێرشم بینیوە لەساڵانی ١٩٨٨،١٩٨٧ز،و برایەکم و کوڕێکی خۆمم بینی بە مردوویی باوەشیان بەیەکتریدا کردبوو..

*دووشەممە (١١) سێپتەمبەر/ئەیلول

بەکورتی: پاش سێ هەفتە دادگایی دەستی پێکردەوەو ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان باسی بەسەرهاتی خۆیانیان کرد لەناو ئەو هێرشە کیمیاییانەدا.

صەدام ووتی بە دادگا: من هەرگیز دژی کورد نەبووم، بەشێکی گرنگی سوپاکەشم پێکهاتبوون لەکورد.

صەدام ڕەخنە لەسەرکردەی کورد (مەسعود بارزانی) گرت، دەربارەی ئەو دەنگۆیەی لەسەر ئالای عێراق دروستی کردبوو کەنابێ بەسەر دام و دەزگا حوکمیەکانی کوردستاندا هەڵبکرێت.. صەدام ووتی: ئێمە ئالامان لە باوباپیرانەوە بۆماوەتەوەودامان نەهێناوە.

گرنگترین بەڵگەکان: لەم دانیشتەدا دکتۆرە (کاترین ئیلیاس میخائیل) بوو کە دانیشتووی وولاتە یەکگرتووەکان بوو، پێشتر یەکێك بوو لەپێشمەرگەکان.. وەسفی ئەوەی کرد کەچۆن خۆی هێرشی کیمیاوی بینیوە لەمانگی یۆنیۆ/حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ز.

ووتی: فڕۆکەکان موشەکێکیان هەڵدەدا کاتێ کەدەتەقیەوە وەك شێوەیەکی ئاسایی ناڵەیەکی زۆری لێوە نە ئەهات..دانیشتوانەکەی تووشی ڕشانەوە پاشان کوێریی دەکرد، هەندێکیان بۆچەند هەفتەیەك بەوشێوە دەمانەوە..

ئـەو شـایـەتحـاڵـە هـێرشـی کـردە سـەر ڕێکخراوو کۆمپانیا جیهانییەکان کەرژێمی عـێراقـی پـێشـوویـان بـەو چـەکـانـە پـڕچـەك کردبوو.

وە چەند هاوڵاتیەکی کـوردی مەدەنی باسیان لـەوە کـرد کـەچۆن لـەماڵوحـاڵـیـان دەرکـــراون وگـــیراون و ئـەشـکـەنجـە دراون، ئەندامانی خێزانەکانیان کوژراون..

★سێ شەممە (١٢) سێپتەمبەر/ئەیلول

بەکورتی دادگا گوێی گرت لەشایەتیدانی (٣) کورد ئەوسیانە باسیان لە بێ سەروشێن بوونی خاوخێزانی خۆیانیان دەکرد لەمیانی شاڵاوەکانی ئەنفالدا..

یـەکـێ لـە شـایـەتحـاڵـەکـان کـە نـاوی (غەفور حەسەن عبدالله) بوو، دوای (١٥) ساڵ لەدیارنەمانی کەس و کارەکەی، پاشتر بۆی ئاشکرابوو کەچارەنوسیان بەکوێ گەشتووە، دوای دۆزینەوەی ناسنامەکانیان.

شایتەکە بەصەدامی ووت: ((پیرۆزت بێت صەدام حسێن، ئێستا تۆ لەقەفەزدایت))

صـەدام ووتـی: ووشـەی (پێشمەرگە) واتا (الفداو).. بەڵام ئـەوەی کەڕوویدا یاخی بوون بوو لەدەوڵەت.. پێشنیار دەکەم زاراوەی پێشمەرگە بگۆڕدرێت بۆ یاخی بـوون لەم دادگاییەدا..

صـەدام پرسی: ((ئایا لەهیچ وڵاتێکدا یاخی بوون هەیەودەوڵەت بەرەنگاری نەبێتەوە بەهێزەکانی؟)) کاتێك یەکێ لەپارێزەرانی مـافـی گـشـتـی ووتـــی: ((ئـەنـونـە شـەرەفـە کـورد یاخی ببێت لەرژێمێکی دیکتاتۆری)) سـەدام حـەمـاسـەت گرتی و ووتـی: ((ئێمە سـەری ئێوەمان پان کـردەوەو سـەری هەموو یاخیەکیش پـان دەکـەیـنـەوە)) وە هەروەها صەدام داوای کرد کەپێویستە لەلایەن وولاتانی بێلایەنەوە پشکنینی ئەوبەڵگانە بکرێت کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بەدیاردەکەون بۆ نموونە سویسرا..

★چوار شەممە (١٣) سێپتەمبەر/ئەیلول

بـەکـورتی: داواکـاری گشتی (منقذ ال فـرعـون) داوای لـەسـەرۆکـی دادگـا (عـبـدالله العامری) کـرد کە دەسـت لەکار بکێشێتەوە بەتۆمەتی ئەوەی لەبەرژەوەندی صدام حسین قسـەدەکـات.. داواکـاری گشتی ووتـی: بـواری فراوان دەدرێت بە تاوانباران بۆ هەرەشکردن لە شایەتەکان و پێشکەش کردنی ووتاردانی سیاسی.

دادوەر بەرپەرچی ووتەکانی دایەوە کە بەدادپەروەرانە دادگاییەکە بەڕێوە دەباتو نزیکەی (٢٥) سـاڵـە لـەو بـوارەدا پسپۆڕیی هەیە..

گرنگترین بەڵگەکانی: شایەتحاڵی مەجید ئـەحـمـەد ووتـی: گـونـدەکـەمـان (سـەرگـەڵـو) نزیکەی بیست ڕۆژ لە ژێر بۆردوماندا بوو، کە ناچار کرا دانیشتوانەکەی ڕابکەن بۆ ئێران.

وە ووتی: کاتێ گوندنشینەکان گەڕانەوە بۆعێراق خۆیان دا بەدەست سوپای عێراقەوەو رەوانـەی بەندیخانە کران، ئاماژەی بەوەدا کە لەوکاتەوە کەس هەواڵیان نازانێت..

شایەتحاڵێکی تر کـەنـاوی عمر عیمان محمد بوو ووتی: فڕۆکەیەکی سەربازی چەند باڵۆنێکی هەڵدا کەپێ دەچوو چەکی کیمیایی تـێدابـێـت، پـاشـان بـە مـوشـەك بـۆردومـانـی کردین..

★٥ شەممە (١٤) سێپتەمبەر/ئەیلومل

سەرۆکی دادگا دادوەر (عبدالله العامری) ووتـی: صـەدام حسێن دیکتاتۆر نیە.. ئەمە پاش ڕۆژێك لە رەخنەگرتن لێی کەلایەنگری صەدامە لەدادگاییەکەدا.

وە دادوەر ووتی: صەدام بەپێی بۆچوونی دەوروبەرەکەی وەکو دیکتاتۆر دەردەکەوێت..

ئـەم لـێدوانـە پـاش ئـەوەبـو کـەصـەدام ڕوونکردنەوەی دا لەسەر ووشەی شایەتێکی کـورد کە باسی لە لێدوانێکی خـۆی دەکرد لەگەڵ صەدامدا لە ساڵی ١٩٨٩ز. بەڵکو سۆزو بەزەیی بجولێت وچارەنوسی خێزانەکەیان بزانێت کە گیراون..

صـەدام پـرسـیاری لـە شایەتەکە کـرد: بۆچی هەوڵتدا بمبینیت لەکاتێکدا دەتزانی کە من دیکتاتۆرم؟ لەو کاتەدا دادوەر عبدالله العامری ووتی: ((تۆ دیکتاتۆر نیت... خەڵکی چـواردەورت بەوشێوەیە وێنای تۆ دەکـەن)) صەدامیش سوپاسی کرد..

گرنگترین بەڵگەکان: شایەتحاڵ عبدالله محـمـد حـسـین ووتـــی: دوای دیـارنـەمـانـی خـێـزانـەکـەیـان لـەشـاڵاوی ئـەنـفـالـدا داوای یارمەتی لە صەدام کرد کەچارەنوسیان ئاشکرا کات. ڕوونـی کـردەوە ووتی: صەدام پرسیاری لێ کـردم: لـە کـوێ گـیران؟ لـەوەڵامـدا ووتم: لەشارەکەی خۆمان.. وەڵامی دامەوە: بێدەنگبە. خێزانەکەت لە شاڵاوی (ئەنفال)دا ڕۆشتووە..

شـایـەتـەکـە ووتـــی: ئێسك و پروسکی کەسوکارەکەی پێش دوو ساڵ لەیەکێ لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دۆزرایەوە..

★سێ شەممە: ١٩ سێپتەمبەر/ئەیلول.

بەکورتی: دوای ئەوەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گۆڕان بەسەر سەرۆکی دادگادا (عبدالله العامری) دا هات بە تۆمەتی لایەنگری.

ووتەبێژێك بەناوی حکومەتەوە ووتی: ئەو داوای گۆڕینی دادوەرکـراوە بە تۆمەتی ئەوەی (بێلایەنی خۆیی لە دەست داوە).

وە هـەروەهـا داوەری گشتی (عـبـدالله عامری) تۆمەت بار کرد کەلایەنگری صەدام بوو.. چونکە لە دانیشتنێکی دادگادا صەدامی بەوە وەسف کردووە کە(دیکتاتۆر نیە).

گـرنـگـتـریـن بـەڵـگـەکـان: شـایـەتحـاڵ ئـەسـکـەنـدەر محـمـود عـبـدالـرحمن باسی لـە هـێرشـێـك کـرد بەچەکی کیمیای بۆسە رگوندەکەیان لە ساڵی ١٩٨٨ز دا.

ووتـی: خۆمان دا بـەزەویـدا هەورێکی سپی بۆن ناخۆش دایپۆشین، لێدانی دڵم زیادی کرد، هێڵنجم ئەداو هەستم بە ڕشانەوە دەکرد، چاوەکانم دەسوتانەوەو نەم توانی بە پێوە بوەستم)) شایەتەکە کراسەکەی لـەبـەردەم پەیامنێرانی دادگاکەدا داکەند تا شوێنەواری برینەکان ببینن بەپشتیەوە ووتـی: پزیشکە ئێرانیەکان پێستە سوتاوەکانیان لابرد.

★چوارشەممە ٢٠ سێپتەمبەر/ئەیلول

صەدام لەهۆڵی دادگا دورخرایەوە دوای ئەوەی دانی نا بەسەرۆکی دادگا (محمد عریبی الخلیفە).. کە لەپاش دادوەر (عبدالله العامری) کرا بەسەرۆکی دادگا.. پێشتر (عامری) بەهۆی لایەنگیری یەوە لابرابوو..

سەرۆکی لابراوی عێراق ڕازی نەبوو

دانیشێت، بۆیە (محمد عریبی الخلیفە) داوای لە صەدام کرد لە هۆڵی دادگا بچێتە دەر.

دوای صەدامیش پارێزەرانی بەرگریکەر لەصەدام چوونە دەرەوە، ووتیان: نایەینەوە تاوەکو حکومەتی عێراقی وەڵاممان دەداتەوە..

رێکخراوی (هیومان رایتس ووچ)ی بەرگریکەر لەمافەکانی مرۆڤ رەخنەی لەحکومەتی عێراقی گرت بەهۆی گۆرینی دادوەری پێشوەوە.. رێکخراوەکە ووتی: داواکاریی حکومەت بۆ گۆرینی دادوەر دادەنرێ بە ((پێشلێلکردنێکی ئاشکرا)) بۆسەربەخۆیی دادگا.

*دووشەممە: ٢٥ سێپتەمبەر/ئەیلول

بەکورتی: جارێکی تر صەدام دوور دەخرێتەوە لە دادگا دوای ئەوەی کە دەیڵێت: من نامەوێ بێمە ئەم قەفەزەوە (ئاماژەیە بۆ دادگا)، دادوەریش داوای لێکرد کە رێزی دادگاییەکە بگرێت و ووتی: من سەرۆکی دادگام و منیش بریار دەدەم کێ لێرەدا ئامادەبێت، فەرمانی دا بەپاسەوانەکانی ووتی: بیکەنە دەرەوە..

ئەو پارێزەرانەی بەرگریان لە صەدم دەکرد نەهاتنە دادگاکەوە، بەبیانوی گۆرینی دادوەری پێشوو، کە حکومەتی عێراتی تۆمەتباری کردبوو بەلایەنگریی کردنی صەدام.

گرنگترین بەڵگەکان: شایەتحاڵ محمد رسول مصگفی کە تەمەنی لە حەفتاکاندا بوو باسی لەوە دەکرد کە فرۆکەکانی بینی بوو گوندێکی نزیك گوندەکەی خۆیانی بۆردومان دەکرد، لەوکاتەدا هەورێك دروست بوو کە بۆنی لەبۆنی سێوی دەکرد، ئەمی توشی تەنگە نەفەسی کرد، دوای ئەوەی خۆی لە بەندیخانەدا بینیەوە بۆ دواهەمین جار ژنەکەی و پێنج منداڵەکەی لەبەندیخانەدا بینی، وە دەیگێرایەوە کەپیاوێکی بینی بوو بەهۆی سەختی لێدانەوە بەدەستی پاسەوانەکان کوژرا، وە ووتی: نزیکەی ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ هاوڵاتی کوردی لەبەندیخانەدا مردن.

شایەتحاڵێکی تر کەناوی رەفعەت محمد سعید بوو باسی لەوە دەکرد کە چەندین کچ لەگەڵیدا لە گرتوخانەی (نوگرەسەلمان) بەندکرابوون، لەوێ منداڵان لەبرساندا دەمردن، ئەفسەرێك کەنای (حەجاج) بوو، ئازاری خەڵکەکەی دەداو دەست درێژی دەکردە سەر ئافرەتەکان، وە ووتی: منداڵێکی زۆر بەهۆی برسێتیەوە لەوێ مردن.. ئاژەڵە کێویەکانیش ئەوتەرمانەیان دەخوارد کە کەسوکارەکانیان ئەسپەردەیان دەکردن لەو بیابانەدا..

*سێ شەممە: ٢٦ سێپتەمبەر/ئەیلول

بەکورتی: بۆجاری سێ یەم لەمیانی ئەو هەفتەیەدا صەدم دوورخرایەوە لەهۆڵی دادگا، دوای پابەند نەبوونی بەراگرتنی هێمنی.

پێش دەرکردنی تۆمەتبار، سەرۆکی دادگا (محمد عریبی خلیفە) ئاگاداریەکی توندی ئاراستە کرد و ووتی: دەتوانیت بەرگری لەخۆت بکەیت و پرسیار ئاراستەی شایەتەکان بکەیت و من ئامادەم رێگای ئەوەت پێ بدەم، بەڵام دەبێ بزانیت کە ئێرە دادگایەو شوێنی ووتاردانی سیاسی نیە..

سەرۆکی لابراو (صدام حسین) پەیامێکی درێژی خوێندەوە، کە لەسەر کاغەز نوسرابوو، بەهۆی ئەوەوە مایکرۆفۆنەکان کوژێنرانەوە..

*دووشەممە: ٩ ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم

بەکورتی: دوای دووهەفتە دواخستنی دادگایی دەستی پێکردەوە، حەوت تاوانبارەکە ئامادەبوون بەڵام پارێزەری بەریگەریکەری سەرەکی ووتی: تیمەکەی بەشداریی دادگاییەکە ناکەن، دادگا گوێی لەشایەتە کوردەکان گرت.

گرنگترین بەڵگەکان: شایەتحاڵێکی ئافرەت کە تەمەنی ٣١ ساڵ بوو ووتی: هێزەکانی عێراقی لەکاتی بۆردومان بۆسەر گوندەکەیان لە باکوری عێراق هەشت کەس لەئەندامانی خێزانی ئەمیان گرتووە.. ئەو شایەتحاڵە کە ئەو کاتە تەمەنی ١٣ ساڵ بوو، ووتی: هەندێ لە خزمانم دەناسمەوە کەبەزیندویی دفن کران.

لەپارێزگای سەماوە لەباکوری عێراق لەگۆرێکی بەکۆمەڵدا پێناسی هەشت خوشکی ئەم شایەتحاڵە دۆزرایەوە.

شایەتحاڵێکی تر ووتی: دوای ئەو بۆدرومانە کە کرایە سەر گوندەکەمان لەساڵی ١٩٨٨از ئیتر ژنە سك پرەکەم و دایکم و دوو برام و دوو خوشکم نەبینیەوە لەوکاتەوەبێ سەروشوێنن.

*سێ شەممە ١٠ ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم

دادوەر (محمد عریبی)، (صەدام حسین)ی دەرکرد لەهۆڵی دادگا، دوای ئەوەی هەوڵی دا ووتارێکی سیاسی بدات کە بەئایەتێکی قورئان دەستی پێکرد..

ئەمە جاری چوارەمە کە لەماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا صەدام لەهۆڵی دادگا دەکرێتە دەرەوە.. وە هەروەها تاوانبار (حسێن رشید تکریتی) دەرکرا کەیەکێك بوو لەسەرکردە سەربازیەکانی صەدام.. (حسین رشید تکریتی) هەوڵی دابوو کەهێرش بکاتە سەر یەکێ لەپاسەوانەکان لەکاتێکدا ئەوپاسەوانە لەهەوڵی ئەوەدابوو داینیشێنن لەسەر کورسیەکەی..

گرنگترین بەڵگەکان: دادگا پێش دەرکردنی تۆمەتباران گوێی لە شایەتیدانی ئافرەتێکی کوردی گرت لە پشت بەردەوە کە باسی دەردی سەری خۆیی دەکرد لەبەندیخانەدا..

ووتی: چەند پیاوێك کە روو بەندیان بەسەرەوە بوو جلی خۆپارێزیان لەبەردا بوو مادەیەکیان وەشاند بەناو بەندکراوەکانی ناو سەربازگەکەدا کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەسپێ و نەخۆشی نموونەی کۆکەو هەوکردنی بۆریەکانی هەناسە، کە لەئەنجامداچەندینی منداڵ وەفاتیان کرد..

شایەتە ئافرەتەکە ووتی: بەخراپی مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەتێکی سك پردا کرد، ئافرەتێکی تریش لەناو دەستەکاندا منداڵی بوو، پاشان بەهۆی شوشەیەکی شکاوەوە ناوکی منداڵەکەی بری..

*چوار شەممە: ١١ ئۆکتۆبەر/تشرینی یکەم ٢٠٠٦

بەکورتی: صەدام حسین رەخنەی لەسەرۆکی دادگا (محمد العریبی) گرت بەهۆی کوژاندنەوەی مایکرۆفۆن لە دانیشتنی پێشوودا، وە صەدام شکاتی لەوەکرد رێگای پێ نەداوە بەرگری لەخۆی بکات..

بەڵام دادوەر ووتی: کوژاندنەوەی

مایکرۆفۆن بەهۆی سەپاندنی سیستەمە لەدادگاکەدا.. دادگاییەکە دواخرا بۆ ڕۆژی (٤شەممە ١٧ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم).

⋆دووشەممە ٣٠ ئۆکتۆبەر/ تشریی یەکەم ٢٠٠٦

بەکورتی: دادگا دەستی کرد بەدانیشتنەکانی دوای مۆڵەتێك بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە.. دادگا دەستی پێکرد بەتێهەڵگژانی قسەی نێوان سەرۆکی دادگاو سەرۆکی دەستەی بەرگریکردن لە صەدم حسین کە هۆڵی دادگای بەجێ هێشت بە بیانوی ئەوەی کە ئەم دادگایی کردنە دادپەروەرانە نیە.

دادگا کۆمەڵێ پارێزەری بەرگری نوێی دانا پاشان گوێی لەچەند شایەتحاڵێکی کورد گرت، کە شایەتیان دەدا لەسەر هێرشەکان بەچەکی کیمیایی کە لەنێوان سالآنی ١٩٨٧-١٩٨٨ز دا..

بەڵگە: شایەتێکی کوردی کە ناوی (جەمال سلێمان قادر) بوو باسی کرد بۆ دادگا کەچۆن لەڕۆژی هێرشەکاندا گەڕاوەتەوە بۆگوندەکەیان کەهەر بەڕاستی لە ڕۆژی قیامەتی دەکرد..

وە باسی لەوە دەکرد چۆن لاشەی منداڵ لەنێوان کۆمەڵێ لاشەی زۆردا کەوتبوون..

ووتی: هەندێ لە منداڵەکان هێشتا بسکیت و شیرینی بەدەستیانەوە بوو، یان شرینی جەژن چونکە ئەو ڕۆژەی هێرشەکەی تیادا ئەنجام درابوو دواهەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بوو.

لەشایەتیدانی شایەتحاڵێکی تردا کە ناوی (فاخر علی حسین) بوو ووتی: ئەو بۆنەی بەگوندەکەدا بڵاوبوویەوە لەبۆنی سێوی گەنیوی دەکرد، دوای ئەوەی کە گوندەکەمانیان موشەك باران کرد.. وە لیستێکی پێشکەش بە دادگاکرد پێکهاتبوو لە (٣٥) ناو کە لەمیانی ئەو هێرشانەدا کوژرابوون کەهێزەکانی صەدام کرد بوویان بۆ سەر گوندو دێهاتەکانی دەوروبەر.

⋆سێ شەممە: ٣١ ئۆکتۆبەر/ ترشینی یەکەم ٢٠٠٦

بەکورتی: پێنج شایەتحاڵ لەمیانی کۆکردنەوەی بەڵگە شایەتیاندا: سەبارەت بە کرداری کۆکوژی کە دانیشتوانی مەدەنی کورد دووچاری بوو بوون لەسەر دەستی هێزەکانی صەدام حسێن لەمیانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا.

پاشان دادگاییەکە دواخرا بۆ بەرورای ٧ نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ کاتێك کەبڕیاری دادگا دەردەچێت لەسەردۆسیەی (دوجێل)..

بەڵگە: شایەتحاڵێکی کورد لەپشت پەردەوە ووتی: کەئەو لەنێوان دەیان کەسی گیراودا لەناو پاسدا ڕەوانەکران بۆخۆرئاوای عێراق بۆ ئەنجامدانی لەسێدارە دانیان لەئەبریل/نیسان ١٩٨٨ وە ووتی: پاسەوانەکان هەرجارەی دووکەسیان دەبرد پاشان بە فیشەك دەیان کوشتن، ولاشەکەیان دەسختە ناو چاڵێکی گەورەوە.

وە باسی لەوە کرد چۆن چاویان بەستووەو دەستیان بە ستووە وە داوایان لێ کردووە بەزەویدا بکەوێت پێش ئەوەی سەربازەکان گوللەبارانی بکەن.

ووتی: دوای فیشەك بارانەکە خۆم وانیشاندا کەمن مردووم..

شایەتحاڵێکی تر کە ناوی (بەفرین فەتاح ئەحمەد) بوو تەمەنی (٤٦) ساڵ بوو: کابانی ماڵ بوو، باسی لەوە کرد کە بەهۆی بەرکەوتنی گازی ژەهراویەوە کوێر بووە، وە دوای ئەوەی فڕۆکەجەنگیەکان هێرشیان کردە سەر گوندەکەیان کوڕەکەی و مێردەکەشی لە دەستدا..

⋆چوار شەممە ٧ نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەم ٢٠٠٦

دوای دوو ڕۆژ لە حوکم دانی صەدام حسین بەلەسێدارەدان لەدۆسیەی (دوجێل)دا، دادگا دەستی کردەوە بە دانیشتنەکانی.

صەدام بێدەنگیەکی نائاسایی پێوە دیار بوو وە داوای لەعێراقیەکانی کرد کەیەك بگرن ئەمە کاتێك کە فەرمانی لەسێدارەدانی درا، ووتی: داوا لە هەموو عێراقیەك دەکەم بەعەرەب و کوردەوە کە یەك ببورن و ڕێبکەون (ئاشتەوایی بکەن).

بەڵگە: دادگا گوێی لەچەند کوردێك گرت لەیەك گوندا کەشایەتحاڵ بوون لەسەر شاڵاوی ئەنفال.. لەشایەتیەکانیاندا باسیان لەوە دەکرد، چۆن سەربازە عێراقیەکان دەیان پیاویان گرتووە پاشان گوللە باران کردوون دوای ئەوەی بەڵێنیان پێ دابوون کە لێیان خۆش دەبن..

قهار خلیل محمد ووتی: بردینیان بۆ دەرەوەی لادێکە پاشان پیاوەکانیان لە ژنەکان جیاکردەوە، ژمارەی پیاوە جیاکراوەکان ٣٧ پیاو بوون، منیش لەنێوانیاندا بووم، داوایان لێکردین بەڕێز بووەستین پاشان گوللە بارانیان کردین..

ووتی: ڕزگارم بوو لەمردن هەرچەندە لەچەند شوێنێکەوە بریندار بوو بووم، ئەمە لەکاتێکدا ٣٣ کەسی خەڵکی گوندەکەم تیاچوون.

بەلآم صدام حسین گومانی کرد لەشایەتیدانی (خلیل محمد) ووتی: ناتوانرێ جەخت بکرێت لەسەر دروستی ئەوهەواڵەوە شایەتێکی تر بەناوی (عبدالکریم نایف) هەمان شایەتی دا لەسەر هەمان ڕووداو، وە بەبەرچاوی ئەمادەبوانی دادگاوە شریتێکی ڤیدیۆ لێدرا کەپاشماوەی چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵی نیشاندەدا کە لەناوچەکەدا دۆزرابوویەوە.

⋆چوار شەممە ٢٧ نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەم ٢٠٠٦

بەکورتی: دادگا دەستی پێکرد بەگوێگرتن لەشایەتیدانی یەکێك لەو کوردانەی کە لەدەستی تیمەکانی گوللەبارانکردن ڕزگاری بوو بوو، لەکاتێکدا یەکێ لەپارێزە بەرگریکەرەکان ووتی بیانیەك ناوی لیستێك شایەتی پێداوە کەدەتوانێ پەیوەندیان پێوە بکات..

بەڵگە: دادگا گوێ لەشایەتیدانی چەند هاوڵاتیەکی کورد گرت کە لەشاڵاوەکانی ئەنفال ڕزگاریان بوو بوو.

شایەتی یەکەم لە دانیشتنی ئەمڕۆدا کەناوی (تەیمور عبدالله) بوو لە شایەتیدانەکەیدا باسی لەوە دەکرد کە چۆن لادێ نشینە کوردەکان کوژراون.

ئاژانی هەواڵەکانی فەرەنسە لەسەر زاری ئەمەوە ووتی: چاڵێك هەڵکەندرابوو داوامان لێرکابوو بەڕێز لەناویدا بوەستین پاشان سەربازێك هەستا بەگوللەباران کردنمان )) لەلایەکی ترەوە پارێزەری بەرگریکەر (بادی

العارف) ووتی: کەسایەتیەك كە لەوانەیە ئەمریکی بێتی یان کەنەدی هاتووە بۆ ماڵیان لیستێکی پێ داوە کە ناوی سێ شایەتی تێدا بووە دەتوانرێت بانگ بکرێن بۆ وەرگرتنی شایەتەکانیان.

لە ووت و ویژێکی توندا دادوەر ئارامی نەما بەهۆی خاویی پارێزەرەکەوە لە پێشکەشکردنی لیستی ناوی شایەتە پێشنیارکراوەکاندا.

٭پێنج شەممە ٢٨ نوڤەمبەر، ترشینی دووەم ٢٠٠٦

بەکوتی: زانایەکی ئەمریکی کەناوی دکتۆر (کلاید سناو) بوو پسپۆڕ بوو لە باری بەڵگە تاوانیەکاندا بەبەڵگەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کەکوردە عێراقیەکانیان تیادا دفن کراوە ئەوانەی ساڵی ١٩٨٨ کوژراون.. دکتۆر سناو یەکەمین پسپۆڕ بوو کەدەستەی داواکار هێنابوویان بۆ پێشکەشکردنی شایەتیەکانی لەبەردەم دادگادا..

بەڵگە: دەستەی دادگا گوێیان گرت لە شایەتیدانی دکتۆر (سناو) کەباسی ئەوی کرد چۆن سەفەری کردووە بۆ گوندی (کوریمێ) لەباکوری عێراق لەساڵی ١٩٩١ بەو سیفەتەی کە ئەندامێك بوو لە تیمێکی پزیشکی دادوەریدا..

دکتۆر سناو هەواڵی دا بەدادگا کە ٢٧ پیاو منداڵ کوژراون لەلایەن هێزەکانی عێراقیەوە لەشاری ناوبراو.. پاشان نمایشێکی ڤیدیۆیی نیشاندا کەتیایدا پاشماوەی ئێسك و پروسکی قوربانیانی نیشان دەدا کە دەری هێنابوو بەکۆمەکی تیمە پزیشکیەکە لەو گۆڕە بە کۆمەڵانەدا کە دفن کرا بوون تیایدا..

وێنەکان ئێسکە پەیکەرەکانی نیشان دەدا کە لەسەر زەویەکە بوون لەپاڵ هەندێکیشاندا زەرزەنگی نوێژکردن یان پشتێنی کوردەواری بەدرێژی باسی ئەوەی کرد کە زیاتر لە ٨٠ برینی پێوەی لەئەنجامی گوللە بارانکردندا..

یەکێ لەدادوەرانی دادگا ئەوشکاتەی ڕەت کردەوە کە صەدام حسێن پێشکەشی کرد کە بریتی بووە لەوەی نابێ دادگا ڕێگا بەدکتۆر( سناو) بدات شایەتیدانی خۆی پێشکەش بکات چونکە ئەمریکی یەوە شایەتیدانەکەی لایەنگیرانەیە، صەدام ووتی: وێنەی ئەولاشانەی نمایش کرا لەوانەیە لەجێگای ترەوە هێنرابن بۆ ناو ئەو گۆڕانە.

٭چوار شەممە ٢٩ نوڤەمبەر/تشرینی دووەم ٢٠٠٦

بەکورتی: پسپۆڕانی بەڵگەی تاوانەکان (ئەمریکیەکان) بەردەوام بوون لە نیشاندانی ئەو بەڵگانەی کە باس لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکات کەکوردەکانیان تیادا دفن کرابوو لەساڵی ١٩٨٨ ز دا.

سەرۆکی دادگا فەرمانیدا بە دەرکردنی یەکێ لە پارێزەرانی بەرگریکەر لە صەدام لەهۆڵی دادگا بەهۆی سوکایەتی کردنیەوە بەدەستەی دادگایی کردنەکە.

بەڵگە: پسپۆڕێك لەبەشی بەڵگەکانی تاوان (دۆگلاس سکوت) ووتی قەباغی ئەو ڕەشاش و فیشەکانەی دۆزراونەتەوە لەناو لاشە دفن کراوەکاندا لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا لە گوندێکی کوردیدا بۆمان ئاشکرا دەکات کە قوربانیەکان لەسێدارە دراون لەلایەن ((تیمی لەسێدارەدانی ڕژێمەوە)) وە ووتیشی بەلانی کەمەوە ٧ سەرباز هەستاون بەپێوەنانی (١٢٤) فیشەك لەڕەشاشی کلاشینکۆفەوە بۆسەر قوربانیەکان.

لەمیانی دانیشتنی دادگاییەکەدا، سەرۆکی دادگا (محمد عریبی الخلیفە) فەرمانیدا بە دەرکردنی پارێزەری بەریگریکردن (بادی عارف) لەهۆڵی دادگا.

پسپۆڕێکی تر کە فیزیاییەکی ئەمریکی بوو ناوی (ئەصفان دیار شکری) بوو، لەبەردەم دەستەی دادگادا شایەتیدا، لەکاتی پشکنینی پەناهەندە کوردەکان لەنزیك سنووری تورکیا دەرکەوت کە گازی خەردەلیان بەرکەوتووە لە ساڵی ١٩٨٨ز دا.

ووتی ئەوگازی خەردەلە بەکار هاتووە لەهەمان ئەو گازە دەکات کە نازیەکان لەجەنگی دووەمی جیهانیدا بەکاریانهێناوە..

٭دووشەممە ٤ دیسەمبەر/کانونی یەکەم ٢٠٠٦

بەکورتی: سەرۆکی دادگا ڕەزامەندی نیشاندا سەبارەت بەو داواکاریەی کەدەستەی داواکار پێشکەشیان کردبوو کەبریتی بوو لەکۆتایی هێنان بەگوێ گرتن لەشایەتەکان دوای ئەوەی لەبەردەم دەستەی دادگادا نزیکەی (٧٠) کەس شایەتیان لێ وەرگیرا وە پێویستە دەستەی داواکار جەخت بکات لەسەر ئەو بەڵگەنامانەی کەپێی وایە کەتاوانباران دەبەستێتەوە بەو تاوانی کوشتنانە کەتاوانبارکراون پێیان..

بەڵگە: شایەتحاڵی پێش کۆتایی کەوانەبێژی کیمیابوو ناوی عبدالقادر عبدالله بوو لە بەڵگەیەکدا ڕوونی کردەوە کە چۆن (٢٢) کەسی نزیکی لەمیانی هێرشە کیمیاییەکاندا لەدەستداوە کەلەلایەن هێزەکانی صەدامەوە کراوەتە سەریان.

٭٥ شەممە ٥ دیسەمبەر/کانونی یەکەم ٢٠٠٦

بەکورتی: صەدام حسین داوای لە دادگاکرد کە ڕازیی بێتبە ئامادەنەبوونی دانیشتنەکانی تر، وەبەوە وەسفی دەکرد کە دادگاییەکی بێ سەروبەرە.

صەدام حسێن نامەیەکی سپارد بەخەتی خۆی نوسرابوو تیایدا سەرۆکی دادگاو دەستەی داواکاری تۆمەتبار کرد بوو کەئیهانەی دەکەن.

لەنامەکەدا هاتبوو (دادگا مۆڵەتم ناداتێ قسە بکەم لەکاتێکدا کەدەمەوێ ڕاستی ڕوون بکەمەوە ئەوەش بە بەرزکردنەوەی دەستم سێ جار، دادگاییەکە دواخرا..

٭چوار شەممە ٦ دیسەمبەر/کانونی یەکەم ٢٠٠٦

بەکورتی: صەدام حسێن لەبەردەم دەستەی دادگادا بەخەندەو دڵخۆشیەوە دەرکەوت ئەمە لەکاتێکدا ڕۆژی پێشوو هەڕەشەی لێکرابوو.

بەڵگە: کارایەکی کورد لەبواری پزیشکیدا ڕوونی کردەوە بۆ دادگا کەچۆن قوربانیانی هێرشەکانی تیمار کردووە کە بەگازی کیمیایی هێرش کرابووە سەریان لەلایەن هێزەکانی (صەدم حسێن)ەوە لەساڵی ١٩٨٧ز دا.

٭دووشەممە ٨ینار/کانونی دووەم ٢٠٠٧.

بەکورتی: دادگایی دەستی پێکردەوە دوای مۆڵەتێکی (٢١) ڕۆژی، وە دەستەی دادگا بڕیارێکی دەرکرد کە وازهێنان لەو تۆمەتانەی

ئاراستەی سەرۆکی عێراقی صەدام حسێن دەکرێت دوای لەسێدارەدانەکەی.

*یەك شەممە ١٠یۆنیۆ/ حوزەیران ٢٠٠٧

بەکورتی: سەرۆکی دادگای تاوانەکانی عێراقی (محمد عریبی خەلیفە) لە دانیشتنی کۆتاییدا کەتەنها چەند خولەکێکی خایاند حوکمی دادگا سەبارەت بەو شەش تاوانبارە لەدۆسیەی ئەنفالدا لەبەرواری ٢٤ یۆنیۆ/ حوزەیران ٢٠٠٧ز دەردەچێت..

*یەك شەممە ٢٤ یۆنیۆ/حوزەیران ٢٠٠٧ز

بەکورتی: حوکمی دادگا دەرچوو بەسەر ئەو شەش تاوانبارانەدا لەدۆسیەی ئەنفالدا بەم شێوەیەك:

یەکەم: هەرسێ تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) و (سوڵتان هاشم ئەحمەد) و (حسێن ڕەشید تکریتی) بڕیاری لەسێدارەدانیان دەرچووە.

دووەم: وە هەردوو (فەرحان الجبوری)و(صابر عبدالعزیز) بۆ هەمیشەیی حوکمی بەند کردنیان بەسەرا درا.

سێ یەم: تاوانبار (گاهر توفیق العانی)یش، دادگا دەستی لەو تۆمەتانە هەڵگرت کە ئاراستەی کرابوو بەهۆی ناتەواوی بەڵگەکانەوە

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق حوکمی دەرکرد بەسەر ژمارەیەك لە یارمەتیدەرانی سەرۆکی پێشووی عێراقدا، دیارترینیان کوڕی مامی (عەلی حەسەن کیماوی) ووەزیری پێشووی بەرگری (سوڵتان هاشم ئەحمەد) لەو دۆسیەدا کە ناسراوە بە (شاڵاوی ئەنفال) کە قوربانیانی مەزەندە دەکرێتب بە زیاتر لە (١٠٠) هەزار هاوڵاتی کورد.

خودی صەدامیش لەهەمان دۆسیەدا حوکمدرا پێش ڕاپەڕاندنی حوکمی لەسێدارەدان لەدۆسیەیەکی تردا بەناوی (دۆسیەی دوجێل)ەوە..

# هەنارە موچەی ئامۆزاکانی وەرناگرێت



چیرۆکی هەنارە تاڕادەیەکی زۆر بەسادەوساکار لەچاو ئەو هەموو تراژیدیایەی ئەنفال دێتە بەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی بەسەر هەنارە هاتووە، بەتەواوی وابەستەیە بەئەنفالو مافی مرۆڤو تەماحو نەزانین بەرانبەر بەیاساو ئیمتیازی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە.

هەنارە ژنێکی ڕەشپۆشی تەمەن سەرو ٤٠ ساڵەو ئێستا دانیشتووی شاری کەرکوکە، برایەکی ئەنفالکراوەو بێسەروشوێنە، ئەمساڵ رابوردوش برایەکی تری لەکەرکوك شەهیدبووەو خۆی ووتەنی: نەما، نەما برام نەما هەمووی ڕۆیی.

هەنارە پێشتر لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالدا لەگوندی " فەقی مستەفا" ی سەربەناحیەی قادرکەرەم نیشتەجێبوون.. بەقسەی هەنارە بەرێگەی هاتوچۆوە پارەوپولێکی زۆری خەرج کردووەو دەستی دەستیەکی زۆریان پێکردووە، هەر لە قادرکەرەمەوە تادەگاتە سەرقەڵای کفریو کەلارو دواتریش ( ئەمرۆ)[١] گەیشتووەتە سلێمانی، بەمەبەستی وەرگرتنی بەشە موچەی ئامۆزا ئەنفالکراوەکانی، هەرچەندە لە ڕوخساری شڵەژاوی ئەوژنە ڕابمایتایە، ئەوەندە پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤو تێکەوڵێکەی یاساو رۆتینو نەبوونی شەففایەتت دەبینی، کێشەکەی رونو ئاشکرابوو کەموچەی ئامۆزاکانی بۆ نابێت، بەڵام مرۆڤەو نە دەکرا گوێی لێنەگریت، کێشەکەش لەوەدابوو بەشەموچەی ئامۆزاکانی لەرووی یاسایەوە نادرێت بەمو بە هیچ شێوەیەك ئەم ژنە نابێتە وارسی ئامۆزا ئەنفالکراوەکانی.. هەرچەندە مامۆستا کامەران عەلی جێگری بەڕێوەبەری گشتی بۆکاروباری ئەنفال، بەزمانێکی شیرین توانی دڵنیای بکات لەوەی کەوا بەخۆڕایی خۆی ماندوو کردووەو ئەوموچەیە نادرێت بەهەنارە، بەڵام دوا قسەی بەتەواوی کاریگەربوو کەووتی: ئەی خوێن شەهیدو ئەنفالەکانمان هەروا بە خۆڕایی بڕۆن؟!

---

*

[١] مەبەست لە ڕۆژی نوسینەکەیە ٢٠٠٨/٢/١٨

## کامەران صابر:

# من ئەو لۆژیکە بەباشتر دەزانم تاوانبارێك ئازادبکەین باشترە لەوەی بێتاوانێك ئیعدام بکەین

کامەران محمد صدیق صابر دەرچووی بەشی زانستی جیولۆجی زانکۆی سلیمانی ساڵی ١٩٨٣ یە، ساڵی ٢٠٠٢ زانکۆی مێدڵ سیسکسی لەلەندن تەواوکردووە،ماسترلە تۆری کۆمپیوتەری ، ماوەی ساڵێك لەرێکخراوی ئیندایت لەلەندن کاری کردووەو، کۆرسی لێکۆلینەوەی لەتاوانە نێودەوڵەتیەکان خوێندووە لە لاهای . دواتر بۆ ئامادەکردنی دۆسێی تاوانی ئەنفال لەساڵی (٢٠٠٣) هاتووەتەوە بۆ عیراق و خەریکی ئامادەکردنی دۆسێی ئەنفال بووە، ... لەدوای دەرچوونی بریاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بۆ ئەم ژمارەیەی ئەنفالستان لە ئێوارەیەکدا ئەم دیدارەمان سازکرد.

**زۆربەخێربێت کاک کامەران سەرەتا ئەگەر خۆت بناسێنیت.**

کامەران محمد صدیق صابر بەکامەران صابیر دەناسرێمەوە، دەرچووی جیولۆجی ساڵی ١٩٨٣ی زانکۆی سلێمانی، دواتر ساڵی ٢٠٠٢ ماستەرم تواوکردوە لە تۆری کۆمپیوتەر(نێت وۆرکین)لە زانکۆی میدڵ سیکس لەلەندن ، و٢٠٠٢-٢٠٠٣ ماوەی سالیك مامۆستای زانکۆ بووم لە زانکۆی میدلسیکس و یو بورت هەر لە لەندەن .دواتردەستم بە کارکردن کرد لەگەڵ لەرێکخراوی ئیندایت(INDICT) لەلەندن،و لە مانگی دووی ٢٠٠٣ کۆرسی تەحقیق لەتاوانە نێودەوڵەتیەکان لە لاهای – هۆلەندام تەواو کردوە ( کۆرسی محققین بۆتاوانە نێودەوڵەتیەکان)

**ئەوکۆرسە هەر لەلەندن بوو؟**

لەمەحکەمەیە لەلاهای لەمانگی ٢ی ٢٠٠٣ پەیمانگایەکی نێودەوڵەتی-زیاتر ئەمریکی بەو ناوی (IICI International Institute for Criminal Investigation).

**واتا تۆ لەلەندەن بوویتو بۆ ئامادەکردنی ئەم دۆسێیە هاتیبتەوە یان بۆئەوەی رۆڵێك لەنزیکەوە ببینیت؟**

ئەو کاتەی کەلەعێراق درا من لەرێکخراوی ئیندایت (INDICT) بووم،کەبۆ ئەوە دامەزرابوو تۆمەتبارانی سەرانی رژێم بدۆزێتەوەو بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی دۆسیەیان بۆ ئامادەبکات، لەو تاوانبارانە صدامو عەلی حەسەن مەجیدو ئەوانە ئەوکاتە بەزۆری کار لەسەر ١٢کەس لەسەرانی رژێم دەکرا.

لەو دۆسێیانەی کەئیشمان لەسەر دەکرد بریتی بوون لە دۆسێی راپەرینی شەعبانیە، دۆسێی ئەنفالو هەڵەبجەو بەرزانیەکان، هەروەها راپەرینی هۆرەکانو راپەرینی ئازاری کورد



بوو، بەڵام هەرلەسەرەتاوە بەرلە روخانی رژێم، (INDICT) ئیشی لەسەر دۆسیەی ئەنفال دەکرد، کەمن گەرامەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی کار لەدادگاکەدا بکەم یا باشتر کار بکەم لەدامەزراندنی دادگای سەرانی رژێمی پیشوو یەکیك لەکەیسەکان، سەرەکی ترینیان کەیسی ئەنفال بوو .

ئیتر دوای ئەوەی لەعێراقدراو رژێم روخا "ئیندایت" (INDICT) چیتر پێویستی نەدەکرد لەلەندەن بێت. چونکە وەختێك ئەم رێکخراوە لەلەندن دروست بوو، هێشتا عێراق ئازاد نەبوو، کارەکانمان لەسەرئەرزی واقع نەبوون، لەمەنفا بەرێوە دەچوون، ئەوکاتە دەگەراین بەوڵاتانی تری دونیادا بەغەیری عێراق، وەکو سوریا، ئێران، سوید ئەڵمانیاو فەرەنسا،لەوێ ئەو عیراقیانەمان - دەبینیەوە کەلەدەست رژێم رایانکردبوو، بزانین کەیسەکانیان و شکاتەکانیانو ئیفادەکانیان وەرگرین ئیتر لەکورد لەعەرەب، بزانین کێشەکانیان چیەو چۆن دۆسێیان لەسەر ئامادەبکەین، بەڵام کەرژێم روخا ئیتر تۆ ئەوکاتە وڵاتەکە خۆی رزگاری بوو، هەموو ئەو بەڵگەو شایەتو شکاتکەرانەت لە ناوعێراقدا لەبەردەستایە بە ژمارەی زۆر ترونەوعیەتی ئیفادەی بەهیزتر، ئیتر پێویستی نەدەکرد ئەورێکخراوە لەلەندن بێت، بەو جۆرە مایەوە لەمانگی ( ٤) دابوو کەعێراق تەواوبوو تامانگی ( ٢٠٠٣/٨) خەریکی پێچانەوەی دائیرەکە بووین.

لە کۆتایی ٢٠٠٣/٢ پێش ئەوەی لەعێراق بدرێت ئێمە هاتینەوە بۆ بۆ کوردستان- مەسیف سەلاحەدین، بەو نیازەی کۆبوونەوەیەك بکرێت لەگەڵ ئان کلوید، کە چێرمانی ئیندایتو نوێنەری تۆنی بلێر بۆمافی مرۆڤ لەعێراق، بۆ هەمان مەبەست،هاتبوو، لەمەسیف

صلاح الدين كۆبونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی ، لەو كۆبونەوەیدا ٦٤ كەس هەڵبژێران كەسەركردایەتی عێراقی داهاتوو بكەن، لەدوای روخاندنی سەدام كۆبونەوەكە بەسەربەرشتی زالمای خەلیل زاد بوو. چەند ئێشێكمان كرد لەوكۆنفرانسەدا هەر لەمەسیف صلاح الدين. سێ ٣ راسپاردەمان هێنایەوە بۆ حكومەتی هەرێم . تایبەت بون بە ( وەسائق پارستن ، دەست نەدان لە گۆری بەكۆمەڵ ونە شیواندنی . رێز كرتن لەدیلی جەنگ)

هەرلەمانگی( ٥) دا دوای رزگار بوونی عێراق بەسەردان گەراینەوە، ئەمجارەشیان هەر لەگەڵ ئان كلوید لەرێگەی كویتەوە گەراینەوە بۆ بەغدا، لەوێ بۆماوەی دوو هەفتە میوانی بەرێز مام جەلال بووین، ئینجا هاتینەوە بۆ كوردستانو چەند ئیشێكمان كرد. كەگەراینەوە بۆ لەندن مانگی ٨ ئیتر رێكخراوەكەمان بەرەسمی داخست، كۆمەڵێك كەسی كوردو عێراقی سەرپەرشتی رێكخراوەكەیان دەكرد لەكوردەكان (لەتیف رەشید، لەعەرەبەكان ئەحمد چەلەبی، لە بێگانەكان پیتەرگالبرێس) (War crime Ambassador)

لەگەڵ هاوكارێكم كە ناوی فلیپ بوو، ئەویش محقیق بوو هەردووكمان گوازراینەوە بۆخارجییەی بەریتانی لەوەێوە هاتین بۆ بەغدا لەسەرستافی وەزارەتی خارجیەی بەریتانی لەبەغدا ئیشمان دەكرد ئەمە زەمانی( CPA ) بوو.

كاتێك لە بەغدا ئیشمان دەست پێكرد هەر هەمان كارەكەی ئیندایت بوو ،بەلام تۆزێك فۆڵترو فورستر نوسینكەیەكەمان لە بەغدا دانا پیان دەوت( Human Rights and Transitional Justice) واتە ( حقوقالانساء العدالة الانتقالية) ( گواستنەوەی داد بۆ مافەكانی مرۆڤ) ئەم دائیرەیە زیاتر بایەخی بەوە دەدا كەدۆسێكان چۆن دروست بكەینو تۆمەتبارەكان لەسەرچی مەحكەمە بكەین، لەوكاتەدا زیاتر پرسو رایان بەئێمە بوو، ئێمە بوبووینە داینەموی ئوفیسەكە،كەئایا چ كەیسێك هەبووە لەئیندایت بۆئەوەی بناغەی مەحەكەمەكە دابنێن، چونكە سەرانی رژێمیش وردەوردە دەگیران تا بزانن لەسەرچی محاكەمەیان بكەین؟ لەو كاتەدا لەكۆی حەوت دۆسێ پێنجیان هی كورد بوون، ( بەرزانیەكان، فەیلیەكان، ئەنفال، هەڵەبجە، راپەرینی شعبانی ساڵی ١٩٩١ كەبەشێكی هی كوردبوو.هورەكان و كوشتنی بیاوانی ئاینی)

واتا ئێستا راپەرینیش دۆسێیەكە لەدادگا؟

بەڵێ راپەرین دۆسێیەكی سەربەخۆیە. لەوكاتانەدا بوو كەئەنفال هاتە پێشەوە، واتا ئەنفال ئەولەوییەتی پێدرا بۆ ئیشكردن، ئەگەر تۆباسی ئەوە بكەیت كەی ئیشتان بۆئەنفال كردووە، من دەڵێم لەسەردەمی رێكخراوی ئیندایتەوە لەدەرەوە ئیش بۆ ئەنفال كرابوو، چونكە دوایی ئەو ئەوراقانە هێنرانەوە هەربەوەش تۆمەتبارەكان تەوقیف كران ،چونكە بەپێی قانوونی نێودەوڵەتی تەنانەت قانونی عیراقیش ئەوانەی كە دەگیران وەكو صدامو ئەوانە یان ئەوانەی پێشتر لەگەڵ سەدام بوون دەبوایە هەموویان ئازادبكرایەن، دوای گەرانەوەی سیادە بۆ عیراقیەكان لەمانگی ٢٠٠٤/٧) چونكە ئیتر ناتوانریت وەكو ئەسیر مامەڵەیان لەگەڵ بكریت .لەبەرئەوەی هیچ تۆمەتێك نیە روبەروویان بكەینەوە، بۆیە دەبوایە بەپێی قانونی عێراقی تۆمەتیان روبەروبكەیتەوە، بۆئەوەی بەپێی ئەو تۆمەتانەی روبەرویاندەكرێتەوە( على ذمە القچیە) تەوقیف بكرێن،ئینجا دەبوایە دۆسێی تاوانەكانیان ئامادەبكرێن،بۆئەوەی پێی دادگایی بكرین، چونكە بەبێ تۆمەت ناشێت تۆ كەس بگیرێت.

ئەگەرباس لەوی تربكەین لە دوای رزكاری عێراق كەی دەست بەئەنفالكرا بەراستی لەبیدایەتی (سی پی ئەی) یەوە وردەوردە، لەسەر هەموو كەیسەكان كراوە، وەبەتایبەتی ئەنفال یەكێك بوە لەوانە با زۆر نەلێم: من، من بەلام گرنگیمان پێداو خۆمان بۆماندوو كرد، دەمزانی دۆسێیەكی حاشاهەڵنەگرە، كەس ناتوانێ ئینكاری بكا،لەزۆر لایەنەوە، بەڵگەكانی دیاربوون، ناوچەی جوگرافیەكەی دیاربوو ، بەردەوام لەلایەنە بیگانەكە ئیشی لەسەردەكرد بەتایبەتی هێزی هاوپەیمانان هەوڵیان دەدا ئیش لەسەرئەوەبكەن چۆن بناغەیەك دابنێن تاوانبارەكانی لەسەر دادگایی بكەن.

لەمانگی ٩ی ٢٠٠٤ وەحدەی هەندسەی عەسكەری ئەمەریكی (CID) Criminal Investigation Division ( تیمی لیكولینەوەی تاوان) لەموسڵ چووبوون گۆری حەزەرەیان هەڵدابووەوە، كۆمەڵێك پێناسەیان دەرهێنابوو دوایی دایان پۆشیبووەوە، كە هەویەكانمان دەستكەوت من و برادەرێك لە١٢/٢٥ ئەوكاتە ئێمە لەسلێمانی بووین، چوین لەبنگرد كەسوكاریانمان دۆزییەوە.

مەبەستت ئەوانەی سێدەرە؟

بەڵێ، سێدەر .

چۆن ئەو هێزە لەخۆیەوە چووبوو ئەوگۆرانەیان هەڵدابووەوە؟

ئەوە تیمێكی سەربازی بووە،لەعەسكەریدا عادەت وایە،خەڵك چووە ئیخباری كردووە، لەنزیكترین سەربازگە ووتویانە: كاتی خۆی بینیومانە لەم ناوچەیە شۆفڵ ئیشی كردووەو چاڵیان هەڵكەندووەو دایان پۆشیوەتەوە، یان ووتویانە خەڵكیان لەم ناوچەیە رەمی كردووە، ئەوانیش چوون شوێنكەگەراون،لەبابەتی ئەوە لەسەرتاسەری عیراق لەجنوب، كەربەلاو ئەو شوێنانەش ئەوە رویداوە. بۆ نمونە خۆمان لە(رجوانیە) لەگەڵ عەسكەری دوو رۆژ خەریكی گەران بوین بە دوای كوری بەكومەڵدا، من خۆم لەگەڵ فرقەی خەبیری گۆری بەكۆمەڵ لەلەندنەوە پێنج كەس بوون و ئەوكاتە لەگەڵمان هاتبوون بو هەمان ئوفیس بۆ بەغدا، ئەو تیمە كاتی خۆی لە (بۆسنێ) ئیشیان كردبوو، هەموومان عائیدی حكومەتی ئینگلیز بووین، موچە خۆری ئینگلیز بووین، یان كۆنكتراكتەربووین لەگەڵ حكومەتی ئینگلیز، بەلام لەگەڵ هیزە هاوپەیمانەكان یان لەژێر چەتری ئەواندا كارمان دەكرد.

کەپێیان دەوتین، لەفلان شوێن گۆڕێك هەیە یان گومانمان هەیە گۆڕێك لەوێ هەبێت، دەچووین بەنزیکترین فرقەی عەسکەریمان دەگوت،ئاگادارمان دەکردن، فرقە عەسکەریەکەش شۆفلو شتی خۆیان دەهێناو هەڵیان دەدایەوە، بۆئەوەی بزانن راستە یان نا؟ ئیتر دایان دەپۆشییەوە،هەندیك جار تەنها خۆیان دەیان کرد هەندیك جار بەکومەك لەگەل ئەوتیمەپسپورەی ئیمەدا، لەبیریشت نەچێت ئەوان بەدوای هەموو ئیخباریەکدا دەچون ، بۆ دۆزینەوەی چەکی کۆکۆژوگۆڕی بەکۆمەڵ، چونکە دۆزینەوەی ئەوگۆڕە بەکۆمەڵانەش بۆئەوان بەقەد دۆزینەوەی چەکی کۆکوژ گرنگی هەبوو، ئەوگۆڕەی حەزەریش ئاوا هەڵیان دابووەوەو دواتر بەشێوەیەکی نیوەناچڵ دایان پۆشیبووەوە.

ئەوان تیمی پسپۆر یان بابڵێین هیچ کادرێکی پرۆفیشناڵیان لەگەڵدا بوو؟

کادری پرۆفیشناڵیان لەگەڵدا بوو بەلام زۆر عەسکەریانە هەڵیاندابووەوە، بەڵام باشترین شت کە کردبوویان ئەوەبوو بۆ ماوەی سالێك پارێزگاریان لێکردبوو، نەیان هێشتبوو کەس بچێت بەلایاندا، تا ئەو کاتەی ئێمە چووین جارێکی تر بەزانستی وپروفیشنالانە هەڵماندایەوە.

لەو هەڵدانەوەیەی گۆڕەکەی حەزەردا تەرمەکانیان نەشێواندبوو؟ مەبەستم ئەوەیە بەڵکە( ئەدلە) یاساییەکانیان وون نەکردبوو؟

نا دەتوانم بڵێم بەو شێوەیە نەیان شێواندبوو ئەدللەکان ون ببن، مەبەستم چیە کە دەڵێم نەیان شێواندبوو، کەبە شیوەیەکی شارەزایانە دایان پۆشیبووەوە..لەزانستی هەلدانەوەی کۆری بەکۆمەڵدا لیڤڵ هەیە، ئەوە مەوزوعێکی زۆر دورو درێژە کە جیاوازی ئەولیڤلانە چیە. ئەگەربە جۆریکی تربۆت باس بکەم، ئەمەش کتومت وەکو وەستایەکی بینا وایە، لەهەموو دنیادا وەستا هەیەو خانوو درووست دەکات، بەلام خۆ هەمووی هەر پرۆفیشناڵ نیە، وەستا هەیە دیوار دروست دەکا،شاوڵی لێناداو وەکو ئەوەی کە لەلادێ دەیبینین دیواردروست دەکا، هەیە شاوڵ بەکاردەهێنێتو هەیەبەردی مەرمەڕت بەشێوەیەکی زۆر وردو و ئاخر دەرەجەی پرۆفیشنالانە خانوویەکی زۆرجوانت بۆدروست دەکات. هەموشی پی دەڵین وەستاو هەمووشیان خانوو دیوار دروست دەکەن.

ئەوەی کە ئەوان کردبویان لەپلەکانی خواری خوارەوە بوون، لەبەرئەوە ئەوان تەنها ئێسقانەکانیان کردبووەوە کیسو لەشوێنی خۆی دایان نابووەوە، کە ئێمە چووین هەڵماندایەوە هەروا نەچووین خەبیرمان هێنا، کە لەهەموو دنیادا تەنانەت لەبۆسنیاش بەوجۆرە وردەکاریە وا هەڵنەدراوەتەوە، چونکە دوا تەکنولوژیای لێکۆڵینەوە و شیکاری تێدا بەکار هاتبوو، کەبەشی یەکەمی تەرمەکانمان لابرد، ئەوانەی کەئەوان هەڵیاندابووەوە و ناشتبویانەوە،زۆر ئیعتمادمان نەکردە سەر ئەوانەی ئەوان لەبەرئەوەی لەژێر ئەوانەوەش هێشتا زۆر تەرمی تر مابوو،لەتەنیشتیانەوە چاڵی تر هەبوون تەرمی تریان تێدا بوو، ئەوان دەستیان لێ نەدابوو، لەبەرئەوە ئیشەکەمان تێکنەچوو، توانیمان باشتر کەڵك لە ئەدلەکانیان وەرگرین، کارەکەمان باش هات بەدەستەوە.

خەبیرەکان کێبوون؟

ناوی هەمویانم لەبەردەست نیە بەلام سەرۆکی تیمەکە ناوی "سۆنی ترامبل" بوو کەخبیرومهندسی سەربازی سوپای ئەمەریکی بوو.

پێتوایە لەحەزەر هەرئەودووگۆڕە هەبن یان گۆری ترهەیەو دەسیتان لێنەدراوە؟

ئێمە تەنها دوو چاڵمان هەڵداوەتەوە، بەڵام لەحەزەر نزیکەی ٧ چاڵی بەتەنیشت یەکەوە تێدایە کە هێشتا هەڵنەدراوەتەوە، هەریەکەیان رەنگە لە ١٠٠ تا ١٥٠ قوربانی زیاتریان تیدابێ.

چون دەزانن کە ئەوەندە چاڵەی تر ماوەو تەرمی لە ژیردا بی ؟

بەهۆی دراسەکردنی تۆبۆگرافیایی یان بە دەلیلی زانستی دەلێم، مەسەلەن ئەو گڵە کەکاتی خۆی هەڵدراوەتەوە، هەندێك گژوگیا هەیە جیاوازە لەوانی تر، لەوانەی دەوروبەری کەهەڵنەراونەتەوە یان دەستکاری نەکراون ، لەوانەیە شوێنی تایەی سەیارە هەبیت، قەوانی فیشەك، یان هەست دەکەیت کاتی خۆی ئەمە شیوێك بووەو پڕکراوەتەوە.

ئێوە تەنها ئەو دو گۆڕەتان هەڵداوەتەوە ؟

نەخێر، بەهەمان شێوە گۆڕێکی ترمان لەپارێزگای "سەماوە" هەڵدایەوە لەخواروی عیراق. هەرچەندە من ئەو کاتە لەعیراق نەبووم لەبەریتانیا بووم " هەر هەمان گروپ چووبوون لەسەماوە بە پێنج رۆژ گۆڕێکی تریان هەڵدا بووەوەو هەموو تەرمەکانیان هێنا بووەوە لەبەغدا شیکاری (تشریح)یان بۆ کردن، ئەوانەی ناو ئەو گۆڕە هەموو قوربانیەکانی گەرمیان بوون،لەوێش بەپێی ئەو قسانەی کەخەبیرەکە( سونی ترمبل) کابرایەکی شارەزایە لەو بوارەداو بەپیی ئەو رەسمانەی لەبەردەستدا بوون ١٥ -٢٠ چاڵ هەیە بەتەنیشت یەکەوە، ئێمە تەنها یەك چاڵمان هەڵدابووەوە، چاڵەکانیش تەنکن قوڵنین لە ٦٠- ٧٠ سانتیمەتر قولترنین ، هەرئەوەندە گڵیان بەسەرەوەیە بەڵام ئەوەی حەزەر بەپێچەوانەوە دوو مەتر قوڵ بوون.

گومان دەکرێت ئەوانەی لەخوارەوەن تێکەڵ بوونێك لەنێوان قوربانیەکاندا هەبێت، بەڵام ئەوانەی لەحەزەرن گومانی تێدانیە کەوا هەموویان ئەنفالکراوەکانن.

وای بۆدەچم ئەوانەی جنوبیش بەناوچەیە،لەمحاویل گۆری ئەنفال نیە، لە دەوری نوگرە سەلمان و سەماوە بەهەمان شێوە ناتوانین بۆ عەرەب بگەرێین، بەلام رەنگە ئەو شوێنەی جەماعەتی دوجەیلی لێبووە بڵێین تەرمی مردوی عەرەبی لێیە، یان ئەو شوێنەی گۆڕی بەرزانیەکانی لێیە، یان مەنیقەی دیالە چونکە تیمەکانی گوللەبارانکردن چەند تیمیکی جیابوون، لەهەرشوینیك قوربانیەکانیان بردووە بۆشوێنێکی دیاری کراو

بەفەرمانێکی مرکەزی بووە، شوێنەکە تحدید کراوە، ئیعدامەکەشیان لەو شوینەکردوە، یان ناوچەی عەکاشات ئەو شوێنەی کوردە ئیرانیەکان تیایدا "لاجئ" بەناهەندە بوون، بۆسەرو تریش بەرەو تکریت ئەو مەنتیقەیە هەمووی ئەنفالەکانی لێیە، هیچی عەرەب نین. خۆ ئەگەر بەجۆریکی تر وەکو محقق بۆت باس بکەم " ئەمرۆ چاڵێك لێرە هەڵدەکەنن جەماعەتی بەرزایەکانی تی دەکەن خۆ ئەم چاڵە بەکراوەیی نەماوەتەوە هەتا ساڵی ١٩٩١ بۆ ئەوەی عەرەبەکانیش هەرلەهەمان چاڵدا بکوژن ". پێموانیە هیچ تێکەڵ بوونێك هەبێت، مەگەر هەندێ مەنتیقەی وەکو کەربەلا ئەویش وانیە بڵێین ئەم گۆڕە کوردو عەرەبی تێدایە شتی وانیە. پیکەوە لەیەك چاڵدابن.

من لەم ماوەیەی پێشوودا نەخشەی گۆڕێکی بەکۆمەڵیان بۆناردم، لەجەبەل حەمرین، ئایا ئێوە بەوەتان زانیوە؟

بەڵێ ئەوە لای دوزخورماتوون کیڵگەیەکی گەنمە گوایا گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەیەو سایەق شۆفڵەکەش پێی دەزانێت، کاتی خۆی ویستم بچم لەبەر خراپی باری ئەمنی دائیرەکەم، ڕێگەیان نەدام، دواتر ووتم: لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەچم هەر ڕێگەیان نەدا چونکە ناوچەکە لەرووی ئەمنیەوە زۆر خەتەرە.

با کەمێك لەگۆڕە بەکۆمەڵەکان دوربکەوینەوە، بێینەوە سەردۆسێی دادگاکە، ئایا کانی عاشقان بووەتە دۆسێ ؟

بەپێی ئەوقسانەی من لەحاکمم بیستووە کانی ئاشقانیش بووەتە کەیسێك، کانی ئاشقانیش کۆمەڵێك بەڵگە هەیەلەسەری. جانازانم ئەو مەحکەمەیە تاکەی دەمێنێو تاچەند دۆسێی تر دەبات بەرێوە.

واتە گومانت هەیە لەوەی ئەم کەیسەو یان ئەوانەی دوای ئەنفال بچنە بەردەمی دادگا؟

بامن بەراستی پێت بڵێم. خەلەلەکە لەوەدایە دادگاکە بۆ ئەوە دانەمەزراوە نیزامەکە محاکەمە بکات بەگشتی، بەڵکو تاوانبارەکانی ئەو نیزامە دادگایی دەکات، واتە وەکو تاکە کەس محاکمە دەکات نەك نیزام، ئەمە لەدادگای نێودەوڵەتیش هەروایە. باشە دوای ئیعدامکردنی ئەو تاوانبارانە کێ دەخەیتە ناو قەفەزی تۆمەتبارانەوە؟ واتە تاوانەکە توجیهی کی دەکەیت؟ بۆ نمونە ئێستا تاوانبارەکانی دۆسێی بارزانیەکان نەماون، ڕەنگە هەر صدام هەندێکیانی کوشتبیت . ئەی کەوایە لەکەیسی بەرزانیەکاندا کێ دادگایی دەکەیت؟ ئەمەبۆ کانی ئاشقانیش هەروایە، بۆفەیلیەکانیش بەهەمان شێوە، ئەگەر کەست نەبێت تەوجیهی تۆمەتی پێبکەیت کێ دادگایی دەکەیت؟ مەسەلەن ئێستا کەسێك (شکات کەریك) لەسەر دۆسێی کانی ئاشقان دەیەوێت شکات ( سکالا) تۆمار بکات، شکات لەکێ دەکات؟ بۆ بەد بەختی زۆربەی کەیسەکانیش تاوانبارە بچوکەکانی ( مەبەستم لە بچوك لەئاستی بەرێوەبەری ئەمنەکانی سەدام ) نەگیراون و دەرباز بوون و نەشناسراون.

ئێستا بابلێین لەدۆسێی کانی ئاشقان کەسێك مابوو، مەسەلەن مدیر ئەمنی شاری هەلەبجە لەسەروەختی تاوانەکەدا یان جێگرەکەی یان هەر تاوانبارێکی تر؟

باشە ئەو کەسە ماوە یان نا؟ و لەکوێ یە ئایا گیراوە؟

مەبەستم ئەوەیە ئەگەر مابوو؟

ئەوکاتە ئەگەر دادگاکەش نەمابێ، لەدادگای جینائی شکاتی لێدەکەیتو ڕوبەرووی ئەوی دەکەیتەوە.

دادگای جینائی هەمان هێزی ئەودادگایەی هەیە کەئێستا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق محاکەمەی تۆمەتبارانی ئەنفالی پێدەکات؟

ئەو کاتە دەکەوێتە سەرحاکمەکە، چونکە ئەم دادگایە هەموو ئەوەلیاتی ( ارشیفی ) خۆی دەداتە مەحکەمەی عێراقی وابزانم ناوەکەی (محکمە جنائیە مرکزیەالعراقیە) بەئینگلیزی دەبێتە Iraqi Central, Criminal Court CCCI ) ڕەنگە ئەوکاتە ئەو سەلاحیەتانە هەمووی تحویل بێت بۆ ئەو دادگایە، بۆیە دەڵێم ئیعتماد دەکاتە سەرحاکمەکە لەبەر ئەوەی هەندێك لەحاکمەکان کۆرسیان کردووەو ڕاهێنراون لەسەر تاوانی نێودەڵەتی، ئەگەر نا نەخێر هێزی ئەو دادگایەی ئێستای نابێت.

باشە دەوڵەتی نوێی عێراق مافی ئەوەی نیە دادگایەکی تایبەتمەندی هەبێت؟ وەکو ئەوەی ئێستا بۆماوەیەکی دیاری نەکراو بۆ ئەوەی هەموو ئەو تۆمەتبارانەی لەم وڵاتەدا دەستیان لەتاوانی نیودەوڵەتیدا هەیە دادگاییان بکات؟

ئاخر کەدەلێین محکمەی مختص ئەوە موشکیلەیە، یەکێك لەنارەزایەتیەکانی کوتلەی سونی ئەوەیە کەنابێت لەعێراق محکەمەیەك هەبێت ناوی مەحکەمەی مختص بێت. دەستوری عیراقیش ئەوەی دەنگی بۆ دراوە ڕێگە نادات بە دامەزراندنی هیچ جۆرە دادگایەکی تایبەت.

بەڵام ئەوە ستانداردێکی نێودەوڵەتیە خۆ تایبەت نیە بەعێراق؟

ئاخر ئەوەی تۆ دەیلێت تێگەیشتنێکی یاساییەو ئەوەی ئەوان بیریی لێدەکەنەوە حساباتی سیاسیە، وەختی خۆشی کەلەقانونەکەدا نەیان نوسیوە بۆئەوە بوو کە هیچ مەحکەمەیەکی تری وەکو مەحکەمەی سەورە دروست نەبێتەوە، ئیتر تۆ چی ناوێکی تری لێ دەنێی ئەوان هەربەوە تەعبیری لێدەکەن.

هەرلەسەرکراوەیی دۆسێکە، مەسەلەن ئێمە لەسەر ئەوە کۆکین کە ڕژێمی بەعس بەشێوەیەکی سیستماتیك تاوانی ئەنفالی ئەنجامدا، جگە لەسوپاو دامو دەزگائەمنیەکان نیوەی گەلی عێراقیشی لەتاوانەکەوە گلاندووە، چارەنوسی ئەو هەموو تۆمەتبارانە چی دەبێت؟ لەکاتێکدا تۆ ناتوانیت هەموو ئەو تاکە کەسانە ڕاکێشیتە بەردەمی دادگا، ئەی دەوڵەتی عێراق پێویستی بەوەنیە لەگەڵ داوای لێبوردن لەگەڵی کورد لێبوردنێکیش بۆ بەشداربوانی ئەو تاوانە دەربکات، دیارە مەبەستم تاوانباران نیە بەڵکو مەبەستم ئەوانەیە تێوەگلاون؟

تۆ ناراستەوخۆ پرسیارەکەت کرد، بامن بەراشکاوانەتر وەڵامت بدەمەوە، جارێکیان

بۆ شۆخی بەمحمد عوریبی "سەرۆکی دادگا" م گوت : نیوەی کورد لەئەنفالدا رۆیشتو صدام کوشتنی تۆش نیوەکەی تر ئیعدام دەکەیت ،تەبعەن بۆپێکەنینو بەسوعبتەوە. هەروەها بۆجنوبیش بۆ کەیسی ١٩٩١ هەمان شتە ئەو هەموو کەسە کوژراون لەساڵی ١٩٩١و ئەوەندەش پیاوانی بەعس بەشدار بوون لەجنوبیەکان خۆیان( خەڵکی باشور) کە دەبی ئێستا دادگایی بکرین.

مەبەستم ئەوەبوو کەشان بەشانی سوپای عیراقی کوردێکی زۆریش لەشالاوەکانی ئەنفالدا بەشداربوون.

بامن حەقیقەتێکت پێبڵێم ناوی ناهێنم بەڵام موستەشار هەیە ناوی هەیە بەبەڵگەوە لەدوکومینتەکان کەلەلامانەویستوویەتی ٤٠٠ وئەوەندە کەس واتە زیاتر لە ٤٠٠ لە ئەنفالەکان رزگار بکات، نوسراوی بارق هەیە کەدەڵێت:( ئەمە ویستوویەتی بیانشارێتەوەو نەجاتیان بدات، مستەشارەکە جنێوی پێدراوە بەنوسین لەبەڵگەنامەکاندا هەیە، ئەم موستەشارە ویستوویەتی پیاوەتیەك بکات، خەڵك رزگاربکات، بەڵام لەهەمان کاتدا هەر ئەو موستەشارە، ناوی هەیە کە لەبەرئەوەی بەشداربووە لەئەنفالدا نۆت شجاعەی وەرگرتووەو سوپاسیشکراوە!! دەمەوی بڵێم مەرج نیە ئەوەی لەدۆسیکەدا ناوی هاتبێ سەبینێ تاوانبار دەرچێت، بەڵام دەبێت بچێتە بەردەمی دادگا لەوێ بەرائەتی یەکلایی بکرێتەوە. مەرج نیە ئەوەی بچیتە دادگا تاوانباربیت.

بەتەنها مەبەستم موستەشارەکوردەکان نیە، بەڵکو هەموو ئەوکەسە عێراقیانەی لەتاوانەکەدا بەشداربوون.؟

ئەوانەی تریش، ئەفسەرەکان، عەرەبەکان، خۆ هەموو ئەنفالەکان بەدەستی عەلی حەسەن مەجید نەکوژراون، بۆیە وەکو تۆ دەڵێت حکومەتی عێراقی دەبێت لیفلێك دابنێت بڵێت هەتاکو عزو شوعبەیە چیە من ئەوەیان نازانم، و دەبیت حکومەت بڵێت تا ئەوێ قەیناکا بەڵام لەوە بەدواوە دەبێت دادگایی بکرێن، چونکە تاوانەکە ئەوەندە گەورەیە بەیەك کەس و دووکەس نەکراوە بەڵکو بەچەندین هەزار کەس ئەنجام دراوە.

خەڵکی تریش هەیە تیایدا تاوانبارن، بەڵام کە دەڵێین عەدالەی ئینتقالی، وەختی ئەوەشە کەموسالحەی وەتەنیشی تێبکەوێت، لێبوردنی تێبکەوێت، با ئەوەش بزانی هەموو ئەوانەی بەشداریشیان کردووە نەیان زانیوە نەتیجەی تاوانەکە چی دەبێت، تەنانەت سوڵتان هاشم دەیگوت: ئەگەر کاتی خۆی بمانزانیبایە یاسایەك هەیە وەکو ئەویاسایەی ئێمەی پێمحاکەمە دەکەن، ئەو کاتە ئێمە شتێکی ترمان دەکرد بەشداری تاوانەکەمان نەدەکرد، هەرچەند ئەم قسیەیە ناکاتە برائەتی سولتان چونکە ( القانون لا یحمی المغفلین). و تەنانەت نەیوت پەشیمانم بەڵکو سور بوو لەسەر ئازایەتیو دلێری کە ئەوکاتە ئەنجامی داوە.

سولتان هاشم ئەمەی ووت؟

بەڵی لەدادگا ووتی..حسێن رەشید بەهەمان شێوە، یاسا جێبەجێکردن بەزەیی تیدانیە.

حسین رەشید ووتی چی؟

ئەویش لەدادگا ووتی: ئێوە ئەو هەموو گۆرە بەکۆمەڵە پیشان دەدەن بۆ سومعەی عەشایەری ئێمە جوان نیە، ئەمە جۆرێکە لەپەشیمانی لەشەرمەزاری، بەڵام ئەمەش هەیە حکومەتی عێراقی هەقە بیری لێبکاتەوە. من یەکێك لە پرۆژە مستقبلیەکانم ئەوەیە کە دەبێت کلیەی عەسکەری ئیتر قانونی نێودەوڵەتی بخوێنێو شتێك لەبارەی مافی مرۆڤەوە بزانێ و بەراستی بیخوێنی. بۆئەوەی کاتێك ئەفسەرێك نەجمەیەك دەخاتە سەرشانی بۆئەوە نیە کەبێێ سێو دوو یەکسەر بەقسەی نەقیبەکەی یان بەرپرسەکەی بکاو مافی مرۆڤ پێشێل بکات، رەش و سپی و تەرو وشك لیك جیا نەکاتەوە، بەڵکو بۆئەوەی خۆشی عاقڵ بێت خۆشی شتێك بزانێ، پێویستە لەمەکتەب خوێندبێتی بۆ ئەوەی کەسبەینێ تاوانێکی کرد نەڵی من نازانمو نەمزانیوەو شارەزایم لێی نیەو فەرمانی سەرو خۆم جیبەجی کردوە. پێویستە بەشێك لەمافەکانی مرۆڤ شارەزابێتو داکۆکی لێبکات.

ئێستا لەنەیتۆ لەبەرنامەی یارمەتی دانیان کەبۆ سوپای تازەی عێراقی هێناویانە بۆ هەیئەی ئەرکانو حەربی عێراقی بەشی ئەوەشی تیدایە کەتۆ دیفاع لە وڵاتەکەت دەکەیت، چۆن خۆت لەتاوانە نێودەوڵەتیەکان دەپاریزیو مافی مرۆڤ پێشیل ناکەیت، واتا تۆ تەنسیقێك دەکەیت لەنێوان داکۆکی لە وڵاتەکەتو داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤ، بابڵێین بۆنمونە تۆ خاوەنی وڵاتیو وڵاتێکی تر هێرشت دەکاتە سەرتۆ سوپایەکت هەیە داکۆکی لەوڵات دەکات، با زۆر ئازاو چاونەترس بێت بەڵام خۆ ئەمە واتای ئەوەنیە کە چووە ئەودیو سنور بەپاساوی ئەوەی داکۆکی لە وڵات دەکات هەرچی ژنومنداڵو خەڵکی سڤیل هەیە بیکوژێت، یان فرۆکەوانێك دەیەوێت هێرش بکاتە سەرگوندێك ئەو رێگایانە چین کە دەبێت پێشتر بیگرێتە بەر بۆئەوەی تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجام نەدات؟ بۆ ئەوەی خەڵکی مەدەنی ژن ومنداڵ نەکوژیت .. ئاگادارکردنەوەی خەڵکە مەسەلەن خەڵك ناردنە یان بەیان بڵاوکردنەوەیە، دووسێ جار خولانەوەیە بەدەوری دێکەدا، تۆ پ هاویشتنە بەدەوری دێکەدا تا خەڵکی مەدەنی دەچنە دەرەوە، پێویستە ئەفسەر بزانێ چۆن شەریش بکاتو پێشێلی مافی مرۆڤیش نەکات، پێویستە ئەوە بزانرێت کەتەقەکردن لەژنومنداڵ، خەڵکی بێچەك لەئیسعاف لەرۆژنامەنوسان،لەپیاوی ئاینیو تێکنەدانی مزگەوتو قوتابخانە لەخەڵکی مەدەنی.. ئەسیر کوشتن ئەمانە هەموو بەدەرن لەیاساکانی شەر ، پێویستە شەرکەر ئەو یاسایانە بزانێ .

دۆسێی ئەنفال مادام بەجینۆساید ساغکرایەوە و تاوانبارنی پێسزادران، مەسەلەن یەکێك لەو تاوانانەی تۆمەتبارانی پێسزادرا تاوانی دژی مرۆڤایەتی بوو، ئایا ئەمە دەرگایەکی گەورەنیە بەروماندا کراوەتەوە؟ یان کلیلێك نیە بۆئەوەی کۆدەکانی پێبکەینەوە، روبەروی کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتی ببینەوە؟ تا لەوێوە بتوانین ئەو حەصانە نێودەوڵەتیە بەدەست بهێنین کەبۆ گروپێکی جینۆسایدکراو پێویستە؟

ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەت نەتیجەکانی، دۆسیەی ئەنفال بێت و لەسەرئاستی جیهان بەرەسمی بناسێنین، با لەمیانەی پرسیارەکانتەوە بڵێم بۆئەوەی نەیەتەوە سەرئەو پرسیارە، چونکە دەزانم ئەوپرسیارەشم هەر لێدەکەیت، مەسەلەن ئەگەر تۆبڵێی شەعبی عێراقی یان کۆمیتەی سەرۆکایەتی یان مالکی، یان سەرۆکایەتی دەیانەوێت سولتان هاشم عەفووبکەن، ئەوە ناتوانن، من ناچمە سەر ئەوەی کێ سەلاحیەتی هەیە یان سەلاحیەتی نیە، هەرچی تاوانێك تاونی نێودەوڵەتی بێت دەبێت هەموو موجتمعی نێودەوڵەتی عەفوی بکات ئەوەش مەحاڵە، چونکە تاوانەکە تاوانی نێودەوڵەتیە، ئیهانەی کەرامەتی هەموو بەشەرییەتە، ئەوەی کە تۆش دەیڵێیت، ناساندنی ئەنفال بەجینۆساید، ئا دەتوانین بیکەین، بەڵام وەخت و ماندوبوونێکی زۆری دەوێت، ناساندنی ئەنفال بۆ بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوە دەبێت لۆبی هەبێت جارێکی تر ئەو دۆسێیە بەرزبکرێتەوە، لەئاستی نێودەوڵەتیدا ئەوەش لۆبی دەوێت، ئایا نوێنەری عێراق لەنەتەوەیەکگرتووەکان پشتیوانی ئەم کارە دەکات؟ یان ئەم پرۆژە یە دەکات؟ ئەوەیان نازانم ئاخۆ دەیکات یان نا.

من دلخۆش نیم بەنوێنەری عێراق ئایا بەبێ عێراق دەتوانین ئەوە بکەین؟

وەکو ووتم دەکرێت بەڵام ئەوە لۆبی کوردی دەوێت، دەبێت ئیشی بۆبکات، کارێکی قورس و درێژخایەنە کارێکی ئاسان نیە، جولەکەکانیش هەروایانکردووە، کورد تازە بەتازە خەریکە دەبین بەشت، بەڵێ دەکرێت بەڵام وەکو ووتم کاری زۆری دەوێت.

بەڵام ئێمە هێشتا لۆبییەکەمان نیە، دەبێت ئەویش دروستبکەین؟

نا دەڵێن هیوایەك هەیە، کورد خەریکە لەئەمریکاو لەدنیای دەرەوە نازانم لە کوێ و کوێ لۆبی کورد دروست بکرێت، واتە بەرزکردنەوەی ئەو دۆسێیە جارێکی تر بەهەموو خەسڵەتە یاساییەکانیەوە جارێکی تر بۆبەردەمی شوعبەیەکی قانوونی لەunو یان دادگای نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، یان لەپەرلەمانی ئەوروپی، کە هەموو رەگەزەکانی تاوانەکە بەراورد بکرێتەوە بە خەسەڵەتە یاساییەکانی تاوانی نێودەوڵەتی، ئینجا داواکاریەکەت چیە؟

داواکاریەکەئەوەیە کەوا کورد بەوپێیەی جینۆسایدکراوە حەصانەیەکی نێودەوڵەتی بۆدروستبکرێت بۆئەوەی جارێکی ترنەکەوێتەوە بەردەم هەرەشەی جینۆساید؟

ئا مەسەلەن بۆنمونە ئەرمەنەکان، چەند دەمێکە جینۆسایدکراوە، تا ئێستا خەریکن، بۆنمونە کوردیش هەروایە ئەمە جگە لە کێشەی یاسایی کێشەی سیاسیشی هەیە، مەسەلەن ئەو دەوڵەتانەی کوردیان پێوە گرێدراوە ئیمزای یان پشتیوانی لەداوایەکی وا ناکەن لەسەرئاستی دنیا، ئەم کێشەیەی ئێستای تورکیا شتێکی لە و بابەتەیە بۆئەوەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بەرەسمی نەناسرێ. بەڵام مەحاڵ نیە، هەرچەندە لێبڕان و خەرجیەکی زۆری دەوێت.

دەتوانم بڵێم وەختێکی زۆریشی دەوێ

باشە کاك کامەران بابۆنمونە بلێین ئێستا ئەلمانیا خۆ قەرەبووی جولەکەکان دەکاتەوە، خۆشی بەشەرمەزار دەزانێ بەرانبەر یەهودیەکان، بەرانبەر بەتاوانی هۆلۆکۆست، بەڵام هەر ئەلمانیا چ کۆمپانیا ئەهلیەکانی چ کۆمپانیا دەوڵەتیەکانی زۆرترین سەهمیان هەیە لەفرۆشتنی مەوادی کیمیاوی بەرژێمی بەعس، ئایا ناتوانین داوای ئەوە بکەین بەلای کەمەوە ئەلمانیا لەبەرانبەرئەو تاوانەدا بەهانای کوردەوە بێت؟ باجارێ ناوی قەرەبووشی لێنەنێین، ئیمە تائەو کاتەی ئەو لۆبیە دروست دەکەین داوا لە ئەلمانیا بکەین بەهانای بریندارەکانی چەکی کیمیاویەوە بێن وەکو بەهانا هاتنەوەیەك وەکو لێکنزیکبوونەوەیەك؟

یەك شت هەیە لێرەدا تاوانباری یەکەم لەئەنفالدا یان لەهەڵەبجە حکومەتی عێراقی پێشووە بەهەموو دەستەلاتدارەکانیەوە، هەندێکیان راستەو خۆ و هەنیکیان ناراستەو خۆ، بۆ نمونە وەزیری بەرگری و عەسکەریەکانی تر و استخبارات راستەوخۆ بەڵام هەندیك لەئەندامانی مجلس قیادەی سەورەو و قومی و قوتری بەناراستەوخۆتاوانبارن. هەریەکەیان بەپیی زنجیرەی مەسئولیاتەکەی، راستە ئەلمانیا یان هەر دەوڵەتێکی تر مەوادی پێفرۆشتووە، بەڵام ئەوەی چەکەکەی کڕیوەو کۆمپانیای چەك سازی هەبووە و بەکاری هێناوە عێراق بووە.

بەڵام لە هەمان کاتدا بە دیوە شارستانی و مرۆڤایەتیەکەیدا قسە بکەین ئەوە خۆ خەباتێکی شارستانیە، لەخەباتی چەکداری کاریگەرترە.

جارێ بابزانین حکومەتی عێراق ئەو ئیمکانیەتە مادیەی هەیە قوربانیەکان باش بژێنێ با ناوی نەنێین قەرەبوو، مەرج نیە تۆ بلێی من خانووەیەکم روخاوە دەبێت بۆم قەرەبوو بکاتەوە، مەسەلەن بابڵێین عێراق پارەیەکی وای لەبەردەستدا هەیە ئاستی منداڵێکی ئەنفالی کورد، یان منداڵێکی هۆرەکان، ئەوانەی لەبارێکی خراپدا دەژین بەرزو چاك بکات، ئەگەر ژیانێکی زۆر بەرزیان بۆدابین نەکریت بەڵکو ژیانێکی مامناوەندی ئەمە بکات لەداهاتی عێراق باشە، دوای ئەوەش هەندێك قەرەبوو هەیەناکرێت، قەرەبوو کردنەوەی مەعنەوی ناکرێت، لە ئێستادا من قسە لەسەر حازر دەکەم قەرەبوی مەعنەوی مەسەلەن تاوانبارەکان مادام سزای قەتعی دراون لەلایەن دادگاوە سزاکەی خۆیان وەرگرن، قەرەبووی مەعنوی جۆرێکی تریشە ئەو تەرمانەی ئێستا لەبیابانن لانی کەم حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم بیانهێنێتەوە، لەخاکی کوردستانادا بیان نێژن، کەسوکاریان بچنە سەر گۆڕ یان مویمینتەکەیان ئەمە لە رووی سایکۆلۆژیە. سەبورییەکە ئەمانە قەرەبووکردنەوەی مەعنەویە یان مەسەلەن

هەر لافتەو شیعار نەبێت.

بەڵام کاک کامەران مادام دۆسێکە دادگا بەجینۆسایدیەکلایی کردووەتەوە، وەکو مەسەلەیەکی ئەخلاقی ئەرکی دەوڵەتی عێراق نیە داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات؟

ئاخر یەك شت هەیە، ئایا حکومەتی عێراقی خۆی بەمیراتگری حکومەتی بەعس دەزانێ؟ هەتاکو بێتو داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات؟ نامەوێ بچمە ناو هەندێك مەسەلەی سیاسیەوە.

بەڵام خۆدەبێت قسەیەك بکات؟

ئا بەڵام کەتۆ وتت من داوای لێبوردن دەکەم، کەوا تاوانەکەم کردبێ باشەتۆ چۆن بەمام جەلال وەکو سەروك کوماری عیراق یان مالیکی سەرۆکی ئەنجومنی وەزیرانی عیراقی دەلێیت؟ خۆی هێرشی کیمیاوی کراوەتە سەر، مالکی خۆی ئاوارە بووە، من چۆن بتوانم پێی بڵێم داوای لێبوردن بکە بەکام مەنتیق؟ حکومەتی عیراق داوای لیبوردن لە هەموو گەلی عیراق بکات.

بەڵام کاك کامەران کاتێك دەلێین عێراق داوای لێبوردن بکات ،مەبەست لەوەیە بە مەرسومێکی کۆماری حەصانەیەك بۆ هەموو گەلانی عێراق دروستبکرێت، نەك هەر بۆ گەلی کورد، بەڵکو عەرەبیش بەدەستی دەوڵەت جینۆساید نەکرێتەوە، واتە متمانەو لێبوردەیی بۆ گەلانی عێراق بگەرێتەوە.

ئەمەیان مەسەلەیکی ترە، عێراق بەمەرسومێکی جمهوری دەتوانێ ئیدانەی ئەو تاوانە بکات.

بەڵام تۆ ناتوانیت بڵێیت وەرە داوای لێبوردن بکە. لەبەر ئەوەی ئەوان نەیانکردووە.و بیرت نەچیت لەکەلتوری ئیمەدا داوای لیبوردن ئەتوانم بڵێم نی یە بەتایبەت لەئاستی سەرەوەدا .

دێینە سەر ئامادەکردنی دۆسێکە، چۆن دەستتان پێکرد، چۆن توانیتان بەڵگەی تەواو بۆ ساغکردنەوەی دۆسێکە مسۆگەر بکەن؟ رادەی ماندووبونتان چەندە ، رەنگە ئەوەیان بەلای تۆ زۆرخۆش نەبێت، بەڵام بەلای منەوە زۆر گرنگە بیزانم، چونکە ئەمرۆ ئەوانەی خۆیان بۆ ئەنفال تەرخان دەکەن، خەڵکانێکی زۆر کەمن. ئەو رۆحیەتە زۆر زەعیف بووە.

بالەسەرەتاوە ئەوە بڵێم من لەوکاتەی کارم لەو دۆسێیەدا دەکرد فەرمانبەر بووم، بەڵام ئەوەی کەدەڵێت سەعاتێك بۆ خواو سەعاتێك بۆ خۆت، سەرباری ئەوەی موچە خۆر بووم ، لەسەرو ئەوەشەوە دڵسۆزی لەرادە بەدەرو شونخونیم لەبەر ئەوە بووە من کوردم واتە بەشیکم لەقوربانیەکە، لەوەش گەورەتر تموحی خۆم بووە، ئەو دۆسێیە سەرکەوێت.

بەڵام ئەگەر تۆ هیلاك بوونی ئەوەم لێبپرسیت ، ئەتوانم بەنمونە پێت بڵێم من سێ چوار ساڵ لەماڵی خۆم دوربووم، خۆم و ژنەکەشم ماڵمان جی هیشتوە، ئەوانەشی کە هاتن بۆ محکەمە،شوێنی ژیانمیان دیوە لەبەغدا لەژێر تۆپباران‌و وەزعێکی ئەمنی خراپمان هەبووە. ئەمانە شتی نەفسین کەبەموچە تەعویز ناکرین.

بەڵام تموحم هەبووە تیایدا یەکێك لەو هیوا گەورانەم ئەوە بووە ئەنفال ببێتە دۆسێیەکی گەورەو بە دونیا بناسریت و تاوانبارانی سزا بدرێن.

ببورە ئەگەر قسەکەت پێ ببرم ، پێمخۆشە بچینەناو وردەکاری ئیشەکەوە، من لەگرنگی ئو وێنەیە تێدەگەم کەویستان ئامادەی بکەن‌و پیشانی دادگای بدەن، نەك هەرخۆت بەتەنیا بگرە محقیقەکانی کەلەگەڵتابوون.. ئیترهەرلەدۆزینەوەو هەڵدانەوەی گۆرەکانی حەزەرو دۆزینەوەی شاهید حاڵێکی گرنگ بۆ دادگاکە..بێگومان ئەمە جگە لەماندووبوونەکەی وردەکارییەکی ئەتۆشی ویستووە.؟

مەسەلەن بابلێین کە تۆ ئەتەوێ دۆسێیەك ئامادەبکەیت، جارێ یەکەمین کارێك مەوادە خاوەکە لەئینداتەوە بوو، هەوڵدانەکەش لەخۆمانەوە دەستمان پێکرد، کە ئەو کەیسەدروستبکەین، لێکۆلینەوەی وردی تێدابکەین، وا تەحقیقی تێدا بکەین، کەبۆ تاوانی جینۆساید بشێت،ئەگەر بمانەوێت جینۆساید ئیسپات بکەین، دەبێت بێین لەرەگەزەکانی بگەرێین، ئەو رەگەزانەی تاوانی جینۆساید دەسەلمێنن چین؟ مەسەلەن ئەو تاوانە سیستماتیك بووە یان نا؟ ئایا تاوانەکە بەربلاو بووە؟ یان بابلێین زۆرترین ناوچەی جوغرافی گرتووەتەوە؟ یا سڤیل بووەتە قوربانی ئایا رێگە لەمنداڵ بوون گیراوە، ئایا سەرچاوەی ژیان تێکدراوە؟.. و زۆری تریش . کە ئەو رەگەزانە دەبێت هەمووی بدۆزیتەوەو لەسەر ئەرزی واقع نیشانی بدەیت، ئەوەش کارێکی ئاسان نیە، رەگەزەکانی تاوانەکە لەقانونی عێراقی‌و لەقانوونی نێودەوڵەتی بەمتابقی( هاوجووت)دەرچوون. ودائیرەکەمان ئیمکانیاتیکی باشی تەرخان کردبوو بۆ ئەو کارە بەڵام خۆشبەختانە دائیرەکە پارە و فەرمانبەری لەبەردەستدابووە،تحقیق و دادگای دۆسێکە پارەیەکی زۆری تێچووە. بەڵام نەتیجەکەشی باش بوو.

چەندگۆرتان بۆ ئیسپاتی تاوانەکە هەڵدایەوە؟

گۆرێکییان لە حەزەر گۆرێکی تریان لە سەماوە.

چەندێك پارە پێویستە بۆ هەڵدانەوەی گۆرێکی بەکۆمەڵ؟

ئەوەی حەزەر نزیکەی( ٧٠٠٠٠٠٠,٥ $) حەوت ملیون‌و نیو دۆلارمان داوە، ئەوەی سەماوەش نزیکی(٥, ٥٠٠٠٠٠٠ $) پێنج ملیون‌و نیو دۆلاری تێچووە، ئەمە هەمووی بەدۆلار بووە،هەمووشی پارەی ئەو دائیرەیە بوو کەئێمە ئیشمان تیداکردووە، ئەگینا نەهی حکومەتی عێراقیەو نەهی کەسی ترە، هەموو ئەو پارەیەش دراوە بەو تیمەی کەگۆرەکانی بۆ هەڵداوینەتەوە.

ئەگەر لێرەوە بچینە ناو ئەو باسەی یان ئەو هەڵا ئەعلامییەی کەووتیان: تەرمەکان بەبێرێزییەوە هەڵگیراون، یان لەناو عەلاگەو گونێدا دانراون‌و فرێدراون، ئەو کاتە شعورت

دیداری ئەنفالستان

چۆن بوو؟

ئا باسی ئەوەش دەکەین، لەراستیدا ئەوە وانیە، من لەکۆڕێکدا بەرەسمەوە پیشانمدان، بەپێچەوانەوە گۆڕەکان بەئەخیر تەکنۆلۆژیا هەڵدرابوونەوە، تا ئەوپەری بەرێزەوە پێچرابوونەوەو هەڵگیرابوون، لاشەکان تا دواهەمین رۆژی دادگایکردنەکە، لەژێرکۆنترۆڵو چاودێری دادگادابوون لەبەغدا، نەچوونەتە دەرەوە لەبەر ئەوەی نەکا یەکێك لەپارێزەرەکانی تاوانبارەکان داوای تەرمەکان بکاو تانەی لێبدەن، لەبەر ئەوە تا تۆ بۆی ئامادەدەکەیتو دەیخەیتە بەردەستی پارێزەرەکە رەنگە تا ٦ مانگ دۆسێکە دوابکەوێت، لەبەرئەوە زۆر جار تۆ ناتوانی راستیەکان بلێیت لەبەرخاتری ئەوەی درۆیەکی ئیعلامی بەدرۆ بخەیتەوە

دوای ئەوەش کەگوێزرانەوە بۆ هەولێر لەفرۆکەخانە نەماونەتەوە، بەڵکو لە خەستەخانە لەمەیتخانەی هەولێر شوێنێکی تایبەتیان بۆ دروستکردبوون، زۆر لەو شوێنەی ئێمە باشترو پێشکەوتوو تر بوو لەبەغدا، بۆیە رەزامەندیشمان دەربری بهێنرێنەوە بۆ هەولێر.

من دلنیام لەم راستیەو پێشتریش وێنەکانم بینی، بەلام ئەم هەلا ئەعلامیە تاچەندە بریندارى کردیت؟

بریندارت دەکات، بەڵام ناخۆشییەکەی لەوەدا بوو کە ئێمە هەمو راستیەکەمان دەزانیو نەمان دەتوانی قسە بکەین، بۆئەوەی زەرەر لە دۆسێکە نەدەین، چونکە هێشتا دادگاکە تەواو نەببوو، مەسەلەن پارێزەرێك دەڵێت تەرمی ژمارە ئەوەندەم دەوێت، تۆ ئەو کاتە چی پێدەڵێیت؟. کە ئێمە خۆمان دەخواردەوەو بریندار دەبووین ئەوەبوو کەنەماندەتوانی هیچ بلێین لەبەرخاتری دۆسێکە، بەداخەوە رۆژنامەو رۆژنامەوانی کوردی قسە لەدەمی خەڵکەوە وەردەگرێ، مەسەلەن برادەرێکی خۆم دەهات دەیگوت: چیتان کردووە بۆ ئەومەسەلەیە بێگومان من ناتوانم هیچی پێبلێم بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەم ئەعلامەوەو زەرەر لەدۆسێکە دەدات، حەزدەکەم بە سەراحەت پێت بلێم : ئەویش لەبەرئەوەی ئێستا دۆسێکە تەواوبووە بۆیە پێت دەلێم، ئەورۆژەی کە تەرمەکانمان هێنایەوە بەفرۆکەیەکی تایبەت (عەسکەری بوو) هینامانەوە بۆ هەولێر، کەچووین سواری تەیارەکە ببین ئەو نامەی کە وەکوپسولە وایە بۆ سواری بوونی تەیارەی عەسکەری ئیکسپایەربوو ، ووتیان تۆ ناتوانی سواری ئەم تەیارەبیت،دوو برادەرەکەم ( هەردوکیان ئەمریکی بوون رۆیشتن و تەرمەکانیان سواری تەیارە تایبەتەکە کرد.

هەمان کات چوم بەشی مەتاری مەدەنی بغدا و بە هیمەتی هەندیك برادەری مەتاری بەغدا لە ماوەی سعاتیکدا منیش تەیارەی هەولیرم دەست کەوت ( سدفەیەکی زۆر سەیر بوو) . تامن بەتەیارەی مەدەنی گەیشتم ئەوان نیوسەعات پێش من گەیشتبوون، هەموو جیاوازیەکەمان نیو سەعات تا سی چارەك بوو، کە لە متار دابەزیم تەرمەکان بەری کرابوون بەرەو نەخۆشخانەی هەولیر بۆ مەیتخانە ( یان باشتروایە بلێم ئەو شوینەتایبەتەی کە بویان ئامادەکرابوو لە ناو نەخۆشخانەی هەولێر) واتە بە هەر هەمووی تەرمەکان ٤٥ دەقیقیە لە مەتار ماونەتەوە و وەزیری ئەنفال خۆی بە شەخسی لەگەل دیوانی سەرۆکایەتی هەریم لە مەتاری هەولیر ئامادەی کارەکە بوون.

دوای سێ مانگ ئینجا برای رۆژنامەنوس دەنوسێت: وەاللە مەیتەکان لەمەتاری هەولێرکەوتوون.. !! من خۆم بەدواداچونم کردوە و وینەم گرتون ، وتمان لێیانگەرێن با قسەی خۆیان بکەن، بەنیسبەت ئێمەوە گرنگ ئەوە بوو زەرەر بەر دۆسێکە نەکەوێت.

با بێمەوە سەر ئەوەی چۆن کارەکەمان کردووە، هەر لەمانگی ٩ی ٢٠٠٤ وەکو لە پێشەوە ووتم دوو گۆڕ هەڵدرابوونەوە، عەسکەری چەند پێناسێکی قوربانیەکانیان دەرهێنابوو ، لەئیندایتەوە کتابێك هات دەڵێت: (لەسەر ئەو دوگۆڕە کاربکەن).

گەورەترین کێشە ئەوە بوو چۆن بەکەسوکاری ئەو قوربانیانە بلێن پێناسەی قوربانیەکانمان لەوگۆڕانە دۆزیونەتەوە..! چۆن قەناعەت بەشکاتکار دەکەیت بچێت شکات بکات،لەکاتێکدا ئەو خۆی بروای بەهیچ شتێك نەماوە، لەبەرئەوەی لەدوای ساڵی ١٩٩١وە رێکخراوەکان دەچن درۆیان لەگەڵ دەکەن، وەعدیان پێدەدەنو هیچیان بۆناکەن.. لەکۆڕێکدا لەهەولیر کورێك قسەیەکی زۆر جوانی کرد، ووتی رۆژنامەنوسێك چووتە ماڵی قوربانیەك پێی ووتووە: بگری با مقابلەکەمان جوان دەرچێت؟! ئیتر تۆ تەسەور بکە! چەند سالە زۆربەی ریکخراوەکان و میدیاکان چاوپیکەوتن لەگەل کەسوکاری ئەنفالدا دەکەن و دەیان گرینن و وینەیان دەگرن ئێستا منیش بچم بڵی وەرە ئیفادە بدە، سەدامت بۆ محکمە دەکەم دەڵی ئەمەشیان درۆیەکی تازەیە.. ناهەقیشی ناگرم.

لەراستیدا دۆزینەوەی شایەت و قەناعەت پیکردنی بۆ قسە کردن زۆر زۆر زەحمەت بوو، چونکە من نەمدەویست درۆیان لەگەڵدا بکەم ، بەلام بەختەوەر بووم لەوەیاندا لەبەر ئەوەی هەرلەسەرەتاوە من پێم گووتن نەبەتەمای دەرگاو پەنجەرەبن نەبەتەمای شیشو چیمەنتۆبن لەمن، نەدەتوانم موەلیدەوجادەی قیربۆ بینم بۆ گوندەکەتان من هیچ کام لەوانە ناکەم ، ئەمانە بەمن ناکرێن، بەلام دەتوانم بەلێنی ئەوەت پێبدەم داواکەت بەرمە بەردەمی ئەو دادگایەی دەیەوێ صدام دادگایی بکات، ئەگەر هەڵیش بژێردرای بۆ دادگا ئەوە ئەت بەمە بەردەمی صدامو عەلی حەسەن مەجیدوخۆت شکاتەکەی خۆت دوبارە بکەرەوە، لەوێ دەتوانی قسەی خۆت بکەیتو شکاتی خۆت بکەیت، فعلەن ئەوانەی بردمنە بەغداد، پیان وتم تەنها تۆ راستت لەگەل کردین.

ئەوەش هەروا ئاسان نەبووقەناعەت بکەن بێن بۆ بغداد چونکە زۆر معرەز بوو بۆئەوەی لەبەغدا بەرهاوەنێك بکەوێت. بۆمن چەند

خۆش بوو ئەوەندەش مایەی مەترسی بوو، هەرچەندە لەگەڕانەوەیدا جۆرە ( عیلاج) هانا یەکی سایکۆلۆژی بوو کە دوژمنەکەی خۆی بەزەلیلی دەبینی لە قەفەزێکدا.

موشکیلەیەکی تریش لەکاتی تحقیقدا ئەوە بـوو تـۆچـۆن دەچیتە بـەردەمـی ژنـێـك کە تائەو کاتەی ئێمەپێناسەکەیمان بۆ بردۆتەوە چاوەڕوانی ئەوەبوو مێردەکەی بێتەوە. تۆ چۆن پێی دەڵێیت وەرە شایەتی بدە؟ پێی دەڵێیت : ئەوە هەویەی خۆتە من لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا بۆم هێناویتەوە؟! ئەویش دەڵێت والله ئەوە لەگیرفانی دایکمدا بووە، یان لە قوتوویەکدا بووە دایکم هەڵیگرتوون.

ئەو ژنە کێبوو کەخۆی زیندووەو هویەکەی لەگۆڕەکاندا بوو؟

شەمسە یـەکـێـك بـوو لـەوکـەسـانـەی خۆی زیـنـدوەو هەویەکەی لـەگـۆڕەکـەی حـەزەردا دۆزرایەوە، جەماعەتی سێدەر چەند کەسیکیان وابوون، تەیفورو سێوەو ئایشە، خۆیان ماون‌و هویەکانیان لەگۆڕەکانی حەزەردا دۆزرانـەوە، زۆربـەیـان لەمەحکەمەش کەباسی دایکیان دەکـرد، یان باسی براکانیان یان مێردەکانیان دەکرد،دەگریان.. کەم ڕۆژ هەبوە ئەمە حالی من نەبووبێ‌و لەدەرەوەی شارەکان نەبووبم، جاری واهەبووە لە ٦ی بەیانیەوە تا ٨ی شەو لەنێوان هـەولـێـرو سلێمانی‌و دهـۆکـدا، ئـەم حالاَتانەم دیووە، ئێمە ئۆفیسێکمان دانابوو پێنج شەش محقیق‌و ماحامیەکمان لەگەڵ بوو، هەممومان ئیشمان دەکـرد، نزیکەی ٣٠-٤٠ حـەرەسمان هەبوو بەتەنیا من دەچوومە ناودێهاتەکان‌و شایەت‌و شکاتکەرەکانم دەبینی، لەبەرئەوەی من کـوردبـووم لـەدائـیـرەش مۆڵەتی ئەوەیان پێدابووم بەبێ حمایە برۆمە دەرەوە، دەپانزە حیمایەی ئەمریکی‌و لولەی تفەنگ‌و هەڵسەو دانیشە، ئەوانە هەمووی هیلاکی بوون.

دوای ئـەوە بەڵگەنامەیەکت بەدەستەوە یە چۆن ئیش لەسەر ئەو بەڵگەنامەیەدەکەیت، مەسەلەن بەڵگەیەکت بەدەستەوەیە ناوی ٥کەسی تێدایە چۆن راستـی ئەوپێنج ناوە ساغ دەکەیتەوە، لەهەموو ئەوانە موشکیلەتر چۆنێتی ئیحالەکردنی کەیسەکەیە ، چۆن ئـەو هـەمـوو وەرەقـانـە دەنێیت بەیەکەوە، چـۆن دەتـوانـی ئەنفالەکان جیابکەیتەوە ؟ چۆن شکاتکاری باش هەڵدەبژێری، ئەمە زۆر مەسەلەیەکی هەستیار بوو چونکە ئەو شکاتکارە رەنـگـە بەنیسبەت کـوردەوە زۆر گرنگ نەبێت بەلاَم بەنیسبەت دنیای دەرەوە زۆر گرنگە بەشێکی ئامانجەکەش ئەوەیە چۆن ئەو تاوانە بەدنیای دەرەوە دەناسێنی؟ کەسێك لەگەرمیان پێویستی بـەوە نیە تۆ ئەنفالی پێبناسێنی چونکە ئەوخۆی تیایدا ژیاوە و بوە بەشێك لەو کابوسەی کەلەخەو رایدەپەرینی بـەلاَم بەنیسبەت کابرایەکی بیگانەوە ئەمە وانـیـە دەبـێـت وێـنـەیـەکی پیشان بـدەیـت. بۆئیمە زۆر گرنگە ئـەنـدام پەرلەمانێکی ئەوروپی یان کەسیکی مافی مرۆڤ نیونەتەوەیی کەبەدیارمەحکەمەوە دادەنیشێ قەناعەت بکات بەوەی کە ئەوەی دەیبینێ جینۆسایدە، لەهەلبژاردنی شایـەت‌و شکاتکەر گرفتمان هەبوو، چونکە تۆ چۆن ئەوانە هەلدەبژێری؟ دەمەوێت بزانم چۆن شکاتکەرو شایەتحالەکانتان هەلدەبژارد.. ؟

ئـەوانـەی لێکۆلینەوەیان لـەگـەڵـدا کـرابـوو هەموویان هەرئەنفالبوون، بـەلاَم بۆئەوەی سـەرکـەوتـووبـین دەبـوایـە کـێ هەلبژێرین؟ بێگومان ئەوانەی بەچاوی خۆیان تاوانەکەیان بینیی بـوو یـان تـاوانـیـان دەرهـەق کـرابـوو، ئەوکەسەمان هەڵدەبژارد کەنەخۆش نەبوو، مەبەستم ئەوەیە کەسێك بەرین کەئەوەندە پیرنەبێت کاتێك دادگـا داوای دەکـات ئەو مردبێت، کەسێك لەناو تەیارە تێك نەچێ، کەسێك بـەریـن بـەروارەکـانـی لەبەربێت‌و رووداوەکـان تێکەڵ نـەکـات، درۆ نەکات چی بینیوە ئـەوەباس بـکـات.. ئەمانە هەمووی کاریان ویستووە.

خۆت لە شایەتەکان رازی بوویت؟

زۆر بەسەراحەت پێت بڵێم لەدادگا ئەوەی تیبینم کرد ژنەکان راستگۆتربوون، لەپیاوەکان، نـەخـوێـنـدەوارەکـان لـەخـوێـنـدەوارەکـان راستگۆتربوون، خەڵکە بیلایەنەکان راستگۆتر بوون ( ازدواجـی نەبوون) لەوانەی ئینتمای حزبیان هەیە، ئەمە بووبە تەجروبە من بەبەلگە دەیسەلمێنم. رەنگە کەسان هەبن تەنانەت سەرۆکی حزبەگەورەکان لەبەغداش‌و لەکوردستانیش دەیـانـگـوت : ئـایـا کەستان نەدۆزیییەوە لەم کەسە نەخوێندەوارانە زیاتر بیبەن بۆ شایەتی؟ منیش هەموو جارێك پێم دەگوتن (ئەگەر خۆتان واتە ئەم حکومەتانەی ئێستا ئەنفالتان کرد لەزانکۆکانەوە دەست پێبکەن بـۆئـەوەی بـۆ دادگـاکـەی شایەتی خوێندەوارو موسەقەف بەرین بۆ شایەتی دان لە دوا ڕۆژدا) ئەوەی شایەتی حەقیقییە ئەو خەڵکە گوندنشین‌و نەخوێندەوارە گوناهەیە ئەو لادییە نەخویندەوارەیە ئەنفال کراوە لەکەرمیان نەك کەسیکی شاری .

بـانـمـونـەیـەکـت بـۆ بـێـنـمـەوە ژنـێـك نەخوێندەوارە خەڵکی کوێرە دێ کیمیاوی لێدابوو، کە پرسیاریان لێکرد من لە شوێنی چاودێریکردنەکەی خۆمەوە ووتم: ئێستا هەڵە دەکات، نەك نایزانێ هەڵە دەکات، لێی پرسی ووتـی: باشە کەتۆ لەسجن بووی جلی حەرەسەکانی سجنەکە چۆن بوو؟ ووتی من پێت دەلێم چاوم نەیدەبینی چووزانم جلی حەرەس چۆن بووە؟

خەلکیش هەبوو( شایەت / شکاتکەر) ئینتمای حزبی هەبوو یان شتێك لەمەحکەمە دەڵێت بۆ نمونە دەڵـێ : ئێمە و هەموو دیهاتیەکان هـەمـووومـان شـەرمـان لـەگـەڵ حـکـومـەت دەکـرد..بـەخـەیـالی خـۆی وای دەزانـی ئەمە باشە. کوا لە چ دێیەکی کوردستان لەئەنفالدا خەڵك بە ژن‌و پیاوەوە لەگەل حکومەت شەری کـردووە؟ ئەمە راست نیە بەلام بە بۆ چونی ئەو بەو قسەیە ئەو دەیویست سـەرەوری بۆ حیزبەکەی یان بۆ کورد تۆمار بکات . بەلام ئەوە زەرەری زۆرە .

بـروابـکـە لـەسـەرجـەمـی شـایـەتـەکـان نەخوێندەوارەکان باشتربون لە خوێنەوارەکان.

تا مەحکەمە بڕیاری دا چەندە لەدڵە ڕاوکێدابووی ؟

دەتوانم بڵێم لەو وەختەی کە ئەوراقەکان پێچرایەوە، ڕەوانە کرا بۆ تەمیز قەلەق بووم بەڵام داوتر قەلەقیەکەم کەم بووەوە. کە لیژنەکە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەتاوانی دۆسێکە بدەن، بەڵام لەو وەختەدا قەلەقییەکەم زیادی کرد، بەڵام لە ئەخیرەکەیدا جارێکی تر قەلەق بوومەوە چونکە دەترسام دەست تێوەردانی سیاسی تێبکەوێت، هەرچەندە دەمزانی حاکمەکان زۆر بیلایەنانە بڕیاری خۆیان دەدەن..ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو دواجار کەیسەکە بەجینۆساید ساغکرایەوە، ئەوەی گرنگە ئەمەیانە ئیتر بەلای منەوە گرنگ نیە تاوانباران ئیعدام دەکرین یان نا، چونکە کەمرد نەجاتی دەبێت بەلام من دەڵیم نا بابۆخۆیان هەرلەسجن بن باشترە.

کاک کامەران زۆر ماندووم کردوویت، بەڵام بائەو پرسیارەش بکەم کۆسپەکانی بەردەمت چی بوون.

لە بیدایەتەوە، تەنسیقکردن لەبەینی منو دائیرەکەی خۆمانو مەحکەمەی عێراقیدا کۆسپێکی گەورە بوو، یەکێکی تر لەکۆسپە جدیەکان چۆن من لەو قەیرانەدا بەبێ حیمایە بەتایبەتی بۆ کەرکوک دەربچم ، ئەوە یەکێک بوو لە کۆسپەکان، هەتا ئەوکاتەی سەلاحیەتمدرایە کەوا بەبێ حیمایە بچم بۆ شوێنەکانو خەڵک ببینم، دەبوایە بۆ ئەمە پێشتر خۆم بۆ ئامادەکردایەو بگەرایتایەتەوە بۆدائیرەو سیلسیلەی مراجعە ئەمە کۆسپ بوو لە بەردەم کارەکەمدا، حیمایە کاروانیکی چەند ئوتومبیلی نەتدەتوانی حوریاتی خۆت وەرگری، بەنمونە بۆت باس دەکەم لەتیف فاتح فەرەجو عارف قوربانی لەگەڵا دەهاتن خەڵکمان دەبینیو خەڵکمان مقابلە دەکردو ڕەسممان دەگرت، چوین بۆ تۆپزاوا ،ئەگەر ئەوحوریاتەم نەبوایە من نەمدەتوانی بچم بۆ سلێمان بەگ‌ولەوێ بچم بۆ دائیرەی نفوس، ئەمە لەقۆناغی لیکۆلینەوەدا دواتر چۆنیتی مامەڵەکردن لە نێوان ئێمەو حکومەتی هەرێمدا، چۆن لەگەڵ خەلک قسەبکەینو چۆن قەناعەت بەو مەحکەمەیە بکات، دواتر خەڵکەکە قەناعەتیان کردو ئیتر خۆیان دەهاتن دەیانگوت ئیفادەدەدەین، یەکێک لەو شتەناخۆشانە ئەوەبوو هەندێک ئیفادەیان نەدابوو هەولیاندەدا ئەوانەی ئیفادەیان وەرگیراوە پەشیمانیان بکەنەوەو ساردیان دەکردنەوە، ئەوەش هەرناخۆش بوو هەندێکیان حاکم ئامادەنەبوو ئیفادەیان وەرگرێ ووتی: پێویست ناکات، شایەتی تەواو وەرگیراوە. هەبوو گلەیی دەکرد. هەندێک مەشاکیلی تر هەیە بەڵام ئەوانە کاریگەریان بەسەر دۆسێکەوە نەبوو، ئەوە مەشاکیلی ئیدارەش هەرلێی گەرێ.

بابێینە سەر سیاسەتمەدارەکوردەکان ، چەند هاوکارتان بوون، چەندە خۆت لێیان ڕازیت؟

ئیمە پێویستمان بەچەند کەسێک بوو لەسیاسیەکوردەکان ، بۆچەند مەسەلەیەکی دیاری کراوو بێن قسەبکەن، کە ئەوان دەیانزانی و ئاگاداری بوون، پێویستمان بەچەند خالێک هەبوو، بۆنمونە لەفلان دێ ناپاڵمێک کەوتووەو زەرەری داوە ئەگەر یەکێک بیری مابێ یان لە یاداشتەکانی خۆیدا نوسیبێتیەوەو بزانین چ ڕۆژێک بووە، لە سیاسیەگەورەکانیش ئەوەمان دەویست مەسەلەن لە مفاوەزاتی سالی ١٩٩١دا ئەگەر هاتبێ نوێنەری حکومەتی عێراقی ئیعترافی بەئەنفالکردبێ یان زانیاریەکیان وەرگرتبێ، وەکو ئەوەی پێیان گوتبن ئەنفالەکان نەماون دەستیان لێبشۆن، ئێمە ئیفادەی مجموعەیەک کەسمان وەرگرت، هەربەراستیش باش هاتنە پێشەوە، ئەمە وەکو مەسەلەیەکی قانوونی یان لەئاستی دادگاکە بەڵام کەسیانمان نەبردە دادگاکە، تەنها داوامان لەکەسێکیان کرد، ئەویش لەبەرانبەردا داوایەکی زۆر قورس (تەعجیزی)ی هەبوو ،منیش نەمتوانی بۆی جێبەجێبکەم.

ئەوکەسەتان بۆچی داواکرد گرنگی ئەو لەدادگا تەنها وەکو شایەتێک دەبوو وەکو ئەو شایەتانەی تر؟

نا ئەو کەسەمان بۆ ئەوە بوو لەبەرئەوەی عەلی حەسەن مەجيد لەمەحکەمە ووتی: کورد لەمفاوەزاتەکەدا هیچ داوایەکی نەبووە لەسەر ئەنفالو چارەنوسی ئەوکەسانەی ئەنفالکراون، تەنها داوایان لەسەر کەرکوک بووەو کێشەمان لەسەر ئەوشارە بووە، نەک لەسەر ئەنفال. بەراستی نەهاتنی ئەوکەسەش زەرەری گەورەی لێدایین، چونکە زوو بەرلەوەی عەلی حەسن مەجید ئەوقسەیە بکات، ئیمە داوامان لێکردبوون چونکە دەمانزانی عەلی حەسەن مەجیدو سەدام شتێکی لەوبابەتە دەڵێن. بەهەر حاڵ نەهاتو زەرەری قورسیشی دا.

ئەمە تەنها وەکو رووە قانونیەکەی وەکو هەرکەسێکی تر داوامان لێکردوون جگە لەوە داوای هیچمان نەکردووەو لەدەرگای هیچ مەسئولێکم نەداوە نەحزبو نەحکومەت، داوای هەرچیەکیشمان لێکردبن بۆ دۆسێکە بەدەنگمانەوە هاتوون. چ لە سلێمانی چ لە دهۆک داوای یەک سەیارە حیمایەمان کردبێت ئەوان دوو سەیارەیان بۆ دابین کردووین، هەمیشە زۆر زیاتر لەوەی پێویستبوو جێبەجێیان دەکرد.. دواجاربا بەوە بیرینەوە کەئێمە لە دادگاکە تەواو بووین من داوام لە سەرۆکایەتی هەریمو وەزارەتی شەهیدان کرد، کە دەمانەوێت تەرمەکان بگێرینەوە، دیزاینیکمان دانێ بۆ ئەوەی مەیتخانەیەکمان بۆ دروست بکەن هەتا تەرمەکانی تێدا هەلگرین چوار پێنج قات لەسەرروو ئەو مواسەفاتەوە دروستیان کرد بوو کە ئێمە داوامان لێیانکردبوو، ئەمەش شایانی ئەوەیە دەستخۆشیان لێبکەین.

لەبەرپرسێکی حکومیم بیست کەوا دوای تەواو بوونی دۆسێکە دادگا داوای لە شارەوانی بەغدا کردووە بێت ئەو تەرمانە فرێبدات؟ ئایا ئەمە راستە؟

نەخێر ..نەخێر.. نەخێر شتی وانیە، بە پێچەوانەوە پێش ئەوەی تەرمەکان بنێرینەوە بۆ کوردستان بەچەند سالێک و تەنانەت پێش دەرهێنانەوە و هەلدانەوەی گورەکان لە سالی

٢٠٠٣ ەوە ، دکتۆر محەمەد ئحسان و کاتی خۆی سلاح رەشیدیش بیریان لەوە کردبووەوە کە مۆنۆمێنتێك بۆ قوربانیەکان دروست بکەن، هەمیشە ئەم بیرۆکەیە لەلایەن دائیرەکەی ئێمەوە بەکارێکی باش زانیوەو هاندەربووە کە مۆنۆمێنتێك یان گۆڕستانێکی بە کۆمەڵ یان گۆڕستانێکی میللی-نەتەوەیی بۆ قوربانیەکان دروست بکرێت.

دوای ئەوە ئەوەیان بم بورە درۆیەکی زۆر زەقە چونکە تەرمەکان مانگی چوار براونەتەوە بۆ هەولێر ئیتر چۆن مانگی شەش (٢٠٠٦/٦/٢٤) کە رۆژی تەواو بونی دادگایەکەی دادگا داوا لە شارەوانی بەغدا دەکات لەلایەکی ترەوە یەکێك لە فقرەی حوکمەکان رۆژی ٦/٢٤ کەخوینرایەوە سلاحیاتی تەسەروف بەو تەرمانەو گەراندرایەو بۆ کورد واتە لەدەست محکمە نەما.

حاجی عەبدوڵڵەی سێدەر .. بێگومان دەیناسیت. چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردووە دەڵێت: ئێمە رازی نابین قوربانیەکانمان لە هەولێربن، داوایانکردووە بیانهێننەوە بۆ ناوچەکی خۆیان نەك بۆ گوندەکەیان دواجاریش هێنایاننەوە بۆ دوکان، لەمبارەیەوە رات چییە؟

حاجی مام عەبدوڵڵە چونکە خۆی مام عەبدوالله بوو، دوایی کەچوو بۆ حەج کردمان بە حاجی مام عەبدوالله دەیناسم، من رایەکم هەیە لەسەر ئەو تەرمانە بۆ زانیاریت لەکۆی هەموو ئەو تەرمانە ٣٢ تەرمیان ئەویش رەنگە، ئەو کەسانەبن کە هەویەکانیان لەباخەڵدایە، رەنگە ئەوانیش نەبن، گرنگترین شت لەبەرئەوەی ئەوانە بەیەکەوە گیانیان لەدەستداوە ،پێکەوە لەکوردستانەوە سەفەریانکردووە، دواسەفەریشیان بووە تاکو چوونە ئەو گۆڕە بەکومەلانەوە،کارەساتەکە بەسەر هەموو کورد هاتووە، لەبەرئەوە بەرای من وەکو کوردیك هەرپێکەوە بن جا ئیتر بەلای منەوە گرنگ نیە لە کۆتەڵ بن یان لە هەولێریان لەگەرمیان..کوردستان هەرکوردستانە، من لەگەڵ ئەوەدانیم کەلێك جیابکرینەوە.

واتە تۆ گومانت هەیە لەسەرئەوانەی لەحەزەر دەرهێنراونەتەوەو تەرمەکانیان جیاکرانەوە خۆیان بن؟

من گومانم هەیە لەوەی هەموویان وەکو خۆیان ناسرابنەوە. با بلیین هەویە هەیە لەگیرفانی مندایە بەلام شەرت نیە من بم، وەکو ئەوەی تەیفورو سێوەو ئایشە کەخۆیان ماون و هەویەکانیان لە گیرفانی دایکیانەوە چووتە ناو گۆڕەکانەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەو تەرمانە قوربانی تاوانیکن کە دەرهەق کورد کراوە بەگشتی بۆیە باشتر وایە هەر بەکۆمەڵ وەکو کورد مامەڵەیان بکەین.

هەرتەرمێك بۆ ناسینەوەی چەندێك پارەی پێویستە؟

بۆ ناسینەوەی تەرمێك بەلای کەمەوە ١٢٠٠٠ $ دوانزە هەزار دۆلاری تێدەچێت.

بۆهەر تەرمێك دوانزە هەزار دۆلار؟! !!

بەڵێ ئەوەندەی تێدەچێت، سەرسورمانی ناوێ، کارەکە ئاسان نیە. چونکە تۆ سامپلێکت هەیە ل مردووەکە وەری دەگریتو شیکاری ترشەلۆکی ناوکی ( دی ئین ای ) پێدەکەیت، تەرمێك هەبێت چەند کەسی هەیە دەبێت شیکاریان بۆبکرێت دواتر ئەوپارە یە زەرب دەکرێت، ئەوەش مەسرەفێکی زۆر زۆرە، ئەمە موشکیلەکەیە بەلام خەلك هەیە ئەمە نازانێ. لەدەرەوەش، شیکارییەکی ئەوەندە دەقیق نیە. لەبەر ئەوە پیویستە هەمووومان لەئاستی ئەوەدابین بلێین کەوا ئەوانە گۆڕی کەسوکاری هەموومانن..

قسەمان لەزۆربەی دۆسێکە کردووە، زۆریش ماندووم کردوویت، بەلام ئەوەی لەدادگاکەو لەوێنەکەی تۆشدا لاواز بوو دۆسێی ئەو ١٨ کچەیە ئایا هیچ بەڵگەنامەیەك یان سەرەداوێك هەیە جگە لەو بەڵگەنامەیەی کەکۆپیەکی لەبەردەستی هەمووماندایەو باس لە فرۆشتنیان دەکات؟

یەکێك لەگرفتەکان لە دۆسێی ئەنفالدا دەستدرێژی سێکسی بوو، بەحوکمی کۆمەڵگەی کوردی لەو بوارەدا زۆر سەرکەوتوونەبووین، چەند ژنێکی ئازاو قارەمان هاتن قسەیان کردوشایەتیاندا کەلەسجن تەعدایان لێکراوە، لەدبس لەنوگرەسەلمان منداڵێکی تازە لەدایك بوو بردووە بەگونیە خۆلی رەبایە پیچاویانەتەوە ئەم شتانە، بەلام بەراشکاوی بێڵێم نامەوێت کەس بەدوای شتێکدا بگەرێت کەنەتیجەی نەبێت، من نالێم ئەو بەلگەنامەیە درۆیە بەلام گومانم لێی هەیە، ووتیان لەقەسری جمهوری دۆزراوەتەوە لای فلان کەسە چومە لای ئەویش هەرکۆپی بوو، برای خۆشەویتم کاك عبداللەم لە هەولێربینی لەکۆنفرانسی مافی مرۆڤ ووتی: من لە فلان کەسم وەرگرتووە چومەلای ئەویش هەرکۆپی لابوو؟ وەنەبێ بەدوایدا نەچووبین، کەسوکاریان هاتن بۆ نوسنگەی سلیمانی دادگاو شایەتیانداو یەکێك لەو کەسانە لەدادگا لەبغدا د ئامادەبوو و ئیفادەی دا.

بەهەرحال ئەو بەڵگانەی لەدادگان‌و ئەوانەی پیشاندران هەموویان نوسخەی ئەسلی بوون یان لێرە دەستکەوتوون یان لەمەنفاوە ( لە دەرەوە ی ولات) هاتوونەتەوە، گومانەکانیش لەسەر ئەو بەلگەیە ئەوەیە کەپیموانیە حکومەتی عێراقی بەلگەیەکی بەو شیوەیە بخاتە بەردەست، مەسەلەن فەرمانی لێدانی کیمیابارانی هەلەبجە بەتەلەفۆنێك کراوە.

بەلام هەندێك بەڵگەنامەش لەبەردەستن؟!

نالێم بەلگەنیە بەلام ئەو بەلگەیە گومان هەلگرە، باشە ئەسلی ئەوبەڵگەیە لەکویە؟ ئەوانەشی لێرە دەست نەکەوتوون (لەکۆلۆرادۆن) لەئەمریکاوە هاتوونەتەوە، تەنانەت زابتە عەسکەریەکانیش بۆ تسدیقی وەسائق گومانیان لەوەسیقەکە هەیە درۆ ناکەن، بەتایبەتی گومانیان لەمانشێتەکە هەیە، دەڵێن ئەمە لەمانشێتی بەعس ناچێت و لەمحکمەش ئەو خاڵەیان وروژاند.

بەلام خۆ ژنی کورد فرۆشراوە ؟

شتی زۆر لەوە خراپتریش بەسەر ژنی کورد هاتوە لەئەنفالدا، بەلام باوەکو ئینسان سەیر بکەین، من کە تەرمی منداڵێك دەبینم بە

تۆپەکەیەوە لەگۆڕێکی بە کۆمەڵدایە ئەوە بەلامەوە قورسترە وەکو لەوەی ئافرەتێکی ئەنفال مابێ‌و لەیانەیەك کاربکات، ئەوەندەی ئەو مندالەو تۆپەکەی ئازارم دەدەن ئەوەی تر ئەوەندە ئازارم نادەن. لەرووی یاسیشەوە منداڵ کوشتن کاریگەر ترە تا مەسەلەی ژن فرۆشتن. ئەمە بۆچونی خۆم بوو بەڵام هەر هەمان وەسیقە تقدیم کراو لەدۆسێکەشدا هەیەو و بە شیکە لەدۆسێی ئەنفال وکاری لەسەر کراوە.

دەمەوێت لەرۆلی پارێزەرە کوردەکان بپرسم؟

پارێزە کوردەکان لەراستیدا من زوو بۆ دادگام پێشنیارکرد بۆدادگاکەو داوامکرد لەحکومەتی هەرێم گروپێك لەو خەلکە قانونیانە ئامادەبکات، چەند پارێزەرێکی کورد بێنە بغداد بۆ دادگا دەوری باشیان بینی و کەسی دلسۆزو لە خۆ بوردوو بون . و ئەو بیرۆکەیەش ئەنجامی تاقیکردنەوەمان بو لە دادگای دوجەیل کە شایەت پیویستی بە کەسیك هەیە لە ناو هۆلی دادگا لەگەڵی بێت و هەڵەکانی بۆ راست بکاتەو یان شتەکانی وەبیر بێنێتەوە.

کۆمەڵێك شایەت‌وشکاتکاری کورد بێنە هۆلی مەحکەمەوە جگە لەخۆی‌و وەرگێڕەکەی کوردێکی تێدانەبێ، بۆئەوەی هەست بە نامۆیی‌و غەریبی نەکات، چونکە کەدەچێتە کابینەکەیەوە بۆئەوەی شکاتەکەی بکات یان شایەتیەکەی بدات، منی لەگەڵدانیم کەسی لەگەڵدانیە بۆیە هەست بەغەریبی دەکات. دوای ئەوە بۆئەوەی ئەگەر وەڵامێکی بەهەڵەدایەوە پارێزەرەکوردەکان بۆی راستبکەنەوەهەندیك جار لەمەیاندا سەرکەوتو نەبوون، بۆنمونە جارێکیان پیرەژنێك ووتی لەئەنفالەکە براینە قۆرەتوو (کە دادوەر بۆ کاتبەکەی دوبارە کردوە ووتی: براینە گوندی قۆرەتوو) ئێ من دەمزانی ئەو ژنە مەبەستی قەڵای قۆرەتووە نەك گوند چونکە کەس لەگوندی قۆرەتوو سجن نەکراوە.. ئەمە تێپەری و کەس نەبوو بۆی راست بکاتەوە، بەعزێك هەلە هەبوو رۆیشت‌و نەیانتوانی راستی بکەنەوە، گەورەترین گرفت هیچ پارێزەرێکی تێدانەبوو گەرمیانی بێت‌و لەجوگرافی گەرمیان شارەزا بیت و تەفاسیلی ئەنفالی گەرمیان بزانیت

من هەستم کرد هیچ کام لەپارێزەرەکان لەگەڵ رێزم بۆ ماندووبونیان شارەزای تاوانە نێودەوڵەتیەکان نین؟

ئەمە یەکێك بوو لەگرفتەکان، وەکو باسم کرد لەباری قانوونیەوە جیاوازیەکە چەندە زۆرە کەدەلێیت برانە قەڵای قۆرەتوو واتە گیراوە، بەڵام کەبڵێین برانە گوندی قۆرەتوو واتای ئەوەیە گواستراوەتەوە نەگیراوە، ئیتر هەلبژاردنی پارێزەرەکان نازانم بەچ معایریك بوە پارێزەرێکیان نەبووە لەگەرمیانەوە بینێرن ئەمەیان خۆیان دەیزانن، بەڵام پارێزەرەکان رۆلی خۆیان بینی، نالێم قسوریان کردووە بەڵام هەندێك شتیشیان بەسەردا تێپەریوە. شتیکی زۆر ئاسییە کەخیبرەیان نەبی لەتاوانی نیو دەوڵەتی چونکە ئەمە یەکەمین جارە دادگای لەوجۆر دەبینریت لەم ولاتەدا .

ئەوەی مایەی تانە لێدان بوو ئێستاش هەرمایەی تانە لێدانەو من لەسەرم نوسیووە، بێ گوناه دەرچوونی تاهیر تۆفیق العانی بوو لەدادگا، چونکە ئەوپیاوە جگەلەوەی سکرتێری نوسینگەی باکوربوو ئاگاداری تاوانەکەش بوو، ئاراستەی یەکەسەربازیەکان‌و هیزەکانی ئەمن‌و موخابەرات لەلای ئەوەوە دەردەچوون؟ بەپێی یاسا بێدەنگ بوون. لەتاوانی جینۆساید واتای بەشداربوونە.؟

نامەوێ زۆری لەسەر برۆم، ئەوەندە دەڵێم تاهیر ئەلعانی لەئاستێکدا تاوانبارە، لێشت نەشارمەوە کە من خۆم گومانم لەراستی قسەکانی هەیەلەبەردەم دادگا، دەنا بە رادەیەك تاوانبارە کە( زنجیرەی بەرپرسی ) تەنانەت لەیەکێك لەکاسێتەکاندا کە ئامادەکرابوو بۆئەوەی بەدرۆی بخەینەوە کە ئەو لەکوبونەوەی کرکوك بەشدار بوە ، دەنگەکەی تێدایەو قسەدەکات، لەدادگا کاسێتەکەش لێدرا بەڵام ئەو رۆژە بۆ بەختی ئەو ( منقز ال فیرعون) نەخۆش بوو لەوەش خراپتر لەوکاتەدا کەدەنگی تاهیرئەلعانی خەریك بوو ببیسترێت پارێزەرێکی کورد مداخەلەی کردو کەس گویی لەدەنگی تاهیر نەبوو، تێپەری‌و ئاراستەی هەموو مەسەلەکە گۆڕا، هەروەها یەکێکی ترلەجیاتی منقز لەوێ بوو نەیتوانی هەدەف بپێکێ هەرچەندە من یاریدەدەری داواکاری گشتی بووم، بەڵام بۆم نەبوو بچمە ئەومەسەلەیەوە بۆیە دەبوو یاسا مەجرای خۆی وەرگرێ.

بەڵام خۆ بەڵگەی تریش لەسەر تاوانەکانی تاهیر العانی هەبوون؟

بەڵگەی تر هەبوون‌و شتی تریش هەبوو، بەڵام نامەوێ من لێرە هەموو شتێك بڵێم ، با من یەك شتی تریش بڵێم تاوانبارێك ئازاد بکەیت باشترە لەوەی بێتاوان بێت‌و ئیعدامی بکەیت.ئەوە لۆژیکی منە.

ئەم لۆژیکە ئینسانیەی تۆ پرسیارێکی تری راکێشا بۆیە ناچارم بیکەم‌و کەمێکی تر وەختت بگرم؟ هەندێك کەس لەسۆنگەی ئەنفالەوە بە حقدێك‌و رقێکی زۆرو دەمارگیریەکی قەومییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتانەو تۆمەتباران دەکەن، لەکاتێکدا ئێمە پێویستمان بەخۆشەویستی‌و بنیاتنانەوەیە، نەك بەرق مەسەلەن هێنانی لەسیدارەدانی عەلی حەسەن مجید بۆ هەڵەبجە.

یەعنی نازانم تۆ کەبتەوێ بەر بەوە بگریت، بێگومان کاری زۆری دەوێ ، بێگومان خەڵکیش غەدری لێکراوە، بەڵام کاتێك تۆ باس لەمافی مرۆڤو رێزگرتن لەمرۆڤ دەکەیت، نابێت رق‌و تۆلەسەندنەوە بکەیتە رێگەی کارکردنی خۆت، دەبێت بزانین عەرەبیش بەدەست سەدام‌و رژێمەکەیەوە کەمی نەچەشتووە، بەتایبەت دوای ساڵی ١٩٩١، دوای ئەوە هێنانی عەلی حەسەن مەجید بۆ کوردستان‌ولێرە لەسێدارەی بدەو بەدەوریدا هەڵپەرە ، ئەمە وەکو فلیمی.. وەحشە کۆنەکانی لی دێت کەپێم وایە کورد نەك ئەو قۆناغەی تیپەراندوە بەڵکو هەرنەمان بینیوە. ئەوە دادگا بریاری خۆی داوەو چۆن جێبەجێی دەکرێت‌و کەی‌و لەکوێ دەیکات، بە دەستی سلتاتی تەنفیزیە باکاری خۆی بکات.

## دۆسێی دۆڵی جافایەتی

# لێبوردنی گشتی و قوربانیەکانی ئەنفالی یەك

لەرواڵەتدا وادێتە بەرچاوکە ئەنفالی یەك، تەنها هێرش بوو، بۆسەر سەرکردایەتی یەکیتی وبەهۆی شەڕ وبەرگری پێشمەرگەوە، لە چاو قوناغەکانی تری ئەنفال کەمتر قوربانی مەدەنی لێکەوتبێتەوە، بەڵام لەراستیدا مەسەلەکە بەو جۆرەنیە، ئەمە ئەگەربەگشتی بۆخەڵك مەسەلەیەکی ڕاگوزەرێت، ئەوا بۆ ئەوکەسولایەنەی بەدوای لێکۆلینەوە وبەداو داچوونن لەبارەی تاوانی ئەنفالەوە، راستی یەکی تریان بۆئاشکرادەبێت "ئەوەی لێکدانەوەی خەڵکە لە چاو ئەنفالی سێ ودووی قەرەداغ وئەنفالی هەشتی ناوچەی بادینان ڕاستە، ئەنفالی یەك کەمتر خەڵکی مەدەنی لە پەلامارەکەدا پێوە بوون.

بەڵام حەقیقەت جۆرێکی ترە، بەعس سیاسەتێکی تری بۆ دەربازبووانی خەڵکی دۆڵی جافایەتی وشارباژێرگرنەبەر، ئەو هێشتا سەرگەرمی پەلاماری ئەنفالی سێ بوو، کەکەوتە پڕوپاگەندەی لیبوردنی گشتی وتەنانەت بەتەیارەش بەیانی ئەولیبوردنەی بڵاکردبووە لەسەرناوچە سنوری یەکان، بەڵام ئەمە داوێکی تری ئەنفال بوو، بەم سیاسەتەی توانی خەڵکێکی زۆر فریوبدات ولەئێرانەوە بگەرێنەوە بۆ ناو خاکی ئیراق، بەتاییەتی خەڵکی دۆڵی جافایەتی بەو پروپاگەندەیە زۆریان بوونە قوربانی ولەکاتی گەڕانەوە یاندا، هەموو پۆل پۆل دەستگیرکراون و لەپشتی سونێ ی شاری قەڵادزیوە ناونوسکراون وبە زیلی سەربازی هێنراون بۆفرقەی (٢٤) ی چوارقوڕنە ولە ویشەوە بۆ هەولێر، دواتریش بۆ تۆبزاوا ئەوشایەتحاڵانەی ئەم ژمارەیەی ئەنفالستان سەردانی کردوون‌و دواندوونی زۆربەیان قوربانی ئەو پروپاگەندەیەن، کە لە دوای گرتنی ئەوخەڵکە هەندیکیان نێردراون بۆ گرتوخانەی تۆبزاواوهەندیکیان بۆ دبس، لەوکەمپەشەوە جارێکی ترخەڵکەکە پۆلێنکراون، بەشێکیان رەوانەی قەڵای نوگرە سەلمان کراون، بەتاییەتی پیرەکان، بەشێکیشیان کۆمەڵکوژ وشوێن بزرکراون " لە ناوچاوپێکەوتنەکاندا ، (مام عبدالحمید) یەکێکە لەوبیرەمێردانەی براوە بۆ نوگرەسلمان، هەروەها خێزانی بێستوون بەهەمان پروپاگەندە جگەلە براکانی گەلێکی تر لەخزم‌و کەسەکانی رۆیشتوون‌و نەگەراونەتەوە، خێزانەکەی ئەکرەم‌و حەمەلاویش لە هەردوو گوندی سەرگەڵوو سێکانیان، بەهەمان داوەوەبوون‌و بەنیازی گەرانەوەی سەرماڵ‌وحاڵی خۆیان بوون، کەچی لەگۆڕە بەکۆمەلەکەی حەزردا ناسنامەکەنیان دۆزرایەوە، ئەمە ش ئەو ڕاستییەمان بۆئاشکرادەکات، کەوا ئەوانەی بە لێبوردنی گشتی یان بە پروپاگەندەی لیبوردن گەڕاونەتەوە، هەمان لۆژیکی پاکتاوکردنەکەی ئەنفال گرتونیەوە " لەوەش خراپتر ئەم لوژیکە تا ساڵی ( ١٩٨٩) کاری پێکراوە " وبەتایبەتی لیبوردنە گشتی یەکەی (٦ / ئەیلولی / ١٩٨٨) نیازەکانی بەعس وپلانی کۆمەڵکوژیەکەی لەکوشتن‌و شوین بزرکردنی هەڵەبجەی یەکان‌ویەزیدیەکاند ئاشکرا دەبێت.

ئەمە بێجگەلەوەی لەئەنفالی یەکدا خەڵکێکی زۆرلەسەرماوسۆڵەدا مردن‌و بوونە قوربانی، خەڵکێکی زۆریشیان هەتا ئێستا بێسەروشوێنن بۆنمونە تەنها گوندی هەڵەدن ٧٠ کەسیان ئەنفالەو گوندی سێدەر ٨٥ کەس، ئەمە جگە لەشارباژێریش بۆیە ئەوەی پێی وایە ئەنفالی یەکەم قوربانی کەم لێکەوتووەتەوە تەنا شتێکە لەناهوشیاری‌ونەبوونی زانیاری ئەوخەڵکانەوەیە، دەنا خەڵکێکی زۆرلەسەرماو خەڵکێکی تر لەئێران‌و هەشیانە لەبەرگریدا شەهید بوون، ئیدی ئەو لۆژێکەی پێی وایە ئەوکەسانە قوربانی ئەنفال نین...هێشتا لەنیازەکانی ئەوپەلامارەدا تەقەی سەری دێ .

# عەبدوالحمید گورون عەزیز :
# لەبناری چیاوە رۆیشتم و لەبیابانەوە گەرامەوە

ئەنفالستان

لەبەشی ئەنفالی بەڕێوەبەایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان/ سلێمانی دانیشتبووین، باسمان لە ئەنفال و سیاسەتەکانی پاکتاوکردن دەکرد لەوکاتەدا کە من قسەم لەسەر سیاسەتی لێبوردنەگشتیەکان دەکرد..کەئافرەتێکی سپیکەلەی تەمەن مام ناوەندی زۆر بەئەدەبەوە هاتەژوورەوەو بەئەسپایی سەلامی کرد، دوای ئەوەی فەرمووی دانیشتنمان لێکرد لەسەر قەنەفەکە بەبێدەنگی رۆنیشت، تائیمە قسەکانمان تەواوکرد ئەو هەرگوێی گرتبوو، ئینجا ئەویش هاتەسەر خەت و ووتی: باوکی من لەو جۆرە ئەنفاکراوەیەکە تۆ باسی دەکەیت، باسێکی کورتی بەسەرهاتی باوکو پوری بۆکردم، ئیتر ئەویەکتر ناسینە ئەم بابەتەی لێکەوتەوە:



دوائەوەی فاتمە قسەی بۆدەکات مام عبدولحمید لەنامەیەکی دەستنوسدا بۆ ئەنفالستان، بەسەرهاتی خۆیی وخوشکەکەی لەئەنفالی یەك وقەڵای نوگرەسەلمان نوسیبوو، بەڵام بۆدەستکەوتنی زانیاری زیاتر رۆژی ٩/٢٩ / ٢٠٠٧ عەسرێکی درەنگ چوومە دیداری ئەو پیرەمێردە شەکەتە" کە لەماڵەوە بەکوێخا بانگیاندەکرد، سەرەتا کەچوومە حەوشەی ماڵیان ئەولەسەرپشت لەسەر قەرەوێلەیەك راکشابوو گوێی بەرادوێکەیەوە نابوو، کەچاوم پێی کەوت زۆر شەکەت دیاربوو، گومانم هەبوو ئەو پیرەمێردە توانای قسەکردنی مابێ، بەڵام کەهەڵسا زۆر بەخوڵقوخۆیەکی گەرمەوە بەخێرهاتنی کردم، هەرلەسەر قەرەوێڵەکەیەوە دەستی درێژکرد تەوقەیەکی لەگەڵ کردم وگومانەکەمی رەواندەوە، مام عبدولحمید ئەگەرچی کارەساتی زۆری بەسەرهاتبوو، بەڵام هێشتا پیاوێکی قسەخۆشە، لەدایکبووی ساڵی(١٩٢٣) یە هەرزوو بەهۆی سیاسەتی راگواستنی بەعسەوە گوندەکەیان "گوێزیلێ" رادەگوێزرێن بۆ دوجەیلەی ناحیەی سیروانی سەربە قەزای هەڵەبجە، ماوەی پێنج ساڵ لەوێ دەمێننەوە، دواتر دەگەرێنەوە بۆ شاری سلێمانی و لەگەرەکی بەرانان (ریعایە) نیشتەجێدەبن. ئەوکاتەی پەلامارەکانی ئەنفال دەستپێدەکات، ئەوشارنشینێکی گەرەکی بەرانانی سلێمانی بوو، باوکی پێنج کوروسێ کچە، کەیەکێکیان "فاتمە" یە ئەوژنە سپیکەلەی لەبەرێوەبەرتی شەهیدو ئەنفالکراوەکان ناسیم. ئەوپیاوە جگەلەوەی کورێکی بەناوی هوشیار لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە دەگیرێت ودواتر لەسێدارە دەرێت، خۆشی قەدەر دەیرەتێنێ بۆنوگرەسەلمان!! بەسەرهاتی ئەم پیرە پیاوە جیاوازە لەوگوندنشینانەی لەناوگوندەکانی خۆیاندا بەرپەلاماری ئەنفال کەوتبوون، ئەم ئاگری سۆزی خوشك وبرایەتی هەڵیدەگرێت وبەهانایەوە دەچێت بۆ گوندی هەڵەدن، بەڵام بەهۆی چڕی بۆردومانەکانەوە بەهاناچوونەکەی بێسود دەبێت و دوای ئەوەی لەگەڵ پیرۆزی خوشکی لەهەڵەدن دەردەچن، دواتر لێکدادەبرێن و هەریەکەیان لەقۆلێکەوە دەگیرێن و بێئاگا لەیەکتری رەوانەی قەلای نوگرەسەلمان دەکرێن..بەداخەوە هەتا ئەمرۆش خەڵکانێك هەن بیروایان وایە پەلاماری ئەنفالی یەك خەڵکی مەدەنی تیایدانەبوونە قوربانی.. بەڵام ئەم بۆچوونە لەحیکایەتی مام عبدولحمیدوخوشکەکەیدا پوچەڵدەبێتەوە، چونکە ئەم دوو مرۆڤە بێتاوانە قەدەردەیانهێنێتەوە بۆکوردستان، دەنا رەنگە ئیستاش لەبیابان وەکو ئەو ٧٠کەسەی گوندی هەلەدن، بێسەروشوێن وگۆربزربوونایە، بەڵگەیەکی تریش گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەرە کەزۆربەی قوربانیەکانی ناوی خەڵکی گوندی سێدەرودۆلی جافایەتین، هەروەها ئۆردوگای پیرەمەگروونیش گەلێك کەسوکاری قوربانیەکانی لەخۆگرتووەوە شایەتی ئەو راستییە کەئەنفالی یەك قوربانیەکی زۆری لێکەوتووەتەوە.

مام عبدوالحمید دوای ئەوەی پیرۆز(خوشکەحافزەکەی) بەحیدیلێت، دەگاتە شاری سەردەشتی ئێران بەڵام بەپروپاگەندی

لێبوردنی گشتی دەگەرێتەوە بۆ قەڵاتدزێو ئەنفال دەکرێت، حیکایەتی ئەم پیاوە ئەوەمان بۆ پشت راستدەکاتەوە کەبەعس لێبوردنە گشتیەکانیشی وەکوتەڵەیەك بۆگرتن‌وقڕکردنی کورد بەکارهێناوە، گەلێك نمونەمان هەیە کەلەکاتی لێبوردنەکاندا، یان بەپروپاگەندەی لێبوردنەکان گەراونـەتـەوەو کەوتوونەتە داوی ئەنفالەوە.. بەسەرهاتی ئەم پیرەمێردە کت‌ومت وەکو بەسەرهاتی هەلەبجەییەکان وایە کەلەسنورەوە بەبریاری لیبوردنی گشتی گەراونەتەوە، کەچی لەبری قەرەبووکردنەوەی زیانە ماڵی‌وگیانیەکانیان ئەنفالکراون، ئەم تاوانانەی بەعس لەکاتێکدا پیادەدەکرێن، کەبەیانی کۆتایی ئەنفال ڕاگەیەنرابوو..!! ئەمانە مشتێکن لەخەرواری تاوانەکانی بەعس کەبەنـاوی ئاشتی‌و لێبوردنەگشتیەکانەوە ئەنجامدراون.

ئێستا باپێکەوە گوێ لەخەمەکانی قوربانیەکی تەمەن هەشتاوپێنج ساڵی ئەنفالی یەك بگرین، کەخۆشبەختانە هێشتا لـەژیـانـدایـە. مام عبدولحمید هەروەکو لەنامە دەستنوسەکەیدا بۆسـاڵـنـامـەی ئەنفالستان، نـوسـیـبـووی لە دیدارەکەشماندا دوپاتی کردەوە:

کاتی ئەنفالەکە سـاڵی١٩٨٨ مـن دەمـێك بوو لەشاربووم‌و لەدێ هەڵیانکەندبووین، لەماوەی ئەوچەند سـاڵـەدا بەترسولەرزێکی زۆرەوە دەمـانـتـوانـی بچـیـنـەوە بـۆسـەرئـەرزوئـاوی خۆمان، بۆگوندی"گوێزیلێ" هەتا دەغـڵ‌ودان بچێنین، کاتێك هەواڵی پەلامارەکانی ئەنفالمان بۆسەردۆڵی جافایەتی بیست، خۆم ئامادەکرد بـۆئـەوەی بـەهـانـای خـوشـکـەکـەمـەوە بچم‌و هەواڵێکی ریبواری کوریشم بزانم کەپێشمەرگەبوولەمێرگەپان، خوشکەکەم هەردوو چاوی کوێربوو، پێویستی بەیارمەتی بوو، رێبواریشم پێشمەرگە بوولەگەڵ حاکم فەرهاد بێژەری دەنگی گەلی کوردستان، پاش بیستنی هەواڵەکە نـاچـار لـەگـەڵ محـمـودی خـوشـکـەزام ئـێـوارە ئـەم کاتانە(کاتژمێر٦) لـێرەوە بەرێکەوتین، هەتاسوسێ بەسەیارە رۆیشتین، ئێوارە درەنگانێ لەگوندی سوسێی ئاڵەمەرە نانمان خواردوئینجا بەپێ بەبناری پیرەمەگروندا سەرکەوتین، راجیمە یەك بەدوای یەکدا دەهات‌و لەشاخی ئەوبەری دەدا، کەلەمێرگەپان لاماندا شەو بوو، هەواڵی رێبوارم پرسی لەوێ نەمابوو ئەوکاتە جاش‌وجەیش گەیشتبونە شەدەڵە وەزعەکە خراپە زۆریـان پێگووتم نـەرۆم، بـەڵام گوێم نەدایەوملم پێوەنا، لەپاش دووڕۆژ ئینجا گەیشتمە لای پیرۆزی خوشکم، هەتاوهەڵاتبوو گەیشتمە دەراوی هـەڵـەدنـێ، کـەچـوومـە ناودێ تەماشادەکەم کەسی لێنەماوە خوشکە کوێرەکەشم لەوێ بەجێمابوو، لەپێشەوە خۆم لێ نەناسکرد بەسوعبەتەوە پێمگووت: خوشکێ ئـەرێ نانتان هەیە، میوان ڕادەگـرن، پیرۆزی خوشکم گووتی: ئەی چۆن نیمە هەموو شتێکم هەیە چام هەیە شەکرم هەیە، بەڵام بەخوا من نوقسانم .. خەریکبووچای بۆ لێدەنام کەدوو تەیارە هاتن، ووتم: وەرە هەرنانەکەم بەسە چا لێمەنێ دوکەڵ مەکە باتەیارەکە نەمانبینێ، تەماشامکرد ژنێکی تر هەرلەوێ بەجیمابوو لەباتانیەکیانەوە پێچابوو، ووتم ئەمە چیە؟ پیرۆز ووتی: وەاللە ئەوە ژنی (صاڵحی بەحری نازانم کێی بەحرییە) کیمیایی لێیداوە کوێربووە ئەوەتا لێرە بەجێیان هێشتووە، بەڵام ئەوان لەدێهاتەکانی ترەوە هاتبوون، ئینجا بەوشاخ‌و دۆڵانەدا کەوتینە رێ ئەوە شەرەکەش هەتادێ خەستتردەبێ‌و پێشمەرگە بەدۆڵی شامحەمەدا دەکشانەوە، راجیمە دەهات لە شاخەکانی دەدا رۆیشتین بەهیلاکەتیەکی زۆر هەتا گەیشتینە شاخی مادێنە، من‌وپیرۆز پێکەوە بووین، دوایە وەزعەکە زۆر خراپ بوو ناچاربووم خوشکم بەجێبهێڵم لەبەرئەوەی گـوتم: ئـەو ژنێکی کـوێـرو نوقستانە کـێ هەقی بەسەرییەوە هـەیـە، رۆیشتین هەتا گەیشتینە نـاوئـێران لە"سەردەشت" لاماندا چووینە مزگەوتەکەی سێ پیاوی ترم لەگەڵدابوون، سەرت نەیەشێنم نوێژمانکردوو، لەمزگەوتەکەی سەردەشتێ لێی دانیشتین، دوای نوێژ مەلاکە "وەڵاهـی ناوەکەیم لە فکرنەماوە" خولقی کردم بۆماڵی خۆیان، گووتم ئاخر من هەربەتەنێ نیم سێ پیاوی کەم لەگەڵن، مەلا گووتی بائەوانیش بێن، وەاللە لەگەڵیدا چووینەوە بۆماڵی ئەوان، شەوێ مەلاکە لێی پرسین خەڵکی کوێن، من گوتم خەڵکی لای هەڵەدن‌و سەرگەڵووم، ئەویش هەمووی شـارەزا بـوو، تومەس بەفەقێیەتی سوسێ‌وسورداش‌وهەڵەدن‌و سەرگەڵو هەمووی گەڕابوو، بەیانی نانوچامان خواردوو هاتینەوە بۆسونێ، زۆر قـەرەبـاڵـغ بـوو، دووسـێ شەو لـەوێ مـایـنـەوە، دوایـی پێیان گـوتم: ئێستا دووکەس دێن، ئەوانە بەپارە خەڵك دەبەنەوە بۆسلێمانی بەپەنجا دیـنـاری ئەوکاتە "زۆر بـوو"، چوومە بنەوپاڵیان پێمگووتن، ئەگەر بمبەنەوە بۆسلێمانی چەندم پارە لێدەستێنن، کابرا تووڕە بوو گووتی: کێ دەڵی من دەتوانم خەڵك بەرمەوە، برۆ بەلای خۆتەوە، وەلحاڵ نەیانهێنامەوەو بەجێیانهێشتم، ئەمە لەگوندی سونێ لەپشتی قەڵاتدزێ، شەش حەوت رۆژ لەوێ ماینەوە، دوایی گوتیان عافواتەو رژێمی بەعس لێبوردنی گشتی داوە، سواری ئۆتۆمبیل بووین کەوتینە رێ‌وگەیشتینە سیتەرەکەی قەلاتدزێ لـەوێ دایانبەزاندین، زابتێکی سێ نەجمەی لێبوو(مەبەست لەپلەی نقیب)ە تەرجومانی لـەگـەڵ بـوو، ئینجا کەوتنە پرسیارکردن، کەسەرەی پرسیار گەیشتە من ووتیان بۆکوێ دەچیت؟ بەتەرجومانەکەم گـووت: پێبلێ راسـتـی دەوێ یـان درۆ؟ ووتـی راسـت: ووتم دەرۆمـەوە بۆ سلێمانی.. هاتووم بـەدوای ئەو خوشکەکوێرەکەمدا، بەڵام خەڵکێکی زۆریان گرتبوو، ئێمەشیان تێکەڵی خەڵکەگیراوەکە کرد، من نزاوپارانەوەکانم لەخوای گەورە ئەوەبوو، کەبگەرێمەوە بۆناوماڵ‌وحاڵی خۆم‌وچاودێری‌و سـەرپـەرشـتـی ئـەو سـێ کـورەزایـەم بکەم کەباوکیان شەهیدبووە" مەبەستی شەهید هوشیاری کورێتی".

دوایی بەسەیارە بردیانین بۆ قەڵاتدزێ‌ولەوێ زۆر رایان نەگرتین بردیانین بۆ معەسکەرێکی گەورە پێشی دەشت بوو( پێدەچێت، قیادەی فیرقەی چوارقورنە بووبێت) سێ چوار رۆژ لـەوێـش هێشتیانینەوەودوایە بەسەیارەی عەسکەری پێنج –شەش زیل دەبوون بردیانین بۆهەولێرێ حەوشەیەکی گەورە بوو ئینجا

كردیانینە ژووری لەوێ بۆماوە(٢١) رۆژ زیندانیان كردین، هەتا بڵێی ژیانێكی ناخۆشمان بەسەربرد، ئینجا دور لەرووی ئێوە بائەوەش هەربلێم لەوێ دوو كوردی لێبوو هەرچەندە زمانم بەرۆژووەوباشیش نیە، گوریان بەستینێ وەكوسەگ پەلاماریانداین ئەمە كوردەكان، هەرچی پێمان بوو لێیانستاندینو رووتو قووتیانكردینەوە، بەبێ خواردن، بێ ئاو، لەوێ لەمەراقدا خەریك بوو روحم دەرچێ هەرلەوێ ژنو پیاویان جیاكردەوە، ئەوەی من دەم ناسی سێ پیاوی سەرگەڵوویی‌و دووژنومن بووین، سەرگەلوویەكان لەمەراقدا پشتیان بەدیوارێوەدابوو، هەرئەوەندەم زانی پیاوێكی نەجیب هاتە ژووری رانكوچۆغەی زەردی لەبەردابوو، چاكوچۆنی لەگەڵ كردم‌وگووتی خەڵكی كوێی ووتم خەڵكی سلێمانیم، ووتی كێت لەگەڵە ووتم: ئەوسێ زەلامەم لەگەڵە، سەرگەلوویەكان بەلام ژنەكانیان بردبوون، ووتی دەبا ئەوانیش بێن، بانگی كردینە ژوورێكی ترەوە جانازانم ئەودەمێك بوو گیرابووچی بوو نازانم بەس منداڵێكی لەگەڵ بوو گووتی چیمان هەیە بۆیان بێنەو چاشیان بۆلێبنێ، ئەوشەوەی لەگەڵ ئەوی ماینەوە بۆ بەیانی هاتن ووتیان: عەبدولحمید كێیە ووتم: منم ووتیان وەرە دەرێ بەلام ئەوپیاوە ٥دیناری دامێ گووتی خاڵە ئەوە بۆخۆت خەرجی بكە، وەاللە عەرزی برای خۆم بكەم بردیانمە سجنێكی كەلەوێ چوار سجنیان پێكردم، لەدوایی سەیارەیان هێناو سواریانكردین‌و بردیانین بۆ تۆپزاوای بەركەركوكێ، كەگەیشتین چی ببینین؟ خەڵكێكی زۆریان خڕكردبووەوە، هەمووجۆرە كەسێكی لێبوو، پیروگەنجو ژنو منداڵ، تۆپزاوای لای كەركوكێ دەشتە، لەوێ نزیكەی حەوت شەوبوو ئەی هەشت بوو هێشتێیانینەوە هەرچی گەنج بوو جیایانكردەوەوئینجا سەیارەیان هێناو هەموو پاص بوون پەردەیان پێوەبووچاومان لەهیچ شتێك نەبوو، ئینجا لەوێوە بەرێگایەكی زۆردوردا بردیانین بۆ نوگرەسەلمان" دۆزەخی سەردنیایە" درەنگانێك گەیشتینە نوگرە سەلمان هەموو ماندوو نەكەس نانی خاردووە نەكەس



ئاوی خواردووە، ناڵەناڵی ئەوخەڵكەی یاخوا دوژمنیش نەیبینێ، حەوشەیەكی گەورە بوو، ئینجا بۆسبەینێ حەوت حەوتو هەشت هەشت بەسەر قاعەكاندا دابەشیان كردین، نوگرەسەلمان دووقاتە پەیژەیەكی ئاسنی پێوەبوو حەڤدە هەژدە پلەبوو، بەوێدا سەردەكەوتین بۆسەرێ نۆ مانگ ماینەوە لەنوگرەسەلمان، دوودەرگای گەورەی هەبوو، لەوێ زۆر گەرام بەدوای خوشكەكەمدا بەلام لەبەر زۆری خەڵكەكەی چەندی گەرام بێ سوود بوو نەمدۆزییەوە، ژیانی ئەو زیندانەی نوگرە سەلمان هەر مەپرسە لەخراپیدا ناگێردرێتەوە، بەبێ ئاووخواردن، خواردن هەرنەبوو، رۆژی سەمونێكی بچوكی رەق‌و تۆزێك ئاوی گەرم‌و سوێروتاڵیان دەدایێ جاری واهەبوو ئەوەش نەبوو، سەمونەكەمان دەخستە ئاوەوە بخوسایە ئینجا دەمانخوارد، لەوێ هەندێك كەس پارەیان پێبوو دەرگای پۆلیسەكان‌و ئەمنەكان لێك جودابوو، ئەوانەی پارەیان پێبوو پارەیان دەدایە پۆلیسەكان شتیان بۆدەهێنان ئەویش زۆر بەگران، رۆژێكیان كابرایەك لەناوقاعەی زیندانەكەی ئەوبەرماندا بووپاكەتی دەفرۆشت، خەڵكی گوندی" دۆڵەبی" بوو پارەم پێبوو، پاكەتم لێكری ووتی: تۆناوت چییە؟ ووتم ناوم عەبدولحمیدە، خەڵكی كوێیت؟ ووتم خەڵكی هەڵەدنم؟ ووتی: ئەوە ژنێك لەو لایەیە حافزە دەڵێ من یەك تاقەبرام هەیە ناوی عەبدولحمیدە خوشكی تۆنیە؟ ووتم ناوی چییە؟ ووتی ناوی پیرۆزە دەگوتم بەرێوەاللە راست ئەوە، ووتی دەوا دەچم بۆت دەهێنم، گووتم نا دەخیلت بم من نەخۆشم" ئینجا نەخۆش بووم" ووتم ئەگەر جێی خۆی كردووەتەوەوئافرەتتان لەلایە با لەكن ئێوەبێت، من وەزعەكەم خراپەو ئەویش حافزەو بەمن ناكرێ بیبەم بۆسەر ئاودەستوشتی وا، ئینجا ئەولەقاتێكی كەبوو دوربوو لەمن، نەشم دەوێرا لەخۆرا بیبەم بۆكن خۆم، خواردنەكەش هەر ئەوەندەبووكەپێموگووتی یەكی سەمونێكمان دەدەنێ، ئاونەبوو بۆخواردنەوە، چی بدەم بەویوچی بۆخۆم بێ، خۆشۆردن هەرنەبوو( ئەسپێ‌و رشك) تێدابووین، ژیان لەوێ زۆر نارەحەتبوو، بێجێگە بووین، هەرچەندە قەڵاكە زۆر گەورە بوو بەلام خەڵكەكە زۆر زۆر بوو، جاری واهەبوو لەسەر جێگە دەبووە شەروهەرا، لەوێ ئەوەندە هەواڵی "خوشكەكەم" پیرۆزم زانی‌و چاوم پێی نەكەوت، وەزعەكەمان زۆر خراپ بوو، منداڵو پیرەمێردوئافرەتە پیرەكان زۆر دەمردن، دوایی دەیانبردنە دەرێ تۆزێك خۆڵیان بەسەردا دەكردن، پاش ماوەیەك سەگەرەشەكان مردوەكانیان دەردە هێنایەوەودەیخواردن، لەبەرنەبوونی خواردن

چەندجارێك بەپارەی خۆمان خواردنمان دەكری لەناوسجنەكە، ئەویش زۆربەگران.

ڕۆژی دوجار سەمونیان دەهێنا سەعات ١١ یەك سەمونیان دەداینێو جارێكی تریش ئەم دەمانە (سەعات ٦) یەك سەمونیان دەداینێ بەبێ هیچی كەنەبوو، دوایی نۆمانگان ئینجا خوا ئەجەلی ئێمەی نەهێنا ئەوەی زۆر پیروپەككەوتە بووپێنج سەدوشەش سەد وەجبە وەجبە جیایان دەكردینەوەوبا ریاندەكردینوبەریاندەداین ، من لەسلێمانی پیرۆزم دیتەوەوچاوم پێی كەوتەوە، دوای نۆمانگ لەودۆزەخەدا پیرەكانیان لەگەنجەكان جیاكردەوە، ئێمەیان لەرۆژی ١٩٨٨/١٢/٣١ئازاد كرد، هەركەسەو بۆشاری خۆی ناردینیانەوە، ئینجا كەهێنایانیەوە بۆسلێمانی دەشتێك بوولەوێ فرێیاندان، نازانم كوێ بوو بەلام ماڵیان ئاوابێت خەڵكی سلێمانی بەهانامانەوە هاتن باوەش باوەش سەمونیان دێناودەیاندایە خەڵكەكە، من ئەوەندە هیلاك بووم نەمدەتوانی بچم سەمونێكیش وەرگرم، یەكێك لەنوگرەسەلمانەوە هەرلەگەڵ خۆمان بوولەتە سەمونێكی خۆی دامێ خواردم، دوایە پۆلیسێك هات، ووتی: هەركەس دەبێت بڕواتەوە بۆ قەزاوناحیەكەی ، منیش بە پۆلیسەكەم گووت: وەرە كاكە من ١٠ ساڵە ماڵم لەسلێمانیە بەلام قەزاوناحیەكەم سورداش‌ودوكانە، ووتی وەاللە دەبێت بڕۆی بۆ ئەوێ، وەاللە بەدوو زەلامان هەڵیانگرتم بردیانم بۆناو سەیارەكەی‌وئین جاخوشكەكشمیان هێنا "ئەسمەری خوشكم" ئەویش هەرلەوێ لەنوگرەسلمان بوو، بەلام پیرۆز لەگەڵ ئەو وەجبەی ئیمە نەبوو، ئەودوایە بەربوو، سواریانكردین‌وبرۆ بۆدوكان، وەاللە تەماشادەكەین لەوێش خەڵك كەوتووە، لێرەوە بۆلای مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆكە(نزیكەی ١كم) خەڵك ریزكراوەوخەڵك دێت بۆتەماشامان، تابناسنەوەوخزم‌و كەسوكار.. وەاللە خواكردی كابرایەك پەیدابوو خەڵكی گوندی گەبەبوو، ئیستا ناوەكەی نازانم لەبیرم چووەتەوە، پێشتر رەفیقی كورەكەم بوو ئەوەی رەمی كرا"مەبەست شەهید هوشیارە" سەیارەی پێبوو كابرایەكی تریش بوو خەڵكی قازان بوو ناوی جەمال بوو بانگی ئەو كابرا گەبەییەی كردوو ووتی: كورە وەرە ئەمە باوكی شەهید هوشیارە ئینجا پرسی: تۆ باوكی هوشیارنێت ووتم با بەرێوەاللە ئەوم، جا زۆر بێلەزت بووین، هەرئەوەندە بوو رۆحمان تێدامابوو، وەاللە ئەگەركابرای گەبەیی هات گووتی: باشە من كوێرایم داهاتبوو وەاللەهی سێ جار ئەلێرەوە رۆیشتووم نەمناسیووە، ئینجا ویستیان هەڵگرن بۆناو سەیارەكەی خۆیان، ووتم كاكە دەبێت بم بەن بۆلای قایمقایمی ناتوانم هەروا سەربەخۆ بڕۆمەوە، دوایی كاتبێك هاتە دەرەوە لەمسەرەوە بۆئەو سەرێ ریزی پێوە گرتوو، دەستی كرد بەناونوسینمان، ژنێكی كەشمان لەگەڵ بوو خەڵكی هۆمەرقەوم بوو، ناوی ئامینە بووگووتی: دەخیلتان بم كەس ناناسم بەجێم مەهێڵن، ووتمان بەسەرچاوهێنامان هەتا تاسلۆجە لەوێ دامانبەزاند گووتی: ماڵی خوشكێكم لێرەیە، ماڵیان ئاوابێت كابرای سایەق گووتی: بەخوا هەتا نانێكی باشتان دەرخواردنەدەم ناهێڵم دابەزن، ئێستا بڕۆنەوە بۆماڵەوە ئەوەندە قەرەباڵغ دەبێت ناهێڵن نانیش بخۆن، ئینجا ژنەكەمان بردە تاسلوجەولەوێ ماڵی خوشكەكەیمان بۆ دۆزیەوەودامانبەزاند، لەگەڵ خوشكم "ئەسمەر" پیرۆزنا پێشترئەویش لەگەڵ ماڵ‌ومنداڵیان گیرابوون، گەڕاینەوە هاتینەوە بۆسلێمانی.

ئەوناوانە هەموویان خوشك‌وبرازاوئامۆزا وژنبراوخەڵكی هەلەدنێ بوون. بەلام پاش جیاكردنەوەی پیروگەنجەكان لەیەكتری من بەربووم.

( ئامینە غەفور...ئامۆزام بوو گەنج بوو. پیرۆز عەزیز...گەنج بوو، عائشە محمەد...گەنج بوو. سعدون محەمەد... گەنج بوو، سعید عەلی... گەنج بوو، ئیسماعیل محەمەد.. گەنج بوو. جوامێرحەمەصالح... ژنبرام بوو گەنج بوو. كچان عەلی...كچی ژنبراكەم بوو گەنج بوو، جەوهەر جوامێر..كوری ژنبرام بووگەنج بوو. خەبات عەلی .. كوری ژنبرام بوو، گەنج بوو. جلال عەلی كوری ژنبرام بوو.. گەنج بوو. كریم حەمەصالح ...ژنبرام بوو، گەنج بوو. صبیحە كەریم حەمەصالح .. كچی ژن برام بوو. گەنج بوو، پیرۆزو ئەسمەریشم لەگەڵ بوون خوشكم بوون).

دواتر كەپرسیارم لێكرد لەبارەی بەتەنگەوە هاتنی حكومەتی هەریچمی كوردستانەوە، هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشاو بەپێكەنینەوە گووتی، حكومەتی حۆمان؟! ئەگەر دەتوانی پێیان بلێ چیتان بۆكردووە، كورە برا هەرلێم گەرێ هەركەس پرسیاری لێنەكردم، كەس نەبووبلێت، ئەری تۆخەڵكی كوێت؟ كورە وازبێنە دووقسەی خۆشم بۆبكە باهیچیكە چەقەچەق نەكەم، حكومەتی چی.

دواتر پور مریەم محەمەد صالح، خێزانی مام عبدوالحمید، قسەكانی مێردەكەی پشت راستكردەوەو ئەویش وێرای ئەوەی هێشتا برینی شەهید بوونی هوشیاری كوری بەرۆحیەوە بوو كەلەلایەن عەبەكەركوكیەوە دەستگیركرابوو لەسێدارەدرابوو، هەوالی گیرانی ماڵی جوامێروكەریمی براشی ئەوەندەی تر لەپەل‌وپۆی خستبوو، پورمریەم كە لەسیماو روخساریدا نەگبەتی هەموو گەلی كورد دەخوێنیتەوە، ووتی: كەهجوومەكە دەستپێدەكات، جوامێری برام لەگەڵ خەڵكەكەی لەهەڵەدنێوە بەماڵ‌ومنداڵەوە چووبوون بۆ ئێرانێ‌ودوایی لەوێیوە هاتبوونەوە،گووتبویان عافواتدراوە، ئەویش بەخۆیی‌و ژن‌و ماڵ‌و منداڵیەوە،دێنەوەو لەقەلاتدزێ دەگیرێن‌و ئێستاوئێستاش، سۆراخیان نەبوو..جوامێری برام بوو، مریەمی براژنمی لەگەڵ بووكۆشێك منداڵیان پێبوو لەگەڵ شەش منداڵیان گیران‌و ئەنفالكران، هەردوو مندالی لەپاش بەجێماوون، ناویان جەوهەرو گەوهەرە، ئەوانیش لێرە لەلای ئێمە بوون دەنا ئەوانیش دەگیران‌و ئەنفالدەكران، ئینجا هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشاو گووتی: خۆ هەرئەوبرایەم نەبوو ئەی كەریمی برام‌و سەلامی برازامن سلام خۆی‌و ژنەكەی‌و چوارمنداڵی لەگەڵ بوون، ئەرێ بەخوای كوێریش بووین هێندەی فرمێسكیان بۆهەڵرێژین، هەرنەبوو سۆراخیان نەبوو..

## عوسمان سێدەری:
## وەك دۆڵی جافایەتی بەنیازین لەسەر تابلۆیەکی گەورە بنوسین:
# رێگەنادەین تاوانبارانی ئەنفال بێنەسەر روفاتی قوربانیەکان

لەدوای ١٩ساڵ لەتاوانەکە ئەنفالکراوەکانی گوندی سێدەر وسەرەگەڵو سێکانیان زۆریان لەگۆرە بەکۆمەڵەکەی حەزر لەپارێزگای موسڵ ناونیشانیان دۆزرایەوە، لەدوای هێنانەوەوی روفاتی ئەو قوربانیانەش کەسوکاریان نوێنەرایەتیەکیان پێك هێناوەو لەهەڵبژاردنی خۆیاندا کاك عوسمان مام کەریمیان بەسەرۆکی سەرۆکی ئەولیژنەیە هەڵبژادووە. کاك عوسمان سێدەری یەکێکە لەوکەسە پارتیزانانەی هەرگیز تەسلیم بەبەعس نەبووەتەوە، لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالی یەك بۆسەر دۆڵی جافایەتی، جیگری فەماندەی کەرتی پێشمەرگە بووە، لەپەلامارەکانی ئەنفالی یەکدا ٨٥ کەس لەگوندەکەیان ئەنفالکراون، کە زۆربەیان براو ئامۆزاو ئامۆزازای بوون.

هەرچەندە ئەو نوێنەرایەتیەی لەدۆڵی جافایەتی پێکهاتووە، تێبینی ئەوەی لەسەرە کەوا زیارتر لایەنداری حزبێکی دیاریکراوی پێوەبێ، چونکە لەدۆڵی جافایەتیو شارباژێردا جگە لەوبەرێزانە خەڵکێکی زۆری تریش هەن کەسوکاریان ئەنفالکراوەو سەر بەهیچ حزبێکی سیاسی نین، یان سەربەحزبێکی ترن.

ئەنفالستان وەك رێز لێنانێك بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لەم ژمارەیەدا چەند بەرێزیکیان بەسەردەکاتەوەتەوەو دیداریان لەگەڵ سازدەکات. سەبارەت بەپەلامارەکانی ئەنفالی یەك عوسمانی مام کەریم ناسراو بە عوسمان سێدەری گوتی :

دیداری ئەنفالستان

زۆر بەخێربێن، سوپاس بۆ ئەم دیدارەو مایەی پێزانینمانە. بێگومان هەرلە سەرەتای مانی گی دووەوە جموجۆڵی سەربازی هەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی بەرنامە رێژکراو لە بەرواری ١٨ای ئازاری ساڵی ١٩٨٨ پەلامارەکان دەستیان پێکرد، هەڵبەت زۆریش قسەکراوە لەبارەی ئەنفالی یەکەوە، ئەگەر بمەوێ شتێك لەو بارەیەوە باس بکەم، هەرئەوەندەیە کەوا پەلامارەکان بە سیستماتیك دەستیان پێکرد، خودی وەزیری بەرگری عێراق، ئەوکاتە عەدنان خیراللە تلفاح سەرپەرشتی شەرەکەی دەکرد، ئەو چەکانەی حکومەت لەدژی ئێمە بەکاری دێنان چەکی وێرانکەری پێشکەوتووی سەربازی بوون، هەر ئەوچەکانە بوون کەوا لەجەنگی ئێران بەکاری دەهێنان، ئێمەش چەکەکانمان لەچاو ئەو انەی رژێم چەکی تەقلیدیو نابەرانبەر بوون، جگە لە تۆپوتەیارەو زرێپۆش هەموو جۆرەکانی راجمەی بەکاردەهێنا، راجمەی گەورەو بچوك واتە چلیو ئەوی تر، تۆپی قورسو سوك، دواجاریش کە هەر بەرگریمان بەردەوام بوو، چەی کیمیاویشی بەکارهێنا.

بـبـورە ئـەو جیگایانەی چەکی کیمیاوی تێدا بەکارهێنا کوێ بوون؟

سەرەتا لە گوندی چالاوا بەکاری هێنا، مەرومالاتێکی زۆری کوشت، لەهەڵەدن، یاخسەمر، قەرانگوێ، شارستێنو لەسێدەریش بەکاری هێنا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوروژە باران باری ئەوەندە کاریگەری نەبوو، وەکو ئەوەی کەلەشوێنانی تر کاریگەری هەبوو وەکو هەلەبجەو سێوێناو بالیسان، ئیتر ئەوە بووە هۆی ئەوەی سەرکردایەتی بیر لەبریارێکی تربکاتەوە. ئەوەبوو بەبریاری سەرکردایەتی دوای مانگێك لەبەرگری پاشەکشەمانکرد.

دوای ئەوەی بەرگریتانکردو دواتر پاشەکشەتانکرد، بێگومان پاشکشەکە شکست بوو، رێگەکەشتان سەخت بوو، ئەو دیمەنانەی هەمیشە لەیادەوەریتداماونو



رەنگە زۆریش ئازارت بدەن؟

من لەپێشەوە لەسێدەربووومو دوایی چوومە شارستێن، لەئەنفالی یەکدا رۆژی حەشربوو، تۆفان بوو سەرمابوو، بەفر لەهەندێك شوێندا ٣ مەتر کەوتبوو،پاشکشەکە دیمەنی زۆر ناخۆشو تفتو تاڵی تێدابوو، ئەگەر باسی دیمەنی دڵتەزێنت بۆ بکەم، هەمووی هەر دڵتەزێن بوو، خەڵك بەعام لێی قەومابوو، بەڵام ئەوەی هەرگیز لەبیرم

ناچێتەوە رووداوێکی دلتەزێن بوو لە پشتی کانی توو، نزیکە ٧٠ تا ٨٠ کەسی مەدەنیو پێشمەرگە پێکەوە لە بەفردا رەق ببونەوەو مردبوون، هەروەها لەدۆڵی شامحمەدیشەوە خەڵك رۆیشتبوون هەرچەندە پێشمەرگە پێشتر ئامادەباشیان بۆکردبوو، رێگەکەیان پاککردبووەوە بەلام لەویچش خەلکێکی زۆر بوونە قوربانی بەفروئەنفالوتۆفانی ئەو زستانە سەختە، تاخەڵك دەگیشتە ئێران بەهیلاکەت چوو زۆر کەس مردن بەتایبەتی منداڵو پەککەوتە، مەرگەساتێك بوو بۆخۆی، بەلام بەراستی کە گیشتینە ئێرانیش بێجگە لە حکومەت خەڵکیش کوردی ئێرانیٚ زۆر هاوکاری خەڵکیانکرد، بەتایبەتی خەڵکی سەردەشتو بانە هاوکاریەکی زۆریانکردینو ئێمە قەرزداریانین.

باشە کەچوونە ئێرانو مەودایەك هەبوو بۆ رۆیشتن ئەوخەڵکەی سێدەر چۆن ئەنفالکران؟

هەندێك ئەویش زۆر کەم لەدۆڵی جافایەتی بیریان لەوە کردبووەوە بچن لەناوشارەکانی وەکو سلیمانیو رانیەو ئەوان خۆیان پەنابدەنو بەدزیەوە برۆنەوە بۆناوشارەکانو نەیان ویستووە برۆن بۆ ئێران، کە رۆیشتبوون بەردەستی حکومەت کەوتبوون، زۆربەی ئەوانەی سێدەر لەبەری مەرگە گیرا بوون، خۆ ئەنفالی دۆلی جافایەتی کەمیان گیران بەلام دوایی کە لە ئێرانەوە گەرانەوە گیرانو ئەنفالکراون.

**مەبەستت گەرانەوەیە بەلێبوردنی گشتی؟**

کە لەئێران بووین هەروا ٢٥ رۆژێك دەبوو گەیشتبووین، کەحکومەت بەیانێکی درۆی دەرکرد، گوایە عافواتەو لەناو ئێرانیش دیارە خەڵکانێك هەبوون ئیشیان بۆ حکومەت کردووەو پروپاگەندەیان بلاودەکردەوە گوایە لێبوردنی گشتیی دراوەو کەس هیچی بۆنابێت، خەڵکیان هاندەدا بگەرێنەوە، بەلام ئەوەی خەڵکەکەی فریودا ئەو بەیانە بوو کە حکومەت بەتەیارە فرێی دابووە خوارەوەو گووتبووی لێبوردنی گشتیەو وەرنەوە سەرماڵو حاڵی خۆتان. بەلام دیار بوو حکومەت نیازی خراپ بووەو داوێکی نابووەوە، بەداخەوە ئەو خەڵکەی گەرابوونەوە هەموویان گیرابوونو دواتریش وەکو زانیمان زۆربەیان زیندە بەچاڵکرابوون، مەسەلەن ئەوانەی گوندی سەرگەڵوو سێکانیان هەموو لەوانەبوون. کەخۆیان گەرابوونەوە، کەچی تەسکەرەکانیان لە گۆری بەکۆمەڵدا دۆزرایەوە.

**ئەوکاتەی بەرگریتان دەکرد، دەتانزانی حکومەتی بەعس نیازی لەوە خراپترە هەربەتێك شکاندنی ئێوەوە بوەستێ؟**

لەراستیدا ئێمەو هەموو کوردێکیش دەیزانی حکومەتی بەعس چۆنە، چاوەروانی هەموو شتێکی خراپمان لێدەکرد، بەلام نەوەالله بەعەقڵی کێدا هاتووە میللەتێك لەناو ببرێت؟ من خۆم قەت بەعەقڵمدانەهاتووە کۆمەڵکوژی وابکرێ؟!! ئەوەی بەسەرکورد هات تاوانێکی گەورەبوو، ئەورۆژانە رۆژی قیامەت بوون کەچی کەس بەفریامان نەکەوت، ئەوە دیمەنەشم لەبیرنەچێت، هەرلەوکاتەی دا ئەحمەدی حاجی مەولودی هەبوو، پێشمەرگەیەکی زۆر قارەمانیش بوو، کاتی هجومەکەی لافاویش هەستابوو، ئەو لەوبەری چەمیو ماڵومندالیشی لەمبەری چەمی ئاوەکە زۆربووە کە ویستبووی بپەرێتەوە بۆ لای مندالەکانی ئاو بردبووی ئێستاو ئێستاش تەرمەکەی نەدۆزرایەوە. یان دیوومە باوك ئەولادی خۆی بەجێهێشتووە، ئەولاد باب‌وداکی خۆی بەجێهێشتووە.

**خۆئەوانەش هەر ئەنفالن، خۆ ئەنفال هەر ئەوەنیە برایێت بۆ نوگرەسەلمان، یان لەعەرەبستان کوژرابێ.؟**

بەڵێ راستە ئەوانەش ئەنفالن.

**ئەی باشە کاتی خۆی کە لەراپەرین گەرانەوە، ئەم چەندساڵەی پێشوو بۆچی باسی ئەو قوربانیانەتان نەدەکرد؟**

لەراستیدا ئێمە تاهاتینە سەر ئەوەی ئیعادە نەزەر بکەین. زۆری پێچوو، ئەو کاتەش ئەعلامو رۆژنامەنوس وەکو ئێستا نەبوو، بگرە هەرنەبوو. منیش لەگەڵتدام ئەوانەش هەموویان ئەنفالن.

**دوای ئەوەی لە راپەرین گەرایتەوە بۆ ئێرە، کەزانیت کەسوکارت ئەنفالن هەستت بەچی کرد؟**

من پێش راپەرین هەرلێرە بووم، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لە چیای پیرەمەگروون بووین، پارتیزان بووین، شعورم چۆن بێت؟ بەراستی ناخۆش بووە، هیچ هەیە لە ئەنفالکردنی کەسوکارت ناخۆشتربێت؟ هەموو هیوایەتم ئەوەبوو مامۆستا عەبدالرحمنی برامو ئامۆزاکانم ببینمەوە، کە هاتمەوە بۆ ناو ئاوەدانی هەموو ئەنفالکرابوون زۆر ناخۆش بو، ئاخر ئەوانەی سێدەر ٨٥ کەس هەموویان براوئامۆزاو خزمم بوون.

**تاکەی چاوەروانیان بوویت؟**

لەراستیدا هەتا راپەرین من هەرچاوەروانیان بووم، لەراپەریندا من بەتەمابووم بەربین، تەنانەت کەچووین بۆکەرکوك، دەمگوت هەموویان ئازاد دەکەین، تەنانەت من لەکەرکوك بریندار کرام، هەرچەندە گوتیان : کاکە تۆبریندارى برۆرەوە بۆ ماڵێ، من هەر نەرۆیشتمەوە بروات هەبی ناو پێلاوەکانم هەمووی خوێن بوو، یەکەم بریندارى کەرکوك من بووم، هەروەها یەکەم برینداریش کەلەخەستەخانەکەی کەرکوك ئەوەی ئیستا ناونراوە ئازادی تەداوی کرابێ هەر من بووم، ئیتر ئەوەبوو کەرکوك گیرایەوەو دواتریش ئاوارەبووینو ئەوانیش هەتا لە حەزەر تەسکەرەکانیان نەدۆزرایەوە سۆراخیان نەبوو.

**تۆ پێشمەرگە بوویت، لەدوای ئەنفالی پارتی زان بوویت، دوای ئەوەی کەسوکارت لەو گۆڕانەی حەزەرو سەماوە تەسکەرەکانیان دۆزرانـەوە، شعوری تاکەکەسی خۆت چیە بەرانبەر ئەو تۆمەتبارو تاوانبارنەی بەشدار بوون لە ئەنفالدا؟**

بێگومان ئـەو لێبوردنە گشتیەی بـەرەی کوردستانی دەریکرد بۆ ئەو تاوانبارنە شتێکی زۆر باش بـوو، چونکە کوردستان زروفێکی تایبەتی هەیە، بۆیە بریارێکی سیاسی زۆر حەکیمانە بوو.

ببورە، نامەوێ بزانم دژایەتی یان لایەنگیری بریارەکە بکەیت، پرسیاری شعوری تاکەکەسی خۆت دەکەم؟

ئەگەر شعوری تاکەکەسی خۆم لێدەپرسی لێیان خۆش نەدەبووم.

**قەت لەسەرمێز دانەنیشتووی لەگەڵ ەوجۆرە کەسانەدا کەلەئەنفال بەشداربوون؟**

وەاللە وەك دانیشتن دانیشتووم لەگەڵیان بەڵام بـروات هەبێ ئەوەندە شـەرمـەزارن ناتوانن هیچ قسەیەك لەو بارەیەوە بکەن. ئێ خۆ ئەو هەموو خەڵکەش ناکوژی؟

**ببورە من لەگەڵ کوشتنی هیچ کەسێك نیم، تەنانەت هی عەلی حەسەن مەجیدیش.**

وەاللە عەلی حەسەن مەجیدو ئەوانە نەمێنن باشە.

**بەبروای تۆ چی بکەین بۆ ئەوەی ئەنفال بکەینە بەردی بناغەی دروستبوونەوەی ئەم کۆمەڵگایە؟**

من هەرزوو بروام وابووە کە ئەنفال دەبێت بـەردی بناغەی شورایەکی پۆلاین بۆکورد، ئـاخـر خۆکوشتنی ١٨٢٠٠٠ هــەزار کـەس گالتەنیە، دەمزانی ئەم تاوانە بەسەر صدامدا تێناپەرێ ئێچستاش وا کـاری بۆ دەکرێت، یەکێك لەوانە بەرێزتی دەزانم کاری باشی بۆدەکەیت، ئەو کۆنگرەیەی لە هەولێر کراو بـەرێـزت ئەندامی لیژنەی بالاَبوی منیش تیایدا ئـەنـدام بـووم، بـەبـروای مـن کـاری وابکرێت شتێکی زۆر زۆر باشە، هیوادارم شتی وا لە هەموو دنیا بکرێت، هەتا خەڵکی کەش بە تاوانەکە ئاشنابێت، هەتا بزانن کورد چی بەسەرهاتووە، مەسەلەی ناساندنی جینۆساید کارێکی زۆر پیرۆزە.

راستە ئەوکارانە گرنگن، بەڵام بەچی دەچێت ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە ژیانی هەموو کۆمەڵگەی کوردی خراپتربێت.؟

ئەوەیان راستە ژیانی کەسوکاری ئەنفالیش ئیستا لە جاران باشترە، بەڵام هەتا پرۆسەی ئـازادی زۆر خراپ بـوو، تەنها یارمەتیەکی مـەمـرەو مـەژیـان هـەبـوو، لـەبـەر ئـەوەی حـکـومـەتـیـش مـەشـاکـیـلـی خـۆی هـەبـوو، سەرچاوەی داهاتی نەبوو، هەبوو نەبوو ئەو چەند گومرگە کەمە بوون، مونەزەمەکانیش کەم کەمە یارمەتیان دەدان.. بەڵام لەدوای پـرۆسـەی ئـازادی موچەکەیان تـارادەیـەك باشتر بوو، ئێستاش وابووەتە دووقات، واتە لە١٥٠٠٠٠ سەدوپەنجا هەزارەوە بووەتە ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار، هیوادارم حکومەتی هەرێم باشتر بیریان لێبکاتەوە، چونکە دەزانین ئەو موچەیەش بەشی هیچ ناکات. هەقە ئەوەی ئەنفالی زیاترە زیاتر وەرگرێ ، بەپێی ژمارەی قوربانیەکان موچەکەشیان زیاتر بێت.

**ئاخر خۆ کەسوکاری ئەنفال هر موشکیلەی موچەیان نیە؟ چەندین گیروگرفتی سایکۆلۆژی، ئابوری، کۆمەلاَیەتیان هەیە.**

راستە ئەو مەشاکیلانەیان زۆر زۆرە..

**بابێینە سەر رێکخراوەکەتان؟**

فەرموو؟

**وەکـو دەزانم ماوەیەکە نوێنەرایەتیەکتان پێکهێناوە؟ بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی دۆڵی جافایەتی‌وشارباژێر بکەن، ئایا کەسوکاری ئەنفال متمانەی پێکردوون و کەس لەدەورتان کۆبووەتەوە؟**

بەڵێ هەمووومان خۆمان کەسوکاری ئەنفالین.

**چۆن دروست بوون؟ مەبەستم ئەوەیە چۆن بیرتان لەپێکهێنانی کردووەتەوە؟ ئامانج لە دروست بوونی ئەو نوێنەرایەتیە چیە؟**

لـەراسـتـیـدا دروسـتـبـوونـەکـەی لـەدوای هێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوەکانەوە بوو بۆ دوکان، دوای ئەوەش ئەنفالی دۆلی جافایەتی‌و شارباژێر زۆر مەغدورن، بەڵام کەئەمە دەڵێم کەسوکاری ئەنفال لەهەرکویەك بن شایانی رێـزن‌و هەقە هەموو شتێکیان بۆ بکرێت، ناڵێم دەبێت هەر بۆ ئێمە بکرێت‌و ئێمە لەپێش هەمووکەسێکی تـرەوەیـن، ئەنفال هـەر ئـەنـفـالـە، هـەقـوایـە لەهەرکویەکبن خانوی ئالتوونیان بۆ دروست بکرێت، بەڵام دەبینین ناهەقی هەیە فەرق‌و جیاوازی هەیە، مەسەلەن خانوو بۆ مەنتیقەیەك دروست دەکرێ‌و بۆ مەنتیقەیەکی تر دروست نارێت، ئـەوەی هەتا ئیستا هیچی وای بۆ نەکراوە ئەنفالی دۆلی جافایەتیە، ئەوکاتەی تەرمی ٣٦٥ ئەنفالکراوەکە هاتنەوە بۆ دوکان جموجۆلێك دروست بوو، ئێمەش هاتین کۆبوونەوەیەکمان کـردوو، لیژنەمان دروستکرد، تەبعەن بە هەلبژاردن، کەسوکاری قوربانیەکان چوونە لـیـژنـەکـانـەوە، ئینجا هــەردوو نـاوچـەی شارباژێرو دوکانمان لێکداو لیژنەیەکی بالاَمان بۆ هەلبژارد، ئیستا وەکو دەزانـن شتێکمان دروسـتـکـردووە، بـۆئـەوەی بتوانین کارێك لەوبوارانەدا بکەین، بەلای کەمەوە ئامارێك لەسەر قوربانیانی ناوچەکەمان بکەین، ئینجا ئـەوەی پێمانبکرێ بۆ کەسوکاریان درێغی ناکەین.

مادام مەغدورن یەکەم داواتـان لە حکومەت چیە؟

یـەکـەم داواکـریـمـان ئـەوەیـە شـوێـنـی نیشتەجێبوونیان باش بکرێت، دوایە داوامان ئەوەیە لـەبـارەی کۆمەلاَیەتی‌و پـەروەردەو خوێندنەوە گرنگیان پێبدرێت، بۆ ئەوەی ئەوانەی دایك‌وباوکیان یان کەسی دەرەجە یەکیان فەوتاوە ئەوانیش نەفەوتین، وەلحاڵ دەبـیـنـیـن کـوری مـوسـتـەشـارێـك یـان کۆنە

جاشێك لەهیچی كەم نیەو دەخوێنیو پلەی باش بەدەست دێنیو كوری ئەنفالیش هەر فەوتاوە، با حكومەتیش هاواكری ئەوان بكاو هەتا سود بەخۆشیانو بەكۆمەڵگاش بگەیەنن. بۆیە حكومەتی هەرێم ئەركێتی هاوكاری كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكات، بەتایبەتی گەنجەكان، هەقوایە هەندێك حساباتی تایبەت بۆ رۆڵی ئەنفالەكان بكرێت، چونكە كچو كوری ئەنفالەكان ناتوانن وەكو كچو كوری كەسێكی دەست ریشتوبن، مەسەلەن كوروكچی جاشێك یان موستەشارێك، یان هی خۆفرۆشێك، لەهیچی كەم نەبیو هی ئەنفالیش لەبەرنەبوونی نەتوانێ بخوێنێ چۆن دەبێت. رۆڵەی ئەنفالكراوەكان ئەگەر بەدەگمەن دەنا زۆربەیان لەحاڵەتێكی زۆرخراپدانو حاڵەتیان نا ئاساییە، هەر بۆیەشە ناتوانن لەخوێندا پلەی باش بەدەست بهێنن.

بابێینە سەر هێنانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان، تۆ وەكو كەسوكاری ئەو قوربانیانە رازی بوویت لە رێورەسمی بەخاك سپاردنەكەیان؟

بەلێ من وەكو خۆم، رازیبووم ، سوپاسی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالكراوان دەكەم، بەحورمەتەوە هێنایانەوە، هەرچەندە لەلایەن حكومەتو حزبەكانیشەوە وەكو پێویست ئامادەی پێشوازی كردنیان نەبوون، مەسەلەن وتارو قسەیان نەبوو، ئەو مناسبە گەورەیە نەیانتوانی وەكو پێچویست گرنگی پێبدەن.

ئەی شوێنی بەخاك سپاردنەكەیان خۆتان دیاریتان كردبوو؟

بەڵێ شوێنەكەی خۆمان هەڵمانبژارد، لەپێشەوە چەند شوێنێك گەراین، دوایی ئەوێمان دیاری كرد، هەرچەندە لەهەرشوێنێكبن گرنگ نیە گرنگ هاتنەوە بۆ كوردستان.

دەنگوباسی ئەوە هەبوو لە مەراسیمی بەخاك سپاردنیان خەڵكانێك بەشداربوون، كە پێشتر لەتاوانی ئەنفالدا بەشداربوون، ئەمە تاچەند راست بوو؟

بەڵێ ئەوە راستە ووتیان كەسێك بەشدار بووە، بەلام مەرج نیە ئەوانە دەستیان لەتاوانی ئەنفالكردنی ئەو قوربانیانەدا هەبوو بێ بەلام ئەوە گرنگ نیە ئەوەی بەشداری تاوانەكەی كردووە هەر شەرمەزارە هەق نیە رێگە بەخۆی بدات بێتە ئەو شوێنانە، بۆیە لەو رۆژەوە ئێمە وەكو نوێنەرایەتی دۆڵی جافایەتیو شارباژێر رایدەگەیەنین بەنیازیشین بە فتعەیەكی گەورە بنوسین رێگەنادەین تاوانبارانی ئەنفال بێنە سەر روفاتی ئەنفالكراوەكانمان.

دەستتان خۆش بێت ئەمە هەڵوێستێكی ئەخلاقیەو ئەركی هەموومانە.

لەراستیدا هەقوایە ئەوانەی بەشداری تاوانێكی وا گەورەیان كردووە، خۆشیان شعورێك بكەن، منبومایە لەو ئاستەدا سەیارەكەشم بشكێ لەرووم نایە لە نزیك گۆرستانی ئەنفالكراوەكاندا بووەستم دوردەكەومەوە ئینجا دەوەستم، ئەوان ئەگەر هەست بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بكەن دەبێت لەئاستی كەسوكاریان چاویان هەڵنەیات، پێموایە ئەوەی بەشداری ئەنفالی كردووە خاوەنی رورشیەكی ئەوەندە گەورەیە هەتا دنیادنیایە پەلەیەكی رەشە هەر بەناوچاویانەوەیە.

**من خەونێكم هەیە حەزدەكەم بەتۆشی بلێم، رەنگە ئەمە دوا پرسیاریشم بێت، دەمەوێت رۆژێك دروست بكەین، بۆ كۆبوونەوەو یەكتر ناسینی نوێنەری ئەنفالكراوەكان لەهەموو شوێنەكانی تر وەكو گەرمیان و بادینان، بۆئەوەی دۆستیایەتیەك لەناو قوربانیەكان دروستبكەین و خەمەكان تێكەڵی یەكتر بكەین؟ تۆ دەڵێی چی؟**

پرۆژەیەكی جوانە، بەلام ئێستا هەوڵێكی واهەیە، وەزارەت داوەتی هەموو نوێنەرەكانی كردووە، چەند كۆبوونەوەیەكیش كراوە، فیدراسیونێك پێكهاتووە، نوێنەری هەموو ناوچەكانی تێدایە، هی رێكخراوەكانی تێدایە، دواهەمین كۆبوونەوەمان لە كۆیە بوو، من نازانم بۆ لەوێ نەبوویت، منیان راسپاردووە كە بەئەوكەسانەی تربلێم كە یەكێك لەو بەرێزانەی تۆیت، بەتایبەتی ناوی تۆ هات، هەروەها ناوی رێكخراوەكەشتان، پێمخۆشە بەرێزت ئامادەبێت، چونكە جێگای دەستت دیارەو ماندوویت، بەبروای من ئەوەش دەرفەتێكی باشەو ئومێد دەكەم ئەنجامی باشی لێبكەوێتەوە.

**زۆر سوپاست دەكەم من هیچم نەماوە ئەگەر تۆ شتێكت مابێ ؟**

زۆر زۆر سوپاسی بەرێزت دەكەم، ئەوەی دەمەوێت لەدوا ووتەدا بیڵێم لەم گۆڤارە بەرێزەوە كە بەتەنگ كەسوكاری ئەنفالەوەیە، سوپاسی كەسوكاری ئەنفالی دۆڵی جافایەتی شارباژێر دەكەم ، كە ئەوە شەرەفەیان داوەتەمن، كە نوێنەرایەتیان بكەم،و بەسەرۆكی لیژنەی باڵاش هەڵیان بژاردووم، منیش بەلێنیان دەدەمێ كە دلسۆزیان بم. لە ئاستی داواكاریەكانیاندابم، هیوادارم حكومەتی هەرێمیش، حزبەكانو بەرپرسەكانیش ئەو حەقیقەتە بزانن، ئەو سەروەریەی ئەمرۆ هەیە بەری ئەو هەموو قوربانیە زۆرەیە، بەری ئەوە تاوانەگەورەیەیە كە كیمیابارانو ئەنفالەوە كرا، هیوادارم وەفادرای قوربانیەكانیان بن، لەخزمەتكردنیان كەمتەرخەمی نەنوێنن، باشە چیی تێدایە ئەگەر بەرێز جەنابی مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراق، بەرێز سەرۆكی هەرێم كاك مەسعود جارێك بێن سەردانی شوێنی ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی كوردستان بكەن؟ بەسەریان بكەنەوە ، دوبارە سوپاسی بەرێزت دەكەم. سوپاسی كارەكانیشت دەكەم، كەدیارنو جێگەی شانازی هەموومانە.

## ئەکرەم عەلی حسێن :

# من کەئەو هەموو شەهیدو ئەنفالەم هەیە، ڕەوایە بچم واستە بەکەسێك بکەم کەدەستی هەیە لەئەنفال کردنی کەسوکارەکەمدا ؟

ئەنفالستان

ئێوارەبیەکی درەنــگ وەختی مانگی نیسان چــاوم بــەکاك ئــەکرەم عــەلی حسێن سێکانی کەوت، کە لەنزیکەوە کەوتینە قسەدەربارەی ئەو قوربانیانەی دۆلی جافایەتی‌و دۆزینەوەی تەسکەرەکانیان لەگۆڕەکەی حەزەری لای موصلْ کامێرای ڤیدیوکە ئەوەندەی بەبەرەوە نەمابوو بەکامی دڵ قسەکانی خۆی بکات، لەودیدارەدا ئەکرەم عەلی ووتی : ئێمە تەنها لەبنەماڵەکەی خــۆمــانــدا( ٩ ) کــەس ئەنفالکراون، بــراوزاو خوشك‌و خوشکەزام هەموو نەوعێکی تێدایە، دایکم‌و دوو خوشك‌و برایەکم .

ئەوانەی ئێمەش هەرئەنفالن، بەڵام لەناوچەکەدا نەگیران، ئەوان چوون بۆ ئێران‌و دوایە لەوێ ٢٥ ڕۆژێك دەمێننەوە، حکومەتی بەعس بەتەیارە بەیانیان بۆ فــرێــدەداو دەڵێت وەرنــەوە بۆ سەرماڵ‌وحاڵی خۆتان‌وعافواتی عامە، ئەوانیش گوتبویان مادام عافوات بێت ، بۆچی نەرۆینەوە سەرماڵ‌و حاڵی خۆمان، ئیتر شەت نۆ خێزانێك پێکەوە گــەرابوونــەوە لەسنوری قەڵاتدزێوە گەرابوونەوە لەسونێ خۆیان تەسلیم بکەن، کە زانیمان گــیراوون، ئینجا زۆر هەوڵماندا لە قــەڵاتــدزێ لە هــەولــێر، لە کــەرکوك فایدەی نەبوو، گوتیان جاشێك گرتوونی‌و تەسلیمی عەسکەریەکەی کــردوون ، ئێمەش کابرای جاشمان دۆزیــەوەو چوین بــۆلای کەچووین گوتمان ئەو خزمانەی ئێمەت چی لێکردووە، گووتی: وەڵاهی باوکم من نەم گرتوون، خۆیان هاتوون خۆیان تەسلیمکردووەتەوەو ئێستاش لەفرقەی چوارقورنــەن، ئەوکاتە فرقەی ٢٤ لەوێ بوو، کابرای جاش گووتی: من دەسەڵاتم بەسەر عسکەریدا ناشکێ‌و پەیوەندی بەمنەوە نیە، لەراستیدا پیاو هەق بلێ کەسوکارمان خۆیان هاتبوون‌و خۆیان تەسلیم کــردبــوو، ئــەو جاشە نەیگرتبوون، لەپێشەوە تەیارە بەیانی فرێدابوو ئــەوانــیش بەیانەکەیان خوێندبووەو هاتبوونەوە خۆیان تەسلیمکردبوو. کەلە سەیتەرەکەی پشتی قــەڵاتــدزێ گــیرابــوون یەکسەرناونوسکرابوون‌و ســواری زیلی عەسکەری کرابوون، بۆ فرقەی چوارقورنەی لەویشەوە بردبویانن بۆهەولێر دوایــەش بردبویانن بۆ تۆپزاواو لەویشەوە دەستیان بەجیاکردنەوەیان کــردبــوو، ئەمە مــالی خــاڵم ئــەوانــیان لەگەڵ بــوو لــەخــۆمــەوە قــســەنــاکــەم، دوایــە ئــەوان کەلەنوگرەسەلمان بەربوون گیرایانەوە، لەوێوێ پۆل پۆلیان کــردبــوون‌و دابەشیان کردبوون، هەندێکیان ناردبوو بۆ نوگرە سەلمان‌و ئەوانیش کەش دیارە بردویانن کۆمەڵکوژیان کردوون.

ئــەو کــەســوکــارەی ئێمە رۆیــشــتــن‌و ونــبــوون، سۆراخیان نەبوو لەوەندەی زیاتر لەتۆپزاوای لای کــەرك بینراون، بــەڵام لەساڵی ٢٠٠٤ کاك کامەران سابیر هەیە لە محکەمەکەی ئەنفال هــویــەیــەکــی بــۆ هــێــنــانــیــنــەوە گــوتــی : ئــەم هویەیە دەناسن، ئێمەش ناسیمانەوە، هویەی تقاعودیەکەی باوکم بوو، ئینجا باوکم شورتە بوو هویەی تەقاعودیەکەی لەلای خوشکێکم بوو، بەو هەویەی باوکم زانیمان ئەوخوشکەم لەگۆڕەبەکۆمەڵەکەی حەزەرکوژراوە.



ئینجا دوایی کاك کامەران بانگی کردین ووتی دەتــوانــن شایەتی بــدەن یــان شکات لە صدام بکەن، منیش گووتم ئەی بۆناتوانم ئەریوەالله شایەتی دەدەم، ڕۆژێــك چووین ئیفادەمانداو دوایـــەش بانگیانکردین چوین بــۆ دادگــای تاوانبارانی ئەنفال . بێگومان ئــەوەش بەلای منەوە زۆرخۆش بوو، لەپێشەوە هەستم وابوو کە ئەم کابرایە صدام حسێن پیاوێکە سامی هەیەو کەچی بروابکە وانەبوو کورتیەکەی پیاوێکی زۆر خوێری بوو، من هەربەکوردی هیندێك جنێوم پێدا ، لەوکاتەیدا ئەو هەموو غەدرەم بیرکەوتەوە، خەریك بوو کورسیەکەم هەڵگرم تێی گرم، بەڵام ئەوەی لەتەنیشتم بوو نەیهێشت، ووتی شتی وانەکەی ئەمە قانوونە، کەمن جنێوم پێدا صدام حسین بەحاکمەکەی گوت دەبی بڕواتە دەرەوە . ئینجا بەحاکمەکەی گوت تۆ عادل نیت .. سیادەی محکمە پێشێل ئەکات و تۆش قسە ناکەیت . ئیتر من زۆر تورە

بووم .

خاڵم و خاڵۆژنم لەنوگرە سەلمان بوون . ئێچستا وا لەرشاپەڕین دەژین هەرکە هاتەوە زانیمان نەماون .

سەبارەت بە گلەیی ئەکرەم علی حسین دەڵێت بەڕاستی ڕەخنەو گلەییمان زۆر زۆرهەیە .نازانم تاکەی ئەو تاوانبارانەی ئەنفال بداتە دادگا . بەڕاستی ئەگەر حکومەتی هەرێم ڕێز لەکەس و کاری ئەنفال بگرێت دەبێت تاوانبارانی ئەنفال بداتە دادگا . خۆمن لە گەڵ کوشتنی هیچ کەس نیم ، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لەو هەموو قوربانیانە و بۆ ڕێزگرتن لەهەستی کەسوکاریان هەق نیە تاوانباران هیچ پۆستێکیان بدرێتێ . ئێستا کەسێکی وەکو من کە ئەو هەموو شەهیدو ئەنفالەم هەیە ، ڕەوایە بچم واستە بەکەسێك بکەم کەدەستی هەیە لە ئەنفال کردنی کەس و کارەکەمدا ؟ ئەمە قەت ڕەوانیە ، حکومەتی هەرێم هەق وایە ئیتر بیربکاتەوە، ئەم وواڵتە سوتا ڕەز سوتا دێهات سوتا ، مـاڵات سوتا ، مزگەوتو قورئان سوتا ، ئینسان سوتا . هێشتا تاوانباران‌و گومان لێکراوانی ئەم تاوانە خاوەنی هەموو شتێکن و منیش ئەم هەموو قوربانیەم داوە خاوەنی بستێك ئەرز نیم لەم وڵاتـەدا . ببەڕاستی ناهەقی گەشتۆتە سەر ئێسقانمان ، کابراش خاوەنی مۆنیکاو خانوو هەمووشتێك بـێـت، بـاشـە دزیـش سـنـوری هـەیـە، دەیـخـوا بابیخوا بەڵام باچاویان لەوەزعی خەڵکیشەوە بێت، بەتایبەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان‌و کیمیاباران، بودجەی عێراق ١٧٪ی بۆ هەرێمی کوردستانە بەڵام کوا ئاوەدانکردنەوە دەبینی بەقەد ئەو بودجەیە؟ چوین بۆیادی هەڵەبجە توخوا ئەوە وەزعە ئەوشارە هەیەتی؟ شارێك زیاتر لە ٥٠٠٠ هـەزار شەهیدی کیمیابارانی هەبێت بێجگە لەشەهیدەکانی تر ئەوە حاڵی بـێـت؟ چویـن بـۆ یـادی هـەڵـەبجە بـەردەمـی قاعەکە تابەرئەژنۆت دەچووە قـورەوە، ئەو دەقەیە شۆڤڵ هاتووە لەبەردەمەکەی چەو دەرێژێ.

## عارف حەمەوەیس:
## ئەودیمەنانەی لەئەنفالی یەك بینیم هەرگیز بیرم ناچنەوە



لەکاتـی چاوپـێـکـەوتـنـەکـەی کـاك عوسمان سـێـدەریـدا کـەبـاس هـاتـە سـەر دیـمـەنـە ترسناك‌و خەمناکەکان، کاك عارف روخسەتی وەرگـرتـوو، بـەئـەدەبـەوە ووتـی: هەرچەندە چاوپێکەوتنەکە هی من نیە، بەڵام من یەك دوو دیمەنم لایە حەزدەکەم باسی بکەم، ئینجا پشویەکی وەرگرتووهەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: من لەساڵی ١٩٨٣ وە پێشمەرگەم، دەیان کارەسات‌و خوێن رشتن‌و شتی ناخۆشم دیوە، بـەڵام هیچ شتێك بەقەد دیمەنەکانی دۆڵی شامحمدوکەوتنی تەرمی خەڵك لەسەر ڕێگا کەلەبەفردا ڕەق ببونەوە، ئازاریان نـەداوم، دیمەنێك کەهەمیشە لەیادم ناچێتەوە ئەوە بوو کەلەئەنفالی یەك بریاری پاشەکشێ درا، ئەوکاتە من لەسەری دابـان بـووم، تادەهات هێرشەکان چرتر دەبوونەوە، ئێمەش بەدیوی گوندی هەڵەدنـدا پاشەکشێمانکرد، ئەوکاتە تـۆفـان بـوو بـەفـرێـکی زۆر زۆر بـاریـبـوو، لەوکاتەدا لەهەڵەدن بەرخێکم بینی هێشتا ناوکی ووشـك نەببووە، تـازە لەدایك ببوو، دایکەکەی لەولاوە کەوتبوو تومەس کیمیاوی کوشتبووی، ئـەم دیمەنە زۆر ئـازاری دام، هـەروا کەمێك ڕۆیشتین لاعـەبـەی منداڵم بینی لـەسـەر ڕێـگـا فـرێـدرابـوو، بـەولاوەتـر تـەرمـی منداڵیکم بینی، ئەمانە هەمووی دیمەنی ترسناك‌و ناخۆش بوون، هێشتا من هەرلەخەیاڵی شکست‌وپاشەکشەو تەرمی ئەو منداڵەو لەعابەکەیدا بووم، هێسترێك سەرنجی راکێشام، کە لەناو بەفردا چەقیبوو، هەتا بن هەنگڵی لەبەفردا بـوو، هەرچەندە تەکانی دەدا نەیدەتوانی بێتە دەرەوەو رزگاری بێت، ئەوەش بووە خەمێکی تر، بەڵام دوای ئەوەی کە لێی ڕەتـبـوویـن‌و مـن ئـاورێـکی بەزەیی ئامێزم بۆدایەوە، بریا هەر ئاورم نەدایەتەوە بینیم هێسترەکە قەپ لە کورتانەکەی خۆی دەگرێ‌و بەددان کورتانەکەی دراندو پوشەکەی دەرهێنا‌و دەستیکرد بەخواردنی، ئەو دیمەنە هەتا ئێستا لەبەرچاومەو لەیادم ناچێتەوە.

## حەمەلاو مەجید ئەحمەد سەرگەڵویی

# ئەو رۆژانە خەڵکی لادێ هەرمشوری خۆی نەدەخوارد، دەبوو مشوری پێشمەرگەش بخوا، چونکە نانی ئەویشی دەدا

**کاك حەمەلاو پیاوێکی بەرەفتار لادێی قسە زانەو هەتا ئەمرۆ پابەندە بە داب‌ونەریتی ناوچەکەی خۆیەوە، یەکێك لەشایەتحاڵە چاکەکانی دادگایی کردنی دۆسێی ئەنفال،و روبەروی تاوانباران بووەوە،حەمەلاو جگە لەبراو برازاکانی نزیکەی ١٨کەس لە ئامۆزاو پورازشی لەئەنفالدا بێسەروشوێنکراوەو تەنیا صبریە سەعیدی ئامۆزای کە برازنیشێتی هەواڵی براژنەکەی کەئامۆزای خۆیەتی هەیە کە لەگۆڕەبەکۆمەڵەکەی حەزەر دۆزرایەوەو تەسکەرە نفوسکەیان بۆ هێنانەوە، (هێرۆ ئەحمەد مجیدو هێرش‌و شالاو) برازایەتی‌و براکەشی بەناوی ئەحمەد مەجید هەتا ئێستا بێسەروشوێنن**

حەمەلاو پیاوێکی ماندوو دیارە،کەچی بەو هەموو خەمەشیەوە هێشتا روی خۆشەو، لەمامەڵەکردندا کەسایەتیەکی شایستەو دڵگیرە، کەهاتە سەر باسی ئەنفالی ناوچکەیان‌و چۆنێتی بێسەرو شوێنکردنی کەسوکارەکەی ووتی: ئەنفالەکانی ئێمە لە پەلامارەکاندا نەگیران، بەڵکو کە ئەنفالی یەك دەستی پێکرد ئێمە لە گوندی سەرگەلو نیشتەجێبوین، خەڵکە ئاوارەی ئێران بوون‌و بەناو سەراو سۆلەی کوێستاندا بەدۆلی شامحمدا مالی براو خزمەکانی منیش رۆیشتبوون بۆ ئێران، نزیکەی ٢٥ رۆژێك لە ئێران دەمێننەوەو پروپاگەندەی لێبوردنی گشتی دەبیستن‌و دەلێن گوایە حکومەتی بەعس بەتەیارە بەیانی فرێداوەتە خوارەوەو ئیدیعای ئەوەی کردبوو کە ئەو خەڵکەی ئاوارە بوون بگەرێنەوە سەرماڵ‌و حاڵی خۆیان‌و هیچیان بۆنابێت، ئەوانیش لەگەڵ دە دوانزە خێزانی تردا بەمە فریویان خواردووەو لەسنوری سونێ و قەڵاتدزێوە گەرابوونەوە بۆ ئێراق، بەڵام لەپشتی قەڵاتدزێ جاشێك جانازانم موستەشاربو ئەی ئامرسریە بووە نازانم، دەلێت: وەرن تەسلیم بن من هاوکاریتان دەکەم، کە خۆیان تەسلیمی جاشەکە دەکەن روبەرووی مەسەلەیەکی ترسناك بوونەوە، لەبری ئەوەی هاوکارییان بکات، تەسلیم بە عەسکەرەکانیان دەکا، لەبری ئەوەی بێنەوە بۆماڵی دەگیرێن‌و دەبرێن بۆ فرقەی ٢٤ی چوارقورنەولەوێشەوە دەیانبەن بۆ هەولێرو ئینجا بۆ تۆپزاوا، لەگەرانەوەدا زۆر لەخەڵکی دۆلی جافایەتیان لەگەڵ بووە، لەوانی خەڵکی سێکانیان کە ئامۆزای خۆم بوو لەگەلیاندادەبن، ئەوەندەی من زانیاریم هەبێ نزیکەی نۆخێزانی تری ناسیاو ئەو رۆژە پێکەوە دێنەوە بۆ ئەم دیو هەموویان گیران‌و بێ سەرو شوێن کران، لەتۆپزاوا هەموویان جیاکردبوونەوە گەنج بەجیاو پیر بەجیاو منداڵ بەجیا.

ئەوکاتەی ئەنفالی یەك دەستی پێکرد، من لەسەر گەڵو سێکانیان بووم،خێزانەکەم ناردبوو بۆسلیمانی بۆلای دکتۆر دواتر رێگەی لێگیراو نەیدەتوانی بگەرێتەوە، بەڵام دایکم‌و باوکم لەساڵی ١٩٨٦ وە لەترسی تۆپباران نەدەهاتنەوەو هەرلەسلێمانی بوون‌و لەلای ئەوان بوو، خانوی خۆمان هەبوو، بۆیە تارادەیەك لێی بێخەم بووم، منیش لێرە لەگەڵ چەند برادەرێکی کە هەرلەو شاخانە ماینەوە، ئەوکاتە پێشمەرگە رۆیشتبوون ئینسحابیان کردبوو، ناوچەکە کەسی تێدا نەمابوو، هەرئێمە مابووین، ئێمەش ویستمان برۆین‌و نیازمان وابوو بەرەو گەرمیان بێین، هاتینە سەرشاخ دوربینمان پێبوو تەماشامانکرد، ئەو مەنتیقەی سەرجادەی دوکان- سلیمانی هەتا چاو برکا هەرجەیشەو خێمەیان هەڵداوە هەموو رێگاکان تەنرابوون.

هیچ هەواڵێکی کەسوکاریشمان نەدەزانی، ئەوەندە نەبێ هەندێکیان چوون بۆ ئێران، دوایی زانیمان کەوا زۆربەی خزممەکانمان لەدوای بیستنی هەوالی لێبوردنی گشتی گەراونەتەوەو لە پشتی قەڵاتدزێ کە خۆیان تەسلیم کردووە گیراون‌و براون بۆ فرقەی ٢٤ی چوارقورنە تەاو، گەلێك هەوڵماندا شتێك لەبارەی چارەنوسیانەوە بزانین بێ سود بوو، هەواڵیان نەزانرا هەتا پیروپەکەکەوتەکان لەنوگرە سەلمان بەربوون‌و گەرانەوە، ئینجا ئەوان باسیانکرد کە پێکەوە بوون بەلام لە تۆپزاوا لێکیان جیاکردوونەتەوەو هەریەکەیان بەلایەکدا بردوون، دیارە پیرەکانیان بردووە بۆ نوگرەسەلمان‌و گەنجەکانیشیان بردووە بۆ گۆری بەکومەڵ، هەتا ئەوان باسیانکرد کە براژنم لەسجن منداڵێکی بووە ناویان ناوە



"شالاو" ددیارە بەناوی شالاوی ئەنفالەوە ناویان ناوە شالاو. ئەوەی ئەم قسەیەی بۆ باسکردین ئامۆزایەکی خۆم بوو لەنوگرەسەلمان سجن بوو، ناوی مریەم سەعید بوو، ئەوانیش لەوێ خراپیان بەسەرهاتبوو، کچ‌و کورێکی بچوکی لەگەڵ بوو کورەکە لەوێ لەبرسا مردبوو، باوکێشی پێشتر شەهید ببو، لەلای ئەم ئامۆزایەی من دەژیا، دوایەلێیان وەرگرتبوو بردبوویان لەپشتی قەلاکەوە فرێیاندابوو هەروا کەمێك گلیان بەسەرداکردبوو، دوایە تەماشایانکردبوو، وا منداڵەکە کورەکە ناوی ئەبوبەکر بوو، بەدەمی سەگێکەوەیە، دەیانگوت لەوێ سەگی رەشی لێبووە مردووەکانی دەخوارد، کەئەوەیان لێقەومابوو کچەکەشی لەتاوی براکەی شێت ببوو، دوای دوسێ رۆژان ئەویش مردبوو، وەکو دەلێن ئەویش کەوتووەتە بەردەمی سەگە رەشەکان.

ئێمە هەتا روخانی رژێمی صدام هەرچاوەروانیان بووین، هەرچەندە بێئومێدیش بووین، کەچی

بەدەست خۆت نیە تۆ هەرچاوەڕوانیان دەکەی، هەتا ڕۆژێك کاك کامەران هات ئەوەی لەمحکەمەکەی ئەنفال ئیشی دەکرد هات بۆماڵمان لەسەرچنار ،ووتی: ئەنفالتان هەیە، ووتمان بەڵێ ووتی تەسکەرەیەکم پێیە بزانم دەیناسنەوە یان هی ئێوەیە؟ ووتمان ئەگەر هی ئێمەبێت دەیناسینەوە، کە تەسکەرەکەی براژنمی پیشاندابن وتی: ئەم تەسکەرەیە دەناسن؟ ئێمەش ووتمان بەڵێ ئەمە صبریە سعید ئەحمەد براژنمە، ئینجا ئەو پێی گوتین ئەمە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزراوتەوە لەلای سەماوە، هەرچەندە تەسکەرەی کەسی کەیانی پێنەبوو لەهی ئێمە بەڵام دیارە منداڵەکانیشی هەرلەگەڵ بوون، چونکە گۆڕەکەی حەزەرو سەماوە هەردوکیان منداڵیان تێدابوو، بەڵام براکەم هێشتا هەر هەواڵی نیە، دوایی کاك کامەران گوتی دەباشە ڕۆژێکتان بۆ دادەنێین وەرن مقابلەتان دەکەین، ئەوکاتەی بانگیانکردین ئێمە لەسەرگەڵوی بووین، لەگەڵ بابم هاتین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لەوکاتەدا کەئەنفال بوو لە سلێمانی بوو من باشتر ئاگام لە ڕوداوەکان بوو، لەبەرئەوەی لەوێ بووم من مقابلەم کرد، ئینجا دوای مقابلەکی گووتی: ئینشاللە ڕۆژێك بانگتان دەکەین شایەتی لەسەرتاوانەکانی صدامو بەعس بدەن. زۆری پێچوو ڕۆژێك بانگیانکردین ووتیان خۆتان ئامادەبکەن دەتانبەین بۆ محکەمە شایەتی لەسەر صدامو دەستوپێوەندەکەی بدەن. ئەوەبوو چوین بۆ بەغدایەو لە دادگا ڕوبەڕووی تاوانبارەکان بووینەوەو شایەتیمان لەسەر تاوانەکانیاندا.

هەمووبمان کاك غەفورو کاك ئەکرەمو کاك حمود ئەحمەدو کاك عومەر خدر ومن لە دانیشتنی پێنجەمی دادگاکەدا چووین بۆ شایەتی دان، بەڵام شایەتی دانەکەی من کەوتە ڕۆژی دواتر، ئەوەش بۆ ئێمە قەرەبویەکی نەفسی بوو، بۆئێمە خۆش بوو صدام بەزەلیلی لەناوقەفەسدا ببینینو ئێمەش شایەت بین بەسەریەوە، ئیتر ئەوەی کەزانینو بە ڕەوام زانی وتم لەو دادگایەدا، ئێستاش شریتەکەم ماوە،بەشانازیەوە دەڵێم صدامو تاوانبارەکانی تر لەبەرانبەرمندا ئەلفازیان هەڵنەهێنایەوە، ئەوەش شانازیە بۆخۆمو بۆ خەڵکی کوردستانیش بەبەرچاوی تەلەفزیونەوە کە هەموو دنیا دەیبینی کەکوردێك بە بەصدام بلێت: تۆ تاوانباری چونکە هیچت

نەهێشت کەست نەهێشت، ڕەزوباخو کانیو ئاوت نەهێشت، هەموویت فەوتاند، هەتا دراگوێزەکانمانت هەمووی فەوتاند.

هەتا ئەو کاتەی باسی لە دادگایکردنەکەو چۆنێتی شایەتی دانەکەی دەکرد، کاك حەمەلا بەزەوقو دلخۆش بوو، هەستی دەکرد ئەو شایەتی دانە جۆرە سەبوریو ڕێزگرتنێکە لێیان، بەڵام دواتر وەکو بڵێی یەکێك دلی شکاندووە، بەخەمباریەوە درێژەی بە قسەکانی داو ووتی: بەڵام حەیف ..!! حکومەتی خۆمانو سەرکردەکانمان ڕێز لە قوربانیەکانمان ناگرن، ئێمە نەك هەر لەم شۆڕشەدا، بەڵکو لەشۆڕشەکانی تریشدا هەر قوربانیو سوتەمەنی بووین، خۆ هەر یەکجار ماڵانو ڕەزوباخمان نەسوتاوە، خۆ هەر لەئەنفالدا خەڵك خوێنی نەرژاوە، لەوەتەی کورد هەیەو شۆڕش هەیە خەڵك سووتەمەنیە، بەبیری من نیە بابمو باپیران دەی گێڕنەوە ئێمە هەرسووتەمەنی بووین، هەر قوربانی بوین، بۆخۆشم بەیرم دێ ماڵمان لەسەرگەلوبوو، خانوی دووقاتمان هەبوو. ناپاڵمی پێداد، هەرهیچمان بۆدەرنەچوو، بروابکە بەردی بناغەی خانووەکەی دەرهێنابوو، خانویەکی بچوکترمان هەبوو، لە سێکانیان بوو هەموومان ٨ سەرخێزان بووین تیایدا دەژیان هەتا خانوەکەی ترمان دروستکردەوە، چاکمانکردەوە وەکو خۆی، ووتمان ئۆخەی ئەوە خانوەکەمان تەواو کردو لەجارانیش چاکتر دروستمان کردەوە، کەچی ڕۆژی دوایی تەیارە هەتا لێیدا هەردەتگوت لەسەر خەریتە هاتووە لەعەینەن خانوی دایەوە عەینەن شت تەختی کردەوە، ئینجا وازمان لێهێنا هەتا دوای ٧٥ ئینجا دروستمان کردەوە، ئەوە بێجگە لەوەی هەرلەوسالەیدا ماڵی برا گەورەکەشم، ڕوخاو ئەویش هیچی بۆ دەرنەچوو ، ئێستاش بریا براو براژنەکەمو خزمەکانم وایان لێنەهاتبایە، ئەنفال نەکرابانایە، هیچمان نەدەویست، کەچی سەرباری ئەو هەموو ماڵوێرانیەش ئێستاش کەسێك نەهات، بلێت، ئەری ئێوە چیتان بەسەرهات؟ بلێت ئەوە دینارێك چ جای ئەوەی خانومان بۆ دروست بکەنەوە؟ هەتا ئەم مانگی ١ی ٢٠٠٨ ەی تەنها معاشمان ١٥٠٠٠٠ دینار بووەو تازە بووەتە ٣٠٠٠٠٠ دینار ئەمە لەبری ٥ ئەنفال..!! ئەوە ناکاتە بژێوی بەڕاستی دەبوایە ئەوەندە ڕێز لەکەسوکاری ئەنفال بگیرابایە زۆر خەمیان لەبیر ببردینایەتەوە، بەڵام بەداخەوە

بڕوابکە پارچەیەك ئەرزەیان داوینەتێ ، لەبری ئەوەی لەپیرەمەگرون بماندەنێ کەخۆمان خەڵکی سەرگەڵوین، لەمەقانی لای چەمچەماڵ داویانە بڕوابکە بە دە ساڵی کەش، خزمەتگوزاری ناگاتێ، کەچی خەڵکی تریش لەدورەوە هاتووە لەپیرەمەگرون داویانەتێ ئینجا نازانم ئەمە چیە؟! حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبوایە بیر لەخەڵکی بەگشتیو کەسوکاری ئەنفالکراوبکاتەوە بەتایبەتی، چونکە ئەنفال ژیانی زۆر کەسی وێرانکردووە، پێویستە ژیانیان چاك بکرێت، بەردی بناغەی یەکێتیو شۆڕش لە دۆڵی جافایەتیەوە دروست بوو، خۆیان باش دەزانن پیوێست ناکات ئێمە قسەبکەین. ئەو ڕۆژانە خەڵکی لادێ دەبوایە هەرمشوری خۆی نەخواردایە، دەبوو مشوری پێشمەرگەش بخوا، چونکە نانی ئەویشی دەدا.

ئێستاش لەدوای هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالەکا ن،نوێنەرایەتیەکمان پێکهێناوە بۆ کەسوکاری ئەنفالی دۆڵی جافایەتیو شارباژێرو لیژنەی بالآشمان هەلبژاردووە، هەروەها فیدراسیونێك بۆ ڕێکخراوەکانو نوێنەری ئەنفالکراوەکانی ناوچەکان پێکهاتووە، هێشتا هیچی ئەو تۆی نەکردووە، دەمەوێت گلەیی ئەوە بکەم، کە تەرمەکانیان هێناوەتەوە بۆ دوکان، بە بێ بایەخیەوە بەخاك سپێردراون، هیچ تەدابیرێکی وا، یان شورایەك تەنانەت تەلبەندێکیان بۆ نەکراوە، هەندێك لە گۆڕەکان لە ئێستاوە تەپیون، مالآت دەچێتە سەریانو گۆلە ئاویشیان تێدا ڕاوەستاوە، یان خەڵك ڕۆژانە دەچێتە سەریان، خەڵکی وایە دەچێت بۆ سەیران، لەسەر ئەو تەرمانەی ئەنفالکراوەکان ئارەقی لێدەخواتەوە، ئەمە سوکایەتی یە بەوانیشو بەهەستی ئێمەش، گلەیی یەکی زۆرمان لە جۆری ناشتنەکانیان هەیە، هەرهیچ نەبوایە تەلبەندێکیان بۆ بکردایە بۆ ئەوەی مالآت نەچوایەتە سەریان، ئێمە داوامان لەوەزارەتو حکومەتکردووە، ئەمە چارەسەربکەن.. بەڵام گوێمان لێناگرن، ئەمە گلەیی ئێمەیەلە سەر ڕوفاتەکان، لەسەر ژیانی کەسوکاریشان، گلەیمان زۆرە زۆرە لەگەرمیانو چەمچەماڵ نازانم دەڵێن چەند سەد خانوو دروست دەکرێن بۆ کەسوکاری ئەنفال، پیرۆزیان بێت هەقی خۆیانە بەڵام چی دەبوو ئەگەر ٢٠٠ خانوش بۆ ئەنفالی دۆڵی جافایەتی بوایە؟ بروا بکە ئەمرۆ لە دۆڵی جافایەتی هاتوومەوە نارەزایەتی زۆر زۆرە.

# فاتمە رەزا پیرۆت - گوندی هەڵەدن:
# بابیشم لەنوگرەسەلمان بوو، کەهاتەوە هەروا چنگێکی لێمابووەوە

لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی هەلەدنی دۆڵی جافایەتین، هەرلەمنداڵییەوە لەوێ ژیاوم، بەڵام لەوەتای چوومەتە ماڵو مێردی خۆم لەوێ نەماوم لەکاتی ئەنفالەکەدا لەشاری سلێمانی دادەنیشتین،ئێمەش بەئەنفالەوە گیرۆدەو ماڵوێرانبووین هەرلەدایکمو باوکمەوە ئەنفالکراون هەتا براو برازاو برازنەکانم هەموویان رۆیشتنو نەگەرانەوە (بێجگە لەدایکموباوکم، سێ براو سێ برازنم، براکانم عەلیو ئەحمەمەدو کاروان، هەروابێتەوە خۆشناوو شەوکەتو عومەر، خوشکەکەشم شیرین) ئەمانە هەموویان بەماڵو مندالەوە ئەنفالکراونو باوکیشم لەنوگرەسەلمان بوو لەمردن گەرایەوە، کەهاتەوە هەروا چنگێکی لێمابووەوە ئەمساڵ بەهارێ عەمری خوای کرد، ئەوانی کە هەتا ئێستا سۆراغیان نیە، هەموویان خاوەنی خێزانو ژنومنداڵبوون، ئەوەی لەقسەی پورفاتمدادیارە ماڵی باوکی ئەمیش لەگەڵ کۆمەڵێک خێزانی تردا دوای بەجێهێشتنی گوندەکەیان "هەلەدن: لەترسی پەلاماری ئەنفالی یەك بەرەو ئێران دەکەونە رێگەو دوای ماوەیەك لەوێ بە ئاوارەیی دەمێننەوەو دواتر بەپروپاگەندەی لێبوردنی حکومەتی بەعس دەگرێنەوە بۆ سەرسنورو لەسونێی، ماوەیەك دەمێننەوەو دواتر لەگەرانەوەیاندا لەسەیتەرەکەی پشتی قەڵاتدزێ دەگیرێنو بەرەو فیرقەی چوارچورنە دەیانبەنو دوای چەند رۆژێك ئینجا بۆهەولێرو لەوێشەوە بۆتۆپزاوا دەیانگوازنەوە.

فاتمە لەبەرئەوەی ئەوکاتە لەشاری سلێمانی نیشتەجێ بووە، ئاگای لەوردەکاری گرتنەکەیان نیە، ئەو دەڵێت ماڵی باوکمو براکانم لەهەلەدن بوون، ئیتر نازانم جاش گرتنی جەیش گرتنی ئەوەندە دەزانم حکومەتی عێراق گرتوونی، بەڵام سەریشی لەوە سورماوە کەماڵی باوکیو براکانی لەهەلەدن بوون.. بۆچی گەیشتوونەتە قەڵاتدزێو لەوێ گیراون؟! لەراستیدا حیکایەتی گرتنەکەی ئەمانیش وەکو هەمان حیکایەتی ئەو خەلکەی ئەنفالی (١)ی ناوچەی دۆڵی جافایەتیە کەلەبەر چری پەلامارەکان بەسەرکردایەتی سوپاسالار سولتان هاشم، ناچار دەبن بەناو بەفری ئەستوری کوێستانەکاندا بەدۆڵی شێخ محەمەددا بەرەو ئێران برۆنو دواتر بەعس بەپروپاگەندەی لێبوردن دەیانخاتەوە ناو تەڵەی ئەنفالەوە، کەچی لەگەرانەوەیاندا بەرەو تۆپزاوا دەیانباتو دوای جیاکردنەوەیان دەستدەکات بەدابەشکردنیان ئەوانەی وەکو باوکی فاتمە لێکەوتونوپیربوون بۆ قەڵای نوگرەسەلمانیان دەنێرێو گەنجەکانیش بەرەو گۆرە بەکۆمەڵەکان دەبات، باوکی پورفاتم لەدوای گەرانەوەی لەنوگرە سەلمان زۆرجار بۆی گێرابوویەوە کەوا هەرلەتۆپزاوا ژنەکانیان جیاکردووەتەوە، لەپێشەوە کچە عازەبو جوانەکانیان بردوون، دواتر هاتوون براکانیشمیان بردووە، ئیستاو ئیستاش بەدیداریان شادنەبووەو هەربەو ئاواتەوە سەری نایەوە، بەڵام هەرچی لەبارەی بێسەروشوێنەکانی ئەنفالەوە بووترێ، بەشێك لەراستی تێدایە، ئەو بۆچوونەش لەهەموویانەوە نزیکترە کە پێی وایە گەنجەکان هەموویان بەکۆمەڵکوژراون، ئەوانەی ئەنفالی یەکیش جیاوازیەکەیان هەرئەوەندەیە کەزۆربەی قوربانیەکانی ئەم یەکەم قۆناغەی ئەنفال کە کەوتبووە ناوچەیەکی سەختی شاخاویو بەرگریەکی یەك مانگی هێزی پێشمەرگەی تێدابوو، بەرادەیەکی باشتر خەڵکەکەی توانیوتی خۆی دەربازبکات، بەڵام لەگەرانەوەیاندا لەپشتی قەڵاتدزێ پۆل پۆل دەگیرێنو بەرەو قەڵاتدزێو دواتریش بەرەو فیرقەی چوارقورنەو هەولێرو تۆبزاواو نوگرەسەلمانیان دەبەنو گەنجەکانیشیان هەمان



چارەنوسی قوربانیەکانی تری یان دەبێت. کەدواتر هەندێکیان بەتایبەتی قوربانیەکانی گوندی سێدەر لە گۆرە بەکۆمەڵەکانی ناوچەی حەزری پارێزگای موصڵ دوزرانەوە.

پورە فاتم دەڵێت: هەتا ئیستا نەمنو نەبراکەم هیچمان بۆنەکراوە،پارەیەکی زۆریشم لەرێگای دوکانو سورداشدا خەرج کردووە، چونکە هەلەدن لەرووی کاروباری ئیدارییەوە سەر بەناحیەی سورداشو قەزای دوکانە. ئێستاش تەنها خۆم ماوتەمەوە، ئینجا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکیشاو ووتی: برایەکیشم ماوە، ناوی بایزە بەس بەخوا هیچ مانێك نیە، هەروا هەناسە دەداو ئەویش هەموو ژنو مندالی ئەنفالکراوون، ئەویش هەرگیرابوو بەڵام ئەنفال نەبوو پێشمەرگە بوو هاتبوو بۆ سونێ تا سۆراغی ماڵو منداڵەکەیو باوکمو براکانم بکات، کە هاتبوو لەقەڵاتدزێ لەماڵێکدا گیرابوو،ئێستاش موچەکەیان بریوە لەبەرئەوەی کە ژنی هێناوە عەلامی نەبووە، هەرلەلای مەلایەك مارەبراوەو مندالی لێی بووەو ئیستاش ئەوان هەموویان ئەنفالنو کەس سۆراغیان نازانێ ..کەچی پورفاتم ئینکاری ئەوە دەکات کەوا بایزی برای قوربانی ئەنفال بێت دەڵێت: ئەو زیندانی سیاسیە ئەنفال نەبوو، بەبروای پورە فاتم مادام

پێشمەرگە بووەو لەقەڵاتدزێ گیراوە ئەنفال نیە، بەڵام لەراستیدا ئەویش هەرئەنفال بوو، جیاوازی گرتنەکەشیان هەرئەوەندە بووە، کەوا لەناوچەی قەدەغەکراو نەگیراوە. پور فاتم جارێکی تر سەری راوەشاندوو بەدەستو بەدەم دەی گووت : نانا ئەو پێشمەرگە بوو دوای ئەوەی دەرمان خواردیشیان کردن لەقەڵاتدزێ گیراون و ماوەیەکی زۆر گیراو ٢١ساڵ حکوم بوو، زۆر ئازاریاندابوو، کەگەرایەوە نەماندەناسیەوە هەروا چنگێکی لێمابووەوە، ئەوبرایەم ، لەگەڵ دووپێشمەرگەی تر کە یەکێکیان خەڵکی سونێ بوو سەعیدی ناوبوو دەرمانخوارد کرابوون لەلایەن بەکرێگیراوێکی بەعسەوە. ئینجا بەسۆزی خوشکایەتیەوە هەناسەیەکی هەلکێشاو ووتی ئەدی کوری خۆم ئەو هەرژن و مندالەکەی ئەنفالبوون، بەڵام بۆخۆی ماوەو ئیستا ژنی هێناوەتەوە.

بەڵام کەپرسیارمان لێکرد کێ دەرمانخواردی کردن؟ ووتی: پیاوی حکومەت بەڵام بەخوا من نازانم کێبوو، ئەوەندە دەزانم ئەوەی کەبەو ئیشە هەستا لەشەڕی یەکێتیو پارتیدا کوژرا.. نەبەخوا نازانم کێبوو. پورفاتم جارێکی تر گەرایەوە سەر خەفەتی ئەوەی برا گەورەکەیی و بایزی برای کە ژنیان هەبووە عەلامیان نەبووەو حەقی خۆیی و ماڵو منداڵییان دەفەوتێ، دوایی پورفاتم رووی کردە من و گووتی: بەڵکو نەجاتمانبدەن ئیستا براکانیشم لەبەر ئەوەی عەلامیان نەبووە ژن ومندالەکانیان ئەنفالن مافیا با مافیان نەفەوتێ کاکە بۆ مافیان بفەوتێ؟

کە پرسیارم لێکرد دەبێ کێ ئەو مافەتان بداتەوە ووتی داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەم نەهیلێ مافمان بفەوتێ ئیستەیش خەریکی مامەلەی ئەنفالکراوەکانمم چونکە هیچ سود مەند نەبووین و هیچمان بۆنەکراوە، بێجگە لەشەهیدانەی عوسمانی برام کە ئامر کەرتبوو، شەهیدکراوە ئەوەندەو بەس ئەویش بەشەرە شەفێکی زۆر شەهیدانە بۆدایکم کراوە، ئەگینا هیچ بۆئەنفالەکانمان نەکراوە، لەکاتێکدا دایکیشم ئەنفالبوو، ئیستاش کە دایکم وەفاتی کردووە، موچەکەی عوسمانی براشمیان بریوە.

# مام ئیبراهیم
# نەما هیچمان نەما گشتی رۆیی



له رۆژێکی هەوروبارانبارینداکەدنیا روناکایی تێدا نەمابوو، لەنێو ئاپۆرەی قەرەبالغی ناو بەرێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی شەهیدان و ئەنفالکراواندا پیرەمێردێکی تەواو شەکەت و بەساڵادا چوو خۆی کرد بەبەشی ئەنفالدا، ئەم پیاوە ئەوەندە چووبووە ساڵەوە بەئاستەم روخساری مرۆڤی پێوەمابوو، مام ئیبراهیم هەموو شتێکی لەدەستدا بوو، بۆیە زۆر بەزەحمەت دەتتوانی لێی تێبگەیت، ئەوپیرەپیاوە ئەگەر لەوڵاتێکدا بژی یاساو مافی مرۆڤ تیایدا سەروەر بێت، هی ئەوە نیە خۆی بەلۆژە لۆژ بێت موچە وەربگرێت، بەڵکو مافی خۆیەتی دەوڵەت مشوری بخواو لە خەڵوەتگەی پیری داینێ و تا دواچرکەکانی ژیانی بە رێزەوە بەخێوبکرێت.

چەندی لەگەلیدا کۆشاین نەمانزانی بۆچی هاتووە، کاتێك حاجی جەزا ساڵەیی بەو هەموو هێمنیەی خۆیەوە لێی دەپرسی بۆچی هاتوویت، ئەو تورەدەبوو وەڵامێکی دەدایەوە هیچ پەیوەندی بە پرسیارەکەی ئەوە وەنەبوو، بۆیە هەوڵدان لەگەلیدا کارێکی بێهودەبوو، دواجار کە کارمەندە گەنجەکە بەناوی کارزان لێی پرسی خاڵە موچەی ئەم مانگەت وەرگرتووە، ئەو بەتورەیی گوتی: مزگەوتی چی من بەیانی زوو هەستاوم لەماڵەوە دەست نوێژم گرتووەو نوێژم کردووە ئینجا هاتووم بۆ ئێرە.

چەندی لەگەلیدا کۆشاین نەمانزانی موچەکەی چەندەو لەکوێوە هاتووە بەڵام هەرچۆنێك بوو دواجار توانیمان ئەوەندەی لێتێبگەین کە مام ئیبراهیم خەڵکی ناوچەی داوێی گەرمیانەو دوو کوری گیانیان لەدەستداوەو کەسی ئەنفال نیە، هویەی خانە نشینی لە بنکەی 4 ی شاری سلێمانی بۆکرابوو.

# سێوە:
# ئەوکاتەی تەسکەرەکانیان بۆ هێنانەوە سەریان سورما کەئێمە ماوین [٧]

ئێوارەیەکی درەنگ وەختی رۆژی ٢٨/ ٣/ ٢٠٠٨ گەیشتمە پیرەمەگرون،بەمەبەستی چاوپێکەوتن دیدەنی ماڵی کاک غەفور سێدەریمانکرد، حیکایەتی ئەم خانەوادەیەی گوندی سێدەر یەکێکە لەبەسەرهاتە غەریبەکانی ئەنفال، ئەم خانەوادەیە لەکاتی پەلامارەکانی ئەنفالی یەکدا لەگوندی سێدەری دۆڵی جافایەتی ژیاون، وەکو هەرگوند نشێنێکی تر بەکاروباری خۆیانەوە خەریك بوون، گوندی سێدەریش بەزۆری سەرقاڵی رەزوباخو ئاژەڵداریو داهاتێکی هەژارانەیان هەبووەو ژیانێکی هاکەزاییان هەبوە، بەڵام بەعس ئەم ژیانە سادەیەشی شێواندنو خەڵکێکی زۆری بەرپەلامارەکانی ئەنفال کەوتنو ئەوانەشی هەڵاتن بۆ ئێرانو بەپروپاگەندەی هەڵخەڵەتێنەرانەی لێبوردنی گشتی گەرانەوە، لەزەبری بەعس بەدەرنەبوونو زۆربەیان گیراونو بەرەو کەمپەکانی تۆپزاواو نوگرە سەلمانو دبس رەوانە کراون، لەوێ هەندێکیان لەبرسا مردنو هەندێکیان کۆمەڵکوژکرانو کەمینەیەکی زۆرکەمیشیان لەپیروپەککەوتەکان گەرانەوەو بەدەم نەبوونیو هەژاریەوە ماڵئاواییان لەژیان کردووە.

دوزینەوەی تەسکەرەی زیندوەکان لە گۆری بەکۆمەڵدا.

دوای ئەوە رژێمی صدام حسین روخاو بەرەبەرە سەرکردەو یاوەرەکانی صدام دەگیران، لەدوای حکومەتی کاتی عێراق حکومەتی هەمیشەیی دەوڵەتی عێراقیش دامەزراو دەستوری عێراقی نوێ پەسەندکرا، دواتریش بەیاسای ژمارە ١٠ بریاری دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دراو دەستی کرد بە دادگایی کردنی تۆمەتبارانو تاوانبارانی ئەنفال، ئەوکاتە بۆئەوەی بەڵگەی بەهێز لەسەر تاوانەکانی دەسەڵاتداریێتی بەعس کۆبکەنەوە، دوگۆری بەکۆمەڵ لەپارێزگای موصلو سەماوە هەڵدرایەوە کەهەموویان لەقوربانیە مەدەنیەکانی ئەنفال بوون.



حیکایەتی ئەم خانەوادەیە لەیەکەم پەلاماری ئەنفالی دۆڵی جافایەتیەوە دەست پێدەکات، بەڵام لەدوای روخانی رژێمی بەعسو هەڵدانەوەی گۆرەبەکۆمەڵەکەی حەزەرەوە نهێنی تاوانەکەو نامۆیی دەرکەوت، لەمانگی ٩ ی ٢٠٠٤ دا وەحدەیەکی هەندسەی عەسکەری ئەمەریکیو ( تیمی لێکولینەوەی تاوان) لەموسڵ چووبوون گۆرێکیان لەناوچەی حەزەر هەڵدابووەوە، کۆمەڵێك پێناسەی قوربانیەکانیان دەرهێنابوو، کەدواتردادگا دادەمەزرێو هەویەکان دەکەونە دەست نوسینگەی دائیرەی (حقوق الانسانو العداله الانتقالیه) واتە ( گواستنەوەی داد بۆ مافەکانی مرۆڤ) لە بەغداد ( Human Rights and Transitional Justice)[١] دوای ئەوەی پێناسەکان دەگەنە ئەم دائیرەیە ئینجا دەگەرێن بەدوای کەسوکاری قوربانیەکانداو چوبوون لەبنگرد سۆراخی کەسوکاری قوربانیەکانیان کردبوو، بەڵام ئەوەی بووبووە مایەی سەرسورمانی لێکۆڵەرەوەکان کەیەکێك لەوان کاك کامەران سابیر بوو، روبەرووی مەسەلەیەکی غەریب بونەوە کە بینیبویان خاوەنی یەکێك لەو پێناسەیەی لە گۆرەکەدا دۆزراوەتەوە (ئایشە) بەزیندوویی لەلایان دانیشتووە،بەم شێوەیە جگەلەسێوەو ئایشەو تەیفور کەسوکاری ئەوانی تریشیان دۆزییەوە.

تەیفورو سێوەو ئایشە، هویەکانیان لەگۆرەکانی حەزەردا دۆزرانەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا خۆیان ماونو لەئۆردوگای پیرەمەگرون دەژین. ئێمە بۆ بەدوادا چوونی بەسەرهاتی

ئـەم خـانـەوادەیـە لـەو ئـێـوارەیـەدا چووینەماڵیان،چاومان بەتەیفورو سێوە کەوت، بەڵام بـەداخـەوە ئایشێ لـەوێ نەبوو، هەرچەندە ویستمانو هەوڵماندا تەیفور بدوێنین، بەڵام هیچ قسەی بۆنەکردینو لـەوەڵامـدا ووتـی : بەچی دەچێت قسەی چی بکەم؟ خۆ کەس رێـز لەئەنفال نـاگـرێ دەنـا ئـەوەی بەسەر ئێمە هاتووە، هەمو کەس دەیزانێت، بۆچی قسەبکەین. دوایـی هـەریـەک لەسێوەو کاک غەفور کەیەکێکە لەنوێنەری لیژنەی باڵای ئەنفالکراوەکانی دۆڵی جافایەتی قسەیان بۆکردین.

سـەرەتـا سێـوە ووتـی: ئـەوکـاتـەی لەدایکمان دابراین زۆر ناخۆش بوو، رۆژێـك بوو کەس فریای کەس نـەدەکـەوت، لە هەموولایەکەوە تۆپباران بوو، هەبوو لەکونە ئەشکەوتاندا بوو، هەبوو لەناودێی بوو، ئەو کاتە سێدەر وەکو چۆڵ چۆڵ ببوو،خەڵك چووبونە ئەشکەوتان، ئێمەلێك دابـرایـن، داکـم رۆیـی ئـەو لەگەڵ دوخوشکم بوون، ئێمەش لەگەڵ ماڵی خاڵمو کاکم بووین، بەڵان تەسکەرەکانمان لەلای داکم بوون، چونکە بابم نەمابوو ساڵێك پێش ئەو ئەنفالە لەبەفریدا رەق ببووە کۆچی دوایی کردبوو،کە کاك کامەرانوئەوان تەسکەرەکانیان بۆهێنایانەوە زۆر سەریان لێ سورمابوو..! ووتم: ئەوەتا ئێمە ماوین تەسکەرەکانمان لەگیرفانی داکمدا بوون، ئەوتەسکەرەی هەموومانی لەلای خۆی هەڵگرتبوو دەبوایە ئەوپارەو ئەوشتانە لەلا سەری گەورە بونایە بۆیە تەسکەرەکانمان لەگیرفانی ئەودابوون.

بەرلەوەی قسە لەسەر ئەنفال بکات، لەبارەی مردنی باوکیانەوە کاك غەفورسێدەری ووتی لە ١٢/٢٦/ ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردووە، لەبەفرێدا رەقبووەوە دوسێ رۆژان هەر لەناو بەرفردابوو، ئەگەر کاك مەغدید نەبوایە رەنگە هەرسەگو گـورگ بـیـانـخـواردایـە،ئـەویـش بەکارەساتێك مرد لەقەرەسرد چووەتە خوارێو لەبەفردا رەقبووەتەوە کەچی هێشتا بۆ ئەویش هیچمان بۆنەکراوە، حەزدەکەی برۆ پرسیار بکە ئەوە کـاك مـەغـدیـدی دۆڵـــازەڵ برۆلێی بپرسە،

سەبارەت بەئەنفالیش ئەوە داکمو دوو خوشکم ئەنفال بوونو لەگۆری حـەزەرێ دۆزرانـەوەو خـزمو ئـامـۆزاشـم هـەبـوون لەنوگرە سەلمان



سێوە

گـەرابـوونـەوە، بـەداخـەوە ئێستا هەموویان وەفاتیان کردووەو هەرکاك تەها ماوە، ئەوانەی لەنوگرە سەلمان هاتنەوە داکمو ئەوانیان دیبوو، بەڵام گوتیان لە تۆپزاوایە لێك جیاکراونەتەوە، هەتا داکـم هـەر لەچوارقورنەیەوە جوتێك گـوارەی خـۆیو دوو هـەزار دیناری سویسری پێبوو بـۆی نـاردبـوویـنـەوە بە(ئایشێی مام سالح) یـدا، بـەڵام ئێمە نەمانزانیبوو هەتا لەنوگرەسەلمان خزمەکانمان هاتنەوە وتیان: ئـــەرێ داکـــت ئـــەو پـــارەو گـــوارانـــەی بـۆی نـاردبـوونـەوە بەدەستان نەگەیشتووەتەوە؟ ووتمـان نەوالله نەمان دیووە، ئینجا زانیمان دایکم پارەی بۆناردبووینەوە.

ئیتر سۆراغیان نەبوو هەتاکو ٢٠٠٤ کە کاك کامەران تەسکەرەکانیان بۆ هێنایەنەوە، ئێمە شـەش تـەسـکـەرەمـان بـۆهـاتـنـەوە، مـاڵی مام عەبدوالله‌ش ٤ تەسکەرەیان هاتنەوە،محمود حەمە عەزیز ئەوانیش ٤ هویەیان هاتنەوە، لەپێشەوە کەبانگیانکردین زۆر بـەروردی چـوونـە نـاوبـاسـەکـەوە، دوایـی پێیانوتین، لەپێشەوە دەیانویست ئـەوەی بزانن ئێمە هەوین هەونین، ووتیان: کێتان ئەنفالە؟ من ووتم: داکم ئەنفالە خوشکم ئەنفالە خزمم

ئەنفالە، وەلحال دوایی وتیان: ئەم تەسکەرانە دەنـاسـن ؟ شـەش هـویـەبـوون هـی داکمیان تێدابوو، هی کەوسەری خوشکمیان تێدابوو، هی بابمیان تێدابوو، هی هـەواری تێدابوو، بابم ئـەوە زوو مردبوو، بـەڵام تەسکەرەکەی هەرلەگیرفانی داکمدا بوو، ئینجا تەسکەرەی ئایشێو تەیفورو سێوەی تێدابوو، (ئـەوان ماون) بەڵام کەوسەرو هەوار ئەوە لەگەڵ دایکم تەرمەکانیان لەگۆرەکەدان ئەوان شەهیدبوون.

کەوسەر موالیدی ٧٦ بوو بەڵام هەوار منداڵ بوو موالیدی ٨٦ بـوو. سێ مانگبوو کە بابم مـردووە، ئیتر کە ناسیماننەوە لێمان پرسین : ئەمە لەکوێتان بوون؟ وتیان بەداخەوە ئەم تەسکەرانەی ئێوە لەمەقبەرەیەکی جەماعی لەحەزەر لای موصڵ دۆزراونەتەوە، هەرچەندە من لە ساڵی ٢٠٠٣ هیچ ئەمەلێکم بەوە نەمابوو لەژیاندامابن، بەڵام ئەوکاتەی پێیان گوتین زۆر ناخۆش بوو، ئایشێی خوشکم لەگەڵ بوو ئەو هەر خۆی پێرانەگیراو حاڵی زۆر خراپ بوو ، بەڵام من باشتر بووم دەبوایە غیرەت بدەمەوە بەر ئەوان،ئەمریکیان لەگەڵدابوو لەپێشەوە لەمەسەلەکە تێنەگەیشتبوون، کە هەندێك لەوانە زیندوون حاڵێکی ناخۆش بوو.

غەفور یەکێك بوو لەشایەتحاڵو شکاتکەرەکانی دۆڵی جافەیاتی لەدۆسێی ئەنفال، لەبارەی شایەتی دانەکەیەوە دەڵێت: چونم بۆ بەغدا

خۆشیش بوو ناخۆشیش بوو، خۆش بوو وەکو تۆڵە سەندنەوەیەك بوو، ناخۆش بوو لەبەرئەوەی خوشك و دایکم لەو بیابانەی عەرەبستان بەبێ کفن و بەبێنازی ژێرخۆڵدراون، کە چومە هۆڵی دادگاوە نازانم تۆ لەتەلەفزیون بینیت یان نا؟ صدام ماوەیەکی زۆر هەرتەماشای ناوچاوی دەکردم ئەو دەیەویست بەو تەماشاکردنە بمترسێنێ و سەرم پێشۆڕ بکات، بەڵام من سەرم پێشۆڕکرد، من خاوەنی قەزیە بووم، صدام هەستا ووتی : تۆ موالیدی ٧٧ی تەمەنت یانزە ساڵ بووە چۆن ئەوەت بەبیردێت؟ من بەر پەرچمدایەوە لەبەرئەوەی من موالیدەکەم عەلی حەسەن مەجید ووتی : باشە رەبایەکان بۆچی تەقەیان لەگوندەکەتان دەکرد؟ ووتم لەبەرئەوەی پێشمەرگە بەلای گوندەکەشماندا رەت بوایە ئەوان ژن و منداڵیان دەدایە بەرگوللە، ئەوە تۆدەزانی بۆچی تەقەیان لێدەکردین؟ دەنا ئێمە تاوانمان چی بوو؟ سوڵتان هاشم ووتی: بارەگا لەگوندەکەتان نەبوو؟ ووتم نەخێر لەراستیدایشد هەروابوو سێدەر گوندێکی لاچەپ و دوربوو هیچ بارەگایەکی پێشمەرگەی تێدانەبوو، بەردەوام قەسفی تۆپ و تەیارەمان لەسەر بوو خۆ لەم دواییانەدا هەر لەکونە ئەشکەوتاندابووین.

کاك غەفوردوای ئەوەی قسەکانی لەمەر دادگاکەوە تەواوکرد، ووتی: سەرباری ئەو قوربانیە زۆرەش ئەوە حاڵەکەمانە کەدەیبینی سێدەر هیچ خزمەت گوزاریەکی تێدانیە، نەجادەنەخەستەخانە، نەمەکتەب هیچ هیچی بۆنەکراوە، لێرەش لە پیرەمەگرونیش ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لەهەمووان مەغدورترن مەسەلەن ٦٠٠ خانو بۆ چەمچەماڵ دەرچووە با ١٠٠ یان بۆ ئێرەو ئەنفالی ئەم ناوچەیە بوایە؟! من نالێم حکومەت هیچی نەکردووە بەڵام لەئاستی پێداویستی و قوربانیەکانماندانیە. ئەوە کەی حاڵە ئێمەی تێدایین. زۆر بەداخەوە زۆر بەداخەوە ئەوانەی ئێمەیان بەو دەردە برد ئێستا ئەوانە پلەو پایەیان هەیە، هەر هیچ نەبێت وەکو هیچ بۆ ئێمە ناکەن بائەوانە کاربەدەست نەبن؟ باشە بۆچی ئێمە



غەفور

ئەنفالکراین؟ هەر لەبەرئەوەنەبوو کەکورد بووین؟ ئەی ئەوانە لەو رۆژانەدا هاوکاری ئەو رژێمە نەبوون؟ بۆیە باشترین کارکردن بۆئێمە لەپێشەوە دادگایی کردنی ئەو تاوانبارانەیە، راکێشرێنە بەردەمی دادگا ، خۆ هەموو دنیام بدەنێ نینۆکێکی هەواری خوشکم ناهێنێ هەموودنیام بدەنێ قەرەبووی داکم ناداتەوە، بەڵام کەسوڵتان هاشم و عەلی حەسەن مەجید ئیعدام بکرێن ئێمە سەبوریەکمان دێت.

هەروەها داوالەرێکخراوەکان دەکات، گوشاری حزبیان لەسەر نەبێ و بەواقعی بچنە بواری کارکردنەوە، بەحەقیقەت بۆ شتێك هەوڵبدەن پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە هەبێت، بەسەراحەت هەندێك کەسیان هەیە قسەی وادەکات کە واز لە موستەشارەکان بێنین و شکاتیان لێنەکرێ و نەدرێن بەدادگا، هەموومان دەزانین دەستیان هەبووە لەئەنفالدا، ئێستا وەرە ماڵی ئەنفالکراوت پیشان دەدەم، کە پێمبڵێ مسئولەکان دۆێنێ چیان هەبوو لە شاخ؟ ئەوان پێویستیان بەوە بوو جگەرەیەکیان بۆ بکرێت، ئێستا بەشەش‌وحەوت قایل نابن، گوشار ئەو رێکخراوانە با بخەنە سەرحکومەت،ئاورێك لەوگوندانە بدەنەوە کەئەنفال کراون ئەو کاتە ژێرخانی ئابووریش دەبوژێتەوە.

کاك غەفور ووتی من نوێنەری ئەنفالکراوەکانی دۆڵی جافایەتیم، لەم ماوەیەشدا فیدراسیۆنێکمان پێکهێناوە، وەکو نوێنەری ئەنفالەکانی ئەم ناوچەیە پێت دەڵێم: هەموویان وەزعیان زۆرخراپە بەڵام من ئێستا ژمارەیەکم لەبەردەستدا نیە بتدەمێ، هەیانە زۆر زۆر وەزعی خراپە، ماڵ هەیە شەش کەسی ئەنفالە، کابرا تووشی شەلەل بوە و لەسەر جێگایەو ژنەکەشیان لێ سەندوەتەوە، ئێمە چووین سەردانمان کردوە، جەنابی وەزیر ئاگاداری وەزعەکەیەتی، ( حەمەدەمین حەمەشریف ) ئەوە حاڵەکەیەتی کەبۆم باس کردی، ئێستا لەسەر جێگەیەو لەگوندی سێدەر دەژی خالد حمە عزیز شەش کەسیان ئەنفالەو خۆی بەتەنها دەرچووە،. ماڵی ( بێستون حسن ) وەزعیان زۆر خراپە، خۆی خوێنکاری زانکۆیە، هەموو منداڵەکانیان دەخوێنن و خوێندکارن، زۆر جار باسی ئەم گرفتانەم کردوە.

ئێمە ئامانجێکی تریشمان هەیە، زۆر کەس وادەزانن ئەنفالی یەك قوربانیان نیە، بەپێچەوانەوە تەنها گوندی سێدەر ( ٨٥ ) ئەنفالکراوی هەیە، راستە هەموویان لە جێگەکەی خۆیان نەگیراون، زۆریان لەئێران گەراونەتەوەو بەلێبوردنی گشتی هاتوونەتەوەو دوایی ئەنفال کراون، کەچی هەتا ئێستا دۆڵی

جافایەتی یەك شتی بۆنەکراوە، هەرهیچ هیچی بۆ نەکراوە، هەر بەمەنیقەکەی دا برۆ دەزانی هیچی بۆ نەکراوە نەرێگا ..نەخانوو..نەئاو.. هیچ ..هیچ.

بەڵام من دەزانم ( ٢٢٩ ) زەوی بۆ ئەنفالی ئەم ناوچەیە دەرچووە، راستە من بۆ خۆم ( ١١٣ ) ئەرزەم لەساڵی ( ٢٠٠٥-٢٠٠٦ ) بۆ وەرگرتن ئەو ( ٢٢٩ ) زەویەش دابەزیوە بۆ ئێرە، بەڵام هەمووی بۆ ئەنفالی سنوورەکە نیە، بەڵکو بۆ ئەنفالکراوەکانە لەشاروانی پێرەمەگروون، هەیە خەڵکی دەربەندیخانە و لێرە زەوی بۆ دەرچووە، لەسەر ئەو ( ٢٢٩ ) زەویە. بەکاك ئاواتم ووت ئێمە ( ١٥ ) کەسمان هەیە پێشتر سوودمەند بوون بەڵام زەوی ئەنفال رێگر نیە لەوە، هەتا خۆم ئەمەم بە وەزیریش گوت، ئەویش گووتی رێگرنیە، بەڵام کاك ئاوات لێرە زەوی ئەو ( ١٥ ) کەسەی راگرتوە بە پاساوی ئەوەی کە گوایا سوودمەمەند بوون. ئیستا ( بەکر تەلانی ) ( ١٠- ١١ ) ئەنفالی هەیە، خۆی لەوەتەی هەیە هەر پێشمەرگەیە، زەوی پێشمەرگایەتی وەرگرتوە دەڵێ لەبەر ئەوەی سوودمەند بوە نایدەمێ!! یان سەرمۆردیان ( ١٥ ) کەس و کاری ئەنفالی هەیە بەو شێوەیە.. لە سنووری ئەم دۆڵەدا مەزڵووم زۆرە سێدەر ( ٨٥ ) کەسی ئەنفالە تەلان (٤٦) و سەرمۆدرد ( ٢٥ ) کەسی هەیە سێکانیان ( ٢٠ ) و ئەوەندەی هەیە هەموو ژمارەکەیان نازانم.. ئەمە جگە لەزەرزی کەلە پاش تەیفور نایانەوێ قسە بکات ئەوەی منی ئەنفال کردوە دەردی کاکم دەڵێ ( ٥-٦ ) خانووی راست کردوەتەوە و منیش داكوخووشکم ئەنفالە و دەڵێ زەقەی چاوم دێت و گەر هیچیشم بۆ نەکرێ بۆچی قسان بکەم، دواتر براژنەکەی هاتە سەر خەت و گوتی " تەیفور زۆر مەغدورە با ئەم قسەیەش بکەم ئەوەتا ئێخەیان گرتوین ، ئەڵێ کچ حازرە پارەمان نیە ژنی بۆ بهێنین" کاك غەفور قسەکەی پشت راست کردەوە و گوتی " بەسەراحەت ناتوانین ئیمکانیەتمان نیە ژنی بۆ بهێنین هەرئەو مووچەیەیە ئێ سێوەیش تەلەبەیەو گەراوەتەوە بۆخوێندن .. سێوە ( ١٠ ) ساڵ لە خوێندن دابراوە و ئێستا گەراوەتەوە بەرخوێندن، لەبەرئەوەی کاتی خۆی لەئەنفالدا تەسکەرەکانیان ون بوون‌و کەهاتوونەتەوە بۆ پیرەمەگروون نیشتەجێ بوون.. نەیانوێراوە باسی بکەن بەڵکو لەوە ترساون کەئەنفال بکرێن یان بەعس بیانگرێت". دواتر کاك غەفورتی: گەورەترین غەدر کەلەئێمەی کەسوکاری ئەنفال کرابێ ئەوەیە کە دەستدەخەنە دادگاکەوەو ناهێڵن تاوانباران بەسزای خۆیان بگەن، دوای کاك غەفور سێوەش هەڵی دایە و گوتی ئەرەوەڵا ئەوە غەدرێکە لە ئێمە دەکرێ، نازانم ئەو تاوانبارانە بوون بە چی؟ محکمەکراون‌و ئێستا هەموو عالەم دەزانێ کەتاوانبارن، نەجاتیان بدەن و برایەوە، بۆچی هەتا ئێستا خزمەتیان دەکەن؟ ئەنفالەکانی ئێمە بە دەستی ئەوان یەکسەر کوژران و ژێر خۆڵ دران دە تۆ بیهێنە پێش چاوی خۆت ئەو هەموە ئیعدام کران، کیمیاباران و ئەنفال کران کەچی لە بری ئەوەی تاوانباران بەجاشە کوردەکانیشەوە محکمە بکەن کەچی ئەوانەی محکمەش کراون هێشتویاننەوە، ئینجا غفور دەستی کردەوە بەقسەو گوتی وا هەست دەکەم ئێستاش هەر ئەنفال دەکرێین بەسەراحەت ئەو هەستەم هەیە ئێمە کە لەئێران گەراینەوە لە پیرەمەگروون لەلای خزمەکانم نیشتەجێ بووین ئەو کاتە نەمانتوانی داوای ئەرزە بکەین لەبەئەوەی دایکم و ئەوان ئەنفالن‌و باوکیشم مردبوو داوای وەفاتنامەیان لێ دەکردین ئێمەش نەماندەوێرا بیانمرێنین لەبەرئەوەی دەمانگوت رەنگە بەربن چۆن بیانمرێنین؟ ئەو کاتە ئەرزەمان وەر نەگرت کە راپەرینیش درووست بوو، وامدەزانی ئەو راپەرینە تەنها بۆ منە چاوەروانی بەربوونی داك و خوشکەکانم دەکرد، کە چووم بۆ کەرکوك بۆ شەر وامدەزانی داکم و خوشکەکانم و ئەنفالکراوەکان بەردەدەین... بەڵام نەك هەر وا نەبوو دوو بارە ئەنفال کراینەوە.. ئەوەتا کۆمەڵێك جاش و ئیستخبارات لەسەر تەختن و منیش دەبێ بچم تەشەبوزیان پێ بکەم، بڵێم بەقوربانت بم شتێکم بۆ بکە... ئەمە سەراحەتە خەڵك هەیە ( ١٠ ) کەسی ئەنفالە و لە کونە تەویلەیدا دەژی و ئەوانیش خاوەنی هەموو شتێکن، ئەمە کەی رەوایە!؟ حکومەت دەبێ ئەم ناعەدالەتیانە چاك بکات قەرەبووی خەڵك بکاتەوە و رێز لە کەس و کاری ئەنفالەکان بگرێت.

*

١ (ئەم دائیرەیە هاوکاری دادگای باڵای تاوانەکانی دەکرد کەزیاتر بایەخیان بەوە دەدا دۆسێکان چۆن دروست بکەن‌و تۆمەتبارەکان لەسەرچی دادگایی بکەن، دادگای باڵای تاوانەکان پرس‌و رایان بەودائیرە کردبوو.



تەیفور

# حاجی عەبدوڵا:
# ئەوەی لەمەحکەمەی بە سەدامم گوت لەدیوانی کۆماریش پێم وتبو

**حاجی عەبدوالله خەڵکی گوندی سێدەری دوڵی جافایەتیە، ساڵێك بەرلەپەلامارەکانی ئەنفال وەکو سەربازێکی یەدەگ بانگ دەکرێتەوە بۆ خزمەتی سەربازیو هەرزو ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی قادسیەی وێرانکەر دەکرێت، ئەو کاتەی ئەم ماڵومنداڵەکەی ئەنفال دەکرێن ئەو سەربازێکی بەرەکانی جەنگی قادسیە بوو لەکەرتی فاو، بەسەرهاتی ئەمو خێزانەکەی کتومت بەسەرهاتی "عاصی مستەفا"[1]ی شاری چەمچەماڵ وایە، جیاوازی نێوان عاصی مستەفاو حاجی عەبدوالله لەوەدایە ئەم لەرێگەی لیوا ماهرعبدوالرشیدەوە خۆی دەگەیەنێتە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارو رووبەڕوو چاوی بەصدام حسێن دەکەوێتو لەبارەی چارەنوسی منداڵەکانی لەگەڵی دەکەوێتە گفتووگۆ،هەرچەندە لەو دیدارەدا هیچ سەرەداوێکی منداڵەکانی دەستناکەوێت، بەڵام بەتەواوی لێیان بێئومید دەبێتو دەزانێ روبەروی چارەنوسێکی مەترسیدار بوونەتەوە، راستیەکەشی هەروا بوو، بەرلە دەستپێکردنی دادگایکردنەکەی دۆسێی ئەنفال پێناسەی قوربانیەکانی بۆ دەهێننەوە، کەهەموویان لە گۆرێکی بەکۆمەڵی ناوچەی "حەزەر"ی لای پارێزگای موصڵ بەکۆمەڵ گوللە باران کراون. حاجی عەبدوالله لە دۆسێی تاوانی ئەنفالدا یەکێك بوو لەشایەتحاڵو شکاتکارەکانی دادگایکردنەکەو ئەوقسانەی صدام حسێن لە دیوانی سەرۆکایەتی پێی گووتبوو حاجی عەبدوالله لەدادگا ئاشکرای کردن و بەووردی شایەتیەکەی دا، کەچی صدامو داروەستەکەی لەبەرانبەر قسەکانیدا زۆر بەئەعصاب ساردیەوە وەڵامیان دەدایەوەو هێشتا خۆیان بەتاوانبار نەدەزانی وەکو بڵێی ئەنفالکردن و کوشتنی بەکۆمەڵی خیزانەکەی حاجی عەبدوالله‌و قوربانیانی ئەنفال تاوان نەبن و مرۆڤ نەبووبن.**

**حاجی عەبدوالله لەدیدارێکدا لەگەڵ ساڵنامەی ئەنفالستان بەهەمان ئەو حەماسو گوڕو تینەوە قسەی بۆ دەکردین کەوا لەدادگا روبەڕوی صدامو تاوانبارانی تری ئەنفال بووە.**

بەرلەوەی ئێمە پرسیاری لێبکەین کەزانی نیاز لەدیدارەکەمان چیە، حاجی خۆی تێهەڵچوو ووتی: من لەدادگا بەرەو ڕوو بەصدامم گوت: چۆن ئێستا خۆت بە تاوانبارو دیکتاتۆر نازانی، ئینجا هەڵوەستەیەکی کرد وەکو بزانێت خەلەلێك لە چاوپێکەوتنکەماندا هەیە، ووتی: حازرت کردووە قسەبکەم تەسجیلت کردووە؟ دوای ئەوەی وەڵامی منی وەرگرتەوەو دڵنیا بوو لەوەی قسەکانی بڵاودەکرێتەوە خۆی رێککردەوەو وەکو لەشاشەی تەلەفزیونەوە قسە بۆ خەڵك بکات، قنج دانیشت ئینجا دەستی کرد بەگێڕانەوەی ئەو دیدارەی کەلەگەڵ صدام کردبووی لەکۆشکی کۆماریو ئەوەشی کەلەدادگا هەمان ئەو قسانەی بەصدامی ووتبوو، هەروەها ئەو قسانەشی صدام بەوی گووتبوو:

حاجی عبدوالله ووتی من لەمەحکەمە بەصدامم گوت ئیستا خۆت بە تاوانبار نازانی؟ هەی تاوانبار ئەی کە من هاتمە لات بۆ قصری جمهوری لەدیوان رئاسە لێت نەپاڕامەوەو دەستەو دامێنت نەبووم؟ پێم نەگووتی: جەنابی سەرۆك خێرت دەگاتێ ئەو ماڵو منداڵەم بۆ ئازاد بکە من سەربازی قادسیەمو گوناهمان نیە؟ لەبیرت نەماوە کەخۆت لێت پرسیم بە تۆمەتی چی گیراون؟ منیش ووتم بەتۆمەتی ئەنفال. ئەی تۆ نەبوویت وتت ئەنفاااااااااال، مادام بە ئەنفال گیراون لێیان مەپرسە تازە ئەوانە رۆیشتن.



عەبدوڵا

ئەمە صدام بەتۆی ووت؟

ئا، ئا دەستی ئاوا بەرزکردەوە ( بەدەستی لاسایی صدامی دەکردەوە) ووتی: ئەوانە بەرحملەی ئەنفاااااااااال کەوتوون ئاوا درێژی کردەوە ووتی ئەنفاااااااال ئینجا تەماشایەکی کردمو ووتی: تازە باسیان مەکە.

صدام ئاوای بەتۆ گووت ؟

ئەرێ وەالله وەبیللەهی خۆ ئینشالله درۆناکەم، ئاوا ووتی: ئەنفااااااااااااااال تازە بەرحمەلەی ئەنفال کەوتن. جارێکی ترباسیان مەکە.

ئەمە صدام بەتۆی ووت؟

ئا، ئا دەستی ئاوا بەرزکردەوە ( بەدەستی لاسایی صدامی دەکردەوە) ووتی: ئەوانە بەرحملەی ئەنفاااااااااال کەوتوون ئاوا درێژی کردەوە ووتی ئەنفاااااااال ئینجا تەماشایەکی کردمو ووتی: تازە باسیان مەکە.

صدام ئاوای بەتۆ گووت ؟

ئەرێ وەالله وەبیللەهی خۆ ئینشالله درۆناکەم، ئاوا ووتی: ئەنفااااااااااااااال تازە بەرحمەلەی

ئەنفال کەوتن. جارێکی تربایسان مەکە.
منیش ئەو کاتە لە دیوان رەئاسە پێم گوتو لەمەحکەمەش هەر گوتم جەنابی سەرۆك، خۆمنداڵەکانی من کافر نەبوون خۆ جولەکە نەبوون ئەنفال بۆ کافرو جولەکانە..
لێم بڵند بوو چاوی خوارو خێچ کردن ووتی : ئەتلع برە ئەتلع .. منیش هەستامە سەرپێو( تحیە) سلاویەکی سەربازی قایمم بۆ کرد ووتم: نەعم سەیدی ( حاجی عەبدوالله ئەوەندە بە حەماسەوە قسەی دەکرد لەسەر قەنەفەکە هەستایە سەرپێو وەکو لەساحەی عەرەزاتدا وەستابێ لەبەردەمی ئێمە بەهەموو توانای خۆی سلاوێکی سەربازی کردو بەتوندی پێی بەزەویدا کێشا، وەك ئەوە وابوو چووبێتەوە هەمان ئەو دۆخەی کە لەو چرکە ساتەدا صدامی بینیوە) دوایی دانیشتەوەو گووتی ئەرێوەالله چۆنتان بۆ دەگێرمەوە ئاوا بوو، " بەهێواشی لە جێگەی خۆی دانیشتەوە " ووتی: لەمەحکەمەکەش هەر ئەو قسانەم پێگوتەوە.. هەندێك جنێویشم پێدا بەلام حاکمەکە بری نەیدایە تەلەفزیوون پێم گووت جەنابی سەرەك ئەو ماڵو منداڵەی من مستەهەقی ئەنفال نەبوون، موخەریب نەبوون"ئەوکاتە دەبوو وابڵێم"، ماڵومنداڵی من لەبژاری گەنمێ بوون، لەسەر زەرعاتێ بوون، لەگوندی مەمەنداوای چووبوون لەبن دارەکان لەسەرجادەی ئیسراحەتیان کردبوو، ئاگایان لەهیچ نەبوو عەسکەرییە گرتبوونیو بردبوونی،
ئینجا بەراست هەرواش بوو خێزانەکەی تۆ لەگوندەکەی خۆتان نەگیراون؟
ناوەللە برام قافلەی عەسکەرێ بەلایاندا رۆیشتبووگرتبوونیو بردبوونیو دوایی گوتیان ئەنفالکراون. (ئەمە لە ئەنفالی یەك) ئەی چۆن خۆمن لەگەڵیان نەبووم من عەسکەربووم ئەو کاتە لەفاو عەسکەر بووم ئەوان گیرابوون. لەمحکەمە ئەو قسانەم هەموو پێگوتنەوە گوتم جەنابی سید رئیس پێم نەگووتی منداڵی من بێگوناهن( سید الرئیسی ئەو کاتە هی ئێستانا ئیستا صدامی بگرە کەمتریش.. ئەوەشم لەمحکەمە پێگوت. صدام گووتی: ئەگەر من پیاوێکی دکتاتۆربومایە تۆ بەماوەی 3 رۆژ نەدەگەیشتیتە لام.
منیش لێی وەرسورام وەڵامم دایەوە ووتم تۆ ئەو هەموو ژنو منداڵەت گرتن سەدوهەشتاو دووهەزار کوردت بن گڵیدان هێشتا دکتاتۆر نین.
دەتوانین بزانین چۆن گەیشتیتە لای صدام؟
قوربان ئەوکاتە عەسکەر بووم سێ مانگ بوو نەهاتبوومەوە وەحدەکەمان لەفاو کەهاتمەوە


عەلی عەبدوڵا

منداڵەکانم ئەنفالکرابون، منیش نەخۆش بووم ئیجازە مەرەزیم وەرگرتبوو، کەهاتمەوە بەسەر هەواری خالیدا گەرامەوە منیش رێکو رەوان گەرامەوەو چومەوە بۆ وەحدەکەی خۆم، کەچوومەوە چوومە لای ئامر وەحدەکەمانو ووتی خێر تۆ ئیجازە مەرەزی نیت؟ ووتم سەیدی ئیجازەی چی و حاڵی چی ماڵ و منداڵم هەمووی گیراون؟ ووتی بۆ ووتم وەالله بەتۆمەتی (موخەریب) قوربان ووتی بابچین بۆلای قائید فەیلەق، ئامرەکەمان حالەکەی بۆ باسکرد خوا هەڵناگرێ قائید فەیلەق ووتی باشە کتابی بۆ دەکەم بۆ دیوان رئاسە. کەچووشم صدام حسێن ئاوای جوابدامەوە. ووتی تازە باسیان مەکە ئەوانە بەر ئەنفاااااااااال کەوتن.
کەواتە صدام بە ناراستەو خۆ پێی گوتووی کە نەماوون؟
وەللە کەوای گوت من بەتەمایان نەمام، دامنە دەست خوای گەورە. دوایش دەرکەوت هەموویان کوشتوون.
تۆ چۆن زانیت خێزانەکەی تۆ کوژراون؟
ئەی هاتن تەسکەرەیان پێبوو تەسکەرەکەیان لەقەبرەکان دەرهێنابووەو بۆیان هێنامەوە. گوتیان ئەمانە منداڵی تۆن منیش گوتم ئەرێوەاللە هی منن، وتیان حاڵو مەسەلەکە ئاوایەو ئەوانە لای موصلێ دۆزراونەتەوەو بەکۆمەڵ کوژراون.بەلام تەسکەرەکانیان نەدامەوە گوتیان ناتدەینەوە بۆ محکەمەکەی پێویستمان پێیەتی.
کەواتە لەگۆڕانەی حەزەر منداڵی تۆشیان تیدا بوون ؟
بەڵێ قوربان ژنەکەموحەوت سەرخێزانمی تێدان. 5 کورمو 2 کچمو خێزانم، ئایەومایە ئەم کورەم بۆ دەرچووە "عەلی" کە لەبەرانبەرت دانیشتووە، دەنا کەسم نەماوە.
ئەوکاتەی کەچویتە مەحکەمە دەتزانی قوربانیەکانی ئێوەلەوێنو دەکرێنە بەڵگەی تاوانەکانی بەعس.
بەڵێ دەمانزانی پێیان گووتبوین.
خۆت تەرمەکانت بینی؟
بەڵێ بینیم .
راستە هەندێك کەس دەیانگووت ئەو تەرمانە خراپ هەڵگیراون ئیسکوپروسکیان لەگونێو عەلاگەدا فرێدراون.
نا درۆ دەکەن .
ئەی پێت ناخۆش نەبوو کەوا یان دەگووت؟
والله من کەسم نەبینیوە وام پێبلێ گوتیان لەجەریدەو شتدا وایان نوسیوە، بەلام درۆ دەکەن بەرێکو پێکی هەلگیراون لە صندوقێدان

دۆسێی خۆشناوەتی‌و دۆڵی بالیسان

# لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم شێخ وەسان یەکەم گوند بوو بەرپەلاماری چەکی کیمیایی کەوت، کەچی هێشتا برینەکانی ساڕێژ نەبون

هەرکەلەناحیەی سەروچاوە دەردەچیت، ئاسەواری وێرانکاری پەلامارەکانی ئەنفال‌و تەنانەت پەلامارە کیمیاویەکانی پێش ئەنفالیش بە زەقی بەرچاو دەکەون، دۆڵی بالیسان کەبەشێکە لەناوچەی خۆشناوەتی باکوری پارێزگای هەولێر، لەسەرەتای ناحیەی سەروچاوەوە دەست پێدەکات‌و بەدۆڵی ئالانەو ناحیەی خەلیفان کۆتایی دێت، ناوچەیەکی جوگرافی گرنگ‌و دڵرفێنەو بە زنجیرە شاخی قیت‌و درێژ دەورەدراوە، لەساڵی ١٩٨٧ دا دەوڵەتی عێراق بەفەرمانی عەلی حسەن مجید، روبەروی کارەساتی نامرۆڤانە بووەو گەورەترین تاوانی ئەنجامدرا،لە رۆژی ١٦/ ٤ /١٩٨٨ دا بەچەکی کیمیاوی هێرشکرایە سەر گوندەکانی دۆڵی بالیسان‌و لەو هێرشەدا هەردو گوندی شێخ وەسان‌و بالیسان بوونە ئامانج‌و لەلایەن فرۆکەکانی سوپای ۼێراق‌و بەراسپاردەی نوسینگەی باکوری حزبی بەعس، چەکی قەدەغەکراویان لەدژی خەڵکەکەی بەکارهێنراو بەهۆیەوە سەدان کەسی مەدەنی گیانیان لەدەستداو چەندینیشیان بەو چەکە قەدەغەکراوە برینداربوون، بەشێوەیەکی وا کە هەتا ئەمرۆ ئەم گوندانەی دۆڵی بالیسان بریندارەکانیان بەدەم ئازارەکانیانەوە دەتلێنەوەو ماوە ماوە لێیان دەمرێت‌و بەپەراوێزخراوی‌و بێنازیەوە گیان لەدەست دەدەن. ئەم دوو گوندە ( شێخ وەسان‌و بالیسان) هەرماوەی ٥کم لەیەکەوە دورن‌و لەدوای تاوانەکەشەوە هەمیشە پێکەوە ناویان دێت، لەنێو دۆڵێکی سەخت‌و هەڵەتدان. هەرچەند دۆڵی بالیسان ئەوکاتە بارەگای پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێ بوو، بەڵام پێشمەرگە لەشەڕدا بوون‌و چووبوون بۆ ناوچەی سەرکردایەتیەکەیان کەچی بەعس لەدوای نیوەڕۆی ١٦ ی نیساندا، کارێکی بەم جوتە گوندە کرد .



**گوندی بالیسان:**

بالیسان کە ئیستا بووەتە ناحیە بۆ خۆی بەرلە پەلامارەکانی ئەنفال گوندێکی گەورە بوو، کە تا نیسانی ١٩٨٧ نزیکەی ٢٥٠ ماڵ یان زیاتربووە، سێ تا چوار مزگەوت و قوتابخانەیەکی سەرەتایی و یەکێکی ناوەندیشی تێدابوو، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دۆڵی ئالانەو شارۆچکەی شەقڵاوەوە. شێخ وەسانیش کەگوندێکی بچووکتر بوو و نزیکەی ٢٠٠ ماڵێك بووە، کەمێك دەکەوێتە پشتی بالیسانەوەو بەلای باکووری رۆژهەڵاتدا، لە دۆڵکدایەو لە نێوچیاو گردەکاندا لەنگەری گرتووە. ناوچەیەکی جوان‌و دلرفێنەو دۆڵەکەی پشتیشی بۆ ماوەیەکی زۆر هەرجێگەو رێگەی پێشمەرگە بوو.

بەهۆی بوونی پێشمەرگەوە دەمێك بوو حکومەت ئەو ناوچەیەی خستبووە بازنەی سورەوە، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٨٣ەوە دۆڵی بالیسان بوو بە "ناوچەی قەدەغەکراو" هەرچەندە بەعس لە سەررێگا کاندا بازگەی دانابوو، بۆ ئەوەی ئابلووقەی ئابوری بخاتە سەر ئەم ناوچەیە بەڵام خۆراك‌و زەخیرە هەر دەگەی"تن‌و لەم بارەیەوە سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا. دەمێك بوو مامۆستای لەقوتابخانەکانی دۆڵی بالیسان کێ"ابوەوە. بەرلەکیمیابارانکردنی"ی فڕۆکەکانی عێراق بەردەوام هێرشیان دەکردە سەرگوندەکانی ئەم دۆڵەو تارادەیەك تەنگی پێهەڵچنیبوون، بەڵام بەو حاڵەشەوە گوندن"ینان ملیان بە سیاسەتەکانی بەعس نەدەداو بە ناچاری ژیانی رۆژانەیان لەبن تۆپ‌و تەیارەدا دەگوزەراندو هەندێك ماڵ کونەتەیارەیان بۆخۆشاردنەوە دروستکردبوو، هەندێکی"یان لەکاتی تۆپ باران‌و بۆمبارانی فرۆکەکەکاندا رویان دەکردە ناو ئەشکەوتی چیاکانی ئەو ناوە، بەڵام هێزی زەمینی ( م"ات) هەرگیز هەتا پەلامارەکانی ئەنفال نەی توانی بێتەناو ئەو دۆڵەوە.

**رۆژی کارەسات:**

دوا نیوەڕۆیەکی درەنگی رۆژی ١٦ ی نیسانی ١٩٨٧، کەگوندن"ینان تازە لە سەرمەزراو کێڵگەکانیان گەڕابوونەوەو ژنان خەریکی ئامادەکردنی نانی ئێوارە بوون، دەنگی فڕۆکەکانی بەعس (کەلەکوردستان

بەمەرگ هێن ناسرابوون) پەیدابوو. خەڵکەکە هەندێکیان هەر لە ماڵەکانیاندا مانەوەو هەندێکیشیان بەپەلە پڕووزێ خۆیان گەیاندە کونە تەیارەکانیان، پۆلێك فڕۆکە دەرکەوتوون و بە سەر هەردوو گوندی بالیسان و شێخ وەساندا نزم ببوونەوەو بۆمبەکانیان بەردابووەوە. ئەوجا تڵپەی تەقینەوە پەیدابوو. دەنگی تەقینەکان هێندە نەبوو خەڵکی گوند بترسێنێ چونکە بۆمبارانەکانی پێشوتر بەم جۆرە نەبوون، نالەی راجیمەو ساروخی کۆپتەرەکان جاران بێزارکەرو ترسناك بوون، هەربۆیە ئەوانەی لەناو گوند مابوونەوە چوبوونە دەرەوەو بینیبویان بۆمبەکان دوکەلیان لێدێتە دەرەوەو بڵاو دەبێتەوە، هەندێك خەلکیش لێیان نزیك ببونەوەو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەوانەی نزیك بوونەوە بەربکەون و بەهۆیەوە بمرن و برینداربن، ئەو شریتە وێنەییەی بۆمبارانی دۆڵی بالیسان، کەدەڵێن جاشێکی لای ئەنوەربەگی بێتواتە تۆماری کردووە، ستوونی پان و پۆری دووکەڵی گەواڵە هەور ئاسای سپی و بۆرو پەمەیی دەردەخات. ئەو دەمە لەچیاکانیشەوە کزە بایەکی مەیلەو ساردی لای ئێوارە هەڵیکردبوو، بۆنێکی نامۆی لەگەڵ خۆ هێناوە، کە بۆ هەندێك یەکەمجار خۆشبوو و وەك بۆنی گوڵ وابوو، بۆ هەندێکی تریش وەك بۆنی سێوو سیر بوو. شایەتی دیکەش پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە بۆن و بەرامی دەرمانی مێروو کوژی بووە. بەڵام پیرە ژنێکی خەڵکی بالیسان بەمیدل ئیست وۆچی راگەیاندووە: "بەجارێ تاریکی داهات و نەماندەتوانی هیچ شتێك ببینین و کەس کەسی بەدی نەدەکردو یەکپارچە دنیا بوو بە تەمومژو لە دواییدا هەموو کوێرو نابینا بووین". هەندێك ڕشابوونەوە، دەمو چاو هەمووی ڕەشداگەراو خەڵکی بە دەست هەڵاوسانی بەئازاری بنباڵیانەوە دەیانناڵاند و ژێرمەمکی ئافرەتانیش دەبوو بە ئێ"ێکی سەخت و دواتر زەرداوێك لە چاو و لووتیانەوە دەهاتە دەرێ، زۆر لەوانەی کە لەمردن دەرباز بوون بە سەختی تووشی کێ"ەی بینین بوون و هەندێکیان ماوەی مانگێك زیاتر هەربە تەواوەتی کوێر بوون.

ئامانج لە سەردانەکەمان بۆ دۆڵی بالیسان بەدیاری کراوی هەردوو گوندی (وەرێ و شێخ وەسان و ناحیەی بالیسان بوو) ئێمە بێ وەستان بەناو ناحیەی پڕلەدیمەن ودارستانی بالیسانی برینداردا، تێپەڕین و ڕومانکردە گوندی شێخ وەسان.

### گوندی شێخ وەسان :

یەکەمین گوندە لەکوردستان لەپێش هەموو شوێنەکانی ترەوە بەرچەکی کیمیاوی کەوتووەو ئێستا تەنها ٦٥ ماڵێکی تێدا نی"تەجێکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی نەحکومەتی هەرێم و نەرێکخراوە خێرخوازیەکان وەکو پێویست بەدەنگیانەوە نەچوون و خەڵکەکەشی لەبەر هەژاری و زەبری قورسی دەوڵەتی عێراق هێ"تا هەناسەیان بۆ نەگەڕاوەتەوە، شێخ وەسان لەکیمیابارانکردنی رۆژی ١٦/٤/ ١٩٨٨ دا ١٣٤ کەسیان بوونە قوربانی و هەرلەجێدا گیانیان لەدەستداوەو دواتریش لەپەلامارەکانی ئەنفالدا ٥٢ کەسی تریان ئەنفالکراون و هەتا ئەمرۆ بێسەرو شوێنن. لە شێخ وەسان دەربازبووان باسی ژنێکیان دەگێڕایەوە کە چۆن هەردوو چاوی کوێر بووەو بەملاو بەولادا کەوتووەو منداڵەکەی توند لەباوەش گرتووەو نەیزانیوە مردووە. ژمارەیەك لەگوندن"ینان بەرەو چیاکان هەڵاتن و لەوێ مردن، ئەوانی کە لە شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکانەوە نزیك بوون هەربە پێوە گیانیان دەرچوو[٢١]. شایەتێکی دیکەش، کە پێ"مەرگە بوو، بەناوی عومەر بەساڵنامەی ئەنفالستانی ڕاگەیاند کەوا پەلاماری دووەمیش، هەر ئەو رۆژە دوای سەعاتێك دووبارە بووەتەوەو ئەمەیان هەلیکۆپتەرەکان ئەنجامیانداوە[٢٢]. کیمیابارانکردنی شێخ وەسان ئەوەندە تراژیدی بوو، جگە لەوەی پیاوەکانیان بەبریندار سەرنگومکردن و نەگەڕانەوە، برینداران ئەوپەلامارەکیمیاویە هەتا ئەمرۆش لەحاڵێکی خراپدا دەژین، جگە لەوەش دوای ٢٠ ساڵ کاریگەری ئەوتاوانە وەکوکابوس هێ"تا یەخەی خێزانەکانیانی بەرنەداوە، کەچی لەبەرانبەر ئەم هەموو قوربانیە مرۆییە گەورەیەشدا، وێرای بەتاڵانبردنی سەروەت و ماڵی گوندن"ینەکان، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەرواوێزخستنیان بەزەقی دیارە..! خانوەکانیان بەشێوازێکی هاکەزایی و نائەندازەیی پێکەوە ناوەتەوەو هیچ مەرجێکی تەندروستی و نی"تەجێبونەوەیان تێدانیەو لەوشکەکەڵەکێکی تەقلیدی بەولاوە نین، گەورەترین کێ"ەی گوندی شێخ وەسان بێ ئاوییە، هەتا ئێستا لەلایەن شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سێوسێنانەوە بەتەنکەر ئاویان بۆ دابین دەکرێت، خەستەوخانەو قوتابخانەکەیان ئەوەندە بێکەڵکن، دەتوانین لەجێی نەبوان دایان بنێین، نەخەستەخانەکەی دکتورو یاریدە دەری پزی"کی تێدایە، نەقوتابخانەکەی شایستەی ئەوەیە پێیوترێت خوێندنگا، ئەوخوێندکارانەشیان کەقۆناغی سەرەتاییان بڕیوە، بەزەحمەتێکی زۆر دەخوێن، دەبێت



مەزاری گوندی شێخ وەسان

فرسەخێک ڕێگە ببرن بۆ ئەوەی بگەنە خوێندنگاکەیان لە ناحیەی بالیسان، جگەلە خوێندکارانی شێخ وەسان خوێندکاری ناوەندی لەگوندەکانی تریشەوە وەکو کانی بەرد، میرگە سور، وەرێ ، هەردوو چیوەی سەرو خوارو ..هتد) دەبێت مانگانە ٢٠ -٢٥ هەزار دینار بدەنە هەقی ئەو سەیارانەی بخۆیان بەکرێیان گرتوون بۆ گواستنەوەو هاتو چۆ کردن.

ئەمە جگەلەوەی کێشەی کارەبایان هەیەو هەتا ئێستا کارەبای موەلیدەشیان بۆ دابین نەکراوە، سەیر لەوەدایە ئەو ڕۆژەی ئێمە چوینە سەردانیان کارەبایان هەبوو دوای ئەوەی پرسیارمانکرد ئەنجومەنی گوندەکە بەناوی عومەر فقی ووتی: حکومەت بە ڕۆژ کارەبامان دەداتێو بەشوێش دەبێت خۆمان موەلیدە بخەینە گەرو بەنزین خەرج بکرین، هەموو ڕۆژێ حکومەت بەم دەردەمان دەبا لەکاتژمێر ٩ی بەیانیەوە، هەتا ١٢ای نیوە ڕۆ کارەبامان دەتێ بەلام بەشەونیمانە؟!! .

دواتر چوینە سەردانی مەزاری قوربانیەکانی شێخ وەسان کەبەبن کێوێکی بەرزو بەردەلانەوە دروستکراوەو تەنیا بریتی بوو لە هۆلێکی بێناز، کە چوار دەوری لەدیواری کۆنکرێتی دروستکراوەو کۆمبارێکی هەرزانبایی ڕەنگ خۆلەمێشی خەت خەتی تێدا راخراوەو دیوارەکانی وێنەی قوربانیەی گرتووەتە ئامێز کە لەدۆلی بالیسان بەگازی کیمیایی شەهید بوون، عومەر بەهاوکاری چەند کەسێکی دلسۆز وێنەی هەموو قوربانیانی کیمیابارانی دۆلی بالیسانی کۆکردبووەو لەشوشەو چوارچێوەی هەکازایی گرتبوونو هەریەکەیان لا دیوارێکی هۆلەکەی بۆ تەرخان کردبوو، هەندێك لەوێنەی قوربانیەکان هێشتا هەر لەسەر ئەو دووتاك قەنەفەیە دانرابوونو تەرتیب نەکرابوون. ئەگەرچی پارەیەکی زۆری تێدا خەرجکرابوو بەلام بەشێوازێکی ناهونەری کارەکەی بۆ ئەنجامدراوە. دەنا دەشێت بەتەکنە لۆژیای چاپەمەنی کاری شایستە بۆ قوربانیەکان بکرایەو ئەمەش ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمو ڕێکخراوەکانە لەپێش هەموویانەوە وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان. بەلام حکومەت ئەگەر زیندووەکانی پشتگوێ خستبێ چاوەڕوانی چی
بۆ مردووەکان لێدەکرێت!!

ئەوەی مایەی ڕێزلێگرتنی کارەکەی عومەر



عومەر فەقێ ئەحمەد

بوو ئەوەیە کەوا ئەو هەر بەقوربانیانی گوندەکەی خۆیەوە نەوەستابوو بەلکو وێنەی قوربانیانی کیمیابارانی، مەلەکان، بالیسان، وەرێو خەتێو شێخ وەسانیشی ئامادەکردبوو، هەر قوربانیەکیش وێنەی نەبووبێ وێنەی گولێکی سوری بۆ خستبوونە چوار چێوەوەو لەگەل ناوی قوربانیەکا دای نابوو بەم شێوەیە مەزارەکەی تەرتیب کردبوو. کاك عومەر ووتی: نابێت لەم کارانەدا ناوی ئەو کەسانە لەبیربکەین کە یارمەتی دەرمان بوون( یانەی ڕۆشنبیری بالیسان، کاك عبداللە کانی بەردی، کاك شێخ مەزهەر، کاك جەمال هەرووتی) ئەمانە بە پەرۆشیەوە هاوکارمان بوون، دواتر دەستی بۆ دیوارێکی دامێنی مەزارەکە درێژ کردوو ووتی : بەخوا بۆ ئەو دیوارە خۆمان لە گوند پارەمان کۆکردووەتەوەو ئەم دیوارەمان بە بلۆك کردووە.

برینداران شێخ وەسان:

بەداخەوە نەمانتوانی وێنەی ئەو برندارانە بگرین کە هەتا ئەمرۆ بەدەم ئازارەوە ڕۆژ بەرێدەکەنو چاوەروانی مەرگنو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لێیان بێخەمە..

بەلام کاك عومەری فەقی ئەحمەد ناوی چەند نەسێکی داینێ کە بەچەکی کیمیایی برینداربوونو لەبارێکی دەرونیو ئازاری جەستەیی خرپدان. کەئەم بەرێزانەن: ( ئیسماعیل حسین کەریم لەدایکبووی سالی ١٩٧٠ یەو برینەکەی لەناووەیەو بەئازارە، چونکە سیەکانی پێویستیان بە گۆرین هەیە. عبدالله محمد عبدالله چاوەکانی تەواو بێکەلك بوونو لەزاری عومەری ئەنجومەنەوە ئەوەمان بیست لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان کە وا بە پێی راپۆرەتی پزیشکی قابیلی چارەسەرە. سێهەم خدرمحمد عبدللە هەمان نەخۆشی چەکی کیمیاویە، شایانی باسە خدر باوکیو دایکیو خشکوبراکەی لە بۆمبارانی شێخ وەسان گیانیان لەدەست داوەو ئێستا لەلای مامی دەژی. سەلمان عزیز حمد چاوەکانی تەوا خراپ بوونو ناوسکیشی تەواو کاریگەری ئەوچەکەیان لەسەرە).

لەراستیدا گوندی شێخ وەسان ئەوەندە کەمو کوری زۆرە نازانرێ قسە لەکامیان بکەیت.

کەس نیە لەو گوندە بەدەردی خەونی خۆیەوە گیرۆدە نەبێت، هێشتا ئێمەنوسینی ناوی بریندارەکاندا بووین کە کورێك هاتەلامانە



فەرهاد لەگوندی شێخ وەسان

بەناوی ( فەرهاد) ووتی ئێمەش مەغدورین هەتا ئێستا شوێنێکمان نیە یاری تێدا بکەین ئەوەتا من لە تۆپێن بەسەر بەردێکدا کەوتووم قۆلم شکاوە، لەراستیدا ئەم قسەیە ئەوەندە کاری تێکردم خەریکبوو لە حەژمەتدا منیش بەسەربەردێکدا بکەومو بەدەردی ئەو بچم فەرهاد قۆلی راستی هەلکردوو هێشتا شوێنی

تەقەڵەكانی چاك نەببوونەوە.

دوایی چوینە سەردانی قوتابخانەكە ، حاڵی ئەویش لەهی گوندەكە باشتر نەبوو، هەرچەندە بەهۆی داخستنی دەرگاكانیەوە نەچووینە ژورەوە بەڵام هەرلە شوشەی شكاوی پەنجەرەكانەوە هەژاری قوتابخانەكە داوای یارمەتی لە هەرمیوانێك دەكات، لەبارەی بێ ئاووی قوتابخانەكەشەوە ئەنجومەنی گوندەكە ووتی : وەزیری پەروەردە بە بەحاكم صالحی بەریوەبەری ناحیەی ووتبوو تۆ برۆ بیرێك لیچبدە بۆ قوتابخانەكە ئێمە پارەكەی دەدەین، كەچی دوایی بەڵێنەكەی نەبردە سەرو تەنها ٨٠٠٠٠٠ هەشت سەد هەزار دیناری بۆ ناردینەوەو ٤٠٠٠٠٠ هەزاری كەوتەملی كە بۆخۆی وایەرو بۆری بۆ بیرەكە كریبوو، بیریش ئاوی تێدانەماو ئێستا مەكتەبەكەمان ئاوی نیە.

## گوندی وەرێ :

هەمان رۆژ ٢٥ی ئازار سەعات یەكونیوی دوای نیوەرۆ لەگەڕانەوەماندا لاماندایە گوندی وەرێو لەماڵێكی بەخوڵقوخۆدا پشومان دا ، گوندی هەژارنشینی وەرێ كە ئێستا لەدەم جادە سەرەكیەكەی رانیە خەلیفان گیرساونەتەوە، پێشتر لەبناری چیاكەی پشتیانەوە بوون، لەكیمیابارانی ساڵی ١٩٨٧ ٣٥ كەسیان بەچەكی كیمیاوی گیانی لەدەستداوە، ئەویش وەكو هەموو گوندو شارە كیمیابارانكراوەكانی كوردستان، وێرای خەمی قورسی ژیانو كەم تەرخەمی حكومەت هەمیشە خەمی گەورەیان چارەسەركردنی بریندارەكانی چەكی كیمیاویە، كە هەتا ئەمرۆ بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوەو بەبێكەسی دەمرن.

ئەوماڵەی ئێمە لێی گیرساینەوە ماڵی مام قادر خدر حمد بوو، هەرچەندە تەمەنی هەڵكشابوو، لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٧ بوو، بەڵام هێشتا زۆر بە رەوانی قسەی بۆدەكردینو حیكایەتی رۆژی كیمیابارانكردنەكەی بۆ دەگێراینەوە : ( ئەو رۆژەی كیمیای پێداكردین هەندێك بەملایدا " رۆژهەڵاتو هەندێك بەولایدا " رۆژ ئاو" رۆیشتین، ) رونتربڵێن كاتێك گوندی وەری لێی قەوماوە ئەوەی توانای راكردنو دەربازبوونی هەبووە، بوون بەدوو بەشەوە بەشێكیان بەلای رۆژهەڵاتی گوندا بەرەو سەروچاوەو بەشەكەی تریشی رووەو خۆرئاوا بۆلای خەلیفان هەڵاتوون. بەڵام كیمیای نەفرەتی كاری خۆی لە وێرانكردنی گوندنشیناندا كردبوو، مام قادر خۆی یەكێك بووە لەو كەسانەی بەركەوتووەو بێهۆش بووە، ئێوارەی رۆژی ١٩٨٧ /٥/١٥ دواهەمین رۆژی مانگی رەمەزان ئەو كاتەی خەڵكی گوند خۆیان بۆ جەژنی مانگی رەمەزان ئامادەدەكرد، كاتژمێر ٧:١٥ بەكاتی هاوینە ٤-٦ فرۆكەی جەنگی دەولەتی عێڕا لە جۆری سیخۆی روسی چوونەتە ئاسمانی گوندەكەو دوای ئەوەی چەند جارێك بەسەر ناوچەكەدا خولاوەنەتەوە ئینجا سیانیان شۆردەبنەوە بۆ زەویو هەریەكەیان ٢ بۆمب فرێدەدەنە خوارەوە، هەرشەش بۆمبەكە لەسەرووی گوندەكە دەكەونە خوارەوە بەتەنیشت گوندنشینیچكەوە بەناوی (جلال حاجی سلێمان) دوای ئەوەی بۆمبەكان دەتەقنەوە دوكەڵێكی سپیو مەیلەو زەردیان لێدێتە دەرەوەو بەئاراستەی بادا رووەو گوند وروژم دێنیو بەناو گوندا بلاودەبێتەوە، هەرچەندە بۆمبەكان لەچاو ئەو بۆمبانەی پێشتر بەسەرگوندا دەبارین دەنگیان كەمو بێ گرمەو ناڵە بوون، بەڵام ئەم بۆمبە بێدەنگانە كارەساتی مرۆییو كۆمەڵكوژی گەورەیان لە هەگبەدابوو، بەشێوەیە گوندی وەرێیان كردە كوشتارگایەكی گەورە خەڵكی گوند فریای جەژن نەكەوتنو وەزعەكەیان لێشێوا، فرۆكەوانە بەعسیەكان سەلیقەیەكی زۆری كۆمەڵكوژیان هەبوو، بەجۆرێك تاوانەكەیان ئەنجامدا تەواو بەدڵی سەركردەكانیان بوو، كە بۆمبەكانیشیان لەسەروی گوند فرێدابوو مەبەستێكی دڕندانەیان هەبوو، چونكە هەڵكەوتەی گوندەكە بەشێوەیەك بوو كەلەقازانجی ئەو هێرشە كیمیاویەدا كەوتەوە، لەبناری چیاوە سەرەولێژ بوو، ئەو رۆژەش ئاراستەی با بەتەواوی هاوكارو یاریدەدەری بەعسیەكان بوو، هەموو ئەو گازە ژەهراویەی لەو بۆمبە بێدەنگانەوە هاتنە دەرێ بەناو ماڵو حاڵی ئەو خەڵكە بێگوناهە وەوەر بوو بەهەموو لایەكیان (تەكنەلۆژیاو سروشت) كۆمەڵكوژیەكەیان خولقاند.

ئەو ژنانەی بۆ خۆ ئامادەكردنی جەژن قۆلیان لێهەڵماڵی بوو بۆ كوڵو جلوبەرگ شۆرین چووبونە كانی ژنان، نەگەرانەوە ماڵەوەو هەرلەسەركانی هەموویان بەكۆمەڵ كوژرابوون یان بریندارببوون، كەهەندێكیان منداڵ بوون، بێگومان كۆمەڵكوژی گوندی وەرێ كە كەمترلەناو راگەیاندنی كوردی باسی لێوە دەكرێ مەرگەساترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی بوو لەسەردەستی پیاوانی بەعس، لەوێ هەر دانیشتوانی گوندەكە نەبوونە قوربانی بەڵكو چەند میوانێكی گوندەكانی دەوروبەریش لەگەڵ خانەخوێكانیان گیانیان لەدەستداو نەگەرانەوە ناو ماڵومنداڵیان، لەوەش واوەتر كۆمەڵكوژی هەرمرۆڤەكانی نەگرتەوە، بەڵكو مەلوباڵندەوپەلەوەرو رەشە وڵاخیش بوونە قوربانیو هەندێكیان هەرلەجێدا لەگەڵ خەڵكی ئاواییو هەندێكیشیان رۆژانە دەكەوتنە سەر زەویو لەپەلوپۆدەكەوتنو منداردەبوونەوە، ئەو رۆژەی وەرێ لێی قەوما جگەلە گوندنشینەكانی دەوروبەری، نە یەزدانو نەكۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو نەپەیماننامەی قەدەغەكردنی جینۆسایدو نەجارنامەی گەردوونی بەهانای كوردەوە نەهاتن، كۆمەڵكوژی گوندی وەرێ بەچەكی قەدەغەكراوی كیمیاوی بووە وێنەی زوڵمێكی گەورەوپەڵەیەكی رەش بەتەوێڵی بەعسیزمو بیری شۆڤێنیزمی عەرەبیو تەنانەت بەتەوێڵی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە، بەڵام خەڵكی گوندەكانی تر بەتایبەتی ( توتمە، هەرتەل، میرگەسەر) كە بە هانایانەوە هاتوونو بەسواری تراكتۆرو گوێدرێژ بەرەو خەستەخانەكەی سەروچاوەیان بردوون، بەركی ئەخلاقیو ئینسانی خۆیان هەستاونو



بۆمێژوو روسوری خۆیان ئیسپاتکردووە، بەڵام لەبازگەکانی رژێم سەرباز رێگەیان نادەن بچن بۆ سەروچاوەو دەیانگێڕنەوە، ئەو خەڵکەی کیمیاوی جەستەو رۆحی هەلاهەلا کردبوون، بەناچاری بەبریندارەکانیانەوە رووەو چەمی قەشان بەرێدەکەنو لەوێ هەتا بەیانی بریندارەکان بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوەو بەرەبەر لێیان دەمرێت، بەم شێوەیە هەتا بەیانی رۆژ دەبێتەوە یەك بەدوای یەکدا گیان لەدەست دەدەنو دەمرن، لەگەڵ رۆژبوونەوەشدا خەڵکی ئۆردوگای شکارتە دەچنە هانایانەوە بەڵام تازە بەهاناوە چوون چ سوودی نەمابوو، هاوکاران رووبەرووی تراژیدیایەکی زۆر گەورەو ترسناك بوونەوە، چونکە بەسەر جەستەی ساردوسڕی بریدارەکاندا چوونو بینیان هەموو بریندارەکان گیانیان لەدەستداوە، ئەو خەڵکەی پێشترو بەرلەم تاوانە هاوماڵو جیرانی گوند بوون ئێستا هەموویان مردوونو فریای جەژنە پیرۆزە نەکەوتن کە بەنیازبوون ئەمرۆ لەیەکەم رۆژی جەژنی رەمەزاندا گەردن ئازایی لەیەکتر بکەن..! ئیتر خەڵك بەناچاری هەرلەشوێنی خۆیانو بەجلوبەرگو جەستەو رۆحی ژاهراوی بووەوە، لەسەرچەمی قەشان دەستدەکەن بەناشتنیان، کەچی هەتا ئێستا قوربانیانی ئەو تاوانە هەرلە شوێنی خۆیاندانو گۆرستانێکی شایستەیان بۆنەکراوە، مام قادریش کە بریندارێکی ئەو تاوانە بوو بەهاوکاری چەندکەسێك دەگەیەنرێتە سەروچاوەو لەوێ چارەسەرێکی سەرەتایی بۆکراوە،مام قادر لەبارەی قوربانیەکانی گۆرستانی قەشانەوە ووتی بەخوا رەنگە هێندێکیان هێشتا زیندووش ببوبن بەڵام حکومەت نەیدەهێشت بهێنرێن بۆ خەستەخانەو تەنانەت نەیهێشت تەرمەکانیشیان بنێژرین ( مێژ) مەبەست لە ئەنوەر بەگی بێتواتەیە کە ئەو کاتە سەرەك جاشو دەستڕۆیشتووی ناوچەکە بوو، بەخەڵکەکەی ووتووە هەر لەشوێنی خۆیان بیان نێژنو مەیانهێننەوە بۆ ئێرە.

پڕ سوێترین کارەساتی کیمیابارانی گوندی وەرێ حیکایەتی منداڵێکە کە باوکی بەرچەکی کیمیاوی دەکەوێو گیان لەدەست دەدات، بەڵام ئەم وادەزانێ خەوی لێکەوتووەو تابەیانی لەباوەشیدا دەخەوێ، بەداخەوە ئەنفالستانیش بۆی ڕون نەبووەوە ئاخۆ ئەو منداڵە لەژیاندا ماوە یان نا؟ تەنانەت نەمانتوانی ناویشی بزانین، ئەو منداڵە وەکو بزانێت باوکی بەزووترین کات دوامالْئاویی لێدەکات، بۆیە نایەوێت لێی جیاببێتەوە، کاتێك باوکی ( ) لەسەرجیگا کەوتووەو بەدەم ئازارەوە دەتلێتەوە، ئەو بە بەرائەتەوە هەتا دەتوانێ یاریوگاڵتەو گەپ لەگەڵ باوکە بریندارەکەی دەکات، دوای ئەوەی باوکەکە دودلۆپ خوێن لە لوتی دێتە دەرەوەو گیان لەدەست دەدات، ناهێڵن منداڵەکە پێبزانی، کەچی منداڵەکە وا دەزانێ باوکی خەوی لێکەوتووەو ئەویش لەباوەشیدا دەخەوێو لێی جیانابێتەوە، رۆژگاری دلرەق بەوەندەشەوە ناوەستێ بەڵکو هەر ئەوشەوە دایکیشی گیان لەدەست دەدات، ئیتر دوای ئەوەی پرسیاری مەلا عەزیزی بالیسان دەکەن فتوادەدات هەردوکیان بەجلی خۆیانەوە دەنێژن، ئەوەی هەرگیز ناشێت لەرووی مرۆڤایەتی ئەخلاقیەوە لەبیربچێتەوە، شینو گریانی ئەو منداڵە کەم تەمەنەیەبۆ مەرگی باوکی، کەوا خەڵکی ناوچەکەی سەرسام کردووەو هەتا ئەمرۆش دوای ٢١ ساڵ لەو تاوانە خەڵکی ناوچەکە دەماودەم دەیگێڕنەوەو لەکتێبی کیمیابارانی خۆشناوەتیشدا باسی چیرۆکی ئەم منداڵە کراوە.

قوربانی وەرێو پاداشتەکانی حکومەتی هەرێم:

ئەگەرچی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان،کە مام قادر بۆی رونەبووەتەوە کام دەزگایەی حکومەت یان حزب بووە بەلێنیان پێداون تەرمەکانیان بۆبهێنەوەو لێرە مەزارێکیان بۆبکەن، بەڵام هەتا ئێستا هەر ئەو بەلێنەبووەو هیچیان نەبینیوە.

لەراستیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ئەمرۆ هیچ رێزێکی شایستەی لەخەڵکە زیندووەکەی ئەم گوندەو هەندێك گوندی تری دۆلی بالیسان نەگرتووە، چ جای قوربانیەکانی..!؟

سەرباری ئەو قوربانیە زۆرەش وەرێ هێشتا لەبارێکی زۆر خراپدا دەژین، ئەگەرچی هەڵکەوتەی گوندەکە لەبناری چیایەکی دلرفێنو سەرکەش دایەو دیمەنێکی جوانی هەیە، لەسەرجادەی گشتی نیوان سەروچاوەو خەلیفاندایە کەچی ناقۆلایی خانوەکانیان بەهۆی هەژاری خەڵکەکەییو نەبوونی بنکەی خزمەت گوزاریو پشتگوێ خستنی لەلایەن حکومەتەوە بەتەواوی سیمای گوندەکەی شێواندووەو وێرانەیی شەردەمی ئەنفال بە زەقی پێوە دیارە، ئەو گوندە وێرای ئەوەی بەدەست بێ ئاویی یەوە پەرێشانن،هێشتا خەستەخانەی نیە،حەوزێکیان بۆ دروستکردوونو پەمپێك یان موەلیدەیەك کە مام قادر بەمەکینە ناوی دەبرد بۆ سەرخستنی ئاوە دانراوە تا لەوێوە دابەشبکرێتە سەر مالەکانی گوندەکە، بەڵام مەکینەکە کارناکتو حەوزەکەش وەکو ماڵەکان چاوەروانە ئاوی بۆ راکێشرێت، سوندەیان بۆ ماڵەکان لەو حەوزەوە راکێشاوە بەڵام خەڵکی گوند نەئاویان دیوەو نەسۆندەش ماوە، قوتابخانەکەیان هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی نیە، گوندەکەش خۆی بێ ئاویەکەی دەگەرێتەوە بۆ وشکەساڵیکەی، بە ووتەی مام قادر بیرێك چارەسەری ئاوەکەیان دەکات کەحکومەت بۆیان هەڵکەنی، بەپێی زانیاریەکانی ئەم پیرە پیاوە ١٨ مەتر هەڵکەندنی زەوی سەرو زیادێتیو لەبێ ئاوی رزگاریان دەبێت.

خۆ ئەوە کێشەی خەستەخانەش لەولاوە بوەستێ، لەو گوندەدا ئەگەرکەسێك نەخۆش بێت پێویستە ببرێتە ئۆردوگای" شکارتە" بۆ چارە سەرکردن، ئەمە جگەلەوەی لەبەر ئەوەی وەرێ خوێندنگەی ناوەندی تێدانیە لەدوای برینی قۆناغی سەرەتاییەوە منداڵان دەست بەرداری خۆێندن دەبن، چونکە هەموویان هەژارنو ناتوانن بچنە شکارتەو میرگەسۆر.

---

*

[٢١] ئەو نیشانانەی گوندنشینەکان دەیگێڕنەوە بە شێوەیەکی گشتی لە گەڵ کاریگەرێتی گازی خەردەلدا دەگونجێ. ئەگەرچی باسی ئەوە هەیە کەوا هەندێ لە قوربانییان کە دەسبەجێ مردوون پێدەچێت بە هۆی بەکارهێنانی دەمارە گازیشەوە بووبێت، چونکە گازی خەردەل، با زۆر خەستیش بێت وا زوو کوشندە نیە تا لایکەمەکەی نیو سەعاتی بە سەردا تێنەپەرێت. بڕوانە پزیشکانی مافی مرۆڤ: بای مەرگ

.P H R,Winds of Death

[٢٢] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، ١٦ ی مارتی ١٩٩٣.

## قەیسەر رەحمان:

# هەردوو وڵاتی سویسراو ئەڵمانیا بانگهێشتی بیستەمین ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەیانکردین

بۆ ڕێزگرتن لە بیستەمین ساڵیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٣/٤ حکومەتی سویسرا و ئەڵمانیا، ڕەسمی بانگهێشتی هەریەك لە بەڕێز فلاح مرادخان بەڕێوەبەری ڕێکخراوی وادی ئەلمانی ئۆفیسی سلێمانیو شلێر کامیل و قیصر رحمن ئەندامانی ئو ڕێکخراوەی کرد. بەرەو ئەوروپا بەڕێکەوتن .

لەبارەی سەردانەکەیان بۆ هەریەك لە وڵاتانی سویسراو ئەلمانیا بەڕێز قەیسەر رەحمن، وەکو نوێنەری رادیوی دەنگی نوێ لەهەڵەبجە، بەم شێوەیە بۆ ساڵنامەی ئەنفالستان داو:

ئامانجی ڕۆشتنەکەمان : باسکردنی کارەساتی کیمیاباران و ئەنفال بوو، لەدوای بیست ساڵ بەسەر ئەوتاوانانەدا، ئەوەی بۆ هەردوو حکومەت گرنگ بوو ئەوەبوو کەوا لەزاری کەسانێك قسەوەربگرن، کە خۆیان بەرکەوتووی ئەو چەکە قەدەغەکراوانەن کە رژێمی عێراق لەدژی خەڵکی کوردستان بەکاری هێنان، یان رزگاربووی کیمیاباران و ئەنفالن ، هەروەها قسەکردن دەربارەی ژیانی ئێستای خەڵکی لەو ناوچەیەدا بە تایبەتی ژنان ولاوان ، کە بانگهێشتکراوان تائێستاش لەگەڵ کێشەوگرتەکانیاندا دەژین .

ڕۆژی ٣/ ١١ کاتژمێر (١١) یەکەم دانیشتنمان لەگەڵ کۆمەڵێك ڕێکخراوی سویسری بوو لە شاری (Bern ) لەو دانیشتنەدا (خەمان زرار )ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیش ئامادەبوو . گفتوگۆکانمان لەو یدا بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێچوون:

- خەمان زرار : قسەی لەسەر ئەوپرۆژانەکرد، کەهەتا ئێستا لە هەڵەبجەدا ئەنجامدراون .

- شلێر کامیل: دەربارەی کارێگەریەکانی ئەنفال لەناوچەی گەرمیان .

- فلاح مرادخان : کارەساتی هەڵەبجەو بەگشتی ژیانی ئێستای خەڵکی هەڵەبجە .

- قیصر رحمن : کارەساتی هەڵەبجە و بارودۆخی ئێستای گەنجان .

لە هەمان ڕۆژدا ڕۆشتین بۆ شاری ( Luzern ) بۆ پیشاندانی فیلمی (مشتێك لە خۆڵەکەوە) دەربارەی خەتەنەکردنی کچانلەکوردستانوقسەکردن لەگەڵ ئامادەبواندا لەلایەن فلاح مرادخان و شلێر کامیل دا .

ڕۆژی ٣/١٢ سەرلەبەیانی( قیصر رحمن) بانگهێشتی رادیۆی (Rabe) کرا بۆ چاوپێکەوتن لەبەرنامەیەك دا سەبارەت بەبیست ساڵ تێپەربوون بەسەر کارەساتی هەڵبجەداو ژیانی ئێستای گەنجان،وە بەرنامە و ئامانجەکانی رادیۆی دەنگی نوێ لەهەڵەبجە .

کاتژمێر یەکی هەمان ڕۆژ لەپەرلەمانی سویسرا لەشاری (Bern ) ئامادەی کۆبونەوەکە بووین کەتایبەت بوو بەکارەساتی هەڵەبجە، بەڵام لەلایەن ئەو پەرلەمانەوە بەجدی وەرنەگیراین لەبەرئەوە ئێمەش هیچ قسەمان نەکرد .بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ (Dr.stephan robinson) شارەزا لە چەکی کیمیایی کۆبوینەوە سەبارەت بە کارەساتی هەڵەبجە قسەمان لەگەڵ کرد.

لە هەمان ڕۆژداو کاتژمێر (٤) ئێوارە کۆڕێکمان بۆسازکرا،کەخەڵکێکی زۆر ئامادەبوون بابەتەکان تایبەت بوون بە کاریگەری چەکی کیمیاییو کارەساتی هەڵەبجەوئەنفالو ژیانی ئێستای خەڵکی هەڵەبجە .کەدوو کاتژمێری خایاند .ڕۆژی ٣/١٣ کاتژمێر (٥) ی ئێوارە لەپەرلەمانی ئەلمانییا لەشاری بەرلین کۆبونەوەیەکی تایبەت بەبیست ساڵەی کارەساتی هەڵبجە سازدرا لەم کۆبونەوەیەدا (٧) کەس قسەیان کرد لەوانە : (Claudia roth) سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانی . (ئەحمد بەرواری ) نوێنەری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لەئەڵمانیا .(Prof . Dr. Gerhard freilinger) پرۆفیسۆر لە نەخۆشەکانی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی (کاوە ئەمین محمد ) بەرکەوتوی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە . ( winfried nachtwei) ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا وئەندامی پارتی سەوزی ئەڵمانی . (قیصررحمن ) رزگاربوو لە کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە . ( منیرە بەکر سۆفی شەریف ) شایەتحاڵی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە.

لەم کۆبونەوەیەدا من باسم لە هەموو ئەوکارەساتە یەك لەدوای یەکانە کرد کەبەسەر شاری هەڵبجەدا هاتوون، ژیانی تایبەتی خۆم و رزگاربوونم لەچەکی کیمیایی، ژیانی ئێستای خەڵکی لەهەڵبجە بەتایبەتی لاوان . هەروەها لەکۆبونەوەکەدا (Ralf Zimmermann ) کوڕی خاوەنی کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بووە کەمادەی کیمیاییان دروست کردووە ،داوای لێبوردن بەنوسین و چەند بەڵگەنامەیەکی پێدا لە سەرشوێنی کۆمپانیاکەو چۆنیەتی فرۆشتنی بەکۆمپانیاکانی تر،لەسەر وەسیەتی باوکی خەڵکی هەڵەبجەی لێ ئاگاداربکەمەوە .ڕۆژی ٣/١٥ کۆبونەوەیەکمان بۆ ڕێکخرا کە ئەویش تایبەت بوو بەبیستەمین ساڵیادی کیمیابارانی هەڵبجە .( Dr. Joost R. Hiltermann ) نوسەری گەورە (یوست هێلتەرمان) لەوکۆبونەوەیەدا ئامادەبوو قسەی کرد ،کەکتێبێکی تایبەتی سەبارەت بە کارەساتی هەڵەبجە نوسیوە .

-شلێر کامیل : دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە لەو کاتەداو لەدەرەوەی هەڵەبجە .

-فلاح مرادخان : تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر کیمیابارانی هەڵبجەو ژیانی ئێستای خەڵکی هەڵەبجە .

-قیصر رحمن : کیمیابارانی هەڵەبجە و بارودۆخی ئێستای گەنجان لە شارەکەدا

-ڕۆژی ٣/١٩ سەردانی رادیۆی ( multikulti.rbb ) لە بەرلین کەبە(١٧)زمان پەخش دەکات .

ڕۆژی ٣/٢٢ گەڕاینەوە .



# لەدوای روخانی رژێمی بەعسو گۆڕانی (٥) کابینەی حکومەتی هەرێم، دۆڵی مەلەکان هێشتا بەسوێی برینی ئەنفالو کیمیابارانکردنیەوە دەناڵێنێ

ئەنفالستان

بەدرێژایی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان، بەحوکمی هەڵکەوتەی جوگرافیو سەختی ناوچەکەیان، دۆڵی مەلەکان جێگەی حەوانەوەی بنکەوبارەگای هێزی پێشمەرگە بووە، گوندنشینەکانی ئەم دۆڵە سەرباری سەختی گوزەرانیان زیاتر لەهەر ناوچەیەکی تری نزیك شارەکان، ئەرکی نان دانو داڵدەی پێشمەرگەشیان کەوتووەتە ئەستۆ، هەرلەبەر ئەم هۆیەش بووە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق زیاتر گوشاری سەربازیان خستووەتە سەر ناوچەکەو هەوڵی کۆنترۆڵ کردنیان داوە، دەستیان لەتاوانی دژی مرۆڤایەتیو کۆمەڵکوژی نەپاراستووەو تاوانی گەورەیان دژی خەڵکی مەدەنی ئەنجامداوە، هەر حکومەتێك دەسەلاتی بەدەستەوە گرتبێ لەبری ئەوەی بیر لەچارەسەری تەندروستی کێشەی سیاسی گەلی کوردستان بکاتەوە، هێزی بەکارهێناوەو ئەوەی لەبەردەستیدا بووبێ لەتەکنەلۆژیای سەربازی خستوویەتیە گەڕ بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوە سیاسیەکانی گەلی کوردستان.

لەکاتی هەڵایسانەوەی شەڕۆشۆڕیشدا هەمیشە خەڵکی مەدەنی بەپلەی یەکەم تیایدا بوونە قوربانیو باجی قورسی کوردبوونو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیانداوە، گوندەکانی دۆڵی مەلەکان، نەك هەر لەم توندوتیژیەی حکومەت بەدەرنەبوون، بەڵکو بەشی شێریان لە قوربانیدان بەرکەوتووە، کەچی لەبژاردنەوەی زەرەرو زیانەکانیشیاندا کەوتوونەتە دوای دواوە، لەوەش ئەستەمتر راگەیاندنی کوردیش چ لەسەردەمی شاخو چ لەسەردەمی شاردا، لە ناوهێنانی قوربانیەکانیشیاندا کەم تەرخەمیانکردووە، ئەمە جگەلەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وێرای زانیاری لەبارەی کیمیابارانکردنو ئەنفالکردنی ناوچەکەو قوربانیە زۆرەکەشیان، هێشتا هیچ بایەخێکی با ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەیان نەداوەو تا ئاستی مەرگی لەسەرخۆ پەراوێزی خستوون..!




دۆڵی مەلەکان لەبەرئەوەی ناچەکەیان شاخاویو سەختوعاسێیە، بۆیە زیاتر بۆ ئاژەڵداری دەست دەدات، تاکشتوکاڵ، گوندنشینەکان خەسڵەتێکی ئاشتی خوازانەیان هەیەو بەخەڵکێکی لاشەڕ ناسراون، بەشێوەیەکی گشتی گوندەکانیان هەژارنشینو کەم دەرامەتن، رێگەوبانیان سەختو نالەبارەو ژیان بەزەحمەت تیایدا دەگوزەرێ بەو حاڵە شەوە خەڵکی گوندەکانی دۆڵی مەلەکان میواندۆستنو هەمیشە پشتوپەنای هێزی پێشمەرگە بوون لەحەوانەوەو داڵدەدانیان، بەتایبەتی ئەوکاتانەی هێشتا هیزی پێشمەرگە توانای کردنەوەی بنکەو بارەگای ئاشکرایان نەبووبێ، حکومەتی بەعس لەسالا نی هەشتاکانداو لەگەڵ گەشە سەندنی هێزی پێشمەرگەو شکستی هێزەکانی بەعسدا لەبەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگەدا تۆڵەی لەو خەڵکە مەدەنیە بێگوناهە دەکردەوە، کیمیابارانی هەردو گوندی بلیسانو شێخ وەسان، لەدۆڵی بالیسانو "گۆپتەپەو عەسکەر" لەناوچەی ئاغجەلەرو قەڵاسێوکەو "سێوسێنان" لە قەرەداغو (سەرکانیو بلەی سەرو بلەی خوارو ) لە دۆڵی مەلەکان بەتایبەتیو کیمیابارانکردنی گوندو شارەکانی تریش بەگشتی لەتۆڵەی چەند شکستێکی سەربازی بوو کەبەعسیەکان خواردبوویان. بەشێوەیەکی تر بلێین سەرکەوتنی شەرێکی پێشمەرگەو شکستی بەعس دەبوایە خەڵکی مەدەنی باجەکەی بدەن، کەچی ئەمرۆ پەراوێزخراوترین گوندو ناحیەو شارۆچکە ئەوشوێنانەن کە قوربانی زۆریان بەچەکی کیمیاوی داوە، شاری هەڵەبجە لەناو شارەکانی کوردستان بریندارترینو هەژارترین شاری کوردستانە، لەناوچەی قەڵاسێوکەش گوندی عەسکەر کەئەنفالوکیمیاباران رۆحی کێشا هەژارترین گوندی ناوچەکەیەو لەقەرەداغیش سێوسێنان وێرای بەناحێ کردنیشی هەروا بەئاستەم هەناسە دەداولە دۆڵی بالیسانیش شێخ وەسانان لەهەموویان پەراوێز کەوتووترە، بەلام لەچاو هەموویاندا دۆڵی مەلەکان وێرای قوربانیەکی زۆریش دەتوانین بلێن هێشتا ئاوەدان نەکراوەتەوە.

کارەساتی دۆڵی مەلەکان:

ساڵی ١٩٨٧ دومانگو سێ رۆژ دوای کیمیا بارانکردنی هەردو گوندی بالیسانو شێخ وەسان، دۆڵی مەلەکانیش بەسەختی کەوتنە بەرپەلاماری وەحشیانەی پیاوانی بەعس، رۆژی ١٩/٦/ ١٩٨٧ فرۆکە جەنگیەکانی

بەعس بەچاودێری نوسینگەی ڕێکخستنی باکور کەعەلی حسەن مەجید سەرپەرشتی راستەوخۆی دەکرد، لەسەرلەبەیانیەکی زوودا لەنیوان کاتژمێر (٧- ٨) دا هەشت ی بەیانی ٨ فرۆکەی جەنگی دەچنە سەر ئاسمانی ناوچەکەو بەسەختی بۆمبارانی گوندەکانی دۆڵی مەلەکانیان کرد، لەو پەلامارە درندانەیەدا فرۆکەوانە بەعسیەکان بە بۆمبی (عنقودی) هێشوی‌و بۆمبی کیمیاوی کەوتنە وێزەی خەڵکی مەدنی‌و ئەو گوندنشینە هەژارانەی جگە لەکوردبوون‌و بەرائەت هیچ تاوانێکی تریان نەبوو، خەڵکانێکی سادەو ساکاربوون‌و هەرگیز ڕقیان نەدەناسی‌و زیانیان بۆکەس نەبوو، کەچی بەو بۆمبارانە کۆمەڵکوژکران‌و زۆریان گیانیان لەدەستداو هەندێکیشیان بریندار‌بوون.

خەڵکی گوندەکانی دۆڵی مەلەکان بە بۆمبارانی ڕۆژانەی ڕژێم راهاتبوون‌و خەریکی بەڕێکردنی ژیانی سادەو ساکاری خۆیان بوون، تەنانەت لەبەردوری لەشاروسەختی ناوچەکەشیان، نەئاگایان لەپێشرەوی هێزەکانی لەشکری ئیسلامی ئێران‌و نەئاگایان لەشکست‌وسەکەوتنی هیزەکانی حکومەتی عێراق بوو، ئەوەی دڵیان پێی خۆش بوو، ئەو چالاکیانە بوو کەرۆژانە لەئێزگەیەکی ناوچەیی یان لەزاری پێشمەرگەوە دەیانبیست، لەوەها حاڵێکدا بوو کەبەگازی کیمیاوی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەچەکی کیمیاوی بریندار‌وکۆمەڵکوژ کران..!

خەڵکی ئەم ناوچەیەش کە ڕۆژانە دەکەوتنە بەر بۆمبارانی تۆپی دور هاوێژو ڕۆکێت‌و بۆمبی فرۆکە لەبۆمبارانی ڕۆژی ٦/١٩/ ١٩٨٧ دا روبەرووی نامۆیی بوونەوە، چونکە نەدەنگی بۆمبەکان وەکو هی ڕۆژانی تر بەگرمەونالەو جارزکەر بوو، نەبۆن‌و دوکەڵیشیان وەکو بۆمبەکانی پێشوتر بوو، بەپێچەوانەوە بۆمبەکان بێدەنگ‌و هەروا تلپەیەکی هاکەزایی‌و دوکەڵیشیان رەش نەبوو بەڵکو دوکەڵێکی سپی‌و خەستیان لێدەهاتە دەرەوەو بۆنیان غەریب بوو، بەمەش خەڵکەکە هەستیانکرد کیمیاوی لەدژیان بەکارهێنراوە تازە هەرچۆنێك بووە، کارەساتەکە رویداو دۆڵی مەلەکان لێیان قەوما.

دوای کارەسات:

دوای ئەوەی تاوانەکە ئەنجامدراو خەڵکەکە شڵەژان خۆبەخۆ بوونە سێ بەشەوە، بەشێکیان نەیاندەویست بگەڕێنەوە بۆلای حکومەتی بەعس بۆ چارەسەر چونکە ئەوان پێشتر زانیبویان برینداڕەکانی شێخ وەسان‌و بالیسانیان بەچ دەردێك بردووە، لەبەر ئەوە زۆربەی هەرەزۆری برینداڕەکان بەچیای سەختی قەندیلدا بەرەو ئێران بەپشتی گوێدرێژو هێسترو بارگیرو وڵاخی بەرزە دەستیانکرد بەگواستنەوەی برینداڕەکان‌و بەزەحمەتێکی زۆر بەهیوای چارەسەر بران بەرەو ئێران، لەبەر سەختی برینەکانیان هەندێکیان هەرلەرێگا گیانیان لەدەستداو هەرگیز چارەسەریان نەبینی‌و هەندێکیشیان دوای ئەوەی برانە خەستەخانەکانی تەبرێزو چارەسەریان بۆکرا، بەرەو باشتر چوون‌و چەند کەسێکیشیان گەیەنرانە ئیتالیا، ئەوانەشی نەڕۆیشتن هەرلەخەستەخانەکەی شۆرش کە لەئەشکەوتێکدا بوو بەناوی ئەشکەوتی حاجی شەریف لەدۆڵی مەلەکان چارەسەریان بۆکرا.

برینداڕانی دۆڵی مەلەکان گەیشتنە،ئیتالیاو چەند کەسێکیان لەغەریبی مردن:

لەو برینداڕانەی بەچەکی کیمیاوی لە دۆڵی مەلەکان بەرکەوتن دوای ئەوەی لە ڕێگای سەخت‌و دژواری شاخی سێۆك‌و کاروخدا گەیەنرانە نەخۆشخانەکانی ئێران، دواتر بەرەو وڵاتی ئیتالیا بەڕێیانخستن بەو ئومێدەی چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە، بەڵام کاریگەری چەکی کیمیاوی عێراقی زۆر بوو بەسەریانەوە لەوێش نەتوانرا چارەسەر بکرێن وەکو کورد دەڵێت : بەردێك نەزان بیهاوێتە گۆمەوە بەهەزار مەلەوان نادۆزرێتەوە) ئەمە لەسەدەی رابوردودا تەواو لە ئێمەی کورد قەومابوو، عێراقیش بەدەست کەمینەیەکی کەم لەسەرکردەی گەمژەو نەفامەوە گیری خواردبوو، لەبری ئەوەی سەروەت‌و سامانی دەوڵەمەندی عێراق لە تەکنەلۆژیای پێشخستن‌و گەشەی هاوڵاتیاندا بەخەرج بدات، پارەو پولێکی زۆری خەرج دەکرد لەپێناوی وێرانکردنی نیشتمان‌و کوشتن‌و چەواشەکردنی هاوڵاتیانی عێراقیدا،لەکاتێکدا چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەرگیز ئەوەندە سەروەت‌و سامانی عێراقی نەدەویست کە ڕژێمی عێراق لەبەرانبەر سەرکوتکردنیدا خەرجی دەکرد.

بەشی سێهەمیشیان کەمترین ژمارەی خەڵك بوون بەدزی حکومەتەوە خۆیان گەیاندبووە خەلیفان‌و شاری رانیە، هەم بەنیازی چارەسەری برینەکانیان‌و هەم بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە.

لەوپەلامارە کیمیاویەدا بۆسەر دۆڵی مەلەکان بەلای کەمەوە ٢٤ کەس بوونە قوربانی، ١٤ کەسیان گیانیان لەدەستداوەو ١٠ کەسیشیان برینداربوون‌و هەندێك لەبرینداڕەکان هەتا ئێستا لە ژیاندامان‌و بەدەم ئازارێکی زۆرەوە دەتلێنەوەو حکومەتی هەرێمیش بەتەواوی پەراوێزی خستون‌و تازە بۆرە بەڵێنێکیان پێداون کە چەند برینداڕێکیان ناونوسکردووە بیانبەن بۆچارەسەر، بەڵام ئەوەی مایەی کارەساتە بەڵێنەکانی حکومەتی هەرێم جێگەی متمانە نین، بەتایبەتی بۆ برینداڕانی کیمیاباران‌و کێشەو گرفتەکانی کەسوکاری ئەنفال.

ماوەتەوە بڵێن کەوا گوندەکانی ئەم دۆڵە کیمیابارانی ڕۆژی ١٩٨٧/٦/١٩ تەنها گورزو دوا گورزی کەمەرشکێن نەبوو بەریان بکەوێ، بەڵکو پەلامارەکانی ئەنفالیش گورزی کوشندەی لێدان‌و قەوارەی تاوانەکانی بەعس لەسەر خەڵکی دۆڵی مەلەکان گەورەتربوو، چونکە لەوپەلامارە نەگریسەشدا ٣٣ کەسیان ئەنفالکران‌و جارێکی تر نەبینراوە. کەچی بەو حاڵەشەوە ئەم ناوچەیە وەکو بلێی لەنەخشەی کوردستانیشدا سرابێتەوە، لەدوای ٥ کابینەی حکومەتی هەرێم‌و ٢١ ساڵ بەسەر تێپەرینی ئەوتاوانانەدا، هێشتا هیچ دەستێکی ئاوەدانی نەگەیشتووەتە ئەوخەڵکە غەدرلێکراوەی دۆڵی مەلەکان، هەرهیچ نەبێت بۆ ئەوەی بزانن هاوڵاتین..!!

سەرچاوەکانی ئەم باسە

١- گەشتێکی مەیدانی خۆم بۆ دۆڵی بالیسان لەگەڵ تیمێکی وادی ئەڵمانی.

٢- کتێبی کیمیاباران لە خۆشناوەتیدا کە ئامادەکارانی چەند رۆشنبیرێکی خەڵکی ناوچەکەن.

٣- کاك عومەر فەقی ئەنجومەنی گوندی شێخ وەسان ، لەراستیدا قسەوباسێکی زۆری لەبارەی کیمیابارانی دۆڵی مەلەکان‌و برینداڕان‌و قوربانیەکان بۆ کردین.

کتێبی جینۆساید لەعێراق‌و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد. ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ – چاپی کوردی- بەرگی دووەم - وەرگێرانی محمد حمە صالح توفيق.

# شەوانی نوگرەسەلمان و شایەتحاڵەکانی بلەی ژێری:
# ئێستاش ژیان بۆ ئێمە هەر نوگرەسەلمانە چ لە ئازادی بکەین ؟!

ئا: بەرزان شەلال | فەیسەڵ قادر



گوندی بلەی ژێری دەکەوێتە دۆڵی مەلەکان، سەربەناحیەی خەلیفان و قـەزای سۆران لـەسنوری پـارێزگـای هـەولـێر ئـەم گوندە دەکـەوێـتە نـێوان دوو زنجیرە شاخـانـەوەو شوێنێکی دڵگیرە، دۆڵی مەلەکان خاوەنی ئاوو هەوایەکی سازگارو دارستانێکی چرە، وەرزی زستان بەفرێکی زۆری لێ دەبارێ خەڵکەکەی خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵدارین. ئەم ناوچەیە هەمیشە لانـکەی شـۆڕشـو کـوردایـەتـی بـوە، وە جێگـەی حـەوانـەوەی سـەرجـەم لایەنە سیاسیەکان بووە. لە سەردەمی شۆڕشیشدا ئەم دۆڵە نەخۆشخانەی شۆڕشی لێ بووە. لەکاتی هێرشەکانی بەعس بۆ ناوچەکە خەڵکی بلەی خواروش بەناچاری گوندەکەیان جێ هێشتووە لەنزیك شارۆچکەی خەلیفان گیرساونەتەوە، کاتێك پەلامارەکانی ئەنفال دەستیان پێ کرد. لە (١٩٨٨/٥/١) ئەوانیش بەر ئەم شاڵاوە کەوتن و ژن ومنداڵ و پیرو گەنجیان دەستیان بەسەردا دەگیرێت ودەگوازرێنەو بۆ بەندیخانەکانی رژێم کە ژمـارەیـان زیاتر لە (٣٠) خێزان دەبـوو. سەرەتا دەیانبەن بۆ ئەمنی هەولێرو پاشان بۆ ( کەرکوك-تۆبزاوا) لەوێ ژن ومنداڵ وپیرەکان لەیەکتر جیادەکەنەوەو بەسەر (٣) بەندیخانەدا دابەش دەکرێن.. تۆپزاوا، دوبز، نوگرەسەلمان. تا ئێستاش زیاتر لە (٤٠) کەسیان بێ سەرو شوێنەو کۆمەڵێکیشیان بەهۆی بڕیارێکی رژێمەوە ئازاد دەکرێن کەبەپێویستمان زانی لە نزیکەوە بیان دوێنین و ئەوانیش بەم شێوەیە بەسەرهاتی خۆیانیان بۆ گێڕاینەوە:

عبداللە قادر حمدامین : ئێمەی خەڵکی بلەی ژێری لە ترسی تۆپ باران و هێرشی فڕۆکەکانی صدامی گۆڕ بە گۆڕ ناچار بووین گوندەکەمان بەجێ بهێڵن و ماڵومنداڵمان پێچایەوەو کۆچمان کرد بۆ (گرد کەروێشك) واتە کارگەی قیری خەلیفان. لەوێ بۆماوەی یەك شەو نیشتەجێ بووین ئیدی سەربازو جاشو ئەمنەکانی رژێمی صـدام چـوار دەوریـان گرتینوخێزانەکانیان کۆکردینەوە کە نزیکەی (٣٠) خێزان دەبووین ئێمەیان بەئیڤاو ئۆتۆمبیلی سەربازی گواستەوە بۆ( قەلآی سپیلك) کە سەربازگەیەکی گەورەی رژێـم بـوو. لـەوێ کۆمەڵێك خەڵکی بێتاوان ژن و منداڵ پیرو پەککەوتە ماوەی (٤) شەوو رۆژ لـەوێ ماینەوە، دواتـر وێنەیان گرتینو ناونوسیان کردینو رەوانـەی ئەمنی هەولێر کراین. دوای (٩) رۆژ لەهەولێر گواسترainەوە بۆ کەرکوك-تۆپزاوا لە بەندیخانەی تۆپزاوا ئـێـمـەیـان کـرد بـە چـەنـد بـەشـێـك پـیرو پەککەوتەکان بەجیا، گەنجەکانو تەمەن مام ناوەندەکان بەجیا ژن ومنداڵیش بەجیا. بەم شێوەیە ئێمە لەیەکتر جیاکراینەوە دواتر من و چەند کەسێکی تری پەککەوتە گواستراینەوە بۆ (نوگرە سەلمان) ئەو شوێنەی کە رۆژی روناکی ئێمەی کردبوە شەوی تاریك. ئێمە (١٦) کەس خەڵکی بلەی ژێری بووین (٨) پیاوو (٨) ژن بەڵام گەنجەکانو ژنو منداڵەکانم نەدیتنەوە، ئەوان لە تۆپزاوا لەئێمە جیاکرانەوەو دابران. من مـاوەی (٧٠) رۆژ لەنوگرە سەلمان مامەوە ..رۆژانـە ئـازارم دەچێشت چونکە کورێکم بـەنـاوی(زاهـیر عبداللە قـادر) و نـەوەکانم و خـوارزاکـانم و چەند خزمێکی تریشم کە گەنج بوون هەتا ئێستاش بێ سەرو شوێنن.. ژیـان لەنوگرە سەلمان وەك دۆزەخ وابـوو بۆ گەلی کـورد، خەڵکی زۆر دەمـردن چونکە نە خـوارن هەبوو نە دکتۆر هەبوو چارەسەری نەخۆشەکان بکا، خـواردنـی شـەوو رۆژێـك تەنها (٢) سەموونی رەق بـوو ، ژوورەکـانـی پڕبوو لەتەپوتۆز چەند پەنجەرەیەکی بچوکی تێدابوو داخرابوون بەهیچ شێوەیەك تیشکی خۆری لێ نەدەدا. من سەرجەم کورو خزمەکانم کەزیاتر لە(١٠) کەس دەبن شوێن بزر کراNو

تائێستاش نازانم لەکام بیابانی چۆڵوهۆڵ زیندە بەچاڵ کران... لەنوگرە سەلمان جۆرەها خەڵکت دەبینی، پێش ئەوەی ئێمە ئازاد بکرێین خەڵکێکی زۆری شاری هەڵەبجەو گەرمیانیان گواستەوە وابزانم شوێن بزرکران. دواتر ئێمە زیاتر لە(٦٠٠) پیرو پەککەوتە لە پیاوو ژن بەبڕیارێکی صدام ئازاد کراین و گواسترااینەوە بۆ کەرکوك دواتر بۆ چەمچەماڵو لەوێشەوە بردیانین بۆ سلێمانی بەم شێوەیە ئێمە ئازاد کراین، بەڵام کەهاتینەوە هیچمان نەمابوو، کوڕو نەوەو خزمەکانمان بێ سەرو شوێن کرابوون‌وماڵو سامانمان بەتاڵان برابوون.

حلیمه حمد خدر: ئەوکاتەی بەعسیەکان بەردەوام گوندەکەمانیان تۆپباران دەکردو فڕۆکەکان بەئاسمانی گوندەکەماندا دەسوڕانەوەو بۆمب بارانی دەکردین بۆیە بڕیارماندا گوندەکەمان چۆڵبکەین تێکڕا پێکەوە کۆچمان کرد بۆ گرد کەروێشك لە نزیك خەلیفان. مەڕومالاتمان لەگەڵ خۆماندابرد دوای شەوێك سەربازو جاش دەوریان داین و ئێمەیان گواستەوە بۆ سەربازگەی سپیلك، مەڕومالاتەکانیشیان بەتاڵان بردین... گوتمان بۆکوێمان دەبەن؟.. یەکێك لە سەربازەکان گوتی حکومەت بەتەمایە خانووتان بداتێ و لەشوێنێکی باشتر لە گوندەکەی خۆتان نیشتەجێتان بکات. ماوەی (٤) شەوو ڕۆژ ماینەوە دواتر بردیانین بۆ ئەمنی هەولێر، ماوەی (٩) ڕۆژ لەوێش ماینەوە ژیانمان زۆر خراپ بوو، چونکە هیچ شتێکمان پێ نەبوو، بەردەوام منداڵەکان لەبرسان‌و تینویەتیدا دەگریان. لێدان‌و ئازارو جنێودان بەردەوام بوو، ژوورەکان زۆر تەسك و ناخۆش بوون پڕبوون لە ژن و منداڵو پیرو گەنج. دوای ئەم (٩) ڕۆژە ئێمەی خێزانەکانی گەندی بلەی ژێری هەرخێزانەو بەجیا ناونوسکراینەوەو ئەوانەی پیاویان لەگەڵدابوو سواری کۆستەری پەردەپۆش دەکران و دەیانبردن. ئێمە (١٠) ژن دەبووین پیاومان لەگەڵدا نەبوو تەنیا منداڵمان پێ بوو گواسترااینەوە بۆ کەرکوك-تۆپزاوا لەوێ پیرو ژن و منداڵ و گەنجەکانیان لەیەکتر جیاکردەوە. ئێمەش ژن‌و منداڵ هەندێکمان گواسترااینەوە بۆ بەندیخانەی دووبز کە (٨) مانگ لەوێ زیندانی کراین. چەند ژنێك بووین منداڵەکانیشمان لەگەڵدابوو بەڵام نەمان دەزانی پیرو گەنجەکانیان بۆکوێ بردن. لەبەندیخانەی دووبز ژیان مەرگەسات بوو، چەند ژنێك لەگەڵ ئێمەدابوون سك پڕ بوون و لەوێ منداڵەکانیان لەدایك دەبوون، زۆرجار منداڵەکە دەبوو دەمرد نەماندەزانی چی بکەین، لەناو لەچك یان بەتانیمان دەهاویشتو ئەمنەکانیش دەهاتن بە عەرەبانەی دەست دەیان بردە دەرێ نازانم فڕێیان دەدا یان دەیان خستە ژێر گڵ.

بەراستی سەرەڕای مردن بۆنی ناو هۆڵەکە هەراسانی دەکردی، بەندیخانەی دووبز ژن و منداڵێکی زۆری تێدابوو. لەبەرامبەر هۆڵەکەی ئێمە چەندەها خێزانی لێ بوو شەوان دەبوو بەهاتوو هاوارو گریان بەڵام کەس نەیدەوێرا قسە لەگەڵ کەس بکاتو بچێت بەلای کەسەوە. شەوێك هەر لەو هۆڵەی بەرامبەرمان بووە قیژەو هاتوو هاوار منیش بەدزیەوە پرسیارم کرد ئەوان خەڵکی گەرمیان و ناوچەکانی سلێمانی بوون.. ژنێك پێ ی گوتم ئەمشەو (٥) کچیان بردن ئێستاش نەیان هێناونەتەوەو شوێن بزر کراوون. ڕۆژێك ئەمنەکان هاتن ئێمەیان گواستەوە بۆ کەرکوك،لەوێش بۆ چەمچەماڵو ئینجا هێنایانینەوە بۆ سلێمانی‌و لەوێ ئازاد کراین.

صبریه عبدالله قادر :

پاش ئەوەی کەپێشمەرگەکان بارەگای خۆیان پێچایەوەو ڕۆیشتن بۆ سەر سنوورەکان، ئێمەی خەڵکی بلەش هەستمانکرد کە شتێك لە ئارادایە بۆیە مەڕومالاتو ئەو کەلو پەلانەی کە هەمان بوو گواستمانەوە بۆ گرد کەروێشك لە چوار ڕیانی خەلیفان. لەوێ چەند خێزانێك بووین لەو دەشتە هەڵماندابوو، دواتر بەعسیەکان لەوێ دەوریان داینو گواستیانینەوە بۆ سەربازگەی سپیلك مەڕومالاتەکانیشیان بەتاڵان بردین. لوێ دوای وێنە گرتن گواستیانیەوە بۆ ئەمنی هەولێر، من (٣) منداڵم پێ بوو تەنیا کچەکەم تۆزێك گەورەبوو کوڕەکانم ڕابەرو فاخیر هەردووکیان منداڵبوون یەکێکیان شیرە خۆرە بوو کچەکەم پەیمان تەمەنی نزیکەی (١٤) ساڵان دەبوو. منداڵەکانم بەردەوام دەگریان،جانتایەکم پێ بوو مەمەو شیری منداڵە ساواکەی تێدابوو لەگەڵ هەندێك زێروشتی خۆم لەئەمنی هەولێر لێیان ستاندم. چەندی پاڕامەوە هیچ دادی نەبوو، بەخوا ئەویشیان برد. لەوێ سواری سەیارەی گەورە گەورەیان کردین گواستیانینەوە بۆ کەرکوك-تۆبزاوا لەوێ گەنج‌و پیرەکانیان لێك جیاکردەوە ئێمەی ژن‌و منداڵەکانیان بردینە دووبز . لەوێ (٨) مانگ ماینەوە ئەوەی منی هەراسانکردبوو مەسەلەی شەرەفو نامووس بوو چونکە زۆر جار ئەمنەکان لەخوار ئێمەوە بەناو ژنەکان دەکەوتن و شەوانە کچەکانیان دەبردن، منیش زۆر دەترسام شەوێك کچەکەی منیش ببەن بۆیە چەقۆیەکی بەکلیلی ئێرانیم پێ بوو وام دانابوو ئەگەر ناوی پەیمانی کچم بخویننەوە یەکسەر کچەکەم بەچەقۆکە بکوژم‌و دواتر ئەمنەکەو خۆشم بکوژم. هەتا ڕۆژێك ئەمنەکان هاتن ناوی چوار پێنج کچیان خوێندەوە من یەکسەر خۆم ئامادەکرد بەڵام دوای ناو خوێندنەوە حەرەسێك هات پیاوێکی پیربوو بەکوردی قسەی دەکرد منیش گوتم بۆ کوێیان دەبەن گوتی: دایکم هەر لێرە قاعەیەك هەیە دەبێ خاوێنی بکەنەوە، چونکە لەوانەیە ئەمشەو خەڵکی تر بێن. دیار بوو حەرەسەکە ڕاستی کرد دەنا من پەیمانی کچم بەچەقۆ دەکوشت. بەراستی ژیان لەوێ هەمووی مەرگەسات‌و ناخۆشی بوو ئێمە چەند ژنێك بووین شەوانە لەترسی ئابڕو ناموس بەنۆرە چاوەدێری یەکترمان دەکرد. چاودێرەکان دووسێ کەسیان کوردبوون بەکوردی قسەیان دەکرد لەگەڵ ئێمە زۆر باش بوون، بەڵام ئەمنە عەرەبەکان کەبالا دەست بوون بە ئارەزووی خۆیان چیان خەز لێبایە دەیانکرد، زۆرجار دەهاتن بە قامچی و کیبڵلێیان دەداین.

له منداڵەكانیشیان دەدا زۆر جار ئەو ژنانەی منداڵیان دەبوو ئەمنەكان دەهاتن منداڵەكانیان لێ دەستاندو دەیان بردوو بزریان دەكرد. من لەو كاتەی لەتۆبزاوا مێردەكەمو كوڕكەم و سەرجەم خزمەكانم لێ جیاكرانەوە، نەتەرمەكەیان نەناسنامەیانمان نەدیوەتەوە، بەڵام ئێمە بەهۆی بڕیارێك ئازاد كراینو له سلێمانی بەرەڵاكراین. داواكاریشم منیش وەكو ژنە زیندانیەك كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بناسرێم و ناوچەكەشمان بچێتە ریزی ئەنفالو شوێن بزر كراوەكانی كوردستان.

فهیمه مستەفا شیخ گوتی: رژێمی صدام ئێمەی وا بێ ماڵو حاڵ كرد بۆیە خوا وا بێ ماڵو حاڵی كرد. من ئەو رۆژانەم قەت لەیاد ناچێ كە جاشە كوردەكانو ئەمنە صدامیەكان چیان بەسەر هێناین. ئەو كاتەی چۆن لە دووبز لێكیان جیاكردینەوە ژنو منداڵەكانیان بردین بۆ نوگرەسەلمان. ژیان لە نوگرەسەلمان تابڵێی ناخۆش بوو ئەوانەی هەندێك پارەیان پێ بوو دەیان توانی جارە جارە لە رێگای حەرەسەكانەوە هەندێك خواردن بكرن، بەڵام ئێمە هیچمان پێ نەبوو منداڵەكانم بەردەوام لەبرسانو لە توێنیەتیان بەردەوام دەگریان. شەوانە لەم هۆڵە پیسانە لەسەر عەرزەكە دەنوستین. نوگرەسەلمان خەڵكی زۆربەی ناوچەكانی كوردستانی تێدا كۆكرابۆوە. من مێردەكەم و كوڕەكەم و هەندێك لە ئامۆزاو خوارزاكانم بێ سەرو شوێن كرانو ئێستاشی لەگەڵدابێ نەماندۆزیوەتەوە نەگۆڕستانێكیان هەیە نە ناونیشانێك.

ناهیدە رسول احمد: ئەوانەی ئێستا داهاتی كوردستان دەخۆن ئەوانە بوون ئەوكاتە جاشی صدام بوون و كوردیان قڕان دەكرد. من ئەو شەوەی مێردەكەم لێ جیاكرایەوە تا ئێستاش شوێن بزرەو نەمدیتەوە لەگەڵ هەندێك لەخزمەكانیشم. ئێمە هەندێك ژنومنداڵبووین (٨) مانگ لە نوگرە سەلمان ماینەوە. من كچێكم منداڵ بوو لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان مرد. لەوێ ئەوكاتەی ئەمنەكان دەهاتنە ژووری زۆر بە رقەوە سەیریان دەكردین. قسەی ناشیرینیان پێ دەوتین. لە قاعەكان بۆنی پیسایی و میز هەراسانی كردبووین. ئەسپێو كێچ و مێشوولە گەلێك زۆر بوون. شەوانە لەبەر ئازاری لەشت خەوت لێ نەدەكەوت. داواكارم مێردەكەی منیش ناسنامەی ئەنفالی بۆ بكرێ چونكە تا ئێستا حكومەتی كوردستان بە پێ ی پێویست ئاوری لێ نەداوەتینەوەو هیچ حیسابێكمان بۆ نەكراوە. خۆ ئێمەش زیندانو ئەشكەنجەو ئازارمان چەشتوەو پیاویشمان ئەنفال كراوە..

بارزان ایوب همزە: ئەو كوڕەی كە لەبەندیخانەی نوگرەسەلمان لەدایك بووە ساڵی ١٩٨٨ كەناسنامەكەی بەناوی سەبازگەی نوگرەسەلمانە....دایكی بارزان گوڵی حمد امین گوتی: دوای ئەوەی گوندەكەمان چۆلكراو جاشو سەربازەكان دارو رەزو باخەكانیان سوتاند. ئێمە (٨) مانگ لەنوگرە سەلمان ماینەوە من یەكێك بووم لەو ژنانەی سك پڕبووم كوڕەكەم بارزان لەدایك بووی ساڵی ئەنفالەكەیە لە نوگەسەلمان بووم. تائێستاش ئێمە لەو سەردەمەشدا هەر لە كەلاوەداینو حكومەتی هەرێم بەناوی ئەنفال هیچی بۆ ئێمە نەكردووە. ئێستاش ژیانێكی بێ موچەو لەم خانووە قوڕو بێ دەرامەتیەدا بۆ ئێمە هەر نوگرەسەلمانە چ لە ئازادی بكەم. ئێمە دەمانەوێ حكومەت بەناوی زیندانی و ئەنفالكراو بمانناسێ وكارمان بۆ بكات. من ئەو كوڕەم زۆر بەئازارو دەردەسەری لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان گەورەكردووەچونكە رۆژانە (٢) سەموونی رەقیان دەدایێ دەبوایە بەئاو نەرمم بكردایەوە. لەبەرئەوەی خواردنی باشم نەبوو نەمدەتوانی شیری بدەمێ. بەراستی ژیانی نوگرەسەلمان تەواو بێزاری دەكردین زۆرجار وام لێدەهات خۆم بكوژم و خۆم لەناو بەرم بەڵام لەبەر منداڵەكەم ئەوكارەم نەكرد.

سەلیم احمد : ئێمە كۆمەڵێك خێزان بووین لەبلەی ژێری بارمانكرد بۆ گرد گەروێشك لەوێش باركراین بۆ سپیلك، هەرچی ماڵو حاڵمان هەبوو جاشەكانی ناوچەكە تاڵانیان كردین. دواتر گواسترایەنەوە بۆ ئەمنی هەولێر پاش (٩) رۆژ لە ئەمنی هەولێر لەژێر ئەشكەنجەو لێداندا بووین، قیژەی ژنو منداڵ هەراسانی دەكردی پاشان گوازراینەوە بۆ كەركوك-تۆپزاوا لەوێ من (٣) كوڕم لەگەڵدابوو لێم جیاكرانەوە. لەگەڵ (٢) برازام ئیدی من (٨) مانگ لە زیندانی تۆپزاوا مامەوە نازانم كوڕەكانم چیان بەسەرهاتو بۆ كوێ بران ئێستاشی لەگەڵدابێ نەمدیتنەوەو بێ سەرو شوێن كران. خۆزگە منیش لەگەڵ كوڕەكانم بێ سەرو شوێن دەكرام نەك ئێستا لەو ژیانە ناخۆشە بژێم. داخەكەم زۆر گەورەو گرانە كەتا ئێستا كوڕەكانم نە گۆڕەگەیان دیارە نە ئەو شوێنەی كە لێ ی زیندە بەچاڵكران.

پشتیوان سعید ابوبكر ١٩٨٤ : من تەنیا ژیانی ناو زیندانی دووبزم لەبیرە ئێمە كۆمەڵێك منداڵ بووین ژوورەكەمان تایبەت بوو بەمنداڵان ئەوانەی تەمەنمان لەخوار (١٠) ساڵانەوە بوو ماوەی (٨) مانگ لەوێ ماینەوە رۆژانە ئەمنەكان دەهاتن بەسۆندەو قامچی لێیان دەداین. ژووری ژنان جیا بوو بەڵام بەرامبەری ئەوان بوین دایكم لەژوورەكەی بەرامبەرمان بوو ، باوكیشم سەرەتا لەگەڵ ئێمەبوو بەڵام لێك جیاكراینەوە لەوكاتەوە باوكم بێ سەرو شوێن كراو یەكترمان نەدیتەوە. من كەسوكاری زۆرم لەگەڵدابوو وەك مامو خاڵو ئامۆزاكانم ئەوان هەموو بێ سەرو شوێنكران. لەبەندیخانەی دووبز ئەو منداڵانەی لەگەڵماندابوون زۆر دەمردن و ئەمنەكان دەیان بردە دەرەوە. ئەوانەی لەگەڵندابوون (٢) منداڵ مردن كە هەردووكیان كوڕە خاڵی من بوون . زۆربەی منداڵان لەوێ توشی نەخۆشی زمانو لێو قەڵشین و خروشتی لەش دەبوون. دواتر پاش (٨) مانگ گواسترانەوە بۆ شاری سلێمانی و لەوێش بەرەڵایان كردین و لەرێگای هەندێك خەڵكی كورد پەروەر تەسلیمی كەسوكارمان كراینەوە.

# پرۆژەی ناوەندی چاك بۆ پاككردنەوەی جەستەی قوربانیان لەژەهری كیمیاوی

لە میانی هەوڵەكانی ناوەندی چاك بۆ خزمەتكردن و پاراستنی ژیان و بەرژەوەندی قوربانیانی ئەنفال و كیمیاباران، ناوەندی چاك بۆ ماوەی پتر لە ساڵ و نیوێكە خەریكی گەڵاڵەكردنی پرۆژەیەكە بۆ پاككردنەوەی جەستەی قوربانیانی كیمیاباران لەژەهری كیمیاوی لەرێی پەیوەندییە كانیەوە بەرێكخراوودەزگای هاوشێوە لەسەرئاستی جیهاندا،كە خۆشبەختانە بەرهەمی ئەو هەوڵ و كۆششە ئەنجامێكی پۆزەتیفی لێكەوتەوەو بەپێی ئەو راپۆرتانەی پێمان گەیشتووە بواری ئەوە هەیە باری تەندروستی قوربانیان كەم بكرێنەوەو رێژەیەكی زۆر لەجەستەی قوربانیان پاك بكرێتەوە لە ژەهری كیمیاوی. لەدواهەمین راپۆرتدا كە كۆنفرانسی سێهەمی كاریگەری برنامەی ( ) لە بەرواری ٢٣-٢٠٠٥/٩/٢٢ لە ویلایەتی نیویۆركی ئەمریكا بەستراوە، باس لە سەركەوتنی ئەو بەرنامەیە دەكات وكاریگەری لەسەر پاككردنەوەی جەستەی قوربانیانی كیمیاباران. لەو راپۆرتەدا باس لە چارەسەركردنی سەربازە ئەمریكیەكان دەكات كە لەكاتی شەری ڤێتنامدا توشی ژەهری كیمیاوی بوون و هەروەها باس لەو سەربازانە دەكات كە لەكاتی جەنگی كەنداودا كە رژێمی ئێراقی گۆربەگۆر بیرە نەوتیەكانی كوێتی تەقاندەوە و بو بە هۆی ژەهراویكردنی ژینگە و كۆمەڵێك سەربازی ئەمریكی و ئەوروپی لەو شوێنانەی نزیك بوون لەو بیرە نەوتیەكانەوە، ئەمەش هیوایەكی پرشنگدار دەدات بە قوربانیانی كیمیابارانی كورد بۆ باشكردنی باری تەندروستیان و دەرهێنانی ئەو ژەهری لە جەستەیان.

لەمیانی كۆنگرەی بەجیهانیكردنی دۆزی ئەنفال لە هەولێری پایتەخدا، ناوەندی چاك ئەو پرۆژەی پێشكەشكرد بە دام و دەزگای فەرمی كوردستان و بەرپرسە پەیوەندیدارەكانی، و ئێستا پرۆپۆزەڵێكی تەواوی ئامادەیە بۆ جێبەجێكردنی ئەو پرۆژەیە ،كە خەرجێكی كەمی تێ دەچێت بە بەراوردكردن لەگەڵ ئەو دەرامەتانەی خەرج دەكرێن بۆ سارێژكردن یان هێوەركردنەوەی ئازارەكان یان هەر پرۆژەیەكی دیكە لە كوردستاندا.ناوەندی چاك لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ جێبەجێكردنی ئەو پرۆژەیە و هیوادرە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە دەنگیەوە بێت ، هەروەها ئەمە یەكەم هەنگاوی پراكتیكیە بۆ جێبەجێكردنی یەكێك لە راسپاردە پەسەندكراوەكانی كۆنگرەی بەجیهانیكردنی دۆزی جینۆسایدی گەلی كورد كە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە سەرپەرشتی كرا.

<u>دەقی پرۆژەی پێشكەشكراو</u>

لەكاتێكدا ژەهر دەچێتە جەستەی مرۆڤەوە، كاریگەری راستەوخۆ دەكاتە سەر ئۆرگانەكانی جەستە و بەپێی جۆری ژەهرەكە بەشێك لە لەشی مرۆڤ لەكاردەخات یان دەبێتە هۆكاری تێكدانی سیستمی كاركردنی ئەو ئۆرگانەی كاریگەری لەسەر دەكات، هەڵبەت جەستەی مرۆڤ خۆی لەخۆیدا سیستمی بەرگریكردنی خۆیی هەیە بەڵام لە زۆر حاڵەتدا سیستمی بەرگری خۆیی توانای بەرگریكردنی هێرشی ژەهر ناگرێت و دەبێتە هۆی تێكچونی كاری ئۆرگانەكان و هەماهەنگی فەرمان و كردارەكانییان كە پێی دەوترێت نەخۆشی و لە هەندێ حاڵەتیشدا دەبێتە هۆی لەكارخستنی ژمارەیەكی زۆر لە ئۆرگانەكانی لەش و دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤ، بۆ رووبەرووبونەوەی ئەو هێرشە پەنا دەبرێتە بەر دەرمان بۆ زیادكردنی هێزی بەرگری خۆیی جەستە و لەكارخستنی گەرا ژەهراویەكان یان ئەو ڤایرۆسانەی دەبنە هۆكاری نەخۆشی، بەڵام هەرچەندە ئەو دەرمانانەی بەكار دێن كاریگەر بن هێشتا برێكی زۆر لە گەرا ژەهراویەكان جێی خۆیان دەكەنەوە لە جەستەی مرۆڤدا و بەتایبەت لەژێر پێست، لە ناو سینگ، نزیك دەمارەكان، لە گەدەدا كە بەپێی تەمەنی مرۆڤ كاریگەری ئەو گەرا ژەهراویانە لەسەر جەستەی مرۆڤ وەدەر دەكەون و مرۆڤ توشی نەخۆشی جۆراوجۆر دەكات.

یەكێك لە جۆرەكانی ژەهر پێی دەوترێت تۆكسیك ( Toxic) كە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی نەخۆشی و لەكارخستنی ئۆرگانەكانی لەش، ئەگەر ئەم جۆرە ژەهرە چارەسەر نەكرێت دەبێتە هۆی تێكشكانی جەستە. ٣ جۆری سەرەكەی تۆكسیك هەیە كە بریتین لە كیمیاوی ، بایۆلۆژی و فیزیاوی :

١- كیمیاوی :- كە جۆرەكانی ئەسید ، كلۆرین، كحول، كەرسە ئۆرگانییەكان، گاز ، دەرمان و جۆرەكانی ژەهر دەگرێتەوە

٢- بایۆلۆژی :- كە جۆرەكانی بەكتریا،كرم و ڤایروس دەگرێتەوە كە كاریگەر دەبن لەسەر سیستمی بەرگری خۆیی جەستە.

٣- فیزیكی:- كە ئەو هۆكارە زۆر هەست پێنەكراوانە دەگرێتەوە وەك دەنگ ، راوشاندن، گەرما و سەرما، شەپۆلی ئەلكترۆنی، تیشكی رادیۆم، تیشكی ئێكس و ئەلفا و گاما.

جۆری تری ژەهر لە خواردنی رۆژانە دەچێتە ناو جەستەوە، یان لە جگەرە، مادە بێهۆشكەرەكان، دەرمانی جۆراوجۆر كە مادەی

هێوەرکەرەوەی تێدایە و کحول خواردنەوە.

ئەوەی دەردەکەویت کە ئەو ژەهرانە کاریگەریان لەسەر سەرجەم ئۆرگانەکانی جەستەی مرۆڤ هەیە و تەنانەت لەسەر هۆش و باری دەرونی و رادەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەشی.

هەڵبەتە قوربانیانی کیمیاباران لە هەڵەبجە و باقی شوێنەکانی کوردستاندا دوچاری ئەو جۆرە ژەهرانە بوون و تەنانەت کاریگەری جۆری فیزیکیش لەسەریان هەیە ،کە تاوەکو ئێستا جۆرەها نەخۆشی وەك شیرپەنجە ، هیستیریا، لیوکیمیا، کەم خەوی، کەم منداڵبوون، لەدایکبوونی منداڵی کەم ئەندام یان ناتەواو، جۆرەها نەخۆشی پێست، کەم بینین، بێ ئومیدی لەژیان، ئائارامی و ترسی هەمەجۆر و جۆری نەخۆشی دیکە.

بۆ باشکردنی باری ژیانیان و تیمارکردنیان یان کەمکردنەوەی کاریگەری ژەهری کیمیاوی لە جەستەی قوربانیان ، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە وەك ناوەندی چاك لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا بەدوای دۆزینەوەی شێوازێکدا بووین بۆ دۆزینەوەی جۆرە چارەسەرێك بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئێش و ئازار و کاریگەری کوشندەیی پاشماوەی ژەهری کیمیاوی لە جەستەی قوربانیان تاوەکو بەهۆی پەیوەندی هەمەلایەنمانەوە ئاشناییمان بە بەرنامەی( پاککردنەوەی جەستە لە ژەهر) پەیداکردن بەهاوکاری رێکخراوی گەنجان بۆ مافی مرۆڤ و ناوەندی ( Detoxification ) لە کالیفۆرنیا و ناوەندی ( Nakonon) لە ئەوروپا و چۆنیەتی هەموارکردن و گواستنەوەی ئەو جۆرە چارەسەرە بۆ کوردستان و بەکارهێنانی بۆ چارەسەرکردنی قوربانیانی کیمیاباران، هێڵە سەرەکیەکانی پرۆژەکە بە کورتی بەم شێوەی خوارەوەیە:

بۆ نەهێشتنی کاریگەری ژەهر لە جەستەی قوربانیان پێویستە کلینێك بۆ بەگەڕخستنی بەرنامەی نەهێشتنی تۆکسیك ( detoxification ) و پاککردنەوەی جەستە ( purification ) بکرێتەوە و قوربانیان بەپێی ئامادەیی جەستەییان ئەو چارەسەریان بخرێتە بەردەست.

ئەم بەرنامەیە پێشتر تاقیکراوەتەوە بەسەر قوربانیانی تەقینەوەی چیرنۆبیل( بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی ئەتۆمی) لە ئۆکرایینا کە لە ساڵی ١٩٨٨ ڕووی دا، هەروەها ئەو کارمەندانەی لە ڕوداوی ١١ی سپتەمبەر دا توشی ژەهر هەڵژین بوون دوای لێدانی هەردو تەلاری وۆڵستریت لە ولایەتی نیویۆرك لە وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بێجگە لەوانەش چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی بوون بە قوربانی مادە بێهۆشکەرەکان لەسەر ئاستی ئەوروپا و ئەمریکا و ئاسیادا کە چەندەها ناوەندی چارەسەریان تێدا کراوەتەوە.

ئێمە وەك ناوەندی چاك لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا لە پەیوەندی بەردەوامدابووین لەگەڵ ئەو رێکخراو و دەزگایانەی کاریان لەسەر ئەو قوربانیانە کردووە و لە ماوەی ٦ مانگی رابوردودا سەردانی یەکێك لەو کلینیکانەمان کرد و لە نزیکەوە چاودێری چۆنیەتی پێشکەشکردنی چارەسەرەکەمان کرد و نمونەی زیندومان بینی کە پێش جارەسەر لە چ ئاستێکی تەندروستیدا بوون و باری تەندروستی جەستەیی و دەرونی نەخۆشەکان، قوربانیەکان لە دوای تەواوکردنی خولی چارەسەرەکە هەروەها رادەی بەرەوپێشچونی باری تەندروستی و دەرونییان دوای چەند مانگێك بەسەر چارەسەرکردنەکەدا ، بۆمان دەرکەوت کە ئەو بەرنامەیە هیوایەکی گەشە بۆ قوربانیانی کیمیابارانی کوردستان.

جێی ئاماژە پێدانە کە لەو بەرنامەیەدا هیچ جۆرە دەرمانێکی کیمیاوی بەکار ناهێنرێت و کار لەسەر دوو لایەن دەکرێت یەکەمیان پاککردنەوەی جەستە لە گەرای ژەهراوی بەتایبەت ئەوانەی لە پێستەوە نزیکن (هەڵبەتە زۆرینەیان لەو چەشنەن) ،دووەمیان بەهێزکردنی بەگری خۆیی جەستەی قوربانیان بۆ دەرکردنی ژەهر و زاڵبونی بەسەر کاریگەریەکانی ، لەگەڵ پێشکەشکردنی خولی چارەسەرکردندا کار لەسەر لایەنی دەرونی قوربانیان دەکرێت بۆ زیندوکردنەوەی دیدی پۆزەتیف بۆ ژیان.

بەرنامەکە لەم قۆناغانە پێکدیت:

١- نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە سەیر دەکرێت و دەسنیشانی رادەی ئامادەیی نەخۆش دەکات بۆ وەرگرتنی چارەسەر و تێبینی پێویست سەبارەت بە باری سیستمی هەناسەدان و لێدانی دڵ و هەستیاری (حەساسیەت) ی نەخۆش بە کلینیك دەکات.

٢- وەرزش بە پێی رێنمایی چاودێری پسپۆردا ( superviser ) بە رەچاوکردنی توانا و باری تەندروستی نەخۆش، وەرزشەکە لە شێوەی راکردن یان هەر شێوەیەکی دیکە بۆ چالاککردنی جوڵانەوەی خوێن دەبێت.

٣- مانەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ناو ساونای تایبەت، بە گونجاندن لەگەڵ کۆپلەیەك ڤیتامین و مینیراڵ کە بە پێی رێنمایی چاودێردا بۆ جوڵاندنی گەرا ژەهراویەکان و دەرچونیان لە رێی ئارەقکردنەوە.

-٤بەرنامەی خواردن کە بریتیە لە :

- ژەمی خواردنی پڕ لە سەوزەی تازە کە بە شێوەیەکی دیاریکراو ئامادە دەکرێت.
- کۆپلەیەك ڤیتامین، مینیراڵ و رۆنی شل (زەیت)،ئەم کۆپلەیە بە رێنمایی چاودێری پسپۆر و پزیشکدا دەسنیشان دەکرێت و بەپێی پێشکەوتنی نەخۆش یان کاردانەوەی جەستەی نەخۆش تێکەڵاوە و چەندایەتی دەگۆڕێت.
- خواردنەوەی شلەمەنی بۆ راگرتنی رادەی شلەمەنی لە جەستەدا دوای کەمبونەوەی بەهۆی ئارقکردن و وەرزشەوە.

-١ماوەی دیاریکراو بۆ خەو بەپێی پێویستی جەستەی نەخۆش.

-٢وانەی و راوێژکاری بۆ بەهێزکردنی خواستی ژیان و هاوکاریکردنی دەرونی بۆ بەردەوامبونی ژیان وەك مرۆڤێکی ئاسایی و تەندروست.

بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکە پێستی بە:

١- شوێنێکی تایبەت کە بواری دروستکردنی ئەم پێداویستیانەی تێدابێت:

- ساونا بە پێی پێویست ،پێشنیار دەکەین ساونایەك بۆ ٨ کەس بێت، ئەو ساونایە بە قەوارەیەکی تایبەت و پلەی گەرمای تایبەت دروست دەکرێت ( ڕێنماییەکانی دروستکردنی لە ژێر چاودێری پسپۆڕیدا دەبێت کە بۆ ئەو مەبەستە بگونجێت).

- شوێنی وەرزش وەك شوێنی ڕاکردن لە دەرەوە و هۆڵی وەرزشی ناوخۆ، ئامێری وەرزشکاری دیکە وەك (ڕۆیشتن، پاسکیلی وەرزش).

- شوێنی خواردن دروستکردن و شوێنی نان خواردن کە بۆ ژمارەی نەخۆشەکان بگونجێت.

- شوێنی حەوانەوە ( هەر نەخۆشێك لە ژورێکی تایبەتی خۆیدا دەبێت).

- ژورێکی بەرین(هۆڵ) بۆ وانە وتنەوە و حەوانەوە لە کاتی پشوی نەخۆش.

- ژور بۆ پزیشك و چاودێری پسپۆر و شوێنی حەوانەوەی ٢ پسپۆر.

٢-بۆ ڕەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی کوردستان پێویستە :

- ساونای ئافرەتان و پیاوان جیابن ئەویش دەکرێت ٢ ساونا دروست بکرێت یان ساونایەك کە تاقی بەیانیان بۆ بەسێکیان بێت و تاقی ئێواران بۆ بەشەکەی تریان بێت

- لە سەرەتادا پێویستە ٤ چاودێری پسپۆر هەبێت ٢ ئافرەت و ٢ پیاو ، بۆ چاودێری بەردەوامی نەخۆشەکان.

- پێویستە ٢ پزیشکی تایبەت و پسپۆر هەبێت ئافرەت و پیاو بۆ پشکنین و چاودێری نەخۆشەکان.

تێبینی گرنگ:

- ٭ پێویستە نەخۆشەکان لە ماوەی وەرگرتنی چارەسەردا لە کلینیك بمێننەوە بۆ ئەوەی سودی تەواو وەربگرن.
- ٭ ماوەی خولی چارەسەرکردن ٢-٤ هەفتەیە بەگوێرەی نەخۆش.

٭- ئەو جۆرە ڤیتامین و مینیراڵانەی دەدرینە نەخۆشەکان لە کاتی مانەوەیان لە کلینیکدا بریتیە لە:

نیاسین Niacin

ڤیتامی بی کۆمپلێکس ( بی١ ، بی ٢ ، بی ٦ ، بی ١٢) Vitamin B (B1,B2,B6, B)

ڤیتامین ئەی Vitamin A

ڤیتامین Vitamin D3

تامین سی Vitamin C

ڤیتامین ئی VitaminE

مینیراڵی جیاواز Cal-Mag

تێکەلەی کال- مەگ(کالسیۆم،مەگنیسیۆم،ئاسن، زنك) Multiminiral (Calcium,Magnesium,Iron,Zinc)

٭- ئەو جۆرە ڤیتامین و مینیراڵانە تەنها چەند کۆمپانیایەکی باوەرپێکراو لە بەریتانیا و ئەمریکا دروستی دەکەن.

بۆ دەسپێکردنی پرۆژەکە پێویستە ٤ کەس دەسنیشان بکرین بۆ ئەوەی کۆرسی فێربوون و شارەزایی وەربگرن هەروەها ٢ پزیشکیش ، کورسەکە لە ئەورووپا دەبێت، ئێمە پێشنیار دەکەین ئەو چوار کەسەی ئامادەن لەو بوارەدا کار بکەن خۆیان بەرکەوتەی گازی کیمیاوی بن بۆ ئەوەی خۆیان خولی چارەسەرەکە ببینن و تاقیکردنەوەی خۆیان ببێت بە ئەزمونێك بۆ نەخۆشەکانی دیکە هەروەها دوای تەواوبوونی خولی چارەسەرکردنەکە بەردەوام بن لە کۆرسی فێربوون کە ٣ مانگ دەخایەنێت.

ئێمە وەك ناوەندی چاك ئەرکی دابینکردنی ڤیزا بۆ ئەو کەسانە دەگرینە ئەستۆ بۆ هاتنیان بۆ ئەورووپا و ڕێنماییکردنیان لەگەڵ ئەو ناوەندەی خولی چارەسەر و فێرکردن دەگرنە ئەستۆ، هەروەها بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی هەمانە لەگەڵیان ئەوان هێڵی ڕاستەوخۆی هاوکاریکردنی ئەو چاودێرانە دەگرنە ئەستۆ تا ئەو ڕادەی توانای فێرکردنی کەسانی دیکەیان دەبێت بە خۆرایی وەك هاوکارییەك بۆ قوربانیان.

خەرجی کردنەوەی کلینیکی لەو جۆرە کەمتر لە ٣٠٠,٠٠٠ دۆلاری تێ دەچێت ئەگەر بینایەك تەرخان بکرێت بۆی، هەروەها خەرجی چارەسەرکردنی قوربانیان لە نێوان ٣٠٠-٤٠٠ دۆلاری تێ دەچێت بۆ هەر نەخۆشێك، هەموو وردەکاریەکان لە ڕاپۆرتی پرۆپۆزەڵەکی ناوەندی چاکدا ئاماژەی پێدراوە بە وردەکاریەکانیەوە.

هیواداریـن هەمومان بتوانین ئێش‌وئازاری قوربانیانی گەلەکەمان کەم بکەینەوە، وهیوای ژیانیکی ئاسودە و بەختەوەریان پێ ببەخشین.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:

١-دلێر محمد علی ( ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری ناوەندی چاك)

ژمارەی تەلەفۆن: ٠٠٤٥٤٠٥٠٩٣٩١

ئیمایل:

colnadar@hotmail.com

ئیمایلی سەرەکی ناوەندی چاك کە لە خوارەوە دانراوە.

ناوەندی چاك هاوکاری هەمەلایەنی جێبەجێکردن و بەرەوپێشبردنی پرۆژەکە دەکات ، لەکاتی بڕیاردان لەسەر پرۆژەکە و بۆ زانیاری زیاتر ئێمە ئامادەین نوێنەری ناوەندی چارەسەرکردنی ئەوروپا بێنینەوە بۆ کوردستان بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەکە بە وردەکارییەکانیەوە.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – چاك –

www.chak.info

chak.org@gmail.com

١٣/٢/٢٠٠٨

# گفتوگۆ لەگەڵ فرانك سلايپەر دەربارەی چەکەکیمیاویەکانی عیراق‌و دەوری هۆڵنداو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەجینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا

دیداری ئەمیر قادر

فرانك سلايپەر لیکۆڵەرەوەلەرێکخراوی (کەمپەینی دژ بەبازرگانی چەك لەهۆڵندا) و ئەندامی کۆمیتەی هەڵەبجەو لیکۆڵەرەوەلەسەر ئەوکۆمپانیاو کەسایەتیەسیاسیانەی کەهاوکاری رژیمی بەعس بوون بۆ بەرهەم هێنانی چەکەکیمیاویەکان.



**پیمان خۆشەکورتەیەکمان لەسەر خۆت و لەسەر کەمپەینی دژی بازرگانی چەك بۆ باس بکەیت؟**

من ناوم فرانك سلايپەرە، لیکۆڵەرەوەم لەم رێکخراوەیەدا،رێکخراوەکەی ئیمەدوو بنکەی هەیە،لەئەمستەردام و خرۆنینگن، رێکخراوەکەی ئیمەنزیکەی ١٠ ساڵ تەمەنیەتی، ئیمەدریژ بوەوەی رێکخراوی (ئامۆك)ین کەبەکوردیەکەی دەبێتە(ناوەندی هاوکاری دژی میلیتاریسم بۆ لیکۆڵینەوە)،ئیمەرێکخراویکین کەتایبەتین لەسەر بازرگانی بەچەکەوەلەهۆڵن د،بۆنموونەلیکۆڵینەوەلەسەر بازرگانی چەکی هۆڵندی بۆ تورکیا،بۆ ئەندەنوسیا،ئیمەهەوڵ ئەدەین دەوری هۆڵندا لەبازرگانی کردن بەچەکەوەلەئاستی ناودەوڵەتیش بۆ خەڵك روون بکەینەوە،هەرلیرەوەش خەڵك ئامادەبکەین و نارەزایەتیان هەبێت دژبەبازرگانی بەچەك و ویرانکاریەوە، من بواری ئابوریم خویندووەلەزانکۆی خرۆنینگن،دوای ئەوەش لەگەڵ رێکخراوی ئامۆك دەستبەکاربووم،هەر لەویش تیزی زانکۆکەم ئامادەکرد،کەتایبەت بوو بەرۆڵی هۆڵندا لەپرچەك کردنی وڵاتانی دونیاو وڵاتانیك کەلەشەردان، ساڵانیك بەخۆبەخش کارم بۆ ئامۆك دەکرد و لەم ساڵانەی دواییدا لەپای کارەکەم حەقدەست وەردەگرم، نزیکەی ١٤ ساڵەلەم بوارەدا کاردەکەم،٤ساڵی لەئامۆکداو دواترلەدروستبوونی کەمپەینی دژی بازرگانی چەکەوەلەم رێکخراوەدا کاردەکەم،لەم ١٠ ساڵەی دواییدا بۆم دەرکەوت کەبەروبومی کارو لیکۆڵینەوەکانمان خەریکە دەردەکەویت،بیگومان هێشتا کارمان تەواونەبووە و پیویستمان بەکاری زۆرو کاتی زۆر هەیەتاکارەکانمان بەئەنجام دەدەین.

فرانك سلايپەرو ئەمیرقادر لەکۆنگرەی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی کورد لەهەولیر

**باپرسیار لەسەر ئەوکتیبەبکەین کەئیوەئامادەتان کردووەبەناوی (هۆڵنداو چەکەکیمیاویەکانی عیراق)،تۆ یەکیك لەنوسەرانی ئەم کتیبەیت، ئەگەر لەویوەدەستپیبکەین و لەسەر جیاوازیەکانی دوو وەزارەتی حکومەتی هۆڵەندا لەساڵانی ١٩٨٠دا و کیشەیان لەسەر بازرگانی کردن بەم چەکانەوەو ناردنیان بۆ عیراق، جیاوازی وەزارەتی کاروباری ئابوری کەئەوکات بەدەست لیبراڵەکانەوەبووەو وەزارەتی دەرەوەکەئەوکات بەدەست پارتی دیموکراتی مەسیحیەوە بووە،بەتایبەت لەسەر لیستی مادەکیمیاویەمۆڵەت پینەدراوەکان، وەزارەتی ئابووری ٢١ مادەی داناوەو وەزارەتی دەرەوەخوازیاری ١١ مادەبووە،گرنگترین گریوگۆڵەکان و جیاوازیەکانی نیوان ئەودووو وەزارەتەلەکابینیتی ئەوکاتەی حکومەتی هۆڵندیدا لەسەر چی بووە؟**

ئەمەبەراستی سیناریۆیەکی زۆر کلاسیکە، سیناریۆی فرۆشیاریك کەوەزارەتی ئابووریەو سیناریۆی پیاوچاکیك کەوەزارەتی دەرەوەیە، من نموونەی وا روون و ئاشکرام بەدەگمەن بینیوە،وەزارەتی دەرەوەلەئەمەریکاو بەریتانیاوەئاگادار دەکریتەوەلەسەر ئەوبرەزۆرەی مادەکیمیاویەکان کەلەهۆڵنداوەدەگەنەدەستی رژیمی بەعس و چەکی کیمیاویان لیسازدەکریت لەعیراقدا لەو لای ترەوەبۆلکستاین وەك وەزیری ئابوری بەتوندی پیدادەگریت کەئەم نارەزایەتیانەگرنگ نین، گرنگ ئەوەیەکەدەبێت کۆمپانیا هۆڵندیەکان

لەقازانجکردن و بازرگانی بەردەوام بن و لەسەر ئەمەزۆر بەتوندی پیدادەگریت،نمونەی ئەوەدینیتەوەکەشەڕی عیراق کۆتایی هات سەدام حوسین سەیری دۆستەکانی لەشەڕو تەنگانەدا دەکات و ئەگەر ئیمەهاوکاری شەڕو سهەمان نەبیّت دواتر سەدام حوسین کەمترین کانس و کۆنتراکتامان ئەداتی لەبەرهەمهیّنان و بنیاتنانەوەی عیراقدا،ئەمەلەقسەو هەڵویستی هەندیك پەرلەمانتاریشدا دەردەکەویت کەپیدادەگرن و دەڵین نابیّت پەیوەدنی و بازرگانی لەسەرحسابی بیلایەنی هۆڵنداو مافی مرۆڤ بیّت.

ئەمەکاتیك زیاتر ڕووندەبیّتەوەکەوەزیری ئابوری بۆڵکستاین لەئۆکتۆبەری ١٩٨٨دا سەردانی پیشانگای ناودەوڵەتی لەبەغدا دەکات و هەرلەو سەردانەدا زمارەیەك کۆنتراکتی گرنگی ئابوری لەگەڵ عیراقدا ئیمزادەکات. لام وایەئەمەزیاتر وەڵامەکەڕوون دەکاتەوە، ئەگەر لەئەمرۆداو بەچاوی ئیوەکەئەو شەڕو ماڵویرانیەتان بینیوە،پارادۆکسی ئەوەی کەوەزارەتیك دژەو وەزارەتیك هەمووهاوکاریەکانی لەگەڵ دەولەتی بەعسدا دەباتەپیشەوە،لەسەرحسابی مەرگی کەسانی ترو لەپیناوی قازانجدا ئاگری ئەم شەڕەخۆشدەکات.

**ئەگەر لەسەر ئەوەقسەبکەین و زیاتر بابەتەکە ڕوونبکەینەوەکەکەی عیراق دەستی بەبەرهەم هیّنانی گازەکیمیاویەکان کردووەو؟وەلەکەیدا بەرهەم هیّنانی ئەم چەکانە زۆر پەرەی ساندووەودەگاتەئەوپەڕی خۆی؟**

بەپیی ئەو بەدواداچوونانەی ئیمەکردومانە،عیراق لەسەرەتای ساڵانی ١٩٧٠ وەخەریکی بەرهەم هیّنان و بناغەدانانی پرۆژەی گازەکیمیاویەکانی بووە،هەر لەسەرەتای ساڵانی ١٩٨٠وەلەگەڵ دەستپیکردنی جەنگی عیراق و ئیراندا بەپەلەترو بەهەنگاوی خیراتر کاریان لەسەر ئەم پرۆژانەکردوە،لەسەرەتاوەپرۆژەیەکیان بووەکەکۆدەکەی ١٩٢٢ بووە،لەساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣ دا بەرهەم هیّنانەکان بەشیوەیەکی فراوان گەشەیان کردووە،نەك هەر لیکۆڵینەوەکانیان و تاقی کردنەوەکان بەڵکو مەبەستم بەرهەم هیّنانیشە،لەبەرئەوەی عیراق پیشەسازیەکی وای نەبووەکەزۆربەی پارچەکان و شتەکان خۆی ئامادەی بکات یان بەرهەمیان بەینی پەنای بردۆتەبەربازرگانی و کڕینی پارچەو زۆریك لەکەل و پەلەپیویستەکان لەدەرەوە،بۆ ئەمەش کۆمپانیا ئەمریکی و یابانی و ئەوروپیەکانی ڕاسپاردووە،کەهەم پارچەکانیان بۆ کڕیوەو هەم قۆناغی سەرەتایی بۆ بەرهەم هیّنان و ئامادەکردنیان بۆ ئەنجام داوە،بۆنموونەکۆمپانیا ئەوروپیەکان بەبڕی زۆر ئەم ماددەو کەل و پەلانەیان بۆ عیراق کڕیوەو پەیداکردووەلەوڵاتانی ترەوەکەعیراق بەهۆی شەڕەوەگەمارۆی لەسەربووەو خۆی بۆی نەبووئەم مادانەبکڕیت،بۆ ئەم کارەلەڕیگەی تۆڕیکی زۆر شارەزای ناودەوڵەتی لەبازرگان و کۆمپانیاکان بەڕیگەی بەندەرەکانی ئۆردۆن و تورکیاو ڕیگای وشکانی وەبەدزیەوەئەم چەك و کەل وپەلانەیان بردووەبۆ عیراق،تائەوکاتەی کەلەساڵی ١٩٨٤دا یاسایەك بۆ بازرگانی و قاچاغ کردنی هەندیك لەم ماددەو کەل و پەلانەهاتۆتە ئاراوەلەنەتەوەیەکگرتووەکاندا، کاتیك ئەمریکایەکان چوونەژیرباری ئەوەی کە لەمانگی مارسی ساڵی ١٩٨٤دا عیراق لەشەڕەکانیدا گازی کیمیاوی بەکاردیناوە،بەپیی ئەم یاسایەزۆربەی کۆمپانیاو وڵاتان لەم ماددانەو ئامانج لییان ئاگادارکراونەتەوە، هەرلەم کاتەوەبەدەست هیّنانی ئەم ماددانەبۆ عیراق و ئیران دژوارتربووە،لیرەوەشەکەکەسانی وەك فرانس ڤان ئانرات و بازرگانەکانی تری وەك چارلس تەنەکەدەوری گرنگتریان بەدەردەکەویت.

**ئەوەی کەلام سەیرەهۆڵندا خۆی پیش هاتنی یاساکەی ١٩٨٤ لەنەتەوەیەکگرتووەکاندا کەئەوکات ئەندامی یەدەك بووە،داوای یاسایەکی کردووەبۆ بەرگرتن بەبازرگانیکردن بەم ماددانەوەتالەداخوازیەکەی هۆڵندادا ناوو لیستی ماددەکانیشی دیاری کردووەکەبریتین لە٢١ ماددەتاقەدەغەبکرین و دواتر بەلیستی ٢١ ماددەکەدەناسریت هەرەوڵەنداو بۆڵکستاین دەیانکات بە١١ ماددەو دواتر بڕیاردەدریت لەهۆڵندا ٧ ماددەبازەگانیان پیوەنەکریت ،سەیرتر ئەوەیەکەکەسایەتی و کۆمپانیا هۆڵندیەکان بەشی شیریان هەیەلەم بازرگانی و پڕچەك کردنەی عیراقدا، ئەم دوو فاقیەلەقسەو هەڵسو کەوتی جیاوازدا دەکری چۆن لیل بدەینەوە؟**

لیکدانەوەی ئەمەدەبیّت لەو کات و ساتەی خۆیدا سەیربکەین،ئەوکات وەزارەتی دەرەوەلەژیر دەستی پارتی دیموکراتی مەسیحی (ڤان دیر ستوڵ ) دابووە،و هەمانساڵیش هۆڵندا ئەندامی یەدەکی شورای ئەمنی نەتەوەیەکگرتووەکان بووەکەئەم داخوازیەی کردووەو تا دەقی داخوازی نامەکەبەزمانی هۆڵندی نوسراوەکەلەبەڵگەنامەکاندا هەیەو خوازیاری قەدەغەکردنی ئەوماددانەیەکەلەسەرەوەباسمان کرد،هەر لەودۆکومینتانەدا نامەی نارەزایاتەیەکانی بۆڵکستاین وەزیری بازرگانی هەن کەنارەزایەتی بەم داخوازیانەی وەزیری دەرەوەدەردەبڕیت،و هەڵسو کەوتەکانی وەزیری دەرەوەبەخراپ و لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندیەباڵاکانی هۆڵندا ناودەبات، بەڵام ئەبیّت لەوەش ئاگاداربین کەبەوشیوەیەش نیەکەوەزارەتی دەرەوەهیچ گرنگیەکەی بەبەرژەوەندیەکانی هۆڵنداو بازرگانی کردن نەدابیّت، بۆنموونەسەفیری هۆڵەندا (داڤید سخۆرد) کەلەبەغدابووەلەلایەکەوەرەخنەی لەعیراقهەبووەلەسەربەکارهیّنانی چەکی کیمیاوی و زۆرجاریش حکومەتی هۆڵندای

كيمياوى لەلايان عيراقەوە،بەلام لەهەمان كاتدا بەشيكى گرنگيش بووەبۆرێكخستن و فرۆشتن و بازرگانى كردنەكانى كۆمپانيا هۆڵەنديەكانەكان لە گەڵ عيراقدا، ئەوخۆشى يەكيك لەوكەسانەبووەكەلەگەڵ بۆلكستايندا لەساڵى ١٩٨٣دا كۆنتراكتەكانى ئيمزاكردووە فرانك سلايپەر لەكاتى پيشكەشكردنى باسەكەيدا لە لەسەر دەورى كۆمپاناياكانى هۆڵندا لەجينۆسايدى خەلكى كوردستاندا لەهەولير لەكاتى كۆنگراەى بەجيهانى ناساندنى جينۆسايدى خەڵكى كوردستاندا

هەروەها لەهەموو ئەوتەلەكسانەى ئەوكاتەشدا كەلەنيوان وەزارەت و سەفارەتى هۆلەندا بووەو هەم پشتيوانى سياسى بۆبڕيارەكانى وەزارەتى دەرەوەدەردەبڕيت و بازرگانى و فرۆشتنى كەل و پەلەكانى لاگرنگە،بەلام بەگشتى دەكريت بگەينەئەو ئەنجامەى كەوەزارەتى بازرگانى دژايەتى تەواوى سياسەتى دەرەوەى هۆڵندا دەكات لەپەيوەندى بەمەسەلەى گازەژەهراويەكان و لەولاى ترەوەبەپيچەوانەوەوەزارەتى دەرەوە مەسەلەى قەدەغەكردن وريزگرتنى لەياساى قەدەغەكردنى ئەم ماددانەى لاگرنگە.

**لە ليكۆڵينە و ە كە د ا بيجگە لە سە ر د ا نە كا نى وەزيرى كاروبارى هۆڵندى بۆ عيراق،سەردانى ئەفسەران و بەرپرسانى عيراقيم بۆهۆڵندا بينى، كەسەردانى وەزارەتەكان و دواتر هەنديك لەكۆمپانيا هۆڵنديەكانيان كردووەو زۆربەگەرمى پيشوازيان ليكراوە،ئەمەش لەكاتيكدابووەهەم حكومەت و هەم ميدياكان ئەوەيان بيستبوو كەعيراق خەريكى بەرهەم هێنان و بەكارهێنانى ئەم گازەكيمياويانەبووە،بۆ نموونەسەردانى كۆمپانياكانى خواروى هۆڵندايان كردووەبۆ ئيستشارەى ئەندازيارى و دابين كردنى نەخشەو پارچەى كۆمپانياكانى بەرهەمهێنانى چەكەكانى عيراق لەم بارەيەوەچەند ئاگاداريت؟**

بەڵى ژمارەيەكى زۆرى هاتوچۆو سەردان هەن ،بيجگەلەوانەى كەتۆ ئاماژەتپيدان،دەكريت ئاماژەبەوەشبدەين كەبۆنموونەدواى كيمياباراني هەڵەبجەش چەندرۆژ داوتر دەلەگاسيەكى گەورەى عيراق سەردانى هۆلەندايان كردووە و هاتوونەتەشارى دينهاخ،كەئەم وەفدەوەزيرى بازرگانى ئەوكاتەى عيراق سەرۆكايەتى كردووەو چاويان بەوەزيرى بازرگانى و چەند وەزيرى ترو كەسانى پايەبەرزى دەولەتى هۆلەندا كەوتووە،دەتوانين ئەوەببينين كەبازرگانى زۆربەرۆتينى دريژەى هەبووەو مەسەلەى چەكەبەكۆمەڵ كوژەكان و كيماباران و مردنى هەزاران كەس باسيان لينەكراوە،ليرەدا زۆر پرسيار دينەئاراوەكەرەنگەواقعى ترينيان ئەوەبيت كەئايا هەر بەراست حكومەتى هۆڵندا ئاگادارى ئەم تاوانەگەورەيەنەبووەيان ئاگادارى بانگەيشتكردنى ئەم وەفدەنەبووە،ئەگەروايەچۆن وەفديكى ئاواگەورەبانگەيشتى هۆڵنداكراوەو خەريكى كرين و پەيداكردنى ماددەو بازرگانى كردن بوون،ئايا پرسياريك لەچارەنووسى ئەم هەزاران كەسەى كەتائەوكاتەلانى كەم بوونەقوربانى ئەم ماددەكيمياويانەكراوە،لەكەسانى سيڤيل و سوپاييەكانى عيراق و ئيران كورد،لەكاتيكى ئاوادا ئەبينين كەهۆڵندا چاوى خۆى لەراستيەكان دادەخات و خەريكى بازرگانى كردن و قازانجى زياترەلەعيراق و ئيران دەستى بكەويت،ئەوەمان لەبەرچاوبێت ئيران لەوكاتەدا بەسەركردايەتى خومەينى دۆستيكى باش نەبووە بۆ وڵاتانى رۆژئاوا و ئەمريكاو زۆربەى دەرگاكان بەرووى ئيراندا كەمتر كراوەبوون،ئەوەشمان بير نەچيت ئيران لەدەورانى شادا مشتەريەكى گرنگى بازرگانى هۆڵنداو غەرب بووە،بازرگانى و چونەسەرى كرينى ماددەكيميايەكان لەلايان عيراقەوەبەتايبەت لەسالانى ١٩٧٩ بەدواوەزۆربەجيدى گەشەى كردووە.

**لەشەرى كەنداوداو دواتر لەكاتى شەرى روخاندنى رژيمى بەعسدا باسى ئەوەدەكرا كەهۆڵندا سەگى**




**هەوساركراوى ئەمريكايە،بەتايبەت كەلەدواشەرِدا ويراى نارەزايەتيەكانى خەلكى هۆڵندا دژ بەم شەرە،حكومەتى هۆڵندا پشتيوانى سياسى خۆى لەشەر دەربرى،ئايەليرەشدا هەمان شت دووبارەدەبيتەوەلەپەيوەند بەچەكەكيمياويەكانى عيراقەوە،بۆ نموونەئەوەى كەلەكاتى شەرى عيراق و ئيراندا ئەمريكا لايەنگرى عيراق بووە؟**

بەلى ئەمەبەتەواوەتى راستە، ئەبينين بۆ نموونەكاتيك ئەمريكا رۆناڵد رامسفيلدى لەساڵى ١٩٨٧دا رەوانەى عيراقدا كردووەو كۆنتراكتەكانى چەكى لەگەڵ عيراقدا مۆركردووە، لەهەمان كاتداو بۆ هەمان مەبەست هۆڵند بۆلكستاينى ناردبووەعيراق و كۆنتراكتى چەك و مادەكانى مۆركردووە،هەر لەليكۆڵينەوەيەك كەئيمەكردوومانەئەوەديارەكەوەختيك ئەمريكاو بەتايبەت دواى مقۆمقۆ لەنەتەوەيەكگرتوەكاندا بازرگانى هەنديك لەماددەكان قەدەغەدەكات ئيتر هەمان شت لەهۆڵنداش ئەبيتەبابەت و قسەى لەسەردەكريت،ويراى ئەوەش كەهەرلەزوەوەدەزگاكانى هەواڵگرى ئەمريكاو هۆڵندا ئەوەيان بەحكومەتى

هەردوولا ڕاگەیاندبوو کەکۆمپانیا هۆڵندیەکان چەك و ماددەی کیمیاویان بەڕژیمی عیراق فرۆشتووە،بەڵام تەنها کاتیك ئەمریکا قەدەغەی بازرگانی کردن بەکۆمەڵیك لەوماددانەوەئەکات هۆڵنداش بڕیاریکی کەم ناوەرۆکترو ناجدیتر
لەوبارەیەوەدەردەکات و لیستی هەدنیك ماددەکەژمارەیەن زۆرکەمترەلەوانەی ئەمریکا قەدەغەدەکات.



کتیبی (هۆڵنداو چەکەکیمیاویەکانی عیراق)

**لەلیکۆڵینەوەکەدا دیارەکەکۆمپانیاکانی وەك (میلْ خیمی) و(کا،بی،ئیس،تەرنیوزە) و هەندیك کۆمپانیای تر کەدەوری کەمتریان لەم بازرگانیەدا هەیەو،فرانس ڤان ئانرات کەسزای ١٧ ساڵی زیندانکردنی لەسۆنگەی بازرگانی کردن بەم چەکانەوەوەرگرت،کەفرانس نەك هەرلەهۆڵنداوەبگرەلەوڵاتانی تریشەوەبازرگانی کردبوو، بیجگەلەوەش ساڵانیك لەعیراقدا پەرەی بەپرۆژەکیمیاویەکانی عیراق ئەداو بۆ وەزارەتی پیشەسازی جەنگی عیراق کاری کردووە،هەروەها سیاسیەکانی هۆڵنداش نموونەی بۆڵکستاین ئەبینین کەدەوری گرنگیان لەپڕچەککردن و هاوکاری عیراقدا هەبووە،ئەگەر وتەکەی یۆست ەڵتەرمان بکەم بەشایەدو بهەمان دەق کەدەڵیت وڵاتانی ڕۆژئاوا تاوانبارن لەجینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستاندا،ئەگەر ئەمەبچووم بکەمەوەو زومی پرسیارەکەبکەمەسەر هۆڵند ئایەئەتوانین بڵیین کەهۆڵندا هاوتاوانەلەجینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا ؟**

بەڵی من لام وایەتەتوانین ەیڵیکی تەریب ببینین،ئەتوانین بازرگانی فرانس ڤان ئانرات و بەقاچاغبردنی ماددەکان و بڕی ماددەکان لەمانگی مارتو ئەپیلی ساڵی ١٩٨٨ وەببینین، پیش ئەوەش زۆرترین ڕیژەی ماددەکان و گازەخنکینەرەکان کۆمپانیاکانی (میلْ خیمی) و(کا،بی،ئیس،تەرنیوزە) ببینین کەبڕی هەو ماددانەبهەزاران تەن مەزندەدەکرین،من زۆرلام گرنگنیەسەیری یاسای قەدەغەکردنەکان بکەین،ئەوەندەی لام پرسیارەئایەئەیان زانی یان ئەکریت زانیبیێتیان کەکاتیك ئەم ماددانەیان بەعیراق فرۆشتوەبەم بڕەزۆرانەئامانجچیبووەو بۆ چی لەعیراقدابەکار دین؟،من دوای ئەم لیکۆڵینەوەیەم بەلایانی کەم دەتوانم شایەدی ئەوەبدەم کەئەوان زانیبیێتیان بۆچی بەکاردین،و من لەپرۆسەی ئەوەدام کەئەمەزیاتر ڕوونبکەمەوەو وەڵامی هەموو گومان و پرسیارەکان بدەمەوە،ئیمەئەوەئەزانین کەلانی کەم لەنۆڤەمبەتی ١٩٨٠وەلەڕیگای ڕۆژنامەکان و ناوەندەخەبەریەکانەوەباس لەبەکارهیێنان و برەودان بەبەرهەمهیێنانی ئەم گازانەلەلایەن عیراقەوە،ئەگەرچی ئەمەلەسەرەتاوەبەڕیژەی کەمبووەو زیاتر لەدژی سوپای ئیرانبووەو لەبەرەکانی جەنگدابەکارهاتووە،ئەم راستی و ڕاگەیاندنانەلادواتردا بەشیوەیەکی ئاشکراترو پانتاییەکی زیاتر لەمیدیاکان دادەگریت،بەتایبەت هەرکەسیك کەمیك ڕۆژنامەکانی خویندبیێتەوەو گویی لەمیدیاکان گرتبیێت لهەۆلەندا باش ئەزانیت بەتایبەت دوای ساڵی ١٩٨٣ بەدواوەباش و ڕوونەکەعیراق ئەم ماددانەبۆ بەرهەمهیێنانی ئەم گازانەبەکاردینیت و لەشەڕدا ئەم چەکانەبەکارهاتووە،هەرلەبەر ڕۆشنایی ئەمەشەوەئەمەزۆربەباشی دیارەکەئەم کۆمپانیایانەزۆربەباشی ئاگاداربوون کەئەم ماددانەبۆ قڕکردن و لەناوبردنی خەڵك بەکاردین،لەپرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا ئەمەبەباشی ڕوون بوەوە،بۆنموونە لەکۆمپانیایەکی ئەڵمان بەناوی (باس.ئیف) لەلایەن عیراقەوەداوای بڕیکی زۆری مەوادی کیمیاوی کراوەلەساڵی ١٩٨١ و ١٩٨٢دا و ئەوکۆمپانیایەیەئامادەنەبووەئەوماددانەبەوبڕ زۆرەبفرۆشیتەعیراق و رایگەیاندووە،کەئەم ماددانەبەم بڕەزۆرەدەکریت ئامانج لییان تەنها یەك شتبیێت کەئەویش بۆ بەرهەمهیێنانی گازی خنکینەرو کیمیاویە، ئەوانیش هاوکاری کۆمپانیاکانی (میلْ خیمی) و(کا،بی،ئیس،تەرنیوزە) بوون هەرئەوەندەی وان میدیاکانیان خویندۆتەوەو زانیاریشیان لەسەرئەم ماددانەئەگەر کەمترنەبووبیێت زیاتر نەبووە،بۆئەوان ئەو هەڵویستەیان بووەو حکومەتیان لەمەئاگادارکردۆتەوەبۆ (میلْ خیمی) و(کا،بی،ئیس،تەرنیوزە)ئەمەیان نەکردووەو خۆیان واپیشان داوەکەعیراق

ئەکریت ئەم ماددانەبۆ ئامانجی مەدەنی بەکاربینیت،بۆنموونەبۆ بەرهەم هێنانی پارچەو قوماش،لەکاتیکدا دیاربووەکەعیراق هیچ کارگەیەکی لەم جۆرەی نەبووەو هەموو پیشەسازی عیراق لەژیر سەقفی وەزارەتی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی کەلوپەلی جەنگدابووەو بردنەوەی جەنگ لەدژی ئیران ئامانجی گرنگ و گەورەبووە،ڕاستیەکەی ئەوەیەکەئەوان زانیویانەچی دەفرۆشنەعیراق و عیراقیش بۆ چی بەکاریدینیت بەلام جاوی خۆیان داخستووەو ملیان خستۆتەژیر لەوەتاڕاستیەکان نەبینن و تەنها یەکشتیان لاگرنگبووەبازرگانیەکی باش و قازانجی بیوینە.

**ئیستا ئەمەڕۆشنە،بەلام شتیکی تریش هەیەبۆنموونە کەحکومەتی هۆڵندی کۆمپانیایەکی هۆڵندی لەسالانی هەشتاکاندا سزاداوەلەسەر بازرگانی کردن بەم مادانەوە،لەم بارەیەوەلیکۆڵینەوەکەی ئیوەجۆن ئەمەی لیکداوەتەوە؟**

بەڵی ئەوەڕاستەئەو کۆمپانیایەکۆمپانیای (میڵ خیمی) بووە،بەلام ئەمەهەندیك لەسەروەستان و دیقەتکردنی پیویستە،لەسەرەتاوەدوای چەندین جارو وەجبەئەم کۆمپانیایەتەنها یەکجار ئەویش بەبڕیکی زۆر ڕەمزی کەم سزادراوەکەبڕی ١١٠٠٠ گڵدنی هۆڵندی ئەوکات بووەکەدەکاتەنزیکەی کەمتر لە٥٥٠٠٠ ئیرۆی ئیستا ئەویش تەنها دوای سەپاندنی سزاکەیەکە(میڵ خیمی) یاسای بازرگانی کردنی خستۆتەژیر پیوەکەلەساڵی ١٩٨٤دا ماددەکانی (فۆسفۆرید) و (فۆکس فلۆرایدیان) ناردبوو بۆ عیراق،لەهەمان مەلەفیشدا باسی ئەوەئەکەن کەگوایەئەم ماددانەیەن لەعیراقەوەگەڕاندۆتەوەبۆ هۆڵندا ئەوەی کەئەمەبەفیعلی کرابیت پرسیار هەلدەگریت و من گومانم لیی هەیە!.

**سەرچاوەبنەڕەتیەکانی لیکۆڵینەوەکەت لەسەر ئەم کۆمپانیاو ماددانەچین و کین؟**

بەشیکی ئەم لیکۆڵینەوەیەی من تازەنیە،لەهەندیك ناوەندو جیگەئەم زانیاریانەهەبوون،ئەوەی من کردوومەلسیت کردنو ئامادەکردنی هەموو ئەوانەبووە،ئ ەمەبیجگەلەگەڕان بەدوای ئەوبەشانەی کەنادیاربوون و پڕکردنەوەی ئەوبۆشایی ەنەزانراوانەبەزانیاری و ڕاستی ورد،من زۆربەی ئەمانەم لەکەناڵەکانی وەك،وەزارەتی بازرگانی و ئەرشیفەکانی،وەزارەتی کاروباری دەرەوەو ئۆرگانەکانی دەوروبەری، دا دەستم کەوتون،لەهۆڵندا حاڵەتیك هەیەپییدەڵین ئاشکراکردنی ڕاستیەکان یان کردنەوەی دەرگاکانی ئەرشیفەکانی وەزارەتاکان و ئۆرگانەکان، کەمن لەویدا زۆرزانیاریم بەدەستخستووە،ئەمەبەشەتازەکەی لیکۆڵینە وەکەپیکدینیت،دۆکومینتەکانی کەتاماوەیەك لەمەوبەرپاریزراوو نهەینی بوون من خستومنەبەر ڕوناکی و لیکۆڵینەوەکەم لەسەر بنایات ناون،هەم زانیاری وەزارەتەکان و هەمدەوری ئەمریکاو هەموو ئەوشتانەی تریش وەك دەوری سیاسیەکان لەم پرۆسەیەدا بەتایبەت لەساڵی ١٩٨٤ بەدواوە،،من بەشیکی تریشم لەزانیاریەکان لەوکۆنتراکتانەوەکەلەنیو ان کۆمپانیاکاندا کراون دەستکەوتووە،ئەمانەو بەشیکی گرنگی ئەوزانیاریانەش کەلەکاتی داگایی فرانس ڤان ئانراتدا ئاشکرابوون و هاتنەمیدیاکانەوە، یان لەکاتی دادگایەکدا لەناوەۆلی دادگادا خۆم یاداشتم کردوون یان لەدۆسیەی فرانس ڤان ئانراتدا هەن،لەهەمووان گرنگتر ڕاپۆرتەنهەینیەکانی (ئیف،ئیف،سی،دی) کەپوختەی ئەوزانیاریانەن کەهەم عیراق داویەتی بەنەتەوەیەکگرتووەکان و هەم لەسەر عیراق زانراون لەسەر چەکەبەکۆمەڵکوژو کیمایاویەکانی عیراق...

**ئایا ئەوزانیاریانەی کەلەسەر ئەم کۆمپانیایانەهەن بەشی ئەوەدەکەن،یان بەکەڵکی ئەوەدین کەلەسەریان لیکۆڵینەوەی یاسایی و شکاتکردن لییان دەست پیبکریت؟**

تۆکەلیکۆڵینەوەکەت خویندۆتەوەئەزانی کەزانیاری زۆر ووردی تیدایە،بۆنموونەبڕی ماددەکان،ناوەکانیان،بۆچی بەکاردیت و چی لیبەرهەمدهەینریت،کی و کام کۆمپانیا ئەوانەیان فرۆشتووە،کەی و لەکام سڵ و مانگ و ڕۆژدا،ساڵ وەوکارو ڕیگای گەیشتنیان بەعیراق،لەراپۆرتەکانی عیراقیشدا کەلەنەتەوەیەکگرتووەکەن هەن لەسەر ئەم چەکانەی ئەم زانیاریانەیەکدەگرنەوەو یەکتری و ڕاستەکان بەهیزتردەکەن،هەر لیرەوەش ئەوەبەدەردەکەویت کەدەوری ئەم کۆمپانیایانەچی بووە،نەك هەر دەوری کۆمپانیاکان بەڵکو دەوری هەندیك لەسیاسیەکانیش کەلەم دۆزەدا بەدەردەکەون دەکریت شیاوی دۆزیکی یاسایی و هەڵویستەکردنی داگاکان بیت لەسەریان،ئەوەت لەیادنەچیت کۆمپانیاکان خۆیان لەپشت بڕیارو هاوکاری سیاسیەکانەوەشاردۆتەوە،بۆنمو ونەبۆلکستاین نوینەری بەرژەوەندی و قازانجی کۆمپانیاکان بووە،نەك هەرئەمەش بەڵکو مەسئولیەت وبەرپرسیاری مۆراڵی و ئەخلاقی ئەمانەلەبەرانبەر هەموو ئەو قوربانیانەی کەبوونەقوربانی ئەم دۆزەکوشندەو ژهەراویە،جیگەی لیپیچینەوەوبەدواداجوون و خستەنەبەردەمی دادگان.

**لەکاتی داگای فرانس ڤان ئانراتدا باسی ئەوەدەکرا کەلە٩٠٪ ی ئەم ماددانەلەڤۆناغیکی دیاری کراودا لەلەیەن فرانس ڤان ئانراتەوەفرۆشراون بەعیراق، لەلیکۆڵینەوەکەی ئیوەدا باسی بڕی ٤٥٪ ئەکەن**

**کەکۆمپانیا هۆڵندیەکان لەقۆناغیکی تراد بەعیراقیان فرۆشتووە،هەروەها لەلیکۆڵینەوەکەدا باسی کۆمپانیا یابانی و ئەمریکی وئاسیایەکان هەیە،دەکریت لەم بارەوەزیاتر ئەمەروون بکەیتەوە؟**

دەبێت لەسەرەتاوەئەوەلەبەرچاو بگرین کەباسی کام قۆناغ و کام ساڵ دەکەین،فرانس ڤان ئانرات لەساڵی ١٩٨٥ بەدواوەدەوری زیاترو گرنگی هەیەو ئەوبری ٩٠٪ ی ئەودەورانەیەواتەلە١٩٨٥ بەدواوە کەلەریگەی فرانسەوەبەقاچاغی گەیانراونەتەعیراق،واتەك اتیك کەبازرگانی کردن بەم ماددانەوەبەپیی یاسا قەدەغەکراوە،کۆمپانیاکان دەوریان لەساڵانی ١٩٨٠ بەدواوەو تا ساڵی ١٩٨٥ و دواتر دریژەئەکیشیت و ئەوبری ٤٥٪ سەرجەمی ئەوانەیەکەکۆمپانیا هۆڵندیەکان داویانەو فرۆشتویانەبەعیراق،ئەم راپۆرتەباسی زۆر شتی ترئەکات و زۆرشت روون ئەکاتەوەبۆ نموونەبارچەو کەلوپەلەکانی دروستکردنی کۆمپانیاکانی عیراق زۆربەیان لەلایەن کۆمپانیا ئینگلیزی و ئەڵمانیەکانەوەدابین کراوە،ئەوەشمان لاروونبێت کەفرانس و کۆمپانایا هۆڵندیەکان تەنها بازرگانیان بەم کەل و پەل و ماددانەوەکردووەو واتەخۆیان بەرهەمیان نهیناون ئەوان تەنها کریویانن و رەوانەی عیراقیان کردوون،کۆمپانیا ئەمریکی و یابانی وئەڵمانیەکان بەرهەم هێنەری ئەم ماددانەن، بیجگەلەوەش هەم فرانس و هەم کۆمپانیا هۆڵندیەکان راستەوخۆ بازرگانیەکانیان لەریگەی کۆمپانیای (سۆرغی) عیراقیەوەکردووە،کەبەناو کۆمپانیایەکی عیراقی بووەبەڵام لەرستیدا بەشیك بوولەوەزارەتی پیشەسازی جەنگی عیراقی و ئەوان بەریوەیان بردووە.

**جیتان لەم لیکۆڵینەوەیەدا پی گرنگەیان گرنگی ئەم لیکۆڵینەوەیەبۆ ئیوەلەچیدایە،بەتایبەت کەزۆر لەسەر رۆڵی دەوڵەتداو کەسایەتیەسیاسیەکان و لەم لیکۆڵینەوەیەدا بەدەر ئەکەویت و باس ئەکریت؟**

بەداخەوەهەمیشەهۆڵندا دەوریکی خراپ لەم دۆزانەدەئەبینیت،سەیری مەلەڤی ئەتۆمی بکە، یان سەیری چەکەك بەکۆمەڵ کوژیەکان بکەکەکەوتۆتەدەست پاکستان، هۆڵندا وڵاتیکی بچووك لەسەر نەخشەبەڵام هەمیشەدەوریکی زۆرخراپ و نەگەتیڤی هەیەلەم تیکەولیکانەدا، ئیمەلەفەرەنساو ئەڵمانیاو ولاتانی تر بچووك ترین بەڵام هەمیشەچەند بەرابەری ئەوان دەوریخراپمان هەیەلەم کارانەدا،هەمان وڵات واخۆپیشئەدات لەناوەندەناودەول ەتیەکاندا کەبۆئازامی و بۆ ئاشتی هەوڵ ئەدات،کەبەداخەوەپیچەوانەکەی راستەو دەوریکی دوفاق ئەبینیت، بۆیەئیمەوەك (کەمپەینی دژی بازرگانی چەك) لامان گرنگە راستیەکان ئاشکرابن و خەڵکی هۆڵند ئەم پارادۆکسەببینن رووی راستی شتەکان پیشان بدەین،دەبێت هۆڵندا شەرم لەمەبکات و لەم هەڵەوتاوانانەوەفیر ببێت،ئەگەر ئیمەلەم هەڵانەوەلەم تاوانانەوەفیر نەبین دیار نیەدوای ٥ ساڵی تر چەکی کۆمەڵ کوژ ئەدەینەکیو چی تاوانیکی تر ئەنجام ئەدریت ؟،ئەبێت ئەوەپیشانی بازرگانەکان و سیاسیەکان بدەین کەلەپیناوی بەرژەوەندی تەسك و قازانج و سەرمایەدا ژیان و گوزەرانی خەڵکانی تر نەکەنەقوماری مان و نەمانەوە،لەلایەکی ترەوەهۆڵندا ئەگەر دەوری خراپ بووە،دەبێت رووباشەکەی خۆی پیشانبدات و ئامادەبێت و دان بەهەڵەکانی خۆیدابنیت و دەستبکات بەهاوکاری هەمەلایەنەی ئەوانەی بوونەقوربانی.

**ئەم باسەو ئەنجام گیرەی شتیکی بیر هیناموە،ساڵی پارکریستا ڤان فیلزن کەپەرلەمانتارەو لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیستە،داوای لەحکومەتی هۆڵنداکرد کەخەرجی پرۆژەیەکی پزیشکی بدات،کەتایبەتبوو بەژنانی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی نەخۆشی سەرەتان لەهەڵەبجە،حکومەتی هۆڵندا چەند وەڵامی ئەم داخوازیەی دایەوە؟**

با ئەوەئاشکرابێت کەحکومەتی هۆڵندا راستەوخۆ بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان و کۆمپانیاکانی لەعیراقدا تەئمین کردبوو،بەوهۆیەی هیچ کۆمپانیایەکی بیمەئامادەنەبوو زامنی سەرمایەی ئەوکۆمپانیایانەبکات لەعیراقیکی پرشەروشۆرو ئاشوبدا، عیراق بەوەش ناسرابوو کەقەرزاکانی زۆر کۆن دەبوون زوو نەیدەدان، من ئاگاداری ئەوەم کەکەپەرلەمانی هۆڵندا باسی ئەوەیکرد کەلەم قەرزانەخۆش ببن و بدیت بەعیراق ،ئەمەلەرۆژنامەی (تراو) دا چەند ساڵ لەمەوبەر بلاوبۆوە، کاریکی سەیرە،کەکۆمپانیای (میل خیمی) چەند ساڵ لەمەوبەر لەسەر ژێرپێخستنی یاسای بازرگانی ماددەکیمیاویەکان سزادرابوو کەناردبوونی بۆ عیراق،بەڵام هەمان کۆمپانیا لەعیراقدا بەرژەوەنیەکانی لەلایەن دەوڵەتی هۆڵەنداوەتەئمین کراوەو کریدیتی پیدراوە،ئەمەهەمان ئەوپارادۆکسەیەکەسیاسەتی هۆڵندی بەریوەی دەبات و ئیمەش دەمانەویت بخریتەروو خەڵك لییان ئاگاداربێت و هەڵویستیان لیوەردەگریت.

بۆخویندنەوەی راپۆرتی کۆمیتەی دژی بازرگانی چەك لەهۆڵندا سەری ئەم لینکەبکە:

Rapport Campagne tegen Wapenhandel:
www.stopwapenhandel.org/publicaties/boekenbrochures/Irakrapport.pdf

# بەیان رەحیم هەڵەبجەی شەهید:

# ئەوە حاڵەکەمانە ئەی چۆن خەفەت ناخۆم

**بەیان دوای ئەوەی چووە دەرەوەو بەتەلەفۆن روخسەتی لەمێردەکەی وەرگرت جارێکی تر هاتەوە ژورەوەو ووتی بەڵی ئامادەم قسەدەکەم، بەڵام توخوا ئەگەر دەزانی سودێکی نابێت بابەس بێت ئەوەندە قسەمکردووە ماندووبووم، ناخۆشیەکانم زۆر زۆر زۆرن، نەخۆشیم زۆرە، بریندارى چەکی کیمیاویم و سێ جارگ جەرگم سوتاوە خۆم بەرچەکی کیمیاوی کەوتووم و کەس بەهانامانەوە نایات، ئەم ژنە لەبنەرەتدا خەڵکی هەڵەبجەن و ئێستا لەشاری سلیمانی نیشتەجێن، لەوماوە کورتەدا کەمن لەبەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان کارمکردووە هەمیشە روخساریم لەبەرچاوبوو، ژنێکی رەش پۆش، زوو زوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بەرچاودەکەوێت، بەڵام هەرگیزبە ڕویەکی خۆشەوە نەمبینی هەمیشە وادێتە بەرچاوم کەخەمێکی قورسی هەیەو کەس نیە دەرگای ئاسودەیی لێبکاتەوە هەرکە چاوم پێی دەکەوێت دەزانم ئەمجارەش دڵشکاوەو کارەکەی بۆ مەیسەرنەبووە.**

حیکایەتی ئەم ذنة زؤردورو درێژە، هەتا ئێستا سێ جارکۆستی کەوتووەو سێ کوڕی بەهۆی جیاجیاوە گیانیان لەدەستداوە ساڵی ١٩٨٧ کە سوپای ئێران شاری هەڵەبجەیان بۆمباران کرد دووکوڕەکەی ( سێوان و حمزە) بەراجیمەکانی ئێران دەکوژرێن، لەدوای ئاوارەیی ساڵی ١٩٩١یش (شاخەوان) بەنەخۆشیەك گیان لەدەستدەدات، کەدوای ١٦ کاری نەشتەرگەری و تادرەنگانێك نەیانزانی کەبەهۆی ئاڵودەبوونی ئەو کیمیاویەی بەردایکی کەوتووە ئەمیش تووش بووە، نەخۆشی شاخەوان دەگەڕێتەوة بؤئەوةی کةدایکی واتة بةیان خؤی ئالَودةی ضةکی کیمیاویةو مندالةکانی بةناتةواوی دیَنة دنیاوة، هةرضةند دکتؤر ئامؤذطاری دةکات کةوا نةهیَلیَت منداليان ببيَت، بةلآم "شاخةوان" دیَتة دنیاوةو تةمةنیَکی زؤر بةنةخؤشی دریَذة ثیَدةدات، بةداخةوة ئةویش لة قؤناغی سیَهةمی ناوةندیدا دةبیَتة قوربانی هةمانِ ئةو مادةکیمیاویةی کة هةتا ئةمرؤ خةلَکی هةلةبجةی خستووةتة دلةراوکیَوةوجةستةی دایکی شاخةوانیش ثیَیةوة ئالودةیةو هةزاران کةسی لة شاری هةلَةبجة کردة قوربانیء هةتا ئیستاش بریندارانی ضةکی کیمیاوی لةوشارة بة ئازارةوة دةتلیَنةوة.

ماڵی بەیان لەساتەوەختی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ی ڕۆژی شانزەی سێ دانیشتووی شاری هەڵەبجە بوون، بەڵام لە بۆردومانی کیمیابارانەکەی ڕۆژی شانزەی سێ بەرەو ئێران دەکەونە ڕێو ناوەستن تادەگەنە ئێران لەوێ سەرەتا لەمزگەوتێکدا دەگیرسێنەوەو داتریش بۆماوەی ٦مانگ لەئۆردوگاکانی ئێران ئاوارە دەبن، پاشان بەبریاری لێبوردنی گشتی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێنەوە بۆ کوردوستان بەو هیوایەی بچنەوە سەرماڵ وحاڵی خۆیان، بەڵام لەگەرانەوەیاندا رژێمی بەعس هیواکەیان ناهێنێتەدی بەڵکو بەبێویستی خۆیان راستەوخۆدەیانبات لە ئۆردوگای زۆرەملێی پیرەمەگرون فڕێیان دەدات، بێئەوەی هیچ شوێنێکیان بۆدابین بکات تالێی نیشتەجێ بن.

لەرۆژێکی پرلەجەنجاڵ و سەرقالیمدا بەیان رەحیم خۆی بە ژورەکەمدا کرد بینینی ئەمجارەی بەیان لەهەموو جارەکانی تر بۆمن کاریگەرتربوو، ئەرۆژە زیاتر لەچوارموعدم هەبوو هەموشیان بۆ تاوتوێ کردنی کاروباری ئەنفال بوو، بەڵام هیچیان ئەوەندەی بینینی ئەو جارەی بەیان کاریان تێنەکردم، بەرلەوەی ئەو بێتە ژورەوە لەگەڵ کاك عەبدواللە عەسکەری باسی رۆژگاری دڵرەقی ئەمرۆمان دەکرد، کەچ چۆن کەسانی قوربانی ئەنفال وکیمیابارانی کردووەتە پەندی زەمانەو هەتا ئەمرۆش قوربانین و ژیانیان بۆنەگەراوەتەوە، کاك عەبدواللە عەسکەری خەڵکی گوندی گۆپتەپەیەو هەموو خێزانەکەی لەبۆمبارانی کیمیاوی رۆژی ١٩٨٨/٥/٣ ی ئەوگوندەدا گیانیان لەدەستدابوو، بەدەنگەوە چوونم بۆ دیداری بەیان و گوێگرتن لەخەمەکانی وای لێکردم نەمزانی کاك عەبدواللە چۆن ژورەکەمی بەجێهێشتووە، بۆیە لێرەوە داوای لێبوردنی لێدەکەم ئەگەر وەکو پێویست بەدەنگیەوە نەچووبم.

دوای ئەوەی بەیان رەزامەندی دەربری قسە بۆئەنفالستان بکات ووتی: لەکوێوە دەست



پێبکەم و چیت بۆباسبکەم، لەکیمیاویبارانەکە رامانکرد بۆ ئێران ٦مانگ لەوێ ماینەوە کە گەراینەوە هەرلە سەرسنورەوە هێنایانین بۆ ئۆردوگای پیرەمەگرون فڕێیاندااین و هێچیان نەداینێ نەئەرزە نەخانوو، وەزعمان زۆرخراپ بوو مێردەکەم کەسوکاری بەرچەکی کیمیاوی کەوتبوون ٦کەس لەخوشکوخوشکەزای بەکیمیاوی کوژرابوون، لەئۆردوگای پیرەمەگرونیش بەو وەزعەوە فڕێیاندابووین، کەپرسیاریشمان دەکرد دەیانگووت دەتانبەین بۆ هەولێرلەوێ مجمعتان بۆدەکەین، ئێمەش هەرچۆنێك بوو لەوێ خۆمان دزیەوەو هاتین بۆ سلێمانی، لەوێش نەماندەوێرا بلێین هەڵەبجەیین لەبەرئەوەی خانویان نەدەدا پێمان لەترسا دەمانگوت خەڵك صەید صادقین، چونکە کەس نەیدەوێرا خانو بەکرێ بدات بەهەڵەبجەیی، مێردەکەم مالی خوشکێکی بوو لە راپەرین ژورێکیان داپێمان لەوێ ماینەوە، دوایی لەکارێزەوشك خانوویەکمانگرت مالی ئاوابێ صاحیب خانووەکە ووتی ئەگەر پرسیاریانکرد بلێن خانووی خۆمانە، دووجار عومەر دۆشکە هاتەسەرمان، خەریك بوو

بمانگرن، بەوحاڵەوە ماینەوە هەتا راپەرین دوایی چوینەوە بۆهەڵەبجە خانویەکی هاکەزایمان هەبوو کیمیاوی لێیدابوو لەلایەکیەوە ژورێکمان پێکەوەناو تیایدابووین، هەتا راپەرینەکە ئینجا ئاوارەبووینەوە بۆئێران، جارێکی ترگەراینەوە هەتا ئەوکاتەی شەری نیوان یەکێتیوحەرەکە دەستی پێکرد گەراینەوە بۆسلێمانی مێردەکەم لەسەریەکێتی پەتپەتێنی دنیایان پێکرد زیندانی ئەبەدی بوو لەزیندان ئەوەندەیان لێدابوو ئێستاش توشی ئەعصاب بووە، بەخوا یەکێتیش لە ٦کیلۆ برنج زیاتر یەك شتی نەداوەپێمان، دواتریش لەبەردەستکورتی خانوەکەی هەڵەبجەشمان هەر بەکەلاوەیی فرۆشت بەخوا دامان بە ١١ هەزاردینار هەربەبەلاش دامان، ئیتر نەچووینەوە بۆهەڵەبجەش، ئێستاش ئەوە حاڵەکەمانە کەدەیبینی، من لە رۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٥ وە خەریکی معامەلەم هەتا ئێستا هیچم بۆ نەکراوە ئەوەتا ئەوە هەموو فەحصو فحوساتی دکتۆرە ئەوە دەرمانەکانمە( بەیان زیاتر لە ٢٠ ئەوراقی فەحصی دکتۆرو زەرفێکی پەنگوینی داودەرمانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو) هەروەها ئەو معامەلانەشی هەمووی پێبوو کە لێژنەی پزیشکانی تایبەتمەند بۆیانکردبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشاو ووتی: ئەوەتا ئەمە هەمووی معامەلەیە هەفتەی واهەیە دوجارمن دەچمە عیادە، خۆم بەرکیمیایی کەوتوومو ناوسکم هەمووی برینە، برایەکیشم هەردووچاوی لەدەستداو دوجار چووەتە دەرەوە عەمەلیاتی بۆکراوە هیچی بۆنەکراوە، کوێربووەو باوکێکی پیرم هەیە هیچیان بۆدەرنەچوو بەخوا لەتاو نەبوونی خانوەکەی فرۆشت، ئێستاش دەمەوێت یارمەتیم بدەن کورەکەم بۆیە مردووە کە خۆم بەرچەکی کیمیاوی کەووتووم من دکتۆرکاوە حسێن ووتی پێم تۆنابێت مندالَت ببێت. کورەکەم بەو دەردەوە مردو کردوویانە بە شەهیدی کیمیاوی کەچی موچەی نیە..!! سێ باخمان هەبوو بەخوا لەبەر یەکێتیو لەترسی جوندالاسلام وازمان لێهێنا برایەکم سایەقی تەنکەربوو لەحەریقەکەی هەلەبجە ئەنسارالاسلام کوشتیان بەخوا هەتا ئیستا هیچیان بۆنەکردووە، ئەوەسێ ساڵە عەزێتم ئەدەن هیچیان بۆم نەکردووە، لیژنە توبییەکە نەیان نوسیوە کەئەم ژنە بەرکەوتووی چەکی کیمیاویە بەخوا کورەکەم ١٦ عەمەلیاتیان لەخەستەخانەی یەرموك بۆکرد نەخۆشیەکەیان نەدۆزیەوە هەتا دکتۆر ئەنوەر شێخە بردیە ئەمریکا لوەکەی بۆدەرهێنا ووتی ئەمە لیمفەکانی کیمیاوی کاری تێکردووەو هەموو لەشی گرتووەتەوە دوایی تر بۆجارێکی تر دکتۆر ئەنوەر شێخە ووتی بۆم بێنن بۆئەمریکا عەمەلیاتی دەکەم، معامەلاتمان بۆکرد بەخوا نەیاناردینە دەرەوە هەتا مرد، بەخوا بەم داماویەو بەم نەخۆشییەمەوە ئەوەندە هاتوو چۆم کردووە رەنگە هەتائێستا شەشحەوت وەرقەم سەرف کردبێ، نەشمزانی وام پێدەکەن ئەگینا ئەو هەموو مەسرەفەم بۆچی دەکرد، بەخوا ئەوکورەم هەتا مرد ٢٥ جار بردوومە بۆبەغدا هەرجارەو ٥ وەرەقەو ٦ وەرەقەمان تێدا خەرجکردووە تەنها یەکجارنەبێت دکتۆر محمد خۆشناو (٥ ) وەرقەی بۆمان خەرج کردووە ئەگینا هەموویمان هەربەقەرزو قوڵە بووە ئێستاش زۆر قەرزدارین، ئەمە هەربەهۆی ئەو کورەمانەوە، کەچی کورەکەشمان مردوو ئەم هەموو شتەشمان تێداچوو، هیچیشمان بۆنەکرا ئێستاش نازانم بلێم چی گلەیی حاڵی مێردەکەم لەحکومەت بکەم، هی خۆمی لێبکەم، هی کورەکانم کەهیچیان بۆنەکراوە؟ هی براکەم بەخوا مێردەکەم لەژێر تەعزیبا دارزیاوە لەهیئەی کەرکوك دوایی حوکمی موئەبەد درا باشبوو بەعەفوی عام نەجاتی بوو، ئەگەرلەسەر یەکێتیوحکومەتوجوندوا لاسلام نەبێ بۆچی ئاوامان لێدێو دەربەدەر دەبین؟ ئێستا مێردەکەم موچەی زیندانیەکەی وەردەگرێ بەلام خۆمو کورەکەم هیچمان بۆنەکریاوە، کەچی لیژنە توبی پێم دەلێن تۆ کەئابەت هەیە نابێت خەفەت بخۆی؟ من هەموو لەشم هەلاهەلایە ریخۆڵەم ...دکتۆر دەلێت نابێت هیچ حەبێك بخۆی تەنها ئەو حەبەنبێت یەك دەنکی بەهەزار١٠٠٠ دینارە، ئەوە گریەك والەپشتما ئەوەش وەزعو حاڵەکەمە ئەی چۆن خەفەت ناخۆم؟ ئێستاش داواکارم لەو بەرپرسانە با یارمەتی ئێمەش بدەن هەقی خۆمانە، چونکە ئێمە مالیشمان تێداچوو سەریشمان تێداچوو خۆزگەم بەوکەسانەی زوو مردنو ئەم هەموو نەهامەتیەیان نەبینی،و بۆئەم دەردی سەریە نەمانەوە. ئەوەتا ئێمە ماوین توشی هەزار دەردی سەری هاتین، بەخوا دوومانگی رەبەقە من لەناوجێگە کەوتووم هەموو دکتۆرەکان دەزانن بەدەست ئەو کورەمەوە چیم بەسەرهات ئێستاش وەزعم نارواو لە رووم نایات داوای یارمەتی لەکەس بکەم، سبەی خۆشم بکەوم کێ خزمەتم دەکات،

لیژنەی پزیشکان
د. عەلی تقی پسپۆری چاو
د. تاریق صالح قادر پسپۆری هەناوی
د. بەرزان محمدعلی پسپۆری دادوەری
د. بەناز عەلی ئەمین پسپۆری مندالبون
د. حامد ئەحمەد محمد پسپۆری ئێسكو شکاوی
د. حەمید عبدالرحمن محمد سکرتێری لیژنە

ئامادە کردنی ئەنفالستان



کوێتداو دەست تێوەردانی ڕۆژئاوا بەرامبەر وڵاتە ئەڵقە لەگوێکان کەعێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانە٠

بەشی پێنجەمی بابەتەکە تایبەتە بەهەڵەبجە، سەرتا کۆمەڵێك وتە و تۆمارکراوی (عەباسی ڤیدیۆ ) دەخاتە روو کە لەعێراقدا بووەو تۆماری مردنو ئاوارەبوونەکانی کردووە کەنوسەر بەگێرانەوەکانی دەتباتەوە ناو ڕووداوەکان،لەبابەتی یەکەمی ئەم بەشەدا ڕێکەوتنەکان لەنێوان حیزبەکوردیەکانو ئێران کەهەردووکلا یەك ئامانجیان هەبووە، ئەویش راوەدونانی رژێمی عێراق بووە، دواتر لەباس و خواسی شەرەکەدا سەرجەم لایەنەکانی هێرشەکان روون دەکاتەوە، لەکیمیابارانی شاری هەڵەبجەشدا لەباسی نێوان ( دوو جیاواز) دا باس لەو لایانانە دەکات کە لەهێرشەکەدا ئێران دەڵێت لە(١٧) ی مارتدا هەڵەبجەی گرتووەو پێشمەرگەش دەڵێت لە (١٥) ی مارتدابووەو وەك ئاشکرایە گازبارانەکەش لە (١٦) ی مارتدابووە، دژواریەکانی باسەکە روون دەکاتەوە لەگێرانەوەیەکی ئەلتەرناتیڤدا نوسەر باسەکانی نێوان ئێران و پێشمەرگە بەسەرجەم حیزبە کوردیەکانەوە، کەهەریەك لەمانە باسێکی وردەو هەریەکەش کەپێشرەویە کەبۆ خۆی دەگەرێنێتەوە، وە لە بەشی کۆتایی باسەکەدا ئەومەسەلانە ئاشکرا دەکات کە لەناو فەرماندەی حزبە کوردیەکاندابووتە هۆی پەلامارە کیمیاویەکەی رژێمی صدام حوسین لەوناوچانەی خەڵکی لێنیشتەجێیەو هەروەها ئێران خەتابار دەکات بەداخستنی سنورەکانی بۆماوەی رۆژێك بەر لەهێرشەکە لەکاتێکدا کە گومانی وەها هێرشێکیش لەئارادابوو، هەروەها ئێران و ئێرانیەکان بە تاڵانیەکانی حەڤدەی مارت تاوانبار دەکات ٠

چرە دوکەڵ باسی یەکەمی کاریگەری رەوشی هەڵەبجەیە کەسەردێری بەشی شەشەمێتی، نوسەرتێدا ئەو هۆکارانە ئاشکرا دەکات، کەویلایەتە یەکرتووەکان بەهۆیەوە پەردەیان بەسەر تاوانەکانی عێراقدا داوەو بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بەبەکارهێنانی گاز لەناوچەمەدەنیەکاندا دیاریدەکات ٠ لەبابەتی گاز وەك بەشێکی تەواوکەری ئەنفال باس لەورە روخانی پێشمەرگە دەکات لەدوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە هەروەها بە وردەکاری یەك لەدوای یەك شوێن و کات وچۆنیەتی رووداوەکانی ئەنفال، لەدەمی پێنج پیاو کورێکی دەربازبووی "چاڵەکانی مەرگ" گۆرەبەکۆمەڵەکان دەگێرێتەوە، هەروەها لەسەر زاری( وەفیق سامەرایی) یشەوە مەبەستەکانی سەدام حسن لەئەنفالدا روندەکاتەوەو ئاشکرای دەکات کە ئاماژەیە بە کوژرانی کوردەکانی دەوروبەری کەرکوك لەجیاتی هەموو کوردەکانی هەولێر یان هەر شارێکی تری کوردستان، چونکە ئەو شارانە بەکوردنشینی هەردەمێنێتەوە، بەلام کوشتنی کوردەکانی کەرکوك گرنگیەکەی لەوەدایە کە کەرکوك دەکاتە شارێکی عەرەبی، لەباسی ئەنفال و موخابەراتی ئەمەریکادا کە ئەمەریکایەکان ئاگاداری ئەنفال بوون لەرێگەی وێنە سەتەلایتیەکانیان لەهەمان کاتدا بێدەنگ بوون و دواتر ئاماژە بەجەنگی کەنداو دەکات کە بەهەل رێکخستنێکی دادەنێت کەکوردەکان تونیویانە خۆیانی تیا بدۆزنەوە و لەباسی بەکارهێنانی گاز بۆ کۆتایی پێهێنانی جەنك ئاماژە دەکا، بەوەی کە عێراق هەرەشەی بەگازی تێکەڵ لەگەڵ ( VX) لەشارە گەورەکانی ئێران کردووە کەئەمەش بووەتە رازیبوونی ئێران بەئاگر بەست کەخومەینی لەم ئاگر بەستەدا لەوتەیەکیدا وتویەتی (کە دەبێت بەناچاری لەو پەرداخە ژەهرەبخواتەوە) کە نوسەر ئەمەش بەهەرشەی گاز بارانکردنی تاران دەست نیشانی دەکات ٠

لە بەشی حەو تەمدا کە سەرجەمی باسەکانی لەژێر ناویشانی ( ئێران و بەکار هێنانی گاز ) دیاری کردووە، نوسەر ئاماژەی کردووە بەوتارێکی ئەنجومەنی ئاسایش بەرامبەر بە ئێران کە دەڵێت (کەرە دێزەکەی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی) لە بەر ئەمەش بووە کەعەمبارەکانی کیمیایی بەرووی عێراقدا والا کردووە تا کو ئێران بەچۆکا بهێنێت هەر ئەمەش بوو وای لەعێراق کرد کە دەستکراوە بێت لەهەر هێرشێکی گاز بۆ هەر وڵاتێك کەبیەوێت، ئەم باسانەو چەندین وەردەکاری تر لەباسی دێژەدا نوسەر ئاشکرای کردووە و لەباسی ئایا ئێران گازی بەکار هێناوە کۆمەڵێك وردەکاریو بەڵگەوسەلماندنی خستەوەتەروو لەسەر بەکارهێنانی گاز لە لایەن ئێرانەوە کەدژ بەناوچە کوردیەکان و هێزەکانی (حدکا ) بەکاری هێنابن، لەبابەتێکی تری باسەکەدا نوسەر بەڵگەکانی دەخاتە روو لە سەر بەکارهێنانی گازەکان سەرەرای گەرانەوەی گازەکان بەهۆی باوە بەسەر بەرەکانی عێراق خۆیاندا کەئەمانە ئەنجومەنی ئاسایش کردوونیە بەڵگە بۆ سەلماندنی بەکارهێنانی گاز لەلایەن ئێرانەوە، دواتر لە هەردوو باسی (ئێران – عێراق – هەڵەبجە)دا لەگەڵ هاوسەنگی زانیاریەکان رادەی تۆمەتباریەکانی هەردوو وڵات دەردەخات لەسەرزاری فەرماندەییەکانی ئاسمانی عێراقەوە و باس لەو کێشە خەیاڵیەی بۆمبی کیمیاوی دەکات، کەفرۆکە نێردراوەکان بەسەر هەڵەبجەدا بەریان داوەتەوە کە بە(٥٠٠٠٠) کیلۆ گرام مەزندە دەکرێت ٠

لە بەشی هەشتەمدا و لە سەرجەم بابەتەکاندا و لەژێر ناونیشانی ( ساختەکاری لە بەڵگەدا ) نوسەر ئەوە روون دەکاتەوە کەلەلایەن (سی ئای ئەی) (C.I.A) ( و (پنتاگۆن) ەوە کۆمەڵێك بەڵگەخراونەتە روو کە تاوانباری ئێران دەسەلمێنێت کە لە باسی ( پنتاگۆن و هەڵەبجە) دا نوسراون.

لەبابەتی هەواڵدەر و گوێگرتن لەپەیوەندیەکاندا نوسەر باس لەو ئامێرانە دەکات بە ئیمێل و تەلەفۆن وبێتەلەکانیشەوە کەپێشمەرگە کوردەکان گوێیان لێ گرتووە لە (FM) ی رادیۆ دا کەدواتر لەسەرئەو هەواڵانە توانیویانە خۆیان و هاورێ حیزبیەکانیان لەهێرشەکانی رژێم ئاگادار بکەنوخۆیان لەناوچەی ئامانجەکانی هێرش بپارێزن، لێو شین لەبەرامبەر لێو سوردا بابەتێکی تری ئەم باسەیەو کەتیدا مشتو مرێکی پزیشکی لەخۆ دەگرێت کەچەندین پزیشك دێنێتەوە کەویستویانە جۆری گازەکان دیاری بکەن کە لەشەڕەکاندا بەکارهێنراوە، دواتر لەسەر تێکەڵێك لەگازەکان رێککەوتوون ئەمەش بەهۆی جیاوازی برین و شێوازی مردن و جیاوازی مانەوەی توشبووەکانەوە بووە ، بابەتێکی تری بەشەکە ( لەناو پنتاگۆندا) یە لێرەشدا ئەو سەرچاوانە ئاشکرا دەکات کەلە گازبارانەکاندا خۆیان بێئاگا نیشان داوە کە تەنانەت بەئیدانەکردنێکش لە تاوانەکە خۆیان پاك نەکردوەتەوە، هەروەها باس و لێکۆڵینەوەکانی دوو رۆژنامەنوس دەخاتە روو لەسەر هێرشەکان کەهەردووکیان لە سەرۆکایەتیەوە نزیك بوون ٠

هەتا ئێرە چاککراوە

لە بەشی نۆیەم و کۆتایدا کە سەرجەم باسەکان لە ژێر ناوی ( رێکایەك بۆ کویت ) دا کورتکراونەوتەوە نووسەر لە باسی یەکەمدا کە باس لە قەددەغەکردنی جینۆساید دەکات لە لایەن ئەمەریکا و رێگان و ئەنجمەنی ئاسایشدا کە بەسەر عێراقدا سەپێنراوە هەروەها کۆمەڵێ [2] لە هێرشەکانی جینۆساید لە ناوچەکانی بادیناندا دەخاتە روو پرۆژە یاساکەش بە کارێکی دواکەوتوو دەزانێت چونکە لە کاتێکدا بووە کە عێراق پێویستی بەبەکارهێنانی ئەم گازانە نەماوە و تیشك دەخاتە سەر ئەو راپۆرتە ئامادەکراوانەی کە باڵیزەکان و و پەیامنێران لە سنورەکانی تورکیادا ئامادەیان کردوە هەر لەم بەشەدا لە باسی ( بەرژەوەندێکی باڵاتردا ) باس لە بەرژەوەندی ئەمەریکا دەکات لە ئابلۆقەدانی عێراق و هۆکار و جۆرەکانی ئابلۆقەدانەکە دەخاتە روو و شەری داگیرکاریەکەی کویت بە خاڵێ کەرەوەی ئەمبارەکانی گاز ی عێراق وەسف دەکات ، لەدوا باسی بەشی نویەمدا دوبارە باس لەهاوکاریەکانی واشنتن بۆ عێرق دەکات و ئەو قەرزە زۆرەی بە عێراق دراوە دەخاتە روو ٠

(سەرئەنجام ) کۆتا بەشی کتێبەکەیە و سەرئەنجامی چەندین بابەت لە خۆ دەگرێت لەوانە باسی ( کورد و بوژانەوەی ناسیۆنالیزم ) دەکات و ئەو دەستکەوتانەی کورد کە لە ئەنجامی ئەنفال و هەڵەبجە وکیمیاباراندا دەستی کەوتووە ئاشکرا دەکات ، سەرەرایووژاندنی ترسی کورد لە گاز باران کە تەنها بە باسکردنێکی هەرەشە ئامێزەوە زیاد لە ملیۆن و نیوێك کورد لە شار و دیهاتەکانی دەردەپەرێنێت ،(ئێران و هەوڵ تەقەلای ئەتۆم ) نووسەر ئەو کوشتارە گازیانەی ئێران بە تۆمارێکی ورد و تۆڵەسەندنەوەی ئێران دەخاتە روو لە بەرهەم هێنانی ئەتۆمدا ، لە بابەتی( ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرنەکەوتن لە زوو دەستێوەردانەدا ) نووسەر باسەکەی پوخت دەکاتەوە و دەڵێت ئەگەر لە ساڵانی ( ١٩٨٣ -١٩٨٤ ) دا ئەمەریکا عێراقی بخستایەتە ژێر فشارەوە ئەوا ئەو کوشتار و جەنگانەی کە بوون لە ساڵانی دوایدا رویان نەدەدا هەروەها بە بەڵگە ئاگاداری موخابەراتی ئەمەریکی روون دە کاتەوە لە سەر هێرشەکەی هەڵەبجە کە ئامادەکاریان بۆ بینینی وێنەکان بە وێنەی سەتەلایتی پێش مانگێك لە هێرشەکە کردووە کە لە زاری ئەوانەی ئەو وێنانەیان دیوە دەگێرێتەوە ٠

لە بابەتی( بەئامانجکردنی خەڵکی مەدەنی : گەشەکردنی کلتوری لە سزا دەربازبووان ) نووسەر باس لە هۆکاری پەلامارەکانی حزب الله دەکات بۆ سەر هێزی فرە رەگەزەکان دەکات لە لوبنا ، هەرەها وتارێکی دۆنالد رامسفیڵد دەخاتە روو کە باس لە خاڵە لاوازەکانی کارەکانی خۆی دەکات لە کاتی هێرشە جەنگیەکاندا هەروەك چۆن کۆمەڵێك لەکارە قێزەونەکانی ئەمەریکاش ئاشکرا دەکات ٠

لە کۆتایی باسەکان و کتێبەکەدا نوسەر ئاماژە بەوتەی کۆتایی دەکات کە لە ئابی ٢٠٠٦لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نوسیویەتی کە تێدا باس لە بینینەوەی ئەو پێنج پیاو و کورە مێرد منداڵە دەکات لە ئەمەریکا کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا رزگاریان بووە کە وەك سەدەها خێزانی تری کورد گوێزراونەتەوە بۆ ئەمەریکا بەهۆی ترس و هەرەشەی رژێمی عێراق بۆ سەر ئەوکەسانەی کە لە رێکخراوە ئەمەریکیەکاندا کاریان کردووە ، هەروەها لەدوا پەرەگرافی پەرتووکەکەدا بە داداگایکردنەکانی سەرانی رژێم و لە سێدارەدانی سەدام حسێن لە کۆتا رۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٦ دا کۆتایی بە باسەکەی دێنێت ٠

خوێندنەوەی:

روبار وەلی

هەڵەبجەی شەهید

٢٧/٢/٢٠٠٨

(Footnotes)

[1] مەبەست لەبریارەکەی عەلی حەسەن مجید، بریاری ( ٤٠٠٨) نوسینگەی باکوری کە دواتر تاهر تۆفیق عانی وەکو راسپاردەیەکی گرنگ ئاراستەی هەموو یەکەکانی سوپاو دائیرەکانی ئەمنو موخابەراتی ناوچەی باکوری کردبوو.

# تۆ ئەی سەرکردە بەزیوەکە
# نامەیەك لە عەلی حەسەن مجیدەوە بۆ صەدام حسێن

ئارام کمال محمەد
بەڕێوەبەری کارگێڕی ڕێکخراوی
(CAMP)
aramskm@yahoo.co.uk

ئەی سەرکردە بەزیوەکە... ئێستا کاتێك خۆم لەنێو چواری دیوار تەنگ و تاریکدا دەبینمەوە هەموو ئەوەی لەتەمەنم ماوە چاوەڕوانییە بۆ ئەوکاتەی فەرمووی پەتی سێدارەم لێدەکرێت... ئەمرۆ کاتێ ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی یەکەم قۆناغی ئەنفال کە (٢٠) ساڵ لەمەوبەر دەستمان بەیەکەم قۆناغی کرد... ئەم ڕۆژەی ئێستا منی تێکەوتووەو ئەو ڕۆژەشی تۆی تێکەوتی بەری ڕەنجی چەندین ساڵەی خۆمانە، کەتەواوی عێراقییەکانمان فێرکردبوو لەگەڵ هەموو دەرگا لێدانێکدا شایەتومان بهێنن‌و هەمیشە (وەك ئێستەی خۆم) لە چاوەڕوانی مەرگدابن..

تۆ ئەی سەرکردە بەزیوەکە... ئەفسوس کاتێ ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم دڵنیام وەڵامم نادەیتەوەو دەشزانم تۆش لە چ زیندانێکدا کۆت کراویت... بەڵام ناچارم بەچەند وشەیەك ناخی خۆم دەربڕم...

جەنابی سەرۆك... زۆر دەترسم کاتێ لەسێدارەش دەدرێم دیسان بێمەوە لای تۆ ... من کە تەواوی ژیانم لەگەڵ تۆدا بەسەر برد... لەم ڕۆژەش ڕەش تر کە ئێستا منی تێکەوتووە...ئەو ڕۆژەی سەر شۆڕتر لە ئێستەی تۆ بێمەوە حزوورت...

بڕوام پێدەکەیت ئێستا نەفرەت لەخۆوم و لەوباوکە ناپاکەشم دەکەم کەمنی گەیاندە لای تۆ، تۆش لەسەر ناپاکی دڕندەیی باوکم متمانەی خۆتت پێبەخشیم، چونکە دەتزانی کوڕی چ باوکێکم، ساڵی ١٩٨٧ منت کردە لێپرسراوی نووسینگەی باکوری حزبی بەعس... بۆ سەرکوتکردنی کورد لەمن دوڕندەترت شك نەدەبرد، دەتزانی بۆ تاوانی ئەنفال بەندە نەبێ کەسێکی تر لەم وڵاتەدا شك نابەیت...

ئەی سەرکردە بەزیوەکە... لەم ڕۆژانەدا گەڕامەوە بەرەو مێژوو، ژیاننامەی زۆربەی دوڕندەکانی جیهانم هێنایەوە پێش چاوی خۆم، لە تۆماری هیچ کامیاندا تاوانێکی ڤێزەونی وەك ئەوەی ناومان نا (ئەنفال) بەرچاوم نەکەوت... هیچ کەسێکیشم لەخۆم و لەو جاشانەی لەگەڵم بوون ڤێزەونترم بەرچاو نەکەوت، ئێستاش کاتێ بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە ئەو پرۆسە نەگریسەم تیایدا ئەنجامدا... گومان لە مرۆڤ بوونی خۆم دەکەم و هەموو جارێ دەڵێم: دەبێ من زادەی کام منداڵدانی گیاندارانبم؟! نازانم ئەو کاتە بۆ هێندەی تینووی خوێن بووم ؟!

هێشتا لەپرۆسەی ئەنفال تەواو نەبووبووم، کەچی پەلەی هەڵەبجەشم بوو، هەربۆ ئەوەی فریای شیعەکانی باشور بکەوم، هەڵەبجەم بەگازی کمیاوی لە کۆڵ خۆم کردەوە، چووم بۆ باشور... چوومە ناوەڕاست... هاتمەوە بۆ باکورو چوومەوە بۆ باشور... سەرت کردم بە هەموو کونجێکی ئەم عێراقدا (ئیدی با کوشتاری کوەیتیش لەولاوە بوەستێ) تاوام لێهات ناوبانگی دوڕندەییم لە تۆ زیاتربووا! هەر ئەمەش بوو وای کرد تادەهات متمانەی زیاترت پێدەکرم...

سەرکردە بەزیوەکەم... دڵنیام ئەگەر زەڕەیەك سیفەتی مرۆڤ بوونت لە منیشدا بەدی بکردایە، بەندەش ناوی دەچوو نێو لیستێکی هاوشێوەی لیستی ئەو (٦٥) بەعسییەی کە لەهۆڵی (الخلد) لەبەغدادو (پاش پێنج ڕۆژ لە تەمەنی سەرۆکایەتیت) یەك یەك ناوەکانیانم



بۆ خوێندیتەوەو بەتاوانی خایانەتکردن هەموویانت سەرنگوم کرد، چارەنووسی منیش لەهی ئەوان زیاتر نەدەبوو...

بێگومان منێکی نەخوێندەوارو نزم ترین کەسی گوندەکەم، گەر نامرۆڤێکی وەك تۆ مامۆستای بێت هەر ئەوەی لێدەردەچێت کەئێستا ناوی عەلی کیمیاوی یە، هەر ئامێزی کەسێکی وەك جەنابتیشی بۆ واڵا دەبێت...

لە کۆتاییدا...

نەفرەت لەتۆی بەزیو...

نەفرەت لەو باوکەی بوویە پردی پەیوەندی نێوان من‌و تۆ

نەفرەت لەخۆم....

نەفرەت لەو جاش‌و خائینانەشی لەتاوانی ئەنفالدا هاوکاروسەرخەرم بوون

نەفرەت لەو دەوڵەتە زلهێزانەشی کەلە پرۆسەی ڤرکردنی عێراقدا هاوکارو پشتگیرمان بوون...

عەلی حەسەن مەجید
فەرماندەی (پێشووی)ڤرکردنی عێراق
٢٠٠٨/٢/٢١

# بۆخەمی گۆپتەپەو عەسکەر بەڕێکەوتم، کەچی هەڵەبجەییەك یەخەی گرتم

ئامادەکردنی | ئەنفالستان

بەیانی ڕۆژی ١٨/٣/ ٢٠٠٨ لەگەڵ تیمەکەی وادی ئەلمانی بەرەو گۆپتەپە بەڕێکەوتین، لەو تیمەچوارکەسییەدا لەمن شارەزاتریان تێدانەبوو، ئەوان یەکەمجاریان بوو دیدەنی ناوچەکە بکەن، هەرلەسلێمانیەوە قسەمان دامەزراند، کاتێك باسی بەرواری کیمیابارانی هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەرم بۆ دەکردن، شۆفێرەکەمان بەناوی ئەکەرم بەخەمناکیەکی زۆرەوە هاتە سەرخەتو بێ مۆڵەت وەرگرتن قسەکانی بەمن بڕیو دەستی بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیانکرد، بەرلەهەفتەیەك ئەکەرمم ناسیبوو، لەگەشتێکی ترماندا لەگەڵ هەمان تیم جارێکی تر "ئەکەرم" م بینیبوو، دەشمزانی لەبنەڕەتدا خەڵکی شاری هەڵەبجەی کیمیابارانکراوە، بەڵام یەکەم جاربوو، بزانم ئەم کورە لەگەڵج خێزانەکەیاندا دوای کیمیابارانکردنیان ئەنفالیشکراون، بۆیە وازم لەقسەکانی خۆم هێناوو گوێ بیستی قسەکانی ئەکرەم بووم، ئەگەرچی ئەکرەم کورێکی ڕۆح سوكو گونجاوبوو لەگەڵماندا، بەڵام کاریگەری ئەو تاوانە نائاسیەی دەرهەق بەشارەکەیان کرابوو، بەتایبەتی لەدوای ئەوەشەوە خەمساردیو لاموبالاتی دەسەڵاتدارێتی حزبەکوردستانیەکانو دواتریش حوکمرانی یەك لەدوای یەکی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەندەی تر بێبڕوای کردبوو، متمانەی لەدەستدابوو، ڕۆحی تۆلەسەندنەوەیەکی زۆر لەناخیدا ڕەگی داکوتابوو.

ئەکرەم هێشتا تەمەنی دەساڵی تەواوی تێنەپەڕاندبوو، کەلەڕۆژێکی خۆشی بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دا لەگەڵ ئامۆزایەکی لەخۆی گەورەتردا لەبەردەرگای ماڵی خۆیاندا دانیشتوون کەبەگرمەوناڵەی فرۆکەکانی ڕژێمی صدام حوسێن، پێش ئەوەی هیچ بۆمبێك فڕێ بدەنە خوارەوە رادەچڵەکن‌ودەشڵەژێن، هێندەنابات لەگەڵ سورانەوەی دووەمجاری فرۆکەکاندا بەتەواوی شارەکەیان لە ڕۆژێکی ئاساییەوە دەبێتە قیامەت، فرۆکەکان لەئاسمانەوە بەرەو خوار بۆمبەکانیان فرێدەدەنە خوارەوەو هەرلەجێدا ئامۆزاکەی هەردوو قۆڵی دەپەڕێو ئەومنداڵە ڕۆح سوکەی پێشتر لەگەڵ ئەکەرم خەریکی قسەو گاڵتەوگەپ بوون، دەبێتە مرۆڤێکی مەزڵومو کۆستکەوتەو دواتریش بەهۆی خەستی برینەکەیەوە گیان لەدەستدەدات، ئەکرەم هەتا ئێستا ئەودیمەنە بەقەد هەموو کیمیابارانی شارەکەی کاریگەری بەسەریەوە ماوە،بۆردومانەکە تادێت بەرەو چڕبوونەوە دەڕوات، لەسەرەتاوە بە بۆمبی ناپاڵم و ئینجا بەچەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی شاری هەلەبجەلە مەرگەوە دەگلێنن، ئەکرەم لەگەڵ تەواوی خێزانەکەیدا بۆ خۆپاراستن، خۆیاندەخزێننە ژێر زەمینەکەی ماڵی مامییەوە بەناوی فەرەج.

ئەکرەم دەڵێت: باش بەبیرم دێت خەڵکێکی زۆر، خۆیان خزاندبووە، ژێر زەمینەکەی ماڵی مامەوە ئەوکاتە منداڵبووم، نزیکەی ١٨٠ کەسێك دەبوون، لەسەرەتاوە بۆمبەکان دەنگیان زۆربوو ناڵەیان ئەوەندە بەهێزبوو، کە دەتەقینەوە خانووەکەو ئەرز بەشێوەیەکی ترسناك دەلەریەوە، باش بیرم دێت جاری واهەبوو گری ئاگر خۆی دەخزاندە ژێرزەمینەکەوە ئیتر خەڵکەکە ناچار بچنە دەرەوە، بتلەغازێك هات لەحەوشەکەدا دای بە زەویدا گرێکی زۆری پێوەبوو، ڕەنگە ئەوە هی گەرەکێکی تربووبێ هاتبێو لەحەوشەکەی ماڵی مامدا کەوت، دواتربۆمبەکان دەنگیان ئەوەندە بەهێزنەبوون، بەڵام تەقینەوەکان هەربەردەوام بون هەندێك لە خەڵکەکە مقۆمقۆیان تێکەوتوو، لە ژێر زەمینەکە دەچوونە دەرەوە



ئێمەش دوایی ڕۆیشتینە دەرەوە، هێشتا لەژێر زەمینەکەدابووین کە هەستمان بەبۆنێکی تیژ دەکرد، کە دواجار ئێمەش ڕۆیشتینە دەرەوە کە لەحەوشە چووینە دەرەوە چی ببینین هەرچی لەپێش ئێمەوە ڕۆیشتبوون لەکۆڵانەکەدا کەوتبوون، لاڵوپاڵ بەو ناوەدا بلاو ببوونەوە، ئیتر وەزعێك بوو کەس بەکەس نەبوو، من چاوم کوێربوو ئاگام لەڕوداوەکان نەما هەتا لەخەستەخانەکانی ئێران تیمارکرام، هەر من نەبووم خەستەخانەکان پڕبوون لەبریندارى چەکی کیمیاوی دوای سێ مانگ وردەوردە چاوەکانم ڕۆشناییان بۆگەڕایەوە، لەئێرانیش وەزعمان زۆرخراپ بوو، لەرێگەی قەڵاتدزێوە گەڕاینەوە بۆ ئێرە، بەڵام لەسیتەرەکەی پشتی قەڵاتدزێ گیراینو بردیانین بۆ لای کەرکوك نەماندەزانی کوێیە، من ئەوکاتە منداڵ بووم جیایان کردینەوە ژن بەجیاو پیاو بەجیا (ئەو شوێنەی ئەکرەم باسی دەکات پێدەچێت، معسکەری دوبزوو کەمپی جەیش شعبی تۆبزابووبێ ) لەوە دابوون بمانبەن بۆ نوگرە سەلمان، بەڵام عافواتەکەی ساڵی ١٩٨٨ی بە سەردا هاتو بەردراین.

# ئەمنەکانی سلێمانی پێیان وتین: هەتا مردن ئەمە جێتانە تازە دەرچوونتان مەحاڵە و بەدەم قاقای پێکەنینەوە بەجێیان هێشتین

ئا: سالم حەمە خان | هەڵەبجە

سەرەرای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەوکارەساتە یەکلەدوایەکانەی کە بەدرێژایی مێژووی هەڵەبجە بەسەریدا هاتووە ، ئەم شارە لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالیش بێبەش نەبووە و لەو نێوەندەشدا چەندین بنەماڵە و کەسی هەڵەبجە ئەنفال کراون ، لە پشکنین و گەرانم بەدوای شایەتحاڵەکانی ئەنفالی هەڵەبجە و دواندنی رزگاربوانی کارەساتەکە ، دۆکیۆمێنتێکی دەستخەتی رۆژنامەنووس (ئیحسان حەمەصدیق عارف*) ی دەست کەوت کە ناوبراو لە تۆمارکردنی بەروارەکانی دەستگیرکردن و ئەنفالکردنی بنەماڵەکەیاندا وردەکاری تەواوی بەکارهێناوە، لەبەرگرنگی ناوەرۆکی دەستخەتەکە لەیادی ئەنفالدا.



وەك خۆی بڵاوی دەکەینەوە

لە سەرەتادا و لە گێرانەوەی چۆنیەتی گەرانەوەو گرتنیاندا نوسیویەتی : دوای هاتنەوەمان لە ئێران لە بەرواری ١٩٨٨/٨/٢٢ رۆژی دووشەممە گەشتینەوە سنووری عێراق و لەوێ رەوانەی "تەواری" یان کردین ..چوار رۆژ لە تەواری سلێمانیماینەوە، پیاوانی ئاسایش (تەواری) زۆر نامرۆڤانە لەگەڵمان دەجولانەوە، لەماوەی ئەو چوار رۆژەدا (ئیفادە)یان لێوەرگرتین هەتا بەرەبەیانی رۆژی ٨/٢٥ کە ٥شەممە بوو ..

لە گۆرەپانی تەواریدا سەیری دەرەوەمان دەکرد ژمارەیەکی زۆر پاسی مەسڵەحە و پاسی تایبەتی ئەمن هاتنە گۆرەپانەکەوە، کەژمارەیان (٣٥)زیاتر دەبوو، ئێمەش بەسەرسامیەوە واق ورمابووین ، لەم کاتەدا ئەفسەرێکی ئاسایش کەپیاوێکی جەلاد بوو بەناوی (ملازم صامد) بوو هەرچی خێزان و کەسوکاری " استخبارات ، امن ، مخابرات "بوو لەناوماندا دەری کردن و جیای کردنەوە، لەو کاتەدا مدیری ئەمنی سلێمانی کە ناوی " حاجی خەڵەف" بوو پیاوێکی سوورڤ"ی ناشیرین بوو، بەسەروسەکوتیدا دیاربوو لەجەلادە، وتی: ئەم کەسانە بەرنە شوێنی تایبەتی خۆیان، لەپاش جیابوونەوەی ماڵە تایبەتەکان ئێمەیان راپێچ کرد، کوری گەنج بەجیا پیاوی پیر بەجیا، ژن ومناڵیش بەجیا، دایکم دوو جانتای پێبوو لەگەڵ خوشکەکەم پێکەوە بوون، کەئەم دیمەنەمان بینی زۆربەی ژنان و مناڵان دەستیان کردە گریان، ناهەقیان نەبوو چونکە گەشتینە ئەوقەناعەتەی کەبۆیە وامان لێدەکەن تائێمە گوللە باران بکەن.

هەرچۆنێك بوو کاتژمێر (١٠،١٥) ی پێش نیوەرۆ بەزۆر سواریان کردین، ژنەکان بۆ ناو پاسی مەسڵەحە٢ وکورە گەنجەکانیش بۆناوچەند پاسێك کە لەناویاندا چاوت بەدنیا نەدەکەوت، ئەم جۆرە پاسانە بۆ زیندانی سیاسی دانرابوون، من و براکەم و چەند کەسێکیتری هاوتەمەنی خۆمان خراینە پاسێك دەرەوەمان نەئەبینی ، کاروانی پاسەکان کەوتەرێ، بێ ئەوەی ئێمەش و خەڵکی شاریش بزانین بەرەو کوێمان دەبەن .. کاتژمێر (١٠،٣٠) لەسلێمانی دەرچوین، کەگەشتینە (تکریت) کاتژمێر ٢ی پاشنیوەرۆ بوو، لەوێ وەستێنراین و گازیان کردە پاسەکان، یەکێك لەپیاوانی ئاسایش کەلێپرسراوی کاروانەکە بوو، مولازم ئەوەڵێك بوو ناوی رەشید بوو ددان شاشێکی رەزا گران بوو،

دابەزی کەبابێکی زۆری کڕی بۆهاوکارەکانی خۆی وبە بەرچای ئێمەوە خواردیان، بێئەوەی هەستیان بجوڵێت بەرامبەر ئەوبارە ناهەموارەی ئێمەی تیابووین، جارێکیتر کەوتینەرێو دوای مەغریب گەشتینە بەغدا، سەعات ٨,٣٠ لەوێ لە یەکێ لەپاسەکاندا هەرچی تێدابوو بورایەوە ناچار دایان بەزاندن و ئۆتۆمبێلێکی ئاگر کوژێنەوەیان هێناو ئاوی پژان پیایاندا و وریای کردنەوە ئەم دیمەنە لەگەڵ قیژ و قاو و دەنگە دەنگوگریانی ژنو منداڵدا گوێی کاس دەکرد ..
دیسان کاروانی ماتەمینی جارێکیتر کەوتە ڕێ بەرەو "حلە" لەوێش تێپەڕین سەعات ١٢,٣٠ ی شەو گەشتینە پارێزگای دیوانیە، پاسەکەی ئێمە لەبنەرەتدا هەر١٠ -١٢ کەسێکی دەگرت، بەڵام زیاد لە ٢٠ کەسی زیندانی تێدا بوو، وەزعمان زۆرخراپوو زۆرمان گەرمابوو هەمووجلو بەرگی خۆیان داکەند تەنگە نەفەس بووین خەریك بوو گیانمان دەردەچوو، جەللادە بەعسیەکان چەند جارئەم دیمەنەیان لەپێشچاو دووبارە دەبوویەوە، بێ ئەوەی دڵیان داخورپێ، جارێکیتر بەزۆر سەریان خستینەوە بەرەو سەماوە، کاتژمێر ٣ی شەو گەشتینە جێ لێرەدا ئەمنەکان خۆشیان ڕێیان لێ ون بوو ئەیان ویست بەرەو ﺷ نقرە سەلمانﺷ مان بەرن، بەڵام تاچاوبڕی بکردایە بیابانێکی وشك و بێئاو بوو سەیرت دەکرد ئاسۆ دیار نەبوو ..
بێجگە لەلمێکی زبروشێدارو دڕکوداڵ هیچی ترت نەئەبینی، جا لەبەر ئەوە چەند کەسێکی خەڵکی سەماوەیان لەگەڵ ناردین بۆ ڕێ نیشاندان، ئێمەش بێگومان نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن وەکو کۆمەڵێك ئاژەڵ داینیانە بەر و بەزۆری هەڕەشەو ئازاردان بەرێیان خستین، جالێرەدا هەوڵم دا لەکونێکی بچوکی پاسەکەوە سەیری دەرەوە بکەم، قەتعەیەکم بینی لێی نوسرابوو ﺷ قچإ سلمان ٧٢کم ﺷ بەرەو سعودیەش ١٢٠کم کەچاوم کەوت بەمە زۆر ترسام، هەزار خەیاڵی خراپ یاری بە مێشکم دەکرد، ژمارەی لێدانی دڵم تا دەهات پتر دەبوو هەستم دەکرد بەرەومەرگمان دەبەن ..
کات بەرە بەیانبووو خەریکە سەر لەئاسۆوە دەکێشێت، کاتژمێر ٦ی بەرواری ١٩٨٨/٨/٢٦ گەشتینە قەزای سەلمان، نازانم چۆن بوو سەرم نزم کردەوە بۆ سوچێکی کورسی پاسەکە ئەم چەند وشەیەی بەکوردی لەسەر نوسرابوو ﺷ ئێمە خەڵکی ناوچەی بەرزانین و ژمارەمان ٥ هەزار کەسە ئەوا بەرەو باشورمان دەبەن تا بمانکوژن، هەموومان خێزان وماڵ و منداڵی کوردین ﺷ کە ئەم نوسراوەم دی ئیتر گومانم نەما کەئێمەش دەکوژن، کەمن تێکچووم خەڵکی ناو پاسەکە پرسیاریان کرد ئەوە چیە ؟ حاڵو مەسەلەکەم تێگەیاندن، ئیتر بوو بەمشتومڕوگاڵەگاڵ، لەم کاتەدا سەیارەکە لەجادەی ڤیرلایدا بەرەوخۆڵەکە، لەهەمان کونەوە سەیرێکیتری دەرەوەم کرد، لە دوورەوە بینایەکم دی ، وام زانی تەویلەی ئاژەڵە، کەچی کەنزیك بووینەوە لەناو تەپوتۆزدا ،ئەم قهتعەیەم خوێندەوە ﺷ نگرو السلمان ﺷو لەولایشەوە نوسرابوو، ﺷادخلوا الویلﺷ، لەم کاتەدا پاسەکان وەستان سەیری کاتژمێرم کرد٧,٣٥ ی سەر لەبەیانی بوو ، واتە ١٨ سەعات لەنێو سەیارەدا بووین ، کاتێ دایان بەزاندین دیمەنی بیناکە، یان بڵێین نەئیلەکە ـ پیاوی ئەتۆقاند ، هەردەتوت قەسابخانەیە بۆ ئەوەی زیاتر ترس بخەنە دڵمانەوەکەوتنە دارکاریمان هەموو پێکەوە ژنومناڵ و پیاو !!
لەم کاتەدا ئاگام لێبوو ئەمنێك دوو داری لە دایکمدا و یەکسەرکەوت، بەزۆر هەموومانیان فرێدایە زیندانێکی گەورە کە (٣-٤) هەزار کەسی تێدا بوو هەموو ژن و مناڵ و پیاوی پیر و ڕەشورووت و برسی، شێوەیان لەوە ئەچوو کە تازە لە گۆڕ هاتبنە دەرەوە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە ناویاندا هیچ گەنجم نە دەبینی زانیم کە هەموویان گوللە باران کردوون ، لێرەدا ئەو ئەمنانەی هاتبون لەگەڵمان لەسلێمانیەوە گاڵتەیان پێدەکردین و بە توانجەوە پێیان دەووتین ، هەتا مردن ئەمە جێتانە، تازە دەرچوونتان مەحاڵە و بەدەم قاقای پێکەنینەوە بەجێیان هێشتین ..
بیناکە لە دوو قات پێك هاتبوو ، زیاتر لە ٤٠ قاعەی گەورە گەورەی تێدا بوو خەڵکی ناو زیندانەکە بە سەرسامیەوە سەیریان دەکردین هەموو لەچڵك و پیسی ڕەش بووبوونەوە، ئێسقانی دەم و چاویان دەرپەڕیبوو زەق بووبوویەوە لەش لاواز و قژ گژ و بژکاتێ سەیرت دەکردن وات ئەزانی چەندەها ساڵ بۆ دواوە گەڕاویتەوەو لەچەرخی مرۆڤی نیاندەرتاڵدا دەژیت، ئێمەشیان بەرەو یەکێ لەقاعەکان دایە بەر لەرێدا پیاوێکی ریش سپی زۆر پیر لەبەرئەوەی کەزۆر لە سەیارەکە مابووینەوە ویستی دەست بەئاو بگەیەنێت لەولاوە بەرێوەبەری بەندیخانەکە کەناوی ﺷ ملازم حەجاج ﺷبوو چاوی لێبوو هات بۆیو ئەوەندەی لێدا ﺷ بە کێبڵﺷ هەتاکو تەختی زەویەکە بوو ، پاش سەعاتێك هۆشی هاتەوە بەرخۆی..
ڕۆژی یەکەممان بردەسەر، هەر نەفەرێکمان ٤ سەموونیان پێدا بۆ شەوو ڕۆژێك، هەر لەناو بەندیخانەکەدا بەلۆعەیەکی تیابوو ئاوێکی سوێری لێوە ئەهات هەر لەگەڵ خواردنەوەی تووشی سکچوون دەبویت ..لەلایەکی ترەوە پۆلیسەکانی بەندیخانەکە شتیان ئەفرۆشت بەخەڵك ، بە ١٠ قات لەنرخەکەی خۆی زیاتر، بێگومان هەرکەس پارەی پێنەبوایە پاش یەك هەفتە مردن چارەنووسی بوو، ئەو شتانەی کە دەیانهێناﺷ برنج و شەکر و چاﺷ بوو جارە جارە شەربەتیش کیلۆیەك شەکر لەبازاردا بە (٢٠٠) فلس بوو ئەوان لەسجن ئەیاندا بە(١,٥٠٠) دینار، ڕۆژی یەکجار تەنکەرێك ئاویان بۆدەهێناین، یەك تەنکەر ئاو بۆ (٥٠٠٠) کەس، چ ئاوێك ئاوێکی سوێر بەشێوەیەك هەرگیز توانات نەبوو دوو قوم لەسەر یەك بخۆیتەوە، بەڵام ناچاری و تینویەتی زۆری بۆخەڵکەکە ئەهێنا بەریزوهەندێ جار بە هوروژم بچنە بەردەم تەنکەرەکە و ئاو وەدەست بخەن ، ئەم دیمەنە لەجیاتی ئەوەی پاڵ بەجەلادە بەعسیەکانەوە بنێ بۆ ئەوەی چارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوبارە ناهەموارە، کەچی وەك ئاژەڵی دڕندە ئەکەوتنە گیانی ئەو خەڵکە هەژارەبەدار و بەکێبڵ گیانی ئەو عالەمەیان شین و مۆر دەکردەوە ..ئەم کارە نامرۆڤانەیە بە دەست ئەمنێك



بوو بەناوی "شەمخی" ئەم کابرایە هەر وەك لەزەت لەوەدا ببینێت ، کەدارکاری خەڵك بکات، پیشەی ئازاردانی خەڵکی ناوسجنەکە بوو ..

هەتا رۆژێکیان خۆشم کەوتمە بەر بڵێسەی ئاگری لێدانی شەمخی، بەستمیەوە بە عەمودێکی سجنەکەوەو بە کێبڵ کەوتە لێدانم بەبەرچاوی دایکم و باوکم و هەموو خەڵکەکەوە تاپێنج سەعات هەروا مامەوە پشتم لەبەر خۆرەتاوی گەرم خەریك بوو ئاگری تێبەرئەبوو، پاش ئەوە لێم بێزار بوو بەهەزار واستە ئەوجا بەریدام ، ئەمە کاری شەمخی جەللاد بوو، هەموو رۆژێك دەیەهای دەبەستەوە و فەلاقەی دەکردن، دوایی بەپارە بەرەڵای دەکردن ، ژیانی ناو بەندیخانەکە نەك شایانی مرۆڤ ، بەڵکو پێداویستی ژیانی ئاژەڵیشی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوە هەموو رۆژێك بە تێکرایی (٤-١٠) کەسمان لێ دەمرد ، تا دەهات ژمارەی مردووان زیادی دەکرد ئەوەش دەمرد بەقاچ هەڵیان ئەگرت و فرێیان ئەدایە دەرەوەی سجنەکە و لە بیابانەدا ئەبووە خۆراکی سەگەکان ..

ژیانمان بەم شێوە ناسۆرە بەردەوام بوو، ئەگەر چەند رۆژێکیتری بەدەمەوە بوایە ئەوا سەرپاکی ناو سجنەکە دەمردن ، بەڵام ئەوە بوو ٦ ی ئەیلول کە رۆژی دووشەممە، بڕیاری لێبوردنی گشتی دەرچوو لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕش ەوە کەئێمەیشی ئەگرتەوە، بەڵام ئێمە چۆن بەر بدەن لەکاتێکدا توشی جۆرەها نەخۆشی کوشندە بووین..

بۆیە هەر ئەو رۆژە ژمارەیەك پزیشك و برینپێچ و یارمەتیدەریان بۆهێنایین، کاتێ یەکەمجار هاتنە ژوورەوە هەموو قوڵپی گریان بینی گرتن ودڵۆپی فرمێسك لەسەر رووماتیان بریسکەی دەدا، بەڵام نەیاندەوێرا گریانەکەیان دەرخەن چونکە لەوسجنەی ئێمەدا گریانیش قەدەغە بوو ..

پاش چارەسەر کردنمان حاڵمان تۆزێ باش بوو، وردە وردە خواردن وخواردنەوەمان باشتر بوو، چارەسەر کردن بەردەوام بوو تا ٢٠ ی ئەیلول، رۆژی سێشەممە نەخۆشەکان کەم بوونەوە و ناوی ساغەکانیشیان نووسی کەماڵی ئێمەشی بەرکەوت، نزیکەی ١٥٠ کەس دەبووین بۆ سبەینێ واتە ١٩٨٨/٩/٢١ رۆژی چوارشەممە پاس هات بەدواماندا ..

لە بەندیخانە دەریان کردین و بەرەو خەسەخاتەی تەواریان بردین لە شسەماوە ش پێیان وتین ئێوە هێشتا بە تەواوی چارەسەرنەکراون لەبەرئەوە ئەبێت تا ١٠ رۆژیتر لێرەبن ، لەماوەی ئەو ١٠ رۆژەدا هەموو جارێ فەحصیان بۆ دەکردین تا بزانن نەخۆشیەکەمان ماوە یان نا، هەتا رۆژی ١٩٨٨/٩/٢٩ لەخەستەخانە بووین ، ئەو رۆژە لەسلێمانیەوە پاس هات بەشوێنماندا وسوار بووین ..کاتژمێر ٣ ی پاشنیوەرۆ گەشتینە بەغدا و بۆ ٩ی شەو گەشتینە کەرکوك لەبەر ئەوەی شەو درەنگ بوو شەو لەئەمنی کەرکوك هێشتینیانەوە، بۆ بەیانی سەعات ٧ کەوتینە رێ بەرەو سلێمانی

سەعات ١٠ی سەر لەبەیانی گەیشتین لێرەدا جارێکیتر ناویان نوسین و ناردینیان بۆ دەشتی ش باینجانش شوێنی ئەوخەڵکە ستەم لێکراوەی کەماڵەکانیان دوای ئەوەی تالانکرابوون بە شۆفڵ رووخابوون و دەربەدەر بووبوون ، بردینیانە ئەوێ و ئیتر ئازاد بووین..

---

ناوبراو لەکارەساتێکی دڵتەزێندا لەساڵی ١٩٩٤ شەهید بوو، دەستخەتی ئەم سەرگوزەشتەیەش لە ( عیرفان حەمەصدیق) ی برایەوە بەرێزەوە وەرگیراوە ..

*

[١] مەبەست لە تەواریەکی سلیمانی یە کە هێزیکی فریا گوزاری بوو، بارەگاکەی کەوتووەتە رۆژا ئاوای شاری سلێمانیەوەو سەربە دائیرەی ئەمنی سلێمانی بوو، ش قوات اگواریش ترسناك ترین هیزی ئەمن بوون لەساڵانی هەشتاکانداو قیزە ونترین دائیرەش بوو کە هەرچی زیاتر پیاوکوژو دزوجەردەی کوردیان تێدا کۆکردبوەو رۆژانە خەریکی تاوان و خەراپەکاری بوون- ئەنفالستان)

[٢] بەو باسانە دەوترا کە ملکی حکومەت بوون و پێش ئەنفال لەناوشارەکانی عێراق بە کرێی خەلکیان دەگواستەوە، ئەم پاسانە درێژو دوجۆر بوون جۆرێکیان میرسیدس بوون، جۆرێکیان ریم بوون، ئەوانەی ئەنفالەکانیان پێگوازراوەتەوە زۆربەیان جۆرە میرسیدسەکەن کە سوپای عێراق زۆری لەم پاسانە هەبوو بە رەنگی خاکی رەنگ کرابوون.

# سایكۆلۆژیای پاش ڕوداو هەڵەبجە وەك نمونە

دوابەدوای هەرکارەساتێك بێگومان ڕوداوگەلێك خۆی وێنا دەكات لەچەندین شێوەو جۆری جیاوازدا ،دەكرێت بۆ قسە لە سەر كردن بە دوو شێوەی جیاواز دابەش بكرێت شێوازی یەكەم : ڕاستەوخۆ دوای كارەسات وەك كوشتارو برینداری ووێرانكاری و ئاوارەیی و دەربەدەری ئەم شێوازەیان هەر زوو دەركی پێدەكرێت و كۆ دەنگیەكی لە دژ پەیدا دەبێت .شیوازی دووەم : درەنگ وەخت ئەم جۆرەیان ماوە یەك لە دوای ڕووداو درەنگ وەخت هەستی پێ دەكرێت كەمتر لێكۆڵینەوەی لە سەر دەكرێت ،هەرچەندە شێوازی یەكەم ترسناكترە ئافاتێكی لە بیر نەكراوە بەڵام هەرچونێك بێت پاش چەند ساتێك بەدرێژ كردنی دەستی كۆمەك و هەوڵ و هاوكاری هەمەلایەنە تارادەیەك ئەم ئاسەوارە كاڵ بكرێتەوە بەڵام شێوازی دووەم لایەنی دەروونی كاراكتەرەكانی ناو ڕوداو دەهەژێنێت بە تێپەڕ بونی زەمەن ئەم لایەنە وە بەرچاو دەخرێت ،ڕوداوە نزیكەكانی سەدەی بیستەم سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن بە هەردوو جەنگی یەكەم و دووەمەوە كەبەشێكی زۆر لەو سەربازانەی كەلە شەرەكان دەربازبوون لە دۆخێكی نائارامیدا ڕۆژەكانیان تێدەپەڕاند تەنانەت بەشێكی زۆری سەربازەكانی پاش جەنگ بەو گرفتەوە ژیانیان بەجێ هێشت ،چەند ڕۆژێكی تر ٢٠ ساڵ بەسەر یەكێك لە كارەساتە دژە مرۆییەكانی سەدەی بیستەمدا تێدەپەڕێت ئەو یش كارەساتی ١٩٨٨/٣/١٦ كە چەكی كیمیاوی تێدا بەكارهێنرا كە لەدوای كارەساتی هێرۆشیمای ساڵی١٩٤٥دا یەكەم شوێن بوو لە جیهاند ئەم چەكەی تیا بەكارهێنرابێت ،لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا ئەتوانم بڵێم دەوڵەتێك نیە شاندێك یان نوێنرێكی ئەم شارەی لە نزیكەوە نەدیبێت و نارەزایی خۆی بۆ ئەم تاوانە دەرنەبریبێت وە هەر لایەنێك لە جێی خۆیەوە دەستی هاوكاری بۆ ئاوەدانی ئەم شارە درێژ كردووە ناوبەناو هەوڵی چارەسەر بۆ برینداران دراوە تا چارەسەر بكرێن باسەكەی من دورە لەوەی كەچی كراوەو چی نەكراوە، بەڵام لەوماوە درێژەدا ئەوە ی بەگوێی هەڵەبجەییەكان نامۆیە دێرێك وتەیەك پیتێك لە سەر باری دەروونی خەڵكی دەربازبوو لەو كارەساتە نەبیستراوە و نەوتراوە كە جێی خۆیەتی هەڵوەستەی لە سەربكرێت ئەگەر چاوێك بە مێژووی بەر لە هەڵەبجەدا بگێریت ئەم شارە وەك شارێكی ئەدەب دۆست و بەهرەمەندو لانكەی چەندین كەڵە شاعیرو مەنزڵگەی خێڵی جاف دەناسیت وە خاوەنی شوێنێكی دڵگیرو جوان لە بیلۆگرافیادا ،هەڵەبجەییەكان كەمتەرخەم نەبوون لە چێژ وەرگرتن لەو سروشتەی بەشارەكەیان بەخشراوە نمونەی باخی میر كەرەنگە لەو كاتەدا خەڵكێكی زۆری كوردستان پێی ئاشنا بوون وێڕای خەڵكی ناوچەكە خۆی كەهیچ شەوێك نەبووە میوانی شیعر دۆستی نەبووبێت ،ئەمە وێڕای ئەوەی بەهار لەم شارەدا زۆر جیاواز لە هەر شوێنێكی تر بەرێ كراوە ،بابەرەو دوای كارەساتی ٣/١٦ هەنگاو هەڵگرین پاش گەڕانەوەی خەڵكی ناوچەكە لە ئاوارەیی و نیشتە جێ بونیا ن لە وێرانە شارەكەیاندا هەر ماڵێك لە جێگەی خۆیدا پەناگەیەكی بۆ ژیان دروست كرد توانییان ئەو دۆخە نائاساییە تەی بكەن هەر ئەو خەڵكە كەیف خۆشەی پێش كارەسات بە جۆرێك گۆڕان كارییان بەسەر دا هات بە جیاوازی ئاسمان و ڕێسمان ،لە بری گەشت و گوزار دۆخی سیاسی ناڵەبار ئەو شارەی تەنی كە بوویە جێگەی ململانێی سیاسی و چەندین تەیاری سیاسی بەدوور لە ویستی خەڵكەكەی هاتنە بوون و تەشەنەیان سەند ئەمەش زیاتر بارگرانی بۆ دروست كردن لەبری چاوەڕوانی كردنی بەهارو مێزگردو كۆڕی شاعیران چاوەڕوانی هاتنی یادی ٣/١٦دەكرێت و هەموو ساڵێك مێرگێك شیعر بۆ لاواندنەوەی ئەم شارە ئەنوسرێت بەرگی ڕەش بەم پرسەدارانە نەپۆشرێت لە مەیدانێكدا كۆنەكرێنەوە بۆ ئەوەی سەرەخۆشییان لێ بكرێت ،بەڵێنیان پێ نەدرێت بێ تاوان و زەلیل مەزلوم نەدرێت بە گۆێیاندا كەی لە پرسەدا جێگەی ئەوەیە بەڵێنی تێدا بدرێت دوای بیست ساڵ لە یاد كردنەوە یەك جۆر بەڵێن ئەدرێتەوە ،لە هەموو ئەمانە سەمەرەتر هیچ شەوێك نەبووە گوێ بیستی هەواڵێك نەبیت بۆ یارمەتی دانی خەڵكی هەڵە بجەو ئاوەدانكردنەوەی شارەكە نەبیت ،ئەمانە هەموو هۆكارن بۆ ئەوەی هەرگیز هەڵەبجەییەكان بۆ ساتێك بزەیەك بیانگرێت و تەززیەكی خۆش دڵ و دەرونیان ئلسودەبكات ،ڕەنگی ڕەش و ماندوێتی و بێزاری فرمێسك دوای بیست ساڵ لەم شارە نابرێت دیاردەی بێ متمانەیی لەم بیری هەموو هەڵەبجەییەكاندا بنجی داكوتاوە ، ڕادەی بێزار لای هەڵەبجەییەكان گەیشتە ڕادەیەك كە بە لەسێدارەدانی سەدام و داروودەستەكەی كەسێكی دەرەوەی هەڵەبجەو كەسێكی ناو هەڵەبجە وەك یەك بەراورد دەكران تۆ بڵێی خەڵكی ئەم شارە ئەوەیان بیر چووبێتەوە كە سەدام تاوانباری یەكەمی كارەساتی ٣/١٦یە .؟ نا هەموو دنیا شایەتی ئەو ڕاستیەن بەڵام بۆ خۆش حاڵ نین بە سزادانی تۆبڵێی مەرگی ئازیزانیان لە بیر كردبێت ؟نا ئەمانە هەموو تێپەڕبونی كات ئەو بێزاریەی لا دروست كردوون لە وەها بارودۆخێكدا،جێی خۆیەتی بێزارییەكەیان هەڵەبجە هەموو دنیای لە سەر هاتە دەنگ بەڵام ئەم تاوانە نەكرایە كەیسێك تا بەبەرگوێی تاوانبارانەدا بدرێت لە قەفەزی دادگادا گوێیان لە دوو وشەی هەڵەبجەییەكان بێت چەند جێگەی خۆشحاڵییان بوو گەر ئەم كارە كرابا ،با دەنگ و سە داو هاوارو ناڵەی هەڵەبجە لە دادگادا جۆشی سەندبا ئەوكات شەقام و كوچەو كۆڵانەكانی هەڵەبجە چۆن ئەهاتنە گۆو پڕ بەدەم هاواریان دەكرد چەندێك خۆشحاڵی بوو چۆن تاوانباران دەكەوتنە بە نەفرەت ،ئەمانە هیچی نەكرا بەڵام چەند ڕۆژێك لەمەو بەر ئاڵای عێراق گۆڕانكاری تێدا كرا ئەو ئاڵایەی بە سەر هەڵەبجەدا ئەشەكایەوەو مەرگی لە پاش خۆی ڕائەخست دەبوو لە پاش هەڵكردنی لە سەر ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی هەڵەبجەی پێ شاد بكرایەتەوە ،

كارزان سەلام

# دوای ٢٠ساڵ کیمیابارانکردنی هێشتا گوندی عەنەب بۆنی مەرگی لێدێت



عەنەب گوندێکی وێرانکراوی هەلەبجەیەو دوری لەشارەوە بەئتۆمبێل تەنها ٥ دەقیقە دەبێت ساڵی(١٩٨٨) بەر لە بۆردومانی کیمیابارانی رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ چەندین جاری تر بەربۆمبارانی قورسی سوپای عێراوئێران کەوتووە، بەتایبەتی لەلایەن تۆپبارانی هێزەکانی ئێرانەوە بەردەوام قەسفی لەسەربووە، بەو هەموو وێرانکاریەشەوە هێشتا لەدورەوە خنجیلانەو قەشەنگ دیارە، بەردەمی بەدراستانی هەناروچنار دەورەدراوەو شانی بەلاپاڵی گردەکەی عەنەب قەڵاتەوە داوە، بەلای شانی تەپی تراشو دۆڵی کانی کونەڕەشە، بەر لەبۆمبارانکردنی بەچەکی کیمیاوی نزیکەی ٢٠٠ ماڵێك بوون، بەڵام لەئێستادا تەنها ٤٠ ماڵێکی لێ ئاوەدانکراوەتەوەو لەوەرزی هاوینیشدا بەهۆی ئەوەی خەڵکەکەی دێنەوە بۆ کشتوکاڵ کردن دەگەنە نزیکەی ٥٥ تا ٦٠ ماڵێك.

ئەم گوندە لە بۆمبارانی رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دا زۆر بەچڕی کەوتە بەر هێرشی فرۆکەکانی دەوڵەتی عێراقەوەو بە هۆیەوە جگەلەو کەسانەی لەهەڵەبجەوە دەربازیان بووەو دواتر لەنزیك یان لەپشتی ئەم گوندەوە گیانیان لەدەستدا،خۆشی قوربانیەکی زۆری ئەو چەکە قەدەغەکراوەی داو نزیکەی ( ٣٠٠ ) کەس تەنها دانیشتووی عەنەب بەگازی کیمیایی خنکانو ئێستا لەگۆرستانەکەی پشتی عەنەبەوە بەکۆمەڵ بەخاك سپێردراون، لەبارەی ژمارەی قوربانیانی کیمیابارانی گوندی عەنەبەوە رای جیاواز هەیە، لەسەردانێکماندا بۆ گوندی عەنەبی وێران بوو، مامۆستای گوندەکە بەناوی (محمود عەزیز) ووتی: من ئاماری ٢٨٢ کەسم لەبەردەستدایە کەلەئێوارەی ١٩٨٨/٣/١٦ بەچەکی کیمیاوی گیانیان لەدەستدا، بەڵام جوتیارێکی تری دانیشتووی عەنەب بەناوی مەهدی دەڵێت لەو ژمارەیە زیاترەو ٣٠٠ کەس لەم گوندەدا کوژراون، ئەنجومەنی گوندی عەنەبیش بەناوی حاجی محمد رەشید دوای ئەوەی بە خولقوخۆیەکی گەرمەوە بەخێرهاتنی کردین، ووتی: عەنب قوربانیەکانی زۆرن، من ئاماری ٢٨٦ کەسی قوربانی ئەم گوندەم بەناو لایە. بەر لەوەی لەگوندەکە نزیك بیتەوە هەرلە شاری هەبەڵەجەوە گۆرستانی قوربانیانی چەکی کیمیاوی بەسەرگردێکەوە پێشوازیت لێدەکاو سەرنجت پەلکێشت دەکات بۆ بوونی قوربانییەکی زۆر.

شایانی باسە گوندی عەنەب بەرلەکیمیاباران گوندێکی ئاوەدانو رێکوپێکبووە، بەدیواری کەلاوەی خانوە روخاوەکانیەوە دیارە کەدانیشتووی ئەوگوندە هۆشیاریان لەئاستێکی باشدابووەو بەشێوازی ئەندازەیی‌و

زەوق و هەستێکی جوانەوە خانووەکانیان دروستکردووە، لەساڵی ١٩٥٠ەوە قوتابخانەی تێداکراوەتەوەو ئەنجومەنی گوند حاجی محمد رەشید هەرلە قۆناغی سەرەتاییەوە لەگوندەکەی خۆیان خوێندویەتی و تا سێی ناوەندی بەردەوام بووەو دواتر دەستبەرداری خوێندنبووە، دووخوێندنگای سەرەتایی تێدابووەو هەتا قۆناغی سێی ناوەندیشی هەبووە، جگە لەخوێندکارەکانی خۆیان منداڵانی چوار گوندی دەوروبەریشی (جەمیلەو هەردوو دەرەشیش و بیاوێڵە) هاتوونەتە عەنەب و لەوێ خوێندویانە.

بەڵام عەنەب وێرای ئەوژمارە زۆرەی قوربانیدان بەچەکی کیماوی، ئێستا جگە لە گوندێکی دڵشکاو شڵەژاو هیچی ترنیە، لەکۆی ٢٠٠ ماڵ تەنها چل ماڵێك لەناو کەلاوەو داروپەردوی روخاودا خانوی ووشکەڵەك و هاکەزاییان بۆخۆیان بنیاتناوەتەوە، هەرچەندە قوتابخانەو خەستەخانەیەکی بۆ دروستکراوە، بەڵام لەهەموو خزمەت گوزاریەك بێبەشن، تەنانەت خەستەخانەکە ئاوی نیەو لەدو سەردانماندا بۆ ئەو گوندە ئەوەی تیبینیمکرد دڵۆپێك ئاوچیە لەتەنکی ئەو خەستەخانەیەدا نەبوو..؟! دیمەنی دیوارە روخاوەکانی ئەوگوندە خەمناکترین دیمەنە کەلەدورەوە خۆی دەخزێنێتە ناوهەست و هۆشتەوە، هەرچەند ئەوخانوە روخاوانە دەبینی بۆنی مەرگ و کارەساتی گەورەی لێدێت، وێرای ئاوێکی رون و پاك و خاوێن کەچی ئەو ٤٠ ماڵە هەربێئاون و ئەو ئاوەی لەماڵەوە بەکاری دەهێنن، هەرئەوەیە کەژنانی ماندووی عەنەب لەگەڵ کچانی زۆر منداڵ بەشان ئاو دەبەنەوە بۆماڵەوە، لەراستیدا نەبوونی ئاو زەحمەتێکی زۆری بۆژنان خوڵقاندووە، ئەو پرۆژەیەی لەلایەن رابتەی ئیسلامیەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئاو دروستیانکردووە، سەرنەکەوتووەو کەس سودی لێی نەبینوە، خەڵکی گوندەکە لێی رازی نین و لەراستیشدا لێی سودمەند نەبوون، لەبەرئەوەی ماتۆڕی ئاوەکەیان هێزی ئەوەی نیە ئاو سەرخاتە سەرەوەو لەو حەوزەی دروستیانکردووە ئاوکۆبکرێتەوەو دواتر دەبەزێتەوە بۆ گوندەکە، بەپێچەوانەوە ئاونەك ناگاتە ماڵەکان بەڵکو ناگاتە ناو حەوزەکەش، بۆیە حەوزی ئاوەکەش وەکو هەرماڵێکی گوندی عەنەب بێئاوەو بێسود بەسەرگردێکەوە دروستکراوە. کەچی وێرای ئەو بێئاوی و پەراوێزخستنەش رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە ٣ سەردانی مەیدانیدا بۆ هاوکاری کردنیان و چاك کردنی ئاوەکەیان خەڵکی گوندەکە بەدەنگیانەوە نەهاتن و هیچ هاوکاریەکی ئەو تیمەیان نەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، تەنانەت کاتێك ئەو رێکخراوە ماتۆڕێکی ئاوی دابینکردبوو بۆ خەستەخانەکەیان ئەو ماڵانەی دەروبەری ئاوەکە بەتوندی قسەیان لەگەڵ تیمەکە کردوو، ووتیان ئێمە قایل نابین لەماڵەکانی ئێمەوە ماتۆڕی خەستەخانەکانە دابگیرسێ و هاوکاریشی ناکەین، لەکاتێکدا لەگەنجێکی ئەو گوندەم پرسی بۆ هاوکاری خەسەتەخانەکەتان ناکەن، لەوەڵامدا بەتورەییەوە ووتی: من نەدەچمە خەستەخانەو نائامادەشین ماتۆڕی خەستەخانەکە لەماڵی ئێمەوە کارەبای بۆ رابکێشرێ ئەوە کاری من نیە با حکومەت چارەسەری بکات.



# حاجی صادق تەوێڵەیی:

## ئێمە کیمیابارانیش کراین و ئەنفالیش بووین، کەچی هیچی وامان بۆنەکراوە

دیدار | ئەنفالستان



**حاجی صادق وەزعی زۆر پەشۆکابوو، ئەو زۆر بێزرابوو لەوەی کەحکومەتی هەرێم وەکو قوربانیەک بتوانێ مافەکانی دەستەبەر بکات، لەراستیشدا کێشەکەی کەمێک ئالۆزبوو، لەلایەک وەکو هەرهەلەبجەییەک خۆشەویستەکانی بەرچەکی کیمیاوی کەوتبوون و دایکی خۆیی و دایکی منداڵەکانیشی"خێزانەکە"ی لەدەستدابوو، لەلایەکی تریشەوە کە لە لێبوردنەگشتیەکەی ساڵی ١٩٨٨ دا گەرابووەوە ئازارێکی زۆری خۆی و منداڵەکانی درابوو بەو کۆست کەوتەییەی خۆیەوە بەخۆی و منداڵەکانیەوە برابوون بۆ زیندانە شومەکەی نوگرەسەلمان و لەوێ ڕەزالەتێکی زۆری دیوو، بۆیە ئەوئیستا تەنها خەمەکانی خۆی دەبینی و داواکارە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕی لێبداتەوە لانی کەمی ئەو مافەی بۆدەستەبەربکات کە بۆقوربانیەکی هەلەبجەیی دەستەبەرکراوە. کاتێک کەوتە قسە زۆر دودڵ و ڕاڕا بوو لەوەی کەقسە بۆ ئەنفالستان بکاو لەرۆژنامەیەک یان لەتەلەفزیون بڵاوبکرێتەوە. بۆیە بەنابەدڵی کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی خۆی.**

لەساڵی ١٩٨٨ لە ٣/١٦ کە کیمیاویەکە دای لەهەڵەبجە من لەوێ نیشتەجێ بووم و خەریکی کاسبی خۆم بووم، دوکانم بوو دوو دوکانم هەبوو، ئیتر لێمان قەومیاو ئەو وەزعەناخۆشە بەسەرماناهات، دایکم و ژنەکەم "دایک منداڵەکان"م بەرکیمیاوی کەوتن و هەردوکیان گیانیان لەدەستدا، لێمان قەومیاو بەرێکەوتین بەرەو ئێران،لەیەک بربووین کەس بەکەس نەبوو، بەخوا کەهاتیشینەوە بەو منداڵە بێدایکانەوە لە١٩٨٨/٨/١ هەتاوەکو ١٩٨٩/٩/٢٧ من و ئەومنداڵانەمیان گلاداوە لەنوگرەسەلمان و ماین لەوێ کەگەڕاینەوە لەئێران هانیانینەوە بۆ ئەم تەواریەی چوارباخەی ئێرە" سلێمانی لەوێ سێ چوار رۆژێک گیراین، وەزعمان زۆر زۆرخراپبوو، جنێمیان پێمان ئەدا لێدان، هەرەشەو گورەشە بەوحاڵە ئەوسێ چوارڕۆژەمان گوزەراند ئیتر بردمانیان بۆنوگرە سەلمان هەتا سالی ١٩٨٩ دوایی هاوردیانینەوە بۆ عەربەت و بەریاندادین دوایی وازیان لێمان نەهێنا لەوێوە سواری زیلیانکردین بردیانین بۆ گردەچاڵی لای هەولێر، حسابکە ئەویش سجنێ تربوو، ئابەو عومرەوە چ ویژدانێ منداڵی ئاوا بێدایک ئەبا ئەنفالی ئەکاو سجنی ئەکا، خوا ئاگادارە سەیارەیەکی دوتەنی ماڵم لەوێرانەوە هاوردەوە بەتانیەکیان نەدامێ بیدەم بەومنداڵانەمدا لەو تەواری چوارباخە کە بردیانین بۆ نوگرە سەلمان هیچمان پێنەبوو روت و قوت ڕەنگە پەنجا کەس شایەتم بێت لەوێ بەتانیەکم لەشورتەکان کڕی وە (٤) دینار، ئەوماوەیە کە ئێمەلەنوگرەسەلمان بوین ئەوتاقە بەتانیە، پشتی و دۆشەکی من و ئەو چوارمنداڵە بێدایکەم بووە، منداڵەکانم بچوکبوون دایکیان هەر لەهەڵەبجە کیمیایی کوشتبووی لەگەڵ دایکی خۆما،بەخوا ئیستاش دایکم لەقەبری جەماعیدایە بەتەزبیحەکەی ملیدا ناسیمانەوە، وەزعەکەمان زۆر زۆر خراپ بوو، جا ئەو هەموو دەردەسەریەی وەسەرئێمە هات کەچی هەتا ئێسکە هیچ شتێکمان بۆنەکراوە تەنها ئەو معاشی خێزانەم نەبێ کەئەویش ١٥٠٠٠٠ سەدوپەنجا هەزاردینارە، ئەوەنەبێ کیلۆیە رزق چیە یارمەتیەک چیە لەم حکومەتەی خۆمان وەرم نەگرتووە، کێشەیەکی تری حاجی صادق ئەوەیە کەوا ناوی لەوئامارەدا نەنوسراوە کە وەزارەتی شەهیدو ئەنفال پێی هەستا بۆ دۆکۆمێنتکردنی هەموو ئەوکەسانەی بەرئەنفال کەوتوون و زەرەرمەندی گیانی و ماڵی بوون، چونکە ئەوکاتەی ئامارەکە کراوەو تیمەکان گەڕاون ئەو چووە بۆ عومرەو لەکوردستان نەبووە، وەکو حاجی دەڵێت ئەوسا دوو دوکانی بووە، بەڵام هیچ زەرەرو زیانێکی بۆ نەنوسراوە بەتایبەتی دوکانەکانی کە یەکێکیان دوکانی بەزازی بووەو ئەوی تریش دوکانی شیرینی بووەو خۆی بەوکارەوە سەرقاڵکردووەو ئێستا لەبەر دەستکورتی بەو تەمەنەوە حەرسی بینایەو مانگی ١٥٠٠٠٠ دینار وەردەگرێت، ئینجا هەناسەیەکی هەڵکێشاو ووتی: گوێ بگرە دەستی کرد بەگیرفانیداو کیسەباخەڵەکەی دەرهێناو

وێنەی منداڵەکانی دەرهێنا کە هەموویان بەکۆمەڵ لەگەڵ حاجی صادقی باوکیان پێکەوە گرتبوویان، ئینجا ووتی: ئەها تەماشاکا ئەمە سیروانە ئەمە وەبەردایکیەوەبوو کەوا کیمیاویەکە کوشتی، ئەمە سەروەرە، ئەمە شیرینە، ئەمە سامانە، ئینجا وێنەیەکی تری دەرهێنا ژنێکی پۆشتە سەروکڵاوی کوردەواری ژنانەی لەسەربەستبوو ووتی ئەمەش دایکیانە بەخوا تا دنیادنیایە نابێ لەبیری بکەم، بەقەد ئەم دنیایە خۆشم گەرگبوو، هەولێکی زۆرم لەگەڵدا تا قەناعەتم پێکرد وێنەکانی کۆپی بکەم مام صادق واتێگەیشتبوو من مەبەستمە وێنەکانی لێوەربگرمو نەیدەمەوە.. بۆیە تا تێمگەیاند وێنەیان لەبەر دەگرمەوە زۆری ویست، دواتریش کە تێگەیشت وێنەکانی دەمەوە بەڵام لەوە دوودڵبوو بمداتێ چونکە ئەو واتێگەیشتبوو بۆماوەی دوسێ رۆژێك لەلای خۆم دەمێننەوەو لەبازار کۆپییان دەکەم، بەڵام کەزانی هەرلێرەو هەمووی چەند دەقیقەیەکی پێدەچێت ئینجا رازی بوو بەوەی وێنەکان بنێرم بۆکۆپی کردن، ئینجا بەئاسودەییەوە ووتی نەمزانی وا زوو تەواوی دەکەیت بەڵام ناهەقم مەگرە من ئەم وێنانەم زۆر خۆش گەرەکە، ئەم وێنانە ئەبێ هەرلەباخەڵابێ هەتا ئەو رۆژەی ئەمنێنە قەبرەوە وەختێ ئەم وێنانەم پێنەبێ کە ئەم خەنە قەبرەوە ئەگینا هەرئەبێ پێمبێ. ئەم منداڵە جوانانەم لەگەڵدا بوو لەنوگرە سەلمان توخوا ئەمە چ ویژدانێك قبولی دەکات ئەم منداڵانە ئەنفال بکرێن.. ئەی چۆن کەچی ئێستاش هیچمان بۆناکەن.



دایکی حاجی صادق

# شیرین سەعید قوربانیەکی تری ئەنفال




خۆشم نەزانی ئەو رۆژە بۆچی ژنێکی تاساو زیاد لەپێویست سەرنجی راکێشام؟ کاتێك بینیم ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی دانیشتبوو، ئەو ژنە شیرینی تەمەن ٤٠ ساڵ بوو، کەوەکو زۆربەی ژنانی گەرمیان قوربانی ئەنفالەو ئەویش مێردەکەی بەرپەلاماری ئەنفالکەوتووەو نەگەراوەتەوە،پاش ئەوەی دیواری بێدەنگی لەبەرانبەرمدا شکاند ووتی: ( ئەوسەروەختەی ئەنفالەکە بوو، لەمانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٨ ئێمە لەگوندی هەیدەربەگی سەربەناحیەی ئاغجەلەر بووینو لەوێ دانیشتبوین ژیانێکی هاکەزایی دەژیاین، هەفتەیەك پێش پەلامارەکانی ئەنفالی چوار مێردەکەم مشوری خواردبووینو پێی وتین دەبێ برۆنەوە بۆ چەمچەماڵ، ئیتر منو کچەکەی ناردەوە بۆ چەمچەماڵو لەوێ خۆمان پەنادا، کەچی خۆی دەربازی نەبوو) بەم شێوەیە مێردەکەی دەربازنابێتو کاتێك خۆی تەسلیمی جاشەکانی قاسماغای کۆیە دەکات، ئەویش تەسلیم بەهێزە ئەمنیەکانی بەعسیان دەکاتو ئیتر لەگەڵ ئەوخەڵکەرۆیشتنو نەبینرانەوە.

ئەم ژنە جگەلەمێردەکەی برایەکی بەناوی جەمالو خوشکێکیشی بەناوی ئامینە ئەنفالکراونو هەتا ئێستا چارەنوسیان وونە. شیرین دوای چەندین ساڵ چاوەروانی شو بەپیاوێکی تردەکاتەوەو ئێستا نیشتەجێی ئۆردوگای تەکیەو لەگەڵ مێردی تازە دەژی. هەر ئەو رۆژە کورێکی تەمەن ١٢ ساڵی لەگەڵدا بوو بەناوی شفان ووتی: ئەم دایکی راستەقینەم نیە، بەڵکو من کوری ئەو پیاوەم کەشووی پێکردووەتەوە، بەڵام خۆشم دەوێو لەگەڵ دایکم هیچ جیاوازی ناکەم، بەڵام حیکایەتی ژیانی دوای شوکردنەوەی شیرین زۆر تفتو تاڵترن، لەرۆژانی چاوەروانی هاتنەوەی مێردەکەی، کاتێك لێم بیستن کە کەسێك شوکردنەوەی ئەم ژنە دەقۆزێتەوەو وەکو خۆی باسی کرد لەساڵی ٢٠٠٥ وە موچەی وەرنەگرتووە؟! چونکە بەو بیانووەی شوی کردووەتەوە موچەکەیان خواردووەو کەسێك بۆخۆی وەری گرتووەو خواردوویەتی، لەولاشەوە بەشیرینیان ووتووە لەبەر ئەوەی شوتکردووەتەوە ئیتر تۆ بەپێی یاسا موچە ناتگرێتەوە. هەرچەندە هەتا ئیستاش شیرین ئەو کەسە ناناسێو نازانێ کێیە کەموچەکەی خواردووە، بەڵام ماوەیەکە کەسەکە لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە گیراوە، بەلام دوای ئەوەی بەدواداچوونم لەبارەیەوە کرد کارمەندێك لەخانەنشینی چەمچەماڵ بەناوی سەید نەجات، ووتی: هەر ئەمرۆ زیاد لە( ٣) جار تەلەفۆنمکردووە بۆ ئەوژمارەیەی کەشیرین سەعید لای ئێمە بەجێیهێشتووە بەڵام وەڵاممان نەداتەوە، لەبەرئەوەی دەمانەوێت موچەکەی بۆ بگێرینەوە، جگەلەوە سەید نەجات ناوی ئەوکەسەشی داپێمان کەوا دەمێکە موچەی ئەم قوربانیەی بەنایاسایی خواردووە، هەرلەدرێژەی بەدواداچونمدا لەبەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانو ئەنفالکراونی سلێمانی ئەوەشم بۆئاشکرابوو کەوا ئەو کەسە تەنها موچەی شیرین سەعیدی نەخواردووە بەڵکو ماوەیەکی زۆرە موچەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی" کە نزیکەی ٧٠ " کەس دەبن بەدزییەوە خواردووەو ئێستا لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاسایشەوە زیندانی کراوە.

# ماڵی مرۆڤە بێنازەکان

دەبوایە لەدوای دەسەڵاتی رژێمی بەعسو هاتنە پێشی دەسەڵاتی کوردی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالو کیمیابارانکراو ئەوەندە رێزیان لێبگیرایە، نەك هەرخۆیان بەڵکو خەڵکی کوردستان بەگشتی لەسایەی بەتەنگەوە چوونێکی واوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەستی بەمرۆڤ بوونی خۆی بکردایە، وەلی ئەفسوس لەم وڵاتە بەناو دیموکراسیەدا ئەوەی رێزی لێناگیرێ مرۆڤە، بەتایبەتی قوربانیان ئەنفالو کیمیابارانکراو مەحرومترین توێژی کۆمەڵایەتینو سەدان خانەوادەی بێنازو بەش مەینەتی ئەم کۆمەڵگایەیان پێکهێناوەو زەق بەبەرچاوی دەسەڵاتو یاساو رێکخراوەکانی مافی مامرڤەوە لە مەینەتیو ئازاری جەستەییو دەروونیدا دەژینو بە پێش چاومانەوە دەمرن، کەچی ئەوەی هەستی مرۆڤانەمان ناجولێنێ مردنی لەسەرخۆی ئەو مرۆڤانەن.

## عائیشە عبداللە قادر مەولان



لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٠ واتە تەمەنی بەقەد تەمەنی دەوڵەتی عێراقە، کەچی نەدەوڵەتی عێراقو نەعێراقیەکان نەیانتوانی رێزی بگرن..!! ئێستا گوندی تەپەسپی دادەنیشێو لەلای کوڕێکی بە ناوی ( رەئوف ) دەژیو باری تەندروستی زۆر خراپە .

لەساڵی ١٩٨٨ بەرپەلاماری ئەنفال کەوتووەو کوڕێکی بە ژن و منداڵەوە ئەنفال کراوەو خۆشی ئەنفالکراوەو شەش مانگ لەقەڵای نوگرەسلمان ماوەتەو دواتر ئازاد بووە

کوڕێکی تریشی لە ساڵی ١٩٩٧ وە توشی نەخۆشییەکی کوشندە بووەو بەهۆیەوە هەردوو چاوی لەدەست داوە.

## حسین مستەفا محمد احمد لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥ و نەهێ حسین سلیم لیرە



لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٥ ئەم ژنەش کوڕێك و کچێکی بە خێزانەوە بەر پەلاماری ئەنفالی سێ کەوتووە ، ئێستا هەردووکیان پێکەوە لەخانویەکی قوری زۆرخراپدا لە ناحییەی رزگاری ژیان دەگوزەرێنن.

## شمسەمحمد امین خەڵکی گوندی زینانە



تەمەنی لە دەوڵەتی عێراق زیاترەو لەدایکبوی ساڵی ١٩١٧ کەچی سوپای عێراق، لەگوندی زنانە تەواوی خێزانەکەی کەپێك هاتبوون، لە چوار کور و دوو کچ بەر پەلاماری ئەنفال کەوتوون، ئێستا لەگەڵ ناسیاوێکیدا لە ناحییەی رزگاری دەژیو لەژوورێکی قورینی پەرپوتدا ژیان بەسەر دەبات.

## زوبێدە حمە سعید قادر مستەفا



لەدایکبوی ساڵی ١٩١٧ یەو دانیشتوی گوندی کوڵەجوی حاجی حمەجان لەساڵی ١٩٨٨ بەر پەلاماری ئەنفالی سێ کەوتووە لەگەل کورێکیدا بەخێزانەوە ، لە دوای شەش مانگ لەگرتوخانەی نوگرەسلمان بە تەنها گەراوەتەوە، لەدوای گەرانەوەی زۆربەی کاتەکانی ژیانی بەگریان بەسەر بردوە لەساڵی ١٩٩٥ باری دەرونی بەتەواوی تێك چوبوو ، لەبەرواری ٢٠٠٨/١/٢٦ بۆ دواجار بەکەساسی سەری نایەوە .

## کافیە رشید صالح صفر



لەدایکبووی ساڵی ١٩٢١ ەو لە گوندی قولیجانی ناوچەی گەرمیان دادە نیشێ ئەمیش وەکو زۆربەی گەرمیانیە گوندنشینەکان، بەر گورزی پەلامارەکانی ئەنفال کەوتووەو بەهۆیەوە کورێکی و سێ کچی بەخاوخێزانەوەئەنفالك راونو ئیتر نەبینرانەوە. دوای شەش مانگ لەئازارو مەینەتی تەنها خۆی لەنوگرەسلمان گەراوەیەوە، ئێستا لەلای کچێکی خۆی ژیان بەسەردەبات لە ناحییەی رزگاری، کچەکەیشی

مێردەکەی ئەنفالە.

پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن .

## شوکت جوهر محمد سليمان
## زەریفە عبدالرحمان حسين





تەمەنیان سێ ساڵ لەدەولەتی عێراقگەورە ترە، هەردوکیان خەڵکی گوندی قەڵاچەرمەڵەی سەربەناحیەی سەرقەڵای کفرین، لەساڵی ١٩١٧ لەدایك بوون، لە پەلاماری ئەنفالی سێدا تـەواوی خێزانەکەیان ئەنفالکراون، ظریفە مێردەکەیو دوو کـوڕی لەئەنفالدا ڕۆیشتنو نـەگـەڕانـەوە، خـۆیـشی دوای شـەش مانگ لەگرتوخانەی نوگرەسلمان گـەڕاوەتـەوە ، ئێستا تەنها ماوەتەو لەگەڵ ژنێکی هاوخەمو زامی خۆیدا ( شوکت جوهر ) لەگوندی قەڵا چەرمەڵە پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن ، شوکەت جەوهەریش تەواوی خێزانەکەی بەرپەلاماری ئەنفال کـەوتـووە ، لـەگـەڵ ڤریفە زۆربـەی کاتەکانی ژیانیان بەگریان و لاوانـەو بەسەر دەبەن

پـوره شـەوکـەت تـــەواوی خـێـزانـەکـەی کەپێکهاتبوون، لەپێنج کـوڕو کچێکی بە منداڵەکانیانەوە کە ژمارەیان ٢٠ بیست کەس بووە، بەر پەلاماری ئەنفالی سێ کەوتن، خۆی و مێردەکەشی بە ناوی ( علی شریف حیدر ) دوای شەش مانگ لەنوگرە سلمان گەڕاونەوە، ساڵی ١٩٩٧ مێردەکەی کۆچی دوایی کـردووەو ئێستا لەگەڵ (ڤریفە) لە گوندی قەڵاچەرمەڵە

## جمينە سليمان اسماعيل هسن



تەمەنی دو ساڵ لەدەولەتی عێراق بچوکترەو لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٢ مـێردەکـەی و دوو منداڵی بەخێزانەوە کەژمارەیان هەشت کەسە لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێدا بێسەروشوێن کـــراون ،خـۆیـشـی لـــەدوای شـــەش مـانـگ لەنوگرەسلمان گەڕاوەتەوە . ئێستا خۆی تەنها لەخانویەکی قوڕینی پەڕپوتو خراپدا ژیان بەسەر دەبات .

## ڕەشيد عزيز محمد احمد



لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٦ لە پەلاماری ئەنفالی سێدا تەواوی خێزانەکەی کەپێکهاتبوون لە چوار منداڵ ، بێسەروشوێنکرانو دواتر خۆی و هاوسەرەکەی لەدوای حەوت مانگ لەدۆزەخی نوگرەسلمان گەڕاوەنـەتـەوە ، تا ساڵی ٢٠٠٤ خۆیو هاوسەرەکەی لەچاوەڕوانی منداڵەکانیدا بوون، بەڵام دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس ڕوخاو بێئومید بوون لە هاتنەوەی منداڵەکانیانو گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کەلەژیاندا نەماون هاوسەرەکەی توشی نەخۆشیەکی کوشندە بوو وە هەر بەو دەردەوە سەری نایەوە ئێستا ئەم پیرەمێردە بەتەنها لەیەك ژووری قوڕدا ژیان بەسەر دەبات .

## مام تاهر رشيد محمد



تەمەنی نەودو یەك ساڵە ( ١٩١٧ ) لە گوندی سەر ڕەشی ناحییەی سەرقەڵا لەدایك بووە هەموو خێزانەکەی ( سێ کوڕ و هاوسەرەکەی بەر پەلاماری گورگە دوپێکانی ئەنفالی سێ کەوتوون) بەتەنیا لە دوای شەش مانگ و نیو لەنوگرەسلمان گەڕاوەتەوە ،ماوەیەکی زۆر لەچاوەڕوانی هاتنەوەی ژنومنداڵەکانیدا لەخانویوکدا بەتەنها ژیانی بەسەربرد، دواتر ژیانی هاوسەری لە گەڵ ( سویبە حەمادی ) پێکهێناوەتەوەو بوونە خاوەنی سێ منداڵ بەناوەکانی ( هێرۆ ، چرۆ ، محمد ) بەڵام مام گاهر لە ساڵی ٢٠٠٠ وە هەر دوو چاوی لە دەست داوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ شدا توشی نەخۆشی شێرپەنجەی ( سرگان ) سی دەبێت، بەڵام لەبەر بێ کەسی و بێ دەرامەتی ناتوانێت چارەسەری خۆی بکات تا ساڵی ٢٠٠٧ چەند خێر خوازێك دەیبەن بۆ نەخۆشخانە، بـەڵام دکـتـۆر پیان ڕادەگـەیـەنـێت کە نەخۆشیەکەی کوشندەیەو پارەیەکی زۆری تێدەچێت بۆ چارەسەر بۆیە بە بێ هیچ ئەنجامێك دەگەڕێنەوە.

مام تاهربە ئومێدی چارەسەر گردنی نەخۆشییەکەی چاوەڕوانی مانگی ڕەمەزانی دەکرد بۆ ئەوەی ئەو پارەییەی کە خەڵکی بە زەکات و سەر فترە بۆی دێنن کۆی بکاتەوەو چارەسەری نەخۆشییەکەی پێی بکات، بەڵام بە داخەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١١/٢٤ کۆچی دوایی کرد ، ئێستا هەر سێ منداڵەکەی و ژنەکەی لەخانویوکی قوڕدا لەماڵی خزمێکی زۆر نـەدارو دەست کورتـدا ژیـان بەسەر دەبـەن . ئەم پیرەمێردە بێنازە تا خۆی لە ژیاندا بوو، نەکەس لەرۆحی بریندار و جەستەی ماندووی،پرسیو نەکەس بەچاوەکانیدا هەڵڕوانی کەچی ئەمساڵ بەرلەوەی پێبنێینە مانگی نیسان وەزارەتـی شەهیدوئەنفال، گۆچانو عەینەکەکەی مام تاهیریان بردووە بۆئەرشیفی وەزارەت..!!



## علی ئەمین مستەفا عوزێر

لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٥ەو دانیشتووی گوندی تەپەسپی یە، خێزانەکەی کەپێکهاتبوون، لە دوو کوڕو بوکێکی،هەروەها سێ کچیشی بەرپەلاماری ئەنفال کەوتوون و خۆشی دوای حەوت مانگ لەئازاری گرتوخانەی نوگرەسلمان گەڕاوەتەوە، ئێستا لای کوڕێکی دەژێت لەناحییەی رزگاری

## ( بێناز ) ئەو ناوی خۆی بەخۆیەوەیە.

بێناز لەدایکبووی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ ە، هەرچەندە تەمەنی زۆرنیە بەڵام، دایکی سێ کوڕەو ئێستا لەماڵو میردی خۆیەتی.

ڕێکەوتێکی سەیر بوو! ئەو بەیانیەی خۆم ئامادەکرد بڕۆم بۆ فەرمانگە، لەماڵەوە بەشی ئەوە ئاومان نەبوو دەموچاومانی پێبشوین، ناچار هەر بەدەموچاوی ترشاوەوە بەڕێکەوتم، بۆ فەمانگە دایکی لاس بەسەرسورماویەوە پرسی چۆن ئاوادەرۆی ؟ لەوەڵامیدا ووتم: بەڵێ مەگەر بۆکوێ دەچم ؟ دەچمە فەرمانگەی مرۆڤە بێنازو پەراوێز کەوتووەکان، کەچی ئەو ڕۆژە ژنێك هات بۆ لامان هەربەراستی ناوی (بێناز) بوو ..! ناوەکەی خۆی خەسار نەکردبو،



بێناز لەو رۆژی حەشردا لەدایکبوو:

دایکە ئەنفالکراوەکەی بەناچاری ناوی نا بێناز، کەچی لەدوای بەربوونیان ماڵی باوای " باپیرە"ی لەبری ئەوەی نازی بدەنێ، لەدایکی دەسەنەوەو بێناز وەك ئەنفال لەسۆزی باوکی بێبەشی کردبوو،لەسۆزی دایکیشی بێبەشدەبێ.

خۆی نەخۆش بوو پارەی لای دکتۆری پێنەبوو، منداڵێکیشی نەخۆشی فتقی هەبوو هەر لەسۆنگەی هەژارییەوە فەرامۆشی کردووەو، چاوەروانی رەحمی یەزدان دەکات شیفای بۆ بنێرێ.

برایا هەربەوەندە بېرایەتەوە بەڵام نەخێر، هاوسەرەکەشی کە حیمایەی بەرپرسێکی شاری کەرکوکە لەماڵەوە نەشتەرگەری بۆکراوەو لەسەرجێگە کەوتووە.

وێرای ئەو هەموو غەدرە مادیو مەعنەویانەش هەرلەمنداڵییەوە بەهۆی مێینە بوونیەوە لەخوێندن بێبەشکراوەو ئەم خەمەشی لەسەرو هەموو خەمەکانی تریەوەیەتی. جگە لەهەموو گرفتەکانی ژیانی ئەم مرۆڤە، هێشتا کێشەیەك ماوە کە هەقە لەرووی ئەخلاقیەوە هەموومان پێوەی پابەندبین ئەویش ئەوەیە کە" بێناز " دوای شوکردنو چونەماڵو مێردی خۆشی هێشتا کۆسپێك لەبەردەمیدایە بۆبینینی دایکی، ئەویش کۆسپی مادیو کرێی هاتووچۆیە.

لەوەتای شووی بەئامۆزاکەی خۆی کردووە کەس ڕێگەی بینینی دایکی لێناگرێت، بەڵام یەکجار دایکی بینیوە، ئەویش هەر ئەو جارە بووە کەمامەی بردویەتی بۆ لایو کرێی سەیارەکەی لێنەسەندووە.

## کەرەموئەختەر



خوشكوبرایەکن لەسەرقەلای کفری دەژین، کاتێك باوکیان (صالح رەشید) لە قادرکەرەم ئەنفالکرا ئەمان دوو منداڵی بچوك بوون، وەکو ئێستا کەئەندامو بێنازنەبوون،ئەوساتەوەخت ەی ئەنفال تەنیا دایکیان بووە پشتو پەنایانو ئیستاش مامۆستا ئەکرەمی برایان پێگەیووە، بەسەرهاتی ئەم خێزانەش قوربانیەکی گەورەی ئەنفالن، ئەم کوروکچە گەنجە " ئەختەرو کەرەم" هەردووکیان کەم ئەندامنو تەنها لەدەرەوەی کوردستان چارەسەریان هەیە، راپۆرتی پزیشکی ئەم دوو مرۆڤە دەڵێت، چارەسەریان لەدەرەوەی هەرێمە، ئەوەی مایەی ڕەخنەی توندە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی٢٠٠١ ناویان چووەتە لستی ئەو نەخۆشانەوە کەببرێن



بۆدەرەوەی هەرێم بۆ چارەسەر، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بری ئەو پارەی بۆ تەرخان نەکردوون کەدەبوایە بۆیان خەرج بکرێت.

بێگومان ئەختەروکەرەم ئەگەر لەچینی هەژارانی ئەم وڵاتە نەبوونایە چارەسەریان ئەوەندە قورس نە بوو.. تکایە ئەم راپۆرتە بۆئەوە نیە کە بەزەیمان بەحاڵیاندا بێتەوە، بەڵکو مەبەست نەك هەر حکومەتی هەرێم بەڵکو ئەوەی توانای هاوکاری کردنی مرۆڤە بێنازەکانی ئەم ژمارەیەی هەیە خۆیان بخەنە بەردەم ئەرکێکی ئەخلاقیو ئینسانیەوە. ئەگەر دەمانەوێ ئێمە وەکو ئینسان بژین، دەبێت هەلوەستەیەکی جدی لەسەر ئەوانەش بکەین، کەپێویستیان بەهاوکاری هەیە، دەنا ئێمە ئەگەر دەرودراوسێمان لەهەموو مافە ئینسانیەکانیان بێبەش بن؟! چ بەهایەکیش بۆ خۆمان دەمێنێتەوە، هەقە ئەم مرۆڤانە تا لەژیاندان واتای راستەقینەی ئینسانو هاوڵاتی بوونو نازیان بۆ بگەرێتەوە، فەرموون باهەموومان پێکەوەو بەپێی توانای خۆمان یارمەتی دەریان بینو چیدی چاوەروانی بەلێنی جیبەجێنەکراوی حکومەت نەبین، چونکە حکومەت نازی کوروکچە نازادارەکانی بەرپرسانی لەئەستۆیەو لەبەرئەوە نایپەرژێتە سەر کەرەمو ئەختەرو ماڵەهەژارەکانی دی.

## میهرەبانو مەعروف

ئەم دوومرۆڤەی دەیانبینی، کوڕو کچی شەهیدێکی ئەم وولاتەن. مرۆڤنو پێویستیان بەهاوکاری هەیە، بەڵام تکام وایە ئەگەر هیچت لەدەستنایات بۆهاوکاری کردنیان نە هەناسەی ساردیان بۆهەڵکێشەو نەجنێویش بەحکومەتو بەرپرسان بدە، چونکە نەئاهی ساردو نە جنێودان بەحکومەت دەردی ئەم مرۆڤانە تیمارناکات، تکایە ئەم قسەیەم بەجدی لێوەربگرە کە خەمساردی تۆ ئەوەندەی تر حکومەتوبەرپرسانی خەمساردو بێدەربەستکردووە.



ئەم دوومرڤە هەتالێیان وردبیتەوە، بەرائەتو ئینسانیەت لەدەموچاویاندا دەخوێنیتەوە، ئەو ڕۆژەی ئەم دو مرۆڤەم تێدا ناسی، سەرقاڵترین ڕۆژانی ژیانم بوو، چاوەڕوانی تەلەفۆنی دکتۆر (میرزاحەسەندلای)م، دەکرد کە لەهەولێرەوە بێت بۆ سلێمانیو لەوێوە بڕۆین بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید، بەونیازەی چاومان بەچەند منداڵێکی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بکەوێت، تا بتوانرێت لەرێگەی رێکخراوی " پردی پەیوەندی ئەڵمانیاو عێراق"و لێرەشەوە، بەهاوکاری ناوەندی چاك چەند منداڵێکی ئەو شارە بەرین بۆ ئەلمانیا. ئەو ڕۆژە کچێکی باڵابەرز هاتە ژوورەوە دوای ئەوەی هەواڵی حاجی جەزای پرسیو کێ"ەکەی باسکرد، بەتەواوی بێزاربووم، کچەکە وتی : ناوم میهرەبانە ووتی: تکایە بەرێزینە من بۆ سواڵ نەهاتووم، هاتووم یارمەتیەکمان بدەنو هاوکاریمان بکەن بۆ چارەسەری براکەم، بەراستی میهرەبان ناوی خۆی بەخۆیە بوو، جارێکی تر هاتەوە قسەو ووتی: ئەوەی بەسەرمان هاتووە کارەساتێکی گرانەو شایستەی یارمەتی دانین.. باوکمان لەبنەڕەتەوە خەلکی پێنجوێنەو ئێستاش خۆمو دایکمو ئەم تاقە برایەم ماوین.. براکەشی کەلەڕوالەتدا دەیبینیو لێی دەڕوانی هیچ کێ"ەیەکی نیە، بەڵام لەراستیدا تووشی شۆك بووەو ئیستا کێ"ەی دەرونی هەیەو دورنیە لەداهاتودا نەخۆشیەکەی قورستر نەبێت. میهرەبان دوای پارەی نەدەکرد بەڵکو بەپێی رینمایی دکتۆرەکانی (مەعروف)ی برای تەنها چارەسەر بۆ نەخۆشیەکەی (مەعروف) خستنە سەرکارو مەشغوڵکردنێتی، میهرەبان هاتبوو لە بەرێوەبەرایەتی گ"تی شەهیدانو وەزارەتەکەی کارێك پەیدابکات تامعروف سەرقاڵ بێتو کەمێك لەنەخۆشیەکەی کەم بێتەوە، بەڵام وڵاتێك پڕبێت لەدلرەقیو مرۆڤی نا بەرپرسیار میهرەبانەکان دەبنە مرۆڤی پەراوێز کەوتووە.

ئامادە کردنی: ئارام قادر احمد
فۆتۆ: ئارام قادر احمد
aram.qadr@ yahoo.com

# مام ئەمین عەلی فارس:
# ئەرێ برا ووتمان بەعس دوژمن و زاڵمە ئەی کورد بۆ وامان پێئەکا؟!



مام ئەمین عەلی فارس لەدایکبووی ساڵی (١٩٣١) کە ئێستا تەمەنی بەتەواوی هەڵکشاوەو نزیکەی ٧٥ ساڵ دەبێت، ئەم پیرەمێردە، لەبنەڕەتدا خەڵکی گوندی گەڕاوی وتەپەسپی سەربەناحیەی قادرکەرەمە، لەپەلاماری ئەنفالی سێدا کورەکانی (شیرازاد، فەرهاد، لوقمان)و هەروەها سێ برای بەناوی (قادر، عبدولکەریم، نەسرەدین) بەدەستی جاشەکانی قاسم درەیی گیراونو دواتر تەسلیم بەرائید (عبدالحمید) کراونو نەگەڕاونەتەوەو لە قادرکەرەم ئەنفالکراون، ئەگەر هەتا ئێرە کارەساتێکی گەورە بووبێت بەسەر ئەم خێزانەدا هاتبێ، ئەوا لەدوای ساڵی ١٩٩١ و کوردستانی بەناو ئازاد کاریگەری ئەنفال لەسەر ئەم خێزانە قوڵتردەبێتەوەو برینەکەی بەسوێتر بەناخیاندا ڕۆدەچێتە خوارەوە، لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون دیوەخانانەی دەیان ئەنفالچی بدەن، بەڵام ئامادەنەبوون ئاورێکی جدی لەحاڵو ماڵوژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بدەنەوە، وەکو مام ئەمین دەڵێت: ئەرێ بابە ئەوە ووتمان بەعس دوژمنە، ئەی کورد بۆ ئاورمان لێناداتەوەو لەم میحنەتە ڕزگارمان ناکات؟

بۆیە ئەنفالستان ناچارە لەژمارە پێنجیدا ئەوەشی بۆزیاد بکاتو بڵێت، ئەرێ ئەوە هەموومان زانیمان حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمساردەو غەرقی گەندەڵی بووە، ئەی ویژدانی ئەم کۆمەڵگایە لەبەرپێی کام عەدالەتدا لەپرخەی خەودایە؟! ئەی ئەوهەموو ڕێکخراوە بەناو ئینسانیە چەند ساڵە لەم وڵاتەدا ئیشیان چیبووە، ئەی ئەو هەموو ڕێکخراوەی مافی مرۆڤو کۆمەڵگەی مەدەنی، کارلەسەر کام دۆسیەیە دەکەنو بە نیازن بەفریای کام دۆسێی لەم دۆسیەیە ئینسانی تربکەون؟!! ئەمە پرسیارەو وەڵامەکەشی بەجیدیلم بۆ ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە، لەهەمان کاتدا ڕووی لەتاکەکەسیشە بەتایبەتی ئەو گەنجە خوین گەرمانەی بازیانو ئیدارەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەوناحێیە.

ئەنفالو چیرۆکی کابینەکەی بازیان :

کابینە(٤ + ٤ )ەکەی ماڵی مام ئەمین عەلی فارس، لەدوای دامەزراندنی پێنج کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهەموو ماندووبوونو شەکەتی خۆیەوە هێشتا دوخێزانی بەئاگری ئەنفال داخکراوی ناوچەی قادرکەرەمی گرتووەتە خۆ، ئەوکابینەیەی کەتەحالوف هێنایە ئەم وڵاتە بۆ فرۆشتن نەبوو، بەڵکو هێنابوونیان بۆ حاڵەتی فریاگوزاری، وەلی ئەم خێزانە ئەوەشیان پێنەبراوە بەڵکو لەقوتی دەمی خۆیانگرتووەتەوەو ساڵی ١٩٩٢بەبری ٥٠٠دیناری سویسری کریویانە، کاتێك لەسەرجادەکەوە چاوت بەو کابینەیە دەکەوێت مەحاڵە بیرت بۆئەوەبچێت کەئەمە بۆ نیشتەجێی مرۆڤ دانرابێت چ جای ئەوەی بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی دوخێزان؟! کە بەهەردووکیان (٧)کەس پیرەمێردێکی چاوکزو پیرەژنێکی هەناسە



ساردوو بێوەژنێکی ئەنفالو چوارکچی تازە پێگەیشتووەو یەکێکی قەیرەو شەوروژی تێدا دەکەنەوە، خودایە دەبێت حیکایەتەکانی ناو ئەم کابینیە، خەمو ژانەکانی ئەم مرۆڤە ئەنفالکراوانە چۆن شەوانە بچن بەیەکداو چۆن رۆژ بکەنەوە، کابینەکە ئەگەرچی تەمەنی هەروا دەدوانزە ساڵێکە بەڵام گەلێك لەمام ئەمین عەلی فارس ماندووتروشەکەتتر دیارە، پەنجەرەکانی بەنایلۆنێکی تەلخو گونێی شەکرگیراون، لەچەند گۆشەیەکیەوە سەرمای زستانو گەرمای هاوین زەفەریان پێبردووەو تەواو دەمیانکردووەتەوەو شەقیان بردووەو پەکیان خستووە، وەلی دەڵێی ئەویش سوێندی خواردووە هەتا ویژدانی مرۆڤی کورد رانەچڵەکێت دەستبەرداری ئەم بوونەوەرە لێقەوماوانە نەبێت، هەتا خێرخوایەك پەیدانەبێت ئاورێك لەم مرۆڤە تەزیوانە بداتەوە ئەم لەبن باڵی خۆی بنێو وەدەریان نەنێ، ئەومرۆڤانەی ئەنفال بەهەموو تورەییەکی خۆیەوە فرێیداونەتە ئەو دیوی فاریزەکانی ژیانەوەو حکومەتی کوردیش بەخەمساردییەوە تەماشای حاڵیان دەکات، کاتێك چاوم بەدوو دلۆپ فرمێسکی ئەو پیرەمێردەکەوت لەودیوی شووشەی عەینەکەکەیەوە، نەفرەتم لەهەموو بەها موزەیەفەکانی ئەم دنیایە کرد، نەفرەتم لەو رۆشنبیرە دەمپیسانەش کرد بەناوی ئەنفالەوە شەربەمرۆڤایەتی دەفرۆشن، گومانم لەبوونی هەموو هەستە مرۆڤایەتیەکان کرد..کاتێك گوێم لە مام ئەمین دەگرت، شەرمم لە مرۆڤ بوونی خۆم دەکرد، کاتێك ئارەزووی باوك ئەنفالکراو دەدوا وەکو سوژن بکەن بە گوێچکەمدا ئازاریاندەدام، ئەگەرچی زوو زوو مام ئەمین لێی تورە دەبوو، وەلی ئەو ناهەقی نەبوو لەقسەنەکەوێتو هەرچی لەدڵیدایە هەڵیرێژێت، لەکوێ کەسی تری دەست دەکەوێت لەرێگەیەوە قسەکانی بگەیەنێتە ئاوەدانی،؟ ئارەزوو کەباوکی ئەنفالکراوە کچی" شیرزاد" کورە گەورەی مام ئەمینەو ئەم تەمەنی تەنها سێساڵ بووە کە باوکی ئەنفالکراوە، گەلێك قسەی رەوانو بەرهەقی کرد، ووتی بۆ مەگەر ئێمە کورد نین؟ ئینسان نین؟ بۆحکومەت عەیب نیە ئێمە ئاوا بژین؟ بۆ حکومەت چی تێدەچێت..! خۆپارەی سەیارەیەکی تێناچێت ئەگەر هاوکاریمان بکاتو خانوویەکمان بۆبکات؟! ئای مرۆڤایەتی لەکوێی حەقیقەتدا پرخەی خەوت دێ مەگەر ئەو کابینە ماندوو شەکەتە نابینی ئەنفالکراوێکی گەرمیان چۆن بەگوڵو لاولاو دەورەی داوەو خۆی وا لەتینوا دەخنکێو ناهێڵێ گولەکانی دەوری کابینەکە بێ ئاوبن؟!



# ئەنفال دواهەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان بوو

محەمەد نوری زۆراب

گەلی کورد وەك نەوەتەیەکی ژێردەست و خاك و، ئاو ،و نیشتیمان داگیرکراو، دەمێکە دووچاری ڕاوەدونــان و کوشتن و ستەم و چەوساندنەوەی جۆراوجۆربۆتەوە ، ئەم ڕەوشـە نالەبارەی کوردستان مێژوویەکی دوورو درێـژی هەیە و دەگەڕێـتەوە بۆ سـاتـەوەخـتـی دابـەشـکـردنـی کـوردسـتـان و بێبەشکردنی کـورد وەك نەتەوەیەك لەهەموومافێکی سرووشتی و یاسایی. بۆیە ئەگەرباس لە هەرجۆرێك لە چەوساندنەوەو جـەوروسـتـەمـی جـۆراوجـۆربـکـرێـت دابەشکردنی کوردستان هۆکاری سەرەکی ئەو ڕەوشە نالەبارو چەوساندنەوە بەردەوامەی کوردستانە، ئیترلێرە بێت ،یاخود لـەوێ یـان جـۆرو شـێـوازی ئەوچەوساندنەوەیە لەهەرقەوارەیەکدابێت، بێشك کوشتن وبڕین وچەوساندنەوەوداگیرکاری لەهەرجێگەیەکی ئـەم خـاکـە داگـیـرکـراوەدابـێـت ئـازارو مەینەتێکە هەمووکۆمەڵگای کـوردەواری بێبەش نەکردوە لەو ستەم وچەوساندنەوە بـەردەوامـە نەتەوەییە وهەمیشە، وەك برینێکی قوڵی ساڕێژنەکراو بەجەستەی لەت لەتکراو بیمارمانەوە دەکولێتەوە ، ئەونەهامەتی و دەردەسـەریـانـەش هێندە زۆرن مەگەر بەدەگمەن ساتە وەختێکمان هـەبـێـت،یـادەوەری نـاخـۆش جـەرگ بڕ وکارەساتباری تێدانەبێت . بۆیە دەبێت هەمیشە ئەویادەوەریە ناخۆش و سامناکانە هـانـدەرمـان بێت بۆبنیادنانی پرسێکی نەتەوەیی ڕاست ودرووست ، لەوپێناوەشدا وریـاتـرو واقـعـیـانـەتـرو سـەردەمـیـانـەتـر بیربکەینەوە ، هەموو ئەو ڕۆژگارەسەخت و ناهەموارانە بکەینە فاکتەری بەهێزبوونی بیری نەتەوەییمان ،چونکە ئێمەی کورد ئەوەی بەسەرماندا هاتوە لەسەرئەوەبووە کـەکـوردیـن و نـاسـنـامـەی کـوردبـوونـمـان هـۆکـاری سـەرەکی و بنەڕەتی ئـەو ستەم و چەوساندنەوەبەردەوامە بووە ، هەوڵ و خواستە جۆراوجۆرەکانی دوژمنان لەسەر قڕکردن و کوشتن و سڕینەوەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان هیچیان لەوی ترباشتر نەبووە ،لەهەرکوێیەك دەنگێك هاتبێت بەیەك ئاراسـتـەو بـەیـەك هەڵوێست مامەڵەیان لەگەڵ کردووین ، قڕکردن و لەناوبردن وچـەوسـانـدنـەوە باشترین وگونجاوترین چارەسەری کێشەی کورد بووە بەلای دوژمنان و داگیرکەرانەوە ،بۆیە دەبێت ئەوڕۆژگارە سەختانە بکەینەبنەماو ئایندەمانی لەسەر بنیادبنێینەوە. ئەنفال یەکێکە لەوبرینە ساڕێژنەکراوەی جەستەی کۆمەڵگای کوردی کە ساڕێژبوونەوە ی زۆرمەحاڵەو کۆستێکی گـەورەی نەتەوەییە دوژمـنـان و سەرانی داگـیـرکـەری عـێـراق لـەو دواوێـسـتـگـەیـەدا ویستیان بۆهەتاهەتایە ناسنامەی کورد بسڕنەوە لەوکردە شومەدا هەمووتوانای سیاسی وسەربازی بەکارهێنرالەدژی گەلی کوردو کپ کردنەوەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان ، بەوکردەسەربازیە شـوومـەش گـەورەتـریـن زەرەرو زیانیان بـەکـۆمـەڵـگـای کـــوردەواری گـەیـانـد ، لەوپرۆسەیەدا زیاترلە١٨٢٠٠٠مرۆڤی کورد تەنهالەبەرکوردبوونیان بێسەرو شوێنکران ،کەدواترهەرلەچوارچێوەی ئەوپرۆسەیەدا لەبیابانەکانی باشوورو ناوراستی عێراقدا زیندە بەچاڵکران،بەوشاڵاوە دڕندەیەش کوردستان دووچاری گەورەترین هەڕەشەی لەنـاوبـردن کـرایـەوە ، ئەوکردەگشتگیرو هـەمـەلایـەنـە بـووە تـراژیـدیـایـەکـی تـرسـنـاك و گـەورەتـریـن مـەرگـەسـاتـی لێکەوتەوە،ئەگەربەوردی وبەدیقەتەوە بڕوانینە ئـەوکردەیـە دەبینیت سەرانی ڕژێمـی بەعس پێش وەخـت، هەرلەساڵی ١٩٨٧وە بـەرنـامـەوپـلان ونـەخـشـەی بۆدارشتبوو، پاشان لەساڵی ١٩٨٨ بەچەند قۆناغێکی یەك لەدوای یەك و بەشێنەیی چوە بواری جێبەجێکردنەوە بەو کردەیەش کوردستان کەوتە بەردڕندانەترین شێوازی چـەوسـانـدنـەوە، کـورد لـەو پـرۆسـەیـەدا دووچاری گەورەترین جینۆسایدی مرۆیی بووەوە ئەو کردەیەش هەوڵێکی تری فەرمان ڕەواکانی دەوڵەتی عێراق بوو بۆسڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان.

ئەگەرچی دوژمنانی گەلی کورد لەزۆربەی قـۆنـاغـەکـانـدا دریـغـیـان نـەکـردووە لەچەوساندنەوە وزوڵم و ستەم کـردن، بـەڵام شـاڵاوەکـانـی ئـەنـفـال خـراپـتـریـن شێوازبو بەدڕندانەترین شێوە ویستیان کـورد لـەبـاشـووری کـوردسـتـان لـەڕەگ وڕیشەوە هەڵتەکێنن. ئەم ڕەشـە کوژیە، زادەی بیرکردنەوەی نەوەکانی ڕابـردووی

عەسری جەهالەت بوو کە ویستیان جارێکی تردووبارەی بکەنەوە لەچوارچێوەی بەرنامەو سیاسەت وسیستەم وقۆناغێکی تری مێژوویدا. ئەنفال خەمێکی ئێجگارگەورەو کەم وێنەیە بۆیە حەق وایە هەروا بەسانایی لێی نەروانرێت دەبێت ڕەنگدانەوەی هەبێت لەناخماندا ئەو ئازارو مەینەتیانە هەرگیز لەبیرمان نەچێتەوە چونکە مەبەست لەوشالاوە دڕندەیە لەناوبردن وسڕینەوەو فڕکردنی کوردبوو، بۆیە دەبێت لای هەرتاکێکی کورد ئەو مەرگەساتە ڕەنگدانەوەی هەبێت ، پێویستە کارەساتی ئەنفال لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تایبەتی تردا شکڵ وشێوازی سیاسی و سرووشتی خۆی وەربگرێت کەشایستەی گەورەیی قوربانیەکانی ئەنفال بێت، لەم چوارچێوەی ئێستادا بگۆڕدرێت گرنگی زیاتری پێبدرێت بەجۆرێك کە ڕەنگدانەوەی ڕۆژانەی هەبێت لەسەرهەرتاکێکی کورد ،جێگەی داخە ئەنفال تاکو ئێستا بەشێوەیەکی گشتی هێشتالای تاکی کوردولایەنەپەیو ەندیدارەکان نەبۆتەپرسێکی نەتەوەیی ئەمەش کارەساتێکی ئێجگارگەورە یە ،سوتماك کردنی بەشێك لەنیشتیمان لەدەستدانی ئەوهەمووەمرۆڤە نیشتیمان پەروەرو ڕۆحەپەپولەیی وبێگەردانەی کەلەبیابانەکاندا تەنهالەبەرکوردبوونیان زیندەبەچاڵکران ،بەبابەتی نەکردنی ئەم پرسەکاریگەری خراپی دەبێت وڕەنگدانەوەی خراپی لەئایندەدا لێدەکەوێتەوە.

ئەنفال مەرگەساتێکی کەم وێنەیە حەق وایە هەروا بەسانایی تەماشانەکرێت،دەبێت وەك ئەرکێکی نیشتیمانی ومێژووی ئەوکارەساتە گرنگی زیاتری پێبدرێت خەمی ئەنفال زۆرلەوە زیاترهەڵدەگرێت کەدەبینین لەساڵ ڕۆژوبۆنەکانی یادی ئەنفالدا دەکرێت، ئەوتراژیدیاگەورەیەی کەبەسەرگەلی کوردا هاتوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کەم وێنەیە،ئەوەی جێی سەرسوڕمانەلێرەدائەوەیە کە تاکو

## پێویستە کارەساتی ئەنفال لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تایبەتی تردا شکڵ وشێوازی سیاسی و سرووشتی خۆی وەربگرێت کەشایستەی گەورەیی قوربانیەکانی ئەنفال بێت

ئێستا ئەوکارەساتە مێژوویە نەبۆتە بابەتێك کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەرپرسی نەتەوە پیمان ، حەق وایە چیترئەوپرسەگەورەیە لەئاست گەورەیی و قەبارەی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵبکرێت چونکە مەرگەساتێکە لەهاوشێوەی هۆلوکۆستی جولەکەکان وتەواوی ئەوتراژیدیامرۆیانەی نەتەوەوگەلانی تری کۆمەڵگا مرۆیەکان کەتائێستالەیادەوەری نەوەکانیاندا بەزیندوویی ماونەتەوە. بەپلەی یەکەم ئەرکی ڕۆشنبیران وئەکادیمی وکەسانی پسپۆڕە لەم بوارەدا لەسەرڕەهەندە جیاجیاکانی ڕاوەستن لەهۆکارە جیاجیاکانی پشتی ئەورووداوە بکۆڵنەوە .بۆبەرزڕاگرتن وبەزیندووی هێشتنەوەی ئەویادەوەریە پێویستە بکرێتەبابەتێکی مێژوویی ولێکۆڵینەوەی زانستی وئەکادیمی لەسەربکرێت لەم بوارەدا کارێکی وە هابکرێت ئەم پرسە ببێتە سمبولێکی نەتەوەیی ونیشتیمانی ، هەرتەنها ئەوەنەبێت تەنها ساڵێك جارێك بیرمان بکەوێتەوە تەنها لەیادی ئەنفالدا فرمێسکی بۆبڕێژین،ئیترلەدوای ئەوساڵیادە لەبیرمان بچێتەوە پێویستە حکومەتی هەرێم لەئاستی خەمی پاشماوەی ئەنفالکراوەکاندابێت چارەسەری کێشەجۆراوجۆرەکانی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان بکات حکوموتی هەرێم وسەرکردایەتی سیاسی کوردبەچاوی پرشکۆوگەورەییەوە لێیان بڕوانێت هەوڵی دابینکردنی سەرجەم پێداویستیە مادی ومەعنەویەکانیان بدات ژیانێکی شایستەیان بۆدەستەبەربکرێت ، خزمەت گوزاری وئاوەدانی وبوژاندنەوەی دێهاتەکانی کوردستان حکومەت وەك ئەرکێکی هەنوکەیی لێی بڕوانێت لەگەیاندنی خزمەت گوزاری وئاوەدانی وخۆشگوزەرانی چیترکەم تەرخەمی نەکات چونکە هەرئەوگوندودێهاتانەبولەڕۆژگار ەسەختەکانی سەردەمی شۆڕشداسەروماڵ وسامانیان فیدای گەورەیی نیشتیمان کرد.نابێت ئەوڕاستیەمان لەبیرچێتەوە ئەوئازادی وسەرفەرازی ودەسەڵاتە سیاسیەی ئەمرۆمان بەرهەمی ئەوفیداکاری وقوربانیە کەم وێنەیە .بۆیە دەبێت بەپێی گەورەیی قەوارەی کارەساتەکە بڕوانینە ئەم پرسەنەتەوەییە گرنگی پێنەدان وبەبابەتی نەکردنی پرسی ئەنفال ئەمەش بۆخۆی کارەساتێکی ترە.

## چیرۆکی دەربازبوونی ئەسمەرو بێستوون

# بیستون حەسەن:
# با پێناسێکی ڕێزلێنان بۆ کەسوکاری ئەنفال، بکەن بۆ ئەوەی لەدام‌و دەزگاکانی حکومەتدا بەڕێزەوە مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، ئەوسا قەسروقسورمان ناوێ



ئێوارەیەکی درەنگ وەخت لەئۆردوگای پیرەمەگروون دوای نانخواردن، بەنیازی چاوپێکەوتنیان چوینە ماڵی ئەسمەر ئەحمەدپیرۆت کە سێ کوڕی لەئەنفالدا بێسەرو شوێنکراون، لەو کاتەدا تەنها بێستونی بۆ دەربازبووە، ئەم خێزانە جگەلەکورەکانی خۆیان ٢٨ کەس لەکەسوکاریان ئەنفالن‌و هەتا ئێستا چارەنوسیان نادیارە، بەرلەوەی بچینە ناو گفتوگۆکەمانەوە بێستون هەندێك زانیاری لەسەر ئەنفالی ناوچەکەیان‌و بەسەرهاتی خۆیان‌و خزمەکانیان بۆباسکردین، لەناو قسەکانی بێستوندا دەردەکەوێت، کەباوکی‌خۆی‌و باپیری بەداخی ئەنفالەوە نەخۆش کەوتوون‌و لەراستیدا هەر بەو دەردەشەوە مردوون، ئەم خێزانە لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالی یەکدا لە گوندی قەرانگوێی دۆلی جافایەتی ژیاونێکی هاکەزایی ژیاون‌و بەڕەزوباخ‌و ئاژەڵداریەوە خەریکبوون، بێستوون ئەوکاتە منداڵێکی تەمەن سێ ساڵان بووە، خۆشی بەرێکەوتێکی سەیرلەبازنەی ئەنفال رزگاری بووە، ئێستا کورێکی کەڵەگەتی قۆزەو خوێندکاری کۆلیژی زانستە لەزانکۆی کۆیە بەشی کیمیا .

ئەوکاتەی پەلامارەکانی ئەنفالی یەك بۆسەردۆلی جافایەتی دەست پێدەکەن، ئەسمەر ئەحمەد پیرۆت پیاوەکەی لەبەرەی شەڕەکان دەبێت لە قەلەم پاشا، ئیتر ئەسمەرو منداڵەکانی بەناچاری بەرەو ئێران دەکەونە ڕێگەو بەناو بەفروسەرماو ڕێگایەکی سەخت‌و پرلەتاوێردا دەڕۆن، تادەگەنە ئێران، لەوێ ماوەی ٢٥ رۆژێك دەمێننەوە کەپروپاگەندەی لێبوردنی گشتی بڵاو دەبێتەوەو حکومەتی بەعسیش لەرێگەی فرۆکەوە بەیانیان بۆ فرێدەداتەخوارەوە بۆئەوەی بێنەوە سەرماڵی خۆیان، ئەسمەریش لەگەڵ منداڵەکانی بەرەو سەرسنور دەگەرێنەوەو لەوێ چاوی بەحەسەنی مێردی دەکەوێتەوەو پێك شاد دەبنەوە، بەڵام ئەم شادیە زۆرناخایەنێت.

من گووتم: ئەیرۆ ئەنفال چی یە؟

حەسەن گووتی: یەعنی دەفەوتێن.

یەکتر بینینەوەی ئەسمەرو حەسەن دوای تەواوبوونی قوناغی یەکەمی دەبێت، دوای ئەوەی خەڵکەکە دەگەرێنەوە بەو نیازەی خۆیان بدەنە دەستەوەوبچنەوە سەرماڵ‌و حاڵی خۆیان، کەچی بینیان زیلی عەسکەریان بۆ راگیراوەو دوای ناونوسین دەخرێنەناویانەوە، لەوکاتەی ئەسمەر دەیەوێت سواری زیلەکە بێت عەسکەرێك رێگەی پێناداو دەڵێت: برۆ مێردەکەت بهێنە ئینجا وەرەوە رێگەت دەدەم برۆیت، بەڵام ئەسمەر جگە لەبێستون کورەکانی تری دەخاتە سەیارە سەربازیەکەوەو دەیەوێت لەگەڵ ئامۆزاو مامەکانیدا بنێرێتەوە بۆ ماڵی باوکی لەچوارقورنە، لەوکاتەدا کەدەیەوێت بیستونیش لەگەڵ ئەواندا بنێرێتەوە ئەو رازی نابێت‌و دەڵێت من لەگەڵ تۆدەبم. ئیتر ئەسمەرو بێستون دەگەرێنەوەو دەچنەوە لای حەسەن‌و ئەسمەر حاڵ‌و مەسەلەکەی بۆ دەگێرێتەوە، حەسەنیش دەڵێت بریا بیستونیشت لەگەڵ ئەوان رەوانە کردایەتەوە بۆ خوارێ (مەبەست قەلاتدزێ یە) ئەسمەریش دەڵێت: چیی بکەم نەرۆی‌و بەدوامدا گریا، حەسەن دەڵێت : دەی باجارێ بچین لەو چێشتخانەیە نانێکی بخۆێن دوایە تەکبیرێکی لەحاڵی خۆمان دەکەین، بەخوای هێشتا نانەکەیان بۆ نەهێنابووین

که سرتەسرتێك کەوتە ناوخەڵکەکەیەوە منیش گووتم دەپیاوەکە بچۆ بزانە چیە؟ هەر ئەوکاتەی دڵم راچەنی کەرۆیشتو هاتەوە وەزعی باش نەبوو گووتی: والله دەڵێن ئەوانەی چونە خوارێ صدام هەمووی ئەنفالکردون، منیش گووتم ئەیەرۆ ئەنفال چیە؟ ئەویش گوتی ئەنفال یەعنی دەفەوتێن. بەوحالەیەوە بەرێکەوتین هاتین هاتین(٧) شەو رۆژان ئێمە بەناو بەفرێدا رۆیشتین هەتا هاتینە زوران ماڵی بابم جوابیان ناردبوو گوتبوویان مالی کچێکم لەو دیوێیە ناوی ئەسمەرەو پیاوەکەی ناوی حەسەنەو لەوحاڵەی‌و لەو ڕەنگەی پێیان بلێن، نەیەنە خوارێ ڕەش بگیرە، هەرچی بێتە خوارێ چاوی بەدنیایە ناکەوێتەوە، بەئیرادەی خوای بابم بە حاجیەکی دا جوابی ناردبوو لەمزگەوتێ تۆشمان بوو، کەحاجی پێی گوتین گوتی بەڵان بابت گوتوویەتی منداڵی پێن ئێمەش هەر بێستوونمان لەگەڵ بوو، ئێمەش یەکدو رۆژان هەرلەوێ ماینەوە، دوایە حەسەن گوتی: ئەگەر سەیارەیەك بوو تۆ بیستوونی بەرەو برۆنە خوارێ‌و سۆراخێکی منداڵەکان بکە، ئەگەر لێرە شتێك بوو من دەتوانم بەشاخی هەڵگەرێم‌وخۆ دەربازکەم، واللە پاسێك هات چووم سواربم پیاوێك گووتی: ئەوە بۆ وا تۆزو خۆڵاوی دەڵی لە ئێرانێ هاتووەیەوە هەر بەئەنفالەکان دەچی، والله خێرا سایەقەکە فریاکەوت، گوتی نا ئەوە ئامۆزای خۆمە لەگەڵ مێردەکەی نێوانیان باش نیە دەیبەمەوە خوارێ بۆ ماڵی بابی هەتا دڵیان چاك دەبێ، باش بوو کابرا بێدەنگ بوو دەنا خەریك بوو بلێم ئەرێوالله لەوانم. کەهاتینە خوارێ سایەقەکە گوتی: براژن دەچیە کوێ ؟ گوتم محمدی ئامۆزام لێرە مەتعەمی هەیە، گوتی ئێ ئێ، دەیناسم ماڵی ئاوابێ بدمیە کن محمدی‌و گووتی تەسلیمی بابی بکەوە، ماڵی بابم لە چوار قورنەی بوون، چومەوە ماڵی بابم، لەوێ بابم بەجاشێکی گوت رەسوی ناوبوو، رەسووی سوارەی پێی گوت گەلێکت مەمنونت دەبم زاوایەکەم بۆ بێنێ خواری، ئەویش ماڵی ئاوابێ گووتبووی بە چاوان، رۆژێك تفەنگێکی زیادەی بردبوو لەوێ حەسەن لەخۆی بەستبوو لەگەڵ رەسووی سوارەی هاتەوە بۆ لامان، ئینجا ماڵی بابم ماسیان دەگرت، بردیانە سەربەحرێ‌و لەوێ شاردیانەوە لەناو قەدی بەحرێ لەنگەریان بۆ راگرتبوو، دوسێ مانگان حەسەن لەسەر بەحرێ دەمایەوەو خۆی شاردەوە ئەویش ئاوانەجاتی بوو، کەچی لەمەراقی کورەکان‌و براکانیدا ئەویش نەژیا، جارێکیان تازە موچە بۆ ئەنفالانبرابووەوە، حەسەن چووبوو موچەکەیان وەرگرێ کە هاتەوە رەشداگیرابوو، وەزعی زۆر خراپ بوو، منیش لێم پرسی ئەوە چیە حەسەن چتە بۆ وا تێکچووی ؟ گووتی : وەاللە ئەسمەر ئەگەر پارەکەم وەرگرت یەکسەر حوسێنی برام‌و منداڵەکانم بیرهاتنەوە گەلێکم

## گوتم: ئەیەرۆ پیاوەکە ئەنفال چیە؟ ئەو گوتی : یەعنی دەفەوتێن

بەلاوە ناخۆشە.. بەو حاڵ‌و دەردی سەریەی ئێمە گەیشتینەئەمرۆ جانازانین چ مسیبەتێکی ترمان لەپێشماوە، بەخوای ئێستاش هەر هیچمان بۆنەکراوە. ئەوە ژیان‌و حاڵەکەشمانە پێویست ناکات قسەت بۆبکەم.

کاتێك کە بیستوون هاتەقسە ئەسمەر وورد گوێی لێگرتبوو، بەڵام جاربەجار ئەوەندە بەسۆزەوە لەبیستوونی دەروانی، من تەواو



هەستم بە ترسێکی حەشاردراو دەکرد لەوەی بەهۆی ئەم قسانەیەوە لەچاونەچێت‌و دەردوبەلای نەیەتەرێ. بێستون ووتی :

هەرگیز ئەو قسەیەی باپیرم لە بیرناچێتەوە کە دەیگووت: ئەو رۆژەی سەعاتەکەیان لەدەستی حوسینی کورم کردەوەو شەقازلەیەکیان لێدا، ئیدی لەو ڕۆژەوە من حساب دەکەم مردووم)

بیستوون دەڵێت: باپیرم هەمیشە ئازارو دەردومەینەتیەکانی خۆی لەنوگرەسلمان بۆ دەگیراینەوە، کەچۆن ئازاردراون، بێخواردن‌و بێ ئاو ، کە رۆژانە سێ سەمونی رەق‌وبجوك بەکەمێك ئاوی سوێرەوە دراوەتە زیندانیەکان، باسی مردنی خەڵك‌و فرێدانیان لەدەرەوەی قەلاکەی نوگرە سلمان بەبێ ئەوەی رێزیان لێبگیرێ، دەیگوت لەوێ تەلەیێکی درکاوی هەبوو زۆرجار مردووەکانیان لەبن ئەوتەلە فرێدەدا،

بەلای منەوەهەندێك شت هەیە زۆرگرنگەو چارەسەریشی ئاسانە، باشکردنی ژیانی خەڵك دابەشکردنێکی عادلانە چارەسەری دەکات، بەتایبەتی ژیانی کەسوکاری ئەنفال‌و قوربانیانی کیمیاباران بەشێوەیەکی گشتی حالیان زۆرخراپە، خراپیەکەشی دولایەنە هەندێکی سایکۆلۆژیەو هەندێکی ئابوری‌و کۆمەلایەتییە، لەبارەی سایکۆلۆژیەوە جێبەجێ کردنی بریاری محکمەی ئەنفال‌و دادگایی کردنی تاوانباران، بەجیهانی کردنی تاوانی ئەنفال‌و جینۆساید، بۆئەوەی ئەو تاوانەی دژی

ئێمە ئەنجامدرا جارێکی تر دوبارەنەبێتەوە، چونکە ئەنفال تاوانێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو جینۆساید بوو، ئەوتاوانە گەورەیە نیازی بوو هەموو میللەتی کورد لەناوبەرێت بەڵام ئەو کاتە هەرئەوەندەی بۆکرا، ناساندنی ئەم تاوانە بەتایبەتی لە نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر گرنگە ئەمەش بۆ ئێمە قەرەبویەکی سایکۆلۆژی گرنگە، لەباری ئابوری و کۆمەڵایەتیشەوە حکومەتی هەرێم ئەگەر بیەوێ دەتوانێ باشتر ئاوەر لەکەسوکاری ئەنفال و هەموو قوربانیانی تری جینۆساید بداتەوە، خۆ ئاورلێدانەوە هەر موچە نیە، بەڵکو لەباری تەندروستی و پەروەردەو خوێندنیشەوە دەتوانێ پرۆژەی خزمەتگوزاری باش ئامادەبکات، راستە ئەوە ئەرکی حکومەتی عێراقە قەرەبووی کەسوکاری قربانیان و زیان لێکەوتوان بکاتەوە، بەڵام ئەرکی حکومەتی هەرێمە ئەم ئەرکە بە حکومەتی مەرکەزی جێبەجێبکات، حکومەتی هەریم دەبێت هەولبدات قەناعەت بە حکومەتی ناوەندی بینێ بەم ئەرکە هەستێ؟ هەروەها دروستکردنی خانووو پێدانی زەوی ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یان دۆزینەوەی هەلی کار بۆ کوروکچی ئەنفال و کەسوکاریان، هەروەها چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان، ئەوانەی توانای چارەسەری نەخۆشەکانیان لەناوخۆدانیە، ئێمە خۆمان قوربانی ئەم کەمتەرخەمیەی حکومەتین، باوکم لەمەراقی کورەکانی و براکانیدا تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بوو، ئێمە توانای چارەسەرکردنیمان نەبوو، چارەسەری نەخۆشیەکەی لە ئیتالیاو ئەلمانیا دەکرا، ماوەیەکی زۆر نەخۆش بوو چارەسەرکردنی لەتوانای ئێمەدانەبوو، بروابکە ئیستاش ٢٥٠٠٠ هەزار دیناری سویسری قەرزاری نەخۆشیەکەی باوکمانین. کەچی هەربۆشمان چارەسەر نەکراو کۆچی دوایی کرد، چی دەبێت ئەگەرپیاوێکی وەکو باوکمان، سێ کورو براکانی ئەنفالکراون حکومەت وەکو رێزلێنانێك چارەسەری نەخۆشیەکەی بگرێتە ئەستۆ؟ بەتایبەتی ئەگەر کەسێك دەرامەتی نەبێت و چارەسەری نەخۆشیەکەی لەتوانای خێزانەکەی بەدەربێ . هیوادارم هەرباوکی منبێ، لەمەولا حکومەتی هەرێم چارەسەری ئەو جۆرە کەسانە بگرێتە ئەستۆو تا کەسوکاری ئەنفال هەست بەوە بکەن کە رێزیان لێدەگیرێت.

بەراستی ئەرکی حکومەتە بیرلە کەسوکاری ئەنفال بکاتەوە، وەکو گوتم: خۆ هەرموچە چارەسەرنیە، هەندێك کەس هەن کەسوکاری ئەنفالن و کەسیان نەماوە ئێستا پیروپەك کەوتەن و پێویستیان بەخزمەتە، لەوانە هەیە لەنوگرە سەلمان گەراوەتەوە، کەسی نەماوە، پێویستە خەڵوەتگەیەکی پیریان بۆبکرێتەوە، بالەپەنای ئەانیشدا دو حالەتی تریش سودمەندبن، تا ئەوکاتەی لە ژیاندا خزمەت بکرێن و بەرێزەوە بژین، راستە ئەوانە موچەیان هەیە بەڵام زۆربەیان سود لە موچەکانیاشیان وەرناگرن خەڵکی تر دەیخوات، حکومەت لەبری موچەی ئەوکەسانە بۆیان بکات بە خەڵوەتگەیەکی پیریوخزمەتی خۆیانی پێبکرێتەوە زۆر باشترە لەوەی خەڵکی تر بۆیان وەربگرێ و بۆشیان بخوات. پێشتر باسی پەروەردەو خوێندنم کرد، خۆ کەسوکاری ئەنفال هەموویان هەرپیروپەك کەوتە نین، دەیان و سەدان خوێندکاری پەیمانگاو زانکۆ، یان دەرچوی کۆلیژەکان و خەڵکی رۆشنبیریان تێدایە، هەیانە ئیستا زانکۆی تەواو کردووەو خەریکی نامەی ماستەرو دکتورایە، با حکومەت رێزیان لێبگرێت و ئاسانکاریان بۆبکات و هاوکاری مادی و مەعنەویان بێت، یان ئەوانەی ئێستا لە قۆناغی ئامادەییدان نسبەیەکیان بۆدیاری بکرێت لە زانکۆکاندا، ئەمە وەکو رێزلێنانێك هەقە دەرفەتی خوێندنیان بۆ برەخسێنرێت.

دروستکرنی باجێك یان پێناسێکی رێزلێنان بۆ کەسوکاری ئەنفال و کیمیاباران، یان قوربانیەکانی تر، بۆئەوەی بتوانین شانازی پێوەبکەین و لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا بەرێزەوە مامەلەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێت، ئەوە سەربەرزیە بۆ ئێمە کەکەسوکارمان ئەنفالن. بەڵام هەقە بۆخەلکیش هەروابێ نەك بەزەیی پێماندا بێتەوەو وەکو لێقەوماو تەماشامان بکرێت. هەرچەندە من سەربەرزم بە برا قوربانیەکانم، بەڵام خەلکێك هەیە ئەوە نازانێ منی قوربانی دوێنێ بەراستی دژی بەعس بووم. بۆیە هەقە رێزمان لێبگیرێ نەك بەزەییان پێماندا بێتەوە.



# ئەنفال‌و " بازە"و گوندی لازیان

## ئیبراهیم :
## بازە ئامادەنەبوو پەنابەرێتە بەر ڕەبایەیەکی جاش نازانم خەڵك چۆن جاشایەتی پێدەکرا ؟

کاك برایم ئەم کات باش

ئەم کاتەی خۆشتان باش

بەرلە ئەنفال دانیشتووی چ گوندێك بون؟

خەڵکی گوندی ( لازیان ) ی سەربە ناحیەی بازیان بووین.

باشە .. چۆنیەتی پەلامارەکانی ئەنفالی دەڤەری خۆتانت بیرماوە دەزانی چۆن بوو لەکام مانگەدا بوون ؟

بەڵی هجومەکان لەچەند قۆڵێکەوە کران، بەڵام بۆ بەرواری ئەنفالەکە ئەوەی من ئاگاداربم چەند مانگێك پێش ئەوەی براکانم بگیرێن‌و ئەنفالبکرین دەستی پێ کردبوو، چونکە ئەمان لەبەرواری ٤/٢٨ دا دەستگیرکرابوون کە ئەو ڕۆژە ڕەشەش یادی لەدایك بوونی صدامی دیکتاتۆر بوو . بۆیە زۆر دڵمان خۆش بوو بەوەی کەبەربن‌و بێنەوە، چونکە خەڵك دەیگوت مادام لەو تەئریخەدا گیراون ڕەنگە بەربن و لێبوردنێکی گشتی بۆ گیراوەکانبدات.

جگە لەبراکانی خۆت چەند کەسی تری گوندەکەتان ئەنفالکراون؟

تەنها ئەو چوار برایەو مامێکی من بەناوی سابیر لەوگوندەی ئێمەدا بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن، دوای هەفتەیەك لەگیرانیان بەقسەی هەندێك ئامر سریەو جاشەکانی ئەو دەڤەرە ئەیانگوت لەمعەسکەری دەربەندی بازیانن، ئیتر دوای ئەوە دەنگیان نەبوو تاکو ئێستاشی لەگەڵبێت هەر بەتەمای هاتنەوەیان بوین ....

ئەگەرچی ناوچەی بازیان کەمترین قوربانی ئەنفالی لێکەوتەوە، بەڵام ئەم ناوچەیەش بێبەشنەبوو لەپەلامالاری ئەنفال‌و هێرشی ئەنفالچیەکان، بەڵام ئێمە کەخەڵکی گوندی (لازیان) ی بازیانین لەکاتی ئەنفالدا لەوێ نەماوبووین‌و لەدۆڵی سورداش نیشتەجێ بووین. بۆچی لەوێ نیشتەجێ بوون؟

چونکە لە شەوی ١٩٨٦/١/١٢/١١ جاشەکانی ( کاوە بازیانی و عمر ئەسعەد ) کە ئەوکاتە بارەگایان لەگۆپاڵەی بازیان بوو، چووبونە سەرماڵمان‌و کارەساتێکی نامرۆڤانەیان خوڵقاند ئەوشەوە دوای ئەوەی مفرەزەکانی ئەو دوو جاشە، هاتنە سەر ماڵمان دوای شەڕێکی ٢ تا ٣سەعاتی برایەکی من بەناوی (عەدنان) شەهید بوو، هەروا برایەکی تریشم (بورهان) بەسەختی بریندار بوو لەوانیش جاشێك کوژرابوو .

بۆچی هاتنە سەرتان ؟ براکانت پێشمەرگە بوون یان کێشەی شەخصیتان هەبوو؟

- ئەی جاش ئیشی چی بوو، هەرخەریکی ئەوەنەبوو بچنە سەرماڵان‌و خەڵکی ئازاربدەن؟ بەتایبەتی جاشی ئەوکاتە. نەوەڵلە کیچشەمان لەگەڵ کەس نەبوو.

+ ئەی دوای ئەوە چیتان لێبەسەرهات؟

هەر ئەو شەوەی ڕوداوەکە ماڵی خۆمان‌ومامە سابیرمان لەلایەن جاشەکانەوە دەستیان بەسەراگیراو دواتریش تالان کران‌و خانوەکانیشیان سوتاندین، ئێمەش لەگەڵ ماڵی مامەم،ڕۆیشتین چەند خزمێکی دڵسۆز بەهانامانەوە هاتن کەلەگوندی "گەبە" ی بەناوچەی سورداش دائەنیشتن لەوانە ( کاکە حمەی مام شریف ) ماڵیان ئاوابێ زۆر دڵسۆزانە هەمان شەو بەچەند هێسترێکەوە گەیشتنەلامان‌و برینداەکەیان گواستەوەو هەر ئەوشەوەش گەیاندبوویانە زێوێ کەبارەگای تیپی ٢٣ی سورداشی لێبوو، هەرلە زێوێ پێشمەرگە نەشتەرگەریان بۆ بورهانی برام کردبوو، دوو گوللە بە جەستەیەوە بوو هەردوو گوللەکەیان دەرهێنابوو.

+ کاریگەرنەبوون، مەبەستم ئەوەیە شوێنی هەستیاریان نەگرتبوو؟

- ئەوەندەی بزانم فیشەکێکیان تەنها یەك پەنجە لەجگەریەوە دوربوو، ئەوەی تریش نازانم کوێی گرتبوو، وابزانم ئەو کەسەی



نەشتەرگەریەکەشی بۆکردبوو، پێشمەرگەیەك بوو ناوی دکتۆر ئاسۆ بوو، کەدواتر بەداخەوە ئەویش لەپەلاماری ئەنفالی چواردا لەنزیك چەمی ڕێزان شەهیدکرا، ئیتر دوای ئەوە ئێمە لەساڵی ١٩٨٦ وە بۆ ١٩٨٨ لە " لەگوندی گەبە" ماینەوە هەتا چەند مانگێکی پێش پەلاماری ئەنفالەکە ئینجا چوینە گوندی گەورە دێ ، ئەوکاتەی کەئێمە چووین، گەورەدێ تەنها چەند ماڵێکی کەمی تێدا مابوو بەبەرە ماڵەکان چۆڵیانکردبوو، تائەوکاتەش هەر چۆڵیان دەکرد.

+ بۆچی چۆڵیان دەکرد ؟

- وەزعەکە تادەهات بەرەو خراپی دەچوو، حکومەت ڕایگەیاندبوو بچنە مجمع. ئیتر خەڵکیش بەرەو ئۆردو گاکانی باینجان و بازیان دەچوون ، وەزعەکە تادەهات ناخۆش‌وترسناکتر دەبوو، تا وای لێهات تاکە ماڵە کەلەوێ مایەوە ئێمە بووین، خەڵکەکەی خۆی هەمووی چۆڵیانکردبوو. پێشمەرگەی تیپی ٢٣ی سورداشیش مەفرەزەکانیان هەر لەو ناوەدا جەولەی خۆیان دەکرد.

ئەی ئێوە بەنیازی چیبوون پلانتان بۆ ڕۆیشتن نەبوو؟

بەنیازبووین بەرەو ئێران بڕۆین بەڵام

نەمانتوانی ، نەشماندەتوانی بگەڕێینەوە بۆ بازیان و ئۆردوگاکانی نزیك خۆمان لەبەر بەعس و جاشەکانی، ئیتر ماینەوە هەتا هێرشەکان، بەلام من خۆم لەبەرئەوەی خوێندکاری ئامادەیی بووم هاتمەوە بۆشار بەدزیشەوە خەریکی خوێندنەکەم بووم، ئیتر کەپەلامارەکە دەستی پێکردبوو، براکانم (داراو بورهان ئەوەبوو کەبریندارببوو، هەروەها لوقمان و سامان)و مامە سا بیریشم هەموویان لەگەڵ ٨٣کەسی تری ناوچەکەدا ئەنفالکران.

ئەزانی کێ ئەنفالی کردن؟

بەڵێ ( سەعەی محمود باریك ) گرتبوونی و دوایش تەسلیم بە عەسکەریەکەیان کردبوون.

دوایی سۆراغیان نەبوو .

نەخێر وەکو هەرئەنفالکراوێك بێسۆراغ مانەوە.

ووتت خەڵك گوندەکەیان چۆلکردبوو، بەلام قسەیەك هەیە دەڵێن لەوناوچەیە پێشمەرگە ڕێگەیان لەخەڵك گرتووە؟

بەقسەی هەندێ لەخەلکی ئەو ناوە لەکاتی هاتنەوەیان بۆ ئۆردوگاو ناو شارەکان گوایە پێشمەرگەکان ڕێیان لێ گرتوون و نەیان هێشتووە بێنەوە. بێگومان ئەوە ڕاستیتێدایەو لەچەند شوێنێك خەڵك توشی عەزیەت دانیش بوونە. شتیان لێ سەندراوە .

یادەوەریەکی خۆشت هەیە لەگەڵ برا ئەنفالکراوەکانت؟

ئێمەی کورد یادەوری خۆشمان کوا؟ ئەوەی هەمە لەگەڵیاندا هەر دەردو خەم و ژان بووە .

یادەوریەکت هەیە لەگەڵ گوندەکەت؟

ئەوەی من ئەمەوێ لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم، ئەوەیە کە زۆرجار ویستوومە دەست بۆقەڵەم بەرم و بینوسمەوە، ئەوەیە کەهەتا ماوم لەیادەوەرییەکانمدا لەبیرم ناچێت و وەکو شتێکی گرنگ لەزەینمدا هەڵم گرتووە و هێشتومەتەوە، ئەویش چیرۆکی مال وێرانی ئێمەو دڵرەقی و زالمی جاشەکان و وەفای سەگەکەمانە، ئەوە بوو لەساڵی (١٩٨٦) کاتێك دێیەکەمان سوتاو ئاوارەی ئەوگوندانەی تربووین لەدۆڵی سورداش، سەگێکمان هەبووپێمان دەوت : (بازە) پاش ئەوەی کەئە زوڵەمان لێکراو ماڵەکانمان سوتا، سەگەکەمان چەند ڕۆژ ێك ئەوناوە چۆڵناکات و هەرلەدەوری کەلاوەی خانووە سوتاوەکانمان مابووە، من کەبۆ خۆم ئەو دیمەنەم بینی زۆر گریام، کەچوومەوە هێشتا خانوەکان دوکەڵیان لێهەڵدەستا، جاشەکان هەرچی بەکەڵك بوو بردبوویان، سەگەکەم بینی لوتی بۆئاسمان بەرزدەکردەوەو دەی لوراند، وەکو بڵێی ئەویش بەدەم ئەو زوڵمە نائینسانیەوە بگری و دوعا لە تاوانباران و خۆفرۆشان بکات..

لەوەش سەیرتر ئەوەبوو کە( بازە) دواتریش بەوەندەوە نەوەستاو کەوتبووە گەڕان بەدوای ماڵی ئێمەداو پاشان لەگوندی(گەبە) ماڵەکەمانی دۆزیبووەوە، وەکو سیفەتی جارانی لەدەوری ماڵەکەمان دور نەئەکەوتەوە



هەتاکو چوینە گەورەدێ و پاشانیش ماڵمان هات بەرەو تەکیەی بەردەربەند هەر لەوێ بوو، بروادەکەی یان نا، کەیفی خۆتە ئەو سەگە ڕۆژێك لەڕۆژان پەنای بۆ ڕەبایەی جاشێك نەبرد، کەچی بەداخەوە مەسئولەکانمان خیانەتی گەورەیان بە ڕابوردووی خۆیانکرد، ئەوسەگە لای ئەو حکومەتە فاشیە نانێکی نەخوارد چونکە ئەیزانی خاوەنەکەی بەدەستی چەتەکانی ئەوحکومەتە بووە قوربانی و گیانی لەدەستداوە، کاتێك دەڵێن سەگ بەوەفایە من سەد لەسەد ئەوە دەسەلمێنم چونکە بەچاوی خۆم ئەو وەفایەم لەبازەی خۆمان دیت.بەلام مەخابن کە ئێمە ئینسانیشین ئەوندە هەستو شعورمان بەوە نەشکا، ئینسان هەبوو لەسەردەمی شاخدا چڵکاو خۆری بەعسی کردو هەشمانبوو کاتێ کەشاخی بەدەستەوە نەما کەوتنە سیخوری و چی خوا پێ ی ناخۆش بوو بەرامبەر یەك کردیان ..

ئەوشتەشم قەت لەبیر ناچێت ئەو کەسەی کەبراکانم و مامی گرت کەهەمویان ٨٨ کەس بوون کەچی بەرپرسێکی یەکێتی کەباوکیشی بەشەهیدی فەرماندە ی ئەو حزبەیە لەراپەریناو تائیستاش پشتگیری لەو ئەنفالچیەکردو کورە گەورەکەشی نارد بۆ بەریتانیا..

داواکاریت چیە لەحکومەت؟

هیچ داوا کارییەکم لەحکومەت نیە چونکە بەکردەوە دەرکەوت حکومەت گوێی بۆ دواکاری کەسوکاری ئەنفال زۆرگرانەو، بەپێچەوانەشەوە بۆ ئەنفالچیەکان زۆر گوێی سوکەو بەخەمیانەوە دێت. ئێستا دەرکەوتووە کەحکومەت نە باوکی میللەتەو نەمیللەتیش بەحکومەتی خۆی دەزانێت.







# صاڵح (خەزورم بوو، زاوا) شم بوو لەگەڵ منداڵەکانی ئەنفالکران و چاوم پێیان نەکەوتەوە.

بەرواری ٢٠٠٧/٩/٢٠ لەژوری بەشی (ئەنفال)ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دانیشتبووم ، پیرەمێردێکی لاوازو ڕەنگ پەڕیووم بینی، خەریکی تەواوکردنی مامەڵەی خوشکە ئەنفالکراوەکەیەتی کەپێشتر دانیشتووی شاری قەڵاتدزە بووەو لەدوای ڕوخاندنی ئەوشارە بەویتسی پیاوانی بەعس، براونەتە کۆمەڵگای زۆرەملێی بازیان و لەدوای ڕاپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆسەر زیدی خۆیو ئێستا لەقەڵاتدزە دەژی.

مام محەمەد لەعەلاگەیەکی نایلۆنی شیندا، فایلەکەی "کەناوی ٧ کەسی ئەنفالکراوی خێزانەکەی تیدا تۆمارکرابوو" دەرهێناوخستیە بەردەستی کارمەندەکە، کارمەندەکە دوای ئەوەی مامەڵەکەی لێوەرگرت و لێی ووردبووەوە، لەگەڵ مام محەمەد کەوتنە مشتومڕ، بەتایبەتی لەسەر ناوی صاڵح کەیەکەمین ناوی ئەنفالکراوەکانی ناوفیلەکەی مامە حەمە بوو، لەو مشتومڕەدا پیرەمێردەکە بەخەمباریەکی قوڵەوە ووتی: ئاخر صاڵح خەزوریشمەو زاواشمە، ئامینە کەخوشکی منە، خێزانی صاڵح بوو، حوسین صاڵح خوشکەزامە، ئینجا رووی بۆلای من وەرگێڕاوو بەزەردەخەنەیەکی تاساوەوە، گوتی: دەیبزانم ئێوە لەم مەتەڵە تێدەگەن؟ ) لەڕاستیدا من زوو لەمەبستی مامەحەمە تێگەیشتم کەوا دەیەوێت بەشە موچەیەك لەوکۆمەڵە ئەنفالکراوە بپچڕێ بەو پێەی ئامینەی خوشکی ئەنفالکراوە، بەڵام بەپێی یاسا ئەو ناتوانێ ئەو موچەیە وەربگرێت، چونکە ئامینەو صالح لێك جودانەبوونەتەوە، بەڵام ڕەنگە کاتێکی زۆری بوێ هەزارانی وەکو ئەو پیرەمێردە تێبگەیەنی کەتۆ مافت بەسەر خوشکەئەنفالکراوەکەتەوە نیە، چونکە ئەو لەماڵی خۆی بووەو هێشتا دوو کوری لە ژیانداماون، مافێك ئەگەر هەبێت هی کورەکانێتی.

روووەرگێڕانەکەی مامە حەمە بەلای مندا ڕێگەی ئەوەی بۆ هەموارکردم، بتوانم ڕوخسەتی لێوەربگرم تاپرسیار لەبارەی ئەنفالکراوەکانیەوە لێبکەم. دوای ئەوەی پرسیارم لەبارەی ژمارەی قوربانیەکانی ئەوخێزانەو چۆنێتی گرتنەکەیانکرد، پێشلکردنێکی تری مافی مرۆڤم لەناو حیکایەتەکانی ئەنفالدا بینی، ئەوەی منی ڕاچڵەکاندناوی ئەو منداڵە ئەنفالکراوە بوو کە هێشتا ناونەنرابوو..!! ژمارەی ئەو ناوانەی لەناو فیالەکەی ئەو پیرەمێردەدا هاتوون ٧ کەسن، بەڵام لە واقعیدا ٨ کەسیان ئەنفالکراون، چونکە لەناویاندا منداڵێکی تازە لەدایکبووساوا هەیە کەپیرەمێردەکە ناوی نەدەزانی بەپێی قسەی ئەوهەروا چەند ڕۆژێك یان چەند هەفتەیەك بووە، کەئەنفالکراون و منداڵەکە هێشتا ناوی لێنەنراوە. ئەم نمونەیە جگەلەوەی بەڵگەیەکی زیندووی پاکتاوی ڕەگەزییە، ئەوەشمان بۆ دەسەلمێنێ کە لەناو پرۆسەی ئەنفالداو دوای ئەنفالیش لەحساباتی ناودام ودەزگای حکومەتی کوردیشدا، هەندێك قوربانی بێ ماف وحساب دەمێننەوە، سەدان و هەزاران مرۆڤی ئاوا، بوون و نەبوونیان یەکسانە بەهیچ..!! باشە مافی ئەو مرۆڤانەی هێشتا کۆرپەلە بوون، یان لەدایکبوون و ناویان لێنەنراوە، یان لەزیندانەکانی تۆپزاواو نوگرەسەلمان، یان لەناوکاروانی سەیارە سەرداپۆشراوەکان و لەقەراخی گۆرە بەکۆمەڵەکاندا لەدایکبوون، مافەکانیان لەکوێی عەدالەتی مرۆڤایەتیدا وەربگیرێنەوە؟! ئەم قوربانیە بەریئانە کام مافی گشتی قەرەبوویان دەکاتەوە؟!

مامە حەمە ووتی: ئەوان لەئەنفالەکەدا نەگیران، بەڵام کەئەنفال تەواو بوو، هاتبوونەوە بۆ قەڵاتدزی " هێشتا نەڕووخابوو" ئەمنەکان هاتن لەماڵێ بردیانن، ئەوان خەڵکی گوندی گەناو بوون، ئێمە ژن و ژن خوازیمان هەبوو، ئەوانەی ئەمنەکان بردیانن ئەمانە بوون: ( صاڵح بوو، ئامینەی خوشکم بوو، حوسێن بوو، بەسێ عەلی عەبدووڵا بوو" بەسێ بوکی ئامینەی خوشکم بوو" هەروا بێتەوە نوسەر حوسێن کە منداڵێکی دووساڵان بوو کوری خوشکەزاکەم بوو، چنار ئەحمەد صاڵح بوو، کاوە حسین و منداڵکی ساواش بوو) پێموایە هێشتا ناویان لێنەنابوو.

ئینجا کە لێمپرسی خەتای خۆتە یان خەتای کەمتەرخەمی حکومەتە، کەهەتا ئێستا مامەڵەی ئەنفالبوونیانت تەواو نەکردووە؟ وەڵامێکی دامەوە لەناخەوە هەژاندمی، دڵنیام وەڵامی ئەو پیرەمێردە ئێوەش وەکو من تووشی هەڵوەستەیەکی قوڵوو پرسێکی ئینسانی گەورە دەکات، ووتی: وەاللە خەتای کەس نەبوو، من بۆخۆم نەهاتووم معامەلاتیان بۆبکەم.. ئاخر چ بکەم؟ من هەتا پرۆسەی ئازادی هەرچاوەڕوانیان بووم بێنەوە، معامەلەی چییان بۆبکەم هەتا شتێکم لا روون نەبێتەوە داخۆ ماون یان نەماون.. ئینجا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو ووتی: کاکی خۆم پارەش ئەوەی ناهێنێ..

بێگومان.. ئەم حاڵەتە تایبەت نیە بەخێزانەکەی ئەم پیرەمێردە، بەڵکو لەگەلێك شوێنی کوردستان روویداوە، دوای تەواوبوونی پەلامارەکانی ئەنفال خەڵکی گیراوەو ئەنفالکراوە، ئەوە سیاسەتێکی شاراوەی ڕژێمی بەعس بوو، کەلە دوای لێبوردنە گشتیەکەی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ لەدوای بەیانی کۆتایی پەلامارەکانی ئەنفال رایگەیاند، گەلێك لەوهاوڵاتیە کوردە ئاوارانەی لەپەلامارەکانی ئەنفال وکیمیابارانی شاری هەڵەبجە بەهیلاکەتیەکی زۆر رزگاریان ببوو، بەنیازی دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێ ژیان لەماڵ و حاڵی خۆیان بەو لێبوردنە گشییە گەڕانەوە بۆکوردستان، بەڵام ڕژێمی صدام و دام و دەزگا سەرکوتگەرەکان بەتایبەتی نوسینگەی باکوری حزبی بەعس، بەرێنمایی عەلی حەسەن مجیدی تاوانبارکەوتنە نەخشەوپلانی گرتن و ئازاردان و دواتریش پاکتاوکردنی ئەوکەسانەی لەسەر سنورەکانی ئێران و تورکیاوە دەهاتنەوە بۆکوردستان، دوای ناونوسکردنەوەو وەرگرتنەوەیان لەئێرانیەکان یەکسەر بەرەو دائیرەکانی ئەمن و ئیستخبارات دەبران و لەوێشەوە بەرەوبیابان ونوگرەسەلمان. ئەمە جگەلەوەی خەڵکانێکی زۆریش لە میانەی ئەو لێبوردنانەوە گیران، نە لەنوگرەسەلمان و نە لەزیندانەکانی تر دەرنەکەوتنەوەو هەتا ئیستاش بێسەروشوێنن.. ئەی دەبێت چەند خێزانیش ئیستا سەرپاکیان بێسەروشوێن بن و کەسیان نەمابێت مامەلەی ئەنفالکردنیان بۆبکات. ؟!

# لە زمانی بەڵگەنامەکانەوە ...
# جینۆسایدی بارزانییەکان بەپێی بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعس

عەدالەت عومەر | چالاک لەبواری ئەنفال و بێ سەروشوێنەکان

شەری حاجی ئۆمەران -گردەمەند بەخیانەتی گەورەی بارزانییەکان لەلایەن دەسەلاتدارانی ئەوکاتەی بەغدا لە قەڵەمدرا بوو، پاش دەستگیر کردنی صابر مستەفا محمد عبدالسلام بارزانی و (٢٢) کەس لەهەڤاڵانی لە ١٩٨٣\٧\٢٦ وەك زنجیرە پەلامارێك لەکۆتاییەکانی تەمووزو سەرەتای ئابی ساڵی ١٩٨٣ دا هێزێکی گەورەو بەشێوەیەکی زۆر نهێنی پێکهێنراو کەپێکهاتبوون لەهێزەکانی فەرمانگەی ئەمنی هەولێرو بنکەی فەرمانگەی ئەمنی حوکمی زاتیو فەوجەکانی تەواری و هێزەکانی حەرەس جمهوریی بە شێوەیەکی زۆر نهێنی هەستان بەگەمارۆ دانی ئەوکۆمەڵگازۆرەملیانەی کەبارزانییەکان تییدا نیشتەجێ بوون دواتر دەستگیرکردنیان بە دوو قۆناغ بەرێوەچوو:

قۆناغی یەکەم: ١٩٨٣\٧\٣١کۆکردنەوەی بارزانییەکانی دانیشتووی قۆشتەپە لەدوو کۆمەڵگای زۆرملی قدسو قادسیە کە لە دەوروبەری پارێزگای هەولێردابوو.

قۆناغی دووەم:١٩٨٣\٨\١٠ کۆ کردنەوەی بارزانییەکانی دانیشتووی کۆمەڵگای حەریر کەسەر بە قەزای شەقڵاوەیەو کۆمەڵگای دیانا سەر بە ناوچەی ڕەواندز و کۆمەڵگای بحرکە سەر بە پارێزگای هەولێر و لادێکانی مێرگەسوور سەر بە ناوچەی زێبار.

ئەوەی زیاتر ئەم ڕاستییانە دەسەلمێنێت نووسراوێکی ڕەسمی بەرێوەبەری ئەمنی گشتییە بە ژمارە ٨٤ لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٣/٢٩ کە ناردوویەتی بۆ سکرتێری سەرۆکایەتی کۆمارو تیایدا تەئکید لەوە دەکاتەوە" کە لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣\٨\١ دا لەگەڵ لەسەر داوای بەرێوەبەری ئەمنی گ"تی(د.فازل براك) هێزێکی سەربازی سەر بە حەرەس جمهوریدا کۆمەڵگەکانی "قدس، قادسیە لە قوشتەپە" کە بۆ خێزانە بارزانییەکان دروست کرابوو گەمارۆ دراوە و دەست گیراوە بەسەر هەموو ئەو پیاوە بارزانییانەی تەمەنییان لە ١٥ پازدە ساڵ بەرەو ژوور بووەو بە سەیارەی گەورەوە گواستراونەتەوە بۆ بەغداد".

لە نووسراوەکەدا هاتووە" لە کۆمەڵگەی حەریر ٤٠٣ کەس لە عەشیرەتی بارزانییەکان کە بارزانیو شیروانیو مزورییین لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە هێزەکانی پێ"مەرگەوە هەبووە و تاوانییان بۆ ڕێکخراوەو حوکمی ئیعدامیان لەسەر جێبەجێ کراوە، بە هەمان شیوەش لە کۆمەڵگاکانی دیانا و بحرکە ولادێکانی مێرگەسوور بارزانییەکان دەستبەسەر کراون و ڕوانەی بەندیخانەی أبو غریب کراوەن و تەسلیم بەهێزێك کراون کە لە کارمەندانی بەرێوەبەرایەتی ئەمنی گ"تیو بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغداد پێکهێنرابوونو لەسەر فەرمانی بەرێوەبەری ئەمنی گ"تی ١٦ تاوانی جیاجیا بۆ ٦٦٧ کەسیان ڕێکخراوەو ڕەوانەی دادگای شۆرش کراوەن لەوێ حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپێندراوەو ئەوانەی تر کە ٢٢٢٥ کەس دەبن نەتوانراوە تاوانیان بخرێتە پاڵ ، پاش دەستبەسەردا گرتنییان و گواستنەوەیان لە سەرەتای مانگی ئابدا ڕەوانەی ناوچەی (بوصەیە)ی سەر بە پارێزگای موسەنا کراونو لە نووسراوەکەدا هاتووە کە حوکمی گەلیان لەسەر جێبەجێ کراوە واتە ئیعدام کراون، لەهەمان نووسراودا ئاماژە کراوە لەدوای ئیعدامکردنیـ"یان بەڵگەنامەی وفات بە خێزانەکانییان نەدرێت.



ئەوەی شایانی باسە و لەم نووسراوەدا هاتووە ئەوەیە کە سکرتاریەتی سەرۆك کۆمار بە نووسراوی ٢٦٥١/ك لە ١٩٨٧/٨/٢٤ دا فەرمانی دەرکردووە بۆ هەموو ئەو دام و دەزگا و بەرپرسانەی تایبەتن بە کێ"ەی کورد لەوانەیە لە لایەنێکی سێهەمەوە پەیوەندییان پێوە بکرێتو سەبارەت بە چارەنووسی بارزانییەکان و پرسیارییان لێ بکرێت، بۆیە وا پێویست ئەکات کە وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێك سەبارەت بەم بابەتە ئەم وەڵامە بێت کە: "تەنها سەرۆکایەتی دەوڵەت لەم کێ"ەیە ئاگادارە چونکە کێ"ەکە کێ"ەیەکی سیاسیەو زۆر گەورەترە لە کێ"ەی ئەم خێزانانە".

لە شیکردنەوەی چەندین بەڵگەنامەی تردا هۆکاری جینۆسایدی بارزانییەکان لە لایەن

دەسەڵاتدارانی بەعس بە دیار دەکەوێت کە وا لە خوارەوەدا باسیان دەکەین:

١) بـڕیـاری حـوکـمـی لـە سـێـدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی صابر مستەفا محمدعبدالسلام بارزانی و (٢٢) کەس لە هەڤاڵانی بە نووسراوێك لە سەروکایەتی (دادگـای شـورش) بە ژمـارە١٤٤٦\ج\١٩٨٣ لە ١٩٨٣\٨\٣٠دەرچـووە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، کە بریاری گرتنیان لـە لایـەن دادەوەری لێکۆلینەوە سـەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا دراوە .

هۆکاری گرتنیان بە مادەی ١٧٥و١٥٩و١٦٢\٢-٤٩و٥٠و٥٣ لـە ق.ع لـە داوایـەك بـە ژمــارە١٥\٨٣ لـە ٢٦\٧\١٩٨٣لــە شـیـکـراوەتـەوە کـە لـە لایـەن سیخۆڕێك پێیان دراوە .

ئـەم راپـۆرتـە بـاس لـە شـەری حـاجـی ئـۆمـەران -گـردەمـەنـد و بـەشـداری پـارتـی لـەو شـەرەدا دەکات لە ناوەروکی راپۆرتەکەدا دەلێت "موتەهەم صابر مستەفا محمد عبدالسلام بارزانی لەگەڵ کۆمەلێك لە تێکدەران کە سەر بە مسعود و ادریس بارزانین، زانیاری ناوخۆی سەرکردایەتییان داوەتە تێکدەران بەتایبەتی لەسەر ئەو جێگایانەی ستراتیژی و هەساسن وئـامـادەکـاری و هـاوکـاریـیـان لە بەغدا و هەولێر لەگەڵ تێکدەران کــردووە بـۆ هـێرشـکـردنـە سـەر هێزەکان لە کەرتی باکوور لە حاجی ئۆمەران لە رێگای مسعود و ادریس".

هـەروەهـا ئـەوانـی بـە هـەڵگرتنی چەك بەرامبەر بە هێزەکانی چەکداری عێراق بە مەبەستی هاوکاری هێزەکانی ئێران بۆ گرتنی ناوچەی حاجی ئۆمەران تۆمەتبار کردووە و بە بەکرێگرتەی ئێران ناوزەدی کردون .

ئـەوەی شایانی باسە دادگـای شـورش بە نووسراوی ژمار( ١٤٤٦\ج\١٩٨٣) لە (١٩٨٣\٨\٣٠)به سەروکایەتی عەواد بەندر وئەندامیەتی عـەقـیـد مـافـپـەروەر داود سـلـمـان شهاب و مـوقـەدەم مـافـپـەروەر تـارق هـادی شاکر بەستراوە، بە پشتبەستن بە فەرمانی سەروك کۆمار ژمـارە ١٢٨٧\٢٣ لە ١٩٨٣\٨\٢٠ بەم ماددانە ١٧٥و١٥٩و١٦٢و\٣\٤٩و٥٠و٥٣ لە ق.ع تۆمەتبار کراوەن حوکمی لە سیدارەدانیان بەسەر دا سەپاندوون. ئەمەش ناوەکانیانە:

١.صابر مستەفا محمد عبدالسلام بارزانی

٢.عوسمان احمد محمد عبدالسلام بارزانی

٣. عبدالباری سلیمان عبدالسالم بارزانی

٤.سبحان اسماعیل عبدالسلام بـارزانـی ٥.


رئاسة الجمهورية
العدد ٨٩
السيد سكرتير السيد الرئيس القائد المقدم
تحية وتقدير

نـورالـدیـن محـمـد صـدیـق محـمـد بـارزانـی ٦.عیماد عوسمان احمد بـارزانـی ٧. نزیر احمدمحمدبارزانی ٨.بیداد لقمان مستەفا بـارزانـی ٩. نـوزاد لقمان مستەفا بارزانی ١٠.ئازاد لقمان مستەفا بارزانی ١١. صلاح لقمان مستەفا بارزانی ١٢.اسماعیل فقی عولابارزانی ١٣.زبـیـر عبدالله سلیم بـارزانـی ١٤.دلـدار علی محمد بـارزانـی ١٥.حکیم سعید حسن بارزانی ١٦.علی عمر احمد بارزانی ١٧.رمزی عبداللەسلیم بارزانی ١٨.رجب اسماعیل حسن بارزانی ١٩.قادر نعمان جهور بارزانی ٢٠.مجید عبدالله سلیم بارزانی ٢١.حسین زیاب در بارزانی ٢٢.اسماعیل مستەفا محمود بارزانی ٢٣.امین عوسمان همیرەبارزانی

٢) بەڵگەنامەی بریاری حوکمی لە سیدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی سـەروەت و سامانی شمس الله خالد خدر بارزانی و پەنجا کەس لە هەڤاڵانی بە نووسراوێك لە سەرۆکایەتی دادگای شورش بە ژمـارە٣٨٦٤ لە ١٩٨٣\١١\١٢ دەرچووە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، کە بریاری گرتنیان لە لایەن دادەوەری لێکۆلینەوە سـەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا/ش٣١ دراوە بەنوسراوی ژمـارە ٨\٨٣ لە ١٩٨٣\٨\١١ .

هـۆکـاری گـرتـنـیـان بـە مـادەی ١٧٥و١٥٩و١٦٢\٢-٤٩و٥٠و٥٣ لە ق.ع لە داوایـەك بە ژمارە ١٦١٠/ج/١٩٨٣ لە سەر شمس الله خالد خدر بارزانی و هەڤاڵانی شیکراوەتەوە کە لە لایەن سیخۆڕێك پێیان دراوە ،داواکە بـە نـووسـراوی ژمـارە ١٤٣٤/٢٣ لە ١٩٨٣\٩\٢٧ بۆ دادگای باڵای شورش نێردراوەو لە ١١/١٠/ ١٩٨٣ حوکمی لە سیدارەدانیان بۆ دەرچووە.

ئـــەم راپـــۆرتـــەش هــەر وەك راپۆرتەکانی پێشۆ باس لە شەری حـاجـی ئـۆمـەران -گـردەمـەنـد و بەشداری پارتی لەم شەرە دەکات،لە ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا دەلێتشمۆتەهەمش شمس الله خالد خدر بارزانی کە سەر بە مسعود بارزانی و محمد خالید بارزانیە بە هاوکاری لەگەڵ ئـەو کەسانەی ناویان لە خـوارەوە هاتووە وئامادەکاری و هاوکارییان لەگەڵ تێکدەران و هێزەکانی ئێراندا کردوە زانیاری عسکری و ستراتیژیان ناردوە ،هەروەها رێنمایی کردنی بەرپرسانی

عسکری ئیرانی لە ناوچەکەدا بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە دژی هێزەکانی چەکداری عێراق پیش هجوم کردنی هێزەکانی ئێران لە کەرتی باکوورو گرتنی ناوچەی حاجی ئۆمەران تۆمەتبار کراوەن و بە بەکرێگرتەی ئیران ناوزەدی کردوون ، ئەوەی شایانی باسە دادگای شورش لە١٠/١١/١٩٨٣ بە سەروکایەتی عەوادبەندەر بەستراوەو بەم ماددانە ١٧٥و١٥٩و١٦٢و\٢\٤٩و٥٠و٥٣ لە ق.ع تۆمەتبار کراوەن و حوکمی لە سیدارەدانیان بەسەردا سەپاندوون و بە نووسراوی ژمار(٣٨٦٤) لە١٢/ ١٩٨٣/١١ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریان لێ ئاگادار کردۆتەوە. ئەمەش ناوەکانیانە:

١.شمس الله خالد خدر بارزانی ٢.سلیمان مفردی خانو ٣. احمد حمود مستەفا٤.صوفی سیف الدین وستا ٥. سعید محمد محمدامین ٦.یوسف زبیر حاجی ٧.حدو جلو فقی ٨.حاتم جیجو حاتم ٩. حسن حسین حسن ١٠. تەها محمد ابراهیم١١.فریق میران مح١٢. نعمان حسین یاسین ١٣.یاسین حسین یاسین ١٤.حسکو رشید نبی ١٥.تەلعەت سعید عمر ١٦.رەمەزان عبدالله یاسین ١٧.وجدی مستەفا ناوخۆش ١٨.مستەفا حسین سالح ١٩.حسین محمد احمد ٢٠.اسعد حسن عبدالله ٢١.سلیمان ابابکر احمد ٢٢ .جادر محمد حسین ٢٣.عبدالرحمن محمد حسن ٢٤.احمد سعید حسن ٢٥.مستەفا باجو مستەفا ٢٦.عزیز سالح سلیم ٢٧.حکیم زادە محمد ٢٨.زکری جلو مالی ٢٩.باجو حسین ملکو٣٠غفور احمد محمود ٣١.محمد علی عباس ٣٢.خدر مولود سالح ٣٣.سعید اخدل شیخ عمر ٣٤.عبدالعزیز حجی عبدالله ٣٥.صبری رەمەزان حسن ٣٦.ویس یوسف رەمەزان ٣٧.میرخان محمد مرزا٣٨.نادر حبیب حسن ٣٩.فقو خوجە ناصر٤٠.قرتاس سالح حسین ٤١.حسن حاجی ابراهیم قادر ٤٢.جمیل عبدالله فارس ٤٣.اسماعیل سلیمان الیاس ٤٤.یونس حسن یونس ٤٥.بحری محمد ملکو ٤٦.زلفو احمد جوهر ٤٧.شهاب زادە محمود ٤٨.صوفی درویش محمد ٤٩.شهاب احمد جوهر ٥٠.بیرو حمد ابراهیم ٥١.جوهر حدو حاجی

٣) بەڵگەنامەی بریاری حوکمی لە سیدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی خورشید رشید سلمان بارزانی و هەڤاڵانی هەروەها ملا سعید حسن بارزانی و هەڤالانی بە نووسراوێك لە سەروکایەتی (دادگای شورش) بە ژمارە٤٠٦٦ لە ٢٤\١١\١٩٨٣ دەرچووە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، کە بریاری گرتنیان لە لایەن دادەوەری لێکۆلینەوە سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا/ش٣١ دراوە بەنوسراوی ژمارە ١٥\٨٣ لە ١\٨\١٩٨٣ .

هۆکاری گرتنیان بە مادەی ١٧٥و١٥٩و١٦٢\٢-٤٩و٥٠و٥٣ لە ق.ع لە دوو داوا کە داوای یەکەم بە ژمارە ١٧٧٥/ج/١٩٨٣ لە سەر خورشید رشید سلمان بارزانی و هەڤاڵانی و داوای دووەم بە ژمارە ١٦٠٩/ج/١٩٨٣ لە سەر ملا سعید حسن بارزانی و هەڤاڵانی شیکراوەتەوە کە لە لایەن سیخۆرێك پێیان دراوە ،داواکان بە دوو نووسراو یەکەمیان بە ژمارە ١٥٦٣/٢٣ لە ١٩/١٠/١٩٨٣ دووەمیان بە نووسراوی ژمارە ١٤٣٣/٢٣ لە ٢٧/ ١٩٨٣/٩ بۆ دادگای باڵای شورش نێردراوەن بەلام هەموویان لە ١١/٢٢/ ١٩٨٣ حوکمی لە سیدارەدانیان بۆ دەرچووە.

ئەم راپۆرتەش هەر باس لە شەری حاجی ئۆمەران –گردەمەند و بەشداری پارتی لەم شەرە دەکات،لە ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا دەڵێت"مۆتەهەم حسن محمد شیرۆ لەگەڵ کۆمەلێك لە تێکدەران کە ناویان لە خوارەوە هاتووە سەر بە مسعود بارزانین زانیاری عسکری و ستراتیژیان ناردوە وئامادەکاری و هاوکارییان لەگەڵ تێکدەران و هێزەکانی ئێراندا کردوە ،هەروەها رێنمایی کردنی بەرپرسانی عسکری ئیرانی لە ناوچەکەدا و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە دژی هێزەکانی چەکداری عێراق پیش هجوم کردنی هێزەکانی ئێران لە کەرتی باکوور بۆ گرتنی ناوچەی حاجی ئۆمەران تۆمەتبار کراوەن و بە بەکرێگرتەی ئیران ناوزەدی کردوون ، ئەوەی شایانی باسە دادگای شورش لە ١٩٨٣/١١/٢٢ بە سەروکایەتی عەواد بەندەر بەستراوەو بەم ماددانە ١٧٥و١٥٩و١٦٢و\٢\٤٩و٥٠و٥٣ لە ق.ع تۆمەتبار کراوەن و حوکمی لە سیدارەدانیان بەسەردا سەپاندوون و بە نووسراوی ژمار(٤٠٦٦) لە( ١٩٨٣/١١/٢٤ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریان لێ ئاگادار کردۆتەوە. ئەمەش ناوەکانیانە:

خورشید رشید سلمان ٢.احمد حدو محمد.١ ٣. یاور علی محمد٤.یوسف فرخو محمد ٥. حسین عمر حسین ٦.محمود فقی محمد حسین ٧. حسین ملا حبیب عبدالرحمن ٨.عیسی محمد حسن ٩. جهور یونس ابراهیم ١٠.جزیری برایم محمد ١١. محمد ابراهیم محمد ١٢.نعمان شریف شمیرن ١٣.عزیز فقی سعید ١٤.خلیل تاهیر عبدالله.١٥.نیاز عزیز عبدالله ١٦. حاجی عمر عبدالله١٧.عوسمان حسن عوسمان ١٨.عزیز ملا عبدالله فقی ١٩.ابراهیم عوسمان حاجی ٢٠.علی قاسم علی ٢١.نزمی محمد محمدامین ٢٢. محمد تاهیر حجی ابراهیم٢٣.عمر احمد عمر ٢٤.حسن خالد ملا ٢٥.عیسی حسن شریف ٢٦.حسین عبدالحمن حسین ٢٧.تەها محمد یوسف ٢٨. حسین محمد یوسف ٢٩. ایوب محمد عیسی ٣٠.مولود جوج مولود ٣١.محمد قرتاس سالح ٣٢. شیخ عمر باپیر ٣٣.خوشوی داود محمد ٣٤.شاکر خالد سالح ٣٥.عمر حدو محمد ٣٦.تاهیر عبدالرحمن علی ٣٧.حسین محمد حسین ٣٨.عزیز ابراهیم شێخو ٣٩.سلیمان سەبری عیسی ٤٠.عمر تاهیر عمر ٤١.حسین فقی محمد حسین ٤٢.نزهت شریف عمر ٤٣.ممو سەبری عیسی ٤٤.فریق ملمکو تاهیر ٤٥.حدو محمد احمد ٤٦.فرات ابراهیم باپیر ٤٧.عبدالله ابوبکر فتح الله ٤٨.حسن محمد شیرو ٤٩.درویش عمر یاسین ٥٠.تمر محمود .قرتاس ٥١.عبدالواحد عمر سعید

## ئەو شەهیدەی لە لوبنانەوە گەڕایەوەو بەپێی خۆی هات بۆ دیداری ئەنفالستان !

## کەریم موشیر

# ئەو هەموو کارەساتەی بەسەرمن و خێزانەکەم هات ئێستاش بەرپرسێك نەیگووت تۆ لەکوێ بوویت؟

**ڕۆژێك بەرێکەوت لەلای کاك جەزا ساڵەیی تووشم بوو بەکوڕێکی باڵا بەرزو کەڵەگەتەوە بەناوی کازم ساڵەیی،لەمیانەی قسەکردنماندا ووتی: من شتێکی سەیرت بۆ بگێڕمەوە خزمێکی من ئەنفال بوو، ئەمساڵ لەلوبنان گەڕاوەتەوە، چەند ساڵە بەشەهید ناونوسکراوەو دایکی موچەی شەهیدانەکەی وەردەگرت، هەمووی مانگێك نابێت خۆیو کوڕەکەی بەناوی کەریم هاتنە ئەم بەرێوەبەرایەتیەو بەکەیف خۆشییەوە هویەی شەهیدانەکەیان هێنایەوەو ووتیان ماڵتان ئاوابێ چیتر شەهیدانە وەرناگرین، شوکر کوڕەکەمان ماوە.. کاتێك کارمەندەکە لێی پرسیبوو چۆن؟! کەریم خۆی هاتبووە قسەو ووتبووی چاك..شەهیدەکە منم ئەوەتام لەبەرچاووت. ئیتر دوای سێ مانگ لەم هەواڵە هەر ڕۆژێك کاك کازم ساڵەیی خۆی هات بۆلامو ووتی: حازری ..؟ ووتم بۆچی؟ ووتی: ئەوە کەریمم بۆ هێناوی بەئارەزووی خۆت دیداری لەگەڵ سازبکە، هەمووی کاتژمێرێکی نەبرد کەکاك کەریم موشیر ئەو کورەی 12 ساڵ ناوی خرابووە ناو لستی شەهیدانەوە بەپێی خۆی هات بۆ لامو دوای هەواڵپرسین و قسەکردن دەستمانکرد بە چاوپێکەوتنەکەمان، ئەو دیدارەی لە خوارەوە بەدیدەی ئێوە شاد دەبێت.**

با بەسادەیی گفتوگۆکەمان بکەین.. ئێوە لەکوێ دادەنیشتن لەپەلامارەکانی ئەنفالدا هەرلەئالتوون کۆپری بووین..

**ئەی چۆن ئەنفالکرایت لەوێ ؟**

لەوێ ئەنفال نەکرام،پێشمەرگە بووم لەتیپی ٢١ی کەرکوك، هەتا ئەوکاتەی لەلایەن کاك ئازاد هەورامییەوە نامەیەکم بۆهات بڕۆین بۆ بادینان، ئەمە ساڵی ١٩٨٦ بوو، دوایی کە چووینە بادینان لەوێ کەوتمە کەمینی حزبێکی کوردستانیەوە((حەزناکەم ناوەکەیان بڵاوبکەیتەوە) _ ووتیان بۆکوێ دەچیت؟ ووتم: من پێشمەرگەم..! دەچم بۆ فلان جێ

- پێشمەرگەی کێیت ؟

+ پێشمەرگەی یەکێتیم.

ووتیان تۆ ساڵی ١٩٨٣ شەری براکوژیت کردووە..

+ من شەری براکوژیم نەکردووە، هەرلەناوچەی تیپی ٢١ ی کەرکوك بوومو بەشداری شەری براکوژیشم نەکردووە

- ووتیان تۆ کەریم موشیرنیت؟

+ ووتم: بەڵێ.

- تۆ تاوانباریت بەشداری شەری براکوژیت کردووەو زانیاریمان لایە.

+ بروادەکەن یان نا ئازادن من هەر نەهاتوومەتە ناوچەی هەولێریش ئیتر، زۆریان لێمدا ئەوەتا شوێنەکانی ئێستاش دیارە ئینجا ووتیان تۆ خزمت هەیە ووتم بەڵی ووتیان کێیە ووتم فلان کەس خاڵی دایکمە، ئیتر کەسێك هات هەر عەینەن خۆم خەڵك ئالتوون کۆپری بوو ناوی وریا بوو "حاکم وریا"یان پێدەگوت، ووتم ئەگەر خەبەرێکم بۆ بنێری بۆ سامان، ووتی باشە بەسەرچاو.. ئینجا لێمی پرسی لەسەرچی گیراویت؟ ووتم: والله هەرلەبەرئەوەی پێشمەرگەی یەکێتیم، دەلێن تۆ بەشداری شەری براکوژیت کردووەو لەسەردۆشکە بوویتو خەڵکێکی زۆرت کوشتووەو ئەم جۆرە شتانە، ووتی : جا ئەم قسانە ڕاستن؟! ووتم والله ڕاستو درۆ وام پێدەلێن، دەنا بەخوا ڕاست نین. ڕاستە پێشمەرگەم بەڵام من هەر لەناوچەی



شوان و شێخ بزینی بووم، ناشترسم شەری ئەو ناوچەیە هەمووی بەشداریم کردووە، بەڵام شەری براکوژیم نەکردووە.. ووتی بەڵام معلومات هاتووە دەڵێن تۆ شەری ناوخۆت کردووە. وەلحاڵ ڕەزارەلتێ زۆرم چەشت بەدەستیانەوە، شەوێکیان دەوری سەعات سێو چوار ئەو ئەوکاتە بوو، بانگیانکردمەوە دەرەوە پێشمەرگەیەکیان بوو ناوی ئەرکان بوو زۆر توندو تیژو دڵرەق بوو، هەربانگی دەکردم دەی گووت دەی جەلالی پەتێکیان کردبووە ملم حاشا حازری وەکو گۆلك رامی دەکێشا، ئیتر قازمەو خاکەنازێکیان هێناو بردمیان

ووتیان : دەی خۆت گۆڕی خۆت هەڵکەنە، لەناو گەلییەکەوە ڕۆیشتین، گەیشتینە شوێنێك هەلوەستەیەکیانکرد.

- پێمیان ووت: دەی گۆڕەکەت هەڵکەنە..

+ ووتم هەڵیناکەنم، مەگەر چیم کردووە؟! گۆڕی خۆم هەڵکەنم؟!

- ووتیان سەگباب هەڵیکەنە..

- ووتم: هەڵیناکەنم دەمکوژن فەرموون بمکوژن، وەالحاسل دامیانە بەرگوللە، چوارکەس دامیانە بەر دەستڕێژ ئیتر من ئاگام لەخۆم نەما کاتێك وەئاگا هاتمەوە من ماوم و لەزیندانێکدام زیندانەکەیان لە ژێرعەرزبوو.

**ئەوان کەتەقەیان لێکردی بۆکوشتنت بوویان هەربۆ ترساندنت ؟**

بۆکوشتن بوو یان بۆ ترساندن نازانم دوای سەعاتێك سەعات و نیوێك،هاتمەوە هۆش خۆم، هەر بۆشەوی دوایی سەعات پێنج بانگمیانکردەوە ووتیان بۆخۆت ئیعتراف کەیت باشترە، یەکێك هەبوو نازانم حاکم کێ ووتم ئیعترافی چی بکەم پێشمەرگەی یەکێتیم، کەسم لێتان نەکوشتووە،ئەگەر درۆشتان دەوێ ئەوە درۆ ناکەم ئەگەر بشمکوژن.

ووتیان یەعنی ناترسیت؟ ووتم من پێشمەرگەم دەتانەوێ بەچی بمترسێنن؟ ئەمرۆش نەبێت سبەی دوسبەی هەر دەکوژرێم، لێرەبێ یان لەهەرکوێیەکی تربێت گرنگ نیە بەلامەوە، من لەپێناوی ئەومیللەتەو وڵاتەکەم بوومەتە پێشمەرگە ئەگەر ئێوەش لەسەر ئەوە دەمکوژن فەرموون بمکوژن.

ووتیان دەتکوژین، عەلی ئەساس بمترسێنن.

**ئەی چۆن ئەنفالکرایت؟**

سەبرت هەبێ بۆت باس دەکەم، ئەوەبوو من هەرلەگەڵیان مامەوە دیل بووم ماوەی دوساڵ لەلایان بووم، ئەوە بوو کیمیاباران لەبادینان دەستی پێکرد، ئەنفال هات ئەوانیش دەرچوون بۆسەرشاخ منیشیانبرد لەگەڵ خۆیان.

**ئەو شوێنەی کە تیایدا کیمیابارانکران؟ کوێ بوو چ ناوچەیەك بوو؟**

مەنتیقەی بادینان لای کانی ماسی. بۆ ژوورەوە دەرگەلی بۆ ژوورەوە لای خابور، چەندەها ژن و منداڵیش دەرۆیشتن، ئێمە چووینە بان چیا ئەوان شارەزا بوون ئاگرێکی گەورەیان کردەوە لەبان چیا، ئیتر ڕۆیشتین.

**ئەوە هەردیلی دەستی ئەوانیت؟**

بەڵێ هەر دیلم بەرێکەوتین نازانم بۆ کوێ دەرۆیین کلاشینکۆفێکیان داپێم لەگەڵ تاقمێکدا.

**ببورە ئەی تۆ دیل نەبوویت؟ چۆن کلاشینکۆفیان داپێت ؟**

ڕەنگە ویستبێتیان تاقیم بکەنەوە بەڵام من زوو هەستم کرد نەتاقمەکە نەتفەنگەکە فیشەکی تێدانیە، ئەی پێشمەرگە بووم دەمزانی سوك بوون بەدەستمەوە، بەتاڵ بوون ئەوکاتەی پێشمەرگە بووم جاری واهەبوو ١٢ مەخزنم هەڵدەگرت، ئیتر بەرەو تورکیا ڕۆیشتین، ١٨کەس بووین. دابەزینە مەنتیقەی ئاراس وئاشور، چووینە ناو تورکیاوە ئیتر قەرەقولی تورکی هاتن ووتیان ئەمانە جەماعەتی ئەنفالکراوەکانن. بۆ هەندێکیان مەمنوع بێنە ژوورەوە، ئیتر خێوەتیان هێنا، منیش لەگەڵ عائیلەیەکدا دانیشتم لەوخێوەتەدا خاوەن ماڵەکە ناوی "ئەنوەر"بوو، دوایی خێمەم وەرگرتوو، ماوەی سێ مانگ بەتەنیا لەوێ دانیشتم لەنیوان سنوری عێراق و تورکیا مەنتیقەی ئارۆس.. ئیتر ئێمەیان دەرکرد بردیانین بۆناوچەی هەکاری و سلۆپیا، خوا هەڵناگرێ ئینکاری ئەوە ناکەم میللەتی کوردی تورکیا زۆر هاوکاریانکردین، لەسلۆپیاش خێوەتیان هەڵدابوو، لەوێ کورێکیان کوشت سەریان تەقاند،ماینەوە بۆ ماوەی سێ مانگی تر، لەوێش لێم نەگەران دەیانەویست ئیخباریم بکەن و موشکیلەم بۆ دروست بکەن، ووتیان شیوعیەکان دەبەنە سوریا ئەگەر شیوعیت ناوی خۆت بنوسە، زۆر بێزاربووم هوییەکیان بۆم کرد ناوەکەی خۆم گۆڕی، ناوی خۆم کردبووە محەمەد ئیتر لەوێدەرچووم ڕێمکەوتە ماڵێکەوە کوردبوون ماڵیان ئاوابێ زۆر باش بوون کلیلەکەی خۆی داپێم ووتی: بۆ خۆت لێرەبە، من خۆم لەوێ دەشاردەوە ماڵەکەی هێشتا تەواو نەبووبوو، دراوسێیەکم هەبوو، زۆر پیاوێکی باش بوو، هەموو جارێك کەقەرەقۆلەکان دەهاتن ئەو ئاگاداری دەکردم دەیگووت کەریم هاتن..بەتورکی دەیگوت (گیاندر) منیش بیرێك بوو لەحەوشەکە دەچومە ناوبیرەکەوەو لەوێ خۆم دەشاردەوە ئیتر کەئەوانیش دەهاتن دەگەڕان لەناوماڵەکە تەفەتەفیان دەهات و جنێویان دەدواو بەزمانی خۆیان دەیانگوت : (کوێپەچ نەرەجێت) واتە ئەوسەگە بۆکوێ ڕۆی؟ ( تێگەیشتی تورکی دەزانی؟)

**نەخێر نایزانم لەتۆوە تێگەیشتم.**

زانیبوویان من لەوماڵەم بانگی خاوەنەکەیانکردبوو ووتبویان تۆ کوردێکت شاردووەتەوە، پێشمەرگەی یەکێتیە ئەوەشیان زانیبوو، وەلحاصل کابرایان ئەزییەتدابوو، ماڵێکی زۆر باش بوون لەگەڵدا ووتیان نابێت بڕۆی. بەڕاستی ماڵێکی زۆر باش بوون.

**دەتوانی ناویان بێنی مەبەستم ئەوماڵەیە؟**

ناویاندێنم بەڵام ئەگەر بڵاوی نەکەیتەوە باشترە ناوی کابرا ئەحمەدە لەقەبەکەی (..) ە . لەوێش هەستم کرد دەبمە مایەی ئازار بۆکەسانی تر، ئیتر لەوێش دەرچووم،ناچار هوییەکی تورکیم بە ٥٠$ بۆخۆم چاککرد، لەوێ ئیشم دەکرد، تەرجومانم دەکرد عەرەبی تورکی، ئیتر چووم لەئوتێلێك کارم دەکرد، دوایی شەش حەوت مانگ خاوەنی هوتێلەکە پێی زانیم ڕۆژێك بانگی کردم.

ووتی: تۆ خەڵکی کوێیت؟

ووتم خەڵکی عێراقم !

ووتی: ئەی خەڵکی عێراقی چیدەکەیت لێرە؟

ووتم واللە ڕاستیت دەوێت، من کوردم لە ئەنفالەکانم بەرئەنفال کەوتووم و پەریوەمەتە ئێرەو ئیستاش ناتوانم بگەڕێمەوە، ووتی : نابێت لێرەبیت، من موشکیلەم بۆدروست دەبێت، واللە ئەویش دەری کردم، بەڵام ٥٠٠،٠٠٠ هەزار لیرەی دامێ و ووتی: دەتوانم ئەوەندە یارمەتیت بدەم بڕۆ بۆخۆت پێی دەرچۆ.

ووتم: ئاخر بۆکوێ دەرچم؟

ووتی من نازانم بڕۆ بۆخۆت پێی دەرچوو ناتوانم لای خۆم ڕاتگرم. واللە چومە لای برادەرێك، ووتم : دەمەوێت دەرچم .

ووتی: بۆ کوێ؟

ووتم بۆ سوریا .

ووتی: ئینجا دەتوانی؟

ووتم ئا ناچارم دەربچم. واللە زەلامێکی

بۆم هێنام ١٠٠٠٠٠ لیرەی تورکی لێم داواکرد، منیش رازیبووم‌و ووتم باشە. سەعات یەکی شەو دەرچووین بۆ حدودی سوریا، ووتم کاکە من یەکێتیم لەوێ مەکتەبمان هەیە خۆمن ناچم بسوریەمە ئەچمە مەکتبی خۆمان، وەڵا رۆیشتین، گەیشتینە سەرسنوری سوریا لەئاوەکە پەرینەوە هەموولەشمان تەربوو ئیتر من ووتم باشە کاکە ئیشم بەتۆنەما رۆیشتم گەیشتمە نزیکی ماڵێك چرایەك دەسوتا ووتم دەچمەلای ئەوماڵە نەگەیشتمە مالەکە تەقە دەستی پێکرد، کەوتمە ناو ئەو قورو چلپاوە ئیتر کەوتم، ئەوانیش بەعسیەکانی سوریا هاتنە سەرم، بەڵام هەستمکرد ئەم قچەم قورس بووە زانیم بەرکەوتووم، ئیتر هاتن ووتیان هەستە نەمتوانی هەڵیانساندم‌و ئیتر نەمزانی چی روودەدا، سەیری قچی خۆمم کرد زانیم بریندارم بەتایبەتی کەتەماشای پانتۆلەکەمکرد کون ببوو، ئینجا خوێنم بینی.. ئیتر هەرئەوشەوە بردیانم گەیاندمیانە قامیشلی، لەوێ بۆماوەی هەفتەیەك هەر پرسیاریان لێمدەکرد، تۆ چیت‌و لەکوێوە هاتوویت، منیش حاڵومەسەلەم بۆگێرانەوە، یەکەمجار منیان بەموخابەرات میتی تورکی تۆمەتبارکرد،ووتم نەخێر من میتی تورکی نیم‌و پێشمەرگەی یەکێتیم‌و جەماعەتی مام جەلالم، ووتیان کێ دەناسیت، ووتم واللە ئەوانەی لێرەن کەسیان ناناسم، من تازە هاتوومەو بەداخەوە بە قاچاغ هاتوومەوەو نەمزانیوە، ووتی ئاخر دەزانی بەقاچاغ یانی چی؟ ووتم حەق بەئێوەیە، بەڵام من هیچم پێنەبووە نەچەکم پێبووە نە قومبەلەیەکم پێبووە، من هاتووم خۆم لەمردن رزگاربکەم، من ئەمەوێ نەمرم ئێستانازانم دایکم باوکم برام خوشکم ماون یان نەماون.. ووتیان ئەوقسانە چین کێ دەڵی تۆ جاسوس نیت، ئێمە چووزانین، ووتم واللە ئێوە لەتەحقیقات دەزانن دەتوانن هەموو شتێك بزانن.. واللە بردیانم قەرەوێڵەیەك بوو، منیان دانا لەبانی، ئاسنێك بوو لەپشتیەوە پێیان دەبەستیتەوە، ووتیان اعترف احسن لك، ووتم ئێیاشە ئیعترافی چیی بکەم، من دەلێم پێشمەرگەی یەکێتیم، ئیتر ئەمە نەیخوارد من تا هەفتەیەکیش هەر تەعزیبی کارەبا بووم هەر کارەبایان لێم دەدا. ئینجا دوای هەفتەیەك لە تەعزیبی کارەبا، بردیانم هەفتەیەك تەعزیبیان وەستاندم ئیسراحەتم کرد، ئیتر دوای هەفتەیەك دەستیانکردەوە بەتەعزیبدانم.

**ئەمە ساڵی چەندبوو کاك کەریم؟**

واللە من تا ساڵی ١٩٩٠ مانگی دوو لە تورکیا بووم، مانگی دوو ئەی سێ بوو وەالحال شەوێکی باران بوو من دەرچووم، بەبیرم دێ شوبات بوویان


المديرية العامة للأمن العام
دائرة أمن
إفادة
تفيد المديرية العامة للأمن العام أن
من تابعة ... والدته ...
تولد ... خفقت أوراقه الثبوتية لديها
موقتاً : لإنجاز معاملة
قيمة الرسوم المستوفاة ...
فقط ... ليرة لبنانية
يعمل بهذه الإفادة لمدة ... من تاريخه
رئيس دائرة
نموذج رقم ٨ / ٢٠٠٣

ئازار بوو چونکە گوڵ‌و ئەوانە دەرچووبوون، ئیتر دوای پانزە رۆژ تەعزیبم راوەستایەوە تەحقیقات تەواو ببوو،لێدانم نەمابوو بەڵام وەزعی نەفسیم تەواو نەبوو دوجارمحاولەی ئینتیحارمکرد، چاوەروانی نەتیجەم دەکرد، دوای ١٥ رۆژ سەعات نزیکەی ٨ ی شەوبوو منیان دەرکردە دەرەوە، سەیارەیەکیان هێنا منیان دەرکرد بۆ شام، دوو پۆلیسیان لەگەڵ ناردم، شورتەکان هەر لەسەر من نانیان دەخوارد ئیتر بێویژدانی هەرمەپرسە ئەوان بۆخۆیان خواردنی باشیان دەخوارد، گۆشتیان دەخوارد کەبابیان دەخوارد، منیش فەلافلیان بۆ بانگ دەکردم بە پارەی خۆشم، من پارەم پێبوو.

**چۆن پارەت پێبوو لەکوێت بوو کاك کەریم؟**

ئەی من لە تورکیا ئیشم دەکردو کابرای تورکیش ٥٠٠٠٠٠ لیرەی داپێم. یەك ملیون پارەم پێبوو ئەو کاتە ١٥٠٠$ی دەکرد، ئیتر جانتایەکیشم پێبوو، جانتایەکی بچوك بوو، سەعات پێنجی سبەینێ گەیشتینە شام، لەوێ هەشت کەسی تریان هێنا زنجیریان لەدەستیان کرد، دوای بردیانین بۆ زیندانی فرع فەلەستین، لەوێ شتێ زۆر سەیرمان بوو بەتوشەوە، سەتلێك هەبوو پێیان دەگوت : تەرماشە تەرماشە چی بوو سەتلێك بوو ئاوی تێدا بوو لەناویا قایشێك هەبوو چوپ بوو، ئیتر هەرئەوەندەم زانی پۆلیسێك ووتی: شیل تەماشە منیش نەمدەزانی تەماشە چیە..!! عەسکەرەکەش هەر دەیگوت شیل شیل تەماشە ئەی خوایە تەماشە چیە؟! ئەمە توومەس بۆئەوە بوو چاووت ببەستنەوە بەو قایشە تەرە کە هەڵت دەگرت‌و دەتنا بەچاوتەوە توند لەچاووت چەسپ دەبوو، ماوەیەکی زۆر هیچ هیچت نەدەبینی، تەنها دووکونی بچوکی هەبوو، زۆر نارەحەت بوو، ئیتر کابرا تووڕە بوو ووتی: لەك تۆ کوێری نایبینی؟ ئەمە تەماشەیە، ئیتر هەرئەوەندەم خۆش بوو تاکردمە چاووم یەکسەر چاومی گوشی، یەعنی وەکو چۆن لەو دیوەوە پاڵیدەن هەستمکرد چاوم بەشێکی بەقەد کونی لاستیکەکە دەرپەریوەتە دەروە، وەکو بلێی پەنەما لە ژوورەوە، وەللە بردیانمە ژورەوە، پربوو لەسجن قاوشێکی درێژ بوو ئاوا قاوشێك بوو، بەولاکەی ترەوە قاوشێکی تربوو، هەر قاوشێکی نزیکەی ٧٠- ٨٠ کەسی تێدایە، کەچوومە ژوورەوە ووتیان: تۆ عێراقی ووتم: بەڵێ کوردیشی تێدابوو، ئاخر قاوش ژنی تێدابوو ئەوویش هەرکوردی لێبوو، ئیتر هیچیان لێم نەپرسی.. واللە سەعات پێنجی بەیانی بانگیانکردم، بەدەم ( خەفەتێکی زۆرەوە دەکرێ جگەرەیەك بکێشم) کە بانگیانکردم چوومە ژوورەوە، ئیتر لە قادرمەکە دەرئەچی دیسان تەماشەکە"قایشەکە" لەبەردەمتە ئیترخۆت فێر دەبیت وەکو مامری مالی رادێیت، بێئەوەی کەس پێم بلێت، قایشەکەم هەڵگرتوو کردمە چاوم، تەماشە نەعلەتیەکە، چوومە لای کەسێك، ووتی : "ئگعد" دانیشە

منیش دانیشتمو کابرا تەماشایەکی کردمو ووتی: لَیش ماتعترف؟ ئلهۆن لازم تعترف، انت بقامیشلی ماتعترف بس لازم هۆن تعترف، ئینجا ووتی تعرف هۆن شنو؟ هۆن جهنم " ئینجا ووتی ئەگەر ئعتراف نەکەیت لێرە بەئاگری جەهەنەم دەسوتێیت" من ووتم یاسیدی انا معندی شی حتی تعترف، انا پێشمەرگە اصدیقائی کل هۆن، اصحابی کل هۆن، ووتی من رئیسکم ، ووتم سید جلال تالبانی، ووتی: انت کذاب، ووتم والله درۆناکەم، جەرسێکی لێداو ووتی: بیبەن بۆ غرفه عملیات، چوزانم فرفه عملیات چیەو کۆیە، بردمیانە ژورێك کورسی تەعزیب فەرەنسی هەیە کورسییەك بوو، تەختەیەکی لەسەر بوو تەختەکەیان هەڵگرتووە، تەنها دوو ئاسن ماوە، ئینجا ئەمە چی لێئەکەن کەسەکە لەسەرپشت رادەکێشن، دوو ئاسنەکەش یەکیان بۆ لای شانی راست ئەوی تربۆلای شانی چەپ، دوایی بەرزی دەکەنەوە ئەو کاتە تۆ چیت لێدێت سەرت بەرەو خواردەبێت ئازارێکی زۆر زۆری هەیە، جا من ئینزلاقیشم هەبوو، ئینجا تەعزیب دەستی پێدەکرد، ئەمەی وەکو پلایس وایە کەتەر بەوە گۆشتی لەشمیان دەگرتو بایان دەدا، جاربەجار گۆشتیان لەلەشم دەکردەوە،بەدەمی کەتەرەکەوە دەهات، بۆماوەی سێ مانگ بەو ئاسنەوکەتەرەکە تەعزیبیاندام، هەموو جارێك پێیان دەگوتم اذا ماتعترف لازم مرنا شغلة ثانیة) ئیتر زۆر ئازاریاندام، گۆشتی لەشم بۆگەنی کردبوو، ئیتر بردیانم دایاننام، بۆ رۆژیی دوایی بردمیان بۆ لای یەکێکی تر کابرا ووتی : دانیشە، منیش دانیشتنی چی هەموولاشم هەلاهەلا ببوو، ووتی: (شو رایك کباب لو دجاج) کەباب دەخۆی یان مریشك،ووتم نەکەبابم دەوێ نەمامرم دەوێ پارچە نانێکم بدەنێ زۆر مەمنونم بانگی کەسێکی کرد ووتی گعمو گعموا کباب بردمیانە ژورێکەوە تایە هەیە تایەی تریلە بردمیانە ناو تایەکەوە پشتت دەچێتە دەرەوە لەو دیوەوە ئاوی ساردیان پیادەکردمو لێیان دەدام، بە کێبڵو بە دارحەیزەران ئەو حەیزەرانەشیان رۆژێك پێش ئەوە دەکردە ئاوەوە، جا لەکوێیان دەدایت لە سەر چۆکەکان تەنها لەو شوێنانەیان دەدا، زۆر ئازارم دەگەیشت هاوارم دەکرد دەپارامەوە دەمگوت خاتر ئەالله خاتر محمد دەیان گوت: مع الاسف مجازین محمد موهون مایفیدك، هەموو رۆژێك ئەو تەعزیبانە بوون لەگەڵ تەعزیبی نەفسی، ئەو رۆژانەش رۆیشتن رۆژێك یەکێکیان هێنا ووتی : تعال انا اسمي خالد شیل تماشة، شفتنی؟ شیل تماشە مەچەکی ئەوەندە () دەبوو ، ووتی انا بطل ملاکم سوري " ووتی : من پالەوانی ملاکەمەی سوریم، بۆکسی لێم ئەدا رەنگە ئەوەندە فرێی دابم (ئەو ماوەی کەریم بەدەست دیاری کرد ٤ تا ٥ مەتر دەبوو) جا ئاواهی (لەلای رومەتەوە) لێیدەدام، بروا بکە یەك بۆکسێکی لێدام هەفتەیەك دەمم بۆنەکرایەوە نەمدەتوانی دەمم بکەمەوە، دەمم کەبس ببوو لایەکی دەرچوو بوو، دوایی وردە وردە دەمم کرایەوە بەڵام ناودەمم بۆگەنی کردبوو، دانەکانم لەناوەوە هەمووی هەڵوەریبوون، دوایی ئەوەش هەفتەیەك نانم نەخوارد، بە دەرزی سرنج ئاویان دەکردە دەممەوە، ئیتر ماوەیەك وازیان لێم هێنا، هەردەیان گوت لازم تعترف منیش دەمگووت وەالە شنو اعترف هیچم نیە هەتا ئیعترافی لەسەربکەم ئەگەردەتانەوێ بلێم هاتووم بۆ خەڵك کوشتن وانیە، ووتی نامانەوێ ئەوە بلێیت دەمانەوێت راست بروێ بۆچی هاتووی ئەوە بڵێی ووتم والله من لەدەست ئەنفال رامکردووەو هاتووم بۆئێرە نوسینگەمان لێرەیەو من پێشمەرگەی یەکێتیم، ووتی نا تۆ درۆدەکەیت، ووتم تۆ دەتەوێ بلێم هاتووم بۆ ئەوە بەدرۆ،ووتی نا پێویستە راستیەکەی بڵێیت،ووتم راستیەکەیم ووتووەو ئیفادەم داوە، هەرئەوەیە کەووتوومە،ووتی جا کێ زەمانی ئەوە دەکات تۆ راست دەلێیت؟ ووتم جا ئەوە ئیفادەی منە بروا ناکەن چی بکەم..ئەوە رەئی منە ئێوەش رای خۆتان بڵێن..ووتیان زۆرباشە، کەواتە ناتەوێ راستی بلێیت..ئێتر هەموو رۆژێك ٥ی بەیانی دەیانبردم تا ١١ی بەیانی تەحقیق لێدان،تحقیق لێدان، والله وەکو کەمال ئەجسامم لێهاتبوو هەموو لەشم ئاوسابوو وەکو بلێی مۆر ئەمانەم (دەستی بۆقۆڵو ناوشانی برد) مۆرببوو،هەمووی پەلکی فرێدابوو،رۆژێك یەکێك هات بردمی بۆ ژورێك ووتی : نام باللارج ئیتر منیش پاڵ کەوتم، نازانم یان سێ کەس یان چوارکەس بوون لێمیان دەدا، ئاگام لەخۆم نەما بەباتانیەك فرێیاندابوومە ژوورەکەی خۆم، لەوێ سجنەکانی تر پەرۆیان تەڕ دەکرد دەیاننا بەبرینەکانمەوە، وەزعم زۆر خراپ بوو، ئەوەندە ئاگام لێبوو کە ووتیان ئیعتراف ناکەیت ئیعدامت دەکەین،والله رۆژی دوایی بانگیانکردم هەرئەوەیان پێمگووت: مادام ئیعتراف ناکەیت ئیعدامت دەکەین، منیش ووتم : کەیفی خۆتانە بەڵام لەسەرچی ئیعدامم دەکەن فایلەکەمی دەرکرد ووتی لەسەر ئەو شتانە، منیش ووتم ئەگەر لەسەر ئەوە ئیعدامم دەکەن بمکەن؟ ئێوە باوەر بەهیچ ناکەن من دەلێم پێشمەرگەم ئیستا نازانم دایکمو باوکم ئەنفال بوون کیمیایی کوشتوونی چییان لێبەسەرهاتووە، ئەوە ئیفادەی منە ئەگەر لەسەر ئەوە ئیعدامم دەکەن بمکەن. ووتم من ژیانم تەواو بووە دەمکوژن بمکوژن، من لە مردن ناترسم ئەگەر لەمردن بترسامایە بەرانبەر رژیمی سەدام نەدەوەستامەوەو بەرهەلەستیم نەدەکرد، من دەزانم رۆژێك هەردەمرم ئیتر لێرەبێت یان لە شوێنێکی تر گرنگ ئەوەیە هەر بەسەر بەرزی دەمرم، خۆ لەبەر دزی نامکوژن.. ووتیان ئێستە باشە دەمانەوێت یارمەتیت بدەین، بەڵام بەمەرجێك ووتم مەرجی وەکو چی ووتی: دەزانین تۆ نیازت خەراپ نیە دەمانەوێت یارمەتیت بدەین، بەڵام بەو مەرجەی تۆش یارمەتی ئێمە بدەی؟ ووتم ئاخر یارمەتی وەکو چی چۆن یارمەتیەك من چیم پێدەکرێت؟ ووتیان : کارمان لەگەڵ بکە دەبیتە موخبیر، چیت دەوێ بۆت دەکەین خانووت دەدەینێ سەیارەت دەدەینێ بەس ئەوەندە لەگەڵمان ئیش بکە. هاش رایك؟ ووتم قسورم عافوکەن لەوەیاندا ووتی بۆچی؟ ووتم لەبەر ئەوەی چەند ساڵ بوو لە عێراق بووم عەسکەریم بۆ حکومەتی عێراق نەکرد والله ئەگەر ئەوەم بکردایە بۆ ووڵاتی خۆمم دەکرد، بۆچی بۆ وڵاتی تۆی بکەم، من ئامادە نەبووم ببم بەعسی ووتی بۆچی بەعسی چییەتی؟ ووتم مەبەستم ئێوە نیە مەبەستم حزبی بەعسی عێراقە، ووتم ئەوە بزانە ئەوەی خێر بۆ وڵاتی خۆی نەداتەوە بۆ ئێوەشی ناداتەوە، ببورن ئەوە لەعێراقیش هەبوو دەمانتوانی

ووتم باوەر دەکەی سوێندم خوارد بەرگی عەسکەری لەبەرناکەم.. لەبەریشم نەکرد، ووتی کەیفی خۆتە تۆ ئیعدام دەکرێی ، ووتم کەی ئیعدام دەکرێم ووتی: نازانم چاوەرێ بکە.. ئیتر چاوەرێ بکە چاوەرێبکە، چاورێکە نەمانگێك نەدوو نەسێ من دووساڵ چاوەروانی ئیعدامم دەکرد.. ئیتر ئاگام لەخۆمم نەما وەکو مامرماڵیم لێهاتبوو.

**ئەوە هەر لەهەمان سجن؟**

بەڵێ هەر لەو سجنە.

**دەزانی سجنەکە ناوی چی بوو ؟**

بەڵێ سجنی فرع فلستین خارجییەکەی، ئیتر تا ساڵی ١٩٩٧ هەرلەوێ بووین دوایی لەوێ دەریانکردین بردیانین بۆ سجنێکی دیکە، ١٧ کەس بووین بردیانین بۆ سجنی دەرعا پێی دەڵێن محافەزەی دەرعا ژێر زەمینێك بوو لەدووتابق لە ژێر عەرد بوو، عەردەکەش نەچەمەنتۆیە نەکاشیە کاعیەکەی وورده بەردە.. نەتدەتوانی دابنیشی بەردەکان زبروتیژبوون، ئەو سجنانەی لەوێ بوون ووتیان کەس ناتوانێت لێرە دەربچێت، ئەو پەری مانگێك دوومانگ هەرچی هاتووەتە ئێرە نەماوە، ووتم تۆ چەند مانگە لێرەی ووتی: من پازدە رۆژە لێرەم ووتم کێشەکەت چیە بۆچی گیراویت ووتی: من سجنی سیاسیم، ووتم یەعنی ئەوەی بیهێننە ئێرە سیاسیە؟ ووتی ئا ئاوایە. ئیتر دانیشتین نەماندەتوانی دابنیشین،چونکە کە بردیانیانینە ژورەوە حاشا لە حازری ناهێلن هیچت لەبەردابمێنێ نەپانتۆڵ نە جل هیچ پیلاووت لەپێدادەکەن و رووتوقوتت دەکەنەوە تەنها شۆرتو فانیەلەکەت لەبەردادەمێنێ ئیتر ناتوانی ویستمان عەردەکە خاوێن بکەینەوە چەندی ئەو بەردانەت لادەدا هەر وورده بەرد دەردەچوو، واللە سیانزە بوو پانزە رۆژ لەوێش ماینەوە ئیتر ناومانیان خوێندەوە بانگیانکردین. بردیانین بۆ فرع تحقیق لەوێ پیاندەگووت فرع غسیل لەوێ حاکم تەحیق هەیە، دووشەو لەوێ مامەوە لەسەر کاشیەکان دەخەوتین لە چاو ئەوبەردە زبرانەدا فەرش بوو، بۆیەکەم رۆژنا دووەم رۆژ منیان بانگکرد، لەوێ حاکمێك دانیشتبوو ووتی: کورم دەتوانی کێشەکەی خۆتمان بۆ باسبکەیت؟ منیش ووتم : بەڵێ ئیتر باسم کرد من لەئەنفالەکاندا ئاوام لێهاتووەو چومە تورکیاو لێرەش بریندابووم، ئیتر ووتم بەرێز من لەژێر ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆردا بووم، ئەو ئازارەی من چەشتوومە لێرە هەر بوونەوەرێکی تربوایە بەرگەی نەدەگرت، بروابکە من بێگوناهم و هیچ شتێکیان لەسەرم نیە، واللە ئیتر هاتن هەرلەوێ رەسمی منیانگرت، ئاوا هی دەمو چاوم لەلاتەنیشتەوە، ئینجا رەقەمیان بۆم دانا، نازانم چۆن بوو نوسرابوو (و. م) ئەی (م.و) بوو نازانم ئەوە چیبوو ئاوا رایدەگری کارتەکە لەوێش پانزە رۆژێك مامەوە ئیتر بردمانیانە فرع مجدد، لەوێوە هاتن بردیانمانیانە گورمرگ لە گورمرگەوە ناومانیان نوسی ئێمە چوار کەس بووین یەکێکمان نەیجیری بوو ناوی فۆسکابوو، یەکێکیان خەڵکی غانە بوو، ئەوی تریش خەڵکی ئاکرێ بوو ، ئاکرێی ئێرە نا ئاکرێی ئەوێ هی غانەو نێجیریا، ووتیان بۆ کوێ ئەتەوێ برۆی لوبنان تورکیا، عێراق ممنوع عێراق ساڵی ١٩٩٩ بوو، ووتم من ئیتر وڵاتی عەرەبی تۆبە ووتیان بۆ کوێ ئەتەوێ برۆیت، ووتم بۆ تورکیا، ئیتر بردیانیانین بۆ تورکیا لەسەر حدودەکە فرێمانیاندا تورکیا نەیدەهێشت بچینە ژوورەوە، گەڕاندمانیانەوە بۆ سوریا ، سوریاش نەیدەهێشت بچینەوە ژوورەوە لەبەینی دوو گومرگ ماینەوە لەمنتیقەی حەلەب، لەنیوان دووچیا یەکیان سوریا ئەوی تر تورکیا ووتم بەقاچاغی دەچمە ژوورەوە، هەوڵدا فایدەی نەبوو تورکەکان هاتن ووتیان کەس لێرەوە بەقاچاغ نەچێتە ژوورەوە ئەوەی بچێتە ژوورەوە ریخەلۆکی لەورگییەوە دەردەکەین، ئەی خوایە ئێمە چیبکەین؟ ئیتر رۆژێك مدیری گومرگی سوری هات بۆ ئەو گومرگەی ئێمەی لێبووین کوردی سوریە بوو، هەوڵم لەگەڵدا ووتی: کوردی ووتم بەڵێ کوردم حاڵومەسەلەکەم ئاوایە ووتی : کرمانجی دزانی ووتم ئابەڵێ کرمانجی دزانم.. ووتی تۆ لێرەبە ئەز چادرەکی ددەمە تە، سۆپایەکی نەفتی ددەمەتە، سبەی دوو رەفتە نان ددەمە تە هەمی رۆژا خواردنێ ددەمە تەو هەڤالێت تە. منیش گووتم : ئەز گەلەك مەمنونی تەمە سوپاسیە تەدکەم.. ئیتر چادری بۆهێنایین سۆپاو باتانیو خواردنی بۆهێنایین ئەو پیاوە



خەڵکی قامیشلییە مدیری گومرگی سوریابوو هی حەلەب. ئێمە بەو حاڵەوە دوومانگو نیو لەو چادرەدا لەحدود دانیشتین، مانگو نیوێك بوو لەوێ بووین ، رۆژێك مدیر هات بۆلامان ووتی: چما تە عریزەیەکی نەبنڤیسی بنێری بۆ ئەوەی وەزیری داخلی محمد حلبۆ بوو ئەو کاتە ووتم ئەز دنڤیسم بەس چە؟ ووتی ئەز دبێژمە تە، تەبنوسە، ووتم باشە ئەو دەیگووت و منیش دەمنوسی ووتم باشە لەناو ئەم چیایەوە کێ دەیگەیەنێتە وەزیری داخلی ووتی : ئەز دگەیەنم بەریدی بابچێ ئیتر بەناوی هەر چوارمان کە بێکەسینو کەسمان نیە نامەیەکمان نوسی بۆ وەزیری ناوخۆ، نوسیمان دەمانەوێ بگەڕێینەوە سوریاو تورکیا دخولمان ناکات، ئیتر عەریزە رۆییو کێ دەڵێ جوابی دێتەوە واللەهی راستیەکەت دەوێ دەستمان بە دەرۆزە کرد( سواڵمان دەکرد) سایەقی تورکەکانو سوریە کان دەهاتن کارتۆنیکمان هێناو لەسەرمان نوسیبوو ( رمضان کریم) ئەوانەی لە تورکیاوە دەهاتن و ئەوانەی لە سوریاوە دەهاتن بەو مقابەیەوە کە لەسەریمان نوسیبوو (رەمەزان کەریم ) دەچووینە بەردەمیان ئەوانیش بەزەییان پێماندا دەهاتەوە پارەیان دەدایێ

ئەوان دەچوونە بەردەمی ئەجنەبیەکانو منیش عەرەبو تورکەکان . ئیتر تا رەمەزان تەواو بوو هەموو رۆژ چەندێکمان دەست بکەوتایە ئێوارە لەناوخۆماندا بەشمان دەکرد، ئیتر رۆژێك موافقەت هات، ووتی منویرید یرجع ؟ تەنها ناوی دوکەسمان هاتبووەوە منو ئەو کورە مەسیحیەکە ئەوانی تر نەیجیریەکەو ئەوی تر ناویان نەهاتبووەوە ئینجا با ئەوەم لەبیر نەچێت لەو دەرۆزە کردنە یەکی ١٠٠٠ دۆلارمان بەرکەوت، والله بردیانین بۆ سجنی گومرگ منو پۆسکێ بووین ئەو کورە غانییەکە لەوێ پێیان وتین ئێرە سجنی گومرگە ئێووتمان چۆن دەبێت لەسجنەوە بۆ سجن؟ ووتیان: شو بعد ساعه تگلعوا علی سجن عزرا ئەوە سجنی مدنیه، والله چوینەوە سجن.. لەوێ پێم ووتن باشە ئەوە چۆن دەبێت ئێمە دەرچووین لەسجن؟! ووتیان نا لازمە ئیوە دەربکرێن بۆ لوبنان ، ووتم کەی ووتی دوای سێ رۆژی تر.. ئێووتمان باشە چارنیە، والله سێ رۆژمان پێنەچوو، بردیانین وتمان ئەی لوبنان نامانکاتە ژوورەوە وەرقەیەك شتێکمان پێبدەن، ووتیان نا لوبنان وولاتی خۆمانە لەپێشەوە سوریا حوکمی کردبوو ئەو کاتەش بەهی خۆی دەزانی، فرێیان داینو ووتیان حەفتان نەبێت برۆن.. والله کەسێك هات ووتمان باشە چۆن بچینە ناولوبنان ووتی کە سەیارەیەك هات سواربن حەقتان نەبێت، والله سیارەیەك هات سواربووین من لەدواوە سواربووم دووژنیشی تیدابوو، ئەو برادەرە ووتی بلێن لوبانیین گەیشتینە سەیتەرەیەك وەستاین هاتن : وێن شباب ئەوان وتیان لوبنانین، سیتەرەکەە ووتی : (یاللة فوت) رۆیشتین. یەکەمجار گەیشتینە ئاشورە لەوێ دابەزیم ووتم باشە ئێستە بچمە کوێ؟! کەس ناناسم ئیتر برۆ برۆ شەوم بەسەردا هات، ئیتر کارتۆنێکم لەسەر رێگا دۆزییەوە، ئیتر خەوم دێت برسیمە، ئیتر لەمالەکانەوە دەرچووم چوومە سەر رێگای رەئیسی،لەوێشەوە دەرچووم چومە بەیروت شەرە، لەوێ کەسێکم دۆزییەوە کورد بوو، ناوی عبدوالرحیمە بەس د. شوانی پێدەلێن ئێستا لە سوێدە. حزبێکیان هەبوو حزبی رزگاریان پێدەگوت، ئەوانە عێراقی بوون بەلام دەعمیان لەلوبنان وەردەگرت. ووتیان ئێمە مقەرمان هەیە وەرە لای ئێمە ناونیشانی خۆیان دامێو رۆیشتن سەیارەیان پێبوو چەکیان پێبوو، ووتم باشە بەلام بەخوا من لێم قەوماوەو سجن بووم، بەسەیارە هێناویانم فرێیانداوم، دەنا قەت نەدەهاتمە ئێرەش.. ووتیان برا ئێمەش وەکو تۆ وابووین .. والله ئیتر نەچووم بۆلایان رۆیشتم چوومە مەنتیقەی حمرا مەنتیقەیەکی راقیە نەکەس دەناسم نەکەس بەدەرەوەیە، لەویش دەرچووم چوومە مەنتیقەیەکی شەعبی ووتم وەلا هەبێو نەبێ بەدەم ئەم زێیەوە دەرۆم، هەتا دەگەمە جێگەیەك ئیتر نەمتوانی کەسم دەست نەکەوت، لەدەم ئاوەکە خانوویەکم دۆزیەوە رمابوو بەس ژێرەکەی مابوو، چوومە ئەو خانووەوە چووم هەندێك کارتۆنم خرکردەوە، هێنام رامخستوو لەسەری دانیشتمو داویی پاڵ کەوتم، ٩ رۆژ من لەوێ مامەوەو پاڵم لێدایەوە، دوکانێك هەبوو کەمێك نێزیك بوولێیەوە دەچووم پسکتو کێكو شەربەتم دەکریو دەمخوارد ئەوە نۆ رۆژ لەوێ دانیشتم، رۆژێکیان سەیارەیەك هات عائیلەی تێدابوو لەگەڵ پیرەمێردێك بیرمەرۆژێکی یەك شەممە بوو، منیش ئاوا دانیشتبووم، کێکم دەخوارد (کەریم لێرە دڵی پرە) ببورە هەقمە گریانم بۆ حاڵی خۆم بێت.

بەڵێ هەقی خۆتە، بەلام گریانیش یەکێکە لەشتە جوانەکانت.

ئا سوپاس زۆر بێزار بووم تەماشای ئەو عائیلەیەم دەکرد دەگریام، بیری ماڵەوەمانم دەکرد بیری دایکمم دەکرد، منداڵێکیان هات هەر تەماشای منی دەکرد، منیش ریشم ئەمەندە (بەدەست ئیشارەتی بستێك دەکات) درێژ بوو پرچم درێژبوو، مندالەکەی تەماشای منی دەکردو کابراش بەدوای مندالەکە لێم ورد دەبووەو لێشم دەهاتە پێشەوە، منیش کاکیلەکانم خاپببوون وەکو شێتم لێهاتبوو، کاکیلەم لەو لێدانەوە هێزییان تێدانەمابوو، دەبوایە شتێك نەرم بکەمو ووردی بکەم ئینجا بیخۆم، وەلحاڵ کابرا لێم هاتە پێشەوە، ووتی سلامون علیکم : منیش وەلامم دایەوەو سەلامیم سەندەوە ووتم وەعلیکم سلام ورحمەالله وبرکاتوا) تومەس کابرا منی بەشێت زانیبوو، سەری سورما کە ئاوا جوابیم دایەوە..!! ووتی ابنی لێش گاعد هۆن تەماشایەکی کارتۆنو مارتۆنەکانی کردوو ووتی خەڵکی کوێیت؟ وووتم خەڵکی عێراقم لێم هاتە پێشەوەو دەستی بەسەرمدا هێناو ماچێکی کردم، منیش ئەوەندە دڵم پڕبوو بە زەحمەت وەڵامیم پێدەدرایەوە، ووتی خەڵکی کوێی لەعێراق ووتم خەڵك کوردستانم ئێ ووتی: کوردستانیەکان هەموو گەرانەوە تۆ بۆ لێرەماوی؟ منیش ئەوەندی توانیم حاڵو بەسەرهاتی خۆمم بۆ باسکرد، وتی کورم هیچ خەمت نەبێت هەستە وەرە لەگەڵن، بردمیە لای خێزانەکەی ووتی ئادەی خواردن بێنن دۆڵەو خواردنێکی زۆریانکردبوو، سفرەیان راخستو هەلیانرشت لەبانی، ووتی بۆ وا ریشت درێژ بووە، ووتم والله لەسجن بوومەو حاڵو مەسەلەمەی من دورە، ووتی فەرموو بخۆ، کەمن قسەم کرد کابرا نانی پێنەخوراو ژنەکە لەولاوە هیچی پێنەخورا لەخەفەتی من، منیش زۆرم پێناخۆش بوو ووتم بریا دوای نانخواردن باسی خۆمم بۆتان بکردایە، ووتی نا کورم .. ئینجا ووتی هیچت هەیە لەو خانووە روخاوە ووتم نا تەنها جانتایەك بوو ئەویشیان لێسەندم، ووتی گوێی مەدەرێ مادام لەشت ساغە هەموو شتێك پەیدا دەبێتەوە، ووتم والله ئەوەی راستی بێت لەشیشم ساغ نیە هەمووی تێکشکاوە،شانم شکاوە لەتەعزیبی کورسی، ددانەکانم شکاون بەتەعزیب، پشتم شکاوەو ئیستا ئینزلاقم هەیە، ووتی یاللە با برۆین، ووتم : ماڵتان لەکوێیە ووتی لەجنوبە خەمت نەبێت، لەجێیەکین پرە لەعێراقی کوردیشی لێ یە،والله باوەرم پێکرد سەیارەیەکی رەنجی پێبوو پەمبە بوو، سواربووینو رۆیشتین ، کە چووینە بەردەم حەوشەکەیان چی هەرچی ئەو خەڵکەی دەرودراوسێیان هەبوو تەماشایان دەکردینو سەریان سورمابوو ئەمە چیە، بروابکە ئەوکاتە شواربم ئەمەندە( نیوبست) درێژ بوو، رەسمیم هەیە ئێستا لای کورێکی خاڵۆمە، ووتی یاللە کورم برۆ خۆت بشۆ و وەرەوە نانەکەمان دەخۆینو دوایی هەموو شتێکم بۆ باس بکە، دوای ئەوەی خۆم شۆردو تەراشمکردو نانمان خوارد هەموو شتێکم لەنوکەوە بۆ گێرایەوە، دەزانی چەند رۆژ

خەوتم ؟

**چەند ؟**

سێ ڕۆژ خەوتم ! دوای سێ ڕۆژەکە ووتم خاڵۆ گیان زۆر سوپاست دەکەم.. تێر خەوبووم..عەرەبیەکی زۆر باشم دەزانی ووتم پێی ( اشكرك خالي والله انت طلت ملائكة لحالي) ووتی: نا خوا منی بۆتۆ نارد بۆ ئەوەی ڕەزیل نەبێت. تۆش دەتوانی خراپەکارو نەفس نزم بیتو توشی چەرمە سەری نەبیت.

کابرا ناوی چیە

- ناوی حاجی عەلی
- لقبیان چیە
- لقبیان حسین حاج علی کوسەرانی.
- ئەوانەی تورکیا نا ل... ئەوەی تورکیا خراپەکارییان نەکات.

ئینجا ڕۆژێك پێم ووت حاجی ئ... دەمەوێت لێرە دەرچم بۆخۆم ... بکەم، تۆ بۆمن بویتە باوك هەت... لەبیرت ناکەم، تۆ فریشتە بوویت ب... حاجی ووتی: نا کورم ناڕۆیت ئ... بۆ دەدۆزینەوە، سێ کورم هەیە... چوارەمیانی لەبەرئەوەی دلن... لەعائیلەی شەریفی ئەگەر شەریف نەبویتایە ئاوات بەسەر نەدەهات. ئێمە ئیسلامین فەقی چیە کوردبێت عەرەب بێت؟

ووتم ئاخر دەمەوێت دەرچم لەبەر ئەوەی نامەوێت بارێکی گرانبم بەسەرتانەوە، با ئەمەندە بەس بێت کورد قسەیەکمان هەیە دەڵێین ئەوەی بەکەم پێنەزانێت بە زۆریش نازانێت.. ووتی نا کورم خۆ بەسەر پشتمەوە نیت ئەوە خانوویەکی گەورەو پڕە لە ژوور با یەکێکیان بۆ تۆبێت..کارێکیشت بۆ دەدۆزینەوە کەی ژنت ویست ژنیشت بۆ دەهێنین. من ووتمو ئەو وتی، دوایی گووتی تۆ ئەم شەویش لێرە بمێنەرەوە بەیانی دەتبەم بۆلای برادەرێکم بۆ کارکردن. ووتم باشە. بۆبەیانی ڕۆیشتین چووینە لای برادەرەکەی بەنزینخانەیان هەبوو، لەوێ پێی گووتم لێرە ئیشبکە ئەمەش محەتەی خۆمانە لەگەڵ کورەکەم شەریکە لێرەبەو بێخەم بە.

محەتەی بەنزینەخانەکە ناوی چییە؟

محتەی جنوبی پێدەڵێن ( محطة الجنوب) لەوێ کارم دەکرد لەسەرەتاوە مانگی ٢٠٠$ م وەردەگرت دوو وەرەقە، دوایی کورەکەی ووتی مادام تۆ لەماڵی باوکم بوویتو نانت لەوێ خواردووەو خەوتوویت باوکم پێی گووتووم ئەو کوری چوارەممانە مانگی ٣٠٠٠ دۆلارت دەدەمێ ، ماوەی پێنج مانگ شەش مانگ لای ئەو مامەوە، ئیتر ڕۆژێك پێم ووت من لێرە هیچم پێنیە پێی بگەڕێم هەر ڕۆژێك دێت بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم ووتی ئێباشە لێرە ڕێکخراوی ئومم متحدە هەیە بچۆ بۆ



لای ئەوان با شتێکت بۆ بکەن، ووتم چۆن دەبێت، والله معلوماتم وەرگرتوو ڕۆیشتم بۆ ئومم المتحدە وەلله لەرێگا گرتیانم، هویە ؟ هویەم پێنیە، بۆ پێت نیە ؟ حاڵو مەسەلەکەم ئاوایە من سجن بوومو بەسەیارە فرێیانداومەتە ئێرەو لە سوریا ووتویانە ئەوە وڵاتی خۆمانە بچۆ بۆئەوێ..! ووتی ناماقوڵیانکرد، ووتی سەربەچ حزبێکی ؟ ووتم سەربەحزبێکم هەتا ئێوارە بۆت باس بکەم تۆنایزانی ووتی یعنی حزب کوردی ووتم بەڵێ ووتی بۆ کوێ دەچیت ووتم بۆ بارەگای یوئێن دەچم دەمەوێت شتێکم بۆبکەن، والله ئیزنی دام ، ئیتر ئەوە بوو چووم بچمە مکتبی یوئێن، پرسیار کامە مکتەبی یوئێنە ووتیان ئەوەتا وەڵامنیش ڕۆیشتم، لەوێ داوای هوێیان لێکردم، تومەس ئەوە ئەمنی عامە بووم یوئێن لەوڵاترەوە بوو، ووتم هویەم پێنیە، چۆن هوێت پێنیە ووتم پێم نیە، ووتیان ئەوە ئەمنی عامەیەو ئەوەش یوئێنە تۆ هاتوویتە ئەمنی عامەو هویەشت پێنیە؟ وەڵا گرتمیان چۆن هاتویتو لە کوێ بوویت؟ ووتم ئاوا هاتوومو لەماڵی حاج علی بوومو ئیستاش لەگەڵ ئەوان کاردەکەم، ووتیان دەتبەین بۆ ماڵەکە ووتم باشە وەڵا چووین بۆماڵی حاج عەلی ووتیان بەڵێ لێرەیەو وەکو کوری خۆمان وایە، ئەوان بوونە کەفیلم، بەڵام شورەتەکان بەریان نەدام، بردیانمەوە بۆ سجن بەڵام لەسجن لەگەڵ یەکێکی مەسیحی تەعاروفم کرد ئەرمەنی بوو تورکیو عەرەبی باش دەزانی، پێموت پیاوەتیەکم لەگەڵ بکە نامەیەك دەنوسم بۆ یوئێن ووتی بینوسە بەسەرچاوو، وەڵانامەم نوسیو ئەو زۆر بە شەرەف بوو بردبووی بۆیان، دوای ڕۆژێك هاتن بانگیانکردم ووتیان کەریم موشیر ڕەزا ووتم بەڵێ ؟ ووتیان وەرە ئومەم متحدە (جای یقابلك) دەیەوێ مقابەلەت بکات، کەچووم ژنێك بوو بەئینگلیزی قسەی دەکرد، ووتی ئەگەر هەولت بۆ بدەین دەچیتەوە بۆ عێراق ووتم نانەخێر عێراقی چی یەکسەر دەمکوژن دەتانەوێ بەکوشتم بدەن، یەکسەر ووتیان ئۆکەی ئۆکەی، مقابلەیەکی درێژیان کردمو وەرەقەیەکیان بۆ کردم ووتیان دوای ١٥ ڕۆژی تر وەرەوە، ووتم دوای پانزە ڕۆژ چی بکەم؟ ووتیان دەگەڕێیەوە ئێرەو ددو ڕەسمی خۆشت بهێنە، ووتم ئینشاللە تەواو بووم، دوایی ووتیان دەرچۆ برۆ،ووتم ئەی وەرەقەیەکی ڕێگە پێدانم بدەنێ ووتیان دوای ١٥ ڕۆژی تر سەرمان لێبدەرەوە، والله بەریاندامو ڕۆیشتمەوە بۆ کارەکەم دوای ١٥ ڕۆژە کەنەمدەزانی چۆن بگەڕێمەوە بۆ یوئێن خواکردی ئەو ڕۆژە حەفلەو هەراوبەزم بوو لەبەیروت، هەرسەیارە بوو دید دیو هۆڕن لێدان، لە ڕێگە پێمگووت من هویەم هەڵنەگرتووە سایەقی تەکسیەکە

رەحمان خورشید محمود:

# هی وایان هەیە یەك هەفتە پێشمەرگایەتی‌و ( ١٠) ساڵیش جاشایەتی کردووە.. کەچی کەسوکاری ئەنفال دەبێت بچێت لەبەردەمی دائیرەکاندا لەوان بپارێتەوە.. ئەمەیە تاڵاوی ئەنفال

**ئەو قسانەی لەخوارە بە پێنوسی قوربانیەکی ئەنفال نوسراوە، برێکی زۆر لەراستیان تێدایە، زۆرجار کەسوکاری ئەنفال گللەیی‌و نارەزایەتیان لەوە دەربریوە کەوا جەلادو قوربانی بەتەنیشت یەکەوە لەبەرێوەبەرێتی خانەنشینیەکان موچە وەردەگرن، لەراستیدا ئەنفالستان بەنیازبوو، وێنەیەکی ئەو حاڵەتە بگرێت‌و بیخاتە بەرچاوی خوێنەران، تابیێتە پالپشتێکی تەواو بۆ قسەکانی ئەم بەرێزەش کەوا جەلادو قوربانی لەیەك بیناو لەدو پەنجەرەی جیاوازەوە بەتەنیشت یەکەوە موچە وەردەگرن..! بەڵام بەبریاری ژمارە ١٥ی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٠٧/٩/٣٠ کە وەزارەتی شەهیدو ئەنفال، لە١٣/ ٢/ ٢٠٠٨دا جێبەجێی کردووە موچەی شەهیدان‌و ئەنفالکراوان گەرایەوە بۆ بەرێوەبەرایەتیەکانی سەربەو وەزارەتەو کامێرای ئەنفالستان فریای ئەو وێنەیە نەکەوت.**

هەروەها ئەوەی کە ئەم بەرێزە پەنجەی بۆ راکێشاوەو دەڵێت: تاوانبارانی ئەنفال لەبری تاوانەکانیان موچە وەردەگرن‌و ئەنفالکراوان وەکو تاوانبارمامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەنفالستان هەمان خوێندنەوەی بەدیوێکی تردا هەیە، ئەویش ئەوەیە کەوا کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال هەتا ئەمرۆش ئەگەرچی موچە لەحکومەتی هەرێم وەردەگرن، بەڵام وەکو بلێی ئەوخەڵکە هەرتاوانبارەکانی سەروەختی رژێم بن، بۆیە دەبێت باجی ئەو سەرپێچیە بدەن‌و هەتا ئەمرۆش جەلادانی ئەنفال دوبەرانبەری قوربانیان رێیان لێدەگیرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە.

پاڵپشت بەکۆنوسی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١٥ لە ٢٠٠٧/٩/٣٠ نوسراوی وەزارەتی شەهیدان‌و ئەنفالکراوان ژمارە() لەبەرواری ٢٠٠٨/٢/١٣ بە ئیمزای وەزیری شەهیدان‌وئەنفالکراون چنارسەعد عەبداللە دەڵێت بریارماندا:

بەگواستنەوەی موچەی قوربانیانی ئەنفال کەژمارەیان (٢٣٥٣) کەسەو بەزنجیرە ١ کەناوی حسێن حسن عمرە دەست پێدەکات‌و بە زنجیرە ٢٣٥٣ عەلی ئیبراهیم ئەحمەد کۆتایی دێت.

ئێمە خەڵکی گوندی کوڵەجۆی حەمەجان، (١١٠) کەسمان بەر پەلامارەکانی ئەنفال کەوتوون، دواتر براونەتە قەڵای قورەتوو، لەوێوە بۆ تۆپزاواو نوگرەسەلمان‌و لەهەموویان تاڵاوی ئەنفالیان چەشتووە، هەتا ئێستاش باوکم‌و براگەورەکەم ئێسك‌وپروسکیان لە بیابانەکانی پارێزگای سەماوە لەلایەن شوانە عەرەبەکانەوە، بەنوکی گاڵۆك دەردەهێنرێن..! گوندەکەمان بەرلە ئەنفال لە پەنجا ماڵ زیاتر بووین، بەڵام ئێستا کە لە ملەی بانەبۆر سەر بوەیتە دیداری گوندی کولچەجۆوە هەست بەخەمباریەکی زۆر دەکەیت، کە دەبینی ئاسەواری پیاوچاکان‌و دیوەخانداران وێرانبوەو هەروە وێرانەیی دەیبینی.

لەساڵانی (٨٦- ٨٧-٨٨) رۆژانە کۆپتەرەکانی رژێم‌و تۆپبارانکردنی سوپای بەعس لەناحیەی سەرقەڵاوە خەوی لەچاوی منداڵانی ئەوگوندانە دەتۆراندو ژیانی لێکردبوونە ژەهرە مار، ئەوسەیارەو تراکتۆرانەی هەمان بوو بۆپێداویستیەکانی خۆمان رۆژانە هاتووچۆی شارمان پێدەکرد، لەلایەن کۆپتەرەکانی رژێمەوە دەدرانە بەر گوللەو دەسوتێنران‌و زەرەرمەند دەبوون، یەکێك لەو کەسانە باوکی خۆم بوو کە کۆپتەردای لەسەیارەکەی



سوتاندی‌و خۆشی بەسەختی بریندار‌بوو.

لەئەنجامی تۆپبارانی تۆپخانەی سەربازگەکەی سەرقەڵاوە گوندەکان زەرەری زۆریان بەرکەوت، شەوێکی درەنگ لەتۆپبارانی گوندەکەماندا تۆپێك دای لەماڵی مام رۆستەم‌و خێزانەکەی‌و کورێك‌و کچێکی لەشیرینی خەودا هەڵنەستانەوەو لەم خەوەوە رەوانەی خەوی هەتاهەتایی کردن‌و شەهیدیانی کرد، ئاخریەکەی چەرخی چەپ گەرد بەوەشەوە رانەوەستاو بەر پەلامارەکانی ئەنفالیش کەوتین، رۆژانی ئەنفالی سێ بوونە رۆژی حەشر لەگەرمیان بەتایبەتی رۆژی ٤/١٤/ ١٩٨٨ بوە رۆژی حەشری گەرمیان، رژێمی بەعسی فاشست لەگەڵ جاشەخۆفرۆشەکانی دەڤەری گەرمیان‌و بەپاڵپشتی تۆپوتەیارە

پەلاماری گەرمییانیاداو هەرچی بەردەستیان دەکەوت، دەیانپێچایەوەو خانوەکانیان لەگەڵ زەوی تەخت دەکرد، تارۆژێك سەرەگەیشتە سەرئێمەو رویانکردە گوندەکانی لای ملەسورەو کۆڵەجۆو خەڵکی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە وەکو ئاسکی سەرلێشێواو سەریان لێشێوا بوو، بە جۆرێك وەزعەکە شڵەژابوو دایك نەیدەپەرژایا سەرئەولادی خۆی، لەو هەموو خەفەتەش کەمن وەچاوی خۆم دیم هەروا لەخوار گوندەکەی ئێمەوە لەناو کێڵگەیەکی گەنمدا بینیم منداڵێکی تەمەن چوارتا پێنج ساڵ کەکورێك بوو لەگەڵ کچێکی تر کەتەمەنی هەروا ٣ ساڵ دەبوو، لەناو گەنمەکەدا باوەشیان کردبووە یەکداو مردبوون، کە ئەومنداڵانەم بینی بەو شێوەیە گیانیان لەدەستدابوو نەشم دەزانی کێ خاوەنیانەو دایکوباوکیان کێیەو خۆیان چییان بەسەرهاتووە، زۆرخەفەتم خوارد، بەڵام وەخەفەت چی دەکرێ؟! ناچار هەرئەوەندەم لەدەستهات برێك گژوگیاو گەنمم کردە بان تەرمەکانیان.

ئەوا کۆپتەریش وەبانەوە دەسورێتەوە ناچار لەترسی کۆپتەرەکان لەناو گەنمەکەدا خۆم شاردەوە، دایکم‌و باوکم‌و براکانیشم بەرەو گوندی ملەسورە رۆیشتبوون کاتێ کە منیش گەیشتمە ملەسورە، زانیم کەسوکارەکەی من لەوێ نەماون، ئیتر وەهەناسە ساردی لەگەڵ دو ئامۆزای ترمدا بەشەو لەجادەی قیر پەرینەوە بۆ جەوەڵی دێبنە ٦ رۆژ ئێمە پێڵاوەکانمان هەرلە پێدابوو، ئاوی قوراوی شوێن دەمە شۆفڵەکانمان دەخواردەوە، ئینجا شەوێك دابەزین بۆ گردە گۆزینە ئەوسا ئەوگوندە مابوو هەر نەروخا، چوین بۆماڵ خاڵۆیەکمان لەوێ خۆمان شاردەوە، ئێمە بەوحاڵە بەهۆی ماڵ خاڵۆم رزگارمان بوو، کەچی چەند خۆفرۆشێك لەوسەروەختە ناسکەدا وەدوامانداا دەگەڕان.

بەڵام حەیف:

ئێمە وەکو کەسوکاری ئەنفال ڕەخنەو گللەیی زۆرمان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، کە بەپێی پێویست بەدەنگمانەوە نەهاتووە، لەهەمووشتێك ناخۆشتر ئەوەیە لەکاتی، کاتێك مانگانە دەچین بۆ موچە وەرگرتن، بەچاو خۆمان لەبەردەرگای خانەنشینی ئەو کەسانە دەبینین کەبەدوامانداا دەگەڕان‌و ئێستاش هاتوون بۆ موچە وەرگرتن..!! بەخوا رۆژگار وا بڕوا دەبینین عەلی حەسەن مەجیدیش بەپلەیەکی باش خانەنشین بکرێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەی تاوانیانکرد لەئەنفالدا ئێستا بەخزمەت بۆیان حسابکراوە. کەسوکاری ئەنفالیش بەتاوان بۆیان حساب بکرێت.

نازانم چیتان لەبارەی نەمانی کەسوکاری خۆم‌و برای جوان‌و ماڵوێرانی‌و قوڕبەسەری خۆمانتان بۆ بگێڕمەوە؟ حەز دەکەم برێکی کەم باسی ئازارو ئەشکەنجەی زیندانیەکانی نوگرە سەلمانیش بکەم، هەرچەندە ئازارەکان ئەوەندە زۆرن هیچ کاتێك بەباسکردن کۆتاییان نایات، بۆنمونە خێزانەکانی ئێمە " خەڵکی گوندەکانی کوڵەجۆ، ملەسورە، قەڵاقوچانی، تەپەسەوزو سماق‌و ئەو دەوروبەرە، رژێمی بەعس بەهەموو ماڵ‌وملکیانەوە دەستی بەسەرداگرتن‌و زۆربەی گیراوەکانیش هەتا ئیستا بێسەروشوێنن، هەموو زانیاریمان لەسەر ئەو خەڵکە ئەوەندەیە بران بۆ قەڵای قۆرەتوو بۆماوەی دورۆژ هێشتنەوەیان لەوێ ئینجا براون بۆ بۆ دبس‌و تۆپزاواو لەوێوەگەنجەکانیان جیاکردووەتەوەو دوو دوو دەستیان بەستراوەتەوەو بەرەو بیابانەکانی عەرعەرو سەماوەیانبردون‌و ئیتر نازانرێ ئیزرائیلەکانی بەعس چۆن چۆنی لەناویانبردون؟ پیرەکانیشیان بە پاصی مقیەت ناردووە بۆنوگرەسەلمان. شایانی باسە ئامۆزایەکی خۆم بەبریندااری لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان رزگاری بووەو ماڵە عەرەبێکی بەدەوی پەنای داوەو رزگاری بووە.

ئەوەی لەنوگرە سەلمانیش بەپیری‌و شەکەتی گەڕایەوە ناومان باسی ئیزرائیلێکی تری عەرەب بەناوی "حەجاج" دەکەن، وەکو دەگێڕنەوەو دەڵێن یاخوا ئەوەی بەسەر ئەو خەڵکە هاتووە بەسەرهیچ میللەت‌وکەسێکی تردا نەیات، خواردن رۆژی سێ سەمونی رەق‌و بچکۆلەو کەمێك ئاوی سوێر، جگەلەوە لەسەرەمەرگیشدا قومێك ئاویان نەداوەتە کەس، من خێزانەکەی خۆمان لەوێ بوون‌و شاهیدی دەدەن کە بینیویانە چەندین منداڵ لەبرسا پوشیان خواردووە یان مردوون، هەروەها بینیویانە کە حەجاج لەسەرلی گەرم بەپۆستاڵ چوەتە سەرپشتیان‌و ئازاری داون، رۆژانە تەرمی دەیان کەسی مردوو هەربەجلوبەرگی چلکنی ناو زیندانەوە براونەتە دەرەوەو کەمێك لمیان بەسەرداکردوون‌و دواتر سەگەرەشەکانی دەوری قەڵای نوگرە سەلمان دەریانهێناونەتەوەو خواردوویان. لەوکەسانەی سەگە رەش دەمی پیانگەیشتووەو خواردوونی چەندین خزمی خۆمیان تێدایە، وەکو ( محمد عبدالكريم، فەرەج عەزیز)و دەیانکەسی تر لەخزم‌و کەسوکاری خۆم لەنگرە سەلمان مردن.

بەراستی جیگای داخە... بەداخەوە.. لەبەرپرسان، بەتایبەتی ئەوانەی لای خۆمان کە هی وایان هەیە یەك هەفتە پێشمەرگایەتی‌و ١٠ساليش جاشایاتی کردووە، کەچی ئێستا باشترین موچەی هەیەو زەوی باشیشی وەرگرتووە، نەك خۆی کورەکانیشی پلەوپایەی باشیان هەیە، ئەوەش حاڵ کەسوکاری ئەنفالە ئەوەی بەسەر خەڵکی ئەنفالدا هاتووە دەیان خێزانی ئەنفالی بێخاوەنمان هەیە هیچ کەس نیە ئاوڕی لێبداتەوە، یان کەسوکاری ئەنفال دەبێت بچێت لەبەردەمی دائیرەکاندا لەوان بپارێتەوە.. ئەوانیش بەلالوتێکەوە وەڵامیان بدەنەوە..؟!! ئەمەیە تاڵاوی ئەنفال زۆرم لەدڵدایە بۆتانی باس بکەم بەڵام سودی چییە؟! قسەکردن لەسەر ئەنفال‌و حاڵی کەسوکاریان وەکو ئاو لەدنگ‌وميل کوتان وایە

## چاوەڕوان عومەر:
# منیش لەچاوەڕوانی باوکمدا ناونرام چاوەڕوان

ئامادەکردنی| ئەنفالستان

ڕۆژێك بەرێكەوت توشم بوو بە چاوەڕوانەوە، دوای ئەوەی زانیم کە لە چاوەڕوانی باوکیدا ناونراوە چاوەڕوان، داوام لێکرد دیدارێك سازبدەین بۆ ئەم ژمارەیەی ئەنفالستان، ئەویش بەخۆشحالیەوە ڕەزامەندی دەربڕیو ئەم دیدارەی لێکەوتەوە، دواجار کەلێم پرسی کەسی تر دەناسیت وەکو خۆت ناوی چاوەڕوان بێتو لە چاوەڕوانی کەسێکی خۆشەویستی ئەنفالکراویدا ناونرابێ چاوە ڕوان، ووتی بەڵێ کچێك دەناسم خەڵکی قەیتولە لەشۆڕش دراوسێمان بوو، ئەویش هەر لەچاوەڕوانی باوکیدا ناونراوە چاوە ڕوان.. لەراستیدا ئەو چاوەڕوانەی ئەم چاوەڕوان باسی دەکات لە ژمارەی سێی ئەم ئەنفالستانەدا لەگوندی قەیتول قسەمان لەگەڵکردو هەمان ئەوخەمانەباس دەكات كە ئەم چاوەڕوان بۆتان باس دەكات.

خەڵکی ناوچەی قادرکەرەمین، ئێستا لە ئۆردوگای شۆڕش نیشتەجێین، لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالدا ماڵان لەگوندی گەڕاوی قادر کەرەم بووە، لەرۆژی ١٩٨٨/٦/٢٠ لە شاری کفری لە دایك بووم، من ئەوکاتە تەمەنم هەروا دومانگان بووە، کەئەنفال هاتووەتە سەر ناوچەکەمانو باوکم ئەنفالکراوە، ئیتر لە چاوەڕوانی باوکمدا دایکم ناوی ناووم چاوەڕوان، وا هەست دەكەم هەتا ماوم هەردەبێت چاوەڕوان بمو چاوەڕوانی خۆشی بكەم، تازە باوەڕیشناکەم پێی بگەم، هەرچەندە من باوکی خۆمم نەدیوە، وەکو وتم منداڵ بووم، بەڵام بۆم دەگێڕنەوەو دەڵێن: باوکت پێشمەرگەی یەکێتی بووەو کادری ئەوان بووە، هەروەها باوام (باپیرە) بەکشتوکاڵەوە خەریك بووەو مامێکیشم فیتەربووە، ئیترلەوئەنفالەگڵاوەدا بە ناهەق گیراون، واتە باوکمو مامو پورم بەچوارمنداڵەوە، ئەنفالكرانو نەگەڕانەوە.

ئەگەر باسی تاڵیو سوێری ژیانی خۆمت بۆبکەم هەر تەواونابێت، لەدوای ئەنفالكردنی باوکمەوە ژیانێکی زۆر ڕەزالەتمان هەبوو، ئێستاش لەوسا خراپترین، تەنها ترسی گرتنەکەمان لەسەرنەماوە، ئەگینا کەی ئەوە ژیان ئێمەی تێداین، من گەنجێکم زۆر حەزم لەخوێندنەوەیەوپارەی کتێبو ڕۆژنامە کڕینم نیە.

لەدوای ئەنفالیش لەترسی ئەوەی دایکمو ئەوانی تریشمان نەگیرێن، هەر خەریکی خۆشاردنەوە بوون، لەکفری ڕۆیشتوون بۆ شۆڕشولەوێوە بۆکەرکوكو جارێکی تر بۆ کفریو ئێستاش والە شۆڕش دەژین، دایكم هەموو جارێ بۆی دەگێڕاینەوە کەوا هیچمان نەبووە، خەڵك خێری پێکردووینو بەرەزالەت ژیانمان بەسەربردووە، هەموو ئەرکیشمان هەرلەسەر شانی ئەو بووە، خێزانەکەشمان پێکهاتبووین لە( كوردستان، هێرۆ ،نەژاد، خۆم چاوەڕوان) كوردستان وەرەمیچك لەسەریدایەو نەخۆش بووە، ئێستاش هەروایە، دایكم خەریكی كاركردنو دارکێشان بووە بەکرێ، ئەمە بۆئەوەی ئێمەی پێبژێنێ، ئەوکاتە من تەمەنم گەیشتووەتە ساڵێك، دایكم بە هەناسەساردیو ڕەزالەت سەرۆکاری ژیانمانی کردووە، ئیتر بەگەرمای هاوینو سەرمای زستان ئەوە حاڵی دایكم بووەو ئێمەش منداڵ بووین، لەو کاتە دژوارەدا بووە کە خزمان دایکمیان داوەتەوە بەشوو، هەرچەندە پێم ناخۆشنیە دایکم شووی كردووەتەوە بگرە پێشمخۆشەو بەقەد هەموودنیا خۆشم دەوێ، براو خوشکەکانم ئەوانەی لەدایکمنو لەباوکم نین زۆرم خۆش دەون، بەڵام ئەوەش بۆخۆی کۆستێکی تربووە بۆ ئێمە، بەوحاڵەوە چومەتە قوتابخانە لەسەرەتاوە بە گوێگر چوومە بەرخوێندن، بەسوپاسێکی زۆرەوە پورزاکەم (ناوەکەی ؟؟؟؟ ) دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردووم، هاوکاری زۆری کردووم، لەسەرەتاوە هەتا پۆلی شەشی سەرەتایش لە خوێندن خراپ بووم، لەناوەندی باشتر بوومو ئێستاش وا لەقۆناغی ئامادەیم، لە پشووی هاویندا کاردەکەمو لە وەرزی خوێندندا دەخوێنم، ئێستاش کە خوێندکارم لە ئامادەیی نازانم چۆن ئیدامە بەخوێندن بدەم؟ ئەگەرچی تووشی هەرچی بم واز لەخوێندنەکەم ناهێنم، سوپاس بۆ عەزمم بە قوەتە لەم بارەیەوە. دەمەوێ بخوێنمو تۆڵەی ئەنفالەکان بکەمەوە، بەڵام تۆڵە سەندنەوەیەکی ئاشتیانە، مەبەستم ئەوەیە بەقەڵەم نەك بەتفەنگ، بەیاسایەك کە ڕێز لەمرۆڤ بگرێت، لەگەڵ هیچ توندوتیژیو خوێنرشتنێك نیم، نەك بەیاسایەك کە کێشەی


چاوەڕوان عومەر

تاوانبارو تاوانلێکراو ئەنفالچیو ئەنفالکراو ی پێ چارەسەر نەگریو ئەنفالچی لەلای بەرێزتر بێت لە ئەنفالکراو ئەمە زولەو هیچی لەئەنفال کەمترنیە. ئەوەتا خۆت باش دەزانی قوربانیانی ئەنفال واخەریکە وێران دەبن، بەدەست گورگەکانی ئەنفالەوە ، بە ئومیدی ئـەوەم ئـەو کوری ئەنفالکراوەکان کـەوا لە زانکۆن ، نەفەوتینو پێبگەن.

من تێناگەم ئەم حکومەتە بۆ وا لەکەسوکاری ئەنفال دەکات، ئەنفالەکان رۆیشتن بۆ بەهەشت، بەڵام دۆزەخیان بۆ ئێمە بەجێهێشت، ئاخر کە تۆژیانت هەبوو بیرت فراوان دەبێت، کەسوکاری ئەنفال ژیانیان خۆش دەوێـت، نیشتمانیان خۆش دەوێت، ئیتر تاکەی بەدەردی ئەنفالەوە دەمـانـکوژن؟ مـن ژیـانم خـۆش دەوێ بـەڵام ئەوانەی بازرگانی بەسەر ئەنفالەوە دەکەن هـەمـوو شتێکی ژیانیان لێناشرینکردووم، خۆشت باش دەزانی زۆرن ئەوانەی پشتگیری لەئەنفالچیو کاربەدەستان دەکـەنو ئەگەر هەمووومان بمرین لەبرسان بەخەیالیاندانایات، من کە کوری ئەنفالکراوێکم ئێستا تەمەنم ٢٠ ساڵە دەتوانم زۆرشت بکەمو خزمەتی باشیش بکەم، بەڵام چی بکەم ئەگەر دەسـەڵات رێگر بێت لـەبـەردەمـم؟ چـی بکەم کـە دەسـەڵات هاوکارم نەبێت؟ خۆ هەرمن نیم هەمووومان ئەوانەی قوربانی ئەنفالین هەروایـن.

ئاخر بـرا ناهەقم مەگرە کاتێك کەژنێکی رەشـپـۆش دەبـیـنـم خـەریـکە گـردەگـرم، لە شـوێـنـێـکـیش دەژیــم هــەمــووی هــەر ژنـی رەشپۆشە بۆیە دەتوانم بڵێم هەمیشە گرێك لەناخمدایەو دەمسوتێنێ، هەست دەکەم هەتا ئیستا ئەوا ٢٠ ساڵە ئەنفا کاری نەگریسانەی خۆی دەکاو بەناخماندا دەچێتە خوارەوە. ئێمە هەمووومان لەخەمێکدا هاوبەشین، هەمووومان چاوەروانین، چاوەروانی چی؟ ئیتر چاوەروانی هـاتـنـەوەی بـاوکو بـراوادیـکو خوشکە ئەنفالکراوەکانمان ناکەین، چاوەروانی ژیانێك دەکـەیـن لایـەقی ئینسان بێـت، چـاوەروانـی تەرمی ئەنفالکراوەکانمان دەکەین، چاوەروانی مافێك دەکەین کە بۆمان بگەرێتەوە، چونکە هـەمـوومـان وەکـو یـەك بـەئـاگری ئەنفال سوتاوین، پێویستمان بە دەرمانێکە دەردی هەمووومان چارەسەر بکاتە.

## ئاوێزان فازل قادر:

# ئەگەر داشم نەمەزرێنن ئامادەم هەربە خۆبەخش درێژە بەکارەکانم بدەم

باوکی لۆڤان

**هەموو بەیانیەك کاتژمێر ٨:٣٠ لەفەرمانگەئامادەیەو ٢:٣٠ وەکو کارمەندەکانی تر دەگەرێتەوە بۆماڵەوە، بەیانیان لەکاتی هاتنیداو دوانیوەروانیش وەکوکارمەندێکی جدی ئیمزای هاتنو رۆیشتن دەکات.**

ئـاوێــزان فــازل کـارمـەنـدێـکـی خۆبەخشی بەرێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوانە، لەساڵی ١٩٨٣ لە شاری سلێمانی لەدایکبووەو قۆناغی ناوەندی تەواوکردووە، لە ٢٠٠٦/١/١٦ ، بەعەقد لەبەشی پەروەدەی شەهیدانو ئەنفالکراوان دامەزراوەو دەستبەکاربووە، دواتریش کەگرێبەستەکەی هەڵوەشاوەتەوەو کارەکەی تـەواو بـووە، هەتا ئێستاش لـەو فەرمانگەیەو لەهەمان بەش "بەخۆبەخش" وبێ موچە کاردەکات.

ئـاوێـزان لــەرۆژی دامــەزرانـدنـیــەوە هەتا ئەمرۆ هـەر هـەوڵ دەدات دامەزراندنەکەی بەفەرمی بناسرێو وەکـو هەرکارمەندێکی ئـاسـایـی لـەبـەرێـوەبـەرایـەتـی شـەهـیـدانو ئەنفالکراوان کاربکات، بەڵام هەوڵەکانی بێئاکام ماونەتەوە..!! دوای ئـەوەی لێپرسی ئەگەر هەر دانەمەزرایت؟ چی دەکەیت، لەوەڵامدا وتی: ئەگەر داشنەمەزرێم هەربەخۆبەخش کـاردەکـەم،خـۆ هەرهیچ نەبێت دەمـەوێـت ویژدانی خۆم بەرانبەر شەهیدانو ئەنفالکراوان ئاسودەبکەم.

شـایـانـی بـاسـە ئـاوێــزان خــێــزانـدارەو هاوسەرەکەشی فەرمانبەری بەرێوەبەرایەتی گشتی دابـەشـکـردنـی کـارەبـایـە، بـەووتـەی ئاوێزان هاوسەرەکەی هاندەروپشتیوانێتی بۆئەوەی هەربەخۆبەخشی لەو فەرمانگەیە بمێنێتەوە، هەرچەندە تا ئێستا چەندینجار بەڵێنیان پـێـداوە دایبمەزرێنن، بـەڵام هەر بـەڵـێـن بـوونو هیچی تر !.. هـەر لەبارەی دانەمەزراندنی ئاوێزانەوە، مامۆستا کامەران حـاجـی عـەلـی یـاریـدە دەری بـەرێـوەبـەری گشتی شەیدانو ئەنفالکراوان، ووتی: ئاوێزان تاکە کەسە لەلامان بەخۆبەخش کاردەکات ، هەر بە راستی خۆبەخشە، هەقوابوو ناوی



خۆبەخش بووایە، هەوڵێکی زۆرماندا بەفەرمی دابمەزرێ، بەراستی زۆریش پێویستمان پێیەتی بـەڵام بـەداخـەوە هیچمان بۆ نـەکـرا، ئینجا ووتـی: کەسی ئاوا هەقی خۆیەتی دابـمـەزرێ، ئەگەر وەکو رێزگرتنێکیش بوایە لەهەستی خۆبەخشانەی. ئەو کارمەندە..

هەرلەبارەی ئەم مرۆڤەخۆبەخشەوە، کارزان محمود سابیر کارمەندێکی چالاکی بەشی ئەنفالە، ووتـی: ئەو ژنە زۆر جدی یە، کاتی خۆی زۆر هاوکاری ئەم بەشەی ئێمەی کرد، یەکێك لەو کارە جدیانەی ئەنجامیدابۆمان داخڵکردنی ( ١٣٠٠ ) فۆرمی زەوی بوو بەناوی سیانیانەوە بۆ کۆمپیوتەر ئێستاش ئەو کارە سوودی گەورەی بۆ بەشەکەمان هەیە.

سەیر لـەوەدایە ئاوێزان وێـرای ئـەوەی هیچ مـوچـەو پاداشتـێـك لـەبـەرانـبـەر کـارەکـەی وەرناگرێت، زۆر بەجدی پابەندە بە هەموو یاساو رێسایەکی ئەو فەرمانگەیەوە، ئەگەر کارێکی هەبێتو پێویستی بەوە بێت بچێتە دەرەوەی فەرمانگەکەی وەکو فەرمانبەرێکی ملتزم دەچێتە لای بەرێوەبەری بەشەکەیو مۆڵەت وەردەگرێت، یان بۆماوەیەکی دیاری کـراو داوای یارمەتیو رێگە پێدانی چوونە دەرەوە دەکات.

# هەناسەی گوندی عەسکەر بۆنی ئەنفالی لێدێت

ئامادەکردنی | ئەنفالستان

ڕۆژی ١٨ی ئازاری ٢٠٠٨ لەگەڵ تیمێکی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت، سەردانی گوندی عەسکەربکەم، بەیانیەکی زوولەسلێمانیەوە بەرەو هەردوو گوند بەرێکەوتین،ئامانج لەسەردانەکەیان ئەوەبوو کەبەپێی توانا بتوانن هاوکاریان بکەن، جگە لەمن هیچ ئەندامێکی تری تیمەکە شارەزای ناوچەکەو دابونەریتی خەڵکەکەی نەبوون، ئەوەی لەهەگبەدا بوو دەستو دیاریەکی زۆر بچوک بوو لەچاو وێرانکردنو ئەو هەموو مەینەتیەی کەبەسەر ئەم جووتەگوندەدا هاتووە،لەپەلاماری ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨دا.

گۆپتەپەو عەسکەر پێکەوە لەبەرواری ٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن دوو پۆل فرۆکەی جەنگیەوە بەرپەلاماری چەکی کیمیاوی کەوتنو خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی، بەشێوەیەک تەنها لە گوندی گۆپتەپە نزیکەی ١٥٠ کەسو لە گوندی عەسکەریش ٢٠ کەس ئەو ئێوارەیە بەکۆمەڵ گیانیان لەدەستدا، دوو ڕۆژ دوای ئەم کۆمەڵکوژیەش هێرشی ئەنفال بەپێشرەوی و چاوساغی جاشە کوردەکانو بەپێشەوایەتی هەردوو گەورە تاوانبار (سوڵتان هاشمو نزارعەبدالکەریم خەزرەجی) گەیشتە سەریانو لەو پەلامارەشدا خەڵکێکی زۆری مەدەنی ئەنفالکرانو زۆریان هەتا ئێستا کە ٢٠ ساڵ بەسەر تاوانەکەدا تێدەپەڕێ بێ سەروشوێنن.

لەدوای جەنگی ساردەوە بۆ یەکەمجار بووە کەچوار ئەندام لەپێنج ئەندامە هەمیشەیەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەویلایەتەیەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەتیشەوە لەبەرەیەکدا کۆببنەوە بۆ پشتگیری کردن لەعێراق، ئەمەش لەسۆنگەی جەنگی ئێران- عێراقەوە بوو کەهەموویان لە پێناوی بەرژەوەندی ئابوری خۆیان پشتگیریان لەعێراق دەکردوو هاوسەنگی جەنگە وێرانکاریەکەیان ڕادە گرت، کەچی بەرژەوەندی ئەوان تاوانی نیودەوڵەتیو تراژیدیای لێکەوتەوە ئەمەش، هەربەتەنها هاوسەنگی جەنگەکەی ڕانەگرت، بەڵکو بووە هۆی کیمیابارانکردنی گوندەکانی کوردستانو شاری هەڵەبجەو سەرکەوتنی پەلامارەکانی ئەنفالو جینۆسایدکردنی بەشێك لەگەلی کوردستان، هۆکارەکەشی چاونوقاندن بوو لەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کەسەرەتا لەگازی فرمێسك ڕێژەوە لەجەنگی نێوان عێراقو ئێراندا دەستی پێکردو دواتر بۆ خەردەلو پاشان بۆ دەمارە گاز وچەندین جۆری تر زیادە ڕۆیانکردو لەدژی خەڵکی مەدەنیش بەکارهاتو لە کوردستان تاوانی نیودەوڵەتی لێکەوتەوە، جگەلەشاری هەڵەبجە کەدواتر بووە سەردێری ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان ٦٠ پەلاماری تری گازی کیمیاوی لەکوردستانو لەدژی خەڵکی مەدەنی پیادەکرانو کۆمەڵکوژی گەورە، کە دوو لەو پەلامارە کیمیاویانە بۆسەر جوتە گوندی جیرانی یەکتری ناوچەی قەڵاسێوکە ( عەسکەرو گۆپتەپە) بوون.

ئەمساڵ ٢٠ ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالدا تێدەپەڕێ کەچی ئاسەواری وێرانکاری ئەو پەلامارانە هەتا ئەمرۆ بەزەقی بەکوردستانەوە دیارە، ناوچەی قەڵاسێوکە کە بەشێوەیەکی درندانە بەرپەلاماری ئەنفالی چوارکەوت، زەرەرێکی ماڵو مرۆیی زۆر بەر ئەم ناوچەیەکەوت، بەتایبەتی هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەر بوونە نمونەی وێرانکاری، کەچی هێشتا وەکو پێویست هەناسەیان بۆنەگەڕاوەتەوە، ئەگەر گۆپتەپە لەژێر هەندێك ئیعتباری سیاسیو حزبیدا ئاورێکی لێدرابێتەوە، ئەواگوندی عەسکەر هێشتا بۆنی مەرگی







لێدێتو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەتەواوی پشتگوێی خستووە، عەسکەر بەر لەپەلامارەکانی ئەنفال گوندێکی (١٠٠) ماڵی بوون،لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش چەندین لاوی بوونە پێشمەرگەو دواجار چەند سەرکردەیەکی سیاسیو سەربازی دیارو بەرچاویان لێهەڵکەوت وێرای ئەوەی کەچەندین ڕۆڵەی بەخشیوەو خەڵکێکی زۆری بوونە قوربانی کە تەنها لەپەلامارەکانی ئەنفالدا ١٨٨کەسی بێسەروشوێنن‌و ٣٦ کەسیشیان شەهیدی سەنگەرو کیمیابارانن ، کەچی هەتا ئەمرۆ گوندی عەسکەر لەهەموو ڕوویەکەوە لەژیان بێبەشە، بەڕادەیەك دەتوانین بڵێین هیچ سەروسیمایەکی ژیانی پێوە نیە.

ژنان لێرە وێرای خەمی براومێردو کەسوکارە ئەنفالکراوەکانیان، وێرای ماڵداریو ئەرکی گرانی ژیانی لادێ،بەزەحمەتێکی زۆر ژیان دەگوزەرێنن، ئەو ڕۆژەی ئێمە چووینە سەردانی گوندی عەسکەر، بەکۆمەڵ لەسەر سەکۆ کۆنکرێتیەکەی مزگەوت خەریکی پاککردنەوەی ڕایەخی ماڵەکانیان‌و جل‌وبەرگ شۆرین بوون.

مندالان هێشتا لەکۆڵان‌و لەناو کەلاوە ڕوخاوەکانی سەردەمی ئەنفالدا یاریاندەکردو لەهەموو پێداویستیەکی منداڵانە بێبەشن، لاوانی ئەم گوندە کە کیمیاباران‌و ئەنفالکراوە، خەمێکی ترن، زیادە ڕۆیی نیە ئەگەر بڵێم بەمحرومترین لاوانی ئەم وڵاتە هاتنەبەرچاوم، نزیکەی ٤٠ کوڕی

گەنجی ڕوح سوك سەریان ناوە بەیەکەوەو، هەموو خەونیان دروستکردنی یاریگایەکی هاکەزاییە، کە کارێکی زۆر سادەو ساکارەو تەنها بە(٢) کاتژمێر کارکردنی شۆفڵ‌و گرێدەرێك خەونەکەیان دێتە دی؟!! چونکە زۆر ئاڵودەی یاری تۆپانن، کەچی ئەمە لەلای حکومەتی هەرێم بووەتە کارێکی مەحاڵ‌و



گوندی عەسکەر

ئاوریان لێناداتەوە، هەتا ئەو کاتەی ئێمە چووین بۆگوندی عەسکەر ئەو لاوانەی بڕیارە ئەوەی دوا ڕۆژبن، شوێنێکیان نەبوو یاری تێدابکەن،

هەرکامێکیانت بدواندایە گورزی ئەنفال ناخی وێران کردبوو، پشتیوانی عبداله کەدارشەقێکی پێبوو کوڕێکی گەنجی دێی عەسکەربوو هاتە قسەو ووتی : من ١٧ کەس لەکەسوکارەکەم ئەنفالکراون‌و هەتا ئێستاش بێسەرو شوێنن. ئەوەش کەلاوە ڕوخاوەکانی گوندی عەسکەرە.. ببینەو بۆخۆت حوکم بدە.

کاتێك ئەوپیرەژنانەی گوندی عەسەکەر دەبینی ئەگەر مرۆڤەکەی ناو ویژدانت، بەخەبەربێت، بێئەوەی هیچ تاوانێکت لەئەنفالکردنی کورەکانیاندا هەبێت، سەر زەنشتت دەکاتو پێت دەڵێت تاکەی لەم

زوڵە بێدەنگ دەبێت؟ نازانم ئەوانەی بەشداری تاوانی ئەنفالیانکردو ئەمرۆ بەرپرسی پایەبەرزن لەم وڵاتە ئەنفالکراوەدا، چۆن ڕوویاندێت ئەم مرۆڤە کۆست کەوتوانە ببینن‌و درێژەش بەژیان بدەن؟! لەسیمای هەر پیرەژنێکی ئەم گوندەدا خەمێکی قوڵ دەخوێنیتەوە، دەبینی چۆن چاوەڕوانی هەلاهەلای کردووە..

ئەوەی ماوەتەوە لەبارەی گوندی عەسکەرەوە بیلێین خەمساردیو پشتگوێ خستنی خەڵکەکەیەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە..! کە هەرگیز قابیلی پاساو نیە، چونکە کیمیابارانکردنی ئەم گوندە تەنها بەهۆی کوردبوونیانەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی تەحەداو تێکۆشانێکی بێوینەوە بووە، هەر بۆیەشە خودی سولتان هاشم قائیدی فەیلەقی یەکی ئەوساو و نزار عەبدولکریم خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، خۆیان سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی لێدان‌و ئەنفالکردنی هەردوگوندەکەیان کرد، چونکە ئامانج لەئەنفالکردن‌و لێدانی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر، بەچەکی کۆکوژ ڕون‌و ئاشکرایە، کەدەشێت جێگەی پرسیار بێت بۆچی پێکەوە بوونە ئامانجی بەعس؟ نیازی خەزرەجی ڕون‌وئاشکرابوو کە سرینەوەو لەڕیشە هەڵکێشانیان بوو، نەك تەمبێ کردن. هۆکارەکەشی ئەوەبوو، کەبەعس دەمێك بوو لێوی لەم جووتە گوندە دەکرۆشتو لەدووای هەل‌ودەرفەت دەگەڕا بۆئەوەی بەم دەردەیان بەرێت، چونکەهەردو گوند بەتایبەتی عەسکەر وێرای ئەوەی زۆر لەلاوەکانی

پێشمەرگەبوون، هەر لەسەردەمی مەفرەزە سەرەتاییەکانی هێزی پێشمەرگەشەوە شوێنی حەوانەوەیان بوو، ئەمە بێجگە لەوەی زێدی چەندین سەرکردەی سیاسیو عەسکەریش بوو.

پشتگوێ خستنی بەم شێوەیەی ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتی کوردیەوە بەڵگەیەکی ڕونو ئاشکرای بێوەفاییو هەستنەکردنە بەئەرکە ئەخلاقیەکانی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە.. کاتێك دەچیتە ناو ئەو خەڵکە میواندۆستەوە کەهێشتا خانووەکانیان دیوارێکی ڕێکوپێکی نیەو لەناو داروپەردوی خانوە روخاوەکانی پێشویاندا دروستیان کردووەتەوە، وەکو مرۆڤی ئیفلیج بەلارولەوێری وەستاون، کاتێك بیرەوەری ژیانو تێکۆشانی خوێنگەرمانەی پێشووی ئەو هەموو گەنجەی لەم گوندەدابوونو ئێستا کەسیان لەژیاندانەماون، دێتەپێشەوەو بەناچاری یەخەت دەگرێ، دەزانی کەبەرپرسانی ئەم وڵاتەچەندە بەسوك تەماشای قوربانیانی ئەنفالو خوێنو خەباتی رابوردووی خۆیانو خەڵکانی تر دەکەن، بەتایبەتی ئەوپێشمەرگانەی کەبەفیداکاریو مەردایەتیو گیانبەخشیانە لەم گوندەدا هەبوونو ئێستا نە خۆیانماونو نەگۆڕیان.

## بەڵگە لەسەرچارەنوسی ئەنفالکراوەکانی ئەنفالی چوار

نوسراوی ژمارە (١٨٠٧) فەرماندەیی فەیلەقی یەك بۆ سەرۆکایەتی سوپا لەبەرواری ١٩٨٨/٥/٧ بە ئیمزای سولتان هاشم دەڵێت: ( پشتیوان بەخواو عەزمی مقاتلە پالەوانەکانی عێراق عملیاتی ئەنفالی چواریان جێبەجێکرد، کە ژمارەیەکی زۆریان لێکۆژراوەو ژمارەیەکیان بەدیل گیراوەو ژمارەیەکیشیان خۆیان داوەتە دەست هێزەکانمانەوەو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ژنومنداڵ ، بەردەوامین لەپشکنینی دۆڵو دارستانەکانو سوتاندنو روخاندنو وێرانکردنی گوندەکانیان لەئەنفالی چواردا.

بەهەمان شێوەو هەر لەبارەی ئەنفالی چوارەوە نوسراوی ژمارە(١٤٢ لەبەرواری ١٩٨٨/٤/٢٠ ی فەرماندەیی فەیلەقی یەك بۆ فەرماندەیی هێزەچەکدارەکان باس لە گرتنی (٢٥٠٠) کەس لە ژنومنداڵو پیاو دەکاتو چاوەروانی فەرمان دەکات کە چیان لێبکەن.

وەڵامی بروسکەکەی فەیلەقی یەك

پاش ئەم بروسکەیەی فەرماندەیی فەیلەقی یەك فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە:

بۆ پێشەوای فەیلەقی یەك / ژمارە ٣/م خ فی ٢٣/ ٤/ ١٩٨٨

نوسراوتان نهینی وبەپەلە (١٤٢) لە ١٩٨٨/٤/٢٠ تێکدەرانو بەکرێگیراوان کە ژمارەیان ٢٥٠٠ کە سە بەم شێوەیە دابەش بکەن:

پیاوان بنێرن بۆ قیادەی فەیلەقی (٤) ژنەکان بنێرن بۆ قیادەی فەیلەقی (٣) منداڵانیش بنێر بۆ (معسکر تدریب الدروع فی تکریت) سەربازگەی مەشقی زرێپۆش لەتکریت .[1]

ئەگەر ئەمانەرەفتاری رژێمێکی تۆتالیتارو دەمارگیری وەکو بەعس بوون بەرانبەر بەگەلی کورد، ئەی دەبوایە کاردانەوەی رژێمێکی دیموکراسی وەکو پەرچەکردارێکی بەعس لەبەرانبەر ئەم قوربانیانە چۆن بوایەو چۆن قوڵی لە ئاوەدانکردنەوەی گوندێکی کیمیابارانکراوو ئەنفالکراوی وەکو عەسکەرو گۆپتەپە بدایەتەوە؟ چ جای رژێمەکە کوردیش بێت؟ ئەوەی مایەی شەرمەزاریە نەك هەربۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنانەت بۆ ئەوانەشی دەوڵەمەندنو توانای ئەوەیان هەیە بەردێك بخەنە سەر بنیاتنانەوەی ئەم وڵاتە ئەوەیە هێشتا سەدان کورو کچی ئەنفالکراو دەبینین، بەچەرمەسەریەکی فۆرەوە دەخوێنن، هێشتا گوندێکی وەکو عەسکەر کە دەریایەك خوێنی رشتووە، بەجۆرێك ژیان دەگوزەرێنن، بەهیچ جۆرێك شایستەی مرۆڤ نیە، بۆیە هەقی خۆمانە بپرسین گوندە ئەنفالکراوەکان کە بەرپەرچی بریارەکەی عەلی حەسەن مجیدیان دایەوەو ملیان بەسیاسەتەکانی نەدا چی چاندو چیان دوریەوە.؟



*

[1] دەقی ئەو بەڵگە نامانەی فەیلەقی یەکو وەڵامەکەی سەرکردایەتی هیزە چەکدارەکانی رژێم، لەنوسینێکی بەرێز دەسیم دیبەگەیی وەرگرتووە – بەاخەوە نەمتوانی بەڵگە نامەکانم دەست بکەوێت، بۆیە لە بڕوابوونم بە کاروسەلیقەی کاك دەرسیم دیبەگەیی ئەم نوسینەم بە بەڵگە نامەکانی بەرێزی پشت ئەستوورن.

## رەئوف احمد قادر " كولەجۆی حاجی حەمەجان "

# كەتەیمورمان هاوردۆ كوردی نەئەزانی

شەوی ٢٥/٢٤ مام ڕەوف لەگەڵ میوانەكانی " شێخ محمد، حسین، خالد " لەبنەماڵەی ئال اعیشم لە هۆتیل دمدم بینی، شەو درەنگانێك لەگەڵ هونەرمەند پشكۆمحمد رۆستم رۆیشتم بۆلایان تابەخێرهاتنیان بكەم، لەو رۆژانەدا من ئەوەندە سەرقاڵ بووم، هیچ دەرفەتم نەمابوو بۆ ئەوەی كاتەكە لەدەست بدەم، بۆیە هەر لە ئوتێل دمدم دوای بەخێرهاتنیان، كەوتمەدواندنیان تا حیكایەتی دەربازكردنی تەیمور لەدەمی شایەتحاڵەكان خۆیانەوە بزانم، هەرچەند حیكایەتی دەربازكردنی تەیمور شتێكی تازە نیە بەڵام بەتایبەتی لەقسەكانی كاك رەوفدا دەتوانین خوێندنەوەی وردبەدەستەوە بدەین‌و لەو گێرانەوە كورتەدا زۆر گۆشەی تری ئەنفال‌و جینۆساید بخوێنینەوە، بەتایبەتی بۆ فلمسازێكی سەركەوتوو بەسەرهاتی تەیمورو هەڵوێستی ئەوبنەماڵە بەرێزە بەبەراورد لەگەڵ ئەو موستەشاروجاسوسانەی بەعس دەكرێت بنەمایەكی گرنگی بەبەردبونی مرۆڤ لەلایەك‌و ژیاندۆستی‌و ئازایەتی هەندێك كەسی تری وەكو ئەسعەدو باوكی‌وبنەماڵەی عجیل ئال نعێشم ئاوێنەی ژیانی داهاتوومانبن، بۆیە لەسەرەتاوە من لەمام رەؤف رۆغزاییەوە دەستم پێكرد، مام رەئووف خەڵكی گوندی ()یەو مامی تەیمورعەبدوڵلایە ئەومنداڵە تەمەن دەساڵیەی لە گۆڕێكی بەكۆمەڵی لای گوندێكی پارێزگای سەماوە



رزگاری ببوو، سەرەتا مام ڕەوف ووتی: ئەم برایانە هەرچیەكیان بۆبكەین هێشتا هەركەمە، چونكە ئەوەی ئەوان لەگەڵ ئێمە كردویانە بەهیچ سەرمایەوپارەو پولێك تەعویزنادرێتەوە. هەرچەندێك لەخزمەتیاندابم هێشتا هەركەمە، نەك هەروەپێ بچینە بەرەوپیریانەوە بەڵكو وەسەربچمە خزمەتیانەوە هێشتا هەروەكەمی دەزانم.

پێشئەوەی تەیمور بێتەوە بۆگەرمیان بۆ لای خۆتان ئێوە هیچ خەبەرێكتان لەبارەی رزگاربوونی تەیمورەوە زانیبوو؟

نەخێر نەوەلله هیچمان نەزانیبوو، بەس ئەم ماڵە كورێكیان عەسكەربووە نازانم لەكوێ لەپێنجوێن بووە یان لەزاخۆ ئەوەیان نازانم، لەگەڵ كورێكی كورد عەسكەربوو كورەكە خەڵكی نەسربوو،ئیتر براوامتمانە لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت كوڕەكەی ئەم ماڵە عەرەبەباشە ناوی فازڵە لەگەڵ ئەم كورە كوردە باسی دۆزینەوەی تەیموری بۆ دەكات، ووتبووی كورێكی كورد هالەلامان لەئەنفال رزگارمان كردووە دەمێكە هالەلای ئێمەیە دەمانەوێت بیدەینەوە دەست خاوەنی، سۆراخێكم بۆ بكە بزانە كەسوكاری نادۆزیتەوە، نازانین چۆن بیگەیەنینەوە، دەست خاوەنەكەی. فازڵ كوڕی ئەم پیاوچاكە شێخ سفاح ال ئعیشم ووتبووی ئیستا ماڵە هەڵەبجەیەكان عافواتیان بۆ دەرچووەو دێنەوە بۆكوردستان، بابیهێنین بیخەینە لای ئەم ماڵانەو بەڵكو حكومەت وابزانێ لەگەڵ ئەوان هاتووەتەوەو بەرعافوات بكەوێت، كورە كوردەكەی لای خۆمان پێی ووتبوو نا ئەوەباش نیە، تۆ كە بەئیجازە رۆیشتیتەوە بزانە ئەو كورە خزم‌وكەسوكاری كێیەو خەڵكی كوێیەو سەربەچ عەشیرەتێكە، تابرۆین بەدوایداو خزم‌وكەسوكاری بدۆزینەوە، ئەویش

کەرۆیشتبووەوە لەتەیموری پرسیبوو، ووتبووی ئێمە خەڵك کوڵەجۆی حاجی حەمەجانین‌و سێ مامم ماوەو لەگەڵ ئێمەیانەبوون.

چۆن زانیبووی ئێوەماون؟

ووتبووی نازانم ماون یان نەماون،بەڵام لەگەڵ ئێمەیا بەرئەنفال نەکەوتن ئیتر نازانم ماون یان نا؟.

میمێکم هەیە وا لەسەرقەڵا، ئەم عینوانانەی نوسیبوو هاوردبووی‌و دابووی بە کورە کوردەکە ئەسعەدی ناوبووخەڵك نەسربوو ئەسعەد بەئەسڵ پێنجوێنی بوو، وەللە باوکی ناردبوو هاتبوو بۆ سەرقەڵا.

ئەسعەد باوکی ناردبوو؟

بەڵێ خۆی نەهاتبوو، باوکی ناردبوو.ناردبووی بۆسەرقەڵا باوکیشی هاتبوو سەرقەڵا مابوو ئەوێ وەکو مجەمەعەکان گەورە نەبوو کەس کەس نەناسێ پرسیاری کردبوو ماڵی فلانەکەس کێیە ووتبوویان ئەمە ماڵیانە هاتبوو لەدەرگای دابوو، ئەمە ماڵ فلان کەسە بەڵێ ئەمەیە ماڵیان‌و دانیشتبوو ووتبووی تۆ خوشکەزایەکت هەیە ناوی تەیموربێت؟ ووتبووی بەڵێ ئینجا حاڵ‌ومەسەلەی بۆ گێڕابوونەوە، ئەمەش دڵخۆشیەکی زۆربوو،ئەویش مێردەکەی ناوی (ئەحمەدی مەتۆلی پێ ئێژن خەڵك سەرقەڵایە) ناردبوو لەتەکیا ناردبووی بۆ کەلار بۆلای ئێمە،ئیتر کەخەبەری دایەئێمە زۆر دڵخۆش بوین،داوامان لە باوکی ئەسعەد کرد بێت لەتەکمانا بۆ ماڵ ئەم پیاوانە لە سەماوە ووتمان: تۆ براگەورەمانبەو مادام ئەم پیاوەتیەت لەتەك ئێمەیاکردووە بێلەتەکمانا بۆ سەماوە،ووتی: بەسەرچاو،بەڵام کورەکەی ئەوان "فازڵ" وتبووی مەڕۆن باخۆم سەرە ئیجازەم بێت لەگەڵنا وەرن چونکە بشچن نایدۆزنەوە، بەڵام ئێمەنەوەستاین تا ئەو ئیجازەی تەواو دەبێت ڕۆیشتین دوو ڕۆژ لەسەماوە گەڕیاین نەماندۆزییەوە ناچار هاتینەوە بۆ کەلار، کە گەڕیاینەوە من لەمجەمەعەی رزگاری بووم لەوێ دابەزیم براکانترم لەکەلاربوون، کەکورەکەیان لەئیجازە ئەبێت ئەو باوك ئەو کورە کوردەش دێنێ بۆ کەلارو دەڵێت یاللە باباڕۆین، ئەو دوبرایەی ترم ووتبوویان برایەکی تری گەورەتریشمان هەیە لەڕزگاری باچین بەشوێنیا ووتبوویان ناپێویست ناکات بابڕۆین، ئیتر کە ڕۆیشتبوونن گەیشتبووە ماڵی ئەم بنەماڵە بەرێزە لەسەماوە بە تەیموریان گوتبوو، مامەت هاتووە بۆلات، تەیمور لە پەنجەرەوە تەماشای کردبوون ئایا لە کوێوە تەماشای کردبوون ووتبووی جنسیەکانم بۆ بێنن، کە تەماشای کردبوو ناسیبوونیەوە هاتبوو بۆلایان بەڵام ئەوکاتە تەیمور کوردی لەبیرچووبوەوە هەروە عەرەبی قسەی لەتەکیاناکردبوو، ئیتر هاوردیانەوە شەو سەعات یەکی شەو گەیاندیانەوە ماڵی ئێمە، کوردی لەبیرەوەچوو هەرعەرەبی دەزانی هەرچەند وەکوردی قسەمان لەتەکیا ئەکرد فایدەی نەبوو ئەو هەرتەماشای دەکردین، ئیتر دومانگ دەبوو لای خۆمان بوو برایەکی ئەم شێخ محمد" فازل" هاتەوە بۆ ماڵان‌و ووتیان بەخوا ئێمەش بیری دەکەین هەرلەتەك خۆمانا گەورە بووە ئیتر بردیانەوە بۆ سەماوە، کەبردیانەوە منیش چووم دەوری ١٨ کیلۆیەك گوێزم بۆکرین‌و لەگەڵ خۆیانا بردیانەوە، ئیتر منیش پێمگووت تەیمورگیان مەیەرەوە هەتا دەوری سەری مانگ خۆم تێمەوە وەدواتا پێکەوە دێینەوە بۆ ئەیرە، ئیتر هاتەوە چونکە هەرلەگەڵ ئەوانا ژیابوو لەگەڵ ئیمە کەم مابووە بیرمانی کردبوو هەتا دەوری ٢٥ی مانگ زیاتر لەوێ نەمایەوە، هاتەوە ئیتر عەینەن کات کە هاتەوە لەیرە ئیخباری کریابوو، بەڵام من هەر زوو زانیم ئیخباری دەکرێت، بەڵام من وەمناڵەکانمم ووت هەرکەسێ هات ووتی: تەیمور چۆن هاتووەتەوە بێژن ئەو هەرنەگیرابوو، کە هاتووەتەوە لەیرە زانیویێتی دایك‌وباوکی گیراون لەیرەلای ئێمە نەماوەتەوە چووە لەبەغدا لەسەر "مەتعەم" چێشتخانە ئیش دەکات، ساڵی جارێك ئەگەر بێتەوە بۆ لامان، ئیتر کەهاتبوون لەخێزانەکەمانیان پرسیبوو خێزانەکەشم چۆنم پێگوتبوو هەروا جوابی موختارەکەی کردبوو، جا ئەوسا هەر گەڕەکێك موختارێکیان بۆدانبوو ئەوسا لەزەمان حکومەتا. موختارەکەش ووتبووی وەللە من وایان پێیژم ئەگەر لێمی وەرگرن باشە" واتە ئەگەر ئەمن بروام پێبکەن"

وللە کە موختارەکە ئەمەی پێوتبوون لە ئەمن ووتبویان ئەمە فایلەکەیەتی تەیمور عەبداللە لە ئەنفالەکەیا گیراوە، وەڵا منیش هیچم پێنەدەکرا، هەستام چووم بۆلای لالە سەرحەد سەرحەی خەلیفە یونس نازانم تۆ ناویت بیستووە یان نا؟

- ئەوسا ئەو لالە سەرحەدە چی بوو؟

+ واللە هیچ نەبوو بەڵام پیاوێ مەعروف بوو خەڵك گوێی لێدەگرت‌و قەدری بوو. ئیتر لالە سەرحەد بۆمان تێکەوت هاتە سلێمانی‌و هاتە کەلار ناوی گوم کرد هەتا ئینتیفازەکە، کە لە ئاوارەییەکە گەڕاینەوە، بردەمە لای کاك عادل عادل شوکر ئیتر ئەوانیش بردیانە لای مام جەلال‌و بردیانە لای خۆیان، ئیتر ئەوانیش مامۆستایان بۆگرت‌و لای خۆیان هێشتیانەوە کردیانە کوری خۆیان‌و لای ئەوانبوو هەتا ساڵی ١٩٩٦ ئیتر بردیانە ئەمریکاو ئێستا هەلەوێ .

# هكشه ديوح :

# خوايه تۆڵەی ئەم منداڵە بكەیتەوە ، بەڵێن بە تۆی گەورەو بەخشندە دەدەم، وەكو منداڵەكانی خۆم سەیری بكەم

دیدار : شیرین شەوكەت

بـۆیـەكـەم جار لــەزاری ئـەو خـانــەوادە بــەرێــزەی كـە (تــەیـمـوورعـەبـداڵـلـه) یان گرتبووە خۆو دواتریش رزگاریانكردبوو، ئەم چیرۆكی رزگاركردنی ئەم تاقە منداڵە دەربـازبـووەی كۆمەڵكوژیەانی ئەنفال تا ساڵی ١٩٩٠ بەبێدەنگیو بەنهێنی ماوەتەو لەماڵی ئەو خانەوادە بەرێزە ژیانی بەسەر بـردبـوو، دواتــر لـە رێـگـەی سەربازێكی كـوردەوە سۆاخی كەسوكاری دەكـەنو ماڵی مامی تەیموری منداڵ دەدۆزنــەوەو یەكتر دەنــاســنو تــەیـمـورو مــاڵی مامەكانی بە یەكتر شـاد دەبـنــەوە، بــەڵام لەپشت ئەم شادیەشەوە تراژیدایەكی گەورە خۆی خۆی حەشاردابوو، شادی تەنها ئەوماوە كورتە بوو تا تەیمور وردوو درشتی بەسەرهاتەكەیان بۆ دەگێرییێتەوە، ئەو سەروەختە خەڵكی لەچاوەروانیەكی بـێ ئامانی چارەنوسی ئەنفالكراوەكاندابوون، بەڵام تەیمور بەلای كەمەوە ڕاستی چارەنوسی ئەنفالكراوەكانی بەمامەكانی ووتبوو.

دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ حیكایەتی دەربازبوونی تەیمور بڵاو بووەو بۆیەكەمجار لەلایەن نوسەری گەورەی عێراقی كەنعان مەكیەو دواتریش لە رێگەی راپۆرتەكەی میدل ئیست ۆچەوە چۆنێتی دەربازكردنی تــەیـمـور بـــووە ئـالـۆزتـریـن حیكایەتی دەربازبوونی منداڵێك، ئیتر ئـەوەی بووە حقیقەت رزگار بوونی تەیمورو كۆمەڵكوژی ئەنفالكراوەكان بوو، بەڵام تا ئامادەبوونی


حسين فالح آل أعيشم

ئەندامانی ئـەو خانەوادەیە،لەكۆنگرەی ( بـەرەو بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی كورد) لە شاری هەولێر كەلە حزوری میوانانی كۆنگرەكە قسەیان لە چۆنێتی رزگاركردنی تەیموركردوو شایەتیان دا، تا ئەو چركەساتەش كە هەندێك

راستییان خستەروو، زۆر كەس حیكایەتی دەربازبوونی تەیموری بەخەون دەزانــی، بەڵام ئامادەبوونی هەریەك لە بەرێزان( شێخ محمد ال عیشم، حسین فالح سفاح العیشم، خالد) لەو كۆنگرەیەدا، بەتایبەتی پەخشكردنی لەكەناڵە ئاسمانیەكانەوە، لە بازنەیەكی فراوانتردا خۆی نمایشكرد، بۆیە منیش بەپێویستم زانی لەخوارەوە دەقی ئەم چاوپێكەوتنەئامادەبكەم كە لەخوارەوە دەخوێنینەوە :

ئەو شەوەی كوردەكانیان زیندە بەچاڵ دەكـرد لـەسـەرەوەش تەقەیان لێدەكردن بەشۆفڵ خۆڵیان دەكـردە سەریان ، ئەو شوێنە ئەوەندە بیابان و چۆڵبوو تروسكایی تـێـدانـەبـوو بەلایتی ئۆتۆمبیلە كانیان كارەكانیان ئەنجام ئەدا ئەمە قسەی ( محمد گتل اعیشم ) ە

خالد عبد اعیشم : تـەیـمـوور توانی لەو گۆرە بەكۆمەڵانەدا بەتاریكی و بەبرینداری خۆی رزگار بكات و بێتە دەرەوە ئەوەبوو لەناوگۆڕەكەدا ووتی :( ١٥ دینارم پێبوو ٥ دیـنـاریـان مـەولـوو بێت بـەس رزگـارم بێت ) دوو ریانێك دێتە رێیو یەكێكیان هەڵدەبژێرێت و ملی رێگە دەگرێتە بەر تاكو روودەكاتە دەوار

نشینێك كـە رەش دەواری( دلـیـل حمد مشاری ) دەبێت سەگێكی زۆر بەدەوریدا كـۆدەبـنـەوە سەیر لـەوەدایـە كـەم كەسی غـەریـب لـەو سـەگـانـە قـوتـاریـان دەبـوو خێزانی دەوار نشین بەناوی ( هكشە دیوح ) ژنێكی بەتەمەن و نوورانی بوو دایكی ( دلیل ) باوەشی لە ( تەیموو) داو


خالد عبد ال أعيشم

هێنایە ناو دەوارەکـەوە دواتـر کە باوکم بەناوی ( عبد اعیشم ) و ( صفیە مارد ) بەمیوانی لەوێ دەبن ( تەیموور ) لەگەڵ خۆیان دەیهێننەوە بۆ شاری(سەماوە ) کە ( سەماوە ) بۆ شوێنی دەوار ەکە ( ١٦٠ کم ) بە لۆریەکی مارسیدسی جۆری ئەخچەم ( یـابـوردە ) رەنـگـی شـین ژمـارە ( ٤٥٧٧ ) المپنی دەیهێننەوە ، دوای تیمارکردنی بەنهێنی ناویمان گۆڕی بە ( علی ) ، دایکم جلە خوێناویەکەی خستە تەشتێکەوەو بەهەدوو دەستی بەرزی کـردەوە و داوای لەخوای گەورە کردو ووتی : (خوایە تۆڵەی ئەم منداڵە بکەیتەوە، خوایە بەڵێن بێت لای تۆ وەکو منداڵەکانی خۆم سەیری بکەم بەڵێن بێت هیچ فەرق و جیاوازیەك نەکەم ) دواتر جلەکانی سوتاندو کردیە پەتەسۆ بۆ سەر برینەکەی . فەخر بۆ خوا ئێمە هەرئەو کاتە
خۆشحاڵبووین

کە ئاوا بتوانین خزمەتی منداڵێك بکەین ( اول مرە ) بۆ خوا کردمان نەشمان دەزانی کـورد دەبێت بە حوکمەت و شانازی بەم مەسەلەوە بکەین وامانـدەزانی لەئاسمانەوە خوا پێی بەخشیوین لەگەڵ ئەوەشدا


شیخ محمد أل أعیشم

دەمـانـزانـی کـوردەو لێقەوماوەو غـەدری لێدەکرێت

=حسین فالح صفاح اعیشم برازای عبد اعیشم و گتل اعیشم : من و خالد هاورێی سەرەکی ( عەلی ) بووین . تەیموور زۆر خـۆشـحـاڵ بـوو لـە گـەڵـانـدا زۆر جاریش غـەم دایـدەگـرت ئـەوەی بـەلامـەوە جێی سەرسوڕمان بوو دەیووت : بڕۆین بۆ لای دایـە( سـارا ) واتـا تـەیمـوور بـیری دایکی دەکرد ،

جارێـکـیـان بـاوکـم لـەبـازاڕ ( ملاعیب ) ی منداڵانی کـڕی بۆمان بۆ ( تەیموور ) شۆفڵی هێنابوو تەیمووریش فرێی داو یاری پێنەکرد و بەترسەوە تێی ئەروانی و دیمەنی زیندە بەچاڵکردنەکەی دەهاتە پێش چاوو ،

تەیمور لەنێوان ماڵی ئێمەو ماڵی مامم ( عبد اعیشم ) و ماڵی ( گتل اعیشم ) بەئارەزووی خـۆی دەژیـا زۆر جـاریـش بـۆ ئـەوەی حکومەت شك نەکات جێگۆرکێمان پێدەکرد لە نێوان خۆماندا ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە خانەوادەیەکی گەورەو مامم ( گتل اعیشم ) ( شێخ العشیرە ) بوو ، ئەوەبوو لەساڵانی ( ١٩٩٠ -١٩٩١ ) عەلی ئەحمەد قادرو عەزیز ئەحمەد قادر کە هەردوکیان مامی تەیموور بوون لەرێگەی

سەربازێکی خزممان و سەربازێکی کوردی خەڵکی پێنجوێن هـەواڵ گەیشتە دەست کەس و کاری ( تەیموور ) و هاتنە ماڵمان و (تەیموور ) مان بردە ژوورێکی تر و لەتاقی ژوورەکـەدا دەیروانیە مامەکانی و پێیان شادو شوکر بوو ،

دواتر ( محمد گتل اعیشم ) شێخ و کوری مـامـمـان بـوو سـەردانـی کـەلاری کـرد بۆ چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسان لە مانگی (١ / ٢٠٠٨) دوای رێـزو تەقدیرێکی زۆر لـەلایـەن بـەرپـرسـانـەوە وەك بـەڕێـزان ( کـاك عومەر فەتاح کاك عمری سەید عەلی ودکتۆر فواد حسین و کاك عوسمانی حـاجـی مـەحـمـود و خـاتـوو چـنـار سعد عبدالە) کۆمەك و هاوکاریەکی زۆریـان کردین و میوانداری کراین بۆ کۆنگرەی (بـەرەو بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کـورد) لەهەولێر لەبەرواری ( ٢٦/١/ ٢٠٠٨) لەسەر مینبەری کۆنگرە توانیمان ئـەم حیکایەتانە بـەزیـادو بەزیندوویی بـیـگـێڕیـنـەوە لـەمـیـانـەی کـۆنـگـرەکـەدا زۆر لـەووڵاتـانـی دونیاو تەلەفزیۆنەکان ئـامـادەبـوون حیکایەتەکانی ئێمە جێی سەرنجی ئامادەبووانی ناو هۆڵی کۆنگرەکە بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت زۆر سوپاسی کاك ( پشکۆ محمد روستەم ) وکاك ( رەوف ئەحمەد قادر ) لەکەلار بکەین کەلەیەکەم رۆژی هاتنمان لەگەڵمان ماندوو بون و بۆ چاوپێکەوتنمان و کارئاسانی لەلایەن دەزگا بەرپرسەکان و وەزیرەکانەوە بۆ کۆنگرە کە کـرا ، هـەروەهـا سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ بەڕێز ( کاك عبد الرزاق و کاك عمرمحمد قادر سەرنووسەری ئەنفالستان دەکەین کە دەعوەتیان کردین بۆ کوردستان تا لەکۆنگرەی نیودەوڵەتی جینۆسایدی کورد بەشدار بین،ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە.

نەجیب گەرمیانی

# ڕێزونازی ماندوونەناسان، سەرسەرم
# لە داخی شێرانی بەرسێبەر، ئاوسا سەرم

ئەنفالستان

پێموانیە، هیچ میللەتێك هەبێت، هێندەی ئێمەی كورد شارەزابێت لەشكاندنو پیاهەڵداندا، شكاندنی كەسانی ماندو نەناسو دلسۆز، پیاهەڵدانی ئەوكەسانەی شایستەی پیاهەڵدان نین، بەتایبەتی لەدوای مردنیانەوە، ئەو پیاوەی ئەم چەند دێرەی لەسەردەنوسم، پیاوێكی گەورە بوو، وەلی كە كۆمەڵگەیەك پربێت لەمرۆڤی گرگن، چ ڕێزێك بۆ گەورە دەمێنێتەوە؟

مامۆستا نەجیب بەدەرامەتێكی زۆر نزمەوە، لەبەرزایی ژیانەوە دەیروانیە دەوروبەری، دوفاقیەكی گەورە لەژیانیدا هەبوو، مەحروم بوو بەلام دەوڵەمەندترین كەسی ئەم وڵاتە بوو، بۆیە من نەهاتووم وێنەیەك بۆ ئەو بكێشم، بەڵكو هەرئەو وێنەیەتان دەخەمە بەردەست كەخۆی بەجێی هێشتووە، ئەو لەهەموو شتێكدا دەولەمەند بوو لەپارەو سامان نەبێ، لەهەموو پێداویستیەكی كەم بوو، لەئەخلاقو ویژدانوجوانی نەبێت، هەمیشە بە گیرفانی بەتاڵەوە لە تەنگژەو خۆشیو ناخۆشی هاورێكانیدا ئامادەبوو، بەلام ئامادەبوونی ئەو مەسەلەیەكی روپامایی نەبوو، لەكۆڵ خۆكردنەوە نەبوو، بەڵكوئەو بەهەموو هەستێكەوە ئامادە دەبوو، لەتەنگژەو كێشەكاندا، یەكلاكەرەوە بوو، كێ دەیتوانی لەقسەی دەرچێت، لەخۆشیدا نوكتەو قسەخۆشەكانی تەواو سەرسورهێنەربوون، كاتێك ئەو بەسەرهاتو قسەیەكی خۆشی دەگێرایەوە، مەگەر مرۆڤ بەردبوایە، دەنا چۆن دەیتوانی خۆی بگرێتو ماوەیەكی زۆر نەیداتە قاقای پێكەنین.

زۆر كۆڕومەجلیسیشم بینیوە، كە ئەو وەكو چرا تیایدا درەوشاوەتەوەو نەشئەی بەخشیوە. زۆرن شایەتی ئەم قسەیەن كە ئەو رۆژەی مامۆستا گیانی سپاردبوو، بێئەوەی ئاگاداری كارەساتی مەرگی ئەوبین، ئێمە لە لەناوپاسیكدا مەجلیسمان لەسەر قسەخۆشەكانی ئەو گەرمكردبوو، ئەو كاتەی مامۆستا حوسام بەرزنجی خەریكی گێڕانەوەی قسەیەكی خۆشی ئەوبوو، من لەوخەیاڵەدابووم هەركەچوینە ناو بازنەی تۆری ئاسیاوە تەلەفۆنێكی بۆبكەمو لەگەرانەوەمان ئاگاداری بكەمەوە، چونكە ئەوە داوای خۆی بوو، هێشتا بەرزنجی لەسەر گیرانەوەی قسەخۆشەكانی ئەو بەردەوام بوو كەزەنگێك هاتو زمانی لەگۆخست، ئاگام لێبوو مۆبایلەكە بەدەستیەوە دەلەرزی ئیترئێمە لەقسەكانی مامۆستا حسامەوە تێگەیشتین، كە كارەساتێك ڕووی داوە، بەلام كارەساتەكە چیی بوو؟ ئێمە كەپێشتر بە كۆمەڵێك قسەی گوێزراوەی مامۆستانەجیب لەزاری مامۆستا حوسامەوە كەوتبووینە قاقای پێكەنین، هەر لە زاری ئەویشەوە لەو چركەساتەدا كە هێشتا قسەی خۆشەكەی ئەوی لەنیوەدابریبوو هەوالی مەرگیشیمان بیست؟! یاران چ ڕێكەوتێكی سەیربوو؟.

هەركە مامۆستا حسام ووتی: چۆن؟ مارپێوەی داوە؟ یەكسەر دڵم داخورپا چونكە مارەسیسێكی ناوباخچەكەی مالی مامۆستا نەجیب بەبەرچاومدا گوزەریو خشەی هات، ئەمەش مەسەلەیكی ڕێكەوت نەبوو، بەڵكو هەروا چەند ڕۆژێك لەوەوبەر زۆرجەختم لێكرد لەلامان بمێنیتەوە، بەلام ئەو ووتی "كەسەكەم" نامێنمەوە لەبەرئەوەی بۆرە مارێكی سیس لەباخچەكەماندایە مندالەكان لێی دەترسن. بۆیە بەتەواوی دڵم داخورپاو بە حەپەساوییەوە چاوەروانی داخستنەوەی مۆبایلەكەی حسام بەرزنجی بووم، ئیتر كە مۆبایلەكەی داخستو بەرەنگێكی ڕەش داگەراوەوە رووی كردەوە ئێمە، لەبری ئەوەی قسەخۆشەكەی مامۆستامان بۆ تەواو بكات، ووتی : حیف.. حەیف..زۆربەداخەوە قسەی خۆشی چی؟ ئەوپیاوە ژیانی"ی تەواو ئەو پیاوە قسەخۆشە ڕۆژی تەواو بوو..


نەجیب گەرمیانی

ئەگەرچی مامۆستا نەجیب بە جەستە ماڵئاوایی لێكردین بەلام مەگەر هەرفوتابیەكانی خۆیو گەرمیانیەكان بزانن چ ڕۆحێكی بۆ بەجێهێ"تین.

## خەمەکانی پشکۆو فرمێسکەکانی کابان

# ئەنفال غەدرێك لە کوردبوون..غەدرێك لەمرۆڤ بوون..







### لەم تاریکیەوە تێپەڕین

ناونیشانی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بوو، کەهونەرمەند پشکۆمحەمەد رۆستەم پارساڵ لە رۆژی ٤/١٤وە لەسەر حاڵو گوزەرانی سەختی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان ئامادەی کردبوو، دواتریش لەزۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان نمایشکراو خەڵکێکی زۆر بینیان، تارۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤ هاوکات لەگەڵ خویندنەوەی بریاری دادگای باڵای تاوانەکان لەسەردۆسیی ئەنفال لەشاری کەرکوك نمایشکرا.. تابلۆکان رەنگاو رەنگ بەقیاسی ٣٠+٤٠سم لەسەر (M.d.f) ئامادەکرابوون، بێگومان خەڵکێکی زۆر پێشانگاکەیان بینیوە، بەڵام نازانم ویژدانی چەند کەسو چەند بەرپرسی راوەشاندووهەڵوەستەی پێکردون؟ وا سالێکی تری یادی ئەنفال هاتە پێشەوەو پێشانگاکەی پشکۆش هیچی لەژیانی قوربانیەکان، نەگۆری ئەوقوربانیانەی تەنها لەچاوی کامێراکاندا زیندوونو تەنها لەسەر شاشەی تەلەفزیونەکانو سەر روپەری رۆژنامەکان لەژیاندان، دەنا لەواقعیدا لەپەراوێزی حساباتی دەسەلاتی کوردیو هاوکێشەکانی ژیانی ئابوریدا تۆمارکراونو لەویژدانی سیاسەتمەدارانی ئەم وڵاتەدا وەکو قوربانیەکان بەخەسارەت دەژمێردرێنو ئاوەو ئاوچوون.

هونەرمەند پێماندەلێت: فەرموون ئەوە ژیانوگوزەرانی ئەنفالکراوەکان، لەروخسارياندا، لەقسەوگفتاریاندا هەموو شتێك روونە، پێویست بەقسەی من ناکات، ئەوە پێناسەی باری کەسێتی هەمەی سمایل لەگوندی وارانی خوارو، ئەوە مەهروبەی سەرلێشیواووشاقەل شۆر، ئەوە میمکە فاتمومامەلی مام والی، هەروەك چۆن لەگوندی قەلاچەرمەڵەوە پێکەوە ئەنفالکرانو پێکەوە حەشرکرانو پێکەوە چوون بۆ نوگرەسەلمانو پێکەوە گەرانەوەو بۆ ئۆردوگای بەناو رزگاری، لەوێ لەسەر شیوێکی بێ ئاو لەتاقە ژورێکدا پێکەوە ژیانو پێکەوەش مردن، ئەوە تابلۆی فوتابخانەکەی گوندی ملەسورە کەرەشەبای ئەو پێدەشتە بەقەدشالاوی ئەنفال هەرەشە لەو فوتابیە وردیلانە دەکات، ئەوە پورە ئامینە لە قولیجانی سەرحەو، کە کێبلەکەی حەجاج لەنوگرەسەلمان ناوچەوانی شەق کردووەو ئێستا بووەتە مۆری پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ، ئەوە مکرەموئەختەر لە چل ماڵەکەی سەرقەلا لەدوای ئەنفالکردنی باوکیانەوە کەم ئەندامنو کەس ئاوریان لێناداتەوە، فەرموون ئەو تابلۆیانە ببینن بزانم دوای بیست ساڵ لەوتاوانە چیتان لەلادەگۆرێ؟!

من کە لەزۆربەی شوێنەکان( کەلار، خانەقی،سلێمانی، کەرکوك) لەنمایشکردندا لەگەڵیدا بووم، تەنها لەروخساری بینەران ورد دەبوومەوە تابزانم ئەم تابلۆیانە چی دەخولقێنن، مەبەستم بوو بزانم لەنیو ئەو عەشاماتەدا چەند کەس مرۆڤەکەی ناوناخی خۆی خەبەردەکاتەوەو شەیتانەکەی دەکوژێت، وەلی ئەفسووس..کەدەهاتن، ئەو رستە سەقەتەیان بۆدەستخۆشی بەپشکۆ دەگووت: ( دەستت خۆش بێت..بەراستی پێشانگایەکی جوانە) تەواو مایە پووچ دەبووم، ئەمە ئەو رستەیە بوو کەپشکۆی بێزاروتورە دەکرد، ئەو نەیدەویست کەس ئەو تابلۆیانە بەجوان ببینێ، چونکە ئەو دلرەقیو دزێویەکانی بۆگواستبوونەوەو بەروونیو بێتەمو مژخستبوویە بەرچاویان، ئاخر جوانی چی؟ وێنەی مرۆڤی ئەنفالکراو دەبێت جوانیەکەی لەکوێدا بێت؟ ئەگەر ئەو وێنانە جوانبوون؟ ئەدی ناشرینی ئەنفال چ واتایەکی هەیە؟ ئەی بەواقعی تاڵو ژیانی کارەساتباری ئەومرۆڤانە دەڵێن چی؟ ئەوخەڵکە داماوەی وێنەیان گیراوەو ئێستا بەئێسکو پروسکەوە، بەفرمێسکی گەرمو رۆحی زامدارەوە، بەدنیایەك حەسرەتەوە، بەهەزاران حیکایەتی

مرۆڤ کوژەوە، هێنراونەتە بەردەمت؟ بۆئەوە نەبوو بینەرانی پیشانگاکە دەستخۆشی لەپشکۆ بکەن؟ پشکۆ ووتەنی: بۆئەوەبوو هەڵوەستەیەك لەمرۆڤ بوونی خۆمان بکەین؟ کەمێك لەگیلێتی دوربکەوینەوەو لەقسەی ئەو ژنە پیرە رابمانیایە کەلەوێنەیەکدا پێمان دەڵێت: "ئەوەی کوڕەکانمی ئەنفالکرد ئێستا کوڕەکەی حاکمی ئەم شارەیە" لەحیکایەتی ئەو ژنە رابمێنین لەبری ٧ جگەرگۆشەی ئەنفالکراوی ٧ قازی راگرتووەو رۆژانە یاوەرییان دەکات.

یاران دەبێت ئەمە چ بیرکردنەوەولۆژیکێك بێت، ئەم وێنانەی بەجوان بێتە بەرچاوت؟ دەبێت ئەمە چ جوانیەك بێت تۆ دەیبینیت؟ ئەوخەڵکە ئازار چەشتووەی ناوئۆردوگاکان ئاگایان لەوە نییە چی بەناوی ئەوانەوە دەکرێت، نازانن چی بەناوی ئەوان ولەسەرحسابی ئەوان دەگوزەرێت، ئەمەیە نەگبەتی ئێمە!! ئەمەیە دنیا بینی خواروخێچی ئێمە بۆ ئەنفال‌و کاریگەریە ترسناکەکانی دوای ئەنفال.

فرمێسکەکانی کابان:

رۆژی ٥/٥ /٢٠٠٧ لە ناوحەوشەی زانکۆی سلێمانیش پێ"انگاکە نمای"کرا، خوێندکارانی زانکۆ لەگەڵ هاتنەژوورەوەیاندا رووبەرووی تابلۆکان دەبوونەوە، یەکەمین وێنە روخساری تێک"اوی پیرەمێردێکی گەرمیان بوو، وەك بلێی هێ"تا تۆزولی بیابان بەتەوێڵییەوەماوە کەکەوتووەتە بۆسەی کامێرامانێکەوە، بەڵام دواجار لەکۆی تابلۆکاندا ئەو راستیە تاڵە دەبینین کەوا دنیای دیموکراسیش نەیتوانیوە تەپو تۆزی بیابانیان لێبکاتەوە، دروشمەکانی ئازادی نەیتوانیوە خەم‌وحەسرەتی ئەنفال‌و نوگرەسەلمانیان لێوەرگرێتەوەو توڕیبداتە زبڵخانەی مێژووەوە، بۆیە هەندێك لە بینەران بەحەسرەت‌و شلەژاوییەوە تەماشای تابلۆکانی ئەنفالیان دەکرد، هەندێك بەدەم، ئاخ‌و ئۆفەوە نەفرەتیان لەم ژیانەو لەبەعس‌و ئەنفال‌و ئەنفالچی دەکرد، کۆمەڵێك خوێندکارهاتن‌و(خوێندکاری کۆلێژی ئاداب بوون) کوردیان بەگەلێکی خەمساردوهیچ لەباردانەبوو، وێناکردوپێیان گوتین: خۆتان بۆکێ ماندوودەکەن؟ ئێمە کەی میللەتین؟! ئەم تاوانە لەگەڵ هەرگەلێکی ترکرابا، ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەرمەزارکردبوو، زۆربەی ئەوخوێندکارانەی ئەندامی حزبەکان بوون تەنها لەسەر ئەوقسەیە دەوستان کە دەڵێت (ئەوەی کوڕەکانی منی ئەنفالکرد، کوڕەکەی ئێستا حاکمی ئەم شارەیە) وەلی ئەوان ئەوەندە خۆیان ماندوو نەدەکرد بزانن ئەم پیرە ژنە چ خەم‌و حەسرەت‌و برینێك ژیانی وێرانکردووە؟ لەکوێ دەژی‌و بۆچی ئەم قسەیە دەکات؟ دەسەڵاتی کوردی بۆچی رێز لە هەستی مرۆڤانەی ئەم قوربانیانە ناگرێت بۆچی تاوانباران‌وگومان لێکراوانی ئەنفال لەپلەوپایەی حزبی‌و حکومی دورناخاتەوە؟! ئەوان ئەوەی بەلایانەوە مەبەست بوو وەڵامێکی مجهزو بوو، دەیانویست بزانن ئەو حاکمە کێیە؟ وەڵامی پ"کۆش، هەرئەوەندە بوو باشە وازانی"ت؟ هەڵوێستت چی دەبێت؟ بۆمەگەر کەمن ئەوئەنفالچیانەی ئەمرۆ حاکمی شارن؟!

مەرحەمەتی خوێندکارانی کۆلێژی پزی"کی:

بێگومان کەم نەبوون ئەوخوێندکارانەی زانکۆ کەبەناو تابلۆکاندا دەرۆی"تن‌ومێ"یان میوان نەبوو، کەم نەبوون ئەوانەی بەتیلەی چاوتەماشای پێ"انگاکەیان دەکردوتیژ تێدەپەڕین‌و دەرۆی"تن، کەمیش نەبوون ئەوانەی بەلچ هەلقورتاندن‌و پلارهاوی"تن پێ"وازیان لەپێ"انگاکەکرد( کورە هەمووی ڤ"ەیە، هەمووی پارە خواردنە، کەس راست نەماوە) هەموو ئەم قسانە بەعەزابی زۆرەوە بەگوێماندا گوزەریانکرد، بەڵام ئەوەی نەمانتوانی لێبێدەنگ بین هەڵوێست‌و رەفتاری ٣ خوێندکاری قۆناغی یەکەمی کۆلیژی پزی"کی بوو، کە لەوێنەکانیان دەروانی‌و گاڵتەیان بەخۆیان‌و بەتابلۆکان دەکرد، پیرەمێردەکانیان بەباوکی یەکتر دەچوواندو پیرەژنەکانی"یان دەکرد بەدایکی یەکتری‌و رایاندەبوارد، ئێمە وەکوخاوەنی پێ"انگاکەو کەسانێك لەناوئازاری ئەومرۆڤە ئەنفالکراوانەوە هاتبووین، دەمانزانی هێ"تا خەڵکانێك هەن لەگوێی گادا نوستوون‌و ئاگایان لەدەردی کەسوکاری ئەنفال نیە، یان بەناهوشیاری هەلسوکەوت دەکەن‌وهەست بەبەر پرسیارێتی ناکەن، بەڵام ئەوخوێندکارانەی کۆلیژی پزی"کی زیاد لەبەرەی ناهوشیاری خۆیان پێیان راکێ"ا، بەتایبەتی ئەورستەیەی بەتەواوی توشی هەڵچوونی کردم، کەیەکێکیان بە لوتبەرزیەکی هەرزەکارانەوە بەوی تریانی







ووت: ئەو بێوەژنە شازە بۆباوکت زۆرباشە بۆ پێیان نەلێم" مەبەستی ئێمەبوو" بۆی داوا بکەین‌وهەربەراستی ببێت بەدایکت، باهەرچی منداڵ‌و بزنیشی هەیە لەگەڵ خۆیدا بیانهێنی بۆشار، ئەوی تریش ئاوا وەڵامی دایەوە: گوبخۆ بۆ باوکتی بهێنە. ئیتر کەلێیان هاتینە وەڵام لەبری ئەوەی شەرم بیانگرێت وتیان: بڕۆن بابە بڕۆن، ئێمە (گلبەی گب)ین چ کارمان بەسیاسەت‌ومیاسەتەوە نیە. ئەم هەوڵویستە گیلانەیەی خویندکارانی زانکۆی سلێمانی هەمان ئەوقسە هەستبریندارکەرەی زانکۆی خانەقینی بیرخستینەوە، کەهەرئەو رۆژە فەرامۆشمانکردبوو، ئەویش ئەوە بوو کە لە کۆلێژی ئادابی خانەقی لەوکاتەی پێشانگاکەمان نمایشدەکرد،خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوون‌و دەمانزانی لەدڵەوە پیشوازیان لەوهەوڵە هونەرییەی پشکۆ کرد، بەراستی هەندێك لەمامۆستاوخوێندکارانی ئێوارانی پەیمانگای مامۆستایانی خانەقی زۆر بەرێزەوە کارەکەی پشکۆیان هەڵسەنگاندو بەرز نراخاندیان، ئەمەش هەمان ئەو هەلوێستی خەلکی خانەقی بیرخستینەوە کە پێشوازسیان لەنمایشێکی هونەری هونەرمەندانی کەلارکردو وەکو خۆیان ووتبویان: ( وەخەنستن هاتین، وەگرستن چوینەوە) واتا بە پێکەنینەوە هاتین‌و بەگریانەوە رۆیشتینەوە، کەچی لەویش رەفتاری بەعسیانە یەخەی گرتین‌و سوکایەتی بەئەنفال‌و قوربانیانی ئەنفالکرد، کە خوێندکارێکی زانکۆ کەوتە سوکایەتی پێکردنی تابلۆکان بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن ئاسایشی ناوچەکەوە دەستگیرکراو ئێمە رێگەمان نەدا ئازاری بدەن خوێندکارەکە زۆر پەشیمانی دەربری‌و زۆریش داوای لێبوردنی لێکردین..هەرچەندە کورە خوێندکارەکە بۆداکۆکی کردن لە هەلەکەی خۆی کردبە



کەسوکاری ئەنفال‌و خەڵی کفری، کەچی دواتر بۆمان دەرکەوت لەخانەوەداەی یەکێك لەو موستەشارانەیە کە تادوا صەموون لەگەڵ بەعس مابوونەوە.

ئەفسووس..ئەوەی لەزانکۆی سلێمانی کۆلیژی پزیشکی رویدا نەك هەر داوای لێبوردنیان نەکردو ئەوهەموو فرمێسك‌وئازارەی تابلۆکان شەرمەزاری نەکردن، بەڵکو ئیمەیان بە خڵەفاو زابەدوای کڵاوی بابردوو کەوتووین.. من دوا وشەم بۆ ئەو خوێندکارە بەرێزانە ئەوە بوو بڕۆن خواتان لەگەڵ بەڵام قوربەسەری ئەو کۆمەڵگایەی ئیوە دەبنە نەوەی دوا رۆژی، دواتر پشکۆش ئەم رستەی ئاراستەی کردن: گریانم دێ بۆ زانکۆی سلێمانی لەسەردەمی رژێمی بەعسدا سەرچاوەی کادیری شۆرشگێربوو، کەچی لە سەروەختی دەسەڵاتی خۆماڵیدا ئێوە بەرهەم دینێ.

بەڵام لەدوادوای تەاو بوونی وادەی پێشانگاکەدا خوێندکاران رویان کردە تابلۆکان‌و ئاپۆرەیانداو مشتومرێکی زۆری نایەوە، بەتایبەتی خوێندکارانی ئێواران کە زۆربەیان ئەو سیاسیە کۆنانەن کە فریای خوێندن نەکەوتوون، یان بەهۆی قبوڵ خاصەوە هاتوونەتەوەو ئیستا بە تەمەنی هەڵکشاوییانەوە دەخوێنن، لەناو ئەو خوێندکارانەدا کچە خوێندکارێك بەچاوی پرلە فرمێسکەوە سەرنجی راکێشام، ئەو وەکو مرۆڤێکی بەئەمەك لەتابلۆکانی دەروانی‌و فرمێسکی گەرمی دەرشت، دواتر لێمان هاتە پێشەوەو ووتی: دەستتان خۆشبێت، بەڵام لەراستیدا ئازارم چەشت.. ئەو مرۆڤە کابان بوو کەخوێندکاری قۆناغی دووەمی کۆلیژی یاسابوو.

# باش بیرم نایەت چۆن کەوتومە لای ئەو ماڵە عەرەبە، من ساڵێك لەشوێنێك لەابوغریب سجن بووم

دیدار :- رزگار ابراهیم جبار

**کورتیك لە ژیانی کاك ئاکو:- ئاکو عزالدین اسماعیل خاڵکی دێی گەرمك لە ناوچەی داودە لە ساڵی ١٩٨٤ لە دایك بوو لە تەمەنی چوار ساڵیدا لەگەڵ کەسوکارەکەیدا بەرپەلاماری ئەنفال دەکەویت ، بەڵام بە هەرچی شیوەیك دەبیت خویی دەرباز دەکات هەرچەندە خویشی بەبیری نایت چۆن دەرباز بوو ەو جیابوتەوە لەکەسوکارەکەی ، دواتر لەیەکیك لە زیندانەکانی بەعس کە تایبەت بوو بە منداڵ زیندانی کراوە (احداث) پاشان لە وزیندانە هەڵدیت و ماڵیکی بەخشندەی کوردی فەیلی لەبەغدا دەیگرنەخۆو بەخێوی دەکەن، تاکو ساڵی ١٩٩٥ کەسوکارەکەی دەیدوزنەوەو دەیهیننەوە بۆ شاری دووز خورماتوو ، ئاکو باوەکی ودایکی بەناوی (ئامینە فاتح رحیم) وەبراکەی (صلاح) و چوار خوشکی بە ناوەکانی (ژیان وپەخشان وپەیمان وبەیان ) ئەنفالکراون ، ئاکۆ لە هەمویان بچوکترەو تاکە کەسی خێزانەکەیانە کە لەژیاندا ماوەتەوە ، ئیستا خێزانی پێکەوەناوەوکارمەندی بەشی ڕاگەیاندن ورووناکبیری مەڵبەندی ١٦ای حەمرینە رۆژانە سەرقاڵی دابەش کردنی رۆژنامەکانی (کوردستانی نوی والاتحاد وئاسو وهاولاتی وهەواڵ ونبا) بەسەر بەشە جیاجیاکانی مەڵبەندا**

**دەزانین تاقە کەسی خێزانەکەی خۆتانی ئەنفال نەکراویت دەکرێ خۆت بناسێنیت ؟**

ناوم ئاکو عزالدین اسماعیل گرمکی، باوکم ودایکم و ٤ خوشك و برایەکم بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتون وتەنها خۆم ماومەتەوە .

**چەن ساڵان بوویت لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا ؟**

ئەوساکە تەمەنم چوار ساڵان بوو .

**دێی کەتان ناوی چییە و کەوتووەتە چ سنورێکەوە؟**

ئێمە لە بنەرەتدا خەڵکی دێی گرمکی ناوچەی داودەین، بەڵام لە کاتی ئەنفالەکاندا ماڵمان لە دێی وارانی بوو کە ئەویش هەر لە ناوچەی داودەیەو سەربە ناحییەی نوجولە.

**ئەو کاتەی کەسوکارت ئەنفالکران توش لەگەڵیاندا بوویت؟**

بەڵێ منیش لەگەڵیاندا بووم، وەك باس دەکرێت باوك و دایکم و براو خوشکەکانم بەتەیارە براون لەهەر دەێك بەرامبەر دێی کەی خۆمان لەگرمك گیراون.

**ئەی تۆ لەگەڵیان نەبوویت؟ مەبەستم ئەوکاتەیە کەباس دەکرێت بەتەیارە بردویانن ؟**



بەڵی لەگەڵیاندا بووم بەڵام من مندال بووم ئەوکاتەم بەبیرنایە میمکم وخزمەکانمان وا دەڵێن .

**ئەی نازانیت بۆ کوێ بردویانن ؟**

خەڵکی گوندەکانی داودەیان دەبرد، بۆمەرکەز شەبابەکەی دووز بەبیرمش نایەت، بەڵام دەڵین رۆژێك لە دووز بوینە وە بردومانیانە بۆتکریت بەڵام لە دوزەوە ئەنفالەکانیان هەربۆ تکریت بردوە .

**دەڵێن تۆ لای ماڵێکی عەرەب بوویت؟! لەبەغدا تاکو ساڵی ١٩٩٥ چۆن کەوتیتە لای ئەو ماڵە؟**

باش بیرم نایەت چۆن کەوتومە لای ئەو ماڵە عەرەبە، من ساڵێك لەشوێنێك لە ابو غریب سجن بووم، پێیان دەوت (احداس) کەتایبەت بە سجنی منداڵ، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کەرەفتارو شتی خراپێان دەکرد .

**ئینجا تۆ شتی خراپت کردبوو؟ لەبەر ئەوە بردیانی بۆ سجن؟**

نا هەرگیز من شتی خرابم نەکردبوو، من لەدوای ئەنفال کەتەنها مابومەوە لە سەرجادەکان بوم جاریك پولیس هاتوو بردمیان بۆ ئەو سجنە چونکە پۆلیسەکان کە زانیان من زمانی عەرەبی نازانم یەکسەر بردمیان .

**ئەی ئەوماڵە عەرەبە چۆن ولەکوێی تۆیان**

دۆزیەوە ؟

ئاکو / کاتێ ٣ ساڵ لەهەتیوو خانە بووم ئیتر رام کرد، لە هەتیوخانە لەخۆمەوە لەبان شارعکە سواری پاسێکی دووقات بووم ئیتر بردمی بۆ ناوچەی ( سەورەی بەغدا دامینا ئیتر ئەو کابرایە هات بۆلام وکۆمەڵیك پرسیاری لێم کردوو، وتی دەدبەمەوە بوهەتیوخانە منیش زۆرگریام، وتم لێم دەدەن ئیتر کابرا بەزەیی پێمدا هاتەوە، بردمیەوە بۆماڵ خویان دوایش رۆیشت بۆ مەحکەمە داوای کرد من بە خێوە بکات.

**باشە چۆن ڕات کرد لەو هەتیوخانەیە پاسەوان و شتێی نەبوو ؟**

تەنها یەك پاسەوانێکی هەبوو رۆژێك فرسەتم هێناو ڕام کرد.

**ئەو کاتە دەتزانی دایكوباوكو براو خوشکەکانت چییان بەسەرهاتووە ؟**

ئاکو / نەبەخوا نەمزانی دایك و باوك وبراو خوشکەکانم ئەنفال کراون .

**ئەی ئەو ماڵە عەربە پرسیاریان لێت نەکرد کە کەس وکارت لە کوێی وخەڵکی کوێی؟**

پرسیاریان کرد من هیچم نازانی بەس ناوی خۆم وباوکم وبابەم ئەزانی و تاکو ئیستا شێوەی دایکم هەر لە بەر چاوە .

**ئەی مامەڵەی ماڵەکە چۆن بوو لەگەڵتا؟ قەت نەیانەوت تۆ کەست نییە وە کوڕی ئێمە نیت ؟ خاوەن ماڵەکە جیاوازی نەدەکرد لە نێوان تۆو منداڵەکانیاندا ؟**

ماڵەکەو منداڵەکانی زۆر باش بوون لەگەڵم دا، هیچ جیاوازیەکیان نەدەکرد لەنێوان منومنداڵەکانی تریاندا، کور و کچیان هەبوو وەکو برا سەیرمیان دەکرد، باوك و دایکیان وەکو مناڵی خۆیان سەیرمیان ئەکرد.

**خزمەکانی ماڵە عەرەبەکە نەیانەوت ئەم منداڵە هی کێیە چیدەکات لێرە ؟**

خزمەکانیان هەقیان نەبوو لەخاوەن ماڵەکە، چونکە لەرێگای مەحکەمەوە منیان هێنابووە لای خۆیان .

**تۆ دەڵێی لەرێگای محکەمەوە منی هێنابوو لای خۆی وە خزمەکانی هەقیان نەبووە لێی؟ باشە تۆی کردبوو بەمنداڵی خۆی لە نفوس؟**

بەڵێ منی نەکردبوو بەمنداڵی خۆی لەنفوس بەڵام وەکو منداڵێکی خۆی خزمەتیان دەکردم.

**دەکرێ بزانم ئەو کابرایە ناوی چی بوو ؟**

ناوی مجید الکوردی بوو .

**کەواتە ئەم کابرایە کورد بوو، چونکە بەناو نیشانەکەی کورد دیارە ؟**

بەڵێ خۆی لەبنەرەتدا کوردی فەیلی بوو .

**پ/ئەی دوایی چۆن هاتیتەوە بۆ ئێرەو کەسوکارت دۆزیەوە ؟**

ژنێکی ئامۆزای باوکم شووی کردبوە کابرایەکی عەرەب لەبەغدا، ناوی موسنی عەرەب بووە، موسنی برادەرێکی هەبووە خزمی کاك مجید بووە ناوی دایکی سلامە بووە، لەمصرف رەشید فەرمانبەربووە، دایکی سەلام لای موسنی باسی ئەوەی کردبوو کەماڵی مجید کوردی خزمیان منداڵێکی کورد بەخێوە دەکەن وناوی (ئاکو عزالدین اسماعیل)ە، موسنی هاتەبوو لە ماڵی خۆیان باسی کردووە، لای ژنەکەی کە ئامۆزای باوکم بوو، ئیتر هەستی کردبوو ئەم منداڵە منم، ئیتر داوای وێنەیەکی منیان کربو لەماڵی کاك مجیدیش ئەو وێنەیانە دابوو پێیان ئیتر وێنەکەی منیان هێنابووە بۆخزمەکانمان و مامۆستا احمد ومیمکم . وتبوویی ئەمە ئاکۆی کوڕی عزالدین برامەو منداڵە بچوکەکەیانە، ئیتر هاتنە سەردانم ومنیان لەماڵی کاك مجید بینی میمکم یەکسەروتی ئەمە ئاکوی برازامە، چونکە دوو نیشانە لەگیانیا هەیە بانی لوتی شکاووە نیشانەیەك لەسەر پشتی هەیە ئیتر کە نیشانەکانی راست دەرچوون، خزمەکانمان هاوردمیانەوە بۆلای خۆیان .

**باشە تۆ چۆن بڕوات کرد کەئەمە میمکتە ؟**

هەرکەبینیم باوشم کردە میمکمە .

**هەستی خۆت و میمکت چۆن بوو ئەو کاتەی دەستت کردە ملی ؟**

یەکسەر میمکم دەستی کرد بەگریانومنیش زۆرخۆشحاڵ بووم .

**باشە ماڵەکە چۆن قەبوڵیان کرد تو بچیتەوە؟**

هەرچەنێك ماڵەکە پێیان ناخۆش بوو، بەڵام لەوەیش دەترسیان کەمن عەسکەری لەبەردەمم دابو وە هیچ شتێکی وام نەبو وەکو جنسێ.

**پ/کەهاتیتەوە ساڵی ١٩٩٥ بۆدووز حکومەتی بەعس لە دەسەڵاتدا بوو، هیچ کێشەیەکت بۆت دروست نەبوو کەتۆ چۆن ماویت ؟**

مامۆستا احمد خۆی محامیە زۆر بە نهێنی جنسێی بۆم دەرکرد، کەمن جنسیم دەرکرد، حکومەت چی بکات؟ حکومەتی بەعس کێشەی بۆ ماموستا احمد دروست کرد، بەڵام خۆی کیشەکەی چارەسەرکرد

**بەسەرهاتەکەی تۆ زۆردرێژە دەکرێت کتێبێکی لەسەر بنوسرێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا چیرۆکێکە هیچ ماوە بیڵێیت؟**

زۆربەی شتەکانم بۆت باس کرد تا وەکو لەبەغدا بووم هەر ئەوەندەیە بۆتم باس کرد ئەوەی لە بیرم بێت .

**کەتەنها بویت هاتیتەوە بۆ دوز چۆن ژیانت دەبردە سەر ؟**

تا ساڵی ٢٠٠١ لەماڵی مامۆستا احمدبووم، ئیتر وازم لەخوێندن هێناو چوم بۆ کوردستان.

**ئەی ئێرە کوردستان نیە؟**

ئاکۆ/ با بەڵام مەبەستم دەسەڵاتی کوردستانە، ئەوکاتە ئێرە بەعسی دەسەڵاتداربوو.

**باشە کە تۆ هاتیتەوە تەمەنت گەورە بوو چۆن وەرگیرای لەقوتابەخانە ؟**

تەمەنمیان بچوك کردوە بۆ ١٩٨٨ کە لەبنەرەتدا ١٩٨٤ بووم مامۆستا احمد لە گەڵ مامۆستاکانی قوتابخانەکە قسەی کردبوو مەسەلەکەی منی بۆیان باسکردبوو بەنهێنی لای مامۆستا هاورێکانی ئیتر وەرمیان گرد.

**وتت ساڵی ٢٠٠١ رۆشتم بۆ کوردستان چویت بۆ کوێ ولەوێ لەلای کێ بوی ؟**

چوم بۆ لای خزمەکانم لە کەلار، بۆ لای ئامۆزاکان باوکم تاکو پرۆسەی ئازادی عێراق گەرامەوە بۆ دوز، کە لە کەلار بووم لەمەڵبەندی ١١ی گەرمیان دامەزرام، وەك کارمەندی بەشی راگەیاندن و روناکبیری مەڵبەند وە کاك محمود سەنگاوی لیپرسراوی مەڵبەند بوئەو کاتە ( ٥٠ ) وەرەقەی بۆم وەرگرت، حکومەتی هەرێم سلفەی عقاری داپێم وکردمە خانوو وتەنها خۆم لەوخانوەدا بووم .

**باشە ئەو کاتە ژنت نەهێنا بوو ؟**

لەدوای پرۆسەی ئازادی ساڵی ٢٠٠٦ ژنم هێنا، بەهاوکاری مامۆستا احمد وخزمەکانم زۆر سوپاسیان دەکەم.

**هیچ رێکخراوێکی نێو دەوڵەتی یاخود ناوخۆییەکانی کوردستان هاوکارێتیان کردووە ؟**

هیچ رێکخراوێك هاوکاریمی نەکردووە .

**بەرای تۆ پێویستە ساڵانە یادی ئەنفال بکەینەوەتا لەبیری نەکەین؟ یاخود پێت باشە یادی نەکەینەوە بۆ ئەوەی لەیادی بکەین؟**

من حەز ئەکەم ساڵانە یادی بکەینەوە بۆئەوەی خەڵك بزانن حکومەتی بەعس چی بە کورد کردووە .

**حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەندە توانیوێتی خزمەتی کەسوکاری ئەنفال بکات ؟**

حکومەتی کوردستان خزمەتی کەسو کاری ئەنفالی کردووە، بەڵام وەك پێویست نەبووە، لەئاست قوربانیانی ئەنفالدا ، حکومەتی کوردستان سەد ئەوەندەی تر بکات هێشتا کەمە، چونکە خەڵك هەیە بنەماڵەیەکی رۆیشتووە یەك کەسی ماوە حکومەت چی بۆ بکات کەمە ، ئەنفال بەدەم ئاسانە ئەگەر بچیتە ناو روداوەکانیەوە کارەساتە.

**دەسەڵاتی کوردی بەهەمو دام ودەزگاکانیەوە حیزبی و حکومی هەتا رێکخراوەکانیش تاچەندە رێز لەکەسوکاری ئەنفال دەگرن ؟**

بەرای من لە ٣٠٪ لەدەسەڵات داران رێز لەکەسوکاری ئەنفال ئەگرن، چونکە بۆیادوبۆنەکانی تر، کەزۆرگرنگیش نیە کەچی زۆر بایەخی پێی دەدەن، بەڵام یادی ئەنفالو هەڵەبجە وانیە .

**هەندێك کەس باسی ئەنفال دەکەن وە بووتە بنێشتە خۆشەی دەمیان پێت وانیە خەڵکانێك هەبن بازرگانی بە ئەنفالەوە بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان ؟**

بەڵێ وایە هەندێك کەس بازرگانی بە ئەنفالەوە دەکەن، وە هەندێك کەس زۆر رێز لەکەسوکاری ئەنفال ئەگرن.

**پێت باشە حکومەتی هەرێمی کوردستان روفاتی ئەنفالکراوەکان لەگۆرە بەکۆمەڵەکاندان لەخواروە ناوەراستی عێراق، بگەرێنێتەوە بۆ کوردستان و مونومێنتیکی شایستەیان بۆبکات ؟**

بەڵێ پێم باشە بگەرێنرێنەوە، مونومینتی شایستەیان بۆ بکرێت بۆئەوەی هەموساڵێك لەکوردستان سەردانی کەسوکارمان بکەین، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتووش بزانن چی بەسەرمیللەتەکەی هاتووە وە ساڵانە لای ئەو مونومینتە یادی بکەینەوە

**لە دوای ئەوەی سەدام ئیعدام کرا هەستت بە چی کرد ؟**

هەستم بە خۆشیەکی زۆر کرد کە گەیشتە سزای خۆی .

**ئێمە هیچ شتێکمان نەماوە ئەگەر تۆ شتێکت مابێت ؟**

من سوپاسی جەنابتان دەکەم بۆ ئەم دیدارە, وە زۆر سوپاسی مامۆستا احمد و خزمەکانم دەکەم , وە سوپاسی برادەران لە مەڵبەندی ١١ی گەرمیان دەکەم , وە سوپاسی بەرێز کاك محمود سەنگاوی دەکەم وە کاك رزگار حاجی مجید لە مەڵبەندی ١١ی گەرمیان وە بەرێز گوڵاڵەخان لە گەرمیان وە مامۆستا وصفیە خان لە خانەقین کە هەمو کات هاوکاریان کردووم وە زۆر سوپاسی هەڤاڵ مام جەلال دەکەم بۆ خەمخۆری و دڵسۆزی بۆ کەس و کاری ئەنفال و شەهید کە هاوکاری کردوم وە رێزی زۆرم هەیە بۆ کەسو کاری ئەنفال کراوکان و شەهیدەکان وە زۆر سوپاسی برادەرانی مەڵبەندی ١٦ی حەمرین دەکەم.

# حەسەن ئەحمەد
# هەرمەپرسە من هەموو لەشم دارزیا.. ئێستا ئاوا مەم بینە

ئەنفالستان

ئەو کاتەی کیمیابارانەکەی سێوسێنان کرا من پێشمەرگە بووم لەلای کاک فایەق گولپی، ئەو رۆژەی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەش کرا من لەبەری بەلەکجاربووم، هاتمەوە بۆماڵ رۆژی ٣/١٦ تەیارەکان زۆر بەنزمی لەسەر سێوسێنانەوە دەرۆیشتن بۆ هەڵەبجە، ئەوەندەی نەبرد کەبۆمبارانەکەی هەڵەبجەمان بیست، ئەویش لە رێگەی کاک فایەق گولپیەوە بوو، زۆر ماتو بێتاقەت بوو، لێم پرسی دکتۆر ئەوە بۆچی وا ماتو بێتاقەتی، هیچی نەووت تومەس ماڵو خزمو کەسوکاری زۆر تێداچووبوون.

واتە دکتۆر فایەق دەیزانی کەسوکاری بەرگازی کیمیاوی کەوتوون؟

بەڵێ دەیزانی .. ئیتر ئەو هەرماتو بێزاربوو، ناهەقیشی نەبوو، جارێکی تر لێم پرسیەوە ووتی: شتێکی وا رویداوە بەڵام بەکەس مەڵێن باخەڵکەکە ورەبەنەداو نەروخێ. ئێمە خەمی هەڵەبجەمان بوو ئەوەندەی نەبرد لەخۆشمان قەومیا، رۆژی ٢٣/ ٣ ئێوارەکەی من لە سێوسێنان بووم کاک دکتۆرمنی ناردەوە بۆماڵ وووتی : حەسەن برۆرەوە بەیانی شتمان بۆ بێنە بۆ خەستەخانەکە، من زوو دەهاتمەوە بۆ سێوسێنان شتم بۆ خەستەخانەکەی شۆرش دەکڕیو دەگەڕامەوە بۆ بەلەکجار، ئیتر ئەمە ئیش من بوو، هاتمەوە شتەکانم کڕیو رۆیشتمەوە بۆ ماڵو حازرم کرد بۆئەوەی بەیانی کەلوپەلەکە بەهێستر بەرم بۆئەوبەری بەلەکجار. دوایی لەماڵ هاتمەدەر، بەنیازبووم بچم گۆشت بکرم، عوبید خاڵۆزام بوو، ووتی: بەخوا ئێوارە لێرەنان دەخۆیت، هاوماڵو دراوسێ بووین، نەیهێشت ووتی: ئێوارە لەیرەیتو تەواو، ئێوارەعان نانخواردن بوو کەدووسێ زرمە هات، بەمناڵەکان عوبیدم ووت: مەترسن هیچ نیە،چونکە قومبەلەکان دەنگیان زۆر نەبوو، من لەژوورەوە بووم (مەلیح ) ژنی عوبێد بەراکردن هاتو هاواری کرد ووتی: کاک حەسەن فریاکەوە عوبید مرد، منیش لەماڵەوە لەژێر خانەکە مەلجێ (ژێر زەمین) یێکی تۆکمەوقایمم دروستکردبوو.

بۆچی دەتزانی قەسف دەکرێن؟

ئەی ئێمە هەموو رۆژ قەسفمان لەسەربوو،رۆژانە بەتۆپو راجیمەو کۆپتەر قەسف هەر هەبوو، لەبەر ئەوە مشورمنداڵەکانم خواردبوو. بێنەوە سەر قسەکانی خۆمان عانی بۆمبارانەکە ئێوارە بوو کاتی نانخواردن کە قومبەلەکان دای لە سێوسێنان، کە بەمنداڵەکان عوبیدم ووت مەترسن من چوزانم کیمیاویە، تومەس قومبەلەیەك داوێتی لە نزیك مەلجەئەکەی ماڵان جا ئەو بۆمبی کیمیاویە دەنگی زۆرنیە، رامکردە دەرەوە بەدەم هاوری مەلیحەوە رۆیشتم، تەماشادەکەم عوبید بەدەما کەوتووە، بەڵام هیچ خوێنی لێنەهاتووە، کورەگەورەکەم هات بۆلام "...بەهەناسەکی ساردەوە " ناوی (هێمن بوو) جا کاک دکتۆر فایەق پێی ووتبووین : ئەگەر کیمیاوی رژا راکەن بۆ شوێنی بەرزو چەفتەیەکی تەربدەن بەخۆتاندا ترسی نیە من بیرم لەوە دەکردەوە راکەین بۆ بەرزایی، چونکە زانیم کیمیاوی‌یە بەڵام تاگەیشتمە ماڵ هێمنم لەگەڵدا بوو، بەخوا یەکدوو جار چاوم هەڵگلۆفت هەستمکرد وەزعم خراپە، ئەوەندەم ئاگا لێبوو منداڵەکان هەموو هاتبوونە دەر ، کچێکم هەبوو تەمەنی (٣)مانگ بوو، هەرلەناو بێشکەکەیا خنکابو، ئەومردبوو، دایکمو خوشکێکی ترم هەرلەویا مردبوون، منیش وردەوردە چاوەکانم کزبوونو کوێربووم.

واتە خۆشت بریندازی کیمیاویت؟

کورە کاک عومەر هەرمەپرسە من هەموو لەشم دارزیا.. ئێستا ئاوا مەم بینە، من داغان ببووم، هەموو ئازای بەدەنم هەلا هەلا بوو، ئیتر منیش بەو وەزعەوە چیم پێنەکرا، کارەساتێکی گەورەمان لێقەوما، هەرلە ماڵی



خۆمان (١٧) کەس شەهید بوون، ژنەکەمو سێ منداڵ کورەگەورەکەم (هێمن، کچە بچکۆلەکەم شادی، کورە ناوەنجیەکەم ) دەرودراوسێش کە رایانکردبوو بۆ مەلجەئەکەی ماڵی ئێمە کەسیان نەگەیشتبوونە مەلجەئەکە هەموویان مردبوون، تەنها ماڵی عوبید گەیشتبوونە مەلجەئەکە، بەڵام لەو کاتانەدا مەلجەئەکە لە هەموو شوێنێك خراپترە. ماڵی باوکیشم هاتبوون، ئەوانیش پێوە بوون، ئینجا پێشمەرگە هاتن کە زانییان سێوسێنان کیمیایی لێی داوە هاتن بەدەنگمانەوە عەلی رەشە تووتەو ئەوان لەوێ بوون، هەواڵی منیان پرسیبوو حەسەن چی بەسەرهاتووە؟ ((خەسوم خوا عافوی بکات پارەکە بەکارەساتی سەیارە وەفاتی کرد، ژنێکی زۆر قارەمان بوو، هەتا لە دادگاکەش بەرەو رووی صدامو عەلی کیمیاوی قسەی کرد)) ووتبووی واللە ئەوەتا لەو لاوە کەوتووە، دکتۆر فایەق پێشمەرگەی ناردبوو ووتبووی هەرچی برینداره بیهێنن بۆ ئێرە ، کە بردمیان بۆ بەلەکجار لەوێ شۆردیانمو تەداویەکی باشیان بۆکردبووم.

تەداوی باش وەکو چی ؟ بۆ کیمیاوی تەداوی باش کوا دەست دەکەوت؟

بەڵێ داویی دکتۆر فایەق پێی ووتم : ١٣٠ دەرزیم بۆکردوویت، خۆمن نەچاوم دەبیناو

نەهەناسەشم بۆ دەدرا، هیچ وەزعم نەمابوو، عوبیدیش لەوێ تەداوی بۆکراو باشتر بوو، ئیتر باقیاتی ماڵی ئێمەو عوبید هەموویان تێداچوون عوبید ژنەکەیی‌و (٦)منداڵی هەر ئەو ئێوارەیە مردن.

دوایی سواری هێسترێکیانکردم بەبریناری هێنایانم بۆ ئەستێل لەوێشەوە بۆ سلێمانی، من ماوەیەکی زۆر لێرە بەو حاڵەوە بەبرینداری مەخفی بووم، لەماڵی پورزایەکم لەبەکرەجۆ رۆژی مەنع تجولەکە لەناو زەرعاتدا شاردیانمەوە گوێم لەدەنگی تەیارە بوو، ووتیان شوێنەکەت زۆر باشە سلێمانیان تەواو کرد ئێستا دێن بەکرەجۆش دەگەرێن. شوێنەکەت باشەو خەمت نەبێ، بەڵام ئەوە ژیان نەبوو، هەرچەندە کۆمەڵێك خزمم هەیە زۆر هاوکاریان کردم، بەتایبەتی ماڵی حاجی عەلی قەرەداغ خاڵۆزای خۆم بوون. هەروەها زۆر مەمنونی کاك( دکتۆر جەمالم ) هەموو رۆژێ خۆی دەهات تەداوی دەکردم، دەیگوت مەیجوڵێنن خۆم دێم بۆلای ئەوە لە کاتی بەعسدا کەم نەبوو، ئێستا وا لەخەستەخانەی منداڵان دەوام دەکات، بەراستی مەمنونیم، زۆر مەرد بوو.

ئێستا سەردانی دەکەیت؟

والله سەردانی دەکەم، بەڵام جاری واهەیە عیادەکەی ئەوەندە قەرەباڵغە ناکرێت تۆش بچیت لەوێ سەردانی بکەیت. بەڵام سەردانیشی نەکەم من چاکەی لەبیر ناکەم هەتا دەمرم مەمنونی ئەو پیاوەم. ئیتر برا بەو هەموو برین‌و نەگبەتیەمەوە مامەوە هەتا ساڵی ١٩٩١.

ئەی دوای راپەرین وەزعت چۆن دەگوزەرێ ؟

وەزعمان چۆن بێت وەالله هەتا خوا حەزکا خراپە، ئەی کاکە تۆ ئەو هەموو مەینەتیەو ئەوهەمەوو قوربانیە بدەی، بەخوا تازە خانەنشینیەکی پێشمەرگە یان بۆم کردووە، مانگی ٢٥٠٠٠٠ دوسەدو پەنجا هەزار دینار وەردەگرم، ئێستاش لەشەهیدان دەڵێن ئەوەی لەسێ ئەنفال یان کیمیابارانکراوی زیاتر هەبێت دوو موچەی دەدەنێ، بەخوا هەتا ئێستا یەك شەهیدیان بۆم نوسیوە من شەش شەهیدی کیمیابارانم هەیە ئەمە کەسە نزیکەکانی خۆم. بێجگە لەقەومو قیلە ١٧ کەسمان شەهید بوون.

# لەسێوسێنانەوە هەر وام بەرێگای سلێمانیەوە



لەوەتای لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوانی سلێمانی دامەزراوم، هەمیشە پیرە ژنێك دەبینم ، بەرێگەی ئەم فەرمانگەوەیە، لەدوا رژەکانی نزیکبونەوەی دەرچوونی ئەم ژمارەیەی ئەنفالستان، ئەم پیرە ژنە شەکەتم، لەسەر قادرمەکانی نهۆمی دووەمی بەرێوەبەرایەتی بینیەوە، دوای هەواڵ پرسینی، ئاوا وەڵامی دامەوە: کورە چۆن بین، خۆ ئێوە هیچتان بۆنەکردم، ئەی ئەوەتای تۆ دەمبینی من لەسێوسێنانەوە هەر وام بەرێگای سلێمانیەوە، کێشەی ئەم پیرەژنە ئەوەیە کو دوای ئەوەی کورێکی لەکیمیابارانەکەی سێوسێنان شەهید بووەو ئێستا بەشەهیدی هاوڵاتی تۆمارکراوە، شەهیدی موچەی ٩٠٠٠٠ وەردەگرێ، بەڵام شەهیدی کیمیاباران موچەکەی ٣٠٠٠٠ دینارە، ئەم ژنە جگە لەوەی ئێوارەی ٢٢ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ بەبۆمبارانەکە گیان لەدەست دەدات، پیاوەکەشی بەنیازی رزگارکردنی منداڵەکانی تری بەر لە دەستپێکی پەلاماری ئەنفالی دوو بۆسەر ناوچەی قەرەداغ، بەلاپاڵی چیاکاندا دێت بەرەو شاری سلێمانی تا بتوانێ لەناو شار سەرپەنایەك بۆ منداڵەکانی بدۆزێتەوەو بیان شارێتەوەو منداڵەکانی تریشی لەدەست نەچن، بەڵام کابرا لەنزیکی شاخی گڵە زەردە دەکەوێتە بۆسەی هێزەکانی تەواری سلێمانی نیەوە کە سەربەدائیرەی ئەمن بوون، ئیتر دەیبەن بۆتەواری‌و دواجاریش لەگەڵ کۆی ئەوخەڵکانەی تر قۆناغ بەقۆناغ دەیبەن هەتا نوگرە سەلمان‌و دوای ٧ مانگ ئینجا بەردەبێ بەشەکەتی دەگەرێتەوە، هاتوچۆی پیرەژنە بۆ بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان، بۆئەوەیە کورەکەی بکاتەوە، بە شەهیدی کیمیاباران، لەکاتێکدا کورەکەی ئەمیش لەهەمان ئێوارەدا گیانی لەدەستداو دواتر لە گوندی کۆشکی خوارو نێژراوەو دواتر هێنراوەتەوە بۆ ئەو گۆرستانەتایبەتەی رێکخراوی میدکۆ بۆ قوربانی ئەو تاوانەی سێوسێنانیان دروستکردووە.

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەم پیرە ژنەماندووە وێرای ئەوەی خەڵکی گوندی سێوسێنانەو قوربانیەکی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ی دەستی بەعسە، هێشتا لەگوندەکەی خۆی کە تازە کراوە بەناحیە، بەکرێچێتی ژیان بەسەردەبات.

باوکی لاس

# چەند مەرجێك بۆ لە سێدارەنەدانی سوڵتان هاشم

دارا محەممەد عەلی



دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال و ئەو مەوقعەی دۆسیەی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا وەریگرت ، بەبێ لەبەرچاگرتنی هەر جۆرە دەرەنجامێك یەکێکە لەو دەستکەوتە گەورە نەتەوەییانەی کە کورد ساڵانێکە لەرێگەی چەندین کەناڵی جۆراوجۆرەوە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، ئەگەرچی ئەو هەوڵانە کەم تازۆر دەرەنجامی باشی هەبوو ، بەڵام لە سەرئاستی ناوخۆی عێراق و لەو چوارچێوە یاساییەدا شتێکی تازەبوو. بەمانایەکی تر لەرێگەی گوێزرانەوەی کەیسی ئەنفال لە ناو چوارچێوەی خیتابی سیاسی و جەماوەری و هەندێ هەوڵی دیبلۆماسیەوە بۆ ناوچوارچێوەی یاساو دان پێدانانی لەلایەن هاورەگەزەکانی ئەنجامدەرەکانیەوە سیماو هەیبەتێکی یاسایی و نێوبانگێکی گەرەترو نێودەوڵەتی وەرگرت.. ئەڵبەتە هەروەك باسمانکرد پێش ئەو بەروارەش ئەنفال لەسەر ئاستی دنیا بێ پێگەو جێگە نەبوو، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆو لەلایەن بەشێك لە میراتگرەکانی بەعسەوە کە تائێستاش نفوزێکی کارگەریان لە ساحەی سیاسی عێراقدا هەیە مەسەلەیەك بوو بەردەوام لەبەردەم هەرەشەی نەناسین و نکۆڵیلێکردندا، خۆی دبینیەوە.

دیارە هەیبەتی کەیسەکە تەنها لە قەبارەو جۆری سزای ئەنجامدەرەکانیدا کۆنەبووەتەوە، بەقەد ئەوەی کە هێزی خۆی لە سیما یاسایی و نێودەڵەتیەکەیەوە وەردەگرێ.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین ئەو کاراکتەرو ناوانەن کە وەك تاوانباری سەرەکی جینۆسایدەکە لە لایەن دادگاوە سزایان بۆ دەستنیشانکرا. بەتایبەتیش سوڵتان هاشم. ئەمەش وامان لێدەکات بۆ زەمەنێکی کورتی پێش دادگاییکردنەکە بگەرێینەوەو بەدوا ی ئەو ناوانەدا بگەرێین کە ئەو دەمەو بگرە تائێستاش لە زهنی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردی و بەتایبەتیش کۆمەڵگای ئەنفالدا تاوانباری سەرەکین. بێجگە لەوەش بەدوا ی تاوانبارە راستەقینەکاندا بگەرێین جا چ ئەوانەی کە ناویان بوەتە وێردی سەر زمان یاخود ئەوانەی کە تائەم ساتەوەختەش کەس ناوی نەهێناون و نەناسراون. لێرەشدا دەبێ بپرسین تاوانبارانی ئەنفال کێن؟ ئایا تەنها ئەوانەن کە راپێچی دادگا کران و سزادران؟ هەر ئەوانەن کەلەنێو زاکیرەی ئێمەدا وجودیان هەیە؟؟ یاخود دنیاك تاوانبار بە نەناسراوی و لەپشت پەردەی ناوهێنانەوە ئامادەن؟ لەراستیدا وەڵامەکان زۆر رون و ئاشکراوبێ چەندو چوونن.بەهیچ کلۆجێك رێی تێناچێ تاوانی زیندەبەچاڵکردنی ١٨٢ هەزار مرۆڤی بێ تاوان بدەینە پاڵ چەند دەم و چاوێکی دیاریکراو. راستە بریاری پاکتاوکردنەکە راستەوخۆ لەلایەن ئەوانەوە دەرچووە و هەرئەوانیش پاڵەوانی ئەنجامدانی قەتڵ و عامکردنەکە بوون، بەڵام چی بەوهەموو دەست و پێوەندە دەوترێ کە پێ بەپێ شاڵاوەکەیان جێبەجێکرد؟ ئەی ئەو هەموو جاش و سەرۆك جاشەی کە رێنیشاندەری بەعسیەکان بوون و دواتریش بە شانازیەوە سەرکەوتنیان راگەیاند؟لەراستیدا ژمارەیەکی هێجگار گەورەی تاوانبار لە پشت کەیسی ئەنفالەوە ئامادەیە، بەرادەیەك توانای ئەوە نییە سەرجەمیان بە سزای خۆیان بگەیەنرێن. بۆیە بەناچاری دەبێ تەنها رەمزەکانی ئەم تاوانە سزا بدرێن. ئەی ئەو رەمزانە کێن؟ هەر عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و حسێن تکریتین؟ من دەپرسم پێش دەستپێکردنی پرۆسەی دادگاییکردنەکە لەو سێ کەسە بێجگە لە عەلی حەسەن کامیان رەمزی تاون بوو بەلای کوردەوە ، مەبەستمان لەم دەربرینە سوککردنی باری شانی ئەوتاوانبارانە نیە. داوا دەکەم لە ناوکەسو کاری ئەنفالدا بەتایبەتیش ئەوانەی بەرێکەوت دەربازبوون و لە نوگرەسەلمان گەراونەتەوە راپرسیەکی ورد ئەنجامبدرێت و ناوی سوڵتان هاشم و حەجاجەکەی نوگرەسەلمانیان بخرێتە بەردەست بزان کامیان بۆ لەسێدارە دان هەڵدەبژێن؟ ئەی کەواتە بۆچی بۆ دۆزینەوەی حەجاج و دادگاییکردنی هیچ جۆرە جم و جوڵ و خۆپیشاندانێك رێکنەخرا؟ تۆ بڵێی دۆزینەوەو دەستگیرکردنی حەجاج لە هی سەدام و ئەوانی تر قورسترببێت؟ ئەگەر سوڵتان هاشم لە سێدارە نەدرێ چی روودەدات؟ ئەی ئەگەر لە سێدارە بدرێ چی؟ ئایا لەسێدارەدانی سوڵتان هاشم ئەو برینانە سارێژدەکات کە ئەنفال دروستی کردون؟ ئایا مەسەلەکە بەهێزتر دەکات؟ دیارە من نامەوێ بەرگری لە سوڵتان هاشمێك بکەم کە نەك تەنها لە شاڵاوی ئەنفالدا بەڵکو لەتەواوی تاوانەکانی تری ئەم وڵاتە بەشدار بووەو دەستی بە خوێنی هەزارەها مرۆڤی بێتاوان سورە. من خوازیاری ئەوەم کە نەك تەنها سوڵتان هاشم بەڵکو دەیانی تری وەکو ئەو کە هەندێکیان ئێستاش پۆستی گرنگی عێراقیان هەیەو بەردەوامن لە سیاسەتی دژرایەتیکردنی کورد بە سزای تاوانەکانیان بگەن، بەڵام ئاشکرایە کەلەنێوان ئاواتەکانی ئێمەو واقعی ئێستای عێراق جیاوازی زۆر هەیە. من لەو بروایەدام کە مەسەلەی راگرتنی سزای لە سێدارەدانی سوڵتان هاشم پەیوەندی بەرازیبوون یان رازینەبوونی کورد بەتایبەتیش سەرۆك

کۆمارەوە نییە . ئەگەر پێداگری کورد لە عێراقدا لەسەر مەسەلەکان ئەوەندە کاریگەربا بێگومان لەسەر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ پێداگیری دەکرا.بۆیە نەك تەنها سەبارەت بەم بابەتە بەڵکە بەشێکی زۆری هەڵوێستی کورد لە عێارقدا پەیوەندی بەهەڵوێستی ئەمریکاوە هەبووە.. زۆرجا ئەوەی ئەمریکا پێی باش بووە ئێمەش پێمان باش بووە، بە پێچەوانەوەشەوە هەروا بووە.بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن بتوانین سود لەو داواکاریانەی لایەنی بەرامبەر وەربگرین و وەکو کارتی فشار بەکاریبهێنین؟ رونتر بڵێین چۆن بتوانین سود لە جێبەجێنەکردنی سزای لە سێدارەدانی سوڵتان هاشم وەربگرین. لەکاتێکدا لە سێدارەنەدانی مانای ئەستۆپاکی ئەو نییە، ئەمەسەرەرای ئەوەی کە هەم عەرەبی سونەو هەم ئەمریکا زۆر بەسەختی بەرگری لێدەکەن و بگرە بریاری خۆشیان داوە. ئایا جێی خۆی نییە لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەم بابەتە لە هەڵچونی عاتفی خۆمان دوور بگرین و واقعیانە مامەڵە بکەین؟ سوڵتان هاشم بمرێ یان زیندوو بێت دادگا تاوانەکەی بەسەردا سەپاندووەو ئەنفال وەك جینۆساید ناسراوە، بۆیە بەراگرتنی ئەو سزایە هیچی ئەوتۆ ناقەومێ، ئەوەشی تێبینی دەکرێ داواکاری عەرەبەکان بۆ بەزیندوێتی هێشتنەوەیەتی نەك بێتاونکردنی . سوڵتان هاشمیش یەکەم و دواکەس نیە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ نەکرێ (ئەگەر ئەو داوایە سەربگرێ) بەڵکو لەبەشێکی زۆری دەوڵەتانی دنیا ئەو سزایە هەڵگیراوە.بەبروای من پێویستە کورد لەبەرامبەر لە سێدارەنەدانی سوڵتان هاشم کۆمەڵێك داواکاری گرنگی خۆی بێنێتە دی و ئەم مەسەلەیە وەکو کارتێکی فشار لەبەرامبەر هەمواکردنی ئەو مادە دەستوریانەی کە سونەکان داوای دەکەن و زیان بە ئێمە دەگەیەنن و هەروەها چەسپاندن و دیاریکردنی سنوری هەرێم و گێرانەوەی دەستوریانەی کەرکوك بۆسەر ئەو سنورە بەکار بهێنێ.گرنگ ئەوەیە کورد بتوانێ وەك مەرجێك لەبەرامبەر زیندوومانەوەی سوڵتان هاشمدا بەشێك لە فشارەکانی عەرەبە شۆفێنیەکان بۆسەر کوردستان بمرێنێ . تەنها بەمەش لە سێدارەنەدانی سوڵتان هاشم نیگەرانی لای خەڵکی کوردستان دروست ناکات.

## نیهایەت ئەحمەد زەنگەنە:
## ئێوە یەکەم کەسن کەلێم دەپرسن.. باس ژیانی خۆمتان بۆدەکەم، هیوادارم هەموو جیهان بزانی ئێمە چیمان بەسەرهات

دیداری: خەلیل گەرمیانی

لە وەختی ئەنفالدا لە کوێ بوون ؟

لەبنەرەتدا خەڵك گوندی قەرەوەیسش بووین سەر بەناحیێ قادر کەرەم.

ئەوەکاتەی ئەنفالەکە کرا بەبیرت دێت؟ تەمەنت چەندە بوو؟

بەڵێ بەیرم دێت تەمەنم ٩ ساڵان بوو، لەگەڵ باوکمو خوشکێکم بەناوی مریەم بەیانیەکی خۆرکەوتن بوو، رۆیشتین بۆ گوندی ئوسمالە، لەنزیك ئۆمەرەگەدەو قەرەویس، گوندێکی ناسراومان بوو، خواردنیان داپێمان، خێزان خێزان و جیاکرایانەوەو بەسوار سەیارە ئیڤەی عەسکەری بوو، بردمانیان بەرەو لەیلان، لەویا بەرەڵایانکردینو ووتیان دورۆژی تر باوکتو ئەوانتریش بەرئەبن، ئێمەیش رۆیشتین بۆ ماڵ خاڵۆم بۆلای دایکم لە لەیلان.

چەند کەستان ئەنفالکراون؟

لەخێزان خۆمان پێنج کەسمان ئەنفالکریاوە، ( ئەحمەد مەلا تایەر، ئەوە باوکمانە، عەزیز مەلا تایەر ئەویش مامەمە، ناسیح سابیر ئامۆزامە، یسف سابیر هەر ئامۆزامە، بەشارەتیش هەر کور ئەو مامە سابیرەمە ئامۆزامە) .

ئەی دوای ئەوە تۆ کەوتیتە لای کێو کێ بەخیوی کردی؟

من کەوتمە لای باپیرەم، خۆمو ماڵی مامە لەگەڵ دایکم وخوشکەانمو‌براکانم لەماڵ مامەم بوین، ئەوانیش ٧ سەرخێزان بوون، هەمووشیان هەر ئافرەت بوون، ئێمەیش ٧ حەوت ئافرەت بووین، لەگەڵ دوبراکەم، رۆژەکە رۆژێکی ناخۆش بوو، ژیانێکی گرانمان بردەسەر ماڵی باپیرەم سیانزە سەرخێزان بون، باپیرەم جەلتە لێی دابوو ئیتر ناچار بووین بۆ دابینکردنی ژیان رۆژانەمان ناچاربووین بچین لەتکریت ئیش زەراعەت بکەین، ئەمەش ژیانێکی زۆر ناخۆش بوو بۆئێمە، کەسێکی دلسۆزمان نەبوو، یارمەتیمان بدات، رۆژ تائێوارە لەناو زەرعات بووین، ئەوکاتە ئیشمان بۆ عەرەبەکان تکریت دەکرد.

رەفتاریان چۆن بوو لەگەڵتاندا؟



وەڵلە رەفتاریان چۆن بێت ، من نەم بینیوە دەڵێن تەعداشیان کردووە.

چی شتێکی ناخۆش لە بیرتا ماوەتەوەو لەبیرت ناچێتەوە؟

ئەوەی بیرمدێ ٢٢ کەس لەگوندەکەمان ئەنفالکراون، هەموویان پیاون، هەمووشیان خزمو ناسیارمانن. ناوی هەموویان دەزانم. ( ئەحمەد تاهیر، عەزیز تایر،ناسح سابیر، یوسف سابیر، بەشارەت سابیر، بورهان رەمەزان، عوسمان رەمەزان، ئیبراهیم ئەحمەد، سەباح جبار، حەسەن فازل، نوری نجمدالین، زایەر خەلەف، حامد خەلەف، عەلی عەباس، عومەرعباس، حاجی حەسەن ، حاجی عەلی، محمود محمەد، سامان عبدالله، عەدنان قادر، شیرزاد عباس، نیهایەت تاریق) ئەمانە هەمووی ئەنفال گوندەکەی خۆمانو هەمووشیان خزمو ناسیارمانن.

ئەی کەس پرسیاری لێتان نەکردوە چۆن دەژین؟ گیروگرفتتان چیە؟

نەوەالله ئێوە یەکەم کەسن. کەلێم دەپرسن، یەکەم کەسیشن کەباس ژیاننی خۆمتان بۆدەکەم، هیوادارم هەموو جیهان بزانی ئێمە جیمان بەسەرهات.

کێ کەسوکارەکەتی ئەنفال کرد جاش یان جەیش؟

هەمووی تێکەڵاوبوو؟

ئەی چی بەو موستەشارو جاشانە دەڵێی کە لەگەڵ جەیش هاتنە سەرتانو ئەنفالیان کردن؟

براگیان، من داوالەحکومەتی هەریمی کوردستانو حکومەتی عێراق دەکەم، هەرهەموویان بەرێتە دادگاو محاکمەیان بکاو سزایان بدات، مافی ئەو خەڵکەشیان لێبسەنرێتەوە،

# مۆری دڵرەقی‌و نائینسانیەتی بەعس‌و رەفتاری حەجاجی عروبە بەناوچاوانی ئەم پیرەژنەی سەرقەڵاوە ببینین

**ئەنفالستان**

پێشنیوەڕۆیەکی ڕۆژی مانگی ئازار چووینە سەرقەڵای کفری بەنیازی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامینە، کەدەمێك بوو وێنەیەکیم دەست کەوتبوو، وایان بۆ باسکردبووم، ئەو کونەی کەبەناوچەوانسەوە دیارە، شوێنی کێبڵەکەی حەجاجی تاوانبارەلەنوگرەسەلمان.

هەرکە چووینە سەرقەڵا مەلا رەحیمی سەرقەڵا پێشمانکەوتوو بریدینە ماڵی پورە ئامین، بەرلەوەی دابنیشین : شوێنی نیشتەجێبونی پێشووی پیشاندراین، کەبریتی بوو لەژورێکی نزمو بچکۆلەی لەقوردروستکراو کەبانەکەی دارەڕاو گڵ بوو، بەڵام ئێستا مەلارەحیمو دکتۆرحەسەنی برای ژورو هەیوانێکیان بۆ دروستکردووەو لەچاو ئەو ژورەی پێشویدا زۆرباش‌وگونجاوترە.

کەچوینە ژورە تایبەتیەکەی ئەم ژنەئەنفالکراوە، ئەوەی سەرنجی راکێشاین، دیمەنی تاقمی قوریو پیاڵەکەی بوو،تەنها پیاڵەیەكو ژێر پیاڵەیەكو کەوچکە چایەك لەناو جامێکی ستیلدا دانرابوو، دوای ئەوەی چای بەیانی پێخورابووەوە جوان شۆرابوو،لە شوێنی خۆی دانرابووەوە.

پور ئامین پێش ئەنفال لەگوندی قولیجان سەرحەد دانیشتبوون، لە ئەنفالی سێی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨دا جاش‌و عەسکەر دەچێتە سەر ئاواییەکەیان‌و هەموویان دەپێچنەوەو هەر بەسواری تراکتۆرەکەی خۆیان بەخاووخێزانەوە دەیانبەن دوای ئەوەی شەوێك لە قەلاقوچانی دەیانهێڵنەوە بۆڕۆژی دوایی دەیانگوێزنەوە بۆ تۆپزاوا، ئامینەی کۆست کەوتوو دەیگێڕێتەوە کەوا لەتۆپزاواپیروجوانینیان کردین واتە (گەنج‌و پیریان لەیەکتر جیاکردووەتەوە) دوایی پیرەکانیان هاوردەوە بۆلای جوانەکان‌و جارێکی تر پیروجوانیانکردینەوەو من بووم لەلای پیرەکان،دواتردەبرێت بۆنوگرەسەلمان، جگەلەوەی خۆی براوەتە گرتووخانەی نوگرە سەلمان ٦ جگەرگۆشەشی ئەنفال دەکرێن‌و ئێستاو ئێستاش نەکورێکی بۆ گەڕاوەتەوەو نەکچێك، لەراستیدا ئێمە زۆرمان لەگەڵ ووت، بەڵام ئەو زۆر تاقەتی لەوەنەبوو برینەکانی



بکولێنرێتەوەو قسە بکات، چونکە وەکو خۆی دەڵێت بە خوا ئەوەنەمان قسەکردو هیچمان بەهیچ نەکرد.

دوای ئەوەی لە نوگرە سەلمان دێتەوە بەتەنیا دەژی دواتر دەچێت بۆ لای تاقە براکەی لە شارە زوور، ئەویش لەشەری ناوخۆدا کوژراو بەبێکەسی مایەوە، بینینی دیمەنی ماڵو حاڵ‌ولێقەومانی پورە ئامین بەسەبۆئەوەی هەڵسەنگاندنێکی تەندروستت هەبێت بۆ پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا، ئەم ژنە لەئەنفالدا بۆ تاکەجارێك چاوی بەکورەکانی کەوتووەتەوەو ئیتر نەیبینیونەوە، تەمەنێکی زۆری لەچاوەڕوانی کورو کچەئەنفالکراوەکانیدا بەسەربردووە، لەومیوانداریەماندا ووتی : ( دوای ئەوەی لەنوگرە سەلمان بەریاندایین هێنایانین لە صمود بەرەڵایانکردین، کەهاتینەوە کەس نەمابوو دێ نەمابوو، پێیان وتین لە ٦ ی کانوندا کوروکچەکانتان بەردەبن ، ئەم شەشی کانون بۆ ئەو شەشی کانون بەخوا زۆر چاوەڕوان بووم هەرنەبوو.) لەبارەی نوگرەسەلمانەوە ئەوەی بەلای ئێمەوە نامۆو زانیاریەکی تازە بوو ئەوەیە کەووتی: لەنوگرە سەلمان هەرلەناوخۆمان مەسئولیان هەڵبژاردبوو، کەچی لەو نەهامەتیەشدا ئەوکەسانەی کرابوونە مەسئولمان غەدریان لیمان دەکرد، لەبارەی چارەنوسی منداڵەکانیشیەوە پورە ئامین ووتی:

منداڵەکان منیش لەگەڵ منالەکان هادیابوون، ئەوان تەسکەرەکەیان لەو عەرەبستانە لەگۆڕدا دۆزرایەوە، دیارە ئەوانیش هەرلەگەڵ ئەوانن. چونکە لەیەکبڕنەبوون هەروەیەکەوە بوون.

ئەم ژنە ماندووە لەدوای ئەوەی لەنوگرەسەلمان دەگەڕێتەوە لەبری ئەوەی کۆمەڵگە ڕێزی لێبگرێت‌و دەسەڵاتی سیاسی حورمەتیان بۆدابنێت بە پێچەوانەوە زیاتر گورزی ناعەدالەتی تێدەسرەوێنن، لەدوای هەڵتەکاندنی خێزانەکەی‌و ئەنفالکردنی کورەکانی‌و دواجاریش ئامینە ئەوەندە بێکەس دەمێنێتەوە ژیان بۆ ئەو لەنێوان نوگرەسەلمان‌و کوردستاندا واتایەکی نامێنێ، وەکو خۆی دەڵێت ئەگەر مەلا رەحیمی سەرقەڵا نەبوایە بەدەردی نەخۆشیەکەیەوە دەمرد، کەلەئەنجامی ئەوکێبڵەوە کە حەجاج دابووی لەسەری وەرەمێك دروست دەبێت، تاوەکو مەلا رەحیم پارە قەرزدەکاو نەشتەرگەری لەلای ئاری سامی بۆدەکەن‌و بەفریای دەکەوێت، ئێستاش بەهۆی ئەو نەشتەرگەریەوە کە بۆی کراوە دەشێت مۆری دڵرەقی‌و نائینسانیەتی بەعس‌و رەفتاری حەجاجی عروبە بەناوچاوانی ئەم پیرەژنەی سەرقەڵاوە ببینین.

سەبارەت بە دۆسێی ئەنفالیش میمکە ئامین بانگهێشتی دادگای باڵای تاوانەکان کراوە بۆ ئەوەی شایەتی لەسەر تاوانەکە بدات، بەڵام

# ئەو خەونەی نەهاتە دی




**مام صادق عەبدوالله محمود، خافڵ لە تەماحی سەرمایەداران، بەرلەوەی گوندەکەیان کیمیاباران بکرێت، ریشی دانابوو، سوێندی خواردبوو، هەتا بە نەوتی کەرکوك ریشی تەرنەکات نایتاشێ، بەڵام رژێمی صدام حسین بەشێك لە داهاتی پارەی نەوتی کەرکوکی تەرخان کردبوو، بۆ کوشتنی خەونی مام صادقەکان، لەوەش خراپتر ئەوەبوو بە باپەرەی نەوتی کەرکوك خەریکی کرینی مادەی کیمیاوی‌و چەکی قەدەغەکراو بوو، ئەوە بوو لە رۆژی 16ی نیسانی 1987 گوندەکەیانی بە گازی کیمیاوی بۆمبارانکردوو، نەك هەرخەونەکەی مام صادقی هەڵبزرکاند، بەڵکو کۆمەڵکوژیەکی خولقاند مام صادق‌و ئەوانی دیشی شەهید کرد.**

دەڵێت من نەچووم ووتم لەبەرئەوەی نازانم قسەبکەم، بابەکێکی تر بچێت باشترە خۆ لەم گەرمیانە هەرمن کورم ئەنفال نەکراياوە عالمەکە هەمووی لێی قەومیاوە . بۆیە نەچووم بۆئەوەی یەکێکی باشترو قسەزانتر بچێت.

دواتر مەلا رەحیم ووتی : ئێمە خەلکێکی زۆر لە ئامۆزاو میمکزامان ئەنفالە پێنج خێزان لە سەرقەڵایە ئامۆزاو میمکرزام ئەنفالکران‌و کوروکچیان لەگورە بەکۆمەڵەکان دۆزرانەوە لەوانە (عیصمت عبدالله محمەد ،نوری عەبدالله محمەد ، ابراهیم محمەد ) ئەوانە خەڵك قولیجان سەرحەدبوون‌و هەمویان ئامۆزامن ، لەناو ئەو ٣٦٥ کەسە بوون. کەچی لەهێنانەوەی تەرمەکاندا هیچ حسابیان بۆمان نەکرد، هەرکەس جگە لەکاك کامەران سابیر ووتی هەندێکیان خەڵك حەیدەرەسورو قولیجانن کەس باسی نەکردن، من ئەم گللەییەم لە وەزیری شەهیدانیش کرد، کەچی ووتی ئێوە دلتان ناسکە، ئەی برا ئەوانە کەسی ئێمەن، باخەڵك بزانێت ئەو ٣٦٥ تەرمەی هێنرانەوە لەدوکان بەخاك سپێردران هەندێکیان خزمم‌و ئامۆزای منن، ئەوانە قەوم‌وکەس ئێمەیشیان تێدایە.. بەراستی ئێمە زۆر غەدرمان لێکراوە، لەومەجموعە خانووەی لە سەر قەڵا رێکخراوی میبکۆ بۆ کەسوکار ئەنفال دروستی کرد، لە ٥٠ خانوو یەك خانویان نەدایە خزمەکانی من؟ ئەوکاتە چوومە لای وەزیری ئاوارەو ئەنفال پێمووت : ئەوخانوانە بەنیازن بیاندەن بەهەندێك کەس کە هەندێکیان مستەهەقن‌و هەندێکیان فریان بەئەنفالەوە نیە، کەچی لەبری ئەوەی مشوری کەسی ئەنفالکراو بخوات، چووبوو رێکو رەوان قسەکانی منی بەوکەسانە گوتبووەوە. بەم شێوەیە مەغدور کراین لەهەموو شتێکز ئەوچاڵەی لە گۆرەبەکۆمەڵەکەی سەماوە هەڵدرایەوە بۆ بەڵگەی دادوەری لە دادگایکردنی تاوانبارانی ئەنفالدا، ٨٠ منداڵ‌و ٢٨ ژن‌و دووپیاوبوون‌و هەموویان خەڵکی گەرمیان بوون، لەناو ئەوکەسانەشی نێرانەوە چەند کەسێکیان ئامۆزای مەلا رەحیمی سەرقەڵابوون لەوانە (عیصمت عبدالله محمەدو نوری عەبداللەی براو ابراهیم محمەدی ئامۆزایان) لەگەڵ چەند کەسێکی خەلکی حەیدەرە سووردد، کە نێوانی ئەم دووگوندە نزیکەی ٧٥ کم لەیەکەوە دورن.

# سمایلی عەزیز ئاغا:

# تا ئێستا نەمبیستووە، کەسێك هەبێت بلێت من دەچم شکات لەسمایلی عەزیزئاغا دەکەم

بەمەبەستی چاوپێکەوتنی سەعات ٩ی سەرلە بەیانی بەرەو کفری بەرێکەوتم، کاژمێر١٠ی سەرلەبەیانی گەیشتمە کفری، کەچوومەماڵیان، بیرم لەوکاتە دەکردەوە کەموستەشاربووە، ئەو رۆژانەی بەردەمی ماڵی ئەم کەسانە جمەی دەهات لەپیاوی چەکدار، وەلی مالی سمایلی عەزیز ئاغا جگە لە یەکدوو حیمایە کەسی تری لێنەبوو، بەرلەوەی بگەینە ژوورەوە کاك سمایل هاتە دەرەوەو بەگەرمی پێشوازی لێکردین، چووینە دیوەخان‌و بەدەم پرسیارو هەوالپرسینەوە چووینە ناو گفتۆکەمانەوە، دیاربوو پێشتر لەبارەی منەوە پرسیارێکی زۆری کردبوو، ئەو لەوە دەترسا من سەربەخۆ نەبم، پێی وابوو من لەلایەن حزبێکی سیاسیەوە هاندراوم بۆئەوەی پرسیاری لێبکەم، بەڵام کە ئەنفالستانم پیشانداو کەمێك چاوی پێداگێرا ئینجا ووتی مادام سەربەخۆن هام لەخزمەتتاندا، ئەگەرچی کاك سمایلی عەزیز ئاغا وەکو یەکێك لەو مستەشارانە ناسراوە کەوا لە ئەنفالی گەرمیاندا خەلکی زۆری داوە بەگرت، بەڵام ئەو زۆر خۆی بەمەغدور دەزانی‌و جەختی لەوە دەکردەوە کە کێ هەقی لایەتی بابێت بیداتەوە، ئەوەی مایەی سەرنجی من بوو ئەوەبوو ئامادەبوو دادگایی بکرێت، بەڵام زۆر دژی دادگای باڵای تاونەکانی عێراق، قسەی دەکردو دەیگووت: ئێویستە ئێمە لەدادگاکانی کوردستان محاکەمە بکرێین.. بەهەرحاڵ بەدەم ئەم قسانەوە چووینە ناو گفتۆگۆکانمانەوەو دواتریش کە تەواو بووین زۆرخولقی کردین نیوەرۆ لەمالی ئەوان بمێنینەوە، بەڵام ئیمە نەماینەوە.

**دیداری ئەنفالستان**



هەرکە ریکۆردەرەکەم کردەوە سەرەتا کاك سمایل خۆی ناساند:

من ناسراوم لەناوچەی گەرمیاندا وەکو خۆم‌و وەکو عەشرەتەکەمیش، من سمایلی عەزیزاغام سەرۆکی ئەم عەشرەتەم لەناوچەی گەرمیاندا دەژین، مستەشاری فەوجی ٢٦٨ی دیفاع وەتەنی بووم، زۆرم پێخۆشە ئیوەیش هاتوون بەخێربێن بەسەرچاووم، بۆئەوەی دەربارەی وەزعی موستەشاریم‌و روداوی ئەنفالیش قسەبکەین، ئێوەهاتوون پرسیارم لێبکەن منیش وەڵامێکی صەریحتان دەدەمەوە، پێشەکی حەزدەکەم حەقیقەت بووترێت، ئەویش ئەوەیە کەخوێنەر وانەزانێت من روپامایی دەکەم یان داکۆکی لەخۆم دەکەم.

- بەڵام مافی خۆتە داکۆکی لەخۆت بکەیت.

- دیفاعیش حەقخۆمە بەڵام حەقایق دەخەمەڕوو، ئێمە لەکوردستاندا ژیاوین، هەندێك کەم‌وکوری بووە لە کاتی حکومەتدا، شەری ئێران عێراق بووە، دوای حەرەکەی کوردیش سەری هەڵدا ئەوکاتە ئێمە نەفی کرابووین، لەدوای ساڵی ١٩٧٥وە نەفی کرابووین، دووساڵ‌و سێ مانگ لە( رومیپە) لەسەماوە بووینە، دوایی کەهاتووینەتەوە بۆکوردستان لەکەلار نیشتەجێ بووین، نەیانهێشت بێینەوە بۆ ئەم کفری یە لەبەرئەوەی لەناوچەی حکومی زاتیدا نەبوو، حکومەت دەستی کردە ئەو سیاسەتەی مەفرەزە خاصەی دروستکرد، کۆمەڵێك مەفرەزە خاصەی دروستکرد، لێرە لەناوچەی گەرمیان‌و لەشارەزوور، ئەو مەفرەزە خاصانە هەڵسان کۆمەلێك شتیانکرد، بەهەقیقەت زیاتر سیرایەتی کرد، خرایە قاڵبی عەشایەرییەوە، حەرەبی ئێران‌و عێراقیش هەبوو خەڵکیش لەعەسکەری رایدەکردو نەدەچوو بۆشەڕ، بەهەرحاڵ ...

**- ببورە یانی تۆ پێش ئەوەی فەوجت هەبێت مەفرەزە خاصەش بوویت؟!**

- نانا من مەفرەزە خاصە نەبووم، لەگەلیشیا نەبووم، لەگەڵ کردەوەشیاندا نەبووم. دوایی کەفەوجەکان دروست بوون، خەڵك هاتن " لەعەشرەت" ووتیان کاکە ئێمەش کۆمەڵێك

خەڵكمان هەیەو كۆمەڵێك خەڵك راكردوومان هەیەو پەنا ئەبەنە بەرئەم فەوجەكەو ئەوفەوجەكە، بائێمەش بۆخۆمان فەوجێك بكەینەوە، ئەوخەڵكەی خۆمان كۆكەینەوەو حاڵان وەكو ئەو خەڵكانە. یانی ئەگەر سەیربكەن ژمارەی فەوجەكەی من زۆر هاڵە دواوە ئەگەر لەیەكەوە دەستی پێبكرێت تا ٢٦٨ بزانە ئەكاتە چەند؟ فەوجەكەی من زۆر درەنگ كراياوەتەوە.

**- مەبەستت ئەوەیە زۆر درەنگ فەوجت كردووەتەوە؟**

- ئا یانی سەیرمانكردووە، بزانین چی ئەبێت.

- كاك سمایل دەشێت پرسیارێكت لێبكەم؟ خۆتان ناعیلاج بوون یان حزبەكان پێیان ووتن بچن فەوج بكەنەوە؟ مەبەستم ئەوەیە زۆر موستەشار كە ئەمرۆ تۆمەتبارە بەتاوانی ئەنفال دەڵێت من لەخۆمەوە نەچووم بەڵكو مام جەلال یان كاك مەسعود یان كاك كۆسرەت پێی ووتووم بچم فەوج بكەمەوە؟

- نا من ئەوەیان ناڵێم، ئەوە هین ناكەم بلیم حزبێك لەحزبە كوردیەكان ئەوەبلێن بچۆ ئەوە بكە، كەس پێمی نەوتووە بچم فەوج بكەمەوە، رەنگە ئەو تەوجیهەیانیش دابێت بەڵام بەلەونێكی كەبووە. خۆ ئێمە پێشمەرگەشمان بووە، كەسوكارمان زۆربەی پێشمەرگەبووە، بۆ نمونە لەم ناوچەیە، مەفرەزەی سەرەتای خالد گەرمیانی بووە، پەیوەندیمان بووە یارمەتیماندا‌وە، بەڵام تەعدایشكرياوە لە عەشرەتەكەمان، بەحوكم ئەوەی ئەو عەشرەتەی ئێمە كەوتووەتە ناوجەرگەی شۆرشەوە، بەحوكمی ناوچە جوگرافیەكەی هەردەوهەڵەتو شۆرش كەوتووەتە ئەم ناوچەی گەرمیانەوە، ئیتر هەرماینەوە نەبووینە جاش، بەنیسبەت حكومەتەوە ئەو عەشرەتەی ئێمە لاپەرەیەكی رەشی بۆدروست بوو، ئەیانووت: زەنگنە موخرەبە، زەنگنە سەربە یەكێتین، جا فیعلن هەرواشبوو زۆرینەی شەهیدی شۆشی یەكێتی لەناوچەكەی ئێمەیابووە، زۆرینەی خەڵكمان ئەنفالە لەناوچەكەی ئێمەیا بووە، ئێمە كە ئەو فەوجەمان دروستبووە، یەكێك بە ئارەزووی خۆی نەهاتووە بڵێت: وەالله من ئارەزووم لەجاشێتیەو چەك هەڵدەگرم، هەموو سەربازی جەبهەی شەرەكان بووە، هەڵاتوو فیرابووە، ئەو فەوجە لەكۆتایی ساڵی ٨٨ دروستبووە، لەپێشەوە قواتیان داپێمان لەژێر تەجرەبەیابووین، هێشتا نەبووبوینە فەوج، لەكاتی واجبی ئەنفالدا ئێمە لە حەساربووین بۆ حیمایەی نەوت زەیف بووین لەسەر فەوجێكی تر، یەعنی فەوج نەبووین، منیش موستەشار نەبوومە.

**- یەعنی موستەشار نەبوویت؟ ئەی موستەشارنەبویت چی بوویت؟**

- ئائا من من موستەشارنەبوومە، بەڵگە هەیە، ئەمر ئیداری هەیە فەرموون بیهێنە پیشەوە.

**- ماوتە ئیستا؟ بەڵگەكانت هەیە؟**

- نەنیمە بەڵام هەیە، تێگەیشتی؟ كاتێك من خەڵكم لە ئەنفال دەركردە مانگێك زیاتر من لە حەسار بوویمە لەرەبایە بووین ئینجا من ئەو فەوجەم بۆ دەرچووە.

**- كەواتە ئەوە بۆتۆ زۆر گرنگە كەوا لەكاتی ئەنفالدا تۆ بەشداری ئەنفالت نەكردووە، بەڵكو حمیایەی نەوت بوویت؟ ئەی بۆچی خەڵك بەتاوانبارات دەزانێ؟**

- نەنە ئەبەد.

**- ئەی چۆن ناوت دێت و دەچیتە خانەی موستەشارە خراپەكانەوە؟**

- ئەی باشە، ئێمە قووە بووین لەحیمایەی نەوت (حیزام ئەمنی نەوت) زەیف بووینە، ئیجازەو هینمان لەسەرفەوجێكی خەڵكی هەلەبجەبووە، لەوێبووین ووتیان: ئەوا قادركەرەمو كەلارو شوێنەكانتر هاتن گشتی تەسلیم بوونەتەوە، هاتن بۆلام خۆیان گەیاندە حەسار، نازانم حەسار شارەزایت یان نا؟ نێزیكە لەكەركوكەوە، ووتیان: كاكە ئەوە ئێمە گشتمان هاتووینەتەوە تەسلیم بوینەتەوە هاین لەقادركەرەم.. بزانین تۆچی ئەكەی چیمان بۆ ئەكەی؟ ووتم ئێوە برۆن ئینشالله منیش تێم بۆ ئەوێ، منیش لە ندكرۆزێكم بوو سواربووین، لەگەڵ دوو كەسدا ئەوە خەڵكەكەش موجودەو ماوەئەیزانێ، رۆیشتم سەیرەكەم كوردووتەنی دەرزی هەڵدە لەبەر خەڵك نایداتە عەرز، پێش دووروژ سێ رۆژ ئەو خەڵكە هاتووە تەسلیم بووە، هان لەمەركەزەكە خەڵكێكیش وەچەكەوە لەناوناحیەكە ئەگەرێ

**- ئەوخەڵكە چەكدارانە چیبوون؟**

- ئەوانەبوون هاتبوون خۆیان تەسلیمكردبوو. ئیتر كەس كەس ناگرێ.

ئێ ئەو خەڵكەش هاتنەلام ووتیان: كاك سمایل چی بكەین چی نەكەین؟ ئێ دێهاتەكانی قادركەرەو خەڵك لای سەرو ئەوخەڵكە گشتی ئەمناسێ عەسكەرێ ناناسێ موستەشاری تر لەسلێمانیەوە یان لەشوێنێ ترەوە هاتووە نایناسن، بۆ نمونە شەریفی خاتوون ناناسن، حەمەرەشیدی باوەمردە ناناسن. ئەوانە نانسن كێ ئەنناسن موستەشارێو پیاوی حكومەت بێت، تەنها سمایلی عەزیزاغا.

ئیتر خەڵكەكەش ئەمەكە ئەهات كاك سمایل چی بكەین وەالله ئەوە كورمان هاوردوەو ئەوە كەسمان هاوردووەو تەسلیمی بكەین، ئێ ووتم: پێیان كاكە ئێوە بۆهاتون جارێ عەجەلەتان چیبوو؟ جەیش گەیشتە سەرتان؟ بتانگرێو بتان برێ نەوەالله؟ ئەی عەجەلەتان چیبوو هاتن؟ ئەی ئەوهەردەو ئەو شوێنە عاسێ یانەتان بۆ جیهێلا؟ ووتیان وەالله كاكە پێمان ناكرێو خەڵكەكە گشتی هاتووەتە خوارەوەو ئێمەیش هاتووین. تەسلیم ئەوین ئەچین بۆ موجمەعو مناڵانیش بابچن بۆ عەسكەری.. بەهەرحاڵ منیش قەناعەتم بەمەجموعەیەك هاورد وتم كاكە برۆنەوە بۆ ئەو هەردە چەند رۆژێ ترچاوەرێ بكەن، بەڵكو ئەو وەزعە گۆریا، ئەوانە رۆیشتن یكیان لەوانە حەمەی رەحیم ئاغایە ئێسە والە كەركوكە لەگەڵ مەجموعەیەكا گەرانەوە، خەڵكی تر بوو ئەهات ئەی ووت: وەالله كاك سمایل نەشیئەوت جاشی ئەی ووت فرسانی ناكەم، ئەچم عەسكەرییەكەم ئەكەم، ئێ كاكە خەڵكێك بووە بەناوەی عەسكەرییەوە رۆیوەو ئەنفالكرياوە

ئەمە گوناه من چیە؟ بۆ گوناه منی تیایە؟ من لەگەڵ ئەوەدام ئەگەر یەکێك چووتە دێکەیان و باڵبەستی کردووەو هاوردوویەتیەوەو ئەنفال کراباوە ئەمەیان هینە، ئەو بەرلەوەی جەیش بچێتە دێکەیان هاتووەتە ناو قادرکەرەم بۆچی هاتیە غێر بۆ ئەوە هاتووە تەسلیم بێت؟ دوایی یەك شتێ تریش حەقەقەتە، ئەم روداوە کەناوی ئەنفالەو رویداوە لەتاریخا تشت وانەبووەو کەس نەیبیستووە، کەس نەیزانی کەوا ئەم تاوانە رووئەدات.

**- من ویستم هەمان ئەوپرسیارە بکەم یانی ئێوە کەموستەشاربوون، نەتان دەزانی بەعس بەنیازی تاوانێکی واگەورەیە؟**

- بروابکە لەتاریخا کەس تشتی وای نەبیستیەو کەس تەصوری نەئەکەرد، ئێمەیش نەمان بیستبوو کە پیاوی حکومەتیش بووینە.

**- باشە ئێوە عەلی حەسەن مەجید کۆبوونەوەی پێنەکردن؟ وەکو مستەشارەکان؟**

- ئێمە کۆبوونەوەی پێمان کردەوە بەڵام نەیووتوە خەڵك ئەنفال بکەن، خەڵك لەناوئەدەین.

**ئەی نەیووتووە بەچەکی کیمیاوی لەگوندەکانتان دەدەم، لەبەرخاتری ئێوە ناتوانم لەگوندەکانتان ببورم؟**

من ئەو مقابلەیم نەدیوە، بەشداریم نەکردووە، لەبەرئەوەی ئەوکاتە من موستەشارنەبوویمە.

**ئەی بەشداری چەند کۆبوونەوە بوویت لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید؟**

من دوایی ئەوە زۆرتر بەشداربوومە، بەڵام ئەو ئەوەی ووتبوو ئەوەی هارب بێتو لەهەر فەوجێك بگیرێت موستەشارەکەی رەمی دەکەین. جوابیش بینێرن بۆ کەسوکارتان بابێن تەسلیم بن.

**- بەڵام ئەمە پێش دەستپێکردنی ئەنفال بووە، ئەمە هی سەروەختی بریاری ٤٠٠٨ لە ساڵی ١٩٨٧ هێشتا ناوچەکان قەدەغە نەکرابوون.**

ئا..ئا ئیتر نازانم ئەوەمن باش تەئریخەکەی فکرم نیە، بەڵام خۆئەوانەی لەقادرکەرەم زۆربەیان خزمم بوون، ئامۆزاو میمزام بوون، هەتا ئیجازەی جاشیم کرد بۆ ئامۆزایەك خۆم ئیتر ئەسکەری گرتیو بردی.. ئیتر من زۆر



سلمکردەوە، توانای ئەوەمە نەما بلێم ئەوە ئامۆزای خۆمەو ئیجازەم داوەپێیو عاید خۆمە.

**ئامۆزای هەقی خۆت؟**

هەق

**ئامۆزاکەت ناوی چی بوو ؟**

عەزیز.. عەزیز نەسرەدین. "نەسرەدینی ئەولکریماغا" باشە من ئەگەر توانای ئەوەم نەبێ ئامۆزاکەم بگەڕێنمەوە، ئیتر توانای چیم هەیە.. وایە؟ ئەو خەڵکە کێیان ناسیوە لەورا پیاوی حکومەت بێت، ناوی من نەبێ؟ ناوم لەسەر ئەوەهاتووەتە ئاراوە، مەسەلە پرسیاریان کردە لەپیاوێ یان لەئافرەتی لەقادرکەرەم کێت بینی؟ ووتویەتی: سمایلی عەزیزاغا، سمایلی عەزیزا غا موقعی لەئیعرابا چیە لە ئەنفالا؟ ئایا هات تۆی گرت باڵبەستی کرد؟ گۆیم لەکابرایەك بوو وتی: باوکم رۆیوەتە لای ئیسماعیلی عەزیزاغا پێی ووتووە وەڵا کەیف خۆتە ئەرۆی تەسلیم ئەبیتەوە برۆ تەسلیم بەرەوە، ئێ باوکت بەرلەمن رۆیوە تەسلیم بووەتەوە، منیش ئەڵێم برۆ کەیف خۆتە، باشە من پەنام نیە چیبکەم؟ یان ئەبێ بیژم برۆ بۆئەو هەردە یان برۆتەسلیم بەرەوە، ووتم مادام واتە ئێوە سەبربکەن بامنیش برۆم ئەو یەکدوو موستەشارە ببینمو بزانین مەسئول ئەسکەری ئەم منتیقە بینین، بزانین ئەتوانین شتێکتان بۆبکەین؟ رۆیم بەئەو موستەشارەم ووت: ئەوانیش ووتیان وەاللە کاکە ئێمەش هیچ نازانین، رۆیمان چوین بۆلای ئامرەکەی قادرکەرەم.

**ناوی ئەو ئامرە چی بوو؟ بیرت ماوە؟**

بەڵێ ناوی عمید شاکر بوو خەڵکی "شەگرە" بوو ئەوان ئەیاناسی من نەم ئەناسی یەکێك لەموستەشارەکان ووتی:

**ببورە ئەو موستەشارە کێبوو؟**

حەمەرەشید باوەمردە بوو، ووتی ئەرێ تەعلیمات چیە؟ دەربارەی ئەم وەزعە تەعلیمات چی بۆتۆ هاتوە ئەویش دای لەجەرەس ووتی : ملازم رعدم بۆبانگ بکەن، ملازمەکە کورێکی گەنج بوو هات تەحێیەکی سەندوو ووتی ئەمرکە گەورەم، ووتی ئەو تەعلیماتەم بۆدەرکە هاوردیو خۆی رۆیشت عمید شاکر خۆی تەماشای کردوو ووتی: تەعلیماتەکە ئەڵێت: ئەوانەی لە سنی عەسەکەریدان بکرێن دوو پۆل، چەکدار بەجیاو بێچەك بەجیا، بیکەن بەقائیمەیەكو

بۆمانی بنێرن بۆ کەرکوك ، ئەوەیەو تەواو ووتی: من مەسئولی مەنتیقەی قادرکەرەمم بەم تەعلیماتە کارئەکەم ئەوەی دێتەوەو تەسلیم ئەبێو ناوی ئەنوسێ بەم شێوە ئەیگرم، بابێت ئەوەی نایات چاوم ئەنوقێنم ئاوا دەستی خستە سەرچاوی( أنی اغموچ عیونی الی یجی یجی، المایجی خلی روح) قادر کەرەم یەکێك بوو لەومەنتیقانەی کەوا ئافرەتو ژنی تێدا نەگیرا، ئیللا اللەهم یەکێك کەوا لەخوار قادرکەرەمەوە ئەویش جەیش گرتبوونی لەخوار قادرکەرەم، بەڵام لەقادرکەرەم کەس نەگیریاو ئیسەش خەلکەکەی مەوجودە، لە شۆرش، لەچەمچەماڵ کەسوکارخۆمیشی هاتیا. منیش هاتم ئەو پیاوە وا ئەڵێ ئیتر کێ ئەروا بابروا ئیتر خۆتانو شانستان، ئەوە سەیارەیش وەستاوە لەناو قادرکەرەمدا ئەوەی ئەیەوێ بروا خەڵك سواردەکەنو خەڵك ئەوەن، ئەوەش نەرویی ئەوا لەناو قادرکەرەمدا سوری ئەخوارد، ئیتر هارب بوبێ یان پێشمەرگەبوبێ تفەنگەکەی خۆی هاوەشانەوەو سورئەخواو شت ئەسێنێ، وەنەبێ بێژی بیگرێت بیگرێتو بیوا. بەڵام کە ئەو کورەی ئامۆزام گیرا من تێگەیشتم کەوا ئێمە وەزعمان خراپەو مەوقعمان لەئیعرابا سفرە، ووتم کاکە من فەوجەکەم هالەوێ من ئەچمەوە بۆلای قووەتەکەم کێ لەیەل منا تێت فەرموو ئەیبەم لەگەڵ خۆم، پیکاب ناسیاوو خزممان لەوێ بوو خزممان بوون ئەلێم کاکە ئەوە جەماعەت خۆمن لەواجبەوە هاتوومەو ئەروین بۆحەسار تەقریبەن ٤٠ کەسێك سواربوون لەگەڵا منیش هەریەکەی ئیجازەیەکم بۆیانکرد، گشتیانیش تفەنگیان هابی تفەنگی خۆیان گەیشتینە سەیتەرەکە ووتیان ئەمە چیە ئێوە کێن؟ ووتم کاکە ئەوانە جەماعەت منن لەواجبەوە تێن ئەوانە جەماعەت خۆمن هاوردمنەوە کفری لەوێ لەماڵ خۆمان دامگرتنو پێم ووتن کاکە بڕۆن چوارچوارو پێنج پێنج تەوزیع بنو بەیانی بێنەوە ئەتان بەم بۆناو قووەکەی خۆم.

بەیانی هاتن بردمن بۆ حەسار، لەوێ دایانم نا، لەحەساریشەوە صدفە وابوو بۆبەیانی نەقلمانیانکرد بۆ گلەزەردە، لەلای سلیمانی دوای ٢٠ رۆژ لەوە تەنانەت لە زرگوێزبووین کە ئەمر فەوجەکەمان دەرچوو بوومە موستەشار.

**واتە ئەوکاتە ئەنفالی دووی قەرەداغ تەواو ببوو کە تۆچویتە ئەوێ ؟**

ئائا .. ئەوێ ئەنفالی نەمابوو .. ئیتر بەحوکم ئەوەی ئەوە کەو ئەمەکە لەحدود ١٤١کەس تا١٥١ کەس ئەنفال لەوفەوجەی من خر بوو، یەعنی وامان لێهات خەڵکەکەی خۆمانم ئیزندا ئەو خەڵکەی ترم خستە شوێنی. ئینجا بەتەمەن.. سەیری قائیمەکەم کردووە مەسەلەن توو موالیدەکەت پەنجایسە یەکێکم خستووەتە شوێنی کەمەوالیدەکەی پەنجا بووبێت. ووتوومە کاکە تۆ ناوت فلانە نەلێی من ناوم فلانە واتە ناوی حەقیقی خۆت نەلێیت، ناوی ئەوەکە بلێیت کەلەجێی تۆ ناردوومەتەوە.

**- ئەوکەسانە ماون؟**

- ئای چۆن هەموویان موجدن.

**- ئەوانە ئامادەن شایەتیت بۆبدەن کەتۆ رزگارت کردوون؟**

کورە حەزێ ئەکەی هەرلەئێستاوە هەتا سێ مانگی تر هەرخەڵکت بۆتێرم بۆشایەتی.

**- باشەکاك سمایل بەصریحی وەڵامم بدەرەوە**

وەڵا وەصریحی وەڵامت ئەدەمەوە حەزێ ئەکەی پرسیاری رەقیش بێ ، من وەڵامت ئەدەمەوە.

**نا من پرسیاری رەق ناکەم، بەڵام خۆ ئەمەی کەتۆکردووتە کارێکی زۆرباشەو ئەمە هیچ موجامەلەیەکی تێدانیە، بەڵام بۆچی خەڵك بەتاوانبارت ئەزانێ لە تاوانی ئەنفالدا؟ ئایا نهێنییەك هەیە لەم مەسەلەیدا؟**

- دووسێ جانب هەیە ئایا من ئەگەر خەڵکم ئەنفال کردووە، ئەی بۆخەڵك لەئەنفال دەکەمو لەلای خۆم پەنای ئەدەم ئەمە چەنی وەچەنە؟ ها وانیە؟ ئەگەر خەڵك بلێت ئەوە خزمو ئامۆزای خۆی دەرکردبێ راستە من خزمو ئامۆزای خۆم دەرکدووە، بەڵام خەڵك تر بووە عەشرەتیش نیە دەرم کردووە، مەسەلەن خەڵك تر هەیە، توخوا بائەوەمیش لەبیر نەچی کورێ ئامۆزام هات ووتی: کاك سمایل بێ خێرێك بۆخۆت بکە، ووتمە پێی چیە؟ ووتی: پیاوێكو ئافرەتێ هان لەدۆلێکا گیریان خواردیە ناوێرن بێنە خوارەوە یژن ئێمە ناسرواوینو ناوێرن بێنە ناوخەڵکەکە ئەترسن ئیخباری بکرێنو بگیرێن، تۆ بێ بیکە خاتر خوا ئەو ئافرەتو پیاوەم بۆ رزگاربکە، ووتم ئەزانی هان لەکوێ؟ ووتی: ئا،ئەزانم ووتم: دەبرۆ بیانهێنە ئەویشە ئامۆزام بوو کوری ئەولکەریماغا بوو، وەالله بەئەسپەکەی رۆیی منیش کەمێك دەرچووم لەقادرکەرەم چاوەروانیانم کرد هەتا هاوردنی، سەیرەکەم ئیختیارێكو ئافرەتێ جوان ووتم مامە، دایکەکەم سواربن سوار سەیارەکەم کردن، دوایی ووتم ئەمانەکێن من نایانناسم ووتی: وەالله ئەمانە باوك فەرهاد سەنگاویە، ئەوش کچێتی، ژن شێخ کریم چاورەشە، هاوردوومنەتە کفری لەماڵەکەی خۆم ٢٨ رۆژ ئەو ئافرەتە لەتەك خێزانەکەمابووە لەماڵخۆمان؟ مامەحەمەیش ئێستا ماوە والەسەنگاو، باوك فەرهادە خانوویەکمان بۆی گرتووە، لەناو کفری لەژوور بازارا، باشە برۆپرسیاربکە بزانە دینارێکم پاداشت لەبری ئەو ژنو پیاوە وەرگرتیە؟ ئەی بۆچی دەرم کردووە؟

**- ئامۆزاکەت دەیزانی ئەو دوو کەسە باوكو خوشك فەرهاد سەنگاوین؟**

- کێ؟ ئەو بەڵێ بەڵێ دەیناسین. ئینجا هاتوومەتە گلەزەردەیش ئەوخەڵکە یارمەتیم داونو هینم بۆیانکردووە، نەتیجە کەوتمە مزایەقەوە، منیش برادەرێکم بوو، علاقەی لەگەڵ ئەمنی عامە هەبوو، حاج عبدی ئەناسی تەلەفۆنم بۆی کردو ووتم: وەاللەهی وەزعم خراپەو زۆر مزایەقم.

**- ببورە ئەو کەسە برادەرەکەت کێ بوو ؟**

- ئەو برادەرەم ناوی شێخ حسێن بوو، کە تەلەفۆنم بۆی کرد ووتی: وەرە بۆ بەغدا

بزانین چارەیەکت بۆدەدۆزینەوە، رۆیشتم بۆبەغدا ووتی: ئەچم بۆلای حاج عەبد پێی ئەڵێم بزانم ئەڵێ چی؟

**- شێخ حسێن کوردە یان عەرەب ؟**

- ئائا کوردە خۆ ئێستەیش ماوە. رۆیشتو لەدائیرەوە تەلەفۆنێکی کرد ووتی ئەوە قسەم لەگەڵ حاجی عەبدکردووە ئەڵێ باشە با بیانهێنن بۆئێرە واتە ئەوخەڵکەی هارب بوون بیانبەین بۆ بەغدا، منیش ئەوکاتە کەوتمە موقفێکی کەمێك هینەوە، ووتم باشەئەم خەڵکە بهێنمو لێرە بیانگرنو لەناویانبەدەن ووتمە کاك شێخ حسێن ووتم کاکە شێخ ئەگەربکرێت پێمخۆشە خۆم بێم بۆلای حاجی عەبد خۆم قسەی لەتەکا بکەم. ووتی باشە.. ئیتر هات پێکەوە رۆیشتین بۆلای حاجی عەبد قسەم لەگەڵاکردوو ووتم: پێی ئەوانە کۆمەڵێك خزمی خۆمن هاتوونەتەوەو ئێستا هان لای منو خەڵکێکی باشن" بەومەفهومە" ( ئەی خۆهەر ئەبێ وابلێیت..) ووتی: باشە ئەتوانیت بیانهێنیت بۆ ئێرە هەتا ناویان بنوسینو ئەگەر گیران سەیری قائیمەکە دەکەینو بەریاندەدەین.. منیش ووتم عەرەب قسەیەکی هەیە ئەڵێت: (اللاحسانو بالتمام) مادام تۆ هەرپیاوەتیەکەت لەگەڵندا کردووە، بێ شتێکیتر لەگەڵ من بکە، لیژنەیەك تەشکیل بکە ئەوان بێن بۆماڵ خۆمانو وەکو دەعوەتێكو منیش ئەوانە بانگ ئەکەمو ووتی باشە.

**ئەمە حاج عەبد ووتی؟**

ئائا ئەو.. هەرلەوێ لیژنەیەکی بانگ کردووتی ئێوە لەگەڵ شیخدا" مەبەست شێخ حسێن"ە برۆن ئەو کارە تەواوبکەن رۆژێکمان دیاری کرد، هەروا دوو رۆژ من خەڵکەکەم ئاگادارکردوو ئەوانیش هاتن. سێ کەس هاتن لەئەمنی عامەوە، ئەوکاتە پارە وەکو ئێستە هین نەبوو، (٣٠٠٠) هەزار دینارم داپێیان، یەکی هەزار، وەکو هەدیە، ئیتر بەخەڵکەکەشم ووت: ئینجا برۆن یەکی چەکی بێرن ئیتر چەکی ژەنگن تێرن ئینگلیزی تێرن، جانتار تێرن لەوکۆنەکان مهم چەکێك بێنن، هاتن ناوی هەموویانیان نوسی ناوی چەکەکانیان نوسی خستیاننە ناوسەیارە، بەس بەرلەوەی هین بێت من ئیسە بەڵگەکەمیش هەیە.

**بەڵگەی چی؟**

بەڵگەی ئەوکارەی کە کردوومە.

**ئەتوانم بیبینم؟**

ئا هەرچەندە نەمداوەتەکەس بەڵام ئەیدەم پێت.

ئیتر ئەوان "لیژنەکە رۆیشتنەوەو منیش خەڵکەکەم ناردەوە بۆفەوج. دوای دوو رۆژ تەلەفۆنیان بۆمکرد ئەوپیاوەی کەهاتبوو ووتی: ئەوە کارەم بۆتەواو کردووی بێن بیبەنەوە، هەمووی خەتم مدیریەی ئەمنی عامە کراوە، وەڵامنیش هاوردمەوەو خەڵکەکەم بانگکردەوەو ووتم : دەی ئینجا ئێوە ئازادن دەرۆنەوە بۆعەسکەری دەرۆن بۆ مجمع، کەیفی خۆتانە. دەی فەرموو بچۆ پرسیاربکە ئەگەر ئایا لەپیناو ئەو دەرکردنەیا دیناریکم لەگەس سەندووە، بێژە ئەوپیاوە دەرتی کردەو قایمتی کردە ئەگەر ووتی من دینارێکم داوە پێی مەعنای وایە من لەپێناوی ئەو دینارەدا پەنام داوەو قایمم کردووە. قسەکەی جەنابت ئەڵێ چۆن ناوت بەتاوانبار هاتووە؟

**- من نەمووتووە تاوانبار ، ووتم تۆمەتبار ئەوە دادگا دەتوانێ ئەوە یەکلایی بکاتەوە تۆ تاوانباریت یان تۆمەتبارو دواتر بێ تاوان.**

- من ئامۆزاکان خۆم دەرکردووە.

**- چاکت کردووە مەگەر ئامۆزاکانی خۆشت ئینسان نین؟ تۆ ئینسانت رزگارکردووە.**

- ئا کاکە تۆ گوێ بگرە، من تۆم خۆش گەرەکە بەڵام خۆم لەتۆ خۆشتر گەرەکە ئەمە حەقەتە، خەڵکێك هەیە کورەکەی خۆی رۆیە ئامۆزاکان من دەرچوون، ئەڵێ ئەوی دەرکردووە هینەکەی من ئەنفال بووە، خەڵکێ هەیە لەپشت پەردەوە حەز لە بنەماڵەکەم حەزنەکات، شتێ تریش هاتووەتە ئاراوە مەسەلەی تەکتەتولات، ئەویش هەیە شتی تریش هەیە ناومنی داوە نوسیە، پیاوێکی بەویژدان ووتوویەتی: وەاللە سمایلی عەزیزاغا پیاوێ باش بووە، ووتوویەتی چۆن یژی باشە ئەی تەکتول ئەولا نیە؟! باشە ئەوە چ رەبتێکی وەئەنفالەوە هەیە؟ دوایی ئەوە من پیاوێکی بەسیفەت عەشایەرو بەموقع عەشایەر هیچ رەبتێکم وە تەکەتولاتەوەنیە، دوای ئەوە ئەو خزمو کەسانەی منیشە لەپێناو عەشرەتا پێنەگەینە وە عەرەق ناوچاوان خۆیان گەیونەتە ئەوپلەی شۆرشگێریە. ئەمە حەقیقەتێکە.

**- بابگەرێینەوە بۆسەروەختی ئەنفالو دواتر راپەرین و چارەنوسی ئێوە؟**

- جارێکیان بانگیانکردین بۆسلێمانی لەئەمنە سورەکە کۆبوونەیان پێمانکرد ووتیان غەوغا دروست دەبێت، ئەگەر بێتو یەکێك لەچەکداری ئێوە بەشداری ئەو غەوغایە بکات، ئێمە موستەشارەکە ئەدەینە مەحکەمەی عەسکەری بۆ ئیعدام بوونو بۆکوشتن، ئێمەیش لەناوخۆماند موستەشارەکان کۆبوونەوەیەکمانکرد هەرلەنفس ئەمنەسورەکە ووتمان کاکە خەڵك لای ئێمە پانزە رۆژ دەوام دەکاو پانزە نایکات، ئەوپانزە رۆژە ئێمە چووزانین چی دەکات، ووتمان با جارێتریش نەکەوێتە سەرمان دێهات روخیا خەڵك تەعلیقیلیماندا، هەرهەموومان یەکدەنگ بووین لەگەڵ ئەم رەئیە..دوایی نامەمان بۆهات لەکاك نەوشیروانەوە، لەعوسمانی حاجی مەحمودەوە لەکاك فەریدون عبدوالقادرەوە لەکاك مەسعودەوە، لەپارتیەوە لەیەکێتیەوە لەهەموویەوە داومان لێکریا بەشداری بکەین لەراپەریندا " بەپێکەنینەوە " کۆمەڵێك قسەی بریقەدارمان بۆکریا، هەڵنانیاناداوە، ئێکاکە دریغیمانیش نەکردیە، خۆشار هەبووە جاش گرتێتی پێشمەرگە کەی ئەو عەدەدە بوو بێت شاربگرێت چەك چەکی جاش بوو، من خۆم چەکێکی زۆرم داوە، کەچی هیچ حساباتێك نیە، ئەوەی دوێنێ هاتووەتەوە

لەگەڵ ئێمە هیچ جیاوازیەکی نیە، ئێمە لەدوای( ٩١)ەوە لەگەڵ ئەو خەڵکەیا بووین تۆپێك دابێتیە ئەم شارەیا ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکەیا رامانکردووە، لەگۆخلآن بووینە یارمەتی مادیو مەعنەوی دەستی یارمەتیم بۆ پێشمەرگەدرێژکردوە و هاوکاریانم کردووە، رەنگە هاوکاری هەندێك تشتم کردبی ئەوە مەسئولەکانیش شایەتی حاڵن لەو رووەوە، ئەی کابرا تاخر صمون لەگەڵ صدام حسێن بووبێ باشە ئەمە چۆن ئەوێ منو ئەو وەکو یەك ئیتهام بکرێین؟ ئینجا بەرەی کوردستانی لێبوردنی داوە بۆئەوەی کە تاوانباربووە ئێباشە .

**تۆ لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی چۆن تێدەگەی؟**

وەالله وەنیسبەت منەوە شتێکی باش بوو، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو لێبوردنە نەبوایە رەنگە وەزعی کوردستان وەلەونێکی تر بوایە ئالۆزتر دەبوو، لەبەرئەوەی کاکە هەریەك لەئێمە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە کەسوکاری هەیە، عەشرەتی خۆی هەیە.

**- ئەی بۆچی ئەوکاتە تصفیەی حساباتیان لەگەڵ ئەوکەسانە نەکرد؟ بۆئەوەی توشی کێشەی یاسایی نەبن، بۆنمونە ئیستا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەڵێت: هەموو ئەو بریارانەی لەپێش دامەزراندنی ئەم دادگایەوە بۆتۆمەتباران دەرچوون، هەڵدەوەشێنەوەو نابێتە هۆی رزگاربوونیان لە لێپێچینەوەی ئەم دادگایەدا.**

- بۆ؟

**- لەبەرئەوەی لێبوردنەکە لێبوردنێکی سیاسیە، تاوانبارو گومانلێکراو، هەموو خستوونە تەرازوویەکەوە، هەندێك تاوانبار هەن هیچ حەصانەیەك نایانگرێتەوە، هەندێك تاوان هەن هیچ یاسایەك نایانبورێت. بەرەی کوردستانی کاتی خۆی ئەم خاڵانەی لەبەرچاونەگرتووە.**

- ئێباشە قەیناکا وەختی خۆی حکومەتی عێراق بەو هەموو پیاو خراپیو دیکتاتۆریەی خۆیەوە بەو درەندەییە، کەوەختی خۆی دەهات عەفوی دەرئەکرد پێشمەرگەی واهەبوو دەبابەی شکاندبوو، کەچی عافوشی دەکرد؟

**- ئاخر بەعس خۆی دەیزانی پەرێزی تاوانەکانی زۆرپیسو خراپەکاریەکە لەخۆیەوە سەرچاوەی دەگرت، بۆیە عافواتی بۆ کورد دەردەکرد.**

ئاخر قەینا گەری دەبوایە لای حزب بەعس لێبوردن هەرنەبێت، لەبەرئەوەی خۆی خۆی دەناسی چی بووە، بەلآم بۆکورد لێبوردن ئەدات بەکابرایە کە بەشێکە لەتۆ وەکو قەومیەت عائیلەی هەیە، کوری هەیە، مندالی هەیە، بەلآم یەك شتێك هەیە.

**- ببورە لەگەڵتانیم، چۆن دەبێت لێبوردنی ئێمەو بەعس وەکو یەك وابێت، موستەشار هەیە تاوانبارەو خەڵکێکی زۆریشی ئەنفالکردووە، ئەی ئەوانەی کە ئەنفالکران و رۆیشتن عائیلەیان نەبوو؟ کوریان نەبوو؟ کەسوکاریان نەبوو؟**

- یەك تشتێ هەیە .. برواناکەم کەسێ هەبووبێ مستەشار ئەوکاتە حەقیقەتی ئەنفالی زانیبێ زانیبێتی ئەو خەڵکە ئاوایان بەسەرادێ، بەلآم ئەوانەی کەخۆیان بەستووەو چون شەریان لەگەڵ پێشمەرگە کردووەو پێشمەرگەیان کوشتەو خەڵکیان داوەتە دەستەوە، ئەوەیان بیژی هەقە لێپرسینەوەیان لەتەکا بکرێت. ئەوە مەلەفیان هەیە، بابیانخەنە بەردەمی دادگا.

**تۆ چویت بۆسوریا مەبەستم ئەوەیە راتکرد؟**

نا رام نەکردووە.

**داواکراویت لەداگاکە؟**

بەڵێ

**ئەچیتە بەردەمی داگا؟**

ئەگەر دادگایەك بێت لەکوردستان بێت ئائەچم .

**بۆ لەکوردستان ئەچیتو لەبەغدا ناچیت؟.**

هەڵبەت ئەو دادگایەی بەغدا بەعەدالەتی نازانم، ملاحەزەم هەیە لەسەری. ئێ حاکمی باشمان هەیەو حکومەتمان هەیە بۆ لە کوردستان نەبێت؟.

**- ئێ مادام خۆت بەتاوانبارنازانیت بۆچی لەو دادگایە دەترسیت؟ خۆ تاهیرالعانی تاوانباریشە سکرتێری نوسینگەی باکوربوو من خۆم لەسەر بەرائەتەکەی نوسیوەو تانم لەدادگاکە داوە کە تاوانبارە نەك بێگوناە. بەلآم لەبەرئەوەی دادگا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دەستنەکەوت بریاری بێگوناهی دا.**

- بەخوا ئەویش مەسرحیەك بوو، ئەویش شتێکی بۆ ئەدۆزنەوەو تەبریە نابێت، خۆ تەبریە نەبووە ئیسا ماوەتەوە بۆتەمیز.

**- ئەگەر چوویتە بەردەمی دادگا ترسی ئەوەت هەیە کەسێك بێتە بەردەمی دادگاو شایەتیت لەسەربدات کەتۆ تاوانباری لەتاوانی ئەنفالدا؟ .**

- تا ئیستا نەمبیستووە، کەسێك هەبێت بلێت من دەچم شکات لەسمایلی عەزیزاغا دەکەم، ئەگەر پێشم شکبێت خۆم ئەچم بۆلای ئەلێم کاکە وەرە جا دادگای بۆچیە خۆت حاکم بەو منیش تاوانبار، چیت هەیە بەسەرچاو.

**- بەلآم ئەم مەسەلەیە لەرووی نیشتمانیەوە لەرووی یاساییەوە، لەباری ئینسانیەوە، مادام بروات بەپاکی خۆت هەیە، خۆت بچیتە بەردەمی داگا باشترە با لەکۆی سەدو ئەوەندە موستەشاری کوردا هەندێکیشیان بێگوناە دەرچن.**

- جا کێ دەڵێت من بێگوناە دەبمو تەبریە دەبم؟

**- ئەوەیان خۆت دەیزانی تاوانباری یان بێگوناە، ئەوە خۆتو دادگا ئەوە ساغ دەکەنەوە، تەنانەت حاکم نایزانێت خۆت دەیزانیت، حاکم ناتوانێت بەمەزاجی خۆی گوناهبارت بکات.**

- ئاخر خۆم ئەیزانم، بەلآم ئەو دادگایەی کەخۆم بینیمو گفتووگۆکانیم بینی هیچی بیلایەن نەبوون. کورە مەسەلەی ئەنفالیش هەرمەسلەحەت تەرەفەکەی تری تێدابووە" مەبەست لەتەرەفی شیعەیە"

**- نا ئەنفال زۆرشتی تری تێدایە، بەلآم بریارەکە زۆر لەبەرژەوەندی کوردابوو.**

- ئێباشە خۆ لەمەسەلەی عەلی حەسەن مەجیدیشدا رەنگە زیاتر دلنەوایی تەرەفەکەی تر بکرێت، نەك کورد.

**- حەز دەكەی عەلی حەسەن مەجید لەسیدارەبدرێت یان نا؟**

- وەالله نەك ئیسە حەزم ئەكرد ئەوساكەش ئیعدام بكرایە.

**- بەلام من رایەكی پێچەوانەم هەیە حەز دەكەم سزای لەسێدارەدان هەرنەمێنێ لە عێراقدا، بەلام ئەوە مانای وانیە لەگەڵ ئازادكردنی بم. چونكە ئەو تاوانباری گەورەیە.**

- ئەزانی چۆنە؟ عەلی حەسەن مەجید هەرلەناو عائیلەكەی خۆشیدا كەسێكی خەبیس "پیس" بووە، پێویست ناكات خەڵك خۆی گیل بكات، دووكەس لە ئەنفالدا بریار بەدەست بوون، عەلی حەسەن مەجیدو صدام حسێن خاوەن بریاربوون لە ئەنفالدا. كەس نەیتوانیوە ئەو ئەوامرانە رەتبكاتەوە، كێ توانیوێتی.

**- من ئەوە دەزانم عەلی حەسەن مەجید حاكمی موتلەق و بلا منافیس بوو، لەجێگەی صدام بریار دەدا لە سەروەختی ئەنفالدا.**

- نان سەلاحیەت كاملی بوو.. موبارەك هەیە ئاخر شتەكان بۆچەواشە بكەین ، موبارەك موستەشاربوو لە كەركوك ناوی وەئەنفالچی دریاوە بەلام نالێن ئەو پیاوە دووكەسی گیریا لەسەرئەنفال رەمی كریان، كەس نالێت ئەو پیاوە چی لێهات؟ یعنی بەعزێك شت هەیە چەواشە ئەكرێت. بەكورتیەكەی من ئەگەر تشتێكم لەخۆم شك ببردایە لەم ناو حزبە كوردستانیانەیا شتێكم بۆخۆم ئەكردو پلەوپایەیەكم بۆخۆم وەرئەگرتو خۆم ئەكردە ناو یەكێكیاناو خۆم قایم دەكرد.

**- یەعنی تۆ ئێستا سەربە هیچ حزبێك نیت؟**

- نا سەربەهیچ حزبێك نیم، بەلام بە حوكم ئەوەی هام لەمەنتیقەی یەكێتیا سەربە یەكێتیم. نەك وەكو تەنزیم، بەلام ئێستا هەڵبژاردن ببێت دەنگ بۆ یەكێتی ئەدەم.

**- نامەبەستم ئەوەنیە مەبەستم ئەوەیە چەكداری كەسیان نیت؟**

**نا نەوەالله**

**- بابێینەوە سەر دادگاكە من بروا دەكەم خەڵكت ئازاد كردووە، بەڵگەنامەكەشم بینی، دەزانم جگە لەتۆش خەڵكی تریش هەیە خەڵكیان ئازاد كردووە، بەلام كاتێك سڵ لەدادگاكە دەكەیتەوەو ناتەوێت بچیتە بەردەمی دادگاكە، ئەمەیان بەتەواوی جێگەی گومانی منە، ئەگەر بێتاوانیت بۆچی ناچیتە بەردەمی دادگاكە؟**

- (بەپێكەنینەوە) ئای من دەلێم قەناعەتم پێی نیە، ئەوەش رای خۆمەو مافی خۆمە قەناعەتم پێی نەبێت چونكە متابعەم كردووەو لێی تێگەیشتووم.

**- تۆپێت وایە لەكوردستان ئەگەر دادگایەك بۆ ئەوتاوانە دابمەزرێت دادگایەكی عادل دەبێت؟**

- ئائەرێ وەالله عادل دەبێت.

**- ئاخركاك سمایل پیاوی چاكبە، لەم كوردستانە عەدالەت كوا هەتا دادگایی كردنی ئێوە بەعدالەتی بڕواتە رێوە؟**

- نانا وەالله لەكوردستان حاكمی موحەنەكی هاتیا، بڕوام وایە عەدالەت هەیە. قەینا خۆ مەسئول نایكات برا حاكم دەیكات؟

**- ئاخر زۆر مەحكەمەمان بینی و مەحكەمە بیلایەن نەبوو. بەهەرحاڵ دەمەوێت پرسیارێكی تربكەم، ئایا هەموو موستەشارەكان هەمان داوایان هەیە؟ ئەوانەی داواكراون دەیانەوێت لەكوردستان دادگایی بكرێن، یان هەر نایانەوێت بچنە بەردەمی دادگا؟**

نانا من هین ئەوان نیم ڕای ئەوانی تر نازانم من ئەمە هین ئارەزووی خۆمە. بەلام هین واشیان هەیە وەكو منوایە هەشیانە مەشكوكە" گومانی هەیە.

**- بەلام من زۆر گومانم لەوە هەیە كە پێت خۆشە ئیللا دادگایەك لە كوردستان دابمەزرێ، من نالێم دادگای بالای تاوانەكان زۆر عادل دەبێت لەمەحكەمە كردنی ئێوەدا بەلام لەدۆسێی ئەنفال بینیمان عادل بوو، بڕوابكە نە ئەمریكا پێی خۆشبوو، نەدەولەتی عێراق پێخۆشبوو، كەدۆسێكەی بەجینۆساید ساغكردەوە.**

- قەینا قەینا ( بەپێكەنینەوە) ئەوەیان راستە ئەوەیان حەقەتەن لەگەڵتام ئەوەشتێ باش بوو، بەلام برا موستەشارەكان و ئامیرمەفرەزە خاصەكان ئیسە ناو ئەوانە لەئارایا نیە!! كەوا سەری زەلامیان هاوردووەتەوە، من یەك تشتێكیش باعەرزت بكەم، من هەشت سەد كەس بووە لەگەڵما بڕۆن لەو هەشت سەد كەسە بپرسن ئەگەرلەخیلال ئەوەیا من موستەشاربووم یەك كەسم كوشتووە بابە یەك فیشەكم بەپێشمەرگەوە نریاوە یەك پێشمەرگە تەقەی لەرەبایەیەكم كردووە، یەك جاش لای من برینداربووە یەك كەسمان كوژریاوە قەبوڵە! نەتەقەمان لێكریاوە، نەتەقەمان لەكەسكردووە..

**- ئەی كەوایە بۆ سل لەدادگاكە ئەكەیتەوە، من بومایە لەجیاتی تۆ خۆم ئەچووم بۆدادگاو هاوكاریشم دەكرد؟**

وەسەری ئێوە چۆن ئەلێم ئاوایە، بڕۆن بپرسن لەقادركەرەم بووینە، لەقەراغ بووینە، لەكەتووی پشت سلێمانی بووینە، لەومەنتیقانە واجبمان بینیوە، ئیستەیش نەمبینیوە پێشمەرگە تەقەیەكمان لێبكات بەخوا ئێمەیش تەقەمان لەكەس نەكردووە.. شوكر زۆۆر سەلامەت بووینە (بەپێكەنینەوە) لە جاشیا زۆر سەلامەت بیت زەحمەتە.

**باشە مادام مەسەلەكە هاتە سەر پێكەنین ئەوكاتەی مەفرەزە خاصە بوویت یان موستەشاربوویت كاتێك پێیان دەگووتن جاش شعورتان چۆن بوو؟**

ئاخر ئەزانی چۆنە پیاو با تەهەروب لەحەقیقەت نەكات كاتی خۆی ئەزانی چۆن ئەم ناوە هاتووە؟ لە جاش پۆلیسییەوە هاتووە، واتە غەیر نیزامی، ئەمە نەبەمەن و بەخەڵكی تریش نارەوێتەوە، نەوەالله خۆمان بلێین باشترە، لەوەی خەڵك تر پێمان بلێت ( بەپێكەنینەوە) ئەی وانیە؟ لەبەرئەوەی تشتەكە ..

**بوورە قسەكەت پێدەبڕم مەسەلەن كورد ب پیاوە ئازاكانی یان بە رۆشنبیرە گەورەكانی خۆی دەڵێت : ( شێرە كوڕ، كەلەپیاو، كەڵە رۆشنبیر، پڵنگ بەور) لەكاتێكدا ئەمانە هەموویان دڕندەن و گۆشتخۆرو

**خۆێن رێژن. بەڵام بەموستەشارەکان، خەڵکە خوێنرێژەکان، دەڵێت جاش.**

- ( بەپێکەنینەوە ) ئاخردەزانی

**- ببورە ئاخر جاش بۆ؟ کەر بۆخۆی بەستەزمان ترین زیندەورە مەزڵومترین ئاژەڵە، چ جای بێچوەکەی جاشولکەکەی؟**

بەپێکەنینەوە ئێخۆ ئیستە حزبێك هەیە حزبی کەران، ئێمە بێژین جاشین وەفەخرەوە قبوڵان ئەکەن، وەرمان ئەگرن ، یەعنی بەناویش نیە.

**- باشە یەك شتی تریش کورد پیاوماقوڵی هەیەو هەندێکیان بە راستی خەڵکی سەنگینن و شانازی بەوەوە دەکات پیاوماقولە، بەڵام چۆنە کابرا ئیحترامی پیاوماقوڵی خۆی ناگرێت و ئامادەیە پێی بوترێت جاش، من نازانم چۆن ئەوکارەیان پێقبوڵکراوە؟**

- ئاخر ئەزانی چۆنە ئێمە ئەوکاتە مەوقعی عەشایەری ئێمە صراعێك هەبووە صیراعی عەشایەری، من ئیسپاتی ئەکەم هەندێك کەس جاش نەبوونە نمونەیەکت بۆ دێنمەوە، رۆژێك چەند چەکدارێك ئەرۆین بۆ رەبایە بۆ واجب، رەبایەی خۆمان سەیری ناو سەیارەکەم کرد، تەماشا ئەکەم چەکیان پێنییە، ووتم ئەوە بۆ واجب نارۆن ووتیان بەرێوەالله ووتم ئەی کوا چەکەکانتان ووتیان ئەوەتا ها لەناو یاتاغەکانمانا، ووتم ئەی بۆ نایکەنە شانتان ووتیان وەالله کاك سمایل لەرومان هەڵنایا، باشە ئەمە دڵی بەو جاشیە خۆشە؟ نە من قەناعەتم وایە دلی پێی خۆش نیە، بەڵکو هاتووە پەنای بۆ ئەم فەوجە هاوردووە، بۆ ئەوەی لە هاربی خۆی بپارێزی ئەو خەڵکە زۆربەی موزەف بووە پێی نەکرایاوە راکاو لەدێهات بێت و ببێتە پێشمەرگە، ئەمە هەم لەشەری ئێران عێراق ئەی پاراست، هەم ئەوەندەش بارێکی قورس نەبووە پانزە رۆژ چووەتە رەبایەیەك سەری خۆی کزکردووەو پانزە رۆژیش لەماڵەکەی خۆی بووە، ئەگەر لەویژدان من بپرسن جاشی خراپەکار تەنها مەفرەزە خاصەکان بوون، دڵنیام ئێسە خەڵکانێك هەن ئەم قسەیەی منیشی پێناخۆشە، بەڵام ئەگەر هەقیقەتتان گەرەکە ئەوە هەقیقەتە، من دیفاعم لەخەڵك کردوە کەمەفرەزە خاصە گرتوویەتی تەعدایان لەمەفرەزە خاصە کردووە لەسەرخەڵك، ئەو کاتەشی پێشمەرگە ئیختیفابووە، خەڵکم ناردووە ئەوانە بشارێتەوە، ئامر سرییەم بووە هاتووە ووتوویەتی کاك فلان کەس دێت " ئەوکاتە مەسئول پێشمەرگە بووە" ووتوویەتی چی بکەم، ووتوومە برۆ کاکە بابێت تۆ هەقت نەبێت وەسەرییەوەو سەلام منیشی پێبگەیەنە.

**- کێ بوو ئەو مەسئولە دەتوانیت ناویمان پێبڵێیت؟**

نا پێویست ناکات ناوەکەی نالێم. ووتم برۆ مەقەیدیشیان بەو سەلام منیشیان پێبگەیەنە.

**کاك ئیسماعیل من گومانم نیە لەوەی یارمەتی پێشمەرگەتانداوە، من موستەشاری زۆر خراپ دەناسم پێشمەرگەی دەرکردووە لەئەنفالدا، بەڵام ئامادەنەبووە یارمەتی خەڵکبدات. ئەوەهەیە.**

من مەبەستم لەدەرخستنی ئەو هەقیقەتانەیە ئیتر کەسێك دێت دەڵێت سمایل عەزیزاغام دییە، ئێباشە موستەشار بروات خۆی ئەروات یان قووەتەکەی ئەروات؟ من قووەتەکەم ها لەشوێنێکی ترو خۆم هاتووم بۆیارمەتی دانی خزم و کەسوکار ئیتر بۆ خەڵك ئەنفال دەکەم؟

**بەڵام تۆ پێت وایە داواکردنت لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە لەسەر قسەی پیرەژنێکە؟**

وەالله نازانم!

**ئاخر ئەوە جێگەی پرسیارە بۆچی ناوی سمایلی عەزیزاغا دێت بەڵام ناوی موستەشارێکی تر نایات؟**

- ئێسە موستەشاری تاوانبار هەیە ناوی نیەو داوانەکراوە؟

**یەکەم ژمارەی ئەنفالستان کەدەرچوو ناوی موستەشارەکانمان بلاکردەوە، ناوی تۆی تێدابوو؟**

- نازانم پێیان ووتم ناوی تۆی تێدانەبووە. نا ناوهاتنەکەی من تابعێکی سیاسی هاتێدا یە.

**- بەڵام لەدادگا مەسەلەی سیاسی و ئینتمای سیاسی ناتوانێت کێشەت بۆ دروستبکات، وەبە پێچەوانەشەوە سەرکردایەتی سیاسی کوردو عێراقیش ناتوانن فریاتان بکەون، مەسەلەن ئەگەرموستەشارێك دلی بەوە خۆش بێت کەوا لەدادگا سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان سەرۆك کۆماری عێراق دەتوانێت بیپارێزێت ئەوا ناتوانێت.**

- نا من مەمنون نیم کەس دیفاعم لێبکات، لەسەرناحەقی چەند دۆستوبرادەری خۆمیش رەنگە پلەیان زۆر بەرزبێت ووتوومە قەت لەسەرناهەق دیفاعم لێمەکەن ئیللا لەسەرهەق.. چونکە ئەزانی بۆ وەاللەهی بیللا وەتەاللاهی ئەگەر خۆم بەتاوانبار بزانم واخۆم ئەشارمەوە کەس نەمدۆزێتەوە؟

**- ئاخرئەگەرچوویتە خارجیش هەردەتگرن، چوونکە تاوانەکە تاوانی ئاسایی نیە تاوانی نیودەوڵەتیە، ئەگەر کوردێك شکاتت لێبکات چونکە دادگا لەوێ سەربەخۆیە هەردەگیرێیت.**

ئاخر وانیە ئەوەتا رەغدەی کچی صدام حوسین پۆلیسی ئەنتەرپۆل بەدوایدا دەگەرێت کوڕەکەی مەلك حوسێن هەرقەشمەریشی پێی دێت؟! ئەوەتا لەئوردن و لەسوریا پریەتی لەتاوانبارخۆهەموو حزبی بەعس هان لەوێ.

**- مەبەستت ئەوەیە بلێیت پۆلیسی ئەنتەرپۆل ناتوانێت هیچ بکات؟**

- نەوەالله ئەویش تابیعێ سیاسی هەیە چی ئەکات؟ باقسەت بۆ بکەم لەم دونیایەدا شریتی عەدالەت دانە کوتریاوە، ئەگەر شریتی عەدالەت دابکوترییایە تا دوای راپەرینیش یەك ئەعلام باسی ئەنفالی کوردی نەکردووە.

**- باباسکراوە بەڵام ئێمە کەمتر ئاگاداری بووین.**

- ئاخر لەگوێرەی تاوانەکە باس نەکریاوە، برا فیتارێك قلپەوەبێ ئیعلامی دنیا باسی ئەکات بەڵام میللەتێك ئیبادەکرا کوا چی کریا؟ کابرا کیمیاوی سوتاندوویەتی بردوویەتی بۆ ئەوروپا دەی برا هەرئەوە پیشانبدە؟

**ئەو بەڵگەیەی باست کرد دەمدەیتێ؟**

ئا ئیسە بەڵگەکەشت پێئەدەم.

ئیسە هەرناچیت بۆ دادگا ؟

ئەگەر لەکوردستان بێت با .

## حسێن عەلی قادر:

# عزەت دوری خۆی بەدەست ئیشارەتی دەدایە شۆفلەکان، ئاوای ئەکرد لەم شۆفلەو ئاوای دەکرد لەو شۆفلیان دەیگوت دای پۆشن.

لە حفرالباتن عەسکەربووم، کابرایەکی بەدەوی هەبوو رۆژێك هاتبوو بۆلای ئامرەکەمان سەیارەیەکی هەبوو پەکی کەوتبوو، ئەویش داوای لە ئامر وەحدەکەمان کردبوو، یارمەتی بدات، بۆ راکێشێت بۆ لای فیتەر، ئامریش ووتبووی ناکرێت سەیارەی عەسکەری بۆ کاری مەدەنی بەکاربهێنین، بەڵام من چارەسەرێکی ترت بۆدەکەم، منیش فیتەربووم لەوەحدەکەمان، ئامر بانگی کردم، ووتی:: لەگەڵ ئەم پیاوە برۆ سەیارەکەی پەکی کەوتووە، بزانە یارمەتی بدە بۆی چاك بکەرەوە، منیش فەرمانەکەم بەجێهێنا، هەرلەوێ کابرا ووتی: سەیارەکەم رۆن و ئاوتێکەڵ دەکات منیش عدەکەم (سپانەو شتم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و لەگەڵ کابرای بەدەوی رۆیشتم بۆماڵیان، کابرا بە سورای حوشترێك هاتبوو، ئێمە بەوازێك رۆیشتین، کابرا هەرلەوێ حوشترەکەی بەرەڵاکردوو لەگەڵ ئێمە سواربوو، ووتی: خۆی دێتەوە، زۆر رۆیشتین، تاگەیشتینە مالیان، کە سەیارەکەیم بینی تەماشامکرد کاسکێتی سووتابوو، کردمەوەو بەبۆیاخ بۆم چاککردوو، نیوەرۆ خواردنێکی بەسیتی داینێ بەڵام بۆ ئێوارەکەی حەیوانێکی بۆمان سەربڕی، کەسەیارەکەیم چاککرد زۆری پێخۆش بوو نەیهێشت برۆمەوە، منداڵەکانی بانگیان دەکرد سەید نەمزانی ناوی چییە، هەتانان حازربوو کەوتینە قسە هەستمکرد لەقسەکانیدا هەندێك شتی لایە، بەڵام نەیدەویست بیاندرکێنێ، منیش بەعزە شتێکم بەرچاوکەوتبوو، هەستم دەکرد لەمناوە شتێك ڕویداوە، ئاسەواری خەڵکم دەبینی لەهیی کورد دەچوون، کۆمەڵە خۆڵم دەبینی غەریب بوون، پێمووت سەید دەمەوێ هەندێك شت هەیە لەم منتیقەیە بیزانم، ووتی: وەکو چی؟ ووتم ئەم کۆمەڵە گلانە چین، ووتی: کورە تۆ نانەکەت بخۆ هەقەت بەسەر ئەو شتانەوە نەبێ، ئەوکاتە تازە نان دادەنرا، ووتم وەاللە سەید من کوردم هەست بەشتێك دەکەم، بەخوا ئەمجارە برۆمەوە نایەمەوە بۆ عەسکەری چاوت پێم ناکەوێتەوە، پێم بلێیت، باشترە، ووتی: ئاخر ئەم باسانە خەتەرن، زۆرهەوڵمدا لەگەڵیدا، هیچی نەووت هەتا قاوەی هێنا، ووتم سەید ئێوە دەستورێکتان (عادەتێکتان) هەیە ئەوەی بیەوێ قاوەکەتان بخواتەوە هەر داوایەکی هەبێ بۆی جێبەجێ دەکەن، زۆر هەولیدا قاوەکەم نەخوارد ئینجا ووتی: قاوەکەت بخۆ هەرچی بفەرمووی من بەسەرچاو، وەڵامت دەدەمەوە، بەلام مەرجیشم هەیە ووتم بەسەرچاو تۆ هەندێك شتم پێبلێ منیش مەرجەکانی تۆ جێبەجێ دەکەم، ووتی: باشە، ووتم ئەم خانوانە بۆچی لەم سەحرایەدا کراوون؟ ووتی: ئەوە ئیشی تۆنیە خانووە کریاوەو وەختی خۆی حکومەت کردوویەتیوماڵی تێدابووە، ئەوە ئیشی تۆنیە، ووتم نامن هەندێك شتم لەم خانوانەدا بینوە، شکم هەیە، لەبەرئەوە پێشتر وێنەیەکم دۆزیبووەوە شت لەپشتەکەی نوسرابوو، بەداخەوە لە راکردنەکەیا ئەو رەسمەم لێ ونبوو، کاتی خۆی بردم بۆ ناوچەیەکی لقی چوار داوایان لێمکرد نەمدا پێیان، زۆر داوایانکرد ووتم نایدەم ئەمە من خۆم پێویستمە، وەالحاصل نەمدا پێیان، سەید ووتی: ئێباشە شتت بینیوە چیترت دەوێت؟ ووتم باشە پێمبلێ ئەم سەحرایە هەتا چاوبرکا هەر سەحرایە مانای ئەم کۆمەڵە خۆڵانە چین لێرەیا؟ ووتی: کورم ئەوە ئیش تۆ نیە، ووتم ئەزانم ئیش من نیە بەڵام من پێت دەلێم سەید، عەرەبیەکەم فول بوو، وەکو عەرەب قسەم دەکرد، ووتی: دەباشە بەڵام ئەترسم بۆت باسکەم سبەی ماڵ من و خۆشت برمێنی، ووتی: دەباشە زمانت دەرکە منیش زمانم ئاوا



بۆ دەرکرد، ئاوایەکی لێکردم (ئاماژە بۆ بڕینی زمان دەکات) ووتی: زمانت ببڕن نابێت کەس لێت ببیستێ، ووتم زمانم ببڕن باسی ناکەم، من فێرار دەکەم و کەس نام بینێتەوە، راستی منیش لەکاتی خۆیدا فێرارمکرد ، یەکەم شەوەکەی کەدای لەبەغدا تەیارە بۆردومانی دەکرد، من لەسەیارەدا بووم لەبەغداوە بۆ کەلار دەهاتمەوە. ووتی: دەباش ئەو کۆمەڵە گڵەی تۆ دەیبینی هەمووی کەسوئەقریبای تۆیە ئیحتمالە ئەقریبای تۆبن، منیش ووتم بەڵی زۆرکەسم ئەنفالکراون، ووتی: ئەو کۆمەڵە خۆڵەی تۆ دەیبینی دوو شۆفڵ هاتن چاڵیان هەڵکەند بەدرێژایی ئەو کۆمەڵە خۆڵەی تۆ دەیبینی، دوو هیلی کۆپتەر هاتن نیشتنەوە، (عزەت الدوری) هاتەسەرکۆمەڵە خۆڵەکان ئینجا دوای ماوەیەك خەڵکەکەیان هێنایە ناو ئەم چاڵانەوەو دایاننیشاندن، ئێستا تەماشایانبکەی خەڵکەکە هەمووی دانیشتووە، کەسی پاڵ نەکەوتووە، ئێنجا شۆفڵەکان هاتنەوە یەکێك لەمبەروەو یەکێك لەو بەرەوە دەستیان کرد بە داپۆشینەوەیان بەرزبوونەوەی ئەو خۆڵەش هی ئەوەیە خەڵکێکی زۆریان لەژێردایە، لەبەرئەوەی ئەوخۆڵە ناچێتەوە شوێنی خۆی؟ بۆیە بەرزدەبێتەوەو وەکو گردێکی لێدێت بە درێژی؟ خانووەکانی ئەوناوەش

هەر 50 ماڵو60ماڵو 70 ماڵ پێکەوە بوون بەدرێژی پێنج کیلۆمەتر لەنزیك یەکەوە دروستكراون مجموع، مجموعەن، خانوەکان وەکو بەردی نەقاری لای خۆمان سادەتر بوون بە قورکرابوون، مەنتیقەیەکی سەحراوی یە هەمووی لە ئەو لە بادەهێنی و دەیبا، وەکو ئاو شەپۆل دەدا با لە هەر کوێیەکەوە بێت لەگەڵ خۆی بەوناو ماڵانەیا دەی باو دەیهێنێ تەنانەت درکێك نابینی، تەنانەت ئەگەر قیبلەنومات پێنەبێت ڕێگەکە نادۆزیتەوە، سەحرایەکی سەیرە، کورنیە بەبێ قیبلە نوما بتوانێ بگەڕێتەوە.

**ووتت گوندە ناوی چی بوو؟**

گوندەکە نازانم بەڵام لە سێگۆشەی حفرالباتندایە، ناحیەکە ناوی بوصەیە یە، گوندەکە 5 کیلۆمەتر لە بوصەیەوە دورە. سێگۆشەکە چۆنە وەکو ئەم دوو پەنجەیەی من وایە (ئەمە کویچتە، ئەمە سوعدیە، ئەوەش عێراق)ە من ئەلەوێ جوندی بووم لەو شوێنە ( واتە ئەگەر دوپەنجەت بکەدیتەوە کویتو سعودیە دەکەونە سەرنینۆکی پەنجەکانو عێراق دەکەوێتە نیوان تیژی هەردوو پەنجەکەوە) ئەودیو سێگۆشەکە هەمووی شاخە بەڵام شاخ چۆن وەکو شاخێکی روخاو گردۆڵکەی بەرداوی ئەو خانوانەش لەو بەردانە دروستکراون.

**ئەی گوندەکە خەڵکی تێدابوو؟**

بەڵێ تەنانەت قوتووی شیری نیدۆ هەیە، گەورەکان شەکریان تێدا بوو، نۆکیان تێدابوو برنج تەنانەت نیسك هەموویم لەو قوتوانەدا بینی لەوێ هیی ئەو کوردانە بووە، هەمووی ئیکسپایەر ببوو بەکەڵکی خواردن نەدەهات، ئیمەشهەڵان دەپچڕیو فرێمان دەدان گوێمان نەدەدایە، ئینجا جلم بینیوە پیڵاوی منداڵ، چۆغەی پیاوان، کراسی ژنان قۆڵەکەی بە فەقیانەکەیەوە. هەموویم بینیوە لەو خانوانەدا. لەبەر ئەوەی زۆربوونو منیش عەسکەربووم بۆم نەهاتووەتەوە، زۆر جار دەمانکرد بە پەرۆی دەست سڕین لەبەر ئەوەی من فیتەربووم لە جەیشدا، وەالحاڵ بابێینەوە بۆلای کابرای سەید، کابر ووتی ئەو چوار کۆمەڵە خۆڵەی تۆ دەیبینی هەمووی گۆڕەو هەمووی جەنازەیەو چوارمشقی تیایدا دانیشتوون، ئەمە هەموویان بەیەك ڕۆژ نەکراوون هەر هەفتەی کۆمەڵە ماڵێك هەفتەیەك ئەم ماڵانەی ئێرە تەواو بوون دوای هەفتەیەك چوونە بۆ ئەو ماڵەکان تر.

**یەعنی ئەو ماڵانە کوردی تێدابووە؟**

ئا ئەو کوردانەی تێدابووە کەکوژراون، هەرلەنزیك خۆیاندا لەبەردەم خانووەکانی خۆیاندا هەر کۆمەڵەو چاڵێکیان بۆیان هەڵکەندووەو هەمووی تیانیان کردووە.

**ئێستا ئەم کۆمەڵە گۆڕانە لەناو خانووەکاندایە ؟**

نا لە بەردەم خانووەکاندایە هەرکۆمەڵە خانوویەك گۆڕیکی لەبەردەمدایە. خانووەکان وەکو ژمارە شەشێك دروستکراون وەکو (L) ی ئینگلیزی، گۆڕەکان دەکەوێتە نا ئەو بۆشاییەی هەردوو سەری ئێڵەکەوە، عەمودی ئێڵەکە ماڵەکان بوونو خوارەکەشی ماڵی مەسئولەکان بووە، لە هەندێك کۆمەڵیاندا خانوەکان دوبەرن. هەرکۆمەڵە خانوویەك 5 کم لە وی ترەوە دورە ئێمە بە کیلۆمەتری سەیارە حسابمانکردووە، ئینجامن کەیەکەم ڕۆژچوومە ناوئەوماڵانەوە بەناو ماڵەکاندا گەڕام لەماڵێکدا وێنەیەکم دۆزیەوە، چەند شتێك لەپشتی ئەو رەسمەوە نوسرابوو، مەسەلەن نوسرابوو من لاوێکی بادینانم ئەگەر بانگیانکردمە دەرەوە، هاتمەوە تێبینیەکەم دەنوسم، ئەگەر نەهاتمەوە واتا نەماوم، دوجار برا بووە دەرەوەو تێبینیەکەی نوسیبوو، بەڵام جاری سێهەم تێبینیەکەی نەنوسرابوو، دیارە نەماوە. منیش ئەو رەسمەم هێنایەوە لەگەڵ خۆمدا، دوای ڕاپەڕین بردم بۆ لقی چوار، ئەوکاتە لە شەهید عوسمان بوو، یەکێك لەوێ من ئەوکاتە کەسیانم لێنەدەناسی، ووتیان فەرموو ووتم وەاللە کاك من عەسکەربووم لە حفرالباتن ئەم وێنەیەم دۆزیوەتەوە هی کوڕێکە خەڵکی مەنتیقەی بادینانە، لەوێ چوار گۆری بەکۆمەڵی لێیە، بەڵام یەك گۆڕیان هی بادینانیەکانە، کابرا نە بەرپرسێکی نیشانم دا نە ڕێگەیەکی پێ ووتم، ووتی رەسمەکە دانێ خۆمان جوابت لێدەگیرینەوە، ووتم واللە من ئەم رەسمە نادەم راستیەکەی لەکارەکەی نارەحت بووم نەمداپێی، ووتم هەرکاتێك پێویستان بە رەسمەکە بوو ئەوەتا لەتەك خۆما، ئیتر ئەوە بوو راکردنەکەی ئێرانی بەسەردا هات خەڵك ماڵی لە بیرنەبوو، نەوەکو رەسم بەهەرحاڵ فەوتا ڕۆیی.

**ئێستا تۆ ئەو شوێنە پێدەزانیت؟ ئەگەر خەڵکاتێك پەیدا بوون خەمی هێنانەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکان بخۆن؟**

ئەو شوێنە چاك پێدەزانم وەکو ماڵی خۆمان. هەرکاتێك ئەوە پەیدابوو من ئامادەم بچمو دەیانبەمە سەرهەرچوارگۆڕە بە کۆمەڵەکە، تەنانەت لە نوگرە سەلمانیش شایەتم هەیە ئەو کورە لەگەڵا بوو، خەڵك کەلارە ناوەکەیم بیرچووەتەوە( لەخوارەوە بیری دەکەوێتەوە)ماڵیان دەزانم، کۆمەڵێك کاغەزی زۆرمان بینی ووتم ئەمە چیە ووتی ئەوە هەمووی وەفاتنامەیە، هەمووی لە ژورێکدابوو.

**چویتە ناو قاعەی نوگرە سەلمان؟**

چووم ، قاعە بە قاعەی گەڕاووم.

**یەعنی ئەو موجەمەعەی باسی دەکەیت جیاوازە لەنوگرە سەلمان؟**

ئەو جیاوازە لە خواریەوەیەتی، جادەیەکی قیرە بەرەو حفرالباتن دەڕوا مسافەی شەش حەوت کیلۆمەترێکە تەواو دەبێت، لەلای ناسرییەوە*[1] نوگرە سەلمان بە بەرزیەکەوەیە، لەسەر تەپێکە، کەدیێت هەندێك موجەماعتی ترهەیە ئەوە هی خۆیان هی ماڵە عەرەبەکانە، بەڵام هەندێك کوردیشی تێدایە کەکاتی خۆی نەفی کراونو نەگەڕاونەتەوە بۆ کوردستانو هەر لەوێ نیشتەجێبوون، تەنانەت جارێکیان کابرایەکی پیرم بینی گسکی جادەی دەدا لیمپرسی ووتم چیە جامەدانێکەت کوردیەو جلەکانت عەرەبین؟ کابرا ووتی من کوردم، ووتم ئەی چی دەکەیت لێرە ووتی کاتی خۆی نەفی کراومو وام لێرە، ووتم خەڵکی کوێی ووتی خەڵکی گەرمیانم، ئیتر چەند پرسیارێکی ترم لێکرد وەڵامی نەدامەوە، بەڵام کەپرسیاری معاشەکەیم لێکرد ئەوەی ووت: کە معاش نادەن پێم تەنها سەری مانگو سەری مانگ هەندێك زەخیرەم پێدەدەنو تەواو. لەوە دەچوو هەندێك زانیاری هەبێ بەڵام ترساوە نەیدەتوانی هیچ بڵێت، بابێینەوە سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەحوکمی ئەوەی من فیتەر بووم بۆهەندێك معسکەری تر دەچووم، زۆر شوێنم دیووە ئەو زەخیرەو شتەش هەر بەو هۆیەوە دیتمانەوە، هەمووی لەناو قوتوودابوو، ئیترجلوجامەدانێو پیڵاوی منداڵ هەموویم بینیوە.

**زیاتر جلوبەرگەکان هی چ ناوچەیەکی کوردستان بوون؟**

وەڵلە لە شوێنیکدا لەسێگۆشەکە بان قاتێك(چۆغە)ی مەرەزم دۆزییەوە بانقاتی خۆشمان نا مەرەزی بانقاتی دورەنگ، هی

مەنتیقەی بادینان من هەرلەسەر ئەوەش بوو لەگەڵ پارتی قسەمکرد کەرەسەکەم برد، بەڵام ئەوان ووتیان بەعەمەل نایات منیش وازم لێهێنا، فەقیانەی ئافرەتم دۆزییەوە،مەنتیقەی بادینانیش فەقیانەی کراسیان نیە، جەمادنێم دۆزییەوە عادی رەش هی سورم نەبینی، هەتا رزی بوو ، جلی خەت خەتی ناوچەی بادینان هەمووییم بینیوە لەوێ بۆیە ئەوەنـدەش ئیلحاحم لەکابرا سەیدکرد، ئینجا کابرا دوای ئەوەی پێی گوتم ئەوە گۆری کوردەکانە ووتی: بەڵام ئەمانە باش بوون لەنوگرە سەلمان دەڵێن زەلامە کوردەکان رووتیان دەکەنەوەو لەبەرهەتا ئەتاوێننەوە، هەرلەبەرخۆر سوتاندوویانن مەبەستی ئەوە بوو رایانگرتوون لەبەرخۆرەکە تاگیانیان دەرچووە.

**ئەی لە نوگرە سەلمان گۆرت بینی ؟**

نە گـۆرم نەبینی بـەڵام تەلبەندێکم بینی نەمتوانی بچمە ناوییەوە، لەکەی نزیکەی 30 سانتیمەتربەرزترە لەپشتی مەخفەرەکەوەیە. تەلەبنەدکراوە.

**بەبروای تۆ ئەو تەلبەندە بۆچی کراوە؟**

وەللە نازانم بۆچی کراوە بەڵام لەوە دەچێت ئەو خەڵکەی لەبەر هەتاو رایانیان گرتووە لەو تەلبەندەدا رایانگرتبن، چۆنیش زانیم 30 ساتیمەتر بەرزترە ئاوا بستێکو شتێك مشتم بۆی گرت، بەڵام بلێم چومەتە ناوی نەچووم هیچم نەبینیوە وەکو ئیسكو پروسكو شتی وام نەبینیوە، لـەوێ مـن قسەی ئـەو کابرا سەیدم بیرکەوتەوە ووتـی ئەمانە بەختیان هەبوو یەکجاربووکوشتنیانو رۆیشتن لە نوگرە سەلمان، لەبەر خۆر ئەیانتاوێننەوە.

ئەی سەگت بینی؟

بەڵی سەگ زۆر بوو لە حەد بەدەرە سەگیان .

**ئەی ئەو کابرا ئەو سەیدە هیچ باسێکی لەو سەگانە نەکرد نەی ووت بۆچی سەگ لێرە زۆرە؟ بۆچی سەگیان درە؟**

نا هیچی نـەووت هـەر ئـەوەی ووت لەنوگرە سەلمان خەڵك لەبەرخۆر ئەتاوێننەوە.

**خۆرەکەی ئەوەندە گەرمە؟**

بەڵی بروابکە لە تەموزدا ناتوانی ئاوا پینج دەقیقە دەستـت لـەبـەرخـۆرراگری دورنـیـە بسوتێ رەنگە تلۆق دەربکا، بروابکە ئێمە بە پۆستالیشەوە نەماندەتوانی پینج دەقە لەسەر ئەو لە بوەستین، بۆخۆمان حەرەکەیەکمان دروست دەکرد لەبەر ئەوەی تەحمول ناکەیت.

**مـاڵی سەید کـەس سـەری پێدانەکردبوو بۆ دەربازبوون ؟**

باسی نەکرد دوای ئەوە ئەومالەکەی هێن نەبوو، رەشـدەواربـوو، بەسابتی لـەوێ نەبوو، بیرێك هەبوو لەوێ دوایی من ماتۆرم بۆ دانا، ئەو بیرە ئاوومان لێدەردەهێنا، بەڵام دواتر وازمان لێهنا چونکە ئاوەکەی سوێروتاڵبوو، تەنها حەیوان دەتوانێ بیخواتەوە بەشەرناتوانێ، سوێریەکەی لە حەد بەدەربوو، ئەویش لەوکاتەدا بەهۆی ئەو بیرەوە لەوێ بوو چونکە حەیواندارbوو، حوشترو مەروماڵاتێکی زۆری هەبوو، کەئەو وەزعەشی بینیبوو رۆیشتبوو لەوێ نەمابوو.

ئـەی ئـەو سـەیـدە خـۆی بـیـنـیـبـووی کە کوشتبوویانن، خۆی عـزەت دوری بینیبوو کەئەمری کردبوو بیان کوژن؟

ئەو لەوێنەبووە رەشماڵەکەی لێیانەوە نزیك بـووە، لـەدورەوە بینیبوونی ووتـی دەمبینی عیزت دوری بەم دەستـو بەودەستی ئیعازی دەدایـە شۆفڵەکان بانیان دەدەنوخۆڵبکەن بەسەریاندا.

ئـەوکـورەکـەی دەڵـێـم والـەگـەڵـا بـوو ووتم ناوەکەیم لەبیر نیە بیرم کەوتەوە ( سالاری حاجی محمودی ئەلماس بوو) وەکو شایەتی حاڵ ئەو کاك سالارەم لەگەڵدبووە، هەرچەندە پێم نەووتووە من بۆ شتێکی ئاوا دەگەرێیم، چونکە خۆتان دەزانن ئەو کاتە برا لەبرا ئەمین نەبوو. بـەڵام دەشیزانی من بـزێـومو سەربەهەموو کونێکدا دەکـەم. بـەڵام سالار چەند شتێکی بەدیوارەکانەوە خوێندووەتەوە لەبەر ئەوەی من نەخوێندەوار بووم، پێمدەگووت سالار ئەم شتەم بۆ بخوێنەرەوە ئەوەم بۆ بخوێنەرەوە، شتەکان بـەسـەردیـوارەکـانـەوە بەقەلەمیش نـەنـوسـراوون بـە کـر بـەبـەرد، نـوسـراوون باوەرناکەم ئەوان قەڵەمیان بووبێت.

**لەعەسکەری ئەو گۆرە بەکۆمەڵانە یان بابلێن ئەو کۆمەڵە خۆڵانە نەبووە مەوزع یان نەبووە جێگەی پرسیاری عەسکەرو ئامرەکان؟**

نانا نا باس نەدەکرا، من ئامرەکە رەفیقم بوو، بیشیزانییایە نەیدەتوانی بیدرکێنێ.

**چۆن رەفیقت بوو؟**

لەبەرئەوەی ئەو موجند بوو، مگوع نەبوو، پێش ئـەوەش مـن هـەر دەمـنـاسـیو رەفیقم بوو ئەوان محلی تایەیان هەبوو لەکازمیە من تایەم بـۆدەبـرد بۆ بەغدا، وەکـو چۆن کاتی تایە فرۆشیەکە پێی دەگوتم کاکە حسێن، لە عەسکەریش هەرپێی دەگـوتم کاکە حسێن، هەربەیەکیشەوە بووین، ئیستاش هەررەفیقمە.

**نەتوانی گۆرێك هەڵدەیتەوە بزانی کابرا سەید راستدەکات یان نا؟**

نـەمـانـدەتـوانـی.. لـەبـەر ئـەوەی بچوینایە سەرگلەخۆلەکەش ئەفسەرێك یـان رئیس عرۆفا وەحدە بانگی دەکردین دەیگووت مەچنە سەرئەو گردانە دەیانگووت مەچنە سەربەرزی، لە ژورەکانی خۆتان دابنیشن.

**سید ووتـی عـزەت دوری کەهاتووە حیمایەی زۆرهەبوو لە دەوری گۆرەکان ؟**

ئا ووتـی دوو تـەیـارەیلەگـەڵـدا بـووە، ووتی عزەت دوری خۆی بەدەست ئیشارەتی دەدایە شۆفڵەکان، ئـاوای ئەکرد لـەم شۆفلەو ئـاوای دەکـرد بۆئەو شۆفلیان دای پۆشن، بەدەست ئیشارەتی دەدا ئـاوای ئەکردو ئاوای ئەکرد، هەرئاوای کردووە هەتا دایان پۆشین.

**کەواتە ئەو لەتەکیانەوە بووە کە گۆرەکانیان داپۆشیوە؟**

نا بەڵام زۆر لێیانەوە نزیك بووە، وەکو ووتم بە حوکمی ئەو بیرە لەوێ بووە. ئیستەش کەبیر لەو کابرا ئەکەمەوە زمـانم ئـازاری پێدەگات چونکە کەوتی زمانت دەربێنە، زمانم دەرهێنا ئەوەندە توند گرتی زمانم زۆر عەزیەتی بوو، دەستی زبربوو ئەوەندە بەتوندی گرتی ووتی زمانت بـبرن ئـەم قسەیە لای کـەس نەکەی، چەندرۆژێکیش دوای ئەوە هەرزمانم ئازاری هەبوو .

جامن بـۆچوون بۆ ئـەو شوێنە نـەك ئێستا هەرکاتێك بیانەوێ ئامادەم بیانبەمە سەرئەو گۆرە بەکۆمەڵانەو یەك بەیەکیان دەستنیشان بکەمو عەلەمی کوردستانیان لەسەربچەقێنم، لەبەرئەوەی من خۆم چومەتە ئەو شوێنەو بـەچـاوی خـۆم بینیومە، چونکە مـن زۆر شارەزای ئەو جنوبەم، خۆشتان دەزانن ئێستا وەزعـی ئـەو جنوبە زۆرخـراپـە، حکومەت هـاوکـاریـم بـکـاتو حیمایەم بکات بچین بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەو هێنانەوەی ئەوخەڵکەی لەوێ بە کۆمەڵکوژراون.

★

★ [1] (لەوە دەچێت مەبەستی سەماوە بێت) هەلەی زمانە دەنا نگرە سەلمان لە سەماوەوە نزیکە نەك لە ناسرییە.

# سێوسێنان بەر لەپەلامارەکانی ئەنفال و دوای ئەنفال



سێوسێنان که زۆر نیه بووەته ناحێ بەرله پەلامارەکانی ئەنفال گوندێکی گەورەی ٣٠٠ ماڵی ناوچەی قەرەداغ بوو ، له روی جوگرافیەوە دەکەوێتە قۆڵی رۆژهەلاتیی قەرەداغەوە، که ئیستا بووەته قەزا ، لەروی ئیداریەوە سەربە پارێزگای سلێمانیه، بەرلەپەلامارەکانی ئەنفالی دوو، دانیشتوانی گوندی سێوسێنان وەکو هەرگوندنێکی تر بەکشتکاڵو مەرومالات بەخێوکردنەوە خەریك بوون، خەلکەکەی ژیانێکی سادەو هاکەزایی دەژیانو ماوەیەکی زۆربوو لەبن دەستی حکومەتی عێراق رزگاریان ببوو.

له رۆژی (٢٢)ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٨دا سێوسێنان کەوتە بەرپەلامارێکی سەختی سوپای دەوڵەتی عێراقەوە کە بەعس حوکمداری دەکرد، ئەو پەلامارە کە بەچەکی کیمیاوی کرایە سەر گوندی سیوسێنان تاوانێکی خولقاند تا ئەمرۆش کەبیست ساڵی بەسەردا تێدەپەرێ کاریگەریەکانی به ئاشکرا بەسەرخەڵکی گوندەکەوە دیارن، هەرلە هەژارکەوتنی ئەو خێزانانەوە بگرە تاچارە سەرنەکردنی بریندارەکانی چەکی کیمیاویی. وەکو خەڵکی گوندە کە دەیگێرنەوە رۆژی بۆمبارانەکە بە بۆنەی جەژنی ساڵی تازەی کوردییەوە پێشمەرگە ئاهەنگیان دەگێڕاو ئاگرییان کردبۆوەو تەقەی خۆشییان به ئاسماندا دەکرد[٤]. خەڵکی سێوسێنان ، سەرەرای هەواڵی هێرشکردنە سەرسەرگەڵو بەرگەڵوو و هەڵەبجە، وادیارە خەیاڵێکی سەیرو بێبناغەیان لەمێشکی خۆیاندا دروستکردبوو. گوندنشینێك بیرەوەریەکانی ئەو رۆژانەی خۆی بۆمیدل ئیست وۆچ گێراوەتەوە: "خەڵکەکە دەیانوت ئەمەش هەروەك جارانی پێ"وو دەبێت، ئەوان هێرشمان دەکەنە سەرو ئێمەش دەیانـ"کێنین"[٥]. هەرچەندە سێوسێنان بارەگای تیپێکی پێ"مەرگەکانی یەکێتی نیـ"تمانی تێدابوو، بەڵام لەو دەمەدا ئەوەندە پێ"مەرگە لەوێ نەبوو چونکە زۆربەیان له بەرەی شەری سەرگەڵوو بەرگەڵوودا بوون. ئێوارەی رۆژی ٢٢ ی مارت لە کاتی نانی شێواندا خەڵکی گوند بە نرکەو هاژەی گولله راجیمه راچڵەکینو بۆن و بەرامی سێو لەو ناوەدا بڵاوبۆوە. شایەتحالێکی گوندی سێوسێنان بەناوی فایەق مجید بەساڵنامەی ئەنفالستانی ووت: ئەوکاتە من لەگوندی بەڵخەی بەرانبەر سێوسێنان بووم، پێ"مەرگە خەبەریان هێنا ووتیان: کە سێوسێنان کیمیابارانکراوە.. دواتر گوندی بەڵخەش بۆمبارانی کیمیای کرا، فایەق درێژەی بە قسەکانیداو ووتی: ماڵی صدیقی حەمەئەمین دیوان.. خەسارەی گەورەیان لێکەوت( رەفیقو ئاوازو ئەسمەرو چنور کەکچی خۆم بوو) شەهید بوون، رەفیق زاوام بوو کە مێردی چنوری کچم بوو، هەروەها ئەسمەریش بوکم بوو ژنی کورەکەی من بوو، من مندالەکانم بردبوو بۆ دەشتو دەر، خێزانەکەم لەگەڵ خەڵك چووبوون تەرمەکانیان هیچنابوون لەکەژی رێ"کان ناشتمانن. هەتا دوای راپەرین هێنامماننەوە بۆ سێوسێنانو لەوێ پێکەوە لەگۆرستانی شەهیدانی سێوسێنان ناشتمانەوە، فایەق دوای ئەوەی هەناسەیەکی هەڵکێ"ا هەلوەستەیەکی کردوو بەخێسەیەکەوە تەماشای کردمو ئینجا ووتی : حەیف رەنج بەخەساربوویینو بەبەلاش خوێنمان رژا لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم هیچی وای بۆ سێوسێنان نەکردووە. گولله راجیمەیەك کەوتە حەوشەی ماڵی پیاوێکەوە ناوی مەهدی هادی زۆراب بوو دەسبەجێ سیانزە کەسی لەو خێزانە چواردە کەسییە کوشتو تەنها یەك کوریان دەربازبوو، ئەویش پێ"مەرگە بوو لەوکاتەدا لە چیاکانی دەوروبەری گوندەکە بووە. هەرچەندە پێ"تر خەملاندنو ژمارەی جیاواز لەلایەن گوندن"ینانی ناوچەکەو کاربەدەستانی حزبەکانەوە دراوە بە میدل ئیست ووچ کەوا تێکرا کوژراوانی هێرشە کیمیاییەکەی بەعس بۆسەر گوندی سێوسێنان بە ٧٨ تا ٨٧ قوربانی ئەو پەلامارە کیمیاویە دادەنێن. بەلام ژمارەی تەواوی کوژراوانی ئەو پەلامارە کیمیاویی ٦٥ کەسی گوندی سیوسێنانو ٤ کەسی گوندەکانی دەوروبەریان بوون، کە هەموویان دەکەنە ٦٩ قوربانی، بەلام قوربانیەکان هەر شەهیدەکانی ئەو تاوانە نەبوون، بەڵکو بریندارانیش

ژمارەیەکی بەرچاو بوون،

ئەگەرچی ئەم تاوانەی بەعس پاساو هەڵنەگرەو بەپێی بەندی سێهەمی پەیماننامەی نیودەولەتی بەجینۆساید یەکلادەبێتەوە، بەڵام لەبرووسکەکانی دەزگای هەواڵگریی دەوڵەتی عێراقدا پاساوی ئەم تاوانەیان بە بوونی پاسداری ئێرانی لەو ناوچەیەدا دەدایەوە، هەروەکو بروسکە نهێنیو بەپەلەکانی دەزگا هەولگریەکانی عێراق پڕبوون لەتێبینیو سەرنجدانی ناوچەی قەرەداغ کەوا پاسدارانی ئێران بە ئارەزووی خۆیان خەریکی جموجووڵن لەبنکەو بارەگاکانی پێشمەرگەدا، بەڵام هیچ پاساوێك ڕێگە بە لایەنێك یان دەوڵەتێکی شەرکەرنادات لەبەرانبەرلاکەی تردا چەکی قەدەغەکراوبخاتەگەر، چ جای لەبەرانبەر خەڵکی سڤیل‌ومەدەنی؟!.

پاساوی حکومەتی بەعس ئەوەبووکە لەبروسکەکانی ئەمنو موخابەرات وا باسکراوە کەوا لە ٩ ی مارتدا هەشتا کەس لە "گاردی خومەینیی جادووگەر" لە سێوسێنان بووبێتنو پڕچەك بوون.

بەهەرحاڵ پەلامارە کیمیاویەکەی بەعس تەنها بە گوندی سێوسێنان نەوەستایەوە لەناوچەی قەرەداغ، جگە لەبۆردومانە گوندی سیوسێنان لە دەوروبەری مانگی شوباتدا، هەشت فڕۆکەی عێراقی هێرشێکی کیمیایی تریان کردووەتە سەر گوندی تەکێو بەلەگجار. گەلێك لە خەڵکی ناوچەکە بۆمبارانەکەیان بە چاوی خۆی دیبوو، عومەر کەخەڵکی تەکێیە بۆ میدل ئیست وۆچ دواوەو دەڵێت: "بۆمبێکی زۆریان بەردایەوە، نازانم چەند بوون، ڕەنگە هەشت یان نۆ بووبێت. کاتێ کە دەتەقینەوە ناڵەیەکی زلیان دەهات بەڵام دووکەڵێکی کەمیان لێپەیدا دەبوو و وەکو خوێ بە سەر زەویدا بڵاودەبووەوە. ئەو کەسانەی دەستیان پێوە دابوو دواجار پێستیان تلۆقی کردبوو، ئەو ئاژەڵانەش کە لەو گژوگیایەیان خواردبوو کەوا بەر کیمیاییەکە کەوتبوو یەکسەر مرداربوونەتەوە". بەڵام زیانی گیانیی لە خەڵکەکە نەکەوتبوو. چونکە لەبەر بۆردمانی ڕۆژانە هەموو خەڵکی تەکێ بە ڕۆژدا دەچوونە ئەو کونە تەیارانەوە کە لەدەشتودەردروستیان کردبوون.

هێرشی زەمینیی سوپا لە دوای نیوەڕۆی ٢٣ ی مارتەوە دەستیپێکردو هێزەکانی فیرقەی ٤٣ ی سوپا بە پاڵپ"تی جاشو هێزی تەواری کەسەربە ئەمن بوون، لە چوارلاوە بەرەو ئەو ناوچەیەی دەکەوتە نێوان قەرەداغ*و دربەندیخانەوە پێ"رەوییان کردو گوندن"ینەکانیان وەك نێچیر لە ماڵی خۆ دەردەپەراند[٨]. بە گ"تی خەڵکەکە لەو هەواڵانە زەندەقیان چووبوو چ بە دەماودەم چ بە ڕادیۆ مەیدانیەکانی پێ"مەرگە بڵاودەبوونەوە لەبارەی ئەو هێرشە پڕ لە وێرانکاریەی گازی ژەهراویی بۆ سەر سێوسێنان. چ لە ڕێگەی خەڵکانی ترەوە ئەگەرچی هەڵاتنو کۆرەوی خەڵکی ناوچەی قەرەداغ لەدەست پەلامارەکانی ئەنفال بە شێوەیەکی گ"تی بەرەو باکوور بوو، خەڵکەکە پەلەقاژەی ئەوەیان دەکرد لە سلێمانی یان لە یەکێك لە کۆمەڵگاکانی سەر شارێیەکە پەنایەك بدۆزنەوەوخۆیانی تێدا ب"ارنەوە. کۆمەڵێك خەڵك لەچەمی سمۆرو جافەرانەوە با بۆنی سێوی گەنیوی دڵتێکدەری بە سەریاندا هێنابوو. خێزانێکی تری خەڵکی مەسۆیی پەنایان بردبووە ئەشکەوتێك لەولای ماڵەکانی خۆیانەوە، بەڵام هەڵەیەکیان کردبوو کاتێك خەوتبوون چراکەیان نەکوژاندبۆوەو شەوێ لە گوڕو هووری هەلیکۆپتەر بە ئاگا هاتبوونەوە، کە دیارە تروسکایی چراکە بووەتەمایەی ئاشکراکردنیان، لەناکاو دەنگی تەقینەوەیەك ئەشکەوتەکەی پڕکردبوو لە بۆنێکی خنکێنەر کە لە بۆنی کاڵەك دەچوو و خێزانەکە خێرا دەرپەڕیبوونە دەرەوەو دوو منداڵیان لە گەڵ خۆیان هەڵگرتبوو، کە بۆنەکە کاریتێکردبوون و خۆشبەختانە ڕزگاریان بوو و لە لاپاڵەکانی کەژی زەردەدا خۆیان شاردەوە. لە پاش سێ ڕۆژ لەوێوە تەماشایانکرد وا سوپا گوندی مەسۆیی دەسووتێنێ[٩].

شاخی گڵەزەردە کە بەرزیەکەی ٤٣٠٠ پێی یەو دەکەوێتە نێوان ناحیەی قەرەداغو شاری سلێمانیەوە. بووە مەیدانی گرتنو ڕاوەدونانی خەڵکەگوندن"ینەکەی ناوچەی قەرەداغ کەلەوێ بە سەر هێزی سوپاو جاشو کۆماندۆدا کەوتن لە گەڵ یەکەکانی هێزەکانی ( قوات الگواریو) کە سەر بەدەزگاکانی ئەمن بوون، لەوکاتەدا کە ئەو ناوەیان تەنیبوو بۆسەی مەحکەمیان لێدانابوو هەموو ڕێگەوبانێکی هاتووچۆیان گرتبوو. وەزعی ناوچەکەش بەتەواوی شلەژابوو ئەنفالی دوو شیرازەی ناوچەکەی شێواندبوو خەڵکیش لەسەرماڵوحالی خۆیان هەڵکەندرابوونو لەهەموو لایەکەوە خەڵکی شەکەت و ماندوو، بە عەرەبانەو تراکتۆرو ئاژەڵو ماڵاتیانەوە دابوویانە شاخەکانو بەدوای دەروازەیەکدا دەگەران لێوەی دەربازبن، هەلیکۆپتەر بە سەریانەوە دەسووڕایەوە، تانكو تۆپخانە هەموو لایەکی ئاگر دەدا، وەك پیاوێکی دەربازبووی خەڵکی جافەران دەیگێڕایەوە. "ئەو ناوە وەك مەنجەڵ دەکوڵا"

ئەگەرچی لە ڕۆژانی سەرەتاو دەستپێکی ئەنفالی دوودا بەسەرکردایەتی عمید روکن "ئەیاد خلیل زەکی" لە ڕێگەی خەفێکانیانەوە بڵاویانکردبووەوەو ئەوانیش بە هەندێ لە گوندن"ینانیان گوتبوو بچنە ناو شار یان کۆمەڵگاکانەوەو هیچتان بۆنابێت، هەرچەندە هەندێك کەس ڕۆی"تنو سوپاش هیچی پێنەووتن، (ئەمەش داوێك بوو) بۆ ڕزگار بوونی کەمینەیەك تا زۆربەی بپێچنەوە، کە بە پیادەو تراکتۆرەکانیانەوە بەبەردەمی سوپاو جاشەکاندا ڕۆی"تن، بەڵام ( دواتر پیاوەکانی دائیرەی ئەمن لەئۆردوگا زۆرەملێکانی نەسرو زەرایەنو لەناو شاری سلێمانی"دا ماڵ بە ماڵیان پ"کنیو بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕان). بەم ڕێگەیەش خەڵکێکی زۆر گیرانو ئێستاش نەبینرانەوە، هەرچەندە هەندێ لە خەڵکەکە هەر ئەو کاتە کە سەربازەکانیان بینی ک"ابوونە دواوە بۆ ناو شاخەکانو خۆیان لەو داوە لادا.

بەڵام دەربازبوونی پەلامارە کیمیاییەکەی گوندی سێوسێنان هەواڵی لێبووردنێکی کاتییان بیستبوو بۆیە ماوەی چەند ڕۆژێك بە قەدپاڵی شاخەکانەوە لەبەر باران خۆیانگرتو لەشوێنی خۆیان مانەوە تا شتێکیان لێڕوونبێتەوەو دوایی دابەزنو سەرپەنایەکی ئارام بدۆزنەوەو

بێن لە شار یان لە ئۆردوگایەك دانیشن، بەڵام لە ڕۆژی پێنجەمی پەلاماردانەکەدا سەربازانی خاڵی پشکنینی سەر ڕێگای نێوان سلێمانیو قەرەداخ دەستیانکرد بەگرتنیان، هەندێك بە تایبەتی پیرو پەککەوتە بە یارمەتیی جاشەکان توانییان دەربازببن، کەچی دواتر بەدرێژایی ماوەی ئەنفال جاشەکان ڕۆڵی خراپیان گێرا. لە گەڵ ئەوەشدا لە نێوان ٢٥ ـ ٣٠ کەس لەخەڵکی سێوسێنان لەوخاڵی پشکنینەدا دەسگیرکرانو جارێکیتر نەبینرانەوە.

ئەوانەی کە لە خاڵی پشکنینەکەدا گیران خرابوونە نێو ئیڤاوەو یەکسەر ڕەوانەی بارەگای هێزەکانی تەواری کرابوون لە گەڕەکی چوارباخی سلێمانی*. لەوێ هەزاران بەندکراوی لێبوو کە لە قەرەداخەوە هێنرابوونو ڕۆژانەش سەدان کەسی تریان دەهێناو ناویان دەنووسینو ناسنامەو هەر شتێکی بەنرخیان پێبوایە لێیاندەسەندن. پیاوێکی خەڵکی گوندی دۆڵانی خوارووش دەگێڕێتەوە کە یەکەمجار لە سەربازگەیەکدا بەندیانکردووە کە ئەفسەرانی ئیستیخبارات سەرپەرشتییان کردووە، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ بنکەی هێزەکانی تەواری[11].

بۆ سۆراخی بێسەروشوێنانی ناوچەی قەرەداغو قوربانیەکانی ئەنفالی ددوو ڕێکخراوی میدڵ ئیست وۆچ چاوپێکەوتنی لە گەڵ دەربازبوانی دە گوندی ناوچەی قەرەداخدا کردووە کە بەر ئەنفالی دوو کەوتوون, ئەوان هەموو کات ناوی ئەو گەنجانەیان دەهێنا کە لە تەمەنی سەربازیدا بوونو پاش گرتنیان لەبنکەی هێزەکانی تەواریی سلێمانییەوە بێسەروشوێن کرانو بە سەیارەی کۆستەر بەرەو لای کەرکوکیان بردوون.

ئێستا سێوسێنان ناحێیەکە لە قەزای قەرەداغ، وێرای ئەوەش کەکراوەتە ناحێ هیچ دەستی ئاوەدانی وای پێ نەگەیشتووە، ئەمساڵ لەیادی بیستەمین سالیادی سێوسیچناندا وەکو هەموو جارەکانی تر ، بەرپرسان کەوتنەوە قسە دوبارەبووەکانی خۆیانو ژیانی خەڵکەکەش بەو شێوەیە پەراوێزخراوە کە گوندە کیمیابارانکراوەکانی تر پەراوێزخراون، سەیرە کاتێك دێتە سەر گرفتو دواکاریەکانی خەڵك هەمیشە بەرپرسان ئەوە بەرووی خەڵدا دەنەوە ئەوەنیە خەستەخانەی بۆکراوە؟ ئەوەنیە قوتابخانەی هەیە؟ ئەمە لەکاتێکدا هەرشوێنێك بووە مەلبەندی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیان جا گەورەبێت یان بچووك ئەو کارانە دەبنە ئەرکی دەولەتو شایانی ئەوەنیە خەڵکی لەسەر منەتباربکرێن، خەڵکی سێوسێنان قوربانیانداوە، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەسەرو ئەرکە کارگیریەکانی خۆیەوە، هاوکاری بکات، هەروەها ئەرکی هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵگایەشە بە شێوەیەکی جدی ڕێز لەخەڵکەکەی بگرێت، بەڵام کەدێینە سەر ڕەخنەی جدی دەبێت ئەو پرسیارە ئاراستەی حکومەت بکەینەوە، ئەگەر توانای لێدانی بیرێکی نیە، بۆچی بەرێوەبردنی ئیدارەو فەرمانگەی کارگیری دەباتە ئەوێ؟!



---

×

(٤) لە کاتێکدا کە شایەتحاڵێکی تر ڕۆژی ١٨ ی مارت بە بەرواری پەلاماردانی سێوسێنان دادەنێ، بەڵام ڕۆژی دووەمیان زیاتر ڕێی تێدەچێت. هەموو بەروارێکی ئەو شایەتانە پێویستی بە وریاییە، چوونکە ئەگەرچی کورد ڕۆژژمێری هەتاویی ٣٦٥ ڕۆژ بەکاردێنن، بەڵام مانگەکانی لەگەڵ ڕۆژژمێری گریگۆریی ڕێک بەرانبەر نابنەوە. سەبارەت بە ڕۆژژمێری کوردیو جەژنی نەریتیی نەورۆز، بڕوانە ئیزەدی، کورد، لاپەڕە ٢٤٣ ـ ٢٤١.

(٥) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای نەسر، ٣٠ تەمووزی ١٩٩٢.

* مەبەست لە شارۆچکەی قەرەداخە, واتە سەنتەری ناحیەکە ـ و.

(٨) جموجوولەکانی سوپا ڕۆژ بە ڕۆژ بە وردیو دوورو درێژی لە شانزە بروسکەی دەسنووسی ئەمندا نووسراوەو خراوەتە فایلێکەوە بە ناونیشانی شئۆپەراسیۆنی پاککردنەوەی قەرەداغ، ( لێرەدا ناخوێنرێتەوە)و دەربەندیخانش. ئەم بەڵگەنامانە کەوا بابەتی شنهێنیو بە پەلەنشماوەی نێوان ٢٣ ی مارت تا ١ ی نیسانی ١٩٨٨ یان گرتووەتەوە کاتێ کە ئەمن گرتنی تەکێو بەلەگجاری ڕاگەیاند.

(٩) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای باینجان، ٢١ ی مارتی ١٩٩٣.

* ئەمە بەشی هێزی لە ناکاوی ئەمنی سلێمانی بوو کە بە عەرەبییەکەی بە (قوات الگواری‌و) و بە کوردیەکەشی هەر بە ( تەواریەکەی چوارباخ ) ناوی ڕۆیشتبوو. ئەم دەزگایە بینای قوتابخانەیەکی سەرەتایی داگیرکردبوو وەک بنکەیەک بۆ کاروباری داپڵۆسین و ئەشکەنجەدانی خەڵک و گەلێ کەسی بێتاوان لەم دەزگا بەدناوەدا تێداچوونو بێسەرو شوێن کران. لە سەروەختی ئەنفالو دواتردا ئەفسەرێکی ئەمن کە ناوی (ڕائید تەها) بوو بەرپرسی ئەم دەزگایە بوو و بە دڕندەیی ناوبانگی دەرکردبوو ـ وەرگێڕ.

(١١) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، سلێمانی، ١ ی نیسانی ١٩٩٣.

# نەخشەی گۆڕێکی بەکۆمەڵی تر لە حەمرین

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەنامەیەکی کاك تایبەتدا گەیشتووەتە ئەنفالستان، دەستنیشانی ناوچەیەکی تردەکات کەوا گۆری بەکۆمەڵ تیدا شاردرابێتەوە، بۆ ئەوەی هەم نامەی ئەو کەسایەتیە بەرێزەی ناوچەی گەرمیان بکەینە دۆکۆمێنتێکی بەرجەستەو هەم هەوڵ وکۆششەکەسی بخەمە بەرچاو بەباشم زانی نامەکە وەکو خۆی بلاوبکەمەوە.

بۆبەرێز کاك عومەرمحمەد (ئەنفالستان)

سـلاو.......

بەپێ ئەو زانیارییەی کە بە دەستمان گەیشتووە . لە لایەن (ئەیاد عەقەر عەبدون عەزیز) کە یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵەی (شێخەکانی عوبێد لەناوچەی چیای حەمرین – ناعمە) ناوبراو عەلی دەحام ئەبێ بە مامی وە شێخی سەرجەم تێرەو هۆزەکانی عەشیرەتی عوبیدە .

دوو گۆری بەکۆمەڵ لە ناوچەکەیاندا هەیە . چیای حەمرین – ناعمە مێژوویان دەکەرێتەوە بۆ دەوروبەری مانگی (٤ – ٥)ی ساڵی ١٩٨٨

ناوبراو دەڵێ کاتی خۆی یەکێك لە شوانەکانمان دەبینێ حەفاریەك دێتو لە ناوچەکە دەست بە حەفردەکات دواتر، ژمارەیەك لەئۆتۆمبێلی جۆری (مونشئە) دێتە ئەو سنوورە کەژماریان دەگەیشتە (٣٠) مونشئە لەسەر رێگای گشتی دابەزین بەرەو ئەو جێگایە چون کەحەفارەکە کاری تێدا دەکرد .

دوای ماوەیەك لەو جێگایە تەرمێکمان دۆزیوە ئێمەش لەنیەتی خۆمان ئاگادری بەرێوەبەری گشتی پۆلیسمان کردوە کەتەرمێك دوزراوەتەوە .

ئەویش لە لای خۆیەوە پارێزگای تکریتی ئاگادارکردوە .

دواتر پارێزگای تکریت بەرێوەبەری پۆلیسی ئەو کاتەی ئاگادارکردۆتەوە. ئەگەرجارێکی ترلەناوخۆشیانا باسی ئەو شتە بکەن چارەنووسیان وەکو ئەوان دەبێت، با بچن بە دواوە وجارێکی تر ناوی ئەو شتە نەهێنن .

ناوبراو ئەڵێ ئەو دوو گۆرە بە کۆمەڵە نزیکەی (١٥٠٠) کەس دەبن . دڵنیاشم کەکوردن هەروەها ئەڵێ ئێستا ئەگەر بێت و هەرکەسێ ئەو جێگایە ببێنی . دەبینێ ئەو دوو جێگایە بە جۆرێك وەها دیارە لە ئێسکوپروسکی ئەوان جەوری بە دەشت داوە واتا خاك و خۆڵێ ئەو جێگایە بە جەوری دەبینرێت .

لەگەڵ رێزدا ....

جەبار مەلا عەلی

تەموزی/٢٠٠٧

# (شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان)
# (مێژووی دەگەڕێتەوە بۆمانگەکانی ٥/٤ ساڵی ١٩٨٨)




دوورە لە شەقامی سەرەکی وە بە (١,٣٠٠م)

شەقامی گشتی تکریت

# فەرج محمد عەزیز :
# ئەرێ برا ئێمە بوینە فلیمی عالەم، قازانجمان بۆ خەڵکەو خوێن و ژیان و مەینەتی دەردیسەریەکەش بۆ ئێمە



لەساتەوەختی دەرچوونی ئەم ژمارەی ئەنفالستانداو لەوپەڕی جەنجاڵیو سەرقاڵیدا بووم، کە برای بەڕێزم محمود نامۆ تەلەفۆنێکی بۆکردمو ووتی: خاڵم هاتووەتەوەو فایلەبەوەی بێیتە دیدەنیو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدابکەیت. بێگومان خاڵی کاك نامۆ هەروا کەم نیە جەنجاڵیو سەرقاڵی ببنە کۆسپ، بۆیە سەرباری زۆر کاری تەواونەکراوو گرفتی دەرچوونی ئەنفالستان،خۆم کۆکردەوەو لەکاتی خۆیدا گەیشتمە ماڵیانوچاوم بە کاك فەرجی تۆپخانە کەوت لەسلێمانی.

فەرەجی تۆپخانە کێیە؟

ئەو پیاوەی لەیەکەمین وەجبەی کۆمەڵکوژیدا لەبیابانەکانی سەماوە رزگاری بوو، رۆژی ٨ی نیسانی ٢٠٠٨ سەعات ٥:٣٠ بەقادرمەیەکدا سەرکەوتمو پێشوازیانکردم، بۆ ژووری میوانو هێندەی نەبرد کاك فەرەج محمد عەزیز " فەرەجی گوندی تۆپخانە" خۆی کرد بەژورداو دوای ئەوەی وەکو ناسیاوێکی نزیك ئەملاولای یەکترمان ماچ کرد، دواتر هەر بەخولقوخۆ گەرمیانیەکەی خۆی زۆر بەخێرهاتنی کردمو فەرمووی کردم بۆدانیشتن، ئیتر بەدەم قسەوە چووینە ناو گفتوگۆیەکی قوڵەوە، ئەگەرچی ئێمە چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژمان تۆمارکرد، بەڵام لەراستیدا هیچ کاتم بەدەستەوە نەمابوو، ئەو چاوپێکەوتنە (تفریغ) بکرێتو وردودرشتی قسەکانی دابەزێنینە خوارەوەو لەم ژمارەیەی ئەنفالستاندا پێشکەشی بکەین.

فەرەج محمد عەزیز وێرای ئەوەی لەو مەرگەساتە رزگاری بووە هێشتا پیاوێکی بەگورو رەنگورووییەکی جوانی هەیە، کەسێکە وێرای ئەوەی لەگوند گەورەبووەو بەچاوی خۆی کۆمەڵکوژیەکەی ئەنفالی بینیوەو رزگاری بووە، کەچی گێڕاوەو هەڵسەنگاندنەکانی تەواو واقعیو زیرەکانەیەو مایەی متمانەیە، نەتەماح کارەو نەبیری تۆڵەسەندنەوەی هەیە، ئەویش وەکو هەرمرۆڤێکی بە ویژدان گلەیی هەیەو مافی نازێکی گەورەشی بەسەر هەموومانەوە هەیە، ئەگەرچی دەبوایە کۆمەڵگەی کوردستان، بەدەسەڵاتو بێدەسەڵاتیەوە فەرەجو ئەو٦ کەسەی تری وەکو بیلبیلەی چاوی خۆی بپارستایەو دەسەڵاتی کوردیش ژیانێکی سەلامەتو تەندروستی بۆ دابین بکردنایە.. وەلی ئەفسوس.. هەتا ئەمرۆ مرۆڤی کورد بەدەردێکی مەترسیدارەوە گیرۆدەیە، دەردی خۆپەرستیو مەرگ دۆستیو مردوپەرستی، ئاخر هیچ واتایەکی هەیە دەسەڵاتی کوردو وەزارەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان، نەتوانن مشوری ٧ کەسی دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵ بخۆنو ژیانیان دابین بکەن؟ باشە دوای مردنیان پەیکەریان بۆچیە؟! مەگەر فەرەجو واحیدو تەیمورو عوزێر، لەگەڵ ئەو چوارکەسەی دەربازبووی کورێمێ ؟ بەقەد خوشکە بچوکەکەی فرانسیس داود شایانی حورمەت نین؟ بێگومان مەبەستم نیە بڵێم دەبێت ئەم کەسانە بپەرستین، بەڵکو مەبەستمە بڵێم ئەم ٧ کەسە پێویستە رێزیان لێبگیرێت، قەد رەوایە یەکێك لەگۆڕی بەکۆمەڵ رزگاری بێتو لەشەری ناوخۆدا بکوژرێ؟ ئاخر لەدوای کوژرانی حەمەعەلی گەرمیانو غیابی ئەولەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەبوایە،نەك هەرحزبە شەرکەرەکان بەڵکو هەموو کورد هەستی بەشەرمەزاری بکردایە، رەوایە فەرجی تۆپخانە رزگاربوویو کۆمەڵکوژی ئەنفال، لەوڵاتان پەناهەندەبیو لەچێشتخانە کاربکات؟ عوزیرو تەیمورو واحید هەروەی؟ لەولاشەوە تاوانبارانی ئەنفالو گومانلێکراوەکانیان بەپلەی بەرزو موچەی بەرزو سەری شۆڕەوە لەم کوردستانەدا بژین؟! ئاخر ئەمە ئازادیە یان ئابروبردنی ئازادی؟

لەو دیدارەمدا فەرج ووتی: ( برا بروابکە ئەگەر کورەکانم نەبوایە هەر ڕیسوا دەبووم، بەڵام خەڵکی ئەمە نازانن، من کەلێرە رۆیشتم بۆ ئەمریکا خۆ حسابکە ماڵوێرانیەکی تربوو، هەرچی بووم، هەرزان فرۆشم کردو بەتاڵان رۆیشت، کەس نەیگوت ئەوە پولێك..! لەوێ خەریکی مریشك برژاندنمو رۆژ تا ئێوارە من

کاردەکەم ، رۆژی بە ٢٢ $ ، ئاخر لەئەمریکا ئەو پارەیە مەمرەو مەژیە، بێگومان فەرج یەکێك نیە، لەوانەی بکروزێتەوە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کەلەدادگا دادوەر پێی گووت: داوای قەرەبوو دەکەیت، ئەو لەوەڵامدا وتی : نەخێر باشترین قەرەبوو بۆ من ئەوەیە عەدالەت، هەبێ ئەم تاوانبارانە بەسزای خۆیان بگەن.

من لەمیانی بەدواداچوون‌و ناسیاویم لەگەڵ چەند کەسێك لەم مرۆڤە رزگاربوانەی گۆری بەکۆمەڵ دەزانم ئەم ئینسانانە چەندە هەست بەغەدرودڵشکانی خۆیان دەکەن، بۆیە بەرلەم دیدارەش جارێکی تر لەمەڕ ژیان‌و حاڵ‌و بژێوی ئەم مرۆڤە گەورانەم نوسیووەو ژیان‌وحاڵ‌وگوزەرانی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێی لای دهۆکم خستبووە پێش چاو، دەزانم ئەو مرۆڤانەی شایانی ئەوەن لەسەروو ئێمەوە بژین، چەندە بەبێ بایەخیەوە لەژیان‌و بونیان دەڕوانرێ..!! ئێستاش کەژیانی فەرجی تۆپخانە دەبینم‌و دڵشکانی تەیمورو عوزێرو واحدو هاشم‌و ئەوانەی کوریمێ دەبیستم هەست بەدڵشکان‌و بێبڕواییەکی زیاتر دەکەم.

ئەگەر هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نیە لەم نوسینەدا بیخەمە بەرچاو، بەڵام منیش نەیلێم بەرپرسان خۆیان باش دەزانن، نەك ٧ کەس لە تۆمەتبارو‌تاوانبارانی ئەنفال بگرە زیاتر لە(٧٠) کس لەوانە لە ریزی حزبەکانیاندا لە سەربودجەی حزب‌و حکومەت، بەوپەری رێزەوە تەماشادەکرێن‌و موچەیان بۆبراوەتەوەو هەموو حەصانەیەکیان بۆ مسۆگەر کراوە؟! کەچی (٧) مرۆڤی دەربازبووی گۆرەبەکۆمەڵەکانی ئەنفال، نابنە مایەی جوڵاندنی ویژدانیان؟!!

ئیتر لێرەوە من واز لە قسەی خۆم دەهێنم‌و بە قسەیەکی ئەو دەربازبووەی گۆری بەکۆمەڵ کۆتایی دێنم کە ووتی: دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و حزبەکان ئەوەندە رێزیان لەخەڵکی ئەنفال‌و کیمیاباران‌و شەهیدەکان، بگرتایە، هەموو خەڵکی تر حەسودی پێببردنایەو بیگوتایە بریا منیش کەسێکم شەهید یان ئەنفال بوایە.

# خەمێکی تر ...

هەموو ساڵێك کە لەوەرزی دەرچوونی ئەم ساڵنامەیە نزیك دەبمەوە وێڕای ماندوبوونێکی زۆرو سەرقاڵی تەواوم بۆ بەرچاو خستنی گوندو ئۆردوگاو مرۆڤە بێنازو پەراوێز خراوەکانی قوربانیانی ئەنفال، لەناخەوە هەست بەشەرمەزاری دەکەم کە نەم توانیوە هەندێك شوێنی ترو مرۆڤی تری بریندار بەکیمیاباران‌و پەلامارەکانی ئەنفال بەسەر بکەمەوەو خەمەکانیان بنوسمەوە، بەتایبەتی ئەمساڵ زیاتر لەهەموو کات شەرمەزارم کە نەمتوانی بەهۆی کەم دەرامەتی‌و دەستکورتی‌و گرفتی داراییەوە، سەردانی بلەی سەرو بلەی خوارو خەتی‌و دۆڵی مەلەکان بکەم‌و کەمێك لەئازارومەینەتیەکانیان بنوسمەوە، بەتایبەتی تریش ئەو سەرلەئێوارەیەی لەگوندی شێخ وەسانەوە خەمخۆرێکی تری قوربانیانی دۆڵی بالیسان، (کاك عومەر فقی حسن) بەتەلەفۆن داوەتی کردم تا بەیەکەوە بچین سەردانی ئەو ناوچانە بکەین‌و لەچاوی ئەنفالستانەوە حاڵی شپرزەی ئەو خەڵکە مەزلومەی ئەوێندەرێ بخەینەبەرچاو رێپۆرتاژێکی شایستەی لەسەربکەین، دوای ئەوەی دڵنیام کرد لەوەی ناتوانین ئەوخەونە بهێنینە دی کاك عومەر هەربە تەلەفۆن باسێکی زۆری لەسەر محرومی‌و حاڵی خراپی بریندارانی چەکی کیمیاوی بۆکردم،کەبەگازی کیمیاوی‌وپەلاماری گورگە دوپێکانی ئەنفال چۆن داغان بووەو لەدوای ٢٠ ساڵ لەو تاوانەو گۆڕانی (٥) کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و روخانی یەکجارەکی حزبی بەعس هێشتا مرۆڤەکانی ئەو دەڤەرە بەهایەکی مرۆڤانەیان پێرەوانابینن، هێشتا بریندارانی چەکی کیمیاوی بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوەو گوندەکانیان بەئاستەم هەناسە دەدەن..!! وەکو بلێی ئەو کاتەی بەعس ئەم ناوچانەی لەسەر نەخشە سرییەوە هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەگومانە لەوەی بیانهێنێتەوە ناو نەخشەی کوردستان..بەگومانە لەوەی ئەو مرۆڤانەی رۆژانێك ناندەرو تەتەرو هاوکاری پێشمەرگە بوون، کوردبن..؟! بۆیە لەم ژمارەیەی ئەنفالستاندا جگە لەم شەرمەزاری نامەیە هیچی ترم نیە بیڵێم ، کە ئەمە دەلێم لە هەستکردنمەوەیە بەو بەرپرسیارێتیە ئینسانی‌و ئەخلاقیەی دەکەوێتە سەرشانم دەنا خۆشم نەیلێم خەڵکانێك هەن باش دەزانن هەست‌وهۆش‌و کاتێکی زۆری خۆم بۆ ئاسەوارە خراپەکانی تاوانی ئەنفال تەرخانکردووەو بەهەموو توانامەوە دەمەوێت کاریگەریەکانی بەسەر تاك‌وکۆی کۆمەڵگاوە نەهێڵین بەو حاڵەشەوە هێشتا خۆم بەقەرزار بارو شەرمەزاری ئەو خەڵکە برینداره دەزانم، کێش بەشێتم دەزانێ و خۆی بەبەرپرسیاری ئەو نەهامەتیانە نازانێ جا مرۆڤێکی ئاسایی نێوکۆمەڵگا بێت یان پایەبرزێکی سیاسی کەیفی خۆیەتی.. بابروا لەدوری خەمی ئەو خەڵکە ژیان هەڵبژێرێ و خەریکی کاری خۆی بێت جا چاك دەکات یان خراپ ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

## نادر لەدۆڵەبی – جافایەتی :

# کوڕەکەم لە دبس مردو باوکم لەنوگرەسەلمان، کەچی دووساڵ موچەکەیانبریم

بەسەرهاتی ئەم پیاوە لەبەسەرهاتی ئەنفالدیدەکانی ترکەمتر نیە، نادر خۆی بەرپەلامارەکانی ئەنفال نەکەوتووە، بەڵام کوڕێکی بەناوی نەوزاد تەمەن ٢ ساڵو باوکی بەناوی (قادر) لە نوگرەسەلمان گیانی لەدەستداوەو نەگەراوەتەوە، رۆژێك بەرێکەوت بینمو روخساری بەتەواوی ماندووبو، بێمتمانەیی‌و بێبڕوایی تەنگی پێهەڵچنیبوو، کاتێك کەوتینە گفتوگۆ، نادر قادر ئەوەی مەبەستی بوو گەرانەوەی موچەکەی بوو کەبریویانە، تائەم دیدارەمان تەواوکرد، چەند جارێك لە شوێنی خۆی هەستاو دانیشتەوە، ئەوەش نیشانەی دڵەراوکێو ناسەقامگیری دەروونی ئەوبوو.



باله پەلامارەکانی ئەنفالەوە دەست پێبکەین؟

ئەوکاتە ئێوە لەکوێ بوون؟

ئەوکاتەی ئەنفالەکە دەستی پێکرد، ئێمە پێشمەرگەبووین لەتیپی(٤٣)ی ئاسۆس، لەدوای ئەوەی ماڵو منداڵمان دەرکرد بەناو سەرماوسۆڵەیەکی زۆردا رۆیشتین هەتا گەیشتینە ئێران.

بۆچی چوون بۆ ئێران؟

ئەی نالێم، ئەنفالەکەبوو؟

واتە لەترسی پەلاماری ئەنفال هەڵاتن؟

ئائا لەترسی ئەوە رۆیشتین. دەنا بۆ دەرۆین؟

ئەی چۆن ئەنفالکراون مادامام راتان کردوو خۆتان گەیاندە ئێران؟

ماوەی ٢٠ شەوێك لەئێرانماینەوە دوایی هاتینەوە لەپێشەوە چوینە سونێ، ماڵو منداڵمان رەوانەکردنەوە بۆئەمدیوو، کەگەرابوونەوە لەسەیتەرەکەی پشتی قەڵاتدزێ هەمویان گیرابوون، ئێمەش وامان زانی لەسەرئێمە گیراون کە پێشمەرگەین، بەبریاری سەرکردایەتی هاتینەوە خۆمان تەسلیمکردەوە، بۆئەوەی بەربن، بەڵام کە هەوڵمان بۆدان وتیان: بابە ئەوانە ئەنفالکراون، ئەوان وەکو عەرزم کردی لەسەیتەرەکەی پشتی قەڵاتدزێ گیرابوونو دواتر رەوانەی قەڵاتدزیو لەوێشەوە بردبوویانن بۆ فیرقەی ٢٤ی چوارقورنە، لەوێشەوە بردبویانن بۆهەولێر، دوایی لەهەولێریشەوە حەواڵەی تۆپزاوای بەرکەرکوکیان کردبوونو دوای ئەوەی ٢٠شەوێك لە تۆپزاوامابوونەوە، ژنو پیاوەکانیان لێکجیاکردبوونەوەو گەنجەکانیان لێجیاکردبوونەوە، ئینجا هەندێکیان ناردبوون بۆدبسو پیاوەپیرەکانو ژنەپیرەکانیان ناردبوون بۆ نوگرە سەلمان، هەتامن باوکم لەنوگرەسەلمان مردووە.

باوکت ناوی چیبوو؟

بابم ناوی قاردرە

قادرکێ ؟

قادر حەمەدەمین دۆڵەبێی، ئەرێوەاللە لەوێ وەفاتی کردووە، دوبرای ترم ئەنفالبوون لەدبس بوون ئیستا لەسکرتاریەتی مام جەلال ملازمە، بە حەمەدۆلەبی ناسراوە، برایەکی ترم ناوی غەریبە کەم ئەندامە ئەوان لەگەڵ دایکم بەربوونو لەدوبس بوون دوایی هاتنەوە.

لەدبس یان لەنوگرەسەلمان؟

نانا لە دبسەوە هاتنەوە نەك لەنوگرەسەلمان ماڵو منداڵی خۆمان لەگەڵ نۆخێزانی تری دۆڵەبی هەموو ئەنفالکرابوونو لەدوبسو نوگرەسەلمان بەربوون.

ئەو ٩ خێزانەی باسی دەکەیت نزیکەی چەند کەسێك دەبوون کە لەگەڵ ماڵومنداڵەکەی تۆ ئەنفالکراون؟

نزیکەی ٦٥ تا ٧٠ کەس دەبوون.

هەموویان خەڵکی گوندەکەی خۆتان بوون؟

بەڵی هەموویان خەڵکی دۆڵەبی بوون.

دەمەوێ بزانم بۆچی لە ئێرانەوە گەرانەوە بۆ عێراق؟

وەللە ئێمە ماڵو حاڵمان بەجێهێشتبوو ماڵاتێکی زۆرمان هەبوو، هیچمان بۆ دەرنەچووبوو، مانگامان بەجێهێشتبوو، مەرمان بەجێهێشتبوو، وتیان ئەوماڵاتە هەموو لەدێیەکان بەرەڵابوون، ووتمان بچین سەرپەرشتیان بکەین، وتیان عافوات دراوە، عافواتێکی ژێربەژێرهەبوو، ئێمەش گوتمان بچینەوە سەرماڵوحاڵی خۆمان باشترە چی بکەین لەئێرانێ،

جا عافوات بوو یان پروپاگەندەی بەعس بوو؟

جا وەاللە نازانم بەڵام کەهاتنەوە هەموو گیرابوون دیارە پروپاگەندە بووە.

بەڵام رایەکی واهەیە کە ئەنفالی یەك خەڵکی زۆری لێ ئەنفال نەکراوە؟

جا وەاللە ئەوانەی وادەڵێن لەگیرفانی خۆیان قسان دەردێنن، دەنا ئەوە دۆلەبی سێدەرمان هەیە هەموو لەبەردەمی ماڵی خۆیان گیراونو ئەنفالکرانو نەبینرانەوە. کەخەڵك رایکردووە بۆبنگرد خەڵکێکی زۆر زۆر لەوێش گیراوە؟ لەدێیەکەی خۆشمان خێزانی واهەیە کەس کەسیان نەماوە. بەتایبەتی حاجی حەمەد کاتی خۆی موختاربووە ئەوان خەڵکیان زۆر لێگیراوە، هەموویان ئەنفالن، حاجی قادرمان هەیە خێزانەکەی ئەنفالن، کورێکی کەمان هەیە فایەقی ناوە خێزانەکەی گیراوە ئەوانە هەموو کەسوکاریان ئەنفالن. خەڵکی دۆلەبی بەراستی مەغدورە.

دوای ئەوەی لە سونێ گەرابوونەوەو گیرابوون، دەزانن کێ گرتوونی؟

ناوەاللە نازانین؟

مەبەستم ئەوەیە ناوی ئەو بەرپرسە نازانن کە لەسەیتەرەکەی پشتی قەڵاتدزێ بووە؟

کەس بۆی باس نەکردن ؟ ئەو ئەفسەرە ناوی چی بووە؟

ناوەاللە نەمانزانی هەرئەوەندە دەزانین عەسکەرێ گرتبوونیو دوایی بردبوویانن بۆ فیرقەی چوارقورنە.

بەراوری گرتنەکەیان نازانن؟

وەاللە وەکو رۆژەکەی نازانم چ رۆژێکە. بەڵام دەزانم لە سالی ١٩٨٨ دابوون. ئینجا شایەتمان زۆرە خەڵکێکی زۆربوون ئەوانەی لەوێ لەگەڵ خێزانەکانی ئێمە گیرابوون ئێستا هەندێکیان وا لە حاجیاوایەن، کە ئەنفالکراونو هیچیشیان بۆنەکراوە. خەڵکێکی زۆر هەژاریشن. چونکە کە دەرچوون هەموو سەلتو قوت دەرچوون ماڵوحالیان هەموو تێداچوو.. خەڵکەکە شاهیدە. ئەوە هەمووی ئیسپاتە.

چەند پێش ئەوەی شەربگاتە گوندەکەتان رۆیشتن؟

وەاللە ئەوکاتە من پێشمەرگە بووم، لە شارستێن شەربوو، هەواڵیان بۆهێنایین ووتیان دەبێ بچن بۆ شارستێن منیش گوتم وەاللە من نایەم بۆشارستێن ماڵومندالم هەیەو دەبێ ئەوان رزگاربکەم، زووتر دەرچووین بەرەو یاخیانو گۆمەزەڵ دەرچووین، بەفرهێندە باری بوو ئێستا ئەم خانوە چەندە بەرزە بەبارستایی ئەوە بەفرباریبوو، خەڵکێکی زۆر لەبەرفردا رەقبوونەوە، بەراستی خەڵك زۆر مەغدورە من کەیەکێتیمو ناوچەکەمان یەکێتی بوو ئێستا دەچی بۆ لای یەکێتی هەر جوابت ناداتەوە، گلەیمان زۆر لەحزب هەیە، وەکو شەخصو وەکو دۆلەبیو سێدەریش گلەیمان زۆرە، خەڵك شاهیدە. ئەوە بێجگە لەئەنفالیش شەهیدی کەشمان هەیە من برایەکم لە رێگەی عوزێم تازە شەهیدبوو، لە دەستەی حیمایەکانی مام جەلال بوون لەگەرانەوەدا لێیاندرا.

من دەمەوێ بزانم ئەو خێزانەی تۆو ئەو نۆ خێزانەی تر لەکاتی لێبوردنی گشتیدا گەراونەتەوە بۆعێراقو گیراون یان واتان زانیوە لێبوردن هەیەو لەلێبوردنەکەدا هاتوونەتەوەو ئەنفالکراون؟

بەڵێ لەمانگی نۆی ١٩٨٨ دا بەربوون .

بەربوون نالێم لەچ مانگێکدا بوو لە ئێران گەرانەوە؟

ئینجا بەخوا ئێمە نەخوێندەوارین مانگو رۆژەکەی نازانم داخۆ لەچ مانگێکدا بوو گەراوینەتەوەو کەی گیراون، ئەوەندەی دەزانم هێشتا نەچووبوینە پایزێوە. هێشتا پایز نەهاتبوو. بەڵام ئەوەندەی دەزانم کە لەدوبس گیرابوونو منداڵێکیشم لەوێ مردووە، خەڵکی کەشیان لەگەڵ بوون بە زۆری خەڵکی گەرمێنو قەرەداغ بوون، ئێستاش رەقمی ژنێکم لەلایە کەلە دوبس زۆر لەگەڵ هاوسەرەکەم هەڵسوکەوتی کردووە پێموایە ناوی کابانە.

ووتت منداڵێکم لە دبس مردووە؟

بەڵێ منداڵێکی خۆمو لەگەڵ منداڵی کورێکی ئامۆزام کچێكو کورێکی لەوێ لەدبس مردوون؟

مندالەکەت ناوی چی بوو؟

ناوی نەوزاد بوو، ئەوانی دیش هی ئامۆزاکەم ناوی ژیلوان بووە، ژیلوان سوارە بوو بەڵام بەخوای ناوی کچەکەیم لەبیرنەماوە. ئێمە ٣ کەسمان لەدبس مردووەو بابیشم لەنوگرەسەلمان ئەمە چوار.

ئەی چۆن لەدبس بەربوون ؟

وەڵا بەعافوات بەربوون وەکو ئەو خەڵکەی بەڵام پێشتر واستەو شمان زۆربۆ کردبوون فایدەی نەبوو، پێیان دەگوتین ئەوانە ئەنفالن.

کاك نادر گلەیت چیە لەحکومەتی هەرێم ؟

وەاللەهی ئێمە گلەیمان زۆرە لە حکومەتی هەرێم؟ هەم وەکو بنەماڵی خۆمان هەم وەکو خەڵکی دۆلەبیو سێدەر، من بۆخۆم برایەکیشم شەهیدە هەتاکو ئێستا هێچمان بۆنەکراوە.

شەهیدانەش وەرناگرن؟

بابا شەهیدانەی بۆکراوە بەڵام مەعقولە براکەم لەگەڵ جەماعەتی سکرتاریەتی بەرێز مام جەلالیش بێ ئەوە سێ ساڵە شەهیدە هێشتا پارچە ئەرزێکی بۆ دەرنەچوبێ؟ گلەییەکی خۆشمان هەیە ئەمە دووساڵە خەریکی ئەم موچەیەم بۆم چاك نەبووەتەوە.

یانی چی بۆت چاك نەبووەتەوە دەتەوێت موچەکەتان چی لێبکەیت؟

ئەی موچەی ئەنفالەکەیان بریوین؟

پێشتر موچەتان وەردەگرتو ئێستا بریویانە؟

بەڵێ موچەی کورەکەم نەوزادم وەردەگرت.

بۆ بریویانە؟

وەاللە ئینجا بۆچی بریویانە؟ کەس نازانێ بۆچی براوە؟

چۆن نازانی ئەی پێیان نەوتوویت لەبەر ئەم هۆیە دەیبرین؟

نەوەاللە بەس ئەوەندە شکاتیان کردووە لەدەزگای زانیارییەوە غەرەس شەخصیە.

دەنا ئێمە ئیسپاتمان هەیە کە ئەنفالمان هەیەو لەوێش لێمان مردووە کەچی بریویانە.

دەزانی کێیە ئەوەی شکاتی لێکردوویت؟

نەوەاللە نازانم جا بمزانیبایە دەچووم پێم دەگوت. بەڵام حکومەت هەق نیە بەقسەی

کەسێك بكات كەراست نەكات من شايەتو ئيسپاتم هەيە، ئەوە كۆمەڵێك مەسول هەيە دەزانن ئەوە كەكاك كەمال مەرگەيمان هەيە، كاك عوسمان سێدەريمان هەيە عوسمانی مام كەريم مەسئولی پێشمەرگە دێرينەكانيشە، كاك حەمەدەمين كوێرەكانيمان هەيە زاهيری مەلا عەليمان هەيە، ئەمانە هەموو دەزانن ئەگەر ئەوان گوتيان ئەم كابرايە ئەنفالی نيە ئەوە كەوايە من درۆ دەكەمو بابيبرن.

من گومانم نيەو دەزانم راست دەكەی كە ئەنفالت هەيە بەڵام دەمەوێت بزانم بۆچی بريويانە؟

جاوەالله نازانم.

كێشەی شەخسيت لەگەڵ كەس هەيە؟

نەوەالله نيمە بەڵام واديارە هەمەو من نايزانم. ئەوەنيە كێشەيان بۆدروست كردووم؟ بەڵام بمزانيبايە خۆشە؟

لەكوێ موچەكەتان راگيٚراوە؟

وەالله لەدەزگای زانيارييەوە.

ئينجا دەزگای زانياری هەقی موچەی تۆی چيە خۆلەو موچە وەرناگريت لەوێ وەرت دەگرت؟

نا لێرە يەكەمجار لەرانيە وەرمان دەگرت دوايی لێرە لەسليمانی لەشەهيدان وەرمان دەگرت. هەرئێمەش نەبووين شەش كەسی تريش بوون بەڵام ئەوان چاكيان كردووەتەوە هەر ئێمە ماوين.

ئەوان ئيستا موچەكانيان وەردەگرن؟

بەڵێ ئەوان وەری دەگرن بەس ئێمە ئەوا دووساڵە راگيراوە. ئێستاش هۆكارەكەی ديارنيە نەئەوەتا پێمبلێن كاكە هيچی كەمەيە وەری ناگری نەئەوەتا موچەكەشمان بدەنەوە. ئەمە دوو سالە ديمو دەرۆم رۆژێك دەڵێن برۆ ١٠ رۆژی تر وەرەوە رۆژێك دەڵين برۆمانگێكی تروەرەوە.

دوو ساڵە هاتووچۆی بەرێوەبەرايەتی شەهيدو ئەنفال دەكەيت؟

بەڵێ دووساڵە بەخوا جاری واهەيە پارەم قەرزكردووە، جاری واهەيە چوار رۆژان كريكاری دەكەم هەتا رۆژێك پێی بێم بۆئێرە بۆكرێی سەيارەو هاتووچۆ ئەمە رەوايە؟ بەخوا قەت رەوانيە. بەخوا وازيش ناهێنم هەتا من مابمو هەتا يەكێتی مابێ وازی لێناهێنم.

باس لەوەناكەين، داخۆ تۆ يەكێتی يان پارتی يان حزبێكی تر تۆ وەكو هاوڵاتيەك مافی خۆتە داوای مافی ئەنفالەكەت بكەيت، بەڵام من دەمەوێ بزانم بۆ راگيراوە؟ كێ رای گرتووە؟

من نازنم بۆ راگيراوە بەس لەسەر قسەی يەك زەلام راگيراوە كە ووتويەتی ئەمە موچەی ناموستەهەق وەردەگرێت.

زەلامەكە كێيە؟

وەالله نازانم كێ يە. ئەگەر بمزانيبايە دەچوومە ماڵیو مەمنونی دەبووم كە رێگەی لەموچەی ناهەق گرتووە، بەڵام هەقە ئاوارەو ئەنفاليش" مەبەستی لە وەزارەتی شەهيدو ئەنفال"ە بپرسن بلێن ئەری ئەم زەلامە دووساڵە دێو دەروا بابزانين راست دەكا يان نا هەقە ئەوان بچنە بنچوبنەوانی راستيەكەی بەديارخەن ئەگەر من راستم نەكرد هەقە بشمگرن. داخۆ چۆن موچەی ناهەق وەردەگرم؟! ئاخر مەعقولە من مندالم ئاوارەی ئێرانبن مالمان تێدابچێ سەرمان تێدا بچێو ئەنفال بين بەقسەی كەسێك مافمان بفەوتێ؟ ئەمە قەت رەوانيە، ئاخر بۆ لێكۆڵينەوەی لەسەناكەن هەق نيە بەقسەی تاقەكەسێك ئاوا لەئێمە بكەن.

ئێستا تۆ كەسوكاری ئەنفالی كورت لەدبس مردووە، باوكت لەنوگرە سەلمان وەفاتی كردووە، وەزارەتی شەهيدو ئەنفال خێرت پێناكات دەبێت وەكو هەر ئەنفالكراوێك مافەكەت بۆ دابين بكات، من دەمەوێ بزانم لەكوێو بەبرياری كێ براوە؟

وەالله بەبرياری دەزگای زانياری براوە؟

كاك نادر دەزگای زانياری ناتوانی ئەو بريارە بدات ئەمە كاری حكومەتە.

ئاخر من كتابەكەم لەلايە، ئەمە برياری دەزگای زانيارييە.

كوا كتابەكەت لەلايە؟

ئاخر بەبرياری دەزگای زانياری دراوە بەكاك عومەر فەتاحو ئەويش بريوێتی.

واتە برياری سەرۆكی حكومەتە.

ئائا ئەو بريوێتی بەڵام لێكۆڵينەوەی لەگەڵ نەكردووە، تابزانێ من ئەنفالم هەيە يان نا؟

كەواتە ئەمە پێش ئەوەی ئيدارەكان يەك بگرنەوە، موچەكەی ئێوە براوە؟

بەڵێ پێش ئەوە بوو هێشتا كاك عومەر سەرۆكی حكومەت بوو، جا نازانم بۆچی بيريوێتی هەقوايە لێكۆڵينەوەی لەسەربكردايە ئينجا ببردرايە، بۆچی بەقسەی كابرايەكی غەرەز شەخصی ببرن.

بەڵام تۆ ووتت من غەرەز شەخصيم لەگەڵ كەس نيە؟!

من وەكو غەرەزی شەخصی غەرەزی شەخصيم نيە، بەڵام ئايا بۆچی لەچوار كەس يەكێكيان چاكراوەتەوە، بەڵام ئێمە سێ ماڵ بۆمان چاك ناكرێت؟ بەخوا هەتا ئێستا ١٥٠٠٠هەزار دينارمان خەرج كردووە بەهەموومان ( مەبەستی ديناری سويسريە) .

ئەی بەرێوەبەری گشتی شەهيدانو ئەنفالكراوان وەڵامی چيە؟

ئەو دەڵێت ئەوە ئيمە دوو ساڵە كتابی لەسەردەكەينو هەوڵدەدەين بۆتان چاك دەكەين بەڵام كوا؟

فەيناكا وەڵامی چيە دەڵێت موچەكەت دەدەينەوە يان نا؟

دەڵێ لەلای ليژنەكە ماوەتەوە.

خۆت ليژنەكەت بينيوە ؟

ناوەالله كچێكی لێيە هەر دەڵێ برۆ بەيانی وەرەوە دووبەيانی وەرەوە.

ئەو كچە ئيشی چييە؟

نازانم ناوی كێ خانە. كچێكە من دوساله هامووشۆ دەكەم نابێت معامەلەكەم هەرلەدۆلابيدا بمێنێ!! ئاخر هەقوايە لێكۆڵينەوەی لەسەربكەن ئەو محاميشە هەقوايە چاوی لە خەڵكی فەقيرەوە بێت.

چۆن دەزانی محامييە؟ كەواتە ئەو شادان خانە لەبەشی ياسايە؟

ئائا ئەرێوەالله لەبەشی ياسايە.

كاك نادر با بگەرێينەوە بۆ دۆلەبی؟ كاتی خۆی لەگوندەكەتان كاروكاسبيتان چۆن بوو؟

وەاللە چۆن بێت مەروماڵاتمان هەبوو، زەراعەتمان هەبوو، بۆخۆشم پێشمەرگەبووم، پێشتريش مەرومالاتم دەكریو دەمفرۆشتەوە، ١٠ سەرم كريبوو، لەئەنفالەكەدا بەجيمان. بەخوا وەكو سەلتە زەلام رۆيشتين بۆ ئێرانێ

## مام (سابیر جبار محمود) لەگوندی  توکن :

# بەسەدان هەزار دینارم خەرج کرد تا بیسەلمینم منداڵەکانم ئەنفال بوونە

مـام (سـابـیر جـبـار محـمـود) بەرلەئەنفال دانیشتوی دێی توکن سەربەناحیەی سەرقەڵا بوون (٥) سەر خێزانی بێسەروشوێن بوون، کوڕە گەورەکەی بەناوی قادر لەساڵی ٨٨ دا تەمەنی ١٥ ساڵ بووە لەرێگای خزمێکی نزیکی خۆیەوە شەو رزگاری دەبێ بۆ بەیانی هەمان رۆژ هەموویان بەرئەو شاڵاوە دەکەون . وەك مام سابیر دیگێڕێتەوەو دەڵێ:

حاجی سمین بـرام بە (١١) سـەر خێزانەوە ئەنفال کرا تەنیا ئەوەی ماوە کەریم کوڕێتی ، ئەوە حاجی ستاری برام خۆی لەگەڵ هەردوو ژنەکەیو (١) کوڕیو (٢) کچیو (٩) کوڕەزایو (٨) کچە زای ئەنفال بوون.

پێش ئەنفال حاڵمان خۆشبوو خاوەن ماڵ بوین، خـاوەن منـاڵ بوین خـاوەن میوان و دوێخان بوین. بـەڵام بای ئەنفال هەڵی کـردو هیچی نەما، برا نەمناڵ ، نەماڵ نەمیوان، نەخاوەن ماڵ ..لەساڵی کورد ڤڕاندا وەك گورگی برسی بەخوێنی منالانی کورد پەلامارمانیاندا کەس بەکەس نـەبوو، تاکە هیوایەك کە مابووم دەمزانی قادری کوڕم نەجاتی بووە و هیچی تر، لەنوگرە سلمان لەمناڵەکانم جیاکرامەوە کچە بچوکەکەم(٨) ساڵ دەبوو ئەوانی ترم سەرووی ١٠ ساڵ دەبوون دوای ٨ مانگ من ئازاد کرام ، چ ئازادیێك کەهەموو رۆژێکم مردنێکە بەتایبەتی کاتی سەردانی دائیرەیەکی حکومەتی هەرێم دەکەم نەك رێز لەکەسوکاری ئەنفال ناگرن، بگرە برێ وتەی ساردووسرو ناخۆشیشمان پێ دەڵێن، ئێمەی دانیشتوانی لادێکانی گەرمیان



گەر رێـژەی نەخوێندەواریمان کەمبێ گەر ئاستی وشیاریمان لە خوارووی خەڵکی ترەوە بێت جێی شانازیمانە، چونکە جاش نەبوین بەعسی نەبوین، خائین نەبوین سەردەمی بەعس ئێمە کتێبە عەرەبێکانی بەعسمان ئاگر دەدا، پێشمەرگەیەکی خۆمان دەبوو بە مامۆستای منداڵەکانمان لەگوندەکان ئێستا دەچین منداڵێك دامەزرێنین، دەڵێن: نابێت چونکە شـەهـادەی نیە، لـەو لاشـەوە کـوڕی ئەنفالچی و ماستاوچیو موستەشارەکان دەکەن بە ئەفسەر و دادوەر منیش منداڵەکانم ئەنفالکراوەو لەساڵی( ٩١ )ەوە کورد دەسەڵاتی وەدەستەو حکومەتە.

دوای سـەد جـار مـن دەڵـێم سـەد تـۆ بڵێ دوو سەدجار، گێرەو کێشەوسەردانی دائیرەو دادگـا، بـەسـەدان هـەزار دینـارم خـەرج کرد تـا بیسەلمینم منـاڵـەکانم ئـەنـفـال بـوونـە، هەرگوێیان لی نەدەگرتم، ناچار محامیم گرت، موچەی ئەنفالانە ١٥٠ هەزاردینارە من بە ٢٠٠ هەزار دینار محامیم گرت تا منداڵەکانم بۆ کرا، بەئەنفال لەکاتێکدا منداڵەکانم تا ئەنفالەکە تـەلـەبـەی شـۆڕش بـوون، مامۆستاکەشیان کەمامۆستای شـۆڕش بـوو مـاوە سـەد کـەس خەڵکی لادێکەمان ماون کەچی سودی نەبوو تامحامیم نـەگـرت ئـەم ئیشەی مـن تـەواو نەبوو؟ لە کۆتایدا دەڵێم خۆزگە سەد خۆزگە لەمنداڵەکانم جیایانەکردمایەتەوە خۆ هیچ نەبی لە باوشی خۆمدا لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا زیندە چاڵ دکران.

# هەڵسەنگاندنی ناوەندی چاك بۆ
# كۆنفرانسی بە جیهانیكردنی جینۆسایدی گەلی كورد

دوای كۆتاییهاتنی كۆنفرانسی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی كورد كەلەڕۆژانی ٢٦-٢٨ ی ژانیوەری ٢٠٠٨ لەشاری هەولێربەستراوناوەندی چاك بەشداری كارای تێدا هەبوو، بەلێكۆڵینەوەو پێشنیارو ڕاسپاردەی بەپێزلێرەوە بەپێویستی دەزانین هەڵسەنگاندنێكی هەمەلایەنەی ئەو كۆنفرانسە لەدیدو ڕوانگەی ناوەندی چاكەوە بخەینە بەردەم جەماوەر، بە تایبەتی قوربانیانی چەكی كیمیاوی لەهەڵەبجەو كەسوكاری ئەنفال.



سەرەتا پێویستە ئەوە بلێین كەئەم كۆنفرانسە دەبوو چەند ساڵێك پێش ئێستا بكرایە، ئەمەخاڵێكی لاوازوپێویست بوو دەسەڵاتی كوردی زوتر هەستی بەگرنگی بەستنی ئەم جۆرە كۆنفرانسانە بكردایەو هەوڵی جدی بۆ هێنانەدی ئەمانجەكانی بدایە،بەڵام بە بۆچونی ئێمەدواكەوتنی لەنەكردنی زۆر باشتربوو بەتایبەتی لەهەلومەرجی ئێستادا كەوا پرسی گەلەكەمان لەناوچەكەدا بە بارودۆخێكی هەستیاردا تێپەڕدەبیت.

لەكاتێكدا گەلی كورد لەهەموو پارچەكانی كوردستاندا ڕووبەڕوی هێرشێكی سیاسی و سەربازی و یاسایی ڕژێمە داگیركەرەكان دەبێتەوە،لەشكركێشی ڕژێمی توركیا بۆ سەر باشوری كوردستان بەبیانوی لێدانی پ.ك.ك وەدرێژەی هەیە، دواخستن‌و پشتگوێخستنی جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠ ی دەستوری هەمیشەیی ئێراق‌و هەوڵدان بۆجێبە جێنەكردنی سزای سەپێنراوبەسەر تاوانبارانی ئەنفال كەلەلایەن دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراقەوە دەرچووە ، ڕەشەكوژی‌وگرتنی بەكۆمەڵ لەلایەن ڕژێمەكانی ئێران و سوریاوە و بێدەنگی و بێ هەڵوێستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەمەڕ هەموو ئەو دەست درێژیانەی دەكرێتەسەر گەلی كورد لەلایەن داگیركەرانەوە، ئەم كۆنفرانسە وەڵامێكی گونجاو بوو بۆ پیشاندانی مكوڕبوونی دەسەڵاتی هەرێم‌و ڕۆشنبیرانی كوردو سەرجەم گەلەكەمان لەسەر دۆسیەی تاوانەجینۆسایدیەكانی گەلی كورد و بەدواداچونی سیاسی‌و یاسایی ئەوتاوانانەو هێنانە ژێر پرسیاریكۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ هەستان بەئەرك و بەرپرسیارێتیە سیاسی و یاسایی و مۆڕاڵیەكانی خۆی.

هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆئەو كۆنفرانسە لەسێ تەوەردا خۆی دەبینێتەوەكەبریتین لەلایەن ەپۆزەتیڤ‌ونێگەتیڤەكانی كۆنفرانسەكەو دەرئەنجامەكانی پەیامی كۆنفرانسە كەبە كورتی ئاماژەیان پێدەدەین:

یەكەم:- خاڵەپۆزەتیفەكان:

* ئامادەكاری‌و هەڵبژاردنی تەوەروبابەتەكان‌وچۆنیەتی بەڕێوەبردنی كۆنفرانسەكە سەرەڕای كەم ئەزمونی لەئاستێكی بەرزدا بوو، ئەوەش نیشانەی لێهاتویی و دڵسۆزی ئەندامانی لیژنەی ئامادەكاربوو.

* كردنەوەی پێشانگایەكی دەوڵەمەند لەوێنەو جل‌وبەرگی قوربانیانی كارەساتە جینۆسایدییەكانی گەلی كورد نیشاندانی فلیمی دۆكیومینتی لەمبارهیەوە.

* پابەندبوون بەكات‌وماوەی دیاریكراوی لێكۆڵینەوەكان و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن و گفتوگۆكردن لەسەریان.

* كۆنترۆڵكردنی باری ئاسایشی كۆنفرانسەكەو پاراستنی ژیانی ئامادەبوان‌و دابینكردنی جێگەوشوێنی پێویست بۆكۆنفرانسەكەو بەشداربووانی.

* بەشداریبوونی ژمارەیەكی زۆر لەكەسایەتیئەكادیمی‌و پسپۆڕوشارەزا لەبواری جینۆساید و پەرلەمانتار

و یاساناس لەگەڵ نوێنەرانی بەشێك لەرێکخراوەمەدەنی و مرۆڤدۆستەکانی کورد و بێگانە.

* بەکارهێنانی ٣ زمانی سەرەکی لەپێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکانبەهەرسێ زمانی (کوردی،ئینگلیزی ،عربی)، هەروەها وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی سەرجەم چەناڵەکان بۆ هەر سێ زمانی ئاماژەپێکراو.

*ڕەخساندنی بارودۆخی گونجاوبۆبەشداربووان، لەپەراوێزی کۆنفرانسەکەدا، بۆیەکترناسین ولێکنزیکب ونەوەو ئاشنابوون بەپرۆژەوبەرنامەکاری یەکتو یەکخستنی هەوڵەکانیان لەم ڕووەوە.

* نەبوونی مۆرکی حیزبی و دەسەڵاتی سیاسی بەسەر بابەت و ووتار و ووردەکاریەکانی کۆنفرانسەکەدا، و پابەندبوون بە ناونیشان و ئامانجەکانی کۆنفرانسەکە.

* ئامادەبوونێکی فراوانی میدیاکانو پەخشکردنەوەی هەواڵ و باسەکانی کۆنفرانسەکەبە خێرایی. دابینکردن و ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی ئازاد و یەکسان بۆسەرجەم میدیا و ڕاگەیاندنەکان لەمیانەی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکەدا.

* دەرچون بەکۆمەڵێك بڕیارو ڕاسپاردەی گرنگو گونجاو سەربارەت بە ئامانجەکانی کۆنفرانسەکە.

دووەم:- خاڵەنیگەتیف و لاوازەکان:

* لاوازی بەشداربووانی عەرەبی لەکۆنفرانسەکەدا کەتەنها بەڕێزان زوهێر کازم عهبود، کەنعان مەکیە و محمد وادیوحسن منیمنە بەشداربوون و بەشداربووانیش لەنەتەوەکانی فارسو تورکیشبوونیان نەبوو لەناو کۆنفرانسەکەدا.

*نەبوونی نوێنەری ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و حکومەتی عێراق و کۆمکاری عربی، نوێنەری یەکیەتی ئەوروپا، نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان، نوێنەری ڕێکخراوی جینۆساید و وچ و ڕێخراوەکانی ماف مرۆڤی سەربەنەتەوەیەکگرتووەکان.

*نەبوونی میدیای بیانی بۆ ڕووپۆشکردنی ڕووداوەکانی کۆنفرانس.

*بەرپابونی تەنگژەیەکی هەست پێکراو لەنێوان ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاردا لەکۆتایی کۆنفرانسەکەدا بەهۆی چەند برگەیەکی ووتاری سەرۆك وەزیرانو نیشاندانی فلیمیکی دۆکیومێنتی کەزفکردنەوەی بەشێکی دیاریکراوی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی پێوەدیار بوو .

سێهەم: دەرئەنجامو پەیامەکانی کۆنفرانس

ئەوەی گرنگ بوو ئەوەبوو کەوا کۆنگرەکەبە ٢٤ بریارو ڕاسپاردەو پرۆژەی گرنگەوە دەرچوو کەسەرجەمیان لەگەڵ بۆچوون و ئامانجەکانی (ناوەندی چاك)دا یەك دەگرنەوەو لەکۆی ئەو ژمارەیە ١٥ ڕاسپاردەیان ناوەندی چاك کاری جدی لەسەرکردوون، وەرێنمایی جێبەجێکردنی ژمارەیەکشیان پێشکەش بەبەرێوەبەرانی کۆنفرانسەکەو دام و دەزگا فەرمیەکانی کوردستان کردووە.

*هەستپێکردنی مکوڕبوونی دام و دەزگای فەرمی کوردستان بەتایبەت پەرلەمانوحکومەتی هەرێم لەسەر پەرەپێدان وکاریگەرکردن وفراوانکردنی هەنگاوەکانی داهاتووجێبەجیکردنی ڕاسپاردەو بڕیارو پرۆژەکانی کۆنفرانسەکە.

⋆ دروستبوونی سەرەتاکانی زمانێکی هاوبەش لەنێوان دەسەڵاتی باشوری کوردستان و ڕیکخراو و کەسایەتییە سەرب ەخۆونیشتیمانیەکوردستانییەکان بۆ کاری هاوبەشو تەواوکەری هەمەلایەنەلەڕێی کۆکردنەوەی وزەو تواناکان بۆ بەجیهانیکردنی دۆزی جینۆسایدی گەلی کوردوپاراستنی بەرژەوەندی قوربانیان لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی نیشتیمانیدا.

ئەم خاڵەشبەڕاشکاوی لەکۆبونەوەکانی شاندی ناوەندی چاك لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکان، لیژنەی ڕۆشنبیریو لیژنەی ماف مرۆڤی پەرلەمانی کوردستانو وەزیری کاروباری شەهیدان و، وەزارەتی تەندروستی ، وەزیری ماف مرۆڤ و وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان باسکرا.

⋆بەرپابوونی بناغەی تۆرێکی نێودەوڵەتی لەنێوان ڕێکخراوو دامودەزگا فەرمیە پەیوەندیدارەکانی کوردستان ڕێکخراوو کەسایەتیە سیاسیو ئەکادیمیە بەشداربووەکانی کۆنفرانسەکەبۆ ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان لەدەرەوەی وڵات. ئەمەو ڕەخساندنی هەلی پێویستو کاریگەر بۆ فراوانکردنی ئەم تۆرەو بەشدارییپێکردنی هەمووئەو ڕێکخراووکەسایەتیە کوردو بیانیانەی دەرفەتی بەشداربوونیان لەم کۆنفراسەدا نەبوو.

ناوەندی هەلەبجە
دژبەئەنفالکردنوجینۆسایدی گەلی کورد
–چاك-
www.chak.info
chak.org@gmail.com

## نەیویست بۆمان بدوێ، بەڵام قسەیەکی زۆری بۆکردین:

# کابرا رۆیی ووتی: ئەچم ئەرز وەرئەگرم .. کەچی ئەنفالکریا

**کاتێك چووم بۆچاوپێکەوتنی ئەنفالکراوێك ووتی ناوم مەبە قسەشتان بۆناکەم، هەرقسەمانکردوو وە هیچ نەبوو، مەگەر خۆتان نایزانن چیمان وەسەرهات؟! برا ڕاستیەکان وان بەبەر چاوتانەوە، ئینجا دەستی درێژکرد بۆ پشتی خۆیەوە، ووتی ئا ئەمە یەکێك بوو لەجاشەکان، ئێستا ئەفسەری پۆلیسە،" بەڵام پێی نەوتین ئەوجاشە کێەو ناوی چیە، هیچی لەبارەیەوە پێنەوتین" بەڵام هەرخۆی ووتی "ماشاللە" ئەوساکە حیمایەی موستەشار بوو. ئێسێکە حکومەتێکە بۆخۆی ئەوە حاڵەکەمانە کەدەیبینی. هەرچەند خۆمان لەگەڵ ماندووکرد، بێسود بو ئەو ئامادە نەبوو هیچ قسەیەکمان بۆبکات.. دواجار هەر ئەوەی ووت: دەی برا وا قسەشم بۆتانکرد چی لەژیانمان دەگۆڕێت؟! ئەگەر ئەیگۆڕێ هەتا قسەبکەم.**

دواجـار ژنێك بەکراسێکی شینەوە هات ئاوی بۆهێنایین دوای ئەوەی بەخێرهاتنی کردین، وتی: بەخوا ئەم جادەی تۆئەیبینی ها لەخوارمانەوە "کەلار کۆن" هەرلێرەوە هەتا ئەوبەر پردەکەی گردە گۆزینەو زیاتر هەتا چاو بڕکا مەکینەو عەرەبانە وەدوای یەکا ریـز ببوو، هەمووی ئەنفالکریا بوو ئەیانبردن بـەرەو قۆرەتوو.. ئـەرێ بەوخوا من وە چاوخۆم ئـەو حەمکە زەلامــەم دی کەوەسەیارەومەکینەی خۆیان بردیانن، هەریەکەو عەسکەرێك وەچەکەوە بوولەتەکیانا، من یژێم لێرەوە بەخواکە ڕەنگە دوایەکەی لەصمود بوبێت، خۆخەڵکی تر زۆر دیبووی، گشت کەلار کۆن ئەیزانێ ئەوەی ماڵی بوبێ لەمێکە وەچاوخۆی دیوێتی.

هێشتا نـاوی ئەو ژنـەم بۆ ئاشکرا نەبوو، کە لێم پرسی دادە..ئێستا تۆ وێنەی ئەنفالەکانت بیردەکەوێتەوە کەلێرەوە بردیانن، ئەو ووتی ئەرێوەاللە وەك ئیسێکە هاوەبەرچاومەوە، جاچۆن لەبیرئەچێتەوە مەگەر کەسێك هەر ویژدانی نەوێ.

- ئەم کـەلار کۆنە چۆن نـەروخا؟ مەبەستم ئەوەیە چۆن وەبەر ئەنفال نەکەوت؟ من ئەم پرسیارەم لە شیرینکرد، بەڵام کابرا کەپێشتر نەیدەویست قسەمان بۆبکات، زوو هاتە وەڵامو رێگەی بە ژنەکە نـەدا، وەڵامـم بداتەوە، ئەو وتی:

- من پێتی یێژم بۆنەڕوخیا، خوایە تۆبە ئەبوایە، بروخایە، ئێرەیش لەبەرنامەیابوو..ئەی ئەبوا بروخایە دوایی هەندێك مەسئول نەیان هێشت بروخێ، لەم مشتومرەدابووین پیاوێك بەناوی محەمەد دەستی خستبووە بەر پشتێنەکەی‌و وردەوردە بـەرەو لای ئێمە دەهـات، هـەروا بەدەست سەلامێکی لێمانکردوودوای ئەوەی کەمێك لێمان وەرد بووەو گوێی لێگرتین بێ ئـەوەی روخسـەت وەرگـرێ هاتە سەرخەت‌و دەستی کـرد بەقسەکردن: - من مەسئولێك گەورە دەناسم لەم کەلارەیا ئەوسا مەسئول بوو، پێمی ووت کەلار بۆیە نەڕمیا هەندێك مەسئول ئیعترازمانکرد، باش بوو وەقسەمانیانکرد.. هـەر ئـەو ووتـی بـەڵام هەندێك مەسئولیش بوو ئەیانویست بروخێ، لەم بەینەی پێشودا جارێ تر لەمەجلیسیکا بووم ئەومەسئولەش هەرلەویا دانیشتبوو باس ئەوسەردەمەکریا کە چۆن ئەوساکە کەلار نەڕوخا، ئەو ووتی: هەندێك ئەیانەویست برۆخێ هەندێك نەیان ئەویست بـەلام ئەگەر بروخایە ئیفلاسمان ئەکرد..منیش گوێم تێتانەوە بوو، بۆیە یژمی. ئینجا ڕووم کـردە کـاك محەمەدو ووتم ئەی کـاك محـەمـەد تۆ کاتی ئەنفالەکە هـەر لەم کـەلار کۆنە بـوویـت؟ ووتـی ئـەریـوەڵا منیش بوم لەیرە ئەوە شتێتر کەوەتە بیرم. تەبعەن لـە سـەر ئـەمجـادەیـەی خـــوارەوە ئـەوسـاش هەرجادەبوو مەکینەیە زۆر لەیرەوە رۆیشتن خەڵك ئەنفالیان تیابوو..مەکینەکان ئەمەنە خاوو هێواش ئەرۆیشتن ئەگەر زەلامێ گورج بوایە وەپێ فریایان ئەکەوت، لەتەکیانا بروا، عەلا کولین گوێم بوولە پیرە ژن، گوێم بووەلە پیاو، مناڵ لەبان مەکینەکانەوە هۆرەی ئەکرد هۆرەی گریان" هۆرەی گریان هەیە لای ئێمە" من لێی تێگەیم هەتا قسەکەیشیم لەبیرماوە، " پاش ئەوەی پێموت : ئەتوانی پێم بلێیت؟ کاکە حەمە ووتی: ئائێستا عەرزتی ئەکەم. گوێم لێی بوو ئەی ووت:

- ئەی چۆن دڵەی من سفت بووە سیا، زەمین سەربەست بۆ، دەرناکا گیا، من دڵم ژانی کردبوو مەبەستی کابرا ئەوە بوو بێژێ، تازە دڵی من تـەواو ڕەش بـووەتـەوە تـەڕایـی تیا نـەماوە، وەکـو چۆن زەمـین ووشـك بـووەتـەوەو گیای لێدەرناچێ.

دواتـر کـە بـۆ پشوو گـەڕامـەوە بـۆمـاڵی کاك پشکۆ محەمەد رۆستەم‌وکاسێتەکەم لێدایەو گوێی لەو قسانەگرت، ئەویش قسەکانی پشت ڕاستکردەوەو زۆر زیاتریشی خستە سەروو تی: ئەو وەختە کەئەنفال دەستی پێکرد، ئێمە ماڵمان هەرلەبان جادەکە بوو لەم کەلارکۆنە، مەبەستم

جادەی کەلار کفریە، من هارب "سەربازی هەڵاتوو" بووم، لەکونێکەوە لەنێوان دوبلۆکەوە تەماشای تراکتۆرەکانم ئەکرد ئەوخەڵکەم دەبینی کەدەبران بەرەوقۆرەتوو، جەیشەکە هاتبوو لولەی تۆپەکانیان سوراندبوو بۆ ناوماڵەکانی کەلار کۆن، چونکە ترسێکیان بوو لە چەمچەماڵ ڕاپەرین قەومیابوو هەندێك خەڵك لەویا رزگاریان بوو..دەبابەیەك لەسوچی لای ماڵان وەستابوو، ئەویش لوولەکەی کردبووە ماڵەکان..هەموو مەکینەیەك چەند عائیلەیەکی تێدابوو جوندیەك بەکلاشینکۆفێکەوە وەبان سەریانەوە بوو، کاتێك لێمپرسی نزیکەی چەند مەکینە ئەبوون، ئەو ووتی زۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆر بوون ژمارەیە زۆۆر خەیاڵی بوون. بەڵام بەمەزندەی من بە مەکینەو بە ئیڤاو سەیارەی ترەوە ئەمە هەمووی خەڵکی بارکردووە نزیکەی 300 و قصور دەبوو، بەڵام زۆرینەی مەکینە بوو هی ئەو خەڵکەی لادێکان بوون کە ئەنفالکریابوون..هەتا خۆشیان لێیان دەخوڕی، نەك بێژی عەسکەر لێی بخوڕێ.. ئا بابیرم نەچێت دواتر هاتن ساترێکیان دروستکرد لەخواری کەلاری کۆنەوە.. ئێستا ئەوشوێنە کراوەتە مەرکەزی پۆلیس. یەکسەر عەسکەر هاتن ئەوساترەیان وەشۆفڵ لێدا، ئەوسا لیوایەك بوو ناوی لیوای عبدلیلا بوو، ئەو لیوایە هی بارق بوو، ئاخر بارقیش ئامر ئەم فۆڵە بوو، ئەوسا زوو زوو لیواکەش دەگۆڕا بیرمە ئەبوو بە ئیسماعیل ئەبوو بەبارق عبدولیللا ئیتر هەرجارێك ئامر لیوایەك دەهات قتعەکەش ناوەکەی دەگۆڕا، ئەوساتەی ئەو ساترەیان دروستکرد تەیارەی ئێران هات دای لەکەلار بەسیلسیلە رەمی مەنتیقەیەکی کەلاری کرد، ئەوخەڵکەش کە ئەنفالکرابوو، هەندێکیان لەوێ کۆکرابوونەوە، ئەوەی رۆیی بۆ قۆرەتوو رۆیی ئەوەی تر لێرە لای ئەوساترە کۆکرابوونەوەو هەر خەڵکی تریشیان بۆ دەهێنا، ئیتر کە تەیارەکە ڕەمی کرد لێیاندا خستیانە خوارەوە سایەقی تەیارەکە گیرا، بەڵام نەکەوتبووە دەست حکومەت، بەڵکو کەوتە دەست خەڵك، لەوبەرەوە کەوتبوو، خەڵك چوون بەشەقو تێهەڵدان سایەق تەیارەکەیان هاوردەوە لەبەرئەوەی لەو رەمییەدا خەڵکێ زۆری کوشت، منداڵوەی تر خەڵکێکی زۆری کوشتبوو، خەڵك سایەق تەیارەکەیان گرتو هێنایان لێیاندا، زۆریان لێدا، من ناوی سایەقی تەیارەکەشم بیرماوە نەقیب بوو، ناوی

**ئەی چۆن دڵەی من سفت بووە سیا، زەمین سەربەست بۆ، دەرناکا گیا، من دڵم ژانی کردبوو مەبەستی کابرا ئەوە بوو بێژێ، تازە دڵی من تەواو ڕەش بووەتەوە تەڕایی تیا نەماوە**

(خەسرەو ئابادی)بوو.

دوایی تەسلیم حکومەتیان کرد. بەهەرحاڵ کە ئەو ڕەمی تەیارەیە کریا خەڵك شلەژا هەندێك لە ئەنفالەکانی ناو ساترەکە توانیان لەو شلەژانەدا رابکەن. هەندێك رزگاریان بوو، ئەوسا ئێمە پەلامار ساترەکەماندا خەڵکمان بەرداو هێنامانەوە بۆماڵی خۆمان، بەو ناونیشانە پیاوێکمان هێنایەوە بۆ ماڵ خۆمان، خۆی شۆرد ریشی تاشی، کەچی چووەوە بۆناو گیراوەکان، هەرچەندە زۆرمان لێکردوو ووتمان پێی مەچۆرەوە بۆناوساترەکە بەخوا چاوتان وەدنیا ناکەوێتەوە، ئەو ووتی بەخوا رۆمەوە بۆ ئەوێ، ئەوە هەرخەڵکو پەلامار ناوساترەکە ئەداو خەڵکی ئەنفالکریاو رزگار ئەکات، خەڵکەکەی ئێرە کەمێك هوشیارتربوون، هەستیانکردبوو، حکومەت ئەمانە بەرناداتو هەروا بە ئاسانی نەجاتیان نابێ، ووتم بەکابراکە نەڕۆیتەوە، کابرایەکی زۆر سادە بوو، وەڵا کابرا رۆیی ووتی: ئەچم ئەرز وەرئەگرم، رەنگە حکومەت وای پێوتبن. لەگەڵ ئەو پیاوەیا بیرمتێ منالێکمان دەرکرد منالە کە ئێستاش ماوە وابزانم معاون توبییە ناوی "مەلیك"ە زۆرشتی ئەنفال لەماڵمانا بووە، شاردوومانەوەتە پیکابێکی ماڵی مام هۆمەریش بوو لەگوندی سماق ئێستە ئەوەتا ماڵیان لەپشت ماڵی خۆمانەوەیە. پێکابەکەی هێنا شاردمانەوە پیکابێ زۆر تازە بوو هەمووی کۆپتەر بەدۆشکا بێژابووی.

دواتر پشکۆ کەوتە سەر گێڕانەوەی دیمەنێکی تر لەسەر ئەو کەسانەی لە نوگرە سەلمان گەراونەتەوە، ووتی دوکانێکمان بوو ئیوارەیە" عەصرێك" لەبەر دەرگای محەلەکەمان دانیشتبووین، ئەوەنەم زانی کۆستەرێك هات، بوون بەدوان قواتخاصە هاتن دەورەیاندا ئیتر کارلەیەکو دووا نەبوو بەخوا نازانم چەنێك ئەبوون کۆستەرەکان زۆر بوون، من هەردیقەت خەڵکەکەی ناویانم ئەدا، دواتر کە خەڵکەکەی ناویان داگرت، زۆر وەزعیان خراپبوو، پیرە ژنی وایان تێدابوو وەباوەش دایانیان ئەگرت، لەبەرئەوەی هێزیان لەبەر برابوو. لەناو ئەوخەڵکەدا پیاوێك بوو پێشتر بینیبووم زۆر رەشیقو جوان بوو، جسمێ زۆر جوانی بوو کەواو سەڵتەی ئەکردەبەر، کە دابەزی هەرکەواو سەڵتەکەی لەبەردا بوو، بەڵام چی ئەو پیاوە رەشیقەی بۆتم باسکرد کەواو سەڵتەکە لەبەریا وەکو شەڵتانی لێهاتبوو، لەبەر ئەوەی ئەوەندە برسیانکردبوون، زۆر لاواز ببوو، بۆیە ناوی ناهێنم لەبەرئەوەی نەکا کەسوکارەکەی دڵیان بشکێ چونکە ئێستا ئەو پیاوە نەماوە وەفاتی کردووە.

## بیرەوەریەكانی میوانی ژمارە ٥٩

# ئەو سەرۆكەی هەموو تەمەنمی ژێرپێنا بوو، لەدادگا دوو رۆژ لەژێر پێمدابوو

سەرنوسەر



دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق وەك نەریتێك بۆهەردانیشتنێكی دادگاییكردنەكەی داوەتی چەند كەسێكی كرد، تاوەك چاودێر ئامادەی دانیشتنەكان بن، خۆشبەختانە رۆژەكانی ١٠و١١ی تشرینی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٦ ئەو شەرەفەم پێبراو لەو دوو دانیشتنەدا بوومە میوانی ژمارە ٥٩ی دادگایكردنی تاوانبارە نائاساییەكانی عێراق.

دوای ئەوەی برای بەرێزم كاك لەتیف فاتح فەرەج ئاگاداری كردمەوە لەوەی داوەتكراوین بۆ بەغدا تا لەدادگایكردنی تاوانبارانی دۆسێی ئەنفال ئامادەبین ئیتر، كەوتمە خۆكۆكردنەوە، لەهەموو تەمەنمدا چاكەتو پانتۆڵم نەبووە، بەڵام بۆ ئەو رۆژە بریارمدا كەدەبێت چاكەتو پانتۆڵ لەبەربكەم، رۆژێك بەرلە رۆیشتن ٢٠٠٦/١٠/٥ ئەگەرچی زۆرنەخۆش بووم، بەڵام لەگەڵ دایكی لاس پێكەوە چوینە بازارو بەدڵی هەردوكمان قاتێكم كری، تالە دیداری تاوانباراندا بە پۆشتەیی ئامادەبم، ئیدی كەلەبازارەوە گەراینەوە بۆماڵەوە من وەزعم بەرەوخراپتر دەچوو، هەموو لەشەم شەلالی عەرەقكردنەوەیەكی زۆربوو، بەلام بریارمدابوو ئەگەر لەگیانەلاشدابم هەردەچم بۆدادگاو ناهێلم نەخۆشی ببێتە كۆسپ.

ئەو شەوە سەرباری نەخۆشیەكەم تا بەرەبەیان خەونەچووە چاوانم، كتومت لەوكەشو هەوایەدا بووم كەمنداڵان بۆ رۆژی جەژن خۆیان ئامادە دەكەن، شەو رۆژیان لێنابێتەوە، كەرۆژیشم لێبووەوە ئینجا چركە ساتەكانم بەدرەنگ لێدە رۆیشتن، هەتاكاتی بەرەو وادەی رۆیشتنمان، رۆژی ٢٠٠٦/١٠/٦ كاتێكیش لەدەرگای ماڵەوەماندراو چوومە پێشوازی كەدەرگام كردمەوە لەتیف فاتح فەرەج ، بەروویەكی خۆشەوە ووتی: ئامادەی.. بێئەوەی چاوەروانی وەلامدانەوەم بكات، ووتی : مەترسە پێناسێكم بەناوی (عباس محەمەد عەلی) بۆهێناوی، دواتركاك عبدوالله كەریمو ئینجا كاك سالارمحمود هاتن، روخسەتم لێیانخواستو خێزانو منداڵەكانم گەیاندە ماڵی باوكیانوخۆم بەتەكسی یەك گەرامەوە بۆماڵەوە، بەلام كەكاتی رۆیشتنمان هات، لەوپەلەپەلیەدا پەندێكم دابوو، چونكە كلیلەكانی خۆشم دابووە هاوسەرەكەم ، ناچار من چووم كلیلەكانم بێنمەوە كە گەیشتم تەماشادەكەم هاوسەریشم بەتەكسیەك هاتووەتەوە بۆماڵەوە كورد ووتەنی دزاودزكەوتبووین، دواتر یەكمانگرتەوەوكلیلەكانم لێوەرگرتوو دەرگام قایم كرد، لەم سەرقاڵیەدابووین، مامۆستا محمەد حەمەصاڵح تۆفیق هات بەدواماندا( لەتیف فتح فەرج، عەبدوللەكەریم، سالارمحمود، من) سواربووین رۆیشتین بۆ فرۆكەخانەو لەوێش تەها سلێمانو مەجید صالح لەشاری كەلارەوە هاتبوون.

هەرچەندە وادەی فرینمان ٩:٢٠دەقیقەی سەرلەبەیانی بوو، بەڵام ئەو رۆژە فرۆكەی هێڵی ئاسمانی عێراقی زۆر دواكەوت دوای ٨ سەعات چاوەروانی ئینجا لەسلیمانییەوە بەرێكەوتین بۆ بەغداد، لەماوەی ئەو چاوەروانیەدا زۆر بێتاقەت بووین، لەنزیكی كاتژمێر ١٢ی نیوەرۆدا فرۆكەیەكی سەربازی هات نیشتەوەو دوای ماوەیەكی كەم بینیمان شایەتەكان ریزیان بەستووە بۆ سواربوون، لەناویاندا كاك عیدولخالقی كفریم ناسییەوە، ئەو پیاوە لە ژمارە ٣ی ئەنفالستاندا چاوپێكەوتنێكی دورودرێژم لەگەڵدا كردبوو، چونكە جگەلەوەی لەكاتی پەلامارەكانی ئەنفالدا پێشمەرگەیەكی ئازای گەرمیان بوو، یەكێك بوو لەو پارتیزانانەشی لەناوچەكەدا

مایەوەو برای یەکێك لەو کچانەیە کە لەبەڵگەنامەکی موخابەراتی کەرکوکدا ناوی هەیە، ئێمە لەمدیووی جامەخانەی فرۆکە خانەکەوە تەماشامان دەکردن، لەوکاتەدا کچێکی کارمەندی فرۆکە خانەکە لەبەر تیشکی خۆرەکە دانیشتبوو، پەنجەکانی بەناو قژە رەش‌ودرێژەکەیدا دەهێناو دەبرد، بێئەوەی ئاگای لەخەم‌وموعاناتی ئەو کەسە ریزبەستووانە بێت، ووتی خۆزگەم بەخۆتان، پێمخۆش بوو وەڵامی بدەمەوەو کەمێك لەبارەی موعاناتی ئەو شایەتانەوە بۆی بدوێم بەڵام لەبەر هەرهۆیەك بوو، ئەوەم نەکردوو بێدەنگیم هەڵبژارد. ئیتر دوای چاوەروانیەکی زۆر سەعات٢:٢٥ ئێمەش سواربووین، من یەکەم جارم بوو سواری فرۆکە بم، بەرێکەوت لەلای پەنجەرەیەکەوە دانیشتم‌ومامۆستامحەمەد حەمەصالح هاوشانم بوو، ئیتر کە وردەوردە بەرزبووینەوە مامۆستا سەرنجی راکێشام بۆ ئەو خاکە وشکو برینگەی هەرگیز لەکوردستان نەدەچوو، پتر لەووڵاتێکی بێئاوو بێسەوزایی دەچوو، کەبەسەر ئەو گردووتەپۆڵکانەی بازیان‌و دواجار گەرمیاندا دەفرین، دڵم پر بوو، لەپر عەبدوڵلای خەرابەیم بیرکەوتەوە، کە بارق حاج حنتە لەئەنفالی ٤ گرتبووی‌و لە کۆپتەرێکەوە فرێی دابووە خوارەوە، ئەو سەربازوئەنفالچیانەم دەهاتنەوە پێش چاوو کەلەم ناوچانەی ئێستا ئێمە بەسەریدا دەفرین، چۆن ژن‌ومنداڵ‌و گاوگۆلکیان وەکو یەك پێش خۆیانداوەو دەیانەوێت قربخەنە گوندنشینەکانەوەو ماڵ‌و حاڵیشیان تاڵان دەکەن، ئەو فرۆکەوانە دڵرەقانەم دەهاتنە پێش چاو کە بەسەر ئەم تەپۆڵکانەدا چۆن فریوون‌و تەقەیان لە هەموو زیندەوەرێك کردووەو یاریدە لەشکرە ئەنفالچییەکەی بەعسیانداوە، لەم خەیاڵانەدا بووم، کەمامۆستا پێی ووتم ئەمە سامەرایە، لەو بانەوە کەنازانم چەندێك بەرزبووین، شتێك سەرنجی من‌و مامۆستای پێکەوە راکێشان، لەسەر زەووی چەند بازنەیەکمان دەبینی لەچاو زەویەك رەش دەچوونەوە بازنەکان لە سێ "قورسی سیدی" دەچوون بەتەنیشت یەکەوە دانرابن، من یەکسەر گۆرە بەکۆمەڵەکانم بیرکەوتەوە، کارەکتەری جەلادو قوربانیەم هاتنە پێشچاوو، دلرەقی جەلادو هاواری قوربانی‌و حیکایەتی دەربازبووونی عوزیرو وەسیەتەکەی فەرجی تۆپخانە، ئەو هەستەم لادروست بوو ئێمە بەسەر ئیسك‌وپروسکی ئەوقوربانیانەوە دەچین چێژ لە دادگایکردنی تاوانبارەکانیان دەبینین، ئەو تاوانبارانەی نیوەی ئەم کۆمەڵگایەیان پێکهێناوەو ئیستا تەنها چەند کەسێکی زۆرکەمیان لەقەفەزی تۆمەتباریدان‌و ئێمە دەچین بۆ بینینیان لەدادگا. دواجار هەرخۆم بەخۆمم وەت: ئەی ئەگەر ئەم دادگایەشیان بۆ ساز نەکرایە چیمان دەست دەکەوت چێژی لێوەربگرین.. قەناعەتم بە خۆم هێنا کەوا بینینی ئەو تاوانبارانە هەم گرنگەو هەم چێژی خۆشی هەیەو ئێمەش مافی خۆمانە چێژی لێوەربگرین. بەدەم ئەم خەیاڵانەوە کە هەمووی نیوکاتژمێری نەبرد سەعات ٣ی رێك لەفرۆکە خانەی بەغداد فرۆکەکە نیشتەوەو ئێمەش دابەزین، لەبەغدا وا چاوەروان بووین هەرکەلەفرۆکەخانە دابەزین ئۆتۆمبیلمان بۆ ئامادەکراوەو پاسەوان دەمانگەیەنێتە ناوچەی سەوز، بەڵام لەراستیدا وانەبوو، هەرچەندە لەسلێمانییەوە کاك حاکم ئەحەمەدی ئەندام پەرلەمانی عێراقمان لەگەڵدا بوو، ئێمە وەکو قاز وابووین هەرچاومان لەدەمی ئەوەوە بوو، لەفرۆکەخانە یەکسەردوو تەکسیان هێناو وتیان سەرکەون، لەراستیدا ئێمە رادەی مەترسی رێگەی نێوان فرۆکە خانەو ناوچەی سەوزمان دەزانی، هەرچەندە دووری هەموو رێگەکە ١٥دەقیقە زیاتر نابێت، بەڵام ئەوماوەیە رێگەی هات‌و نەهاتە، ئۆتومبیلەکان هەرئەوەندەی لەفرۆکەخانە دەرچوون، ئیتر خۆیان بوونە فرۆکەو باڵیانگرت، هەرئەوە بوو دەمانگووت بەسەر زەوییەوەین، دەنا لەراستیدا ئەو رۆیشتنە رێگە بڕینی ئاسایی نەبوو، بەڵکو فرین بوو بەسەرزەویدا، ناهەقیشیان نەبوو تەنانەت بۆڵبریمەر سەفیری ئەمریکا لەورێگایەدا کەوتە بەر نیشانی قەناص‌و بەرێکەوت لەمردن رزگاری بوو، ئیتر بۆ بابایەکی وەکو ئێمە دەبێت چۆن بێت؟ کە تەماشای ئوتۆمبیلی پێش خۆمانم دەکرد وادەهاتە بەرچاوم لەجەنگێکی بەزیوو دەربازبووەو بەرەو شوێنێکی سەلامەت مل دەنێت، ئۆتۆمبیلەکەی ئێمەش بەهەمان خێرایی بەدوایەوە دەرۆیشت، ئەوەی ناخۆش بوو بێدەنگی شۆفێرەکەمانبوو، خوانەکات ووڕتە لەدەمی بێتە دەرەوە! گەنجێکی رەشتاڵەی مۆن‌وکەم دوو بوو، ئەگەربۆ موجامەلە پرسیارێکیشمان لێکردبا ئەو بە ئا یان نا، وەڵامی دەداینەوەو لەسەری نەدەرۆیشت، لە راستیدا ئێمە نەمان دەویست بزانن کە کوردین، لەهەمووی نەگونجاوترناوە ناقۆڵاکەی من (عومەر) بوو، لەبەرئەوەی ئەگەر تێبکەوتینایە بێ ئەوەی لە ئینتیمای دینی‌و نەتەوەیت بپرسن مەحکومیت بەسەربرین، هەرچەندە کاك لەتیف فاتح فەرەج پێناسی خزمێکی خۆی بۆ هێنابووم بەناوی عەباس بەڵام من گوێم پێنەداو ئیستاش ئەو پێناسەیەم وەرنەگرتو دەمو چاوی خاوەنەکەیم نەبینی.

شۆفێرەکان درێغییان نەکرد لەتیژرۆیی، ئەمەیان بەدڵی ئێمە بوو، بەڵام هەرئەوەندەمان خۆش بوو گەیشتینە یەکەمین سەیتەرەی ناوچەی سەوز، لەدوری ٢٥ مەترەوە سەیارەی یەکەم وەستاو ئێمەش لەدوایەوە وەستاین، لە نوقتەی حەرەسیاتەکەوە کە بە گونێی نایلۆنی سەوزی پڕکراو لەخۆڵ دەورەدرابوو، بە دوربین تەماشایان دەکردین، ئینجا حاکم ئەحمەد باجەکەی دەرهێناو ئەوانیش بەدوربین تەماشایانکردوو، بەبڵندگۆ ووتیان: وەرەنە پێشەوە، ئێمەش بێئەوەی باجی چوونە ژوورەوەمان پێبێت، لەگەڵ ئەوان چووینە پێشەوە، بەڵام ئەوانیان بە باجەکەی کاکحاکم کردە ژوورەوەو سەیارەکەی ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ دەرەوەی ناوچەی سەوز چونکە هەرباجێك دەتوانێت ٤ کەس بەرێتە ژوورەوە، هەرچەند ووتمان ئێمە رێکخراوی ناحکومین‌و داوەتکراوین بۆدادگاکە نەوەڵامیاندایەنەوە نەگوێیان لێگرتین، بەڵام مامۆستا محەمەد لەگەڵ کاك حاکم ئەحمەددا "حەمەی حەمەسالح"و

مجید ساڵح و سالار محمود ڕۆیشتن، کاتێك ٢٠ مەترێك لەخاڵی پشکنینەکە دورکەوتینەوە بەنیاز بووین بوەستین تا چارەیەکمان بۆ دەدۆزنەوە، هەرئەوەندەمان زانی سەربازێکی عێراقی رەقەڵە کەهێشتا برسێتی و کاریگەری گەمارۆی ئابووری بەروخسارییەوە دیاربوو، بەکلاشینکۆفێکەوە لێمان هاتە پێشەوەو ووتی: وەستان لێرە قەدەغەیە، حاڵ و ئەحواڵی خۆمان بۆئەویش ڕست بەڵام بێسوود بوو، ووتی: ئەو قسانە لای من نەبیستراون نەخۆتان هیلاك بکەن و نەمنیش، ئێمەش ویستمان قەناعەتی پێبکەین.. بەڵام بێسودبوو ووتی: ناچارم مەکەن ئیجرائات بکەم، بەزووترین کات ئێرە چۆڵبکەن بۆخۆتان باشترە، بەدڵنیاییەوە ئیجرائاتی ئەوانیش لەتەقەکردن بەولاوە شتێکی ترنیە، ئەوکاتە رێك قسەکەی بەختیار عەلیم بیرکەوتەوە کە لەدەمی جەلادەتی کۆترەوە دەڵێت: "زمانی عەرەبی زمانی جەلادە" هێ"تا عەسکەرە لاوازەکە بەرۆکی بەرنەدابووین کەتەقەیەکی زۆرلەنزیکمانەوە دەستی پێکرد، بەڵام ئێمە لەسەرجادەیەك وەستابووین ئەمبەروئەوبەری بەدیواری کۆنکریتی و داری بەرز تەندرابوو هیچمان نەدەبینی، لەهەمووی خەراپترئەوەبوو ئەوشوێنەی لێی وەستابووین تۆری ئاسیاسێڵی تێدانەبوو، هەرچۆنێك بوو بەناچاری کەمێکی تر دورکەوتینەوە، بەڵام کاتێك شۆفێرە کەمدووەکە مۆبایلەکەی دەرهێنا ئیترمن هەموو تەرکیزێکم خستە سەر قسەکانی، ووتم نەبادا بەپەندێکمان بدات، بەتایبەتی کە لەخەزرا قسەمانکردوو ئەولەمەبەستی هاتنەکەمان دڵنیا بوو، لەراستیدا کەمێك مایەی ترس بووو، بەهەرحاڵ پاشماوەیەك چاوەڕوانی سەیارەی یەکەم بە بەتاڵی گەرایەوەو شۆفێرەکەی ئێمەش پێی لێکردینە کەوشەوەو ووتی: من چیتر چاوەروانتان ناکەم، ئیتر ئەویش ٥٠٠٠٠ دیناری عێراقی لێسەندین و بەجێی هێ"تین، دوای نیوکاتژمێر چاوەروانی کاك خالد شوانی ئەندام پەرلەمانی عێراق خۆیی و شۆفێرەکەی بەهانا مانەوە هاتن و بردینیەوە بۆخاڵی پ"کنینەکە، پاش ئەوەی ئێمەش بەهۆی باجەکەی کاك خالد شوانیەوە لەخاڵی پ"کنینەکە تێپەر بووین، هەروا چەند مەترێکی ترلەولاوە کۆنترۆڵی سەگە پ"کنەرەکان دێتە پێ"ەوە، بۆنیتی ئۆتۆمبیلەکەت پێهەڵدەدەنەوەو سەگەکان دەکەونە بۆنکردن.. دوای ئەوەی بۆنیت وصندوقی سەیارەکەیان هەڵدایەوەو پ"کنین تەواو بوو سەگەوانە رەشتاڵە باریکەلەکە سەرەتاشراوەکەی بۆ لارکردینەوەو رەزامەندی رۆی"تنی دەربری، ئێمەش بەرەو شوقەکانی ناوخەزرا کەوتینە رێ، بەڵام هێندە نەرۆی"تین کەکاك کامەران صابیریش بەسەیارەیەکی جیئێمسی تایبەت بەدوامانداهاتو منو تەها سلێمان چووینە لای ئەو سواربووین، کاك کامەران لێمانی پرسی صدامتان دی؟ ووتمان نەخێر چۆن ببینین؟ ووتی ئێستا هێنایانن بۆ دادگا لەبەرئەوەی هەموو جارێ سێ رۆژ پێش دادگایی کردنیان دەیان هێنن بۆ خەزرا. بەڵام کاتی وەستانمان هەندێك سەیارەی نامۆمان بینیبوو، بەتایبەتی پاصێکیان تێدابوو، کە پاش و پێ"ی بەسەیارەی هەمەر پارێزگاری دەکرا، لەسەیارەی بەندکراوان دەچوو تومەس صدام و دەستوپێوەندە تاوانبارەکەی هەرلەو سەیارانەدا بوون، دوای ئەوەی گەی"تین ئێمەش چوین بۆلای برادەرەکانمان، ماڵی ئاوابێت کاك خالدشوانی ماڵەکەی خۆی بۆچۆڵکردبووین کە لەبالاخانەی ژمارە ١٢دا بوو نزیك تاقی سەرکەوتن (قوس نصر) کەدواتر ناونرا مەیدانی ئاهەنگەکان( ساحە الاحتفالات) پەنجەرەی بالاخانەکەمان بەرانبەربەو دوو شم"یرە زەبەلاحەبوون کەکاتی خۆی سەدام لەدوای ئەنفالەکان و وەستانی جەنگی ئێران دروستی کردبوون، ئەو شم"یرانەی کە سەدام نەخ"ەی بۆکێ"ابوون و وەکو نوسەری عێراقی بەدیقەت وزانیارییەکی وردەوە باسی دەکات، ئەگەرچی زۆر لەئێمەوە نزیك بوو، بەڵام من هەر ئەو وەسفەی کەنعان مەکیە بە گونجاوتردەزانم، کە نمونەیەکی بچوککراوی هەردوو بازووی خۆی بوون لەدوو قاڵبی گەچ دارێژرابوو، ئنجا تا درێژی ٥٤ پێ گەورە کراونەتەوە. هەر دوو بازوەکە وەك دوو قەدی برونزی لەزەوییەوە بەرەو ئاسمان بەرزبووەنەتەوە، هەردەستێکی شم"یرێکی بەدرێژی (٦٦) پێ هەڵگرتووە، هەردوو شم"یرەکەش لەبەرزایی ١٣٠ پێ لوتکەی تاقێکیان دروستەدەکردووە، هەردوو دەست و بازووی لەگەڵ ئەو چوارچێوە پۆلایەی دەستو بازوەکەی لەسەرجێگیرکرابو (٤٠) تەن قورسایەکەیانە. بارستایی ئەو دوو شم"یرەی لەپۆلای دژە ژەنگ دروستکرابو (٢٤) تەنە. (*)[1] من پێش ئەوەی پ"ووبدەم هەرلە پەنجەرەی بالەخانەکەوە رووەو خۆرئاوا ماوەیەکی زۆر لەو شم"یرومەچەکانە رامابووم، وەکو پەیکەرێك بەرانبەری چەقیبووم گەرابوومەوە سەروەختی دوای پەلامارەکانی ئەنفال کە صدام بە ئەسپێچکی سپییەوە بە ژێر ئەو شم"یرانەدا رەتدەبوو هەزاران سەرباز لەپێ"وازیدا ریز ببوون، بەوە زنجیرەی خەیاڵەکانیان پچراندم کە بانگیانکردم بۆ چاخواردنەوە، دو ای کەمێك پ"وودان و چاخواردنەوە کۆشکی دادگەکەیان پێ"اندین کەوا هەرچەند سەد مەترێك لێمانەوە دوربوو، ئێمە بەوە دڵان خۆش بوو کەدادگاکە لێمانەوە نزیکەو بەیانی دوای نان خواردن هەربە پیاسە دەچین بۆ دادگا.. بەڵام ئەمە هەرخەیاڵ پلاوێکی خۆمان بوو. دەنا چوون بۆ دادگا زۆرسەختو بە بەرنامە بوو هەرگیز بەو ئاسانیە نەبوو کە خۆمان تێی گەی"تبووین.

رۆژی شەممە٢٠٠٦/١٠/٧ کاك کامەران بە سەیارەیەك هات بەدوامانداو بەنیازی تەواوکردنی فۆرمی چوونە ناودادگا، رۆی"تین بۆ قصر المؤتەمەرات (کۆشکی کۆنگرەکان) لەوێوە بۆ ناوەندی راگەیاندنی هێزە هاوپەیمانەکان، کەبەلای منەوە بینایەکی سەیربوو، لەناویدا هەموو ژورەکانی بەکابینە دروستکرابوون و بەشەکان جیاکرابوونەوە، ئێمە هەر بەپێوە وەستابووین، شوێنێك نەبوو بۆ پێ"وازی کردن، ئەو رارەوەی ئێمەیان لێوەستاندبوو زۆرگەرم بوو، تەنها دوو کورسی لێبوو ئێمەش ٧کەس بووین، دەبوایە بەسەرە دابنی"تینایە، سەربازێکی هێزە هاوپەیمانەکان

کەمن بەش کۆری تێگەیشتمشبەتفەنگێکی ناتۆو تورەکەیەکی پڕلە فیشەکەوە کەبەلاکەمەریدا وەکو تورەکەی سواڵکردن، شۆڕببووەوە بەدیارمانەوە وەستابوو، سەربازێکی گەلحۆوپەرپووت دیاربوو، هەتا بلێی کابرایەکی ناشرین بوو، بێئەوەی ئامادەبێت، هیچ قسەیەکمان لەگەڵدا بکات، ماوەیەکی زۆر لەو رارەوەماینەوە بێئەوەی کەس هیچمان لێبپرسێت، دوای چاوە روانیەکی زۆرئینجا هاتن پرسیاریان لێکردین، دواتر کچێکی کورد پەیدا بوو هات بۆلامانو بەزمانی کوردی بەخێرهاتنی کردین، کچەکە ناوی شتانیاشبوو، نازانم پلەی سەربازییەکەی چی بوو بەڵام وتی من خەڵکی سلێمانیمو لەئەمریکاوە لەگەڵ هێزە فرە رەگەزەکان هاتوومەتەوەو ئێستا لێرە کاردەکەم، لەراستیدا بینینی ئەو کچە بۆئێمە زۆرخۆش بوو، چونکە لەوێ بەتەواوی هەستمان بەنامۆیی دەکرد، ئیتر ئەو رێنمایی کردین لەوەی کەهەڵسوکەوت لەم شوێنە چۆنە، هەریەکەمان نزیکەی سەعاتێکمان لە دالانێکی درێژ بەسەرپێوە کاتبەرێکردبوو قچمان بەتەواوی ماندوو ببوو، لەماوەی مانەوەماندا کە نزیکەی ٣ کاتژمێرێکی برد بەسەرە ٣گاردی هێزە هاوپەیمانەکان بە دیارمانەوە وەستابوون بێئەوەی بۆمان هەبێت یان ئەوان بۆیان هەبێت قسەمان لەگەڵدا بکەن. ئەوەی لەو بینایەدا سەرنجی راکێشام ئەو کابینە موجهزانەبوون کەبەرێکوپێکی بۆ رایی کردنی کاروبارەکانیان دانرابوونو بە ئەندازەیەکی سەربازی نەخشەیان بۆکێشرابوو، ئیتر هەریەکەمان بەسەرە فۆرمێکمان تایبەت بەچوونە ژوورەوەی دادگاکە پڕکردەوە، هەرچەندە من وەکو سەرنوسەری ساڵنامەی ئەنفالستان بانگهێشتکرابووم، بەڵام لەوێ بەپێی ئەو فۆرمە وەك بەرپرسی ئۆفیسی سلێمانی ناوەندی چاك خۆم ناساندو رێپێدانی هەرسێ دانیشتنەکەی دادگایان بۆکردم، بەڵام ئێمە هەمووومان توانیمان تەنها دوو دانیشتن ئامادەبین، لەبەر ئەوەی هەم لەسلێمانی کارمان هەبوو، هەم بارێکی زۆرگرانیش بووین، بەسەر ئەندام پەرلەمانەکانی عێراقەوە، بەتایبەتی کاك خالد شوانیو کاك پشتیوان خانەقینی، هەروەها کاك کامەران صابیر زۆر پێمانەوە ماندووبوون، دەبوایە هەموو رۆژێك ئەوان بێن بەدواماندداو لەشوقەکانی تاقی سەرکەوتنەوە بمانبەن بۆ (قصری موئتمرات) چونکە تەنها ئەوان دەیانتوانی بچنە ئەو ناوچەیە، هیچ عێراقییەکی تر نەیدەتوانی بەبێ باجی ئەمریکییەکان بە ناو خەزردا بگەرێت.

بە شێوەیەکی گشتی کە ئەو هەمووئیجرائاتو لێکۆلینەوەو کۆنترۆلەمان بینی ترسی ئەوەمان هەبوو کۆسپ بێتە بەردەممانو نەتوانین بچینە دادگا، دوای ئەوەی من بانگ کرامە ژوورەوە لەوێ کورێکی سورکاری چوارشانە دانیشتبوو بە عەرەبیەکی زۆر رەوان قسەی دەکرد، بەرلەوەی رێگە بدات لێی بپرسم ئەو خۆی ووتی: منیش عێراقیم، بەڵام لەخزمەتی سەربازی هەڵاتمو ئێستا لە ئەمریکا دەژیم ئەو پیاوە بەرەگەز ئەرمەنی بوو، سەیر لەوەدا بوو ٨ساڵی رەبەقی لەجەنگی ئێران -عێراق بەسەربردبوو رقێکی زۆری لە صدامو دارودەستەکەی بوو، ئینجا رای کردبوو، لێکۆلینەوەکەی من کەوتە لای ئەو سورکارە ئەرمەنیە، ئەو بە عەرەبی لێکۆلینەوەی لەگەڵ دەکردم، من پێمخۆش بوو کچەکوردەکەشتانیاش لێکۆلینەوەم لەگەڵ بکات، بەهەرحاڵ ئیمە چوینە ناو پرسیارو وەڵامی خۆمانەوە یەکەم پرسیاری ئەوە بوو ئاخۆ عەرەبی دەزانم یان وەرگێرم پێویستە؟ بەڵام من ووتم پێویستم نیە، کەچی لەگەرمەی لێکۆلینەوەکەدا تانیا دایە قاقای پێکەنینو کابرای ئەرمەنیش بەدوایدا ئینجا تانیا ووتی: ئەوە کاکە تۆ دەڵێی چی؟ منیش ووتم لەگەڵ منتە بۆ چیبووە؟ ووتی ئەو بە عەرەبی لێت دەپرسێو تۆ بە کوردی وەڵامتدایەوە، ئینجا من زانیم هۆکاری پێکەنینەکەیان من بووم، بەڵام من بایی ئەوەندە عەرەبیم دەزانی کە نەبمە مایەی پێکەنین، هیچ گرفتێکم لە تێگەیشتنو وەڵامدانەوە نەبوو، تومەس ئەو پرسیبووی خزمەتی سەربازیت کردووە، منیش هەر بەکوردی ووتبووم بەڵێ نزیکی ٩مانگێك عەسکەریم کردووە، ئیتر ئەمە بووە مایەی پێکەنینیان، بەڵام خۆشتر لەوەیان بۆ دروستبوو، کاتێك گەراینەوە ناو مقابلەکەمان، لەبری ئەوەی بەکابرای ئەرمەنی بلێم عەفوو ئەمجارەیان بە ئینگلیزی پێمووت (ام سۆری) ئیتر لە قاقای پێکەنینان دایەوە. ئەمجارە کورێکی سورکاری ئەمریکی کە لەوێ بوو ئەویش دایە قاقای پێکەنین. دوای ئەوەی سیڤی تەواومان دا چووومە سەرمێزی کورە ئەمریکیەکە، ئەویش پەنجە مۆری پێکردمو وێنەیەکی روخسارمو وێنەیەکی ناوچاوەکانمی گرتو وەڵامی دواپرسیاری ئەویشم دایەوە کە پرسی بۆ دادگا هەر ئەم جلانە لەبەردەکەی یان دەیگۆریت؟ من وەڵامم دایەوە تەنها کراسەکەم دەگۆرم، ئەویش هەر رەنگی رەشە، دوای تەواو بوونی ئەم ئیجرائاتانە کاك کامەران صابیر هاتەوە بەدواماندداو گەراینەوە بۆ باڵەخانەی ژمارە ١٢ کە کاك خالید شوانی بۆی چۆڵکردبووین. ئێوارە دوای نان خواردن سەردانی هەریەك لەماڵی سەرۆکی دادگاو رائید جوحیمانکرد، سەرەخۆشیمان ل سەرۆکی دادگا محەمەد عریبی کرد بەبۆنەی تیرۆر کردنی زاواکەیو خوشکەزاکەیەوە.

رۆژی ١٠/١٠لەدادگابووین:

کاتژمێر ٧:٣٠ی بەیانی رابیحە حەمەد ئەندام پەرلەمانی عێراق هات بەدواماندا لەگەڵ کاك پشتیوان خانەقینی، هێشتا ئێمە لە سەرەوە بووین کە ئەوان بە ئۆتۆمبیلەکانیانەوە لە خوارەوە چاوەروانیان دەکردین، بەیانیەکی زۆرخۆش بوو بەڵام باری تەندروستیم زۆرخراپ بوو، بەوحاڵەخراپەشمەوە هەستم بە ئاسوودەیەکی زۆر دەکرد، من لەگەڵ رابیحەخان سەرکەوتمو بەناو چەندین سەیتەرەو تەلی درکاویدا گەیاندیانینە ناو کۆشکی کۆنگرەکان، لەوێش ماوەیەکی زۆر چاوەروان بووین بێئەوەی کەس لێمان بپرسێت، دوای چاوەروانییەکی زۆردوو ژن بەلاماندا تێپەرین زۆرلێمان وردبوونەوە، بێئەوەی هیچ سەلامێکمان لێبکەن، دیاربوو عێراقی نین، بەڵام یەکێکیان روخسارو باڵای لەژنە خۆرهەڵاتیەك دەچوو، باڵابەرزێکی سوروسپیو گۆشتنو لەش پڕ بوو، قژی

سنگ بەرز بوو، کەچی ڕێکەوت وای کرد ئەو دوورۆژەی لەبەغداد بووین ببێتە هاوەڵمان، دوای کەمێك ئەو دووژنە گەڕانەوە بۆلامان، وەرەقەیەکی بەدەستەوە بوو، بێئەوەی بپرسێت ئێوە چیدەکەن لێرە، یەکسەربەزمانی ئینگلیزی کەوتە ناوخوێندنەوەمان، دوای ئەوەی لەناوخوێندنەوەمان بووەوە کەوتە سەرژمێرکردنمان، ئینجا پێشمانکەوت بۆ ناو ساحەیەکی فیرکراو کە چواردەوری بە گوڵو داری جوانکاری تەنرابوو، لەوێش ماوەیەك چاوەڕوانمان کرد، ئەو پاصە ڕەزاگرانەی یەکەم ڕۆژبینیمان، هاتە ساحەکەوەو هەمەرێکیش کەرەشاشێكو مارێنزێکی خودە لەسەری بەسەروە بوو لەدورەوە وەستا، ئینجا ژنەکە کەوتنەوە سەرژمێرکردنەوەمانو یەك بەیەك سواریانکردین، من یەکسەر ئەنفالکراوەکانم بیرکەوتەوە چونکە زۆربەیان کەباس لە گواستنەوەیان دەکەن هەرباسی سەیارەی موقەپەتوسەرداپۆشراو دەکەن، پاصەکە زۆر ڕەزاگرانبوو، بۆیەی خاکی کرابوو، پەنجەرەکانی لە پەنجەرەی فرۆکە دەچوو، بەڵام کە دەچوویتە ناوی زۆر ڕێکوپێك بوو، تەبریدەکەی ئەوەندە بەهێز بوو، تاگەیشتینە دادگاکە لەرزیان لێهێنامو ئەوەندەی تر پەکیان خستم، هەمەرەکە پێشمانکەوتوو بە پاصە ڕەزاگرانەکە چووینە ناو یەکەم حەوشەی دادگا، کە بەدیواری کۆنکرێتی دەورەدراوە، هەرکە دەچیتە حەوشەکە یەکەم کۆنترۆڵ دێتە ڕێگەت، کەهەموو شتێکت دادنێیت، دواتر دەچیتە ناو ئامێریکی پشکنینەوە کە چواردەوری شووشەیەو لەناوەوە بەئامێرێکی تیشکی دەتپشکنن کەمن ئەو ئامێرم وەکو سیتیسکان دەهاتە پێش چاوو کە بە قیتی دایانابێت ئەوەی لێرە پێی دەڵێن (ئەشیعەی تەنورەکە) دەبێت ئەوئامێرە لەگەڵ ئەوسیفی یەو زانیاریەکانتلەبارەوەی خۆتەوە هاوجووت بوایە کەرۆژێك پێشەوە پێشکەشت کردووە، کاتێکیش لەیەکەم کۆنترۆڵ ڕزگارت دەبێت بەرەو قۆناغی دووەمی نزیکبوونەوە لەهۆڵی دادگا هەنگاو دەنێیت، کەبالاخانەیەکی چەند نهۆمیەو دادگاکە لەنهۆمی چوارەمیدایە، پێشتر بینای( قیادەی قەومی حزبی بەعس) بوو، کە چووینە ساڵەکە لەبەردەمی پرسگەیەك کەزیاترلەشوشە بەندی بانکی پارەوەرگرتن دەچوو لەوێ لەچاوەڕوانیەکی کورتدا ڕایانگرتین، دواتر ناسنامەکانیان لێسەندینو هەریەکەیان باجێکی چوونە ژوورەوەیان داپێمان کاتێك سەرە گەیشتە سەرمن کارمەندێکی مەدەنی تەماشای پێناسەکەمی کرد بێئەوەی هیچ بڵێت، دایەوە دەستم بەهەمان شێوە کاك سالارمحمودیش، ئێمە زۆر ترساین لەوەی ئەو ڕۆژە کۆسپێکمان بۆ بێتە ڕێگەو دادگاکە نەبینین بەڵام ترسەکەمان واقعی نەبوو، بەڵکو نامۆییو نەشارەزایی خۆمان بوو، باش بوو کچە ئەمریکیەکە، هاتە لامانەوە بەزمانی ئینگلیزی پێی ووتم: ئێستە تەواودەبن، دوای ئەوە هێندەی نەبرد کە بانگیانکردینو هویەکەیان لێوەرگرتمەوەو باجێکیان دامێ، کە بەو باجە بوومە میوانی ژمارە( ٥٩) ئیتر هەموومان باجەکانمان وەرگرتوو بەرەو دەرگایەکی زۆرگەورە ڕۆیشتین، دەرگاکە بەنەخشی سەرنجو ڕاکێشو بۆیەیەکی ساجی ڕازابووەوە هەرئەوەندەی دەرگاکەمان بۆکرایەوە ڕووبەڕووی ئالایەکی زۆر پانو لەهەمانکاتدا درێژی عێراقی بووینەوە کەبەدیوارێکدا شۆڕکرابووەوە، ئیترکچە ئەمریکیەکە پێشمانکەوتو بە قادرمە ڕەنگ جەرگییەکاندا سەرکەوت بۆقاتی چوارەم، کە هۆڵی دادگایکردنەکەی لێبوو، بەرلەوەی بچیتە ناو نهۆمی چوارەمەوە لەدەروازەیدا هەمان پشکنینو بە هەمان کۆنترۆلی تیشکیەکەدا برایەنەوە، ئینجا لەوێوە بەرێیان کردین بۆ ژووری میوانداری، لەوێ ئینجا کچە ئەمریکیەکە خۆی پێناساندینو ووتی من ناوم (تەمارا)یە دوای ٢٥ دەقیقە لەچاوەڕوانی تەمارا پێشمانکەوتو لەگەڵ کچێکی تری هاوەڵی فەرموویانکردین بۆ بینیی دادگاکە، بەرارەوێکدا ڕۆیشتینو سەرلەنوێ بەرەو پیپلیکانەیەکی تر ملمان پێوەنا، لەڕاستیدا ئێمە نەماندەزانی چۆنو بەچ شێوەیەك دادگایکردنەکە دەبینین، بەڵام هەرچۆن بوو بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد ڕۆژێکی گرنگ بوو، کە دواپلەی ئەو پێپلیکانەشمان بڕی چووینە ژوورێکی لاکێشەیی تاریکەوە کەجیگەی ٢٠ میوان دابینکراوە، هەرئەوەندە چاومان دەیبینی لەسەرکورسیە چەرمە ڕەشەکان دانیشتین ئەوەی لەبەردەممان بوو تەنها جامێکی ڕەشبوو، بەڵام بەهۆی ئەو ئامیری وەرگیرانەوە هەموو شتێکی ناو دادگەکەو تەنانەت قسەی ئاسایی ناو خۆشیانمان گوێ لێبوو.. دوای چارەکە سەعاتێك لەو تاریکیەدا پەردەلادراو ئینجا زانیمان ئیمە لەسەرەوەو لەودیو شوشەیەکەوە چاودێری دادگایکردنەکە دەکەین، کە ئیمە ئەوان دەبینینو ئەوان نامانبینن، کەزیاتر لەژوری کۆنترۆلی هۆلی شانۆ دەچێت، هەرکە پەردەلادەدرێت سەرۆکی دادگاو دەستەی دادوەری دەبینیت، کە ژمارەیان پینج کەسە، لەپێش ئەو دەستەیەشەوە دوکەسی تر دانیشتوون، یاداشتی ڕووداوەکانی ناودادگا دەکەن، لەناوەڕاستی ژوورەکەدا قەفەزی تۆمەتبارانو لەلای ڕاستو چەپیش دەستەی داکۆکی قوربانیو تۆمەتباران دانراون، کە ئێمە بەسەرووی ئەوانەوە دانیشتبووینو دوای بانگهێشتکردنی تۆمەتبارەکانو جێگیربوونیان لەسەرکورسیەکان واریکەوت، صدام حوسین لەبەر پێم بوو..هەستێکی زۆر سەیر لەخۆشیو ناخۆشی دایگرتم، ئەو پیاوەی ٣٥ ساڵ بوو ئێمەو مافەکانمانی ژێر پێنابوو ئێستا لەبەر پێمدایە، بەدەست خۆم نەبوو دەستمکرد بەگریانو زۆربەی میوانە کوردەکانیش هەروەها پێموایە جگە لەکاك محمەمد حەمەصالحو مجید صالح هەموو کوردەکان دەگریاین، لەناو هۆڵی دادگاکەدا نەخشەیەکی گەورەی کوردستان دانرابوو کە ناوچەکانی پەلاماری ئەنفالی بەرەنگی سوور لەسەر دیاریکرابوو، بە سەقفی هۆلەکەشەوە ٦ سورەیای ٢ی زۆر گەورەو ٤ی بچوکتر لەوان هەڵواسرابوون، هەروەها لەناو هۆڵەکە مۆنیتەرێکیگەورەو بۆ هەر تۆمەتبارێكو بۆهەر ٣ میوانێکیش مۆنیتەرێك دانرابوو تا بە ئاسانی بتوانێ بەڵگەکان" وێنەو بریارەکان" ببینێ، کە دادگا نمای"ی دەکردن، بەرلەوەی دەنگێك

بە شێوەیەکی فەرمیو بەبەرزی هاوار بکات "محکمە" ئێمە هەموومان وەکو لە بۆسەدابین وابووو.. هەریەکەو قەڵەمو کاغەزی ئامادەبوو تاکو هەموو جولەیەکی تۆمەتبارانو رەوشی دادگایکردنەکە یاداشتبکەین، جگە لەئێمە ئەو رۆژە چەند کەسایەتیەکی نر میوان بوون، لەوانەش بالوێزی وڵاتانی ئەوروپاو نوێنەری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو رۆژی دووەمیش هاننیاموفتی نوێنەری هیومان رایتس ووچ ئامادەبوون.

یەکەم تۆمەتبار صدام حوسێن بانگکرایە ژوورەوە بەچاکەتێکی رەشەوە کەخەتی سپی تیدا بوو، هاتە هۆڵەکەوەو قورئانێکی بەدەستەوە بوو، ئەوصدامەی لە دەسەڵاتی خۆیدا جگەلە پاسەوانو چەکدارێکی زۆر لەسەر زەوی ٣٠ مارسیدسی یەك رەنگو یەك مۆدیل یاوەری بوونو لەئاسمانیش زیاد لەکۆپتەرێك پارێزگاری هاتووچۆی دەکرد. ئێستا دەیبینم لەناوەراستی دوپاسەوانی عێراقیدا بەرەو قەفەزی دادگا بە بێزارییەوە هەنگاو دەنێتو لەبەرپێم دادەنیشێت.. ئەوچرکە ساتە بەلای منەوە زۆرگرنگ بوو، ئەوەی من تێبینیم کرد صدام لەبری تەریق بوونەوەو شەرم لە رەفتارەکانی لەوێش تاوانبارێکی ئیستفزازی بوو، هەرلە پاسەوانەکانەوە تا بەسەرۆکی دادگا دەگات دەیەویست ئیستفزازیان بکات، بەتایبەتی کەمایکەکان دەکرانەوە، بەڵام پاسەوانەکان جا فەرمانیان پێکرابووبوایانخۆیان ئەعصابیان ساردبوو. هیچ کاردانەوەیەکی نایاساییان لەبەرانبەرهەڵسوکاوتەکانی صدامو یاوەرەکانی نەبوو، لەگەرمەی دادگایکردندا صدام داوای روخسەتی کردو بردیانە دەرەوە، لەگەرانەوەدا ویستی ئیستفزازی دادەوەربکات، پاڵی بە پاسەوانەکەوە نا بۆ دەرەوە، بەڵام رێورەسم وایە دەبێت پاسەوانەکە لەپێش تۆمەتبارەوە بچێتە ناو قەفەزەکەو لەسەرکورسیەکەی دابنیشێنێتودەرگای قەفەزەکەشی لەسەر دابخات، ئینجا بچێتە دەرەوە، بۆیە پاسەوانەکە بێئەوەی ورتە لەدەمی بێتە دەرەوە صدامی لەسەرکورسیەکەی دانیشاندوو، دەرگای قەفەزەکەی داخستو ئینجا خۆی چووە دەرەوە، صدامیش دوای مۆرەیەکی ناجوامێرانە کربوو، سەعات ای دوای نیوەرۆ بوو کە صدام هەرلەسەرکورسیەکەی خۆی دەستی کرد بەنوێژکردن، ئەوکاتە رووەو رۆژئاوا دانیشتبوو من لەبەرزی ١مەترونیوەوە بەتەواوی روخساریم دەبینی، کابرایەکی ترۆهات بوو لەپێشچاووم، بەڵام پێشتریش قورئانە بچوکەکەی ناو دەستی کردبووەوەو سەری بەسەردا شۆرکردبووەوە، من هەستم نەدەکرد بیخوێنێتەوە چونکە ماوەیەکی زۆر ئەولاپەرەیەی هەڵنەدایەوەو هەربەسەر ئەو لاپەرەیەدا سەری شۆرکردبووەوە. ئەورۆژەی رۆژی دادگایکردنەکە ٤شایەتحالی ناوچەی گەرمیان شکاتیانکردوو شایەتیاندا، سەدامودارودەستەکەی هیچی ئەوتۆیان پێنەبوو بیڵێن بەتایبەتی سەدام هیچ گوێی بەدادگایکردنەکە نەدەداو خۆی بە نوێژکردنو قورئان خوێندنەوە خەریککردبوو، بەڵام سولتان هاشمو سابر دوریو عەلی حەسەن مەجید چەند پرسیارێکی لاوازیان کرد، یەکێك لە شکاتکارەکان وەڵامێکی زۆر بەجێی دانەوە کاتێك عەلی کیمیاوی ووتی: ئەوانە لەناوچەی محرمەدا بوونو پێشتر ئاگادارکرابوونەوە، بەڵام شایەتحاڵەکە ووتی: ئەگەر ناوچەکەمان موحەرە مەبوو ئەی چۆن رەباییەکی سەربازی بەسەرگوندەکەمانەوە بوو؟ نەخێر تاوانی ئێمە جگە لەکورد بوون هیچی تر نەبوو. بە شێوەیەکی گشتی ئەوان دەیانەویستو هەوڵیاندەدا جاشەکان بکەنە قەڵغانی خۆیانو لەدادگاش پێشیان بخەن. شایەتەکانیش جەختیان لەسەرئەوەکردەوەو ووتیان: بەڵێ جاشە کوردەکانیشیان لەگەڵ بووە. بەڵام بکوژوبیری راستەقینەی ئێمە صدامو عەلی کیمیاوی بوون، ئەو دانیشتنەی دادگا بەهێمنیو بێ قرەقری صدامو وێنە بچوکەکانیشیاوەرەکانیش بەریوەچوو. دوای تەاو بوونی دادگاکە ویستیان بەهەمان پاصو هەمەرەکە بمانبەنەوە بۆ قصر المؤتمرات بەڵام ئێمە داوامنکرد رێگەمان بدەن بۆخۆمان بەپێ برۆین چونکە شوقەکەمان نزیکە، هەرچەندە دەستەی پارێزگاری نارازی بوون بەم داوایەی ئیمە، بەڵام دواجار تەمارا لەوێش فریامان کەوتوو، ووتی: بابرۆن بەڵام لەسەر بەرپرسیارێتی خۆتان. ئیتر بەدەم موناقەشەکردنی رەوشی دادگایەکەوە هاتینەوە بۆ شوقەو شەو سەردانی ماڵی مونقز ئال فیرعەونمانکردو ئەویش زۆر بەگرمی پێشوازی کردین، ماڵەکە لەناو پارێزگارییەکی زۆر توندو تۆڵدا بوو، هەرلە بەردەرگای شوقەکەوە تا دەچووینە بەردەمی ژووری میوان پاسەوان بە کلاشینکۆفو دەمانچەی رووتەوە لەپێشوازیو لەهەمانکاتدا لە چاودێریماندا بوون. دوای گفتوگۆیەکی زۆر داواکاری گشتی ووتی پارێزەرەکانتان لاوازن، ئەوان سەرەرای دلسۆزییان توانای ئەوەیان نیە لەدۆسێیەکی ئاوادا کاری پارێزەری بکەن چونکە ئەم تاوانە تاوانی نائاساییەو پیویستە پارێزەر لەم دۆسێیانەدا تەجروبەی تاوانی نیودەوڵەتی هەبێت. پاش ئەوەی چەند دۆکۆمینتو بەڵگەنامەو بڵاوکراوەیەکمان دایە ئەو ووتی: من بەڵگەنامەی تەواوم لەبەردەستدایە، بەڵام من، کاتێك باسی دادگای هۆڵندامکرد ووتی: ( زۆر مەمنون دەبم ئەگەر ئەو دۆسێیەم بۆ بنێری منیش وەعدم دایە بەزووترین کات بۆی بنێرم هەروەها ئەوەم دوپاتکردەوە کە دۆسێکە ئێستا لەبەردەستی محکەمەدایەو خۆم تەسلیممکردووە، لەوەش ئاگادام کردەوە ئێستا لای رائید جوحی هەیە. بەڵام ئەو ووتی زۆر مەمنون دەبم ئەگەر کۆپیەك بۆخۆم بنێریت.

رۆژی ٢٠٠٧/١١/١١ی دادگایکردنەکە (رۆژی دووەم ):

ئەو رۆژەش بەهەمان تاسوحەمامو بەرۆتیناتی پشکنینو ئەشیعە تەنوریەکەدا رۆیشتین، حاکم محمد العریبی یەکەم کەس بوو بۆ پشکنین وەستابوو، لەپێش منەوە سەرەی گرتبوو، کاتێك چاکەتەکەی داکەند بینیمیو تەنها توانی بەدەستبەرزکردنەوە سەلامێکم لێبکات، بەڵام کە دەرچووین هەواڵی برادەرانی پرسی، ئەو رۆژە دۆسێکە

بەزۆری هی ئەو ژنە ئەنفالکراوانە بوون، کە لەلایەن جەلادەکانەوە دەستدرێژی سێکسیان کرابووە سەر، دوای ئەوەی شکاتکارێکیان بانگکرد ژنێك بووخەڵکی گوندی کۆرومۆری ناوچەی قادرکەرەم بوو، هەربەهاتنە ژورەوەی سەدام‌وداروەدەستەکەی کەشێکی نا ئارام بەرێوە چوو، سەدام دووبارە داوای قەڵەم‌وکاغەزی لەسڵتان هاشم کرد، سەرۆکی دادگا رێگەی پێنەدا، ووتی: ( هەرچیت دەوێت لەمنی داوابکە هەرچی یاسایی‌و ئینسانی بێت بۆت جێ بەجێدەکەم ) بەڵام سەدام وەڵامی دایەوە تەنانەت بۆ قەڵەم‌وکاغەزیش؟؟ دووبارە سەرۆکی دادگا ئاگاداری دایەو ووتی بەڵێ تەنانەت بۆ هەمووشتێك، لەوشکاتەدا ناوی شێخ حەسیب هاتە پێشەوە داروەدەستەکەی سەدام ئەمەیان قۆستەوەو ووتیان ئەوە کوردەکان کردوویانە نەك سوپا، ناوی بارق عەبدولا هاتە پێشەوە ژنە شکاتکارەکە باسی ئەوەی کرد کەوا لەتۆپزاواو نوگرە سەلمان دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر، ناوی حەجاج هاتەپێشەوە کەلەنوگرەسەلمان زۆر بەم رەفتارە نامرۆڤانەیە هەستاوە، دوای ئەوەی دادوەر پرسیاری کرد ووتی: تۆ خۆت بەچاوی خۆت بینیوتە شکاتکارەکە ووتی من نەم بینیوە بەڵام دەیانگێرایەوە، لێرەوە سەدام لەشوێنی خۆیەوە مداخەلەی کردوحاکم رێگەی پێنەدا بەڵام سەدام ویستی هەربەردەوام بێ، ئیتر حاکم ووتی: ( ئەگەر قسەت هەیە وەرە هەستە سەرپێی‌و لە سەرمایکرۆفۆنەکە قسەبکە) کاتێك سەدام هەستا بەئیستفزازەوە ووتی: ژنێك لەسەرکورسی دانیشێ‌و درۆ بکات بەڵام سەدام حسێن.. ئاورێکی بەلای پارێزەرە کوردەکاندادایەوەو ئینجا قسەکەی تەواوکرد.. دەستی بۆ خۆی راکێشا رەئیسی کۆمار..!؟ هەستێت لەبەر دەمی جەنابتدا بە پێوە قسە بکات؟ هەرکە گەیشتە سەرمایکرۆفۆنەکە ووتی:(بسم الله الرحمن الرحیم .. قاتلوهم حتی لاتکون فتنی فی الارج) بەڵام حاکم مایکەکەی کوژاندەوە، ئیتر سەدام بەلەسە بوو ووتی: بۆ مایکەکەم بەسەردا دەکوژێنیتەوە ؟ ئینجا ووتی تۆ کاتی خۆی تقدیمی کۆلیژی سەربازیت کردووە وەرنەگیراویت، خۆشت باش دەزانیت بۆچی وەرنەگیراویت! دواتر چوویتە ئێران‌و لەگەڵ حزبی دەعوە هاتویتەوە بۆ عێراق ئێستا تۆ ئەو رقەم لەگەل بەکاردەهێنی) سەرۆکی دادگا بە هێمنییەوە پێی گوت: ئەگەر رێزلەدادگا نەگریت دەتکەمەدەرەوە، سەدام وتی: ( بمکەرە دەرەوە) حاکم بریاریدا سەدام بکرێتە دەرەوە، کەشی ناو دادگاکە تێکچوو هەموو تۆمەتبارەکان، کردیانە هەڵاو هەندێك قسەی بازاریشیانکرد عەلی کیمیاوی ووتی: حەزدەکەم ئیعداممان بکەن‌و لەم وەزعە رزگارمان بێت. بەڵام سەرۆکی داگاکە محەمەد العریبی هەرهێمن بوو ئیتر ئەوان هێمنی ئەویان قۆستەوەوکردیانە هەڵاو جنێودان وەك( ئەنتوم گواوین ئەنتوم قوندەر..) کاتێك حیمایەکان هاتنە پێشەوە حسێن رەشید سێ بۆکسی لەحیمایەکەدا بەڵام حاکم رێگەی نەدا لێیانبدەنەوە ئیتر ناچار بوون پەردەکەی بەردەمی ئێمەش راکێشن‌و نەهێلن هیچی تر رەفتاری دزێویان ببینین، بەڵام گوێمان لەقیژەو هاواریان بووپێموایە چەند شەق‌و زللەیەکیشیان خوارد، ئینجا نارەزایەتیان دەربری‌و ووتیان ئێمە دانانیشین‌و هەربەپێوە دەوەستین حاکم بریاریدا لێیانگەرێن با بەپێوە بن دواتر کردیانەوە بەهەڵاو، دوبارە پەردەکانیان بەروماندا داخستەوە، (تەمارا) کەهەردەهات‌و دەچوو، دوای ٥ دەقیقە لەم بارە نا هەمووارە دیسانەوە هات داوای لێبوردنی لێکردین‌و پێشمانکەوت بۆ ژوورێکی تر، تا دوای نان خواردنی نیوەرۆ نەیانهێشت بێینەوە ناودادگا، کاتێك بانگهێشتیانکردینەوە بۆ ناو هۆڵی دادگا کچێك بەزمانی عەرەبی قسەی دەکرد، شایەتحاڵیکی کاریگەر بوو، شایەتی لەسەرچونێتی ئیغتصابکردنی کچەکانی تۆپزاوا دەدا، بەتایبەتی لەلایەن ئەفسەرێکەوە بەناوی(حسین حەلانی) چیرۆکی ئەم کچە بەم شێوەیە بوو : ووتی حسین حەلانی کچێکی کۆیی جیاکردبووەوەو خێرا قۆڵی رادەکێشاو پێی دەگوت: تۆ هی منی، بەڵام کچەکە ملی نەدەداو پێی دەوت ئیحترامی خۆت بگرە دواتر ئەم درندەیە هەربەردەوام بووە، ناچار کچەکە ٣جار پێی ووتەوە ( ئەنتە سەرسەری) دواتر ئەفسەرەکە فەرمانی بە پاسەوانەکانیدا، بچن لەهەرکوێیەکە دایك‌و باوکی ئەوکچە بدۆزنەوەو بیهێنن ووتی برۆن لەهەرقاعەیەکە بیاندۆزنەوە دوای ئەوەی هێناویانن هەرلەناو قاعەی کچەکان بەیارمەتی دوو پاسەوانەکەی خۆی بەپێش چاوی بەندیەکان‌ودایکوباوکییەوە ئیغتسابی کچەکەی کردووەو لەپاشاندا هەستاوەتەوە دووسێ فیشەکی بە سەری کچەکەوە ناوەو کوشتوویەتی. هەروەها باسی چەندین حاڵەتی ئیغتسابی تری گێرایەوە لەنوگرەسەلمان.

ئەوڕۆژە دوای تەواو بوونی دادگایکردنەکە، ئێمە بەهەمان شێوە داوامانکرد خۆمان بەپێبرۆینەوە، بەڵام تەمارا رازی نەبوو بەڵکو بەسەیارەکەی خۆی کە جیئێمسیەکی ئەمریکی بوو سواری کردین‌و گەیاندینیە، بەردەمی باڵە خانەکە، بەڵام لەوەش زیاتر ئەوە بوو کەچەند کەسێکمانی گەیاندوو دواتر گەرایەوە بەدوای ئەوانی تریشدا، ئەمەش زیاتر ئەو پەیوەندیە سۆزدارییە بوو کە لە گێرانەوەی ئەو شایەتحالەدا گوێی لێبوو، تەمارا بەدرێژایی شایەتیدانەکەی ئەو کچەی باسی ئەتککردن‌و دەستدرێژی حەیوانیانەی بەعسیەکانی دەگێرایەوە دەگریاو فرمێسکەکانی بەگەرمی هەڵدەرشت، دواتر ئەو پەیوەندیە رۆحییەی بەکوردو زوڵە نیودەولەتیەکانیەوە بۆی دروستبوو لە رێگەی ئێمەوە ویستی بیگەیەنێتە گەلی کورد، بۆیە ویستی ئەوەندەی لەدەستی دێت چاکەمان لەگەڵدا بکات، من ئەو کاتە ووتم ئەوە تەمارای کچە ئەمریکی‌و ئەوەش پیاوماقولە ئەنفالچیەکانی خۆمان کە لەلایەك کچان لە کوردستان لەسەر شەرەف دەکوژن‌و دوێنیش کچانی کوردیان قۆلبەستکردوو دایاننە دەست بەعس‌و بەعسیش فرۆشتنیە وڵاتانی عەرەبی.

---

*

[1] کەنعان مەکیە دلرەقی‌و بێدەنگی- وەرگێردراوی کوردی حەمەرەشید

# چالاکیە هونەرییەکانی یادی ئەنفال



وابریارە هونەرمەند مەحمودی شێخ وەهاب کە یەکێکە لە دیارترین گۆرانی بێژە دەنگ خۆشەکانی ناوچەی گەرمیان، ئەمسال لە رۆژی ٤/١٤و رۆژانی دوایی بەنیازە لەیادی ئەنفالدا هونەرمەند ( محمود شێخ وەهاب) بەهەمان هەستی هونەریانەی خۆیەوە چالاکیەکانی نمایش بکات بە رۆحی قوربانیانی ئەنفال لە(
کەلار، زانکۆی سلێمانی، شۆرش، خانەقی)

هەموو سالێك لەیادی ئەنفالدا هونەرمەند وەك رێز لێنانێك بۆ رۆحی قوربانیانی ئەو تاوانە، چالاکیە هونەریەکانی لەسەر ئەرکی خۆی لەگەرمیان ئەنجام داوە. ساڵی رابوردوو لەهەمان یاددا (وەرزەئاڵکانی عەدەم)ی جەمال غەمباری شاعیری بە مەقام گەلیك پێشکەشکردووە. جوانترین هەنگاوی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە کەلەناوجەرگەی ئازارو ژانەکانی گەرمیانەوە بەتایبەتی لەئۆردوگای رزگاری کەشوێنی نیشتەجێ بوونی ئەنفالکراوەکانە،ئەم هەستەی گوێزایەوە بۆ ناو زانکۆی سلێمانیو خەمو حەسرەتی پیرەژنو پیرەمێردەکانی گەرمیانی تێکەڵ بەهەستو نەستی خوێنداکارانو مامۆستایانی زانکۆ کردووە.......... لەهۆلی هونەرمەندانی کەلارو کۆلیژو پەیمانگاکانی ئەوشارەو شاری خانەقیو لەسالانی رابوردوشدا لە زانکۆی سلیمانی هەر لەم یادەدا هونەرمەند کۆنسێرتی ١٨٢ هەزار ئاوازی خنکاوی چالاکیو کۆنسیرتی پێشکەشکردبوو..لەو کۆنسێرتەی دا هونەرمەند سازو کەمانجەو دفی تارو شمشالو عودی شکاو دیکۆری کۆنسیرتەکەی بوون، هونەرمەندمحمد سابیر نەخشەی دیکۆرەکەی بۆکێشا بوو، هەموو ئاوازەکانیش هی هونەرمەندبوون.




لەبیستەمین سالیادی تاوانی ئەنفال
پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی
بەشی هونەری شانۆ
بەهاوبەشی رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان
ناوەندی سلێمانی
شانۆیی: " قەڵای مەرگ "نمایش دەکات
دارشتن‌ودەرهێنانی مۆفەق عارف لهۆنی
لەدرامای رادیۆیی (ژیان‌ومەرگ لەقەلایەکدا)ی
عەباس عبدالرزاق وەرگیراوە
اریدەدەری .دەرهێنەر( هەڵۆ جەلال )ەو
بەرێوەبەری شانۆ هۆزان صەباح .

ئەم شانۆیە لەنواندنی خوێندکارانی بەشی هونەری شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانیە( هەڵشۆ عوسمان شەیدا، بژوێن عەلی، دەریا جەمال، بێریڤان سیروان، گلێنە حەمەعەلی، دڵشاد حەمەعەلی، ماردین صەباح، کاکەسەعید تاهر، شەنیەر حەمید، هاوکار محمەد، هێژا ناصر، شاکار ئەبوبەکر، سلۆڤان محمەد، داستان سەعید، بێستون صالح، کەمال ئیبراهیم .

لەهۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی رۆژانی ٢٠٠٨/٤/١٥ ورۆژانی دوایی کات (٥) لەنێوەندی نمایشەکەدا کۆمەڵی گرتەی ڤیدۆیی( تەلەفزیۆنی) بەسینەما ڤیژن نمایش دەکرێت بەنیازین لەشارەکانی تری کوردستان نمایش بکرێت.



**بۆیەکەم جار لەقادرکەرەم یادی ئەنفال دەکرێتەوە**

ئەمرۆ لە قادر کەرەم یادی بیست سالەی ئەنفال دەکرێتەوە.

رێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال رۆژی ٤/١٤ / ٢٠٠٨ لە یادی بیستەمین ساڵەی تاوانی ئەنفالدا، مەراسیمێك لەناحیەی قادرکەرەم بەرێدەخات، شایانی باسە ناحیەی قادرکەرەم لەسەروەختی پەلاماری ئەنفالی سێدا بووە بنکەیەکی مەترسیداری کۆکردنەوەی ئەنفالی ناوچەکەو خەڵکێکی زۆریش لەگوندەکانی ئەو ناحێ یە بوونە قوربانیو بێسەروشوێنکران، قادرکەرم تا روخانی رژێمی صدام هەرلەبن دەستی بەعسیەکاندا، مابووەوەو وێرای ئەوەی خەڵکێکی لەژمارەنەهاتووی ئەم ناحێیە ئەنفالکراون، ئەمە بۆیەکەمین جارە یادی ئەنفال بەخۆیەوە دەبینێ .

وابریارە ئەمرۆ چەندین ووتارو شیعروپەخشان، هەروەها نمایشی شانۆیی لەلایەن لاوانی قادرکەرەمو کەسوکاری ئەنفالەکانەوە پێشکەش بکرێن، ئەمانەو بریاریشە رێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال خەڵاتێکی رێز لێنان بەسەر ئەو رۆشنبیرو رۆژنامەنوسانەدا دابەشبکات، کە خۆبەخشانەو لەسەر ئەرکی خۆیان بەدۆسێی ئەنفالو ناساندنیو خزمەتی کەسوکاری قوربانیەکانەوە ماندووبوون.

چیرۆك

# داخستنی دەرگاكە

لەتیف فاتح فەرەج

هەموو بەرەبەیانێك دوای ئەوەی نوێژی بەیانی دەكات، هەرلەسەر بەرماڵەكەی دەستەكانی بۆ یەزدان بەرزدەكاتەوەو دەڵێت: " خودایە دڵی ئەو زاڵمانە نەرم بكەیت، خودایە دڵی دوژمنەكەمان پربكەیت لەخۆشەویستی" ئینجا بەرماڵەكەی كۆدەكاتەوەو چاو دەبرێتەوە دەرگاشەقوشڕەكە، بەڵكو خودایە كوڕەكان بگەڕێنەوەو ئێستانا تاوێكی تر خۆیان بكەنەوە بە ژوردا، پانزە ساڵی ڕەبەق ئەو چاوی بریوەتە دەرگاكەو چاوەڕێی هاتنەوەی كوڕەكانێتی، بەڵكو لەپڕێكدا هەرسێكیان خۆیان بكەنەوە بەماڵداو پێكەوە باوە شبكەن بەدایكیاندا.

پورە حەبە دوای ئەوەی بەرماڵەكە كۆدەكاتەوە دەچێت دوو كاروان ئاو بەشان دەهێنێت، تاباخچە بچكۆلەكەی پێ ئاوبدات، ئەو باخچە بچكۆلەیەی چەندین ساڵە لەگەڵیدا دەژیو گۆرانی بۆدەڵێت، لەو ساڵەوە كە مانگاومەڕەكانیان بەتاڵان بران، ئیدی ئەو بەدەم دۆشینیانەوە لەبری ئەوەی گۆرانی بۆ مەرومانگاكان بڵێت، بۆ ئەم باخچە بچكۆلەیەی دەڵێت، كە تەنها مێوێكو گوڵە باخێكو چەند گوڵێكو هیچی تر، باخچەكە ئاودەداتو دەچێتە سەر بوخچەی جلی كوڕەكان، جارێكی تر هەرسێ ڕانكوچۆغە هەڵگیراوەكە دێنێتەوە دەرێو تاوێك بۆنیان پێوەدەكاتو دوای كەمێك تێڕامان، بەهەناسەیەكی ساردەوە لەجێی خۆی دایان دەنێتەوە.

(٢)

ساڵی ١٩٨٨ لەیەكێك لەگوندەكانی ناوچەی سەنگاو پاش ئەوەی هەرسێ كوڕەكەی لەگەڵ زۆربەی پیاوانو كوڕانی دەوروبەر دەگیرێن،ئەوانیش بەر شاڵاوی ئەنفالەكە كەوتنو لەگەڵ لەژنومنداڵەكان راپێچ كران، حەبە هەرئەوەندە لەبارەی مردنوژیانی كوڕەكانیەوە دەزانێ كەلەتۆپزاوا بینراونو جیایان كردوونەوە، لەوە بەدواوە هیچیان لەبارەوە نازانێ، خۆشی تەنهاو سەڵت لە پشتی ئیڤایەكی سەربازیدا هێنایانە چەمچەماڵو لە"شۆرش" ئۆردوگای ئەنفالكراوەكان فرێیاندا، دواتر لەسەر ئەو بستە زەویەی موختارەكە لەوێ پێیدا بەدەدیسەرییەكی زۆر ئەم كوختەی دروستكرد.

هەر ئـەورۆژەی مەرومالاتی گوندەكانی ناوچەی سەنگاو بەتاڵان بران مانگا سپیەكەی پورەحەبەو هەشت سەرمەری ئەویش رۆیشتنو ئاوەوئاوچوون، كە ئەوانەی پورە حەبە ناوی تایبەتی خۆیان هەبوو،ئەوە جگە لەوەی مریشكو كەڵەشێروجوجەڵەكانیش ناویان هەبوو، بەڵام ئەولەسویی كوڕەكانی كوا دەپەرژایە سەر ماڵاتەكەی؟ بۆ سۆراخی كوڕەكانی گەڵێك دەرگای كوتا بێ سوود بوو، هەموو سەروتو ماڵی خۆیی‌و كوڕەكانی دوو هەزار دیناری كۆن بوو، كەچی دووپۆلیس بەبیانووی ئەوەی كوڕەكانی بۆ دێننەوە، سێ بەشیان لەچنگ دەرهێناو بەشێكیشی كرد بەخێری ئەوەی پۆلیسەكان كوڕەكانی بۆبێنەوە. ئیدی ئەوە پازدە ساڵە نەكورو نەپارە. دوایە بەگوڵەوەچنیوكرێكاری برەپارەیەكی چنگ كەوتوسەروقاتێك ڕانكو چۆغەی تازەوجوانی بۆ كوڕەكانی بەكردندا، بەخەیاڵی ئەوەی كەهاتنەوە لەبەری بكەنو كەس نەڵێ : سەیر سەیر ؟ كوڕەكانی حەبە روتو قوتن، ئەوە پانزە ساڵە هەموو بەرەبەیانێك حەبە لەدوای نوێژی بەیانی ڕانكو چۆغەكان دەردێنیو بۆنیان دەكاو قەدیان دەكاو گوڵاوێكی هەرزان باییان پێدا دەپرژێنیو دەیانخاتەوە جێگەی خۆیان.. " ئاخر كوڕەكان ئەگەرهاتنەوە با بۆنیان خۆش بێت"

(٣)

" دڵێر و شێركۆو شێردڵ" سێ كوڕەكەی ئەو دایكەن كە پاش كوژرانی باوكیان هەموو تەمەنی گەنجی خۆی بەخشییە گەورەكردنو پێگەیاندنی ئەوان، كە بەریز یەك لەدوای یەك لەدایك ببونو گەورەكەیان لەساڵی ١٩٦٩و گچكەكەیان لەسالی ١٩٧٢ خوادابوونی، شێردڵ تەمەنی ٢ ساڵان بوو كە باوكیان بەناپاڵی یەكێك لەبۆردومانی گوندەكەیان كەوتبوو، ئەو بۆردومانەی فرۆكە لەئاسمانەوە رۆژی حەشریان خوڵقاندو هەرچی رقی حوكمەت بوو بەسەریاندا باری فرۆكە وانەكان ئەوەندە دڵرەقبوون بواریان نەدەدا كەس بۆیەزدانیش سەرهەڵبڕێو بۆپارانەوەش دەست بەرزبكاتەوە. ئەو رۆژە حەبە بێوەژن كەوتەوەو سێ كورەكەش هەتیو مانەوە هەتا پیرۆكە بوون، لەوەو داو كوڕەكان شان بەشانی دایكیان سەرقاڵی كشتوكاڵومەرەزە بوون، خوا هەڵناگرێ حەبەكوڕەكانی ژیرولاشەڕ بوون، خەونی گەورەیان هەبوو بۆ ئایندە، پێكەوە شانیان دابووە بەركاسبیو نەیان دەهێشت موحتاج بن، بەڵێنیان بەیەكدابوو هەموویان پێكەوەو بەیەك رۆژ زەماوەند بكەن، جار بەجار دڵێر كورە گەورەكەی روویدەكردە دایكیو بۆ شۆخی دەیگووت: با زەماوەنەكە سازكەین ئەوجا حەبە هەڵپەرەو ئەو رۆژە سەرچۆپی مەدەرە كەس، حەبەش لە خەیاڵی

خۆیاد سێ کچی ئاوایی خستبووە دڵی خۆیەوە( سافیە بوکی گەورەمەو رزگار ناوەنجیو خەیاڵ دەبێتە بوکی گچکە خودا هەلیسورێنی دەمی دایکیانم تاقی کردووەتەوە، ئەی چۆن.

حەبە زۆر دڵخۆش بوو بەکورەکانیو لەئاوایدا بەشانازیەوە قسەی دەکردو بەرهەمی بێوەژن کۆشییەکەی خۆی پیشانی ژنانی گوند دەدا، راستیشی دەکرد هەقی بوو شانازی بە خۆیو کورەکانیەوە بکا، ئەگەر ئەنفالە پیسەکەنەبوایە حەبە رەنجی بەفیرۆ نەچووبوو، کوڕ چ کوڕ هیچیان ناوی خۆیان خەسار نەکردبوو،کەچی ئەو ئەنفالە هەموو خەڵکی چارە رەش کرد، بڵندی نەوی کردو نەوی بڵندکرد گەمژەی وای کردە پیاو ماقول هەزار کاس ئاوی بخواردایە کەس نەیدەگوت عافێتت بێت، کەچی بەعس ئەوانەی بە پیاو دەزانیو ئەو هەموو پیاوەشی لەناوبردن.. بەرلەوەی پێکەوە زەماوەند بکەن هەرسێ کورەکەی حەبەش پێکەوە لەگەڵ کورانو پیاوانی گوندو ئاواییەکانی تری سەنگاو بەقسەی پیاوماقوڵێکی درۆزن فریویان خواردو بوونە نێچیرو گیران، کابرا گەلێك بەلێنی پێدابوونو سوێندی زۆری بۆخواردبوون لەوانە سێ جار تەلاقیشی خواردبوو کەلێبوردنیان بۆ دەرچووەو لەسەر شەرەفی ئەو خۆیان بدەنە دەستەوەو بێخەم بن هیچیان بۆنابێت.. بەڵام شەرەف کوا؟ خۆیان دایە دەستەوەو بیڕای بیڕ حەبە چاوی پێیان نەکەوتەوە، کەچی پانزە ساڵە چاوی هەر لەدەرگاکەیەو خەیاڵ دەیباتەوەو لەبەر خۆیەوە ورێنە دەکات: ( کورە دەزانن، ناچنەوە ئەوێ لەو چۆڵەونایە چ دەکەن؟! چما گوند داری بەسەر بەردییەوە ماوە؟ بشچن هەردەبێ بگەرێنەوە بۆ ئێرە ئەوسا خێرخوایەك هەرپێیان دەڵێت : دایکتان لەو کاول بووەیە ئۆردوگای ئەنفالاوا ، بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە حەبە چاوی هەر لەسەر دەرگا تەنەکەکەی مالی خۆیان بوو. هاکا کورەکان دێنەوەو باوەشی پیادەکەن.. دایە واهتینەوە.. جارێ زەماوەندی هاتنەوەمان دەکەین.. دوایی بۆ ئەوی تریش خواکەریمە

(٤)

ئەو رۆژە هێزی هاوپەیمانان گەیشتە کۆڵانەکانی بەغدا حەبە پای بەعەرز نەدەکەوت، خۆی گەیاندبووە چوارماڵ دروسیی ئەولایان هەتا تەماشای تەلە فزیون بکات، لەخۆشیاندا هەڵدەپەری ئەو چ ئاگای لەوە نەمابوو شەرەو خەڵکی بێگوناه پێوە دەبێ لەبەر ئەوەی ئیدی کورەکانی دێنەوە" ( تەواو تەواو..ئەو زاڵمانە تەختو بەختیان وەرگەرا ، ئیتر کوری خەڵك بۆ لەزیندانی ئەواندا دەهێڵنەوە؟! لەبەرخۆیەوە دەیگووت: دێنەوە ئەی چ دەکەن ؟ دەبێ ریشیان لێی سپیی بوبێ ؟ ئەی چۆن هەرخەمو خەفەت سپی کردوون، دەبێ ساغ و سەلامەت بن؟ خودایە تۆو ئامانەتی ئەو کورانەی من لەگەڵ کوری خەڵك" دڵی خۆی دەدایەوەو چاوێکی خۆی دەکردە خێر نەوەكو شتێکیان بەسەر هاتبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کزە لەجەرگیەوە دەهات، کەلەتەلەفزیونەکەوە دەیبینی خەڵك دەبوونە قوربانی،خودایە ئەوەی بەعسیە جەرگی هەلا هەلا بێت وەکو جەرگی ئێمەیان هەلا هەلا کرد، ئەوەی بێگوناهیشە لەو شەرە بیپارێزی با عارەبیش بن خۆ هەر عارەب ئەنفالکەی نەکرد.. رۆژەکانی ئەوشەرەش تەواوبوون شەوەکان، دەهاتن و رۆژ دەبووەوە کەچی کەس لەدەرگاکەی ماڵی حەبەی تەنیای نەدا، نەبۆماڵی حەبەو نەبۆ هیچ ماڵێك کەس نەگەرایەوە.

(٥)

حەبە تەلەفزیونی نەبوو بۆیە هەردەبوو هەواڵ لەوانە وەرگرێ کە تەلەفزیونیان هەیە، رۆژانێکی زۆر تێپەرین دەرگاکە هەرنەکرایەوە ئینجا خۆی دەچووە دەرێ، عەیامێك دوای شەرەکە رۆژێك حەبە گوێبیستبوو خەڵك باسی ئەوەدەکەن لەتەلەفزیون گۆری بەکۆمەڵیان دیوە، ئەوجارەوا دڵیداخورپا ئیتر لەوساوە بەتەمای هاتنەوەی کورەکان نیە، تازە بەپێی خۆیان نایەنەوە، ئیدی رانکوچۆغەکانیش دەرناکات، نەکۆنو نەنوێ هەرلەبوخچەکاندانو ناکرێنەوە. لەوساوە ئیدی دەرگاکەش بەتەواوەتی دادەخا لەبەرئەوەی ئیدی چاوەرێ ناکات، کورەکان خۆیان بکەنەوە بە ژووردا، پورە حەبە دوای ئەوەی چیرۆکی گۆرە بەکۆمەڵەکانی بیست، ئێستا بەهاتنەوەی ئیسكوپروسکەکانیان گەلیك شوکرە، دەڵی خوادەکا ئێسكو پروسکەکانم بۆ دێننەوە رانکوچۆغەکانیان بۆ دەکەم بەکفن هەرلەنێو ئەم باخچە بچکۆلەیە دەیانێژم، حەبە لەدوای هەموو نوێژێك لەخودای خۆی دەپارێتەوە ئیدی کەس جەرگی نەسوتێ کەس ئەنفال نەکرێو هیچ بنیادەمێك ئەنفال نەبینێ لەخودا دەپارێتەوە، بەگەورەیی خۆی لەوانەش خۆش بێت کەکورەکانی ئەویان شاردووەتەوە حەبە دڵی خۆی دەداتەوەو دەڵی هەرلەسەرەتاوە خواوەند هەموو شتێکی بریوەتەوە هەموو شتێك ئەو لەچارەی نوسیوین، ئەو ئیتر دوای نوێژی بەیانی بوخچەکە ناکتەوە، بەڵام هەموو بەیانیان گوڵەکان ئاو دەدات..

٢٠٠٧/١٢/١٠

کاتژمێر ١٢ی شەو

رۆژی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ.

# چیم لەدەست دێ ؟

تایبەت بۆ ئەنفالستان نوسراوە

چیم لەدەست دێ ؟
بۆ ئەم کۆستە بەسوێیە
وولاّتە خار خار و زام دارەکەم
کوردستانە پەژموردەکەم
چیم لەدەست دێ؟
من کە تەنها خۆم وقەڵەمێکی لەرزۆك
بیرێکی بچووك
هزرێکی بەسالاّچوو
چیم لەدەست دێ؟
خۆم و زمانە لە گۆکەوتۆکەم
پەنجە کەڵەی گێرو
دۆشاو مژە خوا گرتۆکەم
چیم لەدەست دێ؟
لەساڵ یادی ئەنفالدا
وا گەلە گورگەکانی ئەتاتورك
بۆ گۆشتی کورد برسییانە و ئەلورێنن
ئاسك ئەبینن ئەلورێنن
رووبار ئەبینن ئەلورێنن
عەمامە بەسەرەکانی ئێرانیش
لە ساڵ یادی ئەنفالدا
کەوێ بخوێنێ ئەی خنکێنن
کورد ئەڵێ :
بە هەموو کەس سەگ ئەوەرێ
بەئێمەش پشیلەی ناتەواو
لەساڵ یادی ئەنفالدا
کورەنازدارەکەی ( حافز ئەسەد)
قامیشلی لە خوێن هەڵەکێشێ
ئەمانە دوژمن گەلێکن
لە خونچەی گوڵ سڵ ئەکەنەوە !
بە دەوریا دانەکیرێ ئەکەن
کەی خونچە بەرگی درِی و پەرِی دەرکرد
ئەیوەرێنن !
من نزا لای کێ بکەم ؟
کێ لێم وەرەگرێ ؟
بەردی بەختم بنێم بە کام گابەردەوە ؟
ئەیگرێ
لەکێ پرسم ؟
کێ شاهیدی حاڵی من ؟
من بەدوای چیدا دەگەرێم؟
شایەت حالاّنی ئەنفال مردن
ئێ کەاەنزا هیچم دەست نەکەوێ
لەروح بپرسم ؟
گیانی بێ روح
چی لێ دەست ئەکەوێ ؟
ئەم دار تووانە تەمەنیان

بیست ساڵ ئەبێ
ئەگەر کیمیاوی کوێری نەکردبێتن
ئەم دار بەرووانە تەمەنیان
سی و سێ ساڵ ئەبێ
ئەگەر ناپاڵم و شەستیر کەری نەکردبێتن
من گوێ لەدارتو و دار بەروو دەگرم
هەوڵ ئەدەم لەزمانیان بگەم
گەر هێنامنە قسە
پەیامی خۆم بەشار و دێ دا
جار ئەدەم
چیترِیش گوێ لە یادەوەری
روح ناگرم
روحانییەکان درۆ زنن
دوای قەرەباڵغی دەکەون
خۆیان ناگرن هەر زوو
تەسلیم دەبنەوە
لەبەر پێی ماددەدا
سەری ژیان دەبرنەوە
لەبەر لووتی سەرۆکە درندەکانا
وانەی قارەمانێتی ئەڵێنەوە
لەکوێوە بای بێت شەن ئەکەن
کاتێکیش چیرۆکی بێ سەر و بۆر
ئەگێرنەوە
دەنگ هەڵ ئەبرن
دەبۆرێنن
لەدەستیان بێ
بەئەنفالیشەوە ناوەستن
بەپشکۆی ئاگردانی سەرمەستیان
مرۆڤایەتی ئەسوتێنن
بەلاّم بۆ وورگی خۆیان
لە تەیری گوول ئەچن
عاشق بە داری ژەقنە بووتن !
من ئەوکەسەم خۆش ئەوێ
بەرد بێنێتە قسە
من ئەو پەیکەر تاشەم خۆش ئەوێ
لە گابەردا شێوەی جاش و
ئەنفال چییەکان هەڵکەنێ
ئەرێ شێرکۆ بێکەس ، لەتیف هەڵمەت
جەمال غەمبار ، ئیسماعیل خورماڵێ
١٨ ساڵ ئەبێ یادی ئەنفال ئەدەینەوە
بەلاّم بازارِی ووشە سازی ، عەشق بازی
منارە بازی ، گۆرەپانی زیکر و تەلیلە
قوبە و قەلاّی ئەنفال چییەکان
هەر زیاد دەکا
ئێمەش بەشمان هەر هۆنینەوەی



روح پەرستی چی لێ سەوز بوو؟
چەقەبازی!من ئەم سای هەوڵ ئەدەم
ئەنفال
ووشەی تامی بۆنی رەنگی بسرِمەوە
پێشتان ئەڵێم
چی تر گوێ لەروح و
پەیامی دوور ناگرم
لەناو ئەشکەوتا گوێ
لەدەنگ دانەوەی
خۆم ناگرم
ووتەی بریقەدار نالێمەوە
چونکە هەمووکەس ئەزانێ
قسە هەژارە کێ سواری بێ
لێی ئەخورێ
ئەنفال تور هەڵ ئەدەم
فیشەك لۆغەکەی (حەمە رەش ) ئەدوێنم
چاویلکەکەی ئارام و
گۆچانەکەی عەلی عەسکەری
تفەنگەکەی ئیبراهیم عەزۆ
پشتێنە چل گەزەکەی مامەریشە
شمشاڵەکەی هیوا بارۆیی و
دەستە پۆلاّینەکەی عومەری خاوەر
ئەمانە دێنمە قسەو
بەدیار ئەمانەوە ئەگریم
بەدەزگای شەهیدانا ئەگەرێم
لیستی مووچە ئەدۆزمەوە
بلێی بتوانم
جاش وخۆفرۆشەکانی لێ
دەربێنم !
بلێی بتوانم ؟
ناوی بکوژەکانی ئارام و ریشە
رەش کەمەوە
ئەگەرێم ئەگەرێم
قەنارەکەی شەهاب ئەدۆزمەوە
سەر گوزشتەی شۆرشی

پێ ئەگێڕمەوە
ئەمانە هەموو پێمان ئەڵێن :
لە ئەنفال گەڕێن
لە عەرەب وفارس و توورك گەڕێن
لە دنیای مۆدێرنەگەڕێن
لە سەرمایەداری گەڕێن
شۆفلەکانی نوگرە سەلمان
بدوێنن
مەمکە مژەی ژێر لی عەرعەر
بدوێنن
لە منیش گەڕێن
منیش لە گیرفانێکی سێ بە چوار زیاتر
چی شك ئەبەم ؟
لە درۆی بەر ئاگردان و
قسەی بێ ماریغەت زیاتر
چی ئەزانم ؟
بڕۆن شمشێرەکەی قەع قاع و
تەورەکەی شا عەباسی سەفەوی بدوێنن
لە عەرەب گەڕێن
حوشتر بدۆزنەوە
لە تورك گەڕێن
کەر بدۆزنەوە
لە فارس گەڕێن
سەگ بدۆزنەوە
لە حوشتر بپرسن ئاسکەکان
لەکوێ کران بەگەرووی ؟
شمشێر بەدەستەکانی مێژوودا
هیزەی ڕۆن و کونەی دۆ و
تەزبیحە (١٠١ ) دەنکێکەی نەنکم
بۆ ماڵی کێ بران ؟
کل و کلدانی دادەم و
کڵاو و جامانەکەی باوکم
بەسەر کێدا دابەش کران ؟
سمڵ و مێخەکی پوورم و
ئاشق بەن و کڵاو زەری
کچە قەشەنگەکانی هەورامان
لەکوێ خنکێنران؟
دار توو ئەڵێ :
هەموو ئەمانە
لە عەبایەکی ڕەشەوە پێچران
کەریش ئەڵێ:
لەبەر دەنگ ناخۆشیم
قسەم لێ زەوت کراوە
دەنگ و باسی وولاتی ئەنادۆڵ
بە ئەتاتورك بگێڕنەوە
لەسەگ بپرسن
دەزانن سەگینە ئێوە بیرتان چۆتەوە؟
پیاوانی نیمچە دورگەی عەرەب
کوشتنیان حەڵاڵ کردن
دەزانن لەبەر چی ؟
لەبەر ئەوەی بەشەرواڵ پیسەکان ئەوەڕین و
ڕەشماڵتان خەبەر دەکردەوە
ئەوان کوشتنیان حەڵاڵ کردن و
ئێمەی خەڵکی بیلادوحەبەلیش باوەشمان بۆ
کردنەوە
بەڵام ..ئێوەش وەفاتان نەبوو
هاو شێوەی بەعسییەکان
لە نوگرەسەلمان سك و وورگی پیر و گەنج و
منالی کوردستان تان دەدری !
لەگەڵ توتکەکانی تکریت‌وعۆجەدا
دەمتان تێ ژەنی
چیم لەدەست دێ ؟
منیش ئەنانی و خۆ پەرستم
ڕقم لە روحە بەڵام ..
ڕوحی خۆمم خۆش ئەوێ !
بەڵام لێم مەگرن
ئەم ووڵاتە ئازارستانە
روحم تەنها بۆ بژاردنی
ئازارەکانە
چیم لەدەست دێ ؟
لە کاغەز و پێنوسێك زیاتر
بەرد وەڵام بدەرەوە !
ڕووی کێی پێ ڕەش کەم ؟
ڕووی کێ پێ سپی کەم ؟
ڕووی عەلی حەسەن مەجید ڕەش کەم ؟
ئەنفالەکەی یان کەلتوورەکەی ؟
حوشترەکەی یان شمشێرەکەی ؟
سەگەکەی یان پاسەوانەکەی ؟
چیم لەدەست دێ ؟
لە لوێچێ بەڵغەم و تفێ زیاتر
هەڵیدەم بۆ نێو چەوانی،
عەلی کیمیاوی و هاو شێوەکانی
ئای لەم شیوەنە بێ سەرەتا وبێ کۆتایە !
ئەنفال بەمن کۆتایی نایە
تا عەرەبێ ، تا فارسێ ، تا توورکێ
بە شیری خومەینی وئەتا تورك و سەدام
گۆش کرابێ
تا بڵند گۆ هێڵە سورەکان تۆخ کاتەوە
فەقیانەی کچە کوردەکانی هەورامان
بادینان گەرمیان و سێوسێنان
دەبنە سەرچۆپی
عەگال بەسەرە پێ پەتییەکان
تا لەشوێن پێی ئەژدیها
بگەڕێین بۆ ئەوەی
بەهەشتمان دەست کەوێ
بەهەشتی ئەم ژیانە بۆ
ئەژدیهایە و ئێمە هیچمان دەست ناکەوێ
تا کانیاوەکان کوێر کەینەوە
تا دار بەرووبڕینەوە
ئاوی کەوسەر بە قەرز وەرگرین و
بەهەشت ببەینەوە
لە تونیا ئەخنکێین و
لەسەرما ڕەق دەبینەوە
تا گوێ لەزرمەی شەرە قۆچی دوو بەران
بگرین گوێ بۆ شەڕە "جرتانە"ی
قابیل و هابیل شل کەین
دەستی یەك دەبڕینەوەو
ئاور لە یەك نادەینەوە !
تا گوێ لە یوسف و براکانی بگرین
خاك دەکەینە خەرابستان و
چاڵی ڕەش هەڵ ئەکەنین و
یەکتری بێ شۆر ئەکەینەوە
لە کۆتایدا دنیای روحانی
دەکەمە قوربانی ئەونامەیەی کەدوای پرۆسەی
ئازادی
لە چاڵەڕەشەکانی بیاباندا
لەفەقیانەی کچە ئەنفال کراوێکدادۆزرایەوە :
خۆشەویستەکەم گەرمیان گیان ...
ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر
بیرت ئەکەم
لەهەموو کاتێك زیاترخۆشم ئەوێیت
لەهەموو کاتێك زیاتردلم لاتە
بەڵام , لەهەموو کاتێك زیاتر ئەترسم !!
کە جارێکی تر نەت بینمەوە
زۆر یش ئەترسم کە ئەمە دوا نامەم بێت
بۆت !
ترسی هەرە گەورەم ئەوەیە کە !
ئەم نامەیەشم نەگاتە دەستت و ئەم دڕندانەی
بیابان
هەناسە تەزیوەکانی ئەم کاغەزەش
وەکو هەموو هەناسە کوێستانییە کانی خۆم
تێکەڵ بە لی ئەم بیابانە نامۆ و بێ کۆتا و
نادیارە بکەن !!
خۆشەویستم ئەگەرچی زۆرم ماوە کە بۆت
بنوسم
بەڵام ، تو خوا بم بورە کەجق جقەی
پاکەتەکەت تەنها !
جێگای ئەوەندەی تیادا ئەبێت ..........!!!!!
خۆشویستت
بێلان ...

١٩٨٨/٤/٩

# میوانی ژمارە (٥)



ئەمیر قادر



دەرسیم دیبەگەیی

دەبوایە ئەمیر قادرو دەرسیم دیبەگەیی لەژمارەکانی پێشوتردا هەریەکەیان بەجیا میوانداری ئەنفالستان بکرانایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ساڵنامەیە هەژارانەو ساڵی جارێك دەردەچێت، ئەو دەرفەتەمان بۆ نەرەخسا بۆیە داوی بۆیە داوای لێبوردنیان لێدەکەین کەنەتوانین مافی خۆیانیان بدەینێ.

لەدوای تاوانی ئەنفالو بەتایبەتی لەدوای راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ەوە خەڵکی کوردستان دەبوایە تۆوی ئومێدێکی گەورە لەناخی ئەم کۆمەڵگەیەدا چەکەرەی بکردایە، وەلی ئەفسوس .. کورد بەتایبەتی حزبە دەسەڵاتدارەکانی، هەمیشە تۆوی دوبەرەکیو یەکتر رەشکردنەوە یان چادووەو کەم رێکدەکەوێت، رێز لە جیاوازی بیرورابگیرێو مرۆڤ وەکو خۆی تەماشاکەن، نەك وەکو ئینتمای حزبی، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە لەناو کوردا نوخبەیەك هەن، بێگوێدانە ئەوهەموو پەراوێزخستنو تەنانەت تۆمەت بۆ هەڵبەستنەش، کەوەك غەدرێك دەرهەقیان دەکرێت، هەمیشە لە تێکۆشاندابوو، من هەمیشە خۆم بە قەرزاری ماندوونەناسانی ئەم کۆمەڵگەیەدەزانم، بەتایبەتی دوو کەسایەتی هەن، هەمیشە خۆم بەقەرزاریان دەزانم، چونکە ئەوەی ئەوان کردیان کاری ئاسایی نەبوو، بەڵکو وەرچەرخانێکی گرنگ بوو، ئەو دووکەسەش دەرسیم دیبەگەییو ئەمیر قادرن.

دەرسیم دیبەگەیی یەکەم کەس بوو، کەدیواری بێدەنگی شکاندو کۆمەڵگەی کوردی لەخەو راچڵەکاند، کاتێك چووە دادگای دانیمارکو سکاڵای لەسەرخەزەرجی تۆمارکرد،هەرچەندە ئەو تاوانبارە دەربازکرا، بەڵام هەوڵەگرنگەکەی دەرسیم، بۆ هەتا هەتایە کەلەپچەی کردوو نەیهێشت هیچ پۆستێکی سەرکردایەتی لەعێراق وەرگرێتەوەو چیدی بەسەر عێراقیەکاندا بخورێت.

ئەمیر قادریش کە توانی بەهەر دەردی سەریەكو شەونخونیەك بێت، دۆسێی فرانس ڤان ئانرات ئامادەبکاتو رۆڵێکی کاریگەر لەدادگایی کردنی ئەو تاوانبارە هۆڵندیەدا بگێڕێ، کەلەدوای دادگایی کردنەکەیەوە بەبازرگانی مەرگ ناسراوە.

ئەمیر قادر لەهەندێك هەڵوێستدا رەقو لەناوەوە کەسایەتیەکی دڵفراوانە، هەتا بڵێی پیاوێکی مرۆڤدۆستومحکەمو سەنگینە،کەویستی کارێك بکات دەیکات، وەلی دوژمنی هەڵاوخۆهەڵنانە، ئەوکاتەی ئەو شەونخونی بەدیار بەڵگەنامەکانی بەعسەوە دەکێشاو وەریدەگێڕانە سەر زمانی هۆڵندی، کورد دوحکومەتو چەندین دەزگای راگەیاندنی هەبوو، کەچی نەهاوکاریەکی جدی ئەو دۆزەیانکردوو، نەکارەکەشیان بەهەند گرت، ئەگەر ئەمە حاڵی ئەمیر بوبێ ئەوا دەرسیم خراپتر، دەسەڵاتی کورد جگەلەوەی داکۆکیان لەخەزرەجی کرد، دەرسیمیشیان بە نوکەری بیگانەو بەکرێگیراوی بەعس ناوزەد کرد.

دەبوایە لەدوای هەردوو دۆسێی تاوانبارانی ئەنفالدالە دگای دانیمارکو دادگای هۆڵندا ئیتر تاکی کوردو کۆمەڵگەی کوردی هەڵوەستەیەکی جدی لەسەر ئێستاو ئایندەی خۆی بکردایە، بەڵام ئەفسوس..

ئەوکاتەی (کۆمیتەی بەدادگایی گەیاندنی تاوانبارانی هەڵەبجە) بەهاوکاری ناوەندی چاك سەرقاڵی دۆسێی فرانس ڤان ئانرات بوون، ناوەندی چاك باسی لەم دۆزە دەکردو هەوڵی جدی دەدا بۆ هاوکاری کردنی دادگای هۆڵندا لەدۆسێی بازرگانە هۆڵندیەکە، خەڵکانێك هەبوون، ئەوکارەی ناوەندی چاکیان بەخەونی چۆلەکەو یاری منداڵان دەزانی، وەلی هەرئەوەندەی دۆزەکە چووە پێشەوەو دادگا بریاری خۆی دا، ئیتر زۆرکەس بوونە خاوەنی ئەم دۆسێیەو ئێستاش خەریکن خۆیان دەکەنە خاوەنیو خۆیانی پێوە بادەدەن، لەولاشەوە ئەگەر بۆیان بلوایە لەبری رێزگرتن ئەمیرقادر یان بە جەستەو رۆح دەسریەوە، چ جای ئەوەی وەکو کۆمەڵگەیەکی تەندروست رێز لە مرۆڤە ماندووەکانی خۆی بگرێت؟!!

لەم ژمارەیەی ئەنفالستاندا تەنها دەتوانین رێزو خۆشەویستی خۆمانتان ئاراستەبکەبن، دلنیاشین کەمو زۆر نمونەتان هەیە، بۆیە لەئیستادا ئەنفالستان لەم رێزلێنانە زیاتر شتێکی نیەپێشکەشتانی بکات. شتێکی نیە بەبالاتانی ببرێت لە خۆشەویستی زیاتر ، بێگومان دەزانن کە خۆشەویستیش باشترینو ئازیزترین مەعشوقی ئازادیەو ئێوەش هەموو هەولێکتان، هەربۆ ئەم دوو چەمکە گرنگەی ژیانی مرۆڤە.

## ناوی ئەو بەڕێزانەی خەمی ئەنفالستانیان لەبەر بوو بەکۆمەکی ئەوان ئەم ژمارەیەش لەچاپ دەرچوو

| | |
|---|---|
| جیماو حمد قادر | یەك هزار |
| هیوا مستەفا | یەك هەزار |
| هێمن | یەك هەزار |
| هوشیار عمر احمد | یەك هەزار |
| نجات امین عبدالله | یەك هەزار |
| نەبەرد محمود | یەك هەزار |
| موراد صابر عزیز | یەك هەزار |
| محمد حمید قادر | یەك هەزار |
| محمد جلال | یەك هەزار |
| کمال ستار کریم | یەك هەزار |
| کمال حمەلاو | یەك هەزار |
| فرمان محمد رەحیم | یەك هەزار |
| غانم فخرالدین میکایل | یەك هەزار |
| عزیز عادل | یەك هەزار |
| عدنان جمعه جاسم | یەك هەزار |
| عەتاالله علی | یەك هەزار |
| صلاح حسین علی | یەك هەزار |
| شاخەوان داود | یەك هەزار |
| شاخەوان جمال | یەك هەزار |
| سمیر رحمن | یەك هەزار |
| سعود داود جاسم | یەك هەزار |
| سرور | یەك هەزار |
| ستار جبار | یەك هەزار |
| سامان زاهد | یەك هەزار |
| سامان ابراهیم لفته | یەك هەزار |
| سالار احمد | یەك هەزار |
| ڕێبورا محمد | یەك هەزار |
| خرمان سلیمان | یەك هەزار |
| حسین فازل | یەك هەزار |
| حسیب محمدعلی | یەك هەزار |
| حسام حکیم | یەك هەزار |
| جیهاد عزیز | یەك هەزار |
| بەختیار عبدالقادر | یەك هەزار |
| اکرم رحیم | یەك هەزار |

| | |
|---|---|
| ارام صالح | یەك هەزار |
| ئومید عبدالله | یەك هەزار |
| ئەرکان عبدالله | یەك هەزار |
| ئازاد سعید | یەك هەزار |
| خەبات نامق | یەك هەزار |
| د. سلاح گرمیان | 50$ |
| حاجی ئەنوەر/ سویسرا | 50$ |
| جیهاد محمد/ نرویج | 50$ |
| مەلبەندی ١٦ حمرین | 50 000 |
| شامل فخرالدین حمەلاو | 50 000 |
| خلیل فخرالدین حمەلاو | 50 000 |
| پێشەنگای جەماوەر | 50 000 |
| بورهان حاجی ابراهیم | 50 000 |
| فرەج محمد (تۆپخانە) | 5$ |
| لۆڤان عومەر | 5 000 |
| شیرین شوکت | 5 000 |
| شادی مریوان | 5 000 |
| شاخەوان مریوان | 5 000 |
| پشکۆ محمد رۆستم | 5 000 |
| مەریوان نصرادین | 40 000 |
| زیاد مامۆستا جبار | 40 000 |
| روناك مەولود | 40 000 |
| ناوەندی کۆمەڵایەتی حمرین | 30 000 |
| زانا بهالدین رەزا( بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان) | 30 000 |
| کۆمەلەی روناکبیری کەرکوك | 250 000 |
| ئیدارەی گەرمیان | 250 000 |
| نادرعبدلحمید | 25 000 |
| محمد حمەصالح توفیق | 25 000 |
| ئازاد کاکەرەش | 200$ |
| فەلاح مردا | 20 000 |
| دایکی شاملۆ | 20 000 |
| کۆمەلەی زیندانیانی ئەنفال | 15 000 |
| شێرزاد کریم نشمی | 100$ |

| | |
|---|---|
| حەمەسور دوشیوانی | 100$ |
| جەمال علی نامیق اغا | 100$ |
| چێشتخانەی ئەبوشوان | 100 000 |
| ب.گ. کتیچبخانە گشتیەکانی گەرمیان | 100000 |
| هێمن محمد الی | 10 000 |
| هاوری سوارە | 10 000 |
| هاورێ سوارە | 10 000 |
| هاوار نجیب گەرمیانی | 10 000 |
| ناصح ملا وەهاب | 10 000 |
| ناصح صلاح کازم | 10 000 |
| محمد محمود قادر | 10 000 |
| محمد کەۆیم نشمی | 10 000 |
| محمد رشید محمد | 10 000 |
| مامۆستا کامەران عەلی | 10 000 |
| مامۆستا کامەران | 10 000 |
| کریم حسێن | 10 000 |
| دێرین تاریق | 10 000 |
| شکر مجید علی | 10 000 |
| شاملۆ فلاح | 10 000 |
| حسن محمد کرکوکی | 10 000 |
| حاجی جەزا سالەیی | 10 000 |
| عەلی مەولود | 10 000 |
| جلیل شێخ | 10 000 |
| تەها احمد مستەفا | 10 000 |
| تایەر عومەر | 10 000 |
| بەختیار شێخ عوسمان | 10 000 |
| اسماعیل ابراهیم جبار | 10000 |
| ئیدارەی تیپی پیشمەرگەی م. حمرین | 10000 |
| ئازاد عبدالرزاق ماوەتی | 10 000 |
| ئازاد جلال | 10 000 |
| کاوە عبدالعزیز تالآوی | 50000 |
| جلال حمەلاو/زەرد | 30000 |
| هیوا عوسمان خورشید | 25000 |

| | |
|---|---|
| هاورێ حسین شریف | 25000 |
| ملاکریم شوکر | 25000 |
| مەلا رەحیمی سەرقەڵا | 25000 |
| مەلا ئیدریس | 25000 |
| مام رەحیم دروێش | 25000 |
| کومیتەی ١ی دوز | 25000 |
| کۆمیتەی ٤ی خورماتوو | 25000 |
| کۆمیتەی ١ی خورماتوو | 25000 |
| عومەر ئاللی ئەحمەد(بەریوەبەری شارەوانی بازیان) | 25000 |
| عقید عباس قابیل | 25000 |
| سەید جلال | 25000 |
| سالار رەفیق حسن | 25000 |
| دارامحمد علی | 25000 |
| جبار ملاعلی | 25000 |
| ئارام فریق | 25000 |
| سمکۆ سابیر | 20000 |
| یوسف یونس جوهر | 15000 |
| هەینی محمود ئەحمەد | 15000 |
| محمدنوری زۆراب | 15000 |
| حسین بهرام | 15000 |
| جێشتخانەی کۆشکی میوانداری | 15000 |
| کەنعان کەریم احمد | 10000 |
| قادرمحمودغریب | 10000 |
| حسین محمود عبدالقادر | 10000 |
| فزل محمەد | 10000 |
| یانەی وەرزشی هاوکاری | 5000 |
| یاسین محمد علی | 5000 |
| هیمن خالد | 5000 |
| هشام عبدالکریم احمد | 5000 |
| هاورێ کاوە | 5000 |
| نوزاد قادر | 5000 |
| نوری حەمەلاواحمد | 5000 |
| نجات محسن علی | 5000 |

| | |
|---|---|
| موفق مردان احمد | 5000 |
| ملا فریاد | 5000 |
| محمد نوری محمد | 5000 |
| محمد رشید محمد | 5000 |
| محمد حسن خورشید | 5000 |
| مجید ئەمیت محمد | 5000 |
| لۆڤان عومەرمحمد | 5000 |
| کمال جوهر | 5000 |
| کاوه علی حمید | 5000 |
| کامران فاتح | 5000 |
| کامران ابراهم | 5000 |
| قانع خدر عزیز | 5000 |
| قاع صالح | 5000 |
| قابیل محمد حسین | 5000 |
| فواد عزیز کاکل | 5000 |
| فاخر عبدالکریم | 5000 |
| عمر علی عزیز | 5000 |
| گەشاو حسین | 5000 |
| صابر مصگفی سمین | 5000 |
| شیرین شوکت | 5000 |
| شوان یونس جوهر | 5000 |
| سرتیپ هیدایت علی | 5000 |
| سەرکەوت گە سعید | 5000 |
| سەبا ستار کریم | 5000 |
| سامان سردار لەکی | 5000 |
| سالح هیوا | 5000 |
| زودی قادر تالاوی | 5000 |
| رعد کریم قنبر | 5000 |
| رزگار ابراهیم جبار | 5000 |
| داود علی اسماعیل | 5000 |
| خلف مفید البیاتی | 5000 |
| خالد وەلی علی | 5000 |
| حیدر حمید | 5000 |
| حسین محمد خورشید | 5000 |
| حسین فرج حسین | 5000 |
| حسین عاصی کریم | 5000 |
| حسین حەمەخان زیدان | 5000 |

| | |
|---|---|
| حسین احمد حمید | 5000 |
| حسن حسین | 5000 |
| جیهاد عبدالله | 5000 |
| جلال صابر سعید | 5000 |
| پشکۆ محمد رۆستم | 5000 |
| تەیب عەلی حمید | 5000 |
| تاهر حکیم رحیم | 5000 |
| بورهان جمعه قادر | 5000 |
| ادریس رشید علی | 5000 |
| احمد لەتیف سمین | 5000 |
| ئازاد واحدمیکائیل | 5000 |
| ئازاد محسن | 5000 |
| ئارام هاشم عبدالله | 5000 |
| کمال حسین همزه | 3000 |
| علی حسین یونس | 3000 |
| صباح غفور سنگوری | 3000 |
| بەفراو فخرالدین محمد | 3000 |
| وحید عبیدی | 2500 |
| مامۆستا صلاح | 2500 |
| شەمال محمد بکر | 2500 |
| زەواڵ حمید | 2500 |
| تارق فریق | 2500 |
| هەوری محمد | 2000 |
| محمد احمد | 2000 |
| عبدالقادر احمد غفور | 2000 |
| عباس نصرالدین | 2000 |
| سید کەریم | 2000 |
| سروەت گلی | 2000 |
| ستارمحمد سعید | 2000 |
| سامان عاصی محمد | 2000 |
| رمەزان محمد | 2000 |
| حلاو حسین | 2000 |
| حسین محمد عبدالله | 2000 |
| حسین عەلی امین | 2000 |
| حسیب محمدامیت | 2000 |
| جمعه علی جۆبان | 2000 |
| جمعه حماد جوکل | 2000 |

<table>
<tr><td>جلال محمد سيد جاف</td><td>2000</td></tr>
<tr><td>بكر فريف</td><td>2000</td></tr>
<tr><td>اكرم بابا على</td><td>2000</td></tr>
<tr><td>ئاسۆ محمد على</td><td>2000</td></tr>
<tr><td>عزالدين عوسمان(سۆران)</td><td>2000</td></tr>
<tr><td>ياسين عاصى</td><td>500</td></tr>
<tr><td>هيواابراهيم</td><td>500</td></tr>
<tr><td>محمود نامۆ</td><td>500</td></tr>
<tr><td>فاروق شكور</td><td>500</td></tr>
<tr><td>اكرم شريف قادر</td><td>500</td></tr>
<tr><td>ئارام حسين</td><td>500</td></tr>
<tr><td>ژيلوان سەيد ئەحمەد</td><td>10000</td></tr>
<tr><td>كارزان مەحمود</td><td>10000</td></tr>
<tr><td>صالح محمد امين</td><td rowspan="8">100000</td></tr>
<tr><td>رەمەزان محمد امين</td></tr>
<tr><td>مولود محمەد امين</td></tr>
<tr><td>هەينى محمد امين</td></tr>
<tr><td>ارسلان عمر</td></tr>
<tr><td>كامەران عمر</td></tr>
<tr><td>مەريوان محمود</td></tr>
<tr><td>حمەنيزام محمود</td></tr>
<tr><td></td><td></td></tr>
</table>

وا بڕيار بوو ئەم ساڵ ژمارە (٥)ی ئەنفالستان چاپخانەی ڕەنج بەبێبەرامبەر چاپ بكات، بەڵام دڵسۆزی كۆمەككارنی ساڵنامەكە پێش وەخت خۆيان كۆمەكيان كۆكردبووەو ئەمەش وايكرد كە نيوەی تێچوونی ئەنفالستان بەكۆمەكی ئەو بەڕێزانە بێتو چاپخانەی ڕەنجيش نيوەكەی تری گرتۆتە ئەستۆ لەهەردوو حاڵەتەكەدا من قەرزاری دڵسوزيانمو ئەمەش وام لێدەكات بە گوڕو تينێكی ترو خۆشەويستيەكی زيارترەوە خۆم بۆ دەرچونی ژمارە ٦ ئامادە بكەم.

سەرنوسەر

# سوپاسنامەی تایبەت بۆ هەریەك لە بەڕێزان:

* سوپاس بۆ وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوا پاش دەرچوونی ژمارە(٤)ی ساڵنامەی ئەنفالستان بەبری(٠٠٠ ٠٠٠ ٣) سێ ملیون دینار هاوکاری گۆڤارەکەی کرد.

* سوپاس بۆ وەزارەتی شەهیدو ئەنفالکراوانی کوردستان کە لەپاش دەرچوونی ژمارە (٤)ی ساڵنامەی ئەنفالستان بڕی (٤٠٠٠٠٠) چوارسەد هەزار دیناری بۆ پاڵپشتی ساڵنامەکە نارد.
سوپاس بۆ بەڕێز کاك عوسمانی حاجی مەحمود (وەزیری ناوخۆ) پاش ئەوەی چاوی بە ژمارە ٤ی ساڵنامەی ئەنفالستان کەوتبوو، سێتێکی کۆمپیوتەری بە ساڵنامەکە بەخشی.

* سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی دوای دەرچوونی ژمارە چوار گلەیی ئەوەیان بۆ ناردمەوە کەئامادەی کۆمەك بوونو ئێمە داوامان لێنەکردوون. لەهەمان کاتدا داوای لێبوردنیشیان لێدەکەین کەدوای دەرچوونی ساڵنامەکە کۆمەکەکانیانمان وەرنەگرت. چونکە بە شیاومان نەزانی تاناویان بڵاونەکەینەوە کۆمەکەکان قبوڵ بکەین.
سوپاسی بەڕێزان: مامۆستا کامەران حاجی عەلی، کارزان مەحمود ، ژیلوان سەید ئەحمەد حەمەلاو، رزگار ئیبراهیمو ئارام هاشم کەهەمیشە هاوکار بوون.
* سوپاسی تایبەت بۆ بەڕێز: زانیار نەجمەدین کەبەخەمێکی گەورەوە هاتە پێشەوەو کاری نەخشەسازی ئەم ژمارەیەی خۆبەخشانە گرتە ئەستۆ.

**ئەنفالستان**